# وەهم و شوناس

## یوسف عیزەدین

**( نالی حەریفی کەس نییە ئولف و ئەلیفی کەس نییە**

**بەیتی رەدیفی کەس نییە تەفریقە نووسە گەپ دەکا ) –نالی–**



# وەهم و شوناس


- نووسەر: یوسف عیزەدین
- بابەت: گفتوگۆ و وتار
- نەخشەسازیی بەرگ و ناوەوە: ئەکرەم محەمەد ئەمین
- سەرپەرشتیاری چاپ: کارزان عەبدوڵلا
- قەبارەی کتێب: ½ A٤
- تیراژ : (٥٠٠) دانە
- ژمارەی لاپەڕە:**٣٧٤**
- چاپ: چاپخانەی  یاد
- ژمارەی سپاردنی (١٠١٢)ی (٢٠١٢)ی لە بەڕێوەبەرێتیی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی دراوەتێ

**(ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی نووسەر چاپکراوە)**

٢٠١٢



**سوپاس و پێزانین:**

- **سوپاسی برای ئەزیزم" ئەکرەم محەمەد ئەمین" دەکەم، کەڕۆڵێکی سەرەکی لەبەچاپگەیاندنی ئەم کتێبەدا بینی و بەتەواویی پێوەی ماندوو بوو.**
- **سوپاسی هاوڕێیانی ئەزیز "محەمەد عەبدوڵلا"و "نەورۆز جەمال" و "کارزان عەبدوڵلا" دەکەم، کەهەر لەسەرەتاوە تا دوا قۆناغی بەچاپگەیاندنی ئەم کتێبە دەستبەرداری نەبوون.**

# پێڕست

## بەشی یەکەم

### سازدەرانی دیالۆگەکان


١– سازدانی مەریوان هەڵەبجەیی.......................... ٧
٢– سازدانی ئامانج کەریم........................................ ٣٨
٣– سازدانی ئیدریس عەلی........................................ ٤٩
٤– سازدانی سۆران عەزیز........................................ ٧١
٥– سازدانی رابەر فاریق........................................ ١١٣
٦– سازدانی دانا فایق........................................ ١٣٨
٧– حەمە کاکەڕەش........................................ ١٧٤
٨–سدیق عەلی........................................ ١٩٩
٩–ستیڤان شەمزینی........................................ ٢١٠
١٠–شەنکار عەبدوڵڵا........................................ ٢١٧
١١– کارزان ڕەحمان........................................ ٢٢٧
١٢– ئیدریس عەلی........................................ ٢٣٨
١٣– توانا ئەمین........................................ ٢٤٥
١٤– رابەر فاریق........................................ ٢٥٤


## بەشی دووهەم

### "وتارەکان"


دانەری تێکست یان خودی تێکست.......................... ٢٦٥
کورتە راڤەکارییەك سەبارەت بەنووسین.................... ٢٨٠
هێنانەگۆی زمانێکی لاڵ.......................... ٢٩٠
پرسی گەنجان لەئاست دنیایەکی نابەرابەردا............. ٢٩٧
تارماییەکانی خۆکوشتن........................................ ٣١١
سیناریۆی مێژوو لەنێوان حەقیقەت و واقیعدا.................... ٣١٦
یادەوەرییە تاڵەکانی ڕۆژگارێکی خوێناوی.......................... ٣٣٩
نامە یان نیمچە نامەیەك........................................ ٣٤٩
کورتە بەراییەکی ئاراوتەیی........................................ ٣٥٤
پاساژێك بۆ تێڕامان........................................ ٣٦٧

## بەشی یەکەم

-١-

**مەریوان هەڵەبجەیی: "نایپۆڵی" بەڕەگەز هیندی و بەشێکی تر لەو نووسەرە بە رەگەز هیندییانەی کەگەنجن و ئێستا لەئەوروپادا ناوبانگیان هەیە، بەشێوازێکی زۆر تایبەت لەقووڵاییەکانی ئایین و مێژوودا کاردەکەن، لەگەڵ ناوچەیی بوونیاندا، بۆ نموونە ئەگەر کار لەسەر ئایین و مێژووی هیند بکەن، رەهەندێکی جیهانیی بوون و فرە مەودای پێدەبەخشن، کە راشکاوانە دەکرێت ئەمە لە نێو تێکستەکانیاندا ببینیتەوە، هەر بۆیە خوێنەری جیهانیی بە سەرسامییەوە پێشوازی لێدەکات؟ ئایا نووسەری کورد بۆچی لەکاتێکدا لەنێو ئەو کولتوورە رۆژهەڵاتییە دەوڵەمەندەدایە، بەپێی پێویست نەیتوانیوە لێی خوردبێتەوە، تا شتێکی نوێی لێ هەڵبهێنجێت؟**

یوسف عیزەدین: هیندستان بۆ خۆی وڵاتێکی سەیر و سەمەرەیەو رێگەی هات و نەهاتی کاروانەکان و ونبوونی گەڕیدەکان و سەوداسەر بوونی عاشقان و شیعری شاعیران و مەرگ و فەنابوون و سوتانە. تۆبۆگرافیا و مێژوو و ئایین و کولتوور و هەموو شتەکانی تریشیان گەواڵە هەوری سەدان حیکایەتیان بەسەرەوەیەو زۆرجار دەگەیتە ئەو قەناعەتەی کەحیکایەتەکانی ئەو وڵاتە بێکۆتان و لەسنووری ژمارەکاندا جێیان نابێتەوە کە دیارە خودی ژمارەش لای هیندییەکان حیکایەتێکی تایبەتەو ئیدی تۆ لەهەر



دەروازەیەکەوە بچیتە نێو شتەکانی ئەو وڵاتەوە، هاتنە دەرەوەت دەبێتە مەحاڵ و ناچاریت وەك موسافیرێکی رێگە ناکۆتاکانی ئەوان، هەمیشە لەسەفەردا بیت. لەوێدا سیحر تێکەڵ بەکولتوور دەبێت و ئەویش بە شتێکی ترو ئیدی بەمشێوەیە تێکچڕژانی شتەکان و تێکەڵبوونیان ئیدامەی دەبێت، لەکاتێکدا هەر شتێك وەك خۆی بوون و تایبەتمەندیی خۆی هەیەو بەچەشنێك لك و پۆپی لێدەبێتەوە کە دواتر بەئاستەم دەتوانرێت بزانرێت قەدە ئەسڵییەکەی کامەیە، رەنگە لەدنیادا هیچ پانتاییەکی جوگرافی هێندەی هیندستان، فرە کولتوورو فەرهەنگ ومەزهەب و ئایین نەبێت، ئەمە جگە لە گروپە ئیتنیکی و دەستەو تاقم و کۆمەڵە جیاجیاکانی خەڵك، گەرچی لە روو تەنها ناوی هەندێکیان لەناواندایە، ئینگلیزەکان هەر پاش داگیرکردنی هیندستان گەیشتنە ئەو راستییەی کە شیکارکردنی کۆمەڵگەی هیندی و حاڵیبوون لە جیاوازییەکانی دابونەریت و کولتوورو ئایین و فەرهەنگ و شتەکانی تری بە شێوەیەك جەنجاڵە کە زۆرجار دەگاتە سنوورەکانی مەحاڵ، ئیدی لێکۆڵەرەوە ئینتلیجینسەکانی ئەو دەمانەی ئینگلیز، تا دەگەیشتنە یەقینی ئەسڵی شتێك شتێکی تریان لێوەدەردەکەوت و فلانە سەرچاوە دەیبردنە سەر فیسارە سەرچاوەی ترو بەمجۆرە درکیان بەوەکرد کە ساڵانی پێویست بۆ لێکۆڵینەوەو گەڕانەکانیان لەنێو زەمەنی ئاساییدا جێی نابێتەوە، هەر ئەمەش بوو دەسەڵاتدارانی ئینگلیزی تووشی بێهودەیی کردو لە ساتەوەختێکدا داوایانکرد کە لێکۆڵینەوەکان رابگیرێت، چونکە هەر وەڵامێك کە وەچنگ دەکەوت، دەبووە پرسیارێکی نوێ و بەو چەشنە تا دەهات بازنەکە فراوان و فراوانتر دەبوو. دیارە ئێمە لێرەدا باس لەشوێنێك دەکەین، گەرچی لە واقیعدا بوونی هەیەو هەموو سەیرو سەمەرەییەکەی راستین و دەبینرێن، یان دەبیسترێن و دەخوێندرێتەوە، بەڵام زۆرجار بە رادەیەك بەشتە ناوازەو عەجاییەکانی ئەو شوێنە سەرسام دەبین، هەر دەڵێی بەرانبەر سیحری ناشوێنێك راوەستاوین و لەدنیایەکی دەرەوەی ئەم دنیایەی خۆمان دەڕوانین، کە بۆنی جوانی شتە نەبینراوەکان و رك و حەزە شەیتانییەکان و دەیان شتی تری لێدێت.

"ئیبن بەتووتە"ی گەڕیدە لەسەرجەم گێڕانەوەی گەشتەکەیدا کەهەر هەمووی شتی ناوازەو سەیرن، بەڵام هیچیان ناگەنەوە بەو بەشانەی نێو کتێبەکەی کەتایبەتە بە

هیندستان، لەوێدا بەڕاستی هەست بەو کەشە رۆحییە دەکەیت کەنهلیست و بوودی و هیندۆس و کاهین و یۆگی و فیجییەکان و ئەوانی تر لەو پانتاییەدا خولقاندوویانەو هەموو ئەمانە دەتبەنە نێو ئەتمۆسفێرێکی ئیغتیرابی، سیحرکردن و ساحیرەکانت لەپێشچاوە کە لەپانتایی سوڵتانە ئیسلامەکاندا سزای ساحیرەکان سوتاندن بووە، باس لەو ژنە دەکات کە بەتۆمەتی جادووگەرێتی دەستگیردەکرێت و دەهێنرێتە بەردەم سوڵتان و بۆ تاقیکردنەوەی راستی و دروستی جادوگەرێتی ئەو ژنە، دەست و پێوەندی سوڵتان هەرچوارپەلی ژنەکە بە گۆزەی پڕ لەخڕکەبەرد دەبەستنەوەو فڕێی دەدەنە نێو رووبارێکەوە، بەڵام دەبینن سەرباری ئەو قورساییەی کە لێی بەستراوە، زۆر بەسانایی سەرئاو دەکەوێت  ناخنکێت، بەمەش دڵنیادەبن لەوەی کەجادووگەرەو دەیسووتێنن، ئەمە ئەگەر هەر کەسێکی تر بۆ ئێمەی گێڕابایەتەوە مەحاڵە باوەڕمانکردبا، بەڵام گێڕەرەوەی ئەو رووداوە گەڕیدەیەکی باوەڕپێکراوە، گەرچی لەدیدگای ئیسلامەوە شتەکان هەڵدەسەنگێنێت، بەڵام بەڕاستگۆیی تەنها ئەوەی کەبینویەتی یان بیستوویەتی دەخاتەروو، جا بەسەرهاتی ئەو ژنە جادووگەرەی بەچاوی خۆی بینیوە. ئەمە جگە لەباس و خواستی سەیرو سەمەرەی ئەو ژنانەی کە دوای مەرگی مێردەکانیان بەویستی خۆیان دەستبەرداری ژیان دەبن و بەچەشنی مێردە مردووەکانیان کەسووتێنراون، دەسووتێنرێن. یەکێك لەو حاڵەتانەی کە" ئیبن بەتووتە" بەچاوی خۆی بینیویەتی، ژنێك بووە کە پاش ئەوەی بەجوانترین شێوە خۆی رازاندۆتەوەو هەموو لەشی بەو رۆنانە چەورکراوە کە دەبێتە مایەی زوو سووتاندنی، لەشوێنی تایبەتی سووتاندا راکشاوە، جا ئەوەی کە زۆر سەرنجی " ئیبن بەتووتە" ی لەوێدا راکێشاوە ئەوە بووە کەژنەکە بەوە قایل نەبووە کە لبادێك بدەن بەسەریداو پاشان بیسووتێنن، گوتویەتی:( وا دەزانن لە ئاگر دەترسم) ئیتر بۆخۆی تاوی داوەتە ئاگرەکەو گڕی لە خۆی بەرداوەو لەهەمووشی سەیرتر ئەوە بووە کەهیچ ناڵەو نرکەو هاوارێکی لەدەم نەهاتۆتە دەرو هەروەك مردوویەك بەبێدەنگی بۆتە سووتوو و خۆڵەمێش، باسکردنی هەموو ئەو سەیرو سەمەرەیەی کە زاتی ئەو گەڕیدەیەی کەناومان هێنا بۆمانی دەگێڕێتەوە، لەدیالۆژێکی ئاوادا ئیمکان نییە جێی ببێتەوە بە تایبەت ئەگەر بتەوێت لە دیدگایەکی راڤەکارییەوە قسەی لەسەر



بکەیت، بەڵام پێمخۆشە یەك نموونەی تری نێو کتێبەکەی ئەو گەڕیدەیە بخەمەروو سەبارەت بەکەوڵکردنی مرۆڤ بەزیندوویی کە دیارە خودی ئەو زاتە بەبینینی ئەو کردەیە باری دەروونی تێکدەچێت لە کاتێکدا هەموو ئامادەبووان بە ئاسایی تێی دەڕوانن، باس لەوە دەکات کە چۆن کەسێکی زیندوو لە سەردەم پاڵدەخرێت و سەری دەخرێتە نێو چاڵێکی تایبەتەوە بە چەشنێك  کەبتوانێت هەناسە بدات و نەخنکێت، تا بەتەواوی هەست بە کە ئازارو ئێشی کەوڵکردنەکەی بکات، ئیدی پێموانییە هیچ نەشتەرگەرێکیش بتوانێت لە کەڵەموستی پێوە تا تەپڵەسەری ئینسانێك بەبێ ئەوەی پێستەکەی زیانی پێبگات کەوڵبکات کە دیارە لەو سەردەمانەدا دواتر کەوڵەکە پڕدەکرا لەکاو هەڵدەواسراو هەر لەهیندستانیشەوە ئەمجۆرە کەوڵکردنە بە زۆر شوێنی دنیادا بڵاوبۆوە، ئەو کارەش پسپۆڕی تایبەتی خۆی هەبوو کە بژێوی ژیانی خۆی بەوکارە دابیندەکرد. جاتۆ لەکاتێکدا باسە راستەقینەکانی گەڕیدەیەك کە بەهیندستاندا گوزەریکردووەو تێیدا ماوەتەوە سەرسامت بکات، ئەی ئەگەر نووسەرێکی جدی و کارامە و دنیابین مەبەستی بێت لەهەموو ئەو ئایین و مێژوو و کولتوورەی کەلەوێدا هەیەو شارەزایەتی شتێك بخوولقێنێت، دەبێت چی لێ دروستبکات، بەتایبەت ئەگەر لەسنوورە تایبەتییەکانی خودی شتەکە خۆی بیباتە دەرەوەو رەهەندێکی بە جیهانیبوونی پێببەخشێت، بێگومان ئەتمۆسفێرو فەزایەکی سیحراویمان لەبەرچاودا بەرجەستە دەکات، جگە لەدەیان شتی تر کەتایبەتن بەنووسەرو لە ئەنجامی کەشفکردن و خولقاندندا دێتە بوون و لەنێو دەقدا جێی دەبێتەوە، بەڵام دیارە نووسەرێك نەتوانێت لەهەموو ئەو شتانەدا قووڵبێتەوە کە پێشتر ئاماژەمان پێداو رووکەشیانە تێی بڕوانێت، بۆ خۆی هیچ جیهانبینییەکی نوێگەرانەی نەبێت، ئەوە بێگومان گەر سەدان لاپەڕەش رەش بکاتەوە، جگە لەدەقێکی درێوو قێزەون یان رووکەشی و تەقلیدی زیاتر، هیچی دیکەی پێنانووسرێت. زۆرێك لەو نووسەرە بە رەگەز هیندیانەی کە بەئینگلیزی دەنووسن، لەمڕۆدا خوێنەرێکی زۆریان هەیە، بەتایبەتیش لە لایەن خوێنەرانی میللەتانی ترەوە زۆر دەخوێنرێنەوە، وەك لە خوێنەرانی هیندی کە دیارە ئەمەش هۆو هۆکارەکانی گەلێکن و ئەگەر بچینە نێو قووڵایی و وردەکارییەکانییەوە لە باسەکە لادەدەین.

**مەریوان هەڵەبجەیی: باشە دەکرێت هەروەك لە پرسیارەکەی پێشوودا ئاماژەمان پێدا، هۆکاری ئەوە بزانین کە بۆ نووسەری کورد بەپێی پێویست نەیتوانیوە، سوود لەو کولتوورە ڕۆژهەڵاتییە دەوڵەمەندە وەربگرێت کە بۆخۆشی بەشێکی گرنگە لەو کولتوورەداو بەشدارە تێیدا، سەرباری تایبەتمەندی و جیاوازییەکانی کولتووری کورد؟**

یوسف عیزەدین: بەراستی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نییە، لەو ڕووەوە کەبۆچی نووسەرانی کورد بەپێی پێویست سودمەند نەبوون؟! لە کاتێکدا لکێك یا چەند لکێکی ئایین یان کولتووری کورد، لەنێو خودی کولتووری ڕۆژهەڵاتی، بەتایبەتیش هیندیدا ئامادەیی هەیە، تۆ بڕوانە ئەو مێژووەی کە ژمارەیەکی زۆر بگرە باڵێکی سەرەکی هەورامییە زەردەشتییەکان، لەتاو زەبرو زەنگی سەردەمانێك لەکوردستان هەڵهاتن و ڕوویانکردە هیندستان و ئێستاشی لەگەڵدا بێت بە شێوەزاری هەورامیی دەدوێن و زەردەشتین و هەڵگری دنیایەك خەسڵەتی جوانی کوردن و خاوەن کولتوورێکی دەوڵەمەندن، ئەمە جگە لەکاریگەری ئەوان بۆ سەر کولتوورەکانی هیندو بەپێچەوانەشەوە، جا ئەگەر بەشێکی زۆری کورد لە ڕۆژگارێکدا پشتی کردبێتە کولتوورو ئایین و دنیابینی خۆی و دەستبەرداری جوانییەکانی خۆی بووبێت و خودی هاوڕەگەزەکانی خۆی تۆراندبێت و بەدەستبەردانی لە داکۆکی و بەرەنگاربوونەوە، ئەوانی گەیاندبێتە ئەوسەری دنیاو تا ئێستاش بیرلەوە نەکرابێتەوە کە پێوەندییەك لەگەڵ ئەواندا دروست بکات، ئەمە جگە لەوەی کە ئەگەر بەگشتیی کولتووری کورد وەك بونیادو پێکهاتەیەك سەیربکەین، سەرچیخ نەچین لەم تێڕوانینەدا، ئەوە دەبینین لە زۆر شوێندا تا ڕادەیەك تایبەت و جوداو لە زۆر کاتی تریشدا تێکەڵ یان ئاوێتە یان وەرگیراو یان هیمۆژینە. بۆیە ڕەنگە وا ڕاستتر بێت باس لە کولتوورە فر ڕەنگەکانی کورد بکەین و لەپێکهاتە جیاجیاکانی تێبگەین، ئەگینا ئەگەر وەك بونیادێکی کۆنکرێتی و تاك ڕەهەندانە تێی بڕوانین، بێگومان دەکەوینە هەڵەوە، لە کاتێکدا ئەو سێ باڵە ئایینییەی کە دەکەونە دەرەوەی ئەو ئاینەی کە لە ئێستادا زۆرترین ژمارە لە کورد باوەڕی پێیەتی، سەرچاوەکەی یەزدانیەتە کە دیارە لەژێر فشاری زەردەشتیەتدا یەکانگیری خۆی لەدەستداو بەسەر چەند باڵێکدا دابەشبوو کە ئەوانیش بۆخۆیان هەریەکەیان



بەدرێژایی مێژوویەکی دوورو درێژ، بوونەتە شتێکی تر، گەرچی توانیویانە زۆر لەخەسڵەتە بنەڕەتییەکانی سەرچاوە سەرەکییەکەیان تا ئەم زەمەنە بگوێزنەوە. جا ئەگەر لێرەدا تەنها باس لە چەمکی مەرگ بکەین لە کولتوورەکانی کورددا، ئەوە بەسانایی ئەو جیاوازییە دەبینرێتەوە، کوردە عەلەوییەکان پێیانوایە مەرگ ئەو پرۆسیسەیە کە زیندووەکان دەباتە نێو دنیای خامۆشی و بە گۆڕستانیش دەڵێن خامۆشگا، هێشتاکە لە زۆر گوند و شوێن و جێگەیاندا سەرباری ئەو دژایەتییەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە، پێش ئەوەی مردووەکانیان بنێژن لە نێو گۆڕەکانیاندا پێخەف و سەرین و کەرستەکانی خەوتنی تێدا دادەنێن، ئەمە لەوەی کفنیشی ناکەن و هەر بەجلەوە دەینێژن کە دیارە ئەم نەریت و شێوازەیان لە ناشتنی مردووەکانیاندا پەیوەستە بەو تێڕوانین و دنیابینییەی کە سەبارەت بەمەرگ هەیانە، گەر بڕوانینە چەشنی تێڕوانینی یەریسانییەکانیش بۆ مەرگ، ئەوە دەبینین لە دۆناو دۆنی ڕۆح و زیندووبوونەوەدا خۆی دەبینێتەوەو دنیایەك ڕاڤەو تێڕوانینی جیاکەرەوەیان هەیە.

**مەریوان هەڵەبجەیی: لێرەدا ئەو پرسیارە خۆی دەسەپێنێت کە ئاخۆ ئەو تێڕوانینەی ئەوان باشتر و قووڵتر بووە بۆ مەرگ، مەبەستم لەکوردە عەلەوی و یەریسانیەکانە لە کاتێکدا بەشێکی گرنگی کولتووری کوردو تێڕامان و دنیابینییەتی، یان ئەو تێڕوانینەی ئێستای ئێمە و تاچەند ئەمە لەئەدەبیات و کایە فیکریی ومەعریفییەکاندا تەوزیفکراوە؟**

یوسف عیزەدین: تۆ ئەگەر سەرنجێکی شارەکانی ئەم دەڤەرەی ئێمە بدەیت، دەبینیت سەدان لافیتەی ڕەش بوونەتە سوونەتی ڕاگەیاندنی مەرگی مردووەکانمان، لەکاتێکدا ئەم دیاردەیە لەسەردەمی هەشت ساڵەی جەنگی"عیراق–ئیران" دا لەلایەن ڕژێمەوە داهێنراو کرایە شتێکی باو بۆ ڕاگەیاندنی مەرگی ئەو سەربازو پیاوانەی ڕژێم کەلەو جەنگەدا دەکوژران، دنیابینییەکی فاشیانەو بەعسیانە لەپشت ئەو لافیتانەوە خۆی مەڵاس داوەو هەوڵدانێکی نهێنی و شاراوەی ئەوان بووە بۆ سڕینەوەی فۆبیای مەرگ و ترس لە جەنگ لەزەینی جەماوەردا، جگە لەدەیان دەلالەت و مەفهومی تر کەخودی نووسین و هەڵواسینی ئەو لافیتانە لەخۆی دەگرێت و هیچ پێوەندییەکی نییە بەکولتووری کوردو تێڕوانینی کورد بۆ مەرگ بەهەموو مەزهەب و ئایینەکانییەوە،

جێگەی خەجاڵەتیی و سەرسامییە کە لەئێستادا لەم دەڤەرەی ئێمەدا بووبێتە نەریت و چووبێتە نێو کولتوورمانەوە، لەهەمووشی خراپترو سامناکتر ئەوەیە کە لەئێمەوە بگاتە لای کوردەکانی بەشەکانی تری کوردستان و لای ئەوانیش ببێتە نەریت، لەهەمووشی سەیرتر ئەو ئیزافەکارییانەیە کە لای ئێمە زیادیکردووە، هەروەك وێنەگرتنی ڤیدیۆیی کفن و دفن و ناشتن و پرسەی مردووەکان کە هیچ لۆژیك و ئەخلاقیەتێکی تێدا نییەو بەتەوایی بێحورمەتییە بەمردووەکان و ئەشکەنجەدانی زیندووەکانە. من لەگەڵ ئەوە نیم کەسەلەفیانە بڕوانینە کولتوورەکەی خۆمان و بێ پرسیارو راڤەکاریی، سەرجەم ئەوەی کە هەیە بەجوانی زانین، یان بەشتی شیاوو لەباری بزانین، لەئێستایەکدا کە دەبێت بەچاوێکی جیاوازو دنیابینییەکی بارگاوی بەپرسیار بڕوانینە ئێستاو رابردوومان. بەڵام ناکرێت تۆ تا مێژوویەکی زۆر نزیکیش، بەچەشنێکی جیاواز بەشێوەیەکی گشتی کەلەگەڵ کوولتوورو دابونەریتی ئەم دەڤەرەی کەتێیدا دەژیت، هەر بۆ نموونە دەرحەق بەمەرگ و پرسە شتێکی لەوەی ئێستا جوانترت هەبووبێت کە لەقووڵایی دیدگاو دنیابینی تۆوە هەڵقووڵابێت، وا بەسانایی دەسبەرداری بیت و درێوترین دیاردەیەك کە خراپترین رژێمێك هێناویەتییە نێوتەوە، بیکەیتە نەریت و بەبێ بەخۆت بزانیت وەك سوونەتێك بێتە نێو کولتوورتەوە. ئاشکراشە گەر تۆ بتەوێت چەمك و دیاردەو برگەو جومگەیەکی کولتووریی لەئەدەبیات و کایە فیکریی و مەعریفییەکاندا تەوزیف بکەیت، یان خوێندنەوەی بۆ بکەیت، ئەوە بێگومان دەبێت پێشتر توانیبێتت لێی وردبیتەوەو دیوەکانی تری ببینیت و زۆر شتی تریش کە پێوەندی بەخودی نووسین و دنیابینی و ئیدراك و چۆنییەتی تێڕوانینی تۆوە هەیەو هەر بەوەندەش مەیسەر نابێت! ؟ لەدنیاشدا کەم نووسەری وەك" ژاك دریدا" هەن کەبتوانن لە سەرنجدانی فلانە شێوازی تەلارسازییەوە بگەنە ئەو راستییەی کەئەقڵییەتی نێرسالاری لەدروستکردنەکەیدا زاڵەو حیساب بۆ مێینە نەکراوە. کاری نووسەر ئەوەیە کەبەجدییەتەوە بڕوانێتە هەموو ئەو شتانەی کە لەلای خەڵکانێك بەئاسایی دەبینرێت و بتوانێت نهێنی و پەنهانەکانی کەشفبکات و تەونە چنراوەکانی پشت شتەکان ببینێت، ئەگینا مەحاڵە دەقێکی زیندووی پێ بخووڵقێنرێت و خوێنەرەکەی سەرسامبکات.



**مەریوان هەڵەبجەیی: رۆڵی هونەرە کلاسیکییەکان، بەتایبەت لێرەدا مەبەستمان لەهونەرێکی رۆژهەڵاتی وەك "میناتۆر"ە، جا ئەمە چ لە ئەدەبیاتی خۆرئاواییدا ئامادەیی خۆی هەیەو چ لە ئەدەبیاتی نووسەرە رۆژهەڵاتییەکان وەك" ئەمین مەعلوف" و" ئۆرهان پاموك"دا دەبینرێتەوە کە سوودی لەمیناتۆری ئێرانی وەرگرتووەو توانیویەتی لەبونیادنانی یەکێك لە رۆمانەکانیدا بەرجەستەی بکات و لەهەمان کاتیشدا سەرنجی خوێنەری رۆژئاواییشی بۆ رابکێشێت، ئایا نووسەری کورد بەهۆی ئەو تێکەڵی و نزیکبوونە مێژوویی و کولتوورییەی کە لەگەڵ رۆژهەڵات بەگشتی و ئێران بەتایبەتی کە هەیەتی، تاچەند توانیویەتی کەڵك لە"میناتۆر" وەربگرێت و تا چ رادەیەك ئەو مێژووە رەنگاو رەنگە لە رۆمان و چیرۆکەکانیدا رەنگی داوەتەوە؟**

یوسف عیزەدین: ئەگەر بمانەوێت باس لەمیناتۆر بکەین، دەبێت پێشتر ئاگاداری زۆرێك لەکێبڕکێ و ململانێی نێوان نەقاش و نیگارکێشەکانی پێش ئەوان ببین، لەوە حاڵی ببین کە ئەو جۆرە هونەرانە لە رۆژگارێکدا وەك جەنگێکی ساردی نێوان شارستانییەتەکان بووەو زۆرجار زاڵبوونی یەکێکیان بەسەر ئەویتردا، بیرو هزری خەڵکانێکی تری گۆڕیوە، یان کاریگەری لەسەریان هەبووە، چونکە زمانی رەنگ و فیگوورەکان رەنگە هەندێکجار زۆر کاریگەرترین لە زمانی وەعزو ئیرشادەکان، جا بۆئەوەی وێنەیەکی زیندووی سەردەمانێك بهێنینە پێش چاوی خۆمان، وەعزی مزگەوتێکی "کۆنیا" بەنموونە دەهێنمەوە، خۆی سەیریش لەوەدایە هەموو ئەوەی باسی دەکەم وەك نموونەیەك، لەوەعزێکدا باسی لێوەکرابێت. بەڵام دیارە واعیزەکە کەسێکی ئاسایی نەبووە، بەڵکو" مەولانا جەلالەدینی رومی" شاعیرو موتەسەویف بووە. راستییەکەی لەکاتێکدا" مەولانا" لە وەعزەکەیدا، بەدەر لەباس و خواستی قیامەت و ئەسحابەو پیاوچاکان و زاتە موبارەکەکان، باسی جوانییەکانی ئینسان و عیشقی خولقاندن و دۆستایەتی و چەمکە میستیکی و سۆفیستییەکان بۆ جەماعەت دەکات، یەکێك نارەزایەتی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت:" باسی دنیاو قیامەت و عەزابی قەبرمان بۆ بکە"، " شەمسی تەبرێزیش" کەدۆست و مامۆستای " مەولانا" بووە، زۆر بەتوندی وەڵامی ئەو کەسە دەداتەوەو پاشان هەڵدەستێت و دەچێتە دەرەوە، جەماعەتیش داوای شار بەدەرکردنی" شەمسی

تەبریزی" لە " مەولانا" دەکەن، بەتایبەتیش کە لەبەرخاتری ئەو لە " کۆنیا" دا نیشتەجێ بووە، " مەولانا"ش بەمەبەستی هێورکردنەوەیان، سەرەتا سەبارەت بەپێداویستی مرۆڤ بەبوونی دۆستێکی هەمیشەیی کە هەردەم یەکێکیان وێنەو ئەویتریان ئاوێنە بێت، قسەیان بۆ دەکات و دواتر ئەم نموونەیەیان بۆ دەگێڕێتەوە کە تایبەتە بەکێبڕکێی نێوان نەقاش و نیگارکێشە چینییەکان و ڕوومییەکان، لە سەردەمێکدا کە پاشای یەکێك لە مەملەکەتەکان بانگهێشتی کردوون بۆ کێشانی جوانترین نەخش و نیگارێك، کامەشیان لەوەی تریان باشتربێت ئەوە خەڵات دەکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش داوایان لێدەکات لەسەر دوو دیواری بەرانبەر بەیەك کە پەردەیەکی لەنێواندا بووە، هەریەکەیان بەجیاو بێئاگاداری ئەوەی تر نەخش و نیگاری خۆی لەسەر بکات. نەقاش و نیگارکێشە چینییەکان نیگارو نەخشێکی زۆر جوان لەسەر دیوارەکەی خۆیان دەکەن و تەواو پێوەی ماندوو دەبن، ڕوومیەکانیش بەبێ خۆماندووکردن بە ماددەیەکی تایبەت دیوارەکە وەك ئاوێنە لێدەکەن، دواتر هەردوولایان دیوارەکان پەردەپۆش دەکەن و پەردەکەی نێوانیان لادەبەن. کاتێك پاشا دەچێت و یەکەمجار دەڕوانێتە نەخش و نیگاری چینییەکان سەرسام دەبێت، کاتێکیش ڕوومییەکان پەردەی دیوارەکەی لای خۆیان لادەبەن، لەوەی چینییەکان زیاتر بەوەی ئەوان سەرسام دەبێت، چونکە بەبێ ئەوەی کە بزانێت، دیوارەکە کراوەتە ئاوێنە، هەمان وێنەی چینییەکان ڕوونترو بریقاوەتر دەبینێتەوە.

**مەریوان هەڵەبجەیی: کەواتە دەتوانین بڵێین نەقاش و نیگارکێشە ڕوومییەکان بەفێڵێك، وێنەی چینییەکانیان لە ڕێی بەئاوێنەکردنی دیوارەکەیانەوە گوێزایەوە بۆلای خۆیان و کردیانە موڵکی خۆیان، لەکاتێکدا کە ئەگەر پەردەیەك بخەیتە نێوەڕاستی هەردوو دیوارەکەوە، تەنها وێنەی چینییەکان دەمێنێتەوەو وێنەی ڕوومییەکان ون دەبێت، ئەمە بەگەمەی ئاوێنەکان دەچێت کە بۆرخیس لە کارەکانیدا پەنای بۆ دەبات، وێنەی سەر ئاوێنەیەك دەدرێتە ئاوێنەیەکی ترو بەو چەشنە بەردەوام دەبێت، هەر بۆیە هەردەم بۆرخیس بەبێ ئەوەی کەخۆی بێت، لەزاتێکەوە دەمانباتە سەر زاتێکی ترو لە زاتەکەی تریشەوە بۆ سەر زاتێکی ترو بەمەش کەسایەتییەکە لەهەمان کاتدا دەبێتە نیشانگرو ئەو شوێنەی کە دەکرێتە نیشان؟**

یوسف عیزەدین: سەرەتا ئەوەی کە دەرحەق بەبۆرخیس خستانەڕوو، بێگومان وایەو جۆرێکە لەشێوازەکانی کارکردنی ئەو، چونکە ئەو هەردەم دوڕدۆنگی و دوودڵییەکی پۆزەتیفانەی هەیە سەبارەت بەخوڵقاندنی کارێکی ئەدەبی، بەشێوەیەکی کارا گومان دەخاتە گەڕو بەشتە مەئلووفەکان قایل نابێت و لەمیانیی گەڕانێکی بەردەوامدا، هەموو ئەلگۆ هەبووەکان ڕەتدەکاتەوە، تا شتێکی نوێ کەشف دەکات، بەڵام سەیر لەوەدایە هێندە نابات ئەویشی لێدەبێتە شتێکی هەبوو و کۆن، چونکە تازە ئەویش کەشفکراو و دۆزراوەیە. سەبارەت بەحیکایەتی نەقاشە چینیی و ڕۆمییەکانیش کە دیارە مەبەستی" مەولانا" لەگێڕانەوەیدا مەبەستی خودی حیکایەتەکە نییە، هێندەی ئەوەی کەمەبەستی ڕوانگەی سۆفیستییەکەیەتی کە بەلای ئەوەوە ئەوە کارێکی شیاوە لەڕووی ڕەنگدانەوەی ئەوەی کە لەنێوتدایە بۆ بەرانبەرەکەت کە دەکاتە "دۆست"، لای ئەو وشەیەکی هێجگار پڕماناو گەورەیە، ئەگەر وەك لەشیعری تەسەوفییدا هەیە بە "مەعشووق"ی بشووبهێنین، ئەوە دەبینین هەموو جوانییەکانی "عاشق" دەدزێت و" عاشق" نامێنێت. دەکرێت ئەم بەیتە شیعرییە بەنموونە بهێنمەوە کە دەڵێت:( وتی مەحوی من و تۆ ئافتاب و سایە تیمسالین \ جەنابی من کەدەرکەوتم دەبێ تەشریفی تۆ بڕوا). بەڵام دیارە هەر هەمان ئەو کارەی کە نەقاشە ڕوومییەکان لەگەڵ چینیەکان دەیکەن، سەبارەت بەگوێزانەوەی وێنەکە ئەگەر وەك ململانێی دوو توخمی جیا تێیان بڕوانین کە کولتوور و دنیابینی و زۆر شتی تریشیان لەیەکتر جودایە، لەکاتێکدا چینییەکان بەئیشەکەوە ماندوو دەبن و ئەوانی تر لەڕێی بەئاوێنەکردنی دیوارەکەوەو زۆر بەرەحەتی وێنەکە دەگوێزنەوە، هەر لەخۆتەوە هەست بەناڕەحەتی دەکەیت سەبارەت بەفێڵ و ساختەکاری ڕوومییەکان، گەرچی دیارە ئەگەر لەو کاتەشدا ڕاستی مەسەلەکە نەزانرابێت، دواتر هەست پێکراوەو زانراوە، هەربۆیە بۆتە حیکایەت، ئەمە لەواقیعی ئەدەبیشدا هەروایە، ئەگەر نووسەرێك دەقێکی لەشوێنێکی ترەوە نەقڵ

کردبێت، جا دەقاو دەق یان بەدەستکارییەوە بەناوی خۆیەوە بڵاویکردبێتەوە، ئەگەر لەمڕۆشدا پەی پێنەبرێت، ئەوە لەرۆژگارێکدا هەر دەزانرێت.

**مەریوان هەڵەبجەیی: " میناتۆر" و کاریگەرییەکانی لەسەر رۆژهەڵات و رۆژئاواو توانستی" ئۆرهان پاموك" بە تایبەتی لەو بەرجەستەکردنەدا چۆن دەبینن؟**

یوسف عیزەدین: بەو پێیەی" ئۆرهان پاموك" هەر لەمنداڵییەوە تا مێرد منداڵی حەزی بەنیگارکێشان کردووەو وەك بۆخۆی لەچاوپێکەوتنێکیدا باسی لێوە دەکات، مەبەستی بووە ببێتە نیگارکێش، هەر ئەم حەزەشی بۆ نەخشەو نیگارکێشان وای لێکردووە چەند ساڵێك" کۆلێژی ئەندازیاری بەشی بیناسازی" لەئەمریکا بخوێنێت کە دیارە دواتر وازی لێدەهێنێت و دەگەڕێتەوە بۆ تورکیاو دەچێتە کۆلێژێکی ترو بەشی رۆژنامەوانی دەخوێنێت. چەند ساڵێك پێش ئەوەی خەڵاتی نۆبڵ وەربگرێت، لەپڕ رۆژنامەکان هەواڵی تابلۆیەکیان بڵاوکردەوە کە لەزیادکردنێکی ئاشکرادا فرۆشراوەو مێژووەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساڵانەی کە" ئۆرهان پاموك" خەریکە نیگارکێشان بووە، گەرچی لەچاوپێکەوتنێکیدا دانی بەوەدانا کە تابلۆکە هی خۆیەتی، بەڵام نکووڵی لەوەکرد کەئاگاداری فرۆشتنەکەی و چۆنیەتی گەیشتنی بەدەستی ئەو کەسە بێت کە لەمەزادەکەدا فرۆشتوویەتی. "ئۆرهان پاموك" زۆر بەوردی توانیویەتی لە هونەری میناتۆر ورد بێتەوە، تەنانەت بەهێڵکاری و چەشنی فیگوورەکاندا هەست بەوە بکات کەسەر بەکامە قوتابخانەو هونەری کام میللەت و جێگەو شوێنە. بەڵام رەنگە ئەو هەر لەبەر ئەوەندە میناتۆری پێ گرنگ نەبووبێت. مەبەستی خۆرئاواش لەخولیای بینینی میناتۆرو گرنگیپێدانی لەباس و خواسەکانیدا، مەرج نییە بەتایبەتی تەنها لەبەر خەللاقییەتی هونەریی ئەو کارە بێت؟ پێشئەوەی باس لەوە بکەم حەز دەکەم ئاماژە بەوە بدەم کە" ئۆرهان پاموك" وەك خۆی باسی لێوە دەکات، پاش بینینی ئینسیکلۆپیدیایەکی گەورەی تایبەت بە میناتۆر، دیدگاو تێڕوانینی دەگۆڕێت و سەرسام دەبێت. دەبێت لەمیانی حاڵیبوونمان لەخودی میناتۆر، بەدەر لەتەکنیك و رووکارە هونەرییەکەی، سەرنجی ئەو جەنگە ساردو شاراوەیە بدەین کە لەرووی بابەتییەوە دەیخووڵقێنێت، ئەمە جگە لەرووە ئاشکراکەی کە هەر لەسەردەمی سەرهەڵدانییەوە تا ئێستا درێژەی هەیە. هەر بۆیە" ئۆرهان پاموك" دەزانێت چیدەکات و چیدەنووسێت و چۆن سەرنجی خوێنەری رۆژئاوا بەتایبەتی و خوێنەری رۆژهەڵاتیش بەگشتی بەلای خۆیدا رابکێشێت، ئەمە چەند باشە یان خراپە ئەوە مەسەلەیەکی ترەو ناکرێت لەم دەرفەتەدا بەتەواوی یەکالای بکەینەوە، ئەمە جگە لەوەی کەخوێندنەوەی دەقێك لەمڕۆداو بەشێوەیەکی بەرفراوان، بەتایبەت ئەگەر نووسەرەکەی رووداوەکان پۆپویلاریان کردبێت، هێندەی خوێندنەوەی نەوەکانی داهاتوو گرنگ نییە، هەر بۆیە" ئۆرهان پاموك" بۆ خۆی دەڵێت:" دەترسم لە دوارۆژدا نەخوێنرێمەوە".

**مەریوان هەڵەبجەیی: باشە ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە بڵێین زیاتر رۆژئاوا لە روانگە پۆلیتیکییەکەیەوە دەڕوانێتە" میناتۆر" و گرنگی پێدەدات؟**

یوسف عیزەدین: نکووڵی لەتەکنیك و شێوازو ئەو خولڤاندنە ناکرێت کە لە"میناتۆر"دا هەیە وەك هونەرێك. بەتایبەت دەرکەی دەیان شرۆڤەو پرسیارت لێدەکاتەوە، ناشکرێت تاك رەهەندانە بڕوانیتە رۆژئاوا، چونکە عاشقێکی هونەری میناتۆری ئەوانیش لەزۆر رووەوە لێکچووە لەگەڵ کەسێکی رۆژهەڵاتی کە عیشقی بۆ ئەو هونەرە هەیە، بەڵام رەنگە ئەگەر رۆژنامەنووسێکیان بەدەر لەبەها هونەرییەکانی میناتۆر، رووکەشیانە تێی بڕوانێت و لەدیدگایەکی سیاسییەوە بەمەبەستی وروژاندن، بیکاتە بابەت و لەسەری بنووسێت، ئەوە دەچێتە قاڵبێکی ترەوە، هەر بۆ نموونە لەکاتێکدا سەرجەم شیعرەکانی"مەولانا" وەك خۆی شتێکی جوانەو دەیان راڤەو خوێندنەوە لە خۆدەگرێت، بەڵام تۆ تەنها لەو روانگەیەوە بیهێنیتە نێو قسەو باسەکانت کە لەسەردەمێکدا بەر نەفرەتی کۆنە پارێزانی کۆمەڵگەکەی کەوتووەو دژایەتی کراوە، ئەوە دیارە تۆ ئیشت بە کەشفکردنی دنیای ناوەوەی ئەو نییەو مەبەستت راڤە راڤەکردن نییە، چونکە تۆ دەتەوێت لەرێی ئەوەوە بەگژ شتێکی تردا بچیت. ئێمە لێرەدا قسەمان لەسەر عاشقەکانی ئەدەب و هونەر نییە، هەر بۆ نموونە" دانیاڵ لادنسکی" هیچ مەبەستێکی سیاسی نییە، کاتێك بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە رۆحییەکانی خۆی روودەکاتە هیندستان و پاشان لەرێی"ماندیلی" موریدی"مەهر بابا"وە ئاشنایەتی لەگەڵ خودی"مەهر بابا" پەیدا دەکات و لەرێی ئەویشەوە بە شیعرەکانی" حافزی شیرازی" ئاشنا دەبێت و دواتر

هەموو ژیانی بۆ لێتۆژینەوەو راڤەکردنی شیعرەکانی ئەو تەرخاندەکات و دیوانی"گوێم لە قاقای یەزدان بوو"ی حافز دەکاتە ئینگلیزی، ئەمە عەشقە هیچ پێوەندییەکی بەسەر ناکۆکییەکانی نێوان تەسەوف و ئاینەوە نییە، ئەگەر لەسەردەمەکەی حافزدا هەبووبێت یان نەبووبێت، ئەوەی بەلای ئەوەوە گرنگە خودی شیعرەکانی حافزن کە لەئێستادا چەندین راڤەو خوێندنەوە لەخۆ دەگرن. تۆ لەتێڕوانینی میناتۆرەکانەوە بۆ ساتێکیش هەست بەوە ناکەیت کەهونەرمەندەکان، لە رك و کینیانەوە بەرانبەر بە دیدگەو تێڕوانینێکی جیاواز دانیشتبێتن و کارێکی هونەری هێندە جوانییان خوڵقاندبێت، بەڵکو هەست دەکەیت بە عەشق و دنیابینییەکی قووڵی پڕ لە پەنهان و نهێنی کاریانکردووە، گەرچی بەتەواوی پشتی نەکردۆتە ئەو رۆژگارو زەمەنەی خۆی کە لێوانلێوبووە لەو شتانەی کەوەك تارمایی سامیان هەبووە، بەڵام هیچ کاتێك نەبۆتە ئاوێنەی واقیعی سەردەمەکەی و کاری بەرووکەشی شتەکان نەبووە، هێندەی ئەوەی کە مەبەستی بووە، لەپشت شتەکانەوە دنیایەك کەشفبکات.

**مەریوان هەڵەبجەیی: "ئۆرهان پاموك" لە رۆمانی"بەفر"دا زۆر شتی وردو تایبەتی وروژاندووە، راستە بەشێکی زۆری رۆمانەکە باس لەبونیادگەرایی و بەگشتیی مەسائیلی سیاسی دەکات، بەڵام یەکێك لەو شتانەی جێگەی سەرنج و توانای ئەو نووسەرە نیشاندەدات و وردبینی و ئاگایی قووڵی پاموك لە مێژووی مەزهەب و ئاین و کولتوورە جیاوازەکاندا دەخاتەروو، ئەو جۆرە کارکردن و رۆچوونەیەتی بۆ نێو بونیادی هەموو ئەو شتانەی کەدەبێت نووسەری جدیی کاری لەسەر بکات، بۆ نموونە کاتێك "پاموك" باس لەسەگ دەکات، چەندین لاپەڕە لەبارەیەوە دەدوێت و باس لەگڵاوبوون و پاکبوون و روانینی ئاینەکان و کولتوورەکان دەکات سەبارەت بەم گیانلەبەرە، لێرەدا شتێکی نوێ دەبینیتەوە کە پەیوەستە بەئاگایی نووسەرەوە جگە لەو چێژەی کە بەخوێنەری دەبەخشێت، پێت وانییە کە دەبێت نووسەر ئاوا مەعریفەی خۆی لەدەقدا تەوزیف بکات و زۆر بەوردی کار لەسەر کولتوورە جیاوازەکان و تەنانەت وردە کولتوورە ئاینییەکانیش بکات، تابتوانێت خەلاقییەتێك لەدەقەکەیدا دروستبکات و لەپشت هەموو ئەوەی کەدەیخاتەروو، شتێکی نوێمان پێ بڵێت و راڤەیەکی جیاوازمان لا بەرجەستە بکات؟**

یوسف عیزەدین: لەئەدەبیاتی تورکیدا بێجگە لە" ئۆرهان پاموك" لەزۆر بابەت و نووسینی تردا باس و خواسی سەگ دەبینیتەوە، کە بەداخەوە لەبەر وەرنەگێڕانی ئەو دەق و بابەتانە بۆ کوردی، خوێنەری ئێمە لێی بێئاگایە، هەر بۆ نموونە نووسەری تورك"بەدرهان تۆپراك" رۆمانێکی هەیە بەناوی"سەگ و شاعیر" کە لێرەدا تەنها پەرەگرافێکی بەنموونە دەهێنمەوە:( پێدەچێت بەراستی باوەڕ بەوە بهێنم کە سەگ دۆستێکی هێجگار دەگمەنە، هاوڕێیەکە کە بەدەستهێنانی ئاستەمە، سەگ یان هەموو ئاژەڵەکان، بەو بێدەنگییە شکۆدارەییانەوە، بێنەوپەی خاوەنی زمانێکی بێوێنەو بەهێزن، کە لەرێی رووخسارییانەوە بەئێمە دەگات). سەگ بەوپێیەی کەیەکێکە لەهاوڕێ دێرینەکانی مرۆڤ، نەك هەر لەنێو کولتوور و فەرهەنگە جیاجیاکاندا شوێنجێگەی خۆی هەیە، بەڵکو لەنێو خودی ئاینەکانیشدا بۆتە جێگەی قسەو باس، هەموومان ئەوە دەزانین کە"قەتمیر" ناوی ئەو سەگەیە کە لەگەڵ"ئەسحابولکەهفدا"و لەنێو یەك ئەشکەوتدا خەوتووەو لەقورئانیشدا ناوی هاتووە. تورکیا بەو پێیەی کە سەگ لای شافعییەکانی گڵاوەو لای حەنەفییەکانی پاکە کە هەردووکیشیان دوو مەزهەبی ئیسلامن، زۆر گرفت و سەرئێشەی بۆ هەردوولا دروستکردووە، بەتایبەت لەو ناوچانەی لەیەکەوە نزیکن. تەنانەت سەگ بۆتە مایەی نوکتە دروستکردن لەسەر یەکترو لە رکەبەرایەتییە مەزهەبییەکانیشدا رۆڵ دەبینێت. بۆیە پێموایە تەوزیفکردنی هەر بابەتێکی لەو چەشنە لە ئەدەبیاتدا ئەگەر نووسەرەکەی خاوەن مەعریفەو بەتوانا نەبێت بێگومان دەرۆستی نایەت، ئەمەش بەمەرجێك کارێکی باشە کەراڤەیەکی جوداو پرسیاری نوێمان لادروستبکات. تۆ بڕوانە لای خۆشمان سەگ گێرمەو کێشەی زۆری لەسەر هەیە، ئەگەر بیروڕایەك پێی گڵاوەو ساڵانێکی دوورو درێژ تەبلیغی بۆ کردووە، هەر خودی ئەوانەی باوەڕدارن بەو بیرباوەڕە، لەمەسەلەی سەگدا زۆرجار تەجاوز دەکەن و دەگەڕێنەوە بۆ کولتوورو تێڕوانینی پێشینەیان دەرهەق بەسەگ. لەزۆر شوێنی کوردستاندا لەسەر ئەزیەتدانی سەگ خەڵك کوژراوە، شەڕی لەسەرکراوە. سەبارەت بەرۆمانی"بەفر"یش کە

شوێن تێیدا"قارس"ە، سەبارەت بەو شارەش سەرباری چەندین کتێب و سەرچاوە کەباسی لێوە دەکەن، کتێبێکی قەبارە گەورە هەیە بەناوی" بێخەوە سپییەکە لەدوورە..قارس" کە لەڕووی مێژوویی و کولتووری و ئابووری و زۆر لایەنی تریشەوە شاری"قارس" بەخوێنەر دەناسێنێت و بابەتی بیست نووسەری تێدایە"پاموك" یەکێکە لەو نووسەرەکان و هەندێك لەوانەی تریش کە لەئەدەبیاتی تورکیدا ناسراون، وەك" هەمزە گویندۆغدوو، ئۆکتای بەلی، مەتین تووران، کەنان مۆتان" و"ئەنتۆنیۆ ساگۆنا" کە تورك نییە. لێرەدا مەبەستم لەوەیە کە"قارس" لە زۆر لایەن و رووەوە گرنگییەکی زۆر تایبەتی هەیەو یەکێکە لەو شارانەی کە ئەرمەنییەکان بەشاری خۆیانی دەزانن. بەدرێژایی مێژوو چەند جارێك رووس هاتۆتە نێو ئەو شارەوە لەجەنگەکاندا وەك شوێنێکی ستراتیژی سەیرکراوە، ئیدی دەیان حیکایەت و بەسەرهاتی تریش کە سەبارەت بەو شارە گوتراوەو رەنگە زۆری هێشتاکە نەنووسرابێتەوە، بۆیە پاموك بەتایبەت ئەو شارە دەکاتە شوێنی هەڵسووڕانی کارەکتەرو پانتایی رووداوەکانی نێو رۆمانەکەی و لەوێوە دەڕوانێتە دنیای دەرەوە، بۆ خۆی ماوەیەکی زۆر لە قارس–دا ماوەتەوەو دوورو نزیك تاووتوێی وردو درشتی ئەو شارەی کردووە. وەك خۆم پێش ئەوەی "پاموك" خەڵاتی نۆبڵ وەربگرێت، رۆمانی"بەفر"م خوێندبۆوە، خۆزیا خوێنەری کوردیش هەر لەو دەمەوە بیخوێنایەتەوە، چونکە دیارە ئەو هالەو پۆپیولارکردنەی ئێستای، رەنگە بێکاریگەری نەبێت و کەم تا زۆر کاربکاتە سەر خوێنەری کورد، هەرچۆنێك بێت وەك ئاگادارم لەئێستادا کراوەتە کوردی و خوێنەر خۆی سەربەستە لەوەی پاش خوێندنەوەی رۆمانەکە چی دەڵێت، یان چۆنی دەبینێت. بەڵام لێرەدا ئەگەر پێویست بێت هەندێك سەرنجی خۆم سەبارەت بەرۆمانەکە بخەمەروو، سەیر دەکەیت"پاموك" دەقاودەقی ئەوەی لە"شانامەی فیردەوسی"دا سەبارەت بە"رۆستەم و سوهراب" نووسراوەتەوە، هێناویەتییە نێو رۆمانەکەوەو لە هەوڵی تەوزیفکردنیدا سەرکەوتوو نەبووەو شوێنی خۆی نەگرتووە، رۆمانەکە زیاتر لە ریپۆرتاژی یان چەند ریپۆرتاژێکی دوور و درێژ دەچێت، گەرچی بەدەر نییە لە زمانی وەسف و شیکردنەوەی



وردەکارییەکان و بەرجەستەکردنی رووداوەکان و خستنەرووی دیالۆژەکان لە فەزایەکی ریالیستیدا.

**مەریوان هەڵەبجەیی: ئەی لەڕووی چێژ لێوەرگرتنەوە رۆمانی"بەفر" چۆن دەبینن؟ پێتان وایە ئەگەر دەقێك چێژ بەخوێنەر نەبەخشێت، خوێنەر بتوانێت بیخوێنێتەوە؟**

یوسف عیزەدین: راستە چێژ وەرگرتن لە دەق زۆر گرنگە، بەڵام هێزی راکێشانی دەق بۆ کێشکردنی خوێنەر بەپلەی یەکەم دێت، مەرجیش نییە کەدەقێك خوێنەری راکێشا وەك بەڵگە نەویستێك چێژیشی پێ ببەخشێت، تەنانەت زۆرجار وەرگێڕان دەبێتە مایەی ئەوەی کەدەقێك لە ئەسڵەکەی جوانترو بەچێژتر بێت،"بۆرخیس" کەخۆی بەئینگلیزی و ئیسپانی"دۆن کیخۆتە"ی خوێندۆتەوە، پێیوایە کە ئینگلیزییەکەی رۆمانە ئەسلییەکە بێت و ئیسپانییەکە وەرگێڕانێکی ناپوخت و سەقەتی ئینگلیزییەکە بێت، لەکاتێکدا "دۆن کیخۆتە" سێرڤانتیس بە ئیسپانی نووسیویەتی.

**مەریوان هەڵەبجەیی: کاتێك "ئۆرهان پاموك" لەساڵی٢٠٠٦–دا خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت، لێرەو لەوێ قسەو باسێکی زۆر لەسەر ئەوەکرا کەهۆکاری پێدانی ئەو خەڵاتە بە"پاموك" مەسەلەیەکی سیاسییەو پەیوەستە بەوەی کە لەگفتوگۆکانیدا ئەو شتانەی وورووژاندووە کە پێشتر نەگوتراوە، لەکاتێکدا کەرایەکی پێچەوانەش هەیەو پێیوایە نووسەرێکی گەورەو شایستەی وەرگرتنی ئەو خەڵاتەیە، ئێوە راوبۆچوونی کام بەرەتان قبووڵەو رۆمانەکانی"پاموك" چۆن دەبینن، ئەمە جگە لەوەی دەرکەوتنی ئەدەبیاتی تورکی لەئاستی جیهانیدا بەچییەوە پەیوەست دەکەن و بەرای ئێوە هۆکارەکانی چین، دەکرێت بڵێین پێوەندییەکی توندی بە پرۆسەی وەرگێڕانەوە هەیە، کە دەقە تورکییەکانی بردە دەرەوەی دنیای خۆی؟**

یوسف عیزەدین: خەڵاتی نۆبڵ زیاتر لەهەر خەڵاتێکی تر جێگەی مشتومڕەو قسە زۆر هەڵدەگرێت، ئەگەر نامەکەی"سارتر"بخوێنینەوە کە پاش ئەوەی خەڵاتی نۆبڵ–ی رەفزکرد، بۆ دەستەی باڵای خەڵاتەکەی ناردووە، پێموایە زۆر شتمان بۆ روون دەبێتەوە، ئەوانەی کە ئەو خەڵاتە یان هەر خەڵاتێکی تر دەبەخشن، دواجار کۆمەڵێك کەسن و مەرجیش نییە بڕواننە ئەو لایەنانەی کەخوێنەرێکی جدی پێی گرنگە، بێگومان

پێودانگی خۆیان هەیە، ئەگینا بۆ دەبێت چیرۆکنووسێکی بەتوانای وەک"بۆرخیس" ئەو خەڵاتەی نەدرابێتێ یان"ئەحمەدی شاملو" کە ساڵانێك کاندیدی نۆبڵ بوو. یان تۆ بڵێی نووسەرانێکی وەک"سالنجەر، سیباڵد، گێرارد دۆنۆڤان، کۆمەندەرێس، دۆنلیڤی، مۆراکامی" لەبەر ئەوەی ئەو خەڵاتەیان نەدراوەتێ، خوێنەریان نەبێت و نەخوێندرێنەوە؟ خەڵات دەتوانێت لەساتەوەختێکدا خوێنەرێکی پەرتوبڵاو و زۆر لەنووسەرێك کۆبکاتەوەو وایان لێبکات دەقەکانی بخوێننەوە، بەڵام ئەگەر دەقەکانی لەئاست سەرسامکردنی خوێنەرو هەڵگری دنیایەك لێکدانەوەو راڤەکاری نەبن، ئەوە نەك هەر خوێنەرە جدییەکە بەگشتی خوێنەرە ئاساییەکەش زۆر بەدوایدا ناچێت و دەتەرێتەوە. بێگومان نکوڵی لە رۆڵی میدیاو هالە دروستکردن و کاریگەری خەڵات ناکرێت، ئەگەر بۆ ماوەیەکی زەمەنیش بڕبکات، لەمڕۆیەکدا کە باس لە پێکدادانی شارستانییەت و فەرهەنگ و کولتوور و ئایین و مەزهەبەکان دەکرێت و تورکیاش لەوەدا رۆڵێکی بەرچاوی هەیە، هەر لەپێوەندییەکای بەدنیای عەرەب و ئیسلام و پانتاییەکی جوگرافی بەرفراوان و مێژوویەکی دێرین و ئێستای تیرۆریزم و کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی خۆی، تادەگاتە هەوڵدانەکانی بۆ چوونە نێو یەکێتی ئەوروپاو زۆر گێرمەو کێشەی ترو واقیعی ئەو کوشت و کوشتارانەی کەتورك بەدرێژایی مێژوو دژ بەبەشەریەت ئەنجامیداوە، لەوانە کوشتنی ژمارەیەکی هێجگار زۆری ئەرمەنی و چەندین هەزار کورد، لەکاتێکدا دەسەڵاتدارانی تورك نکووڵی لێدەکەن و دانی پێدانانێن، بۆیە دەمێکە دنیای رۆژئاوا چاوەڕێی ئەو رۆژەیە کە کەسێکی ناسراوی خەڵکی تورکیاو بەتایبەتیش بەرەگەز تورك ئەوە بورووژێنێت و بیلێت. ئاشکراشە"ئۆرهان پاموك" ئەو مەسەلەیەی ورووژاند و گوتی، گەرچی دواتر لەچاوپێکەوتنەکانی نێو تورکیادا کە لەگەڵیان سازداو سەبارەت بەگوتن و نەگوتنی ئەوەی کە تورکەکان یەك ملیۆن ئەرمەنی و سی هەزار کوردیان کوشتووە، هەرچەند زۆر هەوڵیدا بەوەڵامی لابەلاو هێنان و بردن رۆژنامەنووسەکان چەواشە بکات و مەسەلەکە بباتەوە بۆ هەڵەی وەرگێڕان و زلکردنی بابەتەکە لەلایەن میدیای دەرەوەو ناوەوەی تورکیا، بەڵام کەتەواو بەگیریان هێنا نکووڵی کرد و گوتی نەمگوتووە. بەهەرحاڵ ئەوە مەسەلەیەکی ترە، گرنگ ئەوەیە"پاموك" توانی ئەو دێڕە



سیحرییە بڵێت، کە ئەوروپا مەبەستییەتی و تورك لێی دەترسێت. بۆیە لەساتەوەختێکی ئاوادا بەراوبۆچوونی زۆر کەس ئەگەر ناوی مارکیزو ئەلبێر کامۆو هەر نووسەرێك کەپێشتر ئەو خەڵاتەی پێدراوە، وەك گریمانێك ئەگەر خەڵاتیان پێنەدرایەو لەگەڵ "پاموك" کاندیدکرابان بۆ نۆبڵ، هەر "پاموك" خەڵاتەکەی وەردەگرت. هەر بۆیە پێدانی خەڵاتی نۆبڵ بە"پاموك" لە دنیادا بووە جێی مشتومڕو گفتوگۆ، چونکە زۆریان پێیان وابوو "یەشار کەمال" لەپێشتر بوو بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە، جا بۆیە پاش ئەوەی"پاموك" خەڵاتەکەی وەرگرت، گۆڤارێکی ئەدەبی زۆر جدی جیهانی وەك"مەگەزین لیتێرەیر" لەیادی چل ساڵەی دەرچوونیدا، خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنێکی تایبەت بۆ نووسەرە جدییەکانی دنیا دەکات کە شانبەشانی چل ساڵ تەمەنی گۆڤارەکە لەدنیادا ناویان هەبووەو خوێندراونەتەوە، هەر لە"مارکیز و گۆنتر گراس و ئیتالۆ کالڤینیۆ و بۆرخیس و مارگرێت دۆراس و ئۆکتاڤیۆ پاز و ئیمبێرتۆ ئیکۆ"وە تا دەگاتە " یەشار کەمال" و بەتواناترین و بەناوبانگترین رۆماننووسی تورکی لەقەڵەم دەدا و زۆر ئاماژەدانی تریش، هەر ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە گۆڤارە ئەدەبییە تورکییەکانیش مەلەف لەسەر "یەشار کەمال" و لێتۆژینەوە لەسەر بابەتەکانی بڵاوبکەنەوە پاش نۆبڵەکەی "پاموك"، وەك گۆڤاری"کیتاپلك" کە لەسەرەتای ئەمساڵدا مەلەفێکی چڕوپڕی تایبەتی لەسەر "یەشار کەمال" و رۆمانەکانی بڵاوکردەوە. جا بۆیە هەست دەکەیت بەدەر لەوەی ئێمە تاچەند ئاگاداری رۆمانەکانی" یەشار کەمال"و"ئۆرهان پاموك"ین و چەند لێکۆڵینەوەو لێتۆژینەوەی نووسەرانی دنیامان لەسەر ئەوان خوێندۆتەوەو تاچەند بەدنیای ئەو دوو رۆماننووسە ئاشنایین، دنیای دەرەوەی ئێمە قسەی لەسەریان هەیەو هێشتاکە جێگەی مشتومڕە. ئەمە جگە لەوەی خودی "پاموك"یش چەندجار لە چاوپێکەوتن و گفتوگۆکانیدا ئاماژەی بەتواناو کارامەیی"یەشار کەمال"داوە، بەتایبەت لەرووی ئەزموون و دنیابینییەوە. شێوازی کارکردنی "پاموك" لەنووسیندا، وەك خۆی ئاماژەی پێدەکات بەتێکەڵ و پێکەڵی دەنووسێت و دواتر"حوسنی عەباس"ی زمانزان و هاوڕێی پێیدا دەچێتەوەو دایدەڕێژێتەوەو ئەوکات"پاموك" جارێکیتر پێیدادەچێتەوەو ئیتر بەوشێوەیە کارەکە

بەردەوام دەبێت، سەبارەت بەوەرگێڕانی دەقەکانیشی دەزگایەکی تایبەت بەخۆی هەیە کەدەیان وەرگێڕی بەتوانای تێدایەو کاریان گۆڕینی دەقەکانی "پاموك"ە بۆ سی زمانی زیندووی جیهانی، تەنانەت زۆرجار دەقە وەرگێڕاوەکە پێش دەقە تورکییەکە کاروباری چاپکردنیشی تەواو دەبێت و هاوکات لەگەڵ دەقە تورکییەکەدا دەکەوێتە کتێبخانەکانەوە، بەو پێیەی کە ئەمە بووە مایەی سەرنجی رۆژنامەنووسان، دەرحەق بەوە پرسیاریان لێکرد، گوتی:"من بەپارەی خۆم کتێبەکانی خۆم وەردەگێڕم و دەزگایەکی تایبەتی وەرگێڕانیشم بۆ ئەوکارە هەیە". چونکە ئەگەر بڕوانینە زۆر نووسەری جیهانی، بەگشتی هەمیشە وەرگێڕانی دەقەکانیان زۆر درەنگتر لە بڵاوبوونەوەی دەقە ئەسڵییەکان بڵاوبۆتەوە، وەرگێڕەکانیشیان زیاتر ئەو کەسانە بوون کە موعجیبی دەقەکانیان بوون، مەگەر زۆر ناسراو بووبێتن یان خەڵاتێکی جیهانییان پێبەخشرابێت، ئەودەم دەزگاکان ئەو کارەیان بەئەنجام گەیاندووە، هەر بۆ نموونە بڕوانە یادەوەرییەکانی" وێڵس بارنستۆن" سەبارەت بە"بۆرخیس" دەبینیت تا چەند برادەرە نزیکەکانی رۆڵیان هەبووە لە وەرگێڕانی دەقەکانیاندا. بێگومان وەرگێڕان پردی گواستنەوەی دەق و ئەدەبیات و مەعریفەی میللەتانە کە دیارە تەوژمی وەرگێڕان لای ئێمە لەکوردییەوە بۆ زمانەکانی تر زۆر لاوازە، گەرچی لێرەو لەوێ هەوڵدانێك هەیە بۆ ناساندنی دەقە کوردییە جدییەکان بەدنیای دەرەوە، جا ئیدی بۆ هەر زمانێك بێت، ئەوەی کەلێرەدا جێی سەرنجە هەوڵدانی جدیی چەند گەنجێکە بۆ وەرگێڕانی ئەو دەقانەی کە شایستەی ئەوەن، لەدنیای دەرەوەی ئێمەدا بخوێنرێتەوە. ئێمە لەکاتێکدا پەیکەر بۆ نووسەران و رووناکبیرانی سەردەمانێکی لەوەوپێشی خۆمان دەکەین و لەباخچەو شوێنە گشتییەکاندا دایاندەنێین، بەڵام ئەگەر کەسێکی بیانی پرسیاریان لەبارەوە بکات و پێی خۆش بێت دەقەکانیان ببینێت، بێگومان تۆ دەبێت لەو کاتەدا تۆ هەر هیچ نەبێت دەقێکی وەرگێڕدراوی یەکێکیانی بخەیتە بەردەست، بەڵام ئەگەر گوتت تا ئێستا دەقێکی وەرگێڕدراوی هیچ کامێکیان نییە، ئەوە دەبێتە مایەی دەیان پرسیار. لەکاتێکدا میللەتانی دنیا زۆر لەئێمە زیاتر نووسەرو بیرمەندو هونەرمەندو شتی تریان هەیە، کەشی لەچاو ئێمە کەمتر پەیکەریان بۆ کراوەو زیاتر گرنگی بەچاپکردن و



وەرگێڕان و لەسەر نووسین و بڵاوکردنەوەی ژیاننامەو بابەتەکانیان دراوە، پەیکەر زۆر مانا لەخۆدەگرێت و دەبێت زۆر بەوردی ئەوە بزانیت کە بۆ ئەو کەسە دەکەیتە پەیکەر، یان بۆ پەیکەری بۆ دروست دەکەیت و بەچ مەبەستێك لەشوێنێکی دیاریکراودا دایدەنێیت، کاتێك"دۆن کیخۆتە" لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ"سانچۆ"ی خزمەتکاری باس لەوە دەکات رۆژێك دادێت پەیکەریان بۆ بکرێت، دوای چەندان ساڵ خەونی"دۆن کیخۆتە" دێتەدی و لەئیسپانیادا پەیکەر بۆ خۆی و "سانچۆ" دەکرێت، نەك "سێرڤانتیس"ی نووسەری رۆمانەکە، کەدیارە پەیکەری"دۆنکیخۆتە و سانچۆ" پەیکەرێکی مردوو نییە کەسەیری دەکەیت هەست بەوەستان ناکەیت، هەست بەوە ناکەیت بەرانبەر بتێك راوەستاویت، بەڵکو بەتەواوی هەست دەکەیت بەراستی "دۆنکیخۆتە" بەرەو ماجەرایەکی تر هەنگاو دەنێت و تۆش دەبێت بەدوایدا بچیت، تا بزانیت ئەمجارەیان چی لێدەبێتە دێوودرنج و چۆن چۆنی بەگژیاندا دەچێتەوە. بەڵام ئەو جۆرە پەیکەرسازییەی کەلای ئێمە باوە، ساتەوەختێکە بۆ وەستاندن و کوشتنی هەموو ئەوانەی کە هەرگیز نەیاندەویست بچنە نێو قاڵبێك و ببن بەبەرد، ئەمە جگە لەوەی بەئاستەم هەست بەوە دەکەیت کەیەکێکیان لەوەیتریان جیاوازە، بەشێوەیەکی گشتی هاوشێوەو لێکچوون. دەرحەق بەدنیای"پاموك" و نووسینەکانی، دەکرێت ئاماژە بەوەبدەم کەئەو توانیویەتی لەنێو خودی پێکدادانی شارستانی و کلتوورەکاندا، سیمبۆلی نوێ هەڵبهێنجێت، وەك ئەکادیمیای سویدی لەپێدانی خەڵاتەکە بەو ئاماژەی پێدەکات. ئەگەر بڕوانینە دەقەکانی ئەو راستییە دەبینینەوە، هەر بۆنمونە لە"ئیستانبول–یادەوەرییەکان و شار"دا زۆر بەوردی باسی منداڵی خۆی و گەورەبوونی و مێژووی ئیستانبول دەکات، هەر لەناوەکەیەوە کەچۆن پێش داگیرکردنی لەلایەن عوسمانییەکانەوە"کۆنستانیپۆڵ" بووە و دواتر بۆتە"ئیستانبول"، باس لەنەوەکانی بێزانس دەکات کەپاش داگیرکردنی شارەکەیان، بوونەتە دەستگێڕو دووکاندارو بەئیشوکاری لەو چەشنەوە سەرقاڵ بوون، "پاموك" بەمنداڵی کاتێك گوێی لەزمانی رومی دەبێت، کەنەوەکانی بیزانس پێی دەدوێن، پێی سەیر دەبێت و دواتر لەماڵەوە دەکەوێتە لاساییکردنەوەی شێوەی قسەکردن و هەڵسوکەوتیان و بەو پێیەی کە هەمیشە

رۆژنامەکانی تورکیا بەخراپ لەسەر ئەوان دەنووسن و ئاگاداریان دەکەنەوە کە بەتورکی قسەبکەن، سەرەتا بەچاوێکی سووك تێیان دەڕوانێت، چەنکە لەو کاتەدا لەوە ئاگادار نییە، کە ئەمانن خەڵکە ئەسڵییەکەی ئەو شارەی کە لە"٢٩ی مایسی ١٤٥٣"دا دەکەوێتە دەست عوسمانییەکان و لەوەودوا تەوژمی کۆچی تورکەکان بۆ ئەوێ دەستپێدەکات. "پامووك" لەو کتێبەیدا باس لە هاوسەرەکەی خۆی دەکات کە بەرەگەز رووس و بەئایینیش ئۆرتۆدۆکسە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەتورکیادا خوێندوویەتی و کەوتۆتە ژێرکاریگەری فەرهەنگی تورکییەوە، کاتێك وەك خوێندکارێك دەچێتە ئەمریکاو لە زانکۆی کۆڵۆمبیا دەست بەخوێندن دەکات، لەباسێکی تایبەت بەداگیرکردنی ئیستانبول دەکەوێتە هەڵەوە و لەجێی ئەوە دەڵێت" فەتحی ئیستانبول" کە ئەمەش دەبێتە مایەی تووڕەبوونی پرۆفیسۆری وانەکەو بەکەسێکی نەتەوەپەرستی تورکی لەقەڵەم دەدات، لەکاتێکدا هاسەرەکەی تەنها لەبەر ئەوەی زمانی وا راهاتووەو وافێربووە وایگوتووە، ئەگینا نەداگیرکردن و نە فەتح بەلای ئەوەوە هیچ مانایەکیان نەبووە. "پامووك" لێرەوە دەچێتە نێو جیهانی جەنگ و کاریگەری لەسەر مەسیحی و موسڵمانەکان، مەبەستیەتی بڵێت خەڵکێکی ئاسایی ئەگەر بەبنەچە رووس و ئۆرتۆدۆکس–یش بێت، بەڵام دواجار تەنها ئەوەندە دەزانێت کە کولتوورێك فێری کردووە، "پامووك" رێبەرایەتی ئەو تەوژمە دەکات کە دەیەوێت تورکیا بباتە نێو یەکێتی ئەورووپاوە، هەر لەو روانگەیەشەوەیە کەدەچێتە نێو مێژوو و باس و خواسی کولتوورەکان و دەیەوێت بەزمانێکی سادەو ساکار شتێکی ترمان پێبڵێت، کە لەمەدا ناسیۆنالیستە تورکەکان زۆر دژایەتی دەکەن، چونکە نایانەوێت سیمبۆل و دروشمە نەتەوەییەکانیان بکەوێتە ژێر پرسیارەوە، چونکە تورکە نەتەوە پەرستەکان ئێستاش باوەڕیان بەو ئەفسانەیە هەیە کە گوایە گورگ پێشڕەوایەتی خێڵە تورکەکانی کردووە بۆ نێو ئەنادۆڵ و ئیدی لەو کاتەوە بۆتە خاکی ئەوان، ئەمە جگە لەوەی باوەڕیان وایە، هەندێك لە کەسایەتییە مێژووییەکانیان بەساوایی گورگ شیری پێدابێتن. بۆیە "پاموك" دەیەوێت پردێکی پەڕینەوەو تێکەڵبوونی تێکەڵبوونی فیکری و مەعریفی و کولتووری لەنێوان تورکیا و ئەورووپادا دروستبکات و بەدەر لەکوشت و کوشتاری مێژوویی نێوانیان،



چەشن و جۆرە دیالۆگێکی نوێیان هەبێت و بەرانبەر بەوەی کەتورك بەخۆیدا بچێتەوەو گۆڕانکاری بکات، ئەورووپاش وەریانبگرێت. بەڵێنی حزبەکەی ئەردۆوان و داواکاری ئەو خەڵکەی کەدەنگیپێداوە  هەر ئەوەیە لەنێو یەکێتی ئەورووپادا بەفیعلی و عەمەلی جێی ببێتەوە کە دیارە لای ئەوان چوونە نێو یەکێتی ئەورووپا بۆ چاککردنی باری ئابووری و خۆشگوزەرانیانە، نەوەك گۆڕینی باری کولتووری و فیکری و مەعریفی. دوا رۆمانی "پاموك"یش کە لەئێستادا خەریکی نووسینیەتی و لەم یەك دوو ساڵەدا تەواویدەکات، وەك لەچاوپێکەوتنێکدا ئاماژەی بۆکرد، باس لەمێژووی چەند نەوەیەکی بازرگانەکانی تورکیا دەکات و باس و خواس و راوبۆچوونەکانیان سەبارەت بەرۆژئاواو رۆژهەڵات دەخاتەروو، کە دیارە هەر لەسەردەمی عوسمانییەکانەوە قسە لەسەر ئەوە کراوە کەئاخۆ رۆژهەڵاتی بن یان رۆژئاوایی و هەمیشەش لەو تەرحەدا بەرەیەك ناڕازی بووەو پێیوابووە چوونە نێو ئەورووپا لادانە لەکولتووری تورك و ئایینی ئیسلام و زۆر شتی ترو بەرەکەی تریش رای پێچەوانە بووەو ئەمە تا ئێستا بەردەوامەو "ئۆرهان پامووك"یش وەك ئاماژەمان پێدا ئەمەی کردۆتە بابەتی نووسینەکانی، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر ئەورووپا مەبەستی لەوەرگرتنی تورکیا هەبێت، ئەوە بێگومان ئەم تورکیایەی ئێستای ناوێت و مەبەستیشی نییە ئەمەی ئێستا وەربگرێت.

**مەریوان هەڵەبجەیی: پێتان وانییە نووسەری کوردیش وەك خۆی هەوڵدانی بۆ خوێندنەوە، یان راڤەکردنی چەمکی پێکدادانی کولتوورو شارستانییەتەکان هەبێت و لەهەوڵی نووسینی لەو چەشنەدا بێت، بۆ خۆتان ئەگەر بتانەوێت لەرووی خولقاندنی دەقێکەوە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەیەکی ئاوادا بکەن، چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن و کورد لەکوێی ئەو ململانێ و پێکدادانەدا دەبیننەوە، تەسەووری ئێوە سەبارەت بەئیجابیاتی نووسینی لەو چەشنە چییە؟**

یوسف عیزەدین: بەو پێیەی پێشتر ئێمە مامەڵەمان لەگەڵ ئەو تێڕوانینانە کرد کەخودی رۆژهەڵات و رۆژئاوا وەك دوو پۆڵی جیاواز دەبینێت، لە کاتێکدا ئەگەر هەوڵێك هەبێت بۆ بەیەکگەیاندنی ئەو دوو شارستانییەتەو پێیوابێت دەکرێت بەیەکەوە هەڵبکەن، ئەوە تێڕوانین و تێزێکی پێچەوانەش هەیە چ لەرۆژهەڵات و چ لەرۆژئاوا کەئەمەی

پێمەحاڵە. ئەگەر بمانەوێت لە دیدگەیەگی ترەوە بڕوانینە ئەو دوو دنیایە، کەدیارە"ژاك دریدا" لەکتێبی"توندوتیژی و میتافیزیك"ەکەیدا لەگوتەیەکی"ماتیۆ ئارنۆڵد"ەوە ئاماژە بەوە دەدات کەدنیای ئێمە لەنێو دوو پۆلّی عیبرانییەت و هیلینیزمدا هەڵدەسووڕێت، زۆرجار یەکێکیان لەویتریان کاریگەرتر دەبێت و زۆرجاریش ئەویتریان، لەکاتێکدا کەوا پێویستە دنیای ئێمە لەنێوان ئەو دوو پۆڵەدا بەهاوسەنگی هەڵبسووڕێت، بەڵام هەرگیز ئەمە نایەتە دی. ئەم تێڕوانینە زۆر کۆنترو قووڵترە لە ململانێی رۆژهەڵات و رۆژئاوا و ئیسلامییەت و مەسیحییەت، ئاشکرایە کەکورد یەکێکە لەو میللەتە دێرینانەکانی ناوچەکەو بەپێی جموجۆڵی تەوژمە ئایینی و کولتووری و فەرهەنگی و هێرشکارییە سەربازییەکانی ئەو دەمەوە، هەمیشە بونیادی کۆمەڵگەی کوردی کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەموئەوو کەم تا زۆر ئاڵوگۆڕو گۆڕانی ئایینی و کولتووری و فەرهەنگی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمە جگە لەو هەڵهاتن و کۆچکردنە بەردەوامەی کە زیانێکی زۆری لەهەموو روویەکەوە پێگەیاندووە، بۆ حاڵیبوون لەوەی کەکورد چ لە رابردووداو چ لەئێستادا لەکوێی ئەو ئاڵوگۆڕو پێکدادان و ململانێ کولتووری و شارستانییەدایە، پێموایە دەبێت سەرلەنوێ هەموو شتێکی خۆمان بخەینە ژێر پرسیارەوەو بەگومانەوە بڕوانینە هەموو ئەوەی کە تائێستا پێمان ئاسایی بووە. "مەهرداد.ئیزەدی" لەکتێبی"کوردەکان"دا باس لەمێژوویەکی زۆر کۆنی کوردو جولەکە دەکات، کە چۆن لەشاری هەولێری ئێستا کەلەو دەمەدا ناوی"ئادیابێن" بووە، ژمارەیەکی زۆری چۆتە ئەوێ و کوردێکی زۆریان کردۆتە موسەویی و دواتر چۆن ئەو کوردانە شان بەشانی جولەکەکان دژ بەرۆمانەکان جەنگیون و زۆر وردەکاری تر، کەبەمە کورد دەچێتە بازنەیەکی جیاواز لەوەی کەئێستا تێیدایەتی، هەمووما‌ن حیکایەتی مەلای خەتێمان بیستووە کە چۆن کوردی فریودا لەوەی کەدژ بەعوسمانییەکان نەجەنگن، دیارە باوەڕهێنانی کورد بەفەتوای ئەو مەلایە لەباوەڕی ئایینی ئەو کاتەیانەوە سەرچاوەی گرتبوو. بەراستی گۆڕان و وەرچەرخان و ئایین گۆڕین و زۆر شتی تر بەدرێژایی مێژووی کورد دەبینیتەوە. بۆیە دەکرێت خوێندنەوەی وردی ئەو مێژووە لەمڕۆدا لە روانگەیەکی پرسیار ئامێزانەوە، ئیزافەیەك بێت بۆ ئێستامان. جا ئەگەر قەولبێت نووسەری کورد دەقێکی جددی سەبارەت



بەلایەنێکی مێژوومان بنووسێت، ئەوا بێگومان دەبێت راڤەو تێروانین و دنیابینی خۆی هەبێت، ناکرێت تەنها بەنەقڵکردنی رووداوو بەسەرهاتە مێژووییەکان، پێتوابێت دەقێکی مێژوویت نووسیوە، چونکە تۆ بۆ ئەوەی باس لەهەموو کولتوورو فەرهەنگ و شارستانیەت و هەموو ئەو شتانەی تر بکەیت، ناکرێت نەڕوانیتە بونیادو پێکهاتەی شتەکان و نەیخەیتە ژێر پرسیار. رەنگە جوانترین نموونە رۆمانی"تەلیسکۆپەکەی شۆپنهاوەر"ی نووسەری ئێرلەندی"گێرارد دۆنۆڤان" بێت کە لەرێی پرسیارو وەڵامی دوو کاراکتەرەوە، دەچنە سەرباسی تیۆری"ئیرادەی ژیان"ی شۆپنهاوەرو بەقووڵاییەکانی مێژوودا رۆدەچنە خوارو هەر لەباسی قەتڵوعامەکانی پاشای بەلژیکا لەکۆنگۆو چاخاکانی نێوەڕاست و وانەکانی نووسینەوەی کتێبی پیرۆز و جەنگیزخان و دەیان شتی تر، دیارە هەموو ئەم باس و خواسانە بەشێوازێك دەخرێتەروو کەناکرێت پێی سەرسام نەبیت و پرسیاری دەرحەق نەکەیت، هەر بۆیە"کۆڵم ماککان" پێیوایە "دۆنۆڤان"، " کافکا و بێرهارد شیلینك"و نووسەرە مەزنەکانی دنیامان وەیاددەهێنێتەوەو بەرای ئەو ئەو رۆمانەی رۆمانێکی جیهانییە. بەدەر لەوەی کەباسمکرد بەرای من خودی هەموو شارستانییەت و مەدەنییەتەکان لەمڕۆدا زیاتر لەژێر پرسیاردان و قابیل بەگۆڕانکاری و گۆڕانن، دەکرێت بڵێم بەدەر لەهەموو کولتوورەکان کولتوورێکی نوێ بەناوی کولتووری ئیماژو ئینفۆرماسیۆن بەتەواوی تێکەڵ بەخودی کولتووری مرۆڤ و بوونە کۆمەڵایەتییەکەی بووە، شانبەشانی تەکنەلۆژیایەکی تەسەوور نەکراو کە زەمینەی بووژاندنەوەی یۆتۆپیای سازاندووە، راستە پێشتر زۆر شتمان خستەروو، بەڵام نابێت ئەوە لەیادبکەین کە لەئێستادا"تەکنۆ-کولتوور"و"تەکنۆ-یۆتۆپیا" لەئارادایە. هەموو شتێك بەشێوەیەکی سەیر دەگۆڕێت، ئەو فیلمە کارتۆنیانەی کە بەمنداڵی سەیرمانکردووە، لەئێستادا بەرەو نەمان دەچێت و لەجێگەی ئەنیماسیۆن دێتە پێشەوەو ئیماژی وێنە دەگۆڕێت، لەمڕۆدا زۆربوونی ژمارەی شتەکان بۆتە جێگەی سەرنج و لێخووردبوونەوە، کە باس لەمێژوو، کولتوور، دابونەریت، مەعریفە، ئەدەبیات، یان هەر شتێکی تر دەکەین، دەبێت هەست بەو دنیا ئینفۆرماسیۆنەی دەرەوەی خۆمان بکەین، دەبێت گۆڕانی ئیماژەکان ببینین، کاڵبوونەوەی سەرجەم سیمای شتەکان بخوێنینەوە،

ناشکرێت نکوڵی لەوە بکەین کردەو جدییەتی نووسین لەمڕۆدا زۆر لەجاران سەختترو ئاڵۆزترەو پێناچێت تەنها بەخەیاڵ بتوانین دەست لەپێکهاتە ئاڵۆزەکانی دنیا وەربدەین و راڤەیان بکەین، مەگەر بگەینە ئەوپەڕی خەیاڵ، یان هەر بەتەواوی سنوورەکانی خەیاڵ تێپەڕبکەین، ئەگینا هیچمان پێناکرێت.

مەریوان هەڵەبجەیی: ئێوە یەکێك بوون لەچیرۆکنووس و رۆماننووسە جدییەکانی دوای راپەڕین، کە توانیتان بەگوڕو تینێکی باشەوە وەك دەنگێکی تایبەت بێنە نێوەندی ئەدەبیاتی کوردییەوەو بەدەر لەو تەقلیدەی کە لەنووسیندا هەبوو، بەشێوازێکی دیکە خۆتان نیشان بدەن، بەڵام بەوپێیەی کە لەکۆتایی سەدەی پێشوودا ماوەیەکی کەم بێدەنگ بوون و دواتر بە رۆمانێك و کۆمەڵە چیرۆك و بابەتی وەرگێڕدراو هاتنەوە نێوەندی ئەدەبی، دەکرێت بڵێین هۆکاری ئەو ماوەی بێدەنگبوونەت ئەوە بێت کە پێشتر ئاماژەت پێدا، دەربارەی سەختبوونی کردەو جدییەتی نووسین لەمڕۆدا، یان هۆکارەکەی تاراوگەو ئاشنابوون بە کتێبخانە جیهانییەکان و فێربوونی زمان و خوێندنەوەو تێڕامانتە لەدنیایەکی جیاوازو جودا بەو پێیەش ویستبێتتان کەمتر بنووسن و بۆ خۆتان ئەو بێدەنگییەتان هەڵبژاردبێت؟

یوسف عیزەدین: بێگومان زۆر هۆکار هەن هەر لەوانەی بەڕێزتان ئاماژەتان پێدا، تا دەگاتە تارمایی ئەو پانتاییە جوگرافییەی کەتۆی تێدایت، ئیدی ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێت، هەستدەکەیت زۆر لەشتە سادەکانیش بەتەواوی ئەوە نین کە پێیان ئاشنایت. هەموو ئەو شتانەی کە جێتهێشتوون بەزیندوو و مردووەکانییەوە، لەشوێنێکی زەینتدا سەرەتاتکێت لەگەڵ دەکەن و هاکا هاتنە نێو خەون و زیندە خەونتەوە، ئەمە جگە لەوەی بەچەشنی کەسێکی قۆڵ و قاچ بڕاو کە زۆرجار پێیوایە ئەنگوست و قامکی پەلەکانی دێشێ یان دەخورێت، تۆش پێت وایە پەلێکت یان زیاتر، لەشوێنیکیدا بڕاوەتەوەو هەمیشە ئێش و ئازاری شوێنێکی ترت بیردەخاتەوەو ئەو کاتانە یادەوەرییەکان بەچەشنی جۆراوجۆر وەك بارانێکی ناوەخت دادەبارن، سەرەتا زۆر بەسەرسامییەوە دەڕوانیتە ئەو کۆترانەی کەبێ سڵەمینەوە لەسەر دەستی بنیادەمان دان دەخۆن و کەس ئەزیەتییان نادات، لەکاتێکدا تۆ لەوڵاتێکەوە هاتوویت کۆترەکانی



مەگەر لەسەر گومەزی مزگەوتەکان بەکامی دڵ وچان بدەن. لەوێ دەکرێت لەنزیکەوە گوێبیستی حەکایەتی ئەو مرۆڤانە ببیت، کەسەگێك یان پشیلەو باڵندەیەکی خۆشەویستیان هەبووەو لە ساتەوەختێکدا بەبێدەنگی ئەم دنیایەیان جێهێشتووە، دەبینیت چۆن بۆی دەگرین، چۆن باسی دنیای شاراوەی گیاندارەکەت بۆ دەکەن و دەتگەیەننە ئەو قەناعەتەی کە هیچ گیانداڕێك بەستەزمان نییەو وەك من و تۆ دەتوانێت گوزارشت لەهەموو شتێکی خۆی بکات و بەزمانێکی نهێنی و شاراوە لەگەڵت بدوێت، کە گوێبیستی زۆرێك لەو حیکایەتانە دەبیت وا دەزانیت باسی منداڵێکی خۆیانت بۆ دەکەن، یان زۆرجار لەکەناڵەکانی تەلەفزیۆنەوە هەواڵی تراژیدیی بەچکە پشیلەیەك دەبیستیت و دەبینیت کە لەسەر لکی بەرزی درەختێك عاسی بووەو هەموو دنیا سەفەربەر بووە تا بەبێ ئەوەی ئازاری پێبگات بهێننە خوارەوە، ئاژەڵ دۆستەکان دەبینیت کە دژ بەراوکردنی ئاژەڵان رێپێوان دەکەن، سەیر دەکەیت ئەمانە دروشمیان هەیە، بەرنامەو پرۆگرامیان هەیە، نووسەرو رۆژنامەنووس و خەڵکی رووناکبیر تێیدا ئەندامە، لەوێ تراڤێستی و ساتانیست و دنیایەك شتی تر هەیە. خەڵکی بڕوادار و لەخواترس هەیە، مەسیحی هەیە لەخەونیدا مەسیح دەبینێت و لەگەڵی دەدوێت، دەست و قاچە خوێناوییەکانی ماچ دەکات، دەیان کچ هەن دەبنە راهیبەو شووناکەن، میسیۆنەری نوێی مەسیحییەت هەیە، کە لەئاوی رووبارو دەریاکاندا خەڵکی تەقدیس دەکەن، لەدەرەوەی کڵێسەی تەقلیدی قسە بۆ خەڵك دەکەن، رەنگە ئەمانە هەمووی رووکەشی شتەکان بێت، چونکە لەپشت ئەمانەوە پیاوخراپ و تۆڕی لەش فرۆشی و هیرۆیین و تلیاك فرۆشەکان و باندو کانگستەرو مافیا هەیە، خەڵکی نەخۆش هەیە، رەگەزپەرست و کۆنەپارێزو کەللەپوت هەیە، ئەگەر مەبەستیش بێت شتێك لەوە زیاتر رۆبچینە نێو ئەو دنیایە، ئەوە دەکرێت دڵەراوکێی و نامۆبوونی "ژاك دریدا"یەکی بەئەسڵ جوولەکە بەنموونە بهێنینەوە، لەگەڵ ئەوەی لەنێو خودی ژیارو شارستانییەتی ئەورووپی بەگشتی و فەڕەنسی بەتایبەتی ژیاوەو راڤەی قووڵی فەلسەفەو مەعریفەی چاخەکانی پێشوو و سەردەمەکەی خۆی کردووەو دەیان پرسیاری نوێی سەبارەت ورووژاندووە، بەڵام هەمیشە خۆی پێ جوداو جیاواز بووەو پێی وانەبووە توانیبێتی ببێتە بەشێك لەو ژیارو شارستانییەتەی کە

لەوێدا هەیە و خۆی بە"مارانۆ"یەك زانیوە، گەرچی ئەمە وەك زاراوەیەك سەردەمانێك بەو جولەکە بەراز نەخۆرانە گوتراوە، کەبەناچاری و لەروو بوونەتە مەسیحی و لەنێویشەوە هەڵگری کولتوورو ئایین و دنیابینی خۆیان بوون، هەرچەندە لەنێو خودی کۆمەڵگەی رۆژئاوادا ژیاون، بەڵام هەردەم نەیارو نامۆبوون بەهەموو ئەوەی کە لەدەرەوەیاندا جەرەیان دەکات. "ژاك دریدا" دەڵێت:( دادگای ئیسپانی لەساڵی ١٩٩٢دا بەبڕیارێکی رەسمی کۆتایی بەمارانۆ هێنا، تۆ بتەوێت دەتوانیت باوەڕ بەوەبکەیت، بەڵام ئێمە مارانۆین، لەهەموو بارودۆخێکدا هەر مارانۆین). "دریدا" قووڵتر دەچێتە نێو ئەم مەسەلەیەوەو یەکەم کەس دەبێت راشکاوانە لەنێوەندێکی ئەکادیمیدا باس لەجیاوازییەکانی ئەندامی نێرینەی بکات، لەو رووەوە کەئەو خەتەنەکراوەو ئەوەش جوولەکەیەتی ئەو دەسەلمێنێت. ئەو پاش هەزمکردنی مەعریفەی ئەو کۆمەڵگەیەی کەتێیدا دەژی، باشتر لەوە دڵنیا دەبێت لەوەی کە هەمیشە ئەوان وەك مارانۆیەك تێی دەڕوانن، سەرباری ئەوەی ژنەکەی مەسیحییەو کوڕەکەشی خەتەنە نەکراوە، گومان و نامۆبوونی دەیگەیەنێتە ئەوەی کەبڵێت:( سەختە بڵێم جوولەکەم و دڵنیانیم، بەڵام نکوڵی لەوەش ناکەم کەوەك جوولەیەك هاتوومەتە دنیاوەو دەرحەق بەوەش راستگۆم، بەڵام دیارە لەگەڵ ئەوەشدا وەك ئەوەی ئێوە تێی دەڕوانن مەسەلەیەکی ئاسان نییە، هەر بۆیە جوولەکەم و جوولەکەش نیم، بێگومان لەنێو شارستانییەت و کولتووری مەسیحییەکاندا ژیاوم، هەربۆیە مەسیحیم و مەسیحیش نیم، بەو پێیەی لەنێو خودی کولتووری مەسیحییەکاندا ژیاوم، ئەگەر مەسیحیش نەبم ئەوە لەدەرەوەی ئەوەشدا نیم). کەواتە دەبێت ئێمە چی سەبارەت بەخۆمان بڵێین، لەکاتێکدا"دریدا"یەك ئەو هەموو گومان و پرسیارەی هەبێت و هەمیشە لەدڵەراوکێدا بێت و هەست بەئینتیما نەکات بۆ پانتاییەکی جوگرافی دیاریکراو کەئەوی وەك هاوولاتی قبووڵەو گرتوویەتییە خۆی، ئەمە جگە لەوەی کەبەزمانی ئەوان دەخوێنێتەوەو دەنووسێت و ساڵانێکی دوورودرێژی لەنێو ئەواندا بردۆتە سەر، ئیدی هیچ قاڵب و داڕژگەیەك نییە نایەقینەکانی ئەوی تێدا ببێتە یەقین و پرسیاری لا نەهێڵێت و لەموسافیرەوە بیکاتە کەسێکی نەبزۆزو نیشتەجێ. دەبێت وەك نووسەرێك گەر مەبەستت کەشفکردن و گەڕان بێت، هەمیشە



موسافیر بیت، موسافیر بەواتای ئەو کەسەنا کە لەپانتاییەکی جوگرافییەوە دەچێتە پانتاییەکی تر، بەڵکو بە مانای موسافیر لای "ئیبن عەرەبی" کەپێی وایە موسافیر ئەو کەسەیە کە بەفیکرو مەعریفە سەفەری کردووە نەك بەجەستە.

**مەریوان هەڵەبجەیی: بۆ دەبێت تەوژمی نوێی رۆمانی مەغریبی، گەرچی نووسەرانی بەفەڕەنسی دەنووسن و لەمەنفادا دەژین، بەڵام بەدنیایەك دڵەراوکێ و گومانەوە دەنووسن و تەنانەت لەنێو خودی تۆپۆگرافیای رۆمانیشدا شوێن جێگەیان دیارە، بەڵام نووسەرانی کورد بەشێوەیەکی گشتی لە قووڵایی دڵەڕاوکێیەکانی تاراوگە بە شێوەی ئەوان بابەت هەڵناهێنجن و تائێستاش ناتوانین بەوردی باس لەئەدەبی تاراوگەی کوردی بکەین؟**

یوسف عیزەدین: خۆی لەراستیدا تەوژمی نوێی رۆمانی مەغریبی بەئاراستەیەکی پێچەوانەی رۆمانی تەقلیدی دەبزوێت و رۆمان دەکاتە هۆشمەندییەکی مومکین و جوداو جیاواز لەهۆشمەندییەکی واقیعی، ئەمە جگە لەوەی ئۆرستۆکراتییەتی زمان لەلای ئەوان تێکدەشکێنرێت و بۆ هەڵهێنجانی شتێکی نوێ رۆدەچێتە نێو کولتوورو قووڵاییە مەعریفییەکانی خۆیانەوە، بێگومان ئەوان سوودیان لە میتارۆمان وەرگرتووە کە دەسپێکەکەی پەیوەستە بەو تەجاوزانەی کە"ئالان رۆب گرێ و میشێل بۆتۆر و ناتالی ساروت" کردیان و توانییان نەخشەی کۆنی نووسینی رۆمان بگۆڕن. سەبارەت بەناسینی ئەو ئەدەبیاتەی کە نووسەرێکی کورد لەمەنفادا دەینووسێت، ئەوە دیارە تەنها جیاوازییەك لە نێوان نووسینی نووسەرێکی ئێرەو ئەوێ بەدەر لەبابەتەکەی تەنها شوێنی نووسینەکەیەو ناچێتە دەرەوەی بازنەکانی ئەوەی کە تائێستا نووسراوە، دیارە ئەمە ئەگەر بەموجەڕەدی سەیری بکەین و بمانەوێت وەك پێکهاتەیەك لێی بڕوانین. بەڵام دیارە ئەگەر تۆ قسە لەسەر نووسەرێك بکەیت، کە مەنفا لای بۆتە پرسیارو مایەی بەخشینی مەعریفەیەکی نوێ و گۆڕانی دیدگەو راڤەکارییەکانی بۆ دنیا لەمیانی هەموو ئەمانەشەوە دەقێکی نوێ و جیاوازی پێ بخوڵێنێت، ئەوە مەسەلەیەکی ترە. سەرەتا بۆ حاڵیبوون لەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر نووسەرێکدا دێت لەرووی مەعریفی و فیکری و شێوازی نووسینەوە، گەر بەناچاری یان ویستی خۆی شوێن و زێدی پێشووتری خۆی

جێهێشتبێت، دەکرێت بڕوانینە سۆلژینستن و میلان کۆندێرا و بیکیت و زۆرێک لەو نووسەرانەی کە لەشوێنی تردا ژیاون، لێرەدا دەکرێت ئەو پرسیارە بکەین کە ئاخۆ ئەگەر هەر لەشوێنی پێشووتری خۆیان ژیابان، هەمان ئەو دەقانەیان دەنووسی؟ بۆیە قسەکردن لەسەر مەوجوودیەتی ئەدەبێکی تایبەت بەشوێنێک بەشێوەیەکی رەها کە بەتەواوی جیاواز بێت لەدەقێک کە لەشوێنێکی تردا نووسرابێت، رەنگە بۆچوونێکی شلۆق بێت، دەکرێت راڤەکاری و دنیابینییەکان جودابن وشێوازو فۆرمەکان گۆڕابێتن، بەڵام دواجار ئەگەر دەقێک قابیل بەخوێندەنەوە بێت، کێ نووسیبێتی و لەهەر شوێنێکدا نووسرابێت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە کەدەخوێنرێتەوە. هەندێک راوبۆچوون لەسەر ئەوە هەن کە ئەدەبێک نییە بەناوی ئەدەبی مەنفا، هەروەک ئەوەی بڵێیت ئەدەبی زیندان، ئەگەر کەسێک توانیبێتی لەزیندانەدا بنووسێت، ئەو نووسەرەی کە لەمەنفا یان لەنێو زیندانەدا دەنووسێت و دەقێک دەخووڵقێنێت، رەنگە بتوانێت بەئیزافەکردنی شتێکی نوێ، دەقێکی جوانتر بخوڵقێنێت، یان دنیایەکی جیاوازترمان بۆ کەشف بکات، جا ئەم کردەی نووسینە تەنها پەیوەست نییە بەشوێنی نووسینەکەوە، زیاتر پەیوەستە بەوەی ئەو نووسەرە چی لەو شوێنە هەڵهێنجاوەو راڤەو دنیابینی چییە.

**مەریوان هەڵەبجەیی: زۆرجار نووسەر لە بەرهەمهێنانی دەقێکدا زۆر شت لە یادەوەرییەکانی خۆیەوە هەڵدەهێنجێت، دەکرێت بڵێین خوێن لە چیرۆکی"پێخەفێک لەخوێن"دا پەیوەستە بەساوەختێکی یادەوەریی و نۆستالۆژیای ئێوەوە؟ ئەمە جگە لەزۆر چەمك و هێماو رموزاتی تری نێو دەقەکانت، کە ئاخۆ تاچەند دەبێت رۆچووبێتە نێو دنیای یادەوەرییەکانت؟**

یوسف عیزەدین: بێگومان یادەوەری رەگەزێکی گرنگە، زۆرجار بەدەر لە ئیدراك و زانینی راستەوخۆی نووسەر لە شوێنێکدا کاری خۆی دەکات، جا یان بەتەواوی دێتە ناوەوە، یان وەك سیمگەو ئیماژێك لەشوێنێکدا بوونی دەبێت. هەریەك لەئێمە لەمنداڵیدا، ساتەوەختێکی سەرسامبوون و شڵەژانی هەیە بەرانبەر بەخوێن کەلای بۆتە پرسیار، رەنگە زۆر سامناك و ترسناك بووبێت، یان بەکاریگەری کولتووری دابونەریتی باو بەئاسایی هاتبێتە پێشچاوی، وەك لەسەربڕینی ئاژەڵێکدا دەبێت خوێن رژان و



سەربڕینەکەت پێ ئاسایی بێت، بەگشتی جۆری تێڕوانینەکان نیسبین و لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت. یادەوەرییەك کە تائێستاش زۆر ئازارم دەدات و زۆرجار دێتە نێو خەونەکانمەوەو بەتەواوی نیگەرانم دەکات، یادەوەریی واقیعێکی مردنی کچێکی دراوسێمان بوو، لە بەرەبەیانێکدا بوو بەژێر ئۆتۆمبیلەوەو قیژەو زریکەی کەسوکارو خزم و ناسیاوی، لە دوورترین شوێنەوە دەبیسترا. من زۆر لە دوورەوە بە سڵ و سامێکی زۆرەوە تێمدەڕوانی، کاتێکمزانی لەبەر نەگیرسانەوەی ئەو خوێنەی کە لەبەری دەڕۆیشت و دەبووە مایەی خوێناویبوونی هەموو ئەو کفنانەی کە یەك لە دوای یەك بۆیان دەگۆڕی، وەك ئاژەڵێك سەربەرەوخوار بەپێرە درەختێکی حەوشەکەیاندا هەڵیانواسی، تا هەموو خوێنەکەی بەتەواویی بچۆڕێتە خوار، ئەمە جگە لەوەی کە دیمەنێکی زۆر ترسناك بوو، نەگیرسانەوەی خوێنەکەشی بووە مایەی پرسیار و مقۆمقۆی خەڵکێکی زۆر، من وەك خۆم هەرهێندەم بینی، بەڵام دواتر لێرەو لەوێ زۆر باس و خواسم دەبیست سەبارەت بەهەڵواسینی سێ شەوو سێ رۆژی ئەوو تەوانەبوونی خوێنی نێو جەستەیی و خوێناوی بوونی چەندان کفن و زۆر شتی تر. رەنگە ئەمە یەکێك بێت لەو رووداوانەی کە زۆر کاری تێکردبێتم، بەرادەیەك کەماوەیەکی زۆر نەدەتوانی بەتەواوی ژەمێك بخۆم، بەراستی‌شتێکی سامناك بوو. رەنگە ئەگەر لەنزیکەوە نەمناسیایەو دەیان یادەوەریم لەگەڵیدا نەبووابە، هێندە کاری تێنەکردمایە، بە هەرحاڵ ئەمە یەکێکە لەیادەوەرییە سامناکەکانی منداڵیم کە هەردەم ویستوومە لەدەقێکدا بەرجەستەی بکەم و بەتەواوی بچمە نێو ئەو پانتاییە زەینییەی کە زۆر نهێنی و پەنهانی ئەو زەمەنەو وێنەکانی ئەو رووداوەی لەخۆ گرتووە.

**مەریوان هەڵەبجەیی: تا چەند ئەم یادەوەرییە سامناکە بووە مایەی ئەوەی کەدواتر هەوڵی گێڕانەوەی رووداوە جۆراوجۆرەکان لەرووی خوڵقاندنێکی نوێوە بدەن و چیرۆك لە داڕژگەو مەوداکانی خۆی بەرنەدەرو بەرگی حیکایەتی بکەن بەبەردا، هەروەك لەزۆرێك لە چیرۆکەکانتدا دەبینرێتەوە؟**

مەریوان هەڵەبجەیی: ئەو رووداوە لە منداڵیمدا بەچاوی خۆم بەشێکیم بینی و بەشەکانی تریشی ئەوانەی کە لەنزیکترەوە ئاگاداری بوون، تا ئێستا بەشێوەی جۆراجۆر

دەیگێڕنەوە، تا گەیشتۆتە ئەوەی لە گێڕانەوەیدا بەرگێکی ئەفسووناوی بەبەردا بکەن و زۆر نموونەی حیکایەتی تری نەگێرسانەوەی خوێنی کوژراوەکانی تێکەڵ بکەن، خوێن لە کولتووری ئێمەدا پانتاییەکی بەرفراوان داگیردەکات، زۆر راڤەکردن لە خۆدەگرێت، ئەمە جگە لەوەی خوێن لەبەسەرهاتی کچەکەدا بەگژ رەنگی سپی کفنەکەدا دەچێتەوە، خوێناوی بوونی بەردەوامی کفنەکە، لەهەموو ئەو کاتانەی کە ئامادەبووان پێیانوابووە کە ئیدی جەستەکە خوێنی لێوە نایەت، بۆتە جێگەی پرسیارو دووبارەکردنەوەی کردەی شتن و کفنکردنی، تەنانەت پاش ناشتنیشی خەڵکانێکی گەیاندۆتە ئەو قەناعەتەی کە بۆنی خوێن لەگۆڕەکەیەوە دێت، دواتریش کەسانێك پێیان وابووە، گژوگیای سەر گۆڕەکەی جیاواز لەگژوگیای سەر گۆڕەکانی تر سوور هەڵگەڕاون. بەهەرحاڵ وەك گوتم هەمیشە ویستوومە ئەو حیکایەتە بگێڕمەوە، بەڵام تا ئێستا جگە لەئاماژە پێدانێکی دوو سێ دێڕی لەچیرۆکی" پێخەفێك لەخوێن"دا نەچوومەتەوە سەری.



-٢-

**ئامانج کەریم: ئەبیکور دەڵێت:" مەرگ پێوەندی بەئێمەوە نییە، کە ئێمە لێرەین مەرگ لێرە نییە کە مەرگیش لێرەیە ئێمە لێرە نین" ئێوە وەك خۆتان چۆن دەڕواننە ئەم گوتەیەو تێڕوانینتان بۆ مەرگ چییە؟**

یوسف عیزەدین: "ئەحمەدی شاملو" لەمیانی ئەو چەند چیرۆکە جوانەی کە لەسەردەمێکدا نووسیوونی، لە زۆر شوێنیدا ئاماژەدان بەمەرگ یان راڤەکردنی دەبینینەوە. یەکێك لەو دیمەنانەی کە زۆر سەرنج راکێشە باسکردنێتی لەسەربازێکی زیندوو کەدواتر گۆڕەکەی هەڵدەدرێتەوەو دەبینرێت چۆن لەترساندا بەدەم و چنگ کفنەکەی هەلا هەلاکردووەو لەچ حاڵێکدا گیانی لەدەست داوە، لەکاتێکدا ئەگەر مردوویەك بەراستی مردبێت پاش مەرگی هیچ ناکات. لەچیرۆکێکی تریشیدا باس لەمردوویەك دەکات، کەپێش مەرگی وەسیەتی ئەوەی کردووە کەبەچەشنێك گۆڕەکەی بەرد رێژو چیمەنتۆڕێژ بکرێت، تا بەهیچ نەتوانێت بێتەوە ژیان. بەڵام پاش ناشتنی زۆر پەشیمان دەبێتەوە لەوەسیەتەکەی و ئاوات بەوە دەخوازێت کەبیهێشتایە بەئاسایی بینێژن تاجەستەی شیکاربووی لەمیانی شتێکەوە بهاتایەتە نێو سووڕی ژیانەوە. لەزۆر کولتووردا پاش مەرگ رۆح بەدۆناودۆن دێتەوە بوون و زۆر تێڕوانینی تریش هەن کەمەرگیان پێ سەفەرە بۆ دنیایەکی تر کەهەرگیز تەواو نابێت و بێکۆتا حیکایەت لەخۆ دەگرێت. رەنگە مردن چوونە دەرەوە بێت لەو زەمەنەی کەتۆ بەئێستاو رابردووەوە دەبەستێتەوە، لەکاتێکدا مەرگ داهاتووی هەر یەکێك لەئێمەیە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا

ئەو رابردووەیە کەتۆ نایبینیت، چونکە تۆ لەوکاتەدا زاکیرەیەکت نییە بۆ بیرکردنەوە لەو رابردووە. بۆیە زیاتر مردن پێوەندی بەزیندووەکان و بیرەوەری و یادەوەرییەکانی ئەوانەوە هەیە. رەنگە ئەگەر کەسێك بەتەنیاو بەبێ ئاگاداری هیچ کەسێك لەشوێنێکدا ژیابێت و پاشان مردبێت، ئەوە ئەو کاتە نەژیان و نەمردنیشی ئەو مانایە ناگرێتە خۆی کە لەژیان و مردنی کەسێکی تری نێو هەر دەستەو گروپ و کۆمەڵێکدا بەرجەستە دەبێت. ژیان و مردنی دیناسۆرەکان و حیکایەتەکانیان، پاش دۆزینەوەی ئێسکەکانیان دەستی پێکرد. وردیلەترین زیندەوەری بەبەردبوو، لەبەبەردبوونیەوە حیکایەتی ژیان و مردنی دەست پێدەکات. بەبێ دۆزینەوەی پاشماوەی هەر شتێك کەپێشتر هەبووبێت، ناکرێت حیکایەتی ژیان و مردنی بزانین و لەبوون و نەبوونی ئاگاداربین. هەموو ئەمانەش ئەقڵ و گەڕان و بەدواداچوونی مرۆڤی گەرەکە، گیانلەبەرەکان هەر بەغەریزە لەمەرگ هەڵدێن و هەوڵی مانەوە لەژیاندا دەدەن، بەڵام پاش مردنیان بێجگە لەمرۆڤ کەسی تر نییە توانای گێڕانەوەی حیکایەتی ژیان و مردنی ئەوانی هەبێت.

**ئامانج کەریم: کەواتە بەبێ راڤەکاری و تێڕوانین و لێکدانەوەی مرۆڤ، ژیان و مردن جێگەی سەرنج نییەو زۆر بەسانایی لەنێو خودی سروشتدا بەڕێوەدەچێت؟**

یوسف عیزەدین: تۆ بڕوانە هەردەم دوالیزمی مەرگ و ژیان هەبووە، چونکە مەرگی وەك تەواوبوونی هەموو شتێك پێ هەزمنەکراوەو نەیویستووە قبووڵی بکات، هەر لەراڤەکردنە میسۆلۆژی و ئایینی و فیکرییەکانەوە ئەو راستییە دەبینینەوە. "والتەر بینجامین" ئاماژە بەدوو جۆری ژیانەوەی پاش مەرگ دەکات کەیەکێکیان" ئوبەر لیبین"ەو زیاتر بەتەسەوورو بەرجەستەکردنی زەینیی کەسە زیندووەکان، مردوو دەتوانێت لەژیاندا بمێنێتەوە. ئەوی تریشیان "فۆرتلیبین"ە، کە زیاتر پەیوەستە بەو مردووانەی کە لەپاش خۆیان شتێکیان جێهێشتووە، وەك ئەو نووسەرو بیرمەندانەی کە لەمیانی دەق و بەرهەمەکانیانەوە دێنەوە ژیان و دەمێننەوە. دیارە تێڕوانین و راڤەکاری نووسەران و بیرمەندان لەوبارەیەوە لێکچوو و هاوشێوە نین، هەریەکەیان لەدنیابینی خۆیەوە تێی دەڕوانێت، ئەگەر"ژاك دریدا" لەسەردەمێکدا پێی وابووبێت:" کەفێربوونی ژیان فێربوونی مەرگە"، ئەوە لەدواچاوپێکەوتنیدا ئاماژە بەوە دەکات کەفێری مەرگ



نەبووە، چونکە هێشتاکە فێری ژیان نەبووەو لەوبارەیەشەوە دەڵێت:" من هیچ کاتێك فێری ژیان نەبووم"، دەبینین "دریدا" لەدوا ساتەکانی ژیانیشیدا، هێشتاکە خۆی بۆ مردن ئامادە نەکردووەو نایەوێت دەستبەرداری ژیان بێت و نیگەرانە بەوەی کەدەمرێت. لەکاتێکدا "بۆرخیس" بەپێچەوانەی"دریدا"وە بەبەختەوەرییەوە چاوەڕێی مەرگی کردووەو لەو رۆژەدا کەتێیدا مردووە، پێش ئەوەی زمانی لەگۆ بکەوێت گوتوویەتی:" ئەمڕۆ خۆشترین رۆژی ژیانمە" چونکە لای ئەو بەردەوامبوونی لەوەی کە لەهەموو رۆژێکدا هەر "بۆرخیس" بێت، ئەرکێکی زۆر قورسەو ئیدی لەوە زیاتر ناتوانێت وەك خۆی بمێنێتەوە، ئەمە جگە لەوەی خودی ژیان لای ئەو دۆزەخەو پێی وایە"دانتی" لەوەدا بەهەڵەدا چووە کەڕستەیەکی سەر دەرکەی دۆزەخ دەکاتە نموونەی تەواوبوونی هەموو هیواکان، وەك لەڕستەکەدا هاتووە:" ئەی ئەو کەسەی کەدەچیتە ژوورەوە دەستبەرداری هەموو هیواکانت ببە". "بۆرخیس" پێی وایە دۆزەخ لەوێوە دەست پێناکات و ئەو دنیایەی تر هیچ دەرکەیەکی نییە، بەڵکو دۆزەخ خودی ژیان خۆیەتی و هەر لێرەوە ئێمە دەبێت دەستبەرداری هەموو هیواکانمان ببین.

**ئامانج کەریم: بەپێی ئەو تێڕوانینەی "بۆرخیس" بێت، ئەوکات بەختەوەری وەك ساتەوەختێك دەکەوێتە کوێی هاوێشەی ژیانەوە؟ ئەمە جگە لەوەی بەڕای ئێوە، کردەی نووسین گەر بۆ ساتەوەختێکیش بێت نابێتە مایەی بەختەوەری؟!**

یوسف عیزەدین: وەك"کیرکەگارد" ئاماژەی پێدەدات هیچ کاتێك ئەو کەسانە بەختەوەر نین، کەبیر لەرابردوو یان لەداهاتوو دەکەنەوە، چونکە بەختەوەر بوون لەساتەوەختێکدا قەتیس دەبێت کە ئێستایە، ئەو ئێستایەش هێندە ناخایەنێت، چونکە هەر بۆخۆی دەبێتەوە بەرابردوو. سەبارەت بەکردەی نووسینیش، من پێم وایە ساتەوەختی نووسین، ساتەوەختی بەختەوەربوونی نووسەر نییە، چونکە ساتەوەختێکی جدیی خووڵقاندنە، هەربۆیە نووسەر لەوکاتەدا قەلەق و نیگەرانە.

**ئامانج کەریم: تاچەند بەمەبەستی هێنانەبوونی دەقێکی زیندوو، پێویستمان بەڕۆچوونە نێو دنیای خەونەو پەیوەستی ئەم دووانە بەیەکترەوە تاچەند گرنگە؟**

یوسف عیزەدین: دەکرێت بەشێوەیەکی گشتی و تاڕادەیەك خەون بەو وێنـەو دیمـەن و هێماو سیمبۆلانە بناسرێتەوە کە لەکردەی خەون بینیندا لەزەینی کەسێکدا دەخوولقێت، دیارە پاش بەئاگاهاتنەوەی زۆرێك لەوانەی کەخـەویان بینیـوەو بیریـان دێتـەوە، حـەزی زانین و کەشفکردنی نـەزانراوەکانی نێـو خەونـەکانیان دەبێتـە خـەم و ئـەودالّی گـەڕان و دۆزینەوەیان دەکات، بەتایبەت ئەگـەر خـەونێك بووبێتـە مایـەی سەرسـامی و هـەژانێکی دەروونـی. بۆیـە گـەر دەقێـك لەخەونـەوە هـەڵقوولابێت یـان خـەونێك لەدەقێکـدا جێـی بووبێتـەوە یـان دەقێـك هـەروەك ئـەوەی خـەونێك بێـت بەرجەسـتەکرابێت و نەبووبێتـە ئاوێنەی واقیع و بەشێوەیەك لەشێوەکان دنیایەکی خوولقاندبێت، ئەوە بێگومان کـەم تـا زۆر سەرسامت دەکات و دەبێتە مایەی پرسیارو گەڕان و بەدواداچوونت.

**ئامانج کەریم: زۆر لەنووسەران راڤەی کردەی خۆکوشـتنیان کـردووەو تەنانـەت لـەزۆر بەرهەم و دەقیـشدا بـە بەرجەسـتەکراوی دەبینرێتـەوەو سـەرباری جـودایی تێـڕوانین و مامەڵەکردنیان لەگەڵیدا، ئێوە چۆن دەڕواننە خۆکوشتن؟**

یوسـف عیـزەدین: خۆکوشـتنی پـڕ پـەنهان و نهێنـی جارجـارەی نەهەنگـەکان، زۆر بەماناترە لەخۆکوشتنی مرۆڤ، چونکە لەو جۆرە خۆکوشـتنەدا نمایـشی تێـدا نابینینـەوە کە بەپێـچەوانەی زۆرێـك لەخۆکوشـتنەکانی مـرۆڤ نمایـشکردن لـەخۆدەگرێت و مەبەسـت سـەرنج راکێـشانی ئەوانـەی دەوروبـەرە، جـا چ وەك تۆڵەکردنـەوە لەشـتێك یـان رەتکردنەوەی کەسان و پێکهاتەیەك، ئەمە جگە لەماهییەتی ئەو پەیامەی کەئەو کەسەی خۆی دەکوژێت مەبەستێتی دوای خۆی ئاوا بڕواننە ئەو هەڵوێستەی کەئەو نواندوویـەتی، هـەر بۆیـە خۆکوشـتن قـسە زۆر هەڵـدەگرێت و بەئاسـانی راڤـە ناکرێـت و ئیمکـان نییـە لەپێناسەکردنێکی حازربەدەستدا جێی بکەینەوە، یـان تەنانـەت خـۆی هـەر تاریفێـك بـۆ خۆکوشتن رەنگە ئاستەم بێـت، چـونکە بـەدەر لـەو تاریفـەی ئێمـە هەیـەو زۆرجـار وەك رێگەچـارەیەك پـەنای بـۆ دەبرێـت، هـەروەك ئـەو نموونەیـەی "بـۆرخیس" سـەبارەت بەهاوڕێیەکەی خۆی باسی لێوە دەکات، کە پاش تووشبوونی بەنەخۆشی کەنسەر خـۆی دەکوژێت و "بۆرخیس"یش ئەن جۆرە خۆکوشتنە بەشتێکی ماقووڵ و راست دەزانێت.



**ئامانج کەریم: هەرچەندە وەرگێڕان پردێکە بۆ گەیاندنی مەعریفەو کولتوورو ئەدەبیاتی میللەتانی تر بەیەکتری کەم تازۆریش وەرگێڕی کـورد ئـەو هەوڵـەی داوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا کەموکوڕییەکی بەرچاو دەبینرێتەوە لەوەرنەگێڕانی دەقی زۆرێك لەنووسەران، هەر بۆنموونە هەموو ئەوەی لەئەدەبیاتی تورکییەوە بۆ ئێمە وەرگێڕدراوە، لەدەقەکانی "نازم حیکمەت و عەزیز نەسـین و یەشـار کـەمال و ئۆرهـان پـاموك" تێناپـەڕێت. بـەو پێیەی هەندێك بابەتتان لەزمانی تورکییەوە وەرگێڕاوەو خوێنەری ئـەدەبیاتی تـورکین، پێتان وایە ئەدەبیاتی تورك نووسەری زۆر لەوانە جدیتری تێدا بێت کەلەڕێی وەرگێڕانەوە بەئێمە ناسێنراوە؟**

یوسـف عیـزەدین: بـەڵێ بێگومـان، تـۆ لەکاتێکـدا ئایدیۆلۆژیـستەکانی ئایدیۆلۆژیایـەك بەچەشـنێك هالـە بـۆ دەقـەکانی نـازم حیکمـەت دروسـت دەکـەن، کـەزۆری خوێنـەرانی پێچەواشە بووەو رەنگە پێیان وابێت کەئەو باشترین شاعیرێکە کەبـەتورکی دەنووسـێت. بەڵام دیارە وانییە، گەرچی ناسـراوترین شـاعیریانە لـەرووی ریکـلام بـۆکردنی سـاڵانێکی دوورو درێـژەوە. لەکاتێکـدا نـەك هـەر خوێنـەری کـورد بـەڵکو تارادەیـەك خوێنـەرانی زمانەکانی تریش لەشاعیرانی وەك" ئۆرهان وەلی، نەجیب فازڵ، تـەوفیق فیکـرەت، عـەلی پوسـکولئۆغلۆ،مەتین ئـەلئۆغلۆ، ئۆکتـای ریفعـەت، ئـازاد زیـا ئـەرەن و زۆری تریـان بێخەبەرن. دەبینین چەند ساڵێك لەمەوپێش"یونیسکۆ" فـشاری خـستە سـەر حکومـەتی تورکی بۆ یادکردنەوەی"نازم حیکمـەت"و بەمـەش جـارێکی تـر نـاوی هێنایـە ناوانـەوەو فێـستڤاڵی بـۆ سـازکراو شـانۆییەکانی نمایـشکراو سـەرجەم کتێبـەکانی چـاپکرانەوەو ماوەیەکی دوورودرێـژ بـووە قـسەو باسـی میـدیاو کۆڕو سیمینارەکان. ئەمـە لەکاتێکـدا زۆرێك لەشاعیرو نووسەرەکانی تری تورکیا، رەنگـە زۆر لـەو زیـاتر بەدەسـت دەسـەڵاتی تورکەوە نالاندبێتیان و هێنـدەی ئـەویان زیـاتر زینـدانکردن و ناڕەحـەتێتیان بینیبێـت و دەقــەکانیان زۆر لەوانــەی"نــازم حیکمــەت" جــوانترو جــدیتربن. بــەڵام لەئــەنجامی وەرنەگێڕانی دەقەکانیانەوە مەگـەر هـەر خوێنـەری تـورك بیانناسـێت و بیانخوێنێتـەوە. بەرادەیــەك شــاعیرێکی وەك"تــەوفیق فیکــرەت" لەئــەدەبیاتی تورکیــدا ناســراوە کەرەخنـەگران بـەردەوام خوێندنـەوە بـۆ دەقـەکانی دەکـەن و دەستنیـشانی کاریگـەری

دەقەکانی لەسەر ئەدەبیاتی تورکی دەکەن. رەخنەگرانی وەك"نەدیم گویرسەل"و"فەتحی ناجی"، رۆمانی"دەریا زیزبوو"ی"یەشار کەمال" بەشیعری تەمتوومان–ی ئەو دەشوبهێنن و پێیان وایە "یەشار کەمال" باکگراوندی مەعریفی ئەو شیعرەی لەنووسینی رۆمانەکەیدا بەکار هێناوە. بەڵام خوێنەری ئێمە بەناچاری کەباس هاتە سەر شیعری تورکی، هەر دەبێت ئاماژە بەشیعرەکانی"نازم حیکمەت" بدات، کەزیاتر رەنگدانەوەی رووکەشیانەی ئایدیۆلۆژیایەك بووەو هیچ فۆرمێکی ئیستێتیکی و قووڵییەکی مەعریفی ئەوتۆ لەخۆناگرێت و ئاستەمە سەرسامت بکات، یان هیچ پرسیارێکت لادروست بکات، چونکە خودی دەقەکانی وەڵامن. جا زۆرجار تەنانەت ئەو نووسەرو بیرمەندە دێرینانەی کەئێمە لەئێستادا دەیانناسین، خەڵکانێك لەو سەردەمەدا یان لەئێستادا رۆڵیان لەوەدا هەبووە کەبیانناسێنن. بێگومان زۆر نووسەری تر هەبوون کەلەبەر هەر هۆیەك بووبێت دەقەکانیان لەسەردەمی خۆیاندا نەناسێنراوە رەنگە دواتریش ئەو دەقانە فەوتابێتن. "ئۆرهان پامووك" راشکاوانە باس لەوە دەکات کەدەترسێت لەئایندەدا نەخوێنرێتەوەو لەبیر بکرێت و نووسەرێکی زۆر ناسراوی سەردەمی عوسمانییەکان بەنموونە دەهێنێتەوە کەناوی"راسم جەمیل" بووە لەسەردەمی خۆیدا زۆر ناسراوبووەو خوێنەری زۆر بووە، کەچی لەئێستادا خوێنەری تورك دەقەکانی ناخوێنێتەوەو زیاتر سەرقاڵی خوێندنەوەی ئەو دەقانەیە کە لەکاتی خۆیدا خوێنەری نەبووەو نەخوێندراوەتەوە. دیارە قسەکردن لەسەر ئەدەبیاتی تورکی زۆر لەوە بەرفراوانترە کەئێمە بتوانین لەم دەرفەتەدا بیخەینەروو، مەگەر بەخوێندنەوەی کتێبی"مێژووی ئەدەبیاتی تورکی"ی"ئەحمەد حەمدی تانپنار"بتوانین تارادەیەکی باش لێی حاڵی ببین، کەخودی ئەو کتێبە چەندان نووسەری وەك"حیکمەت دیزدار ئۆغلۆ، بیرۆڵ ئەمیل، حلمی زیا ئویلکەت" لەبارەیەوە راوبۆچوونی خۆیان دەخەنەروو. ئاشکراشە بێجگە لە"یەشار کەمال، ئۆرهان پاموك، عەزیز نەسین"، زۆر رۆماننووسی تریان هەیە، کەهەندێکیان جگە لەو ژمارە خوێنەرە زۆرەی کەرۆمانەکانیان دەخوێننەوە، خوێنەرێکی جدی و وردبینیان هەیە. دەکرێت لێرەدا ئاماژە بەهەندێك لەرۆماننوسەکانیان بدەین وەك"خالیدە ئەدیب ئەدڤار، حوسەین رەحمی، راکم



چالاپالاو، ئا.زیا کۆزانئۆغلۆ، ئۆرهان کەمال، رەجائی زادە ئەکرەم، ئۆغوز ئاتای". تا دەگاتە"بەدرەدین تۆپراك و ئەحمەد ئاڵتان". شایانی باسیشە" ئەحمەد ئاڵتان" یەکێکە لەو رۆماننوسانەی کەزۆر بەوردی رۆدەچێتە نێو وردەکارییە دەروونییەکانی کاراکتەرەکانی و بەشێوەیەکی ناوازە بەرجەستەیان دەکات و وەك تەوژمێکی نوێی نووسینی شیکارکاریی سایکۆلۆژی دەڕوانرێتە رۆمانەکانی. بۆخۆشی سەرسامە بەدنیای دۆستۆیەڤسکی و پێی وایە تەنها نووسەرێکە لەرێی بارە دەروونییەکانی خۆیەوە توانیبێتی رۆبچێتە نێو قووڵاییەکانی شێتی و بەسەلامەتی بگەڕێتەوەو لەدەقەکانیدا بەرجەستەی بکات. "ئاڵتان" یەکێکە لەو رۆماننووسانەی سەرباری ئەو خوێنەرە جدیانەی کەرۆمانەکانی دەخوێننەوە، لەئاستێکی جەماوەری بەرفراوانیشدا خوێنەری زۆرەو ژمارەیەکی خەیاڵیش لەدوا رۆمانی بەناوی"فریودان" فرۆشرا، تاکار گەیشتە ئەوەی لەچاوپێکەوتنێکدا سەبارەت بەوە پرسیاری لێبکەن، ئەویش لەوەڵامدا ئاماژەی بەوەدا کەئەو ژمارە خەیاڵییەی کەئەوان باسی لێوە دەکەن بەبەراورد لەگەڵ ژمارەی خوێنەواری تورکدا مایەی پەژارەو خەفەتە نەك خۆشحاڵی، لەوێشدا ئاماژەی بەزۆرێك لەوڵاتە ئەوروپییەکان دا کەسەرباری کەمی ژمارەیان لەچاو تورکیادا، بەڵام کتێبێکی جدی زۆر لەوە زیاتر خوێنەری هەیەو ژمارەیەکی زۆرتری لێدەفرۆشرێت.

**ئامانج کەریم: ئەی سەبارەت بەو نووسەرە جیهانیانەی کە لەدنیای دەرەوەی ئێمەدا ناسراون و هێشتاکە خوێنەری ئێمە لێی بێئاگایە، کێن ئەوانەی ئێوە دەیانناسن، ئەگەر وەك ئاماژەپێدانێك هەندێکیان بەنموونە باس بکەن؟**

یوسف عیزەدین: راستییەکەی نموونە زۆرن وەك رۆمانەکانی"دۆن دیلیلۆ"، یەکێك لەرۆمانەکانی کە دەمێك ساڵە خوێنەری دنیا لێی بەئاگایە رۆمانی"ئەکتەرەکان"ە، کە لەحەفتاکانی سەدەی پێشوودا نووسیوویەتی و تائێستاش بەردەوام چاپ دەکرێتەوەو خوێنەرێکی زۆریشی هەیە، "پامی و لی" کاراکتەری سەرەکی رۆمانەکەن و گەر لەدەرەوە تێیان بڕوانیت هەست دەکەیت ژیانێکی سیمپاتیك و ئاسایی دەبەنە سەر، بەڵام لەپشت ئەوەوە دنیایەك بێ چارەیی و بێ ئومێدی دەبینیتەوە کەخودی ژیانی مۆدێرن بەسەر مرۆڤیدا سەپاندووەو ئیدی ئەو ژیانی هاوچەرخی ئەمریکییەکان،

لەدیدگەیەکی راڤەکاری پرسیار ئامێزەوە دەکاتە بابەتی رۆمانەکانی. یان ئاگادارنەبوونی خوێنەری کورد لەنووسەرێکی وەك "سالینجەر" مایەی نیگەرانییە، ئەمە جگە لەزۆری تر هەر لە"سیبالّدو دۆنۆڤان" و "دۆنلێڤی" نووسەری "پیاوی زەنجەفیل". دەکرێت ئاماژە بە"کۆمەندەرێس"یش بدەین، کەیەکێکە لەرۆماننووسە ناسراوەکانی دنیاو خوێنەرێکی زۆریشی هەیە بەتایبەت لەئەمریکا. سەرەتا وەك وەرگێڕێك لەیۆناندا ناسراوەو بابەتگەلێکی"فۆکنەر و کارسۆن ماکلێرس و لویس کارۆلّ و هێرمان میلڤیلّ"ی کردۆتە یۆنانی و دواتر وەك رۆماننووسێك ناسراوە، کەشێوازێکی زۆر سادەی لەنووسیندا هەیە، گەرچی لەپشت ئەوەوە قووڵایی و بەرینییەکی مەعریفی دەبینرێتەوە، "کولا" یەکێکە لەگچکە نۆڤلێتەکانی "کۆمەندەرێس" کەلەساڵی"١٩٧٨"دا نووسراوەو تائێستا دەیان جار چاپکراوەتەوەو وەرگێڕدراوەتە سەر زۆربەی زمانەکانی دنیا، "کولا" کاراکتەری سەرەکی گچکە نۆڤلێتەکەیە، کە ژیانێکی رۆتینی دەباتە سەرو هەمیشە ئێواران پاش تەواوبوونی کاری بەشەمەندەفەر دەگەڕێتەوەو لەیەکێك لەئێوارەکاندا ناسینی بەڕێکەوتی"میمیس"، دەبێتە مایەی گۆڕانی ژیانی و زۆر وردەکاری تر کەلێرەدا رەنگە نەکرێت بەتەواوی بیخەینەروو.

**ئامانج کەریم: بەڕای ئێوە ئەدەبیاتی جیهانی تاچەند کاریان کردۆتە سەر ئەدەبیاتی کوردی بەمانای کەشف و داهێنانی نوێ، یان زیاتر لاسایی کردنەوەو نەقلّ کردن بووە؟**

یوسف عیزەدین: کاتێك بە"سیبالّد و دۆنۆڤان" دەگوترێت شێوازیان لەنووسیندا، یان فەزاو ئەتمۆسفێری دەقەکانیان لەدنیای نووسینی کافکا–وە نزیکە، مەبەست لەوە نییە کەبیرۆکەیەکی ئەویان وەرگرتبێت، یان لاسایی دەقێکی ئەویان کردبێتەوە، بەڵکو مەبەست لەکاریگەری دەقەکانی کافکا–یە لەسەریان. هەر بۆ نموونە"کۆڵم ماککان" سەبارەت بەرۆمانی" تەلیسکۆپەکەی شۆپنهاوەر"ی "دۆنۆڤان" دەڵێت:" فرانز کافکا–مان بیردەخاتەوە". لەئەدەبیاتی جیهانیدا نموونەی کاریگەری نووسەرانیان بەسەر یەکترەوە زۆرن، کەدواجار نووسەرە جدییەکان سەرباری بوونی کاریگەری، بەڵام شێوازو دنیابینی و ئیشکردنی تایبەت بەخۆیان هەیە، کەزۆرجار رەخنەگرانیش بەئاستەم ئەو کاریگەرییەیان بۆ دەدۆزرێتەوەو دەتوانن دەستنیشانی بکەن، هەروەك ئەو بابەتە



رەخنەییانەی کەباسیان لەکاریگەری " فۆکنەر" لەسەر "مارکیز" دەکردو سەردەمانێك خوێنەرانی "مارکیز"یان پێوە سەقاڵکردبوو، بەڵام دیارە بەدەر لەبوونی یان لەنەبوونی کاریگەری " فۆکنەر" بەسەر "مارکیزە"وە، "مارکیز" بۆ خۆی دنیایەکی تایبەت و جودایە لەنووسیندا. یان کاریگەری"هەزارو یەك شەو" لەسەر "کۆلردج"و کاریگەری ئەویش لەسەر "بۆرخیس"، هەروەك خۆە ئاماژە بەوە دەدات کە لەنووسینی چیرۆکی "ئەویتر"دا پانای بۆ خەیاڵەکانی "کۆلردج" بردووە، بەتایبەت یەکێکیان کەباس لەکەسێك دەکات بەخەون سەفەری بۆ بەهەشت کردووەو لەوێ گوڵێکی دەدەنێ و کە بەئاگاش دێتەوە گوڵەکە لەدەستیدا دەبنێتەوە. جا سەیر لەوەدایە ئەم بیرۆکەی کە" بۆرخیس" پێی وایە خەیاڵێکی "کۆلردج"ە، لەراستیدا یەکێکە لەچیرۆکەکانی " هەزار و یەك شەو"ەو تەنها جیاوازییەکەی لەوەدایە کە ئەو کەسەی لەخەونیدا سەفەر بەرەو بەهەشت دەکات، لەوێ سێوێك دەخوات و کەبەئاگا دێتەوە تامی سێوەکە لەدەمی دێت. ئاگادار نەبوونی "بۆرخیس" لەم چیرۆکە گەرچی " هەزارو یەك شەو"ی خوێندۆتەوە، جێگەی پرسیارە. گەر بڕوانینە ئەم نموونەیە دەبینین "کۆلردج" چیرۆکێکی بەدەستکارییەوە کردۆتە خەیاڵی خۆی و "بۆرخیس"یش بێئاگایە لەسەرچاوە ئەسڵییەکەی و گەر کەسێکی تریش ئەمە لە"بۆرخیس"ەوە وەربگرێت و ئاگادار نەبێت " بۆرخیس" پەنای بۆ "کۆلردج"بردووەو ئەویش لە"هەزارو یەك شەو"ەی وەرگرتووەو بەم چەشنە، ئەم هێنان و بردنە بەردەوام بێت، دواتر ئیشکالێکی مەعریفی دروست دەکات، چونکە لایەنی کەم دەبێت ئاگاداری یەکەمین سەرچاوەی بیرۆکەیەك بیت ئەگەر پەنات بۆ برد. جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەوەی ئەسڵی ئەو بیرۆکەیەی کەپێشتر ئاماژەمان پێدا، "کۆلردج" خاوەنی بێت یان لە"هەزارو یەك شەو"ەوە وەرگیرابێت، رەنگە لەوەش کۆنتر بێت و وەك حیکایەتێك لەشوێنێکی تردا بیدۆزیتەوە. نەزانینی ئەسڵی ئەو بیرۆکەیەو مەعریفەیەی کەنووسەرێك لەئیشکردنیدا پێویستیەتی وەك ئەوە وایە پێت وابێت، گوتەیەکی "هیراکلیتس" کەسێکی تر گوتبێتی کەپاش هەزار ساڵ دوای ئەو ژیاوە، لەکاتێکدا ئەو کەسە وەك ئەوەی خۆی گوتبێتی، هەمان گوتەکەی ئەوی دووبارەکردۆتەوە. بۆیە دەبێت گومان بکەیتە دەرئەنجامێکی مەعریفی، تا بتوانیت

هەمیشە لەگەڕاندا بیت بەمەبەستی کەشفکردن خۆت لەشتەکان بدەیت. دیارە جگە لەگاریگەری نووسەرانی ئەدەبیات لەنێو خۆیاندا، سەرجەم مەعریفەو کولتوورو بوارە زانستییەکانی تریش کاریگەرییان لەسەری هەیە. لەلێتۆژینەوەیەکی نووسەرێکی ئەڵمانیزانی وەك"ئوورڕکۆیکدەن" بەناوی "ئەنیشتاین و کافکا" کاریگەری "ئەنیشتاین" لەسەر "کافکا" لەزۆر رووەوە دەخاتەروو. هەر لەروانینە کات و شوێن و زۆر شتی تر، "شوورەی چین"ی "کافکا"ش بەنموونە دەهێنێتەوە. شایەنی باسیشە کە"ماکس برۆد"ی هاوڕێی "کافکا"، "ئەنیشتاین"ی لەنزیکەوە ناسیوەو بابەتە زانستییەکانی ئەوی گەیاندۆتە "کافکا"، ئەمە جگە لەوەی "ئوورڕکۆیکدەن" ئاماژەش بەوە دەکات کە"ئەنیشتاین" یەکەمین کتێبێکی لەساڵی"١٩٠٥"دا بڵاوکردۆتەوە، لەکاتێکدا "کافکا" پاش دەساڵ لەو مێژووە"مەسخ"ەکەی نووسیوە و دیارە ئەو ئاماژەیەشی هەروا لەخۆڕانییەو مەگەر بەخوێندنەوەی بابەتەکەی تەواو لەمەبەستی بگەین. سەبارەت بەئەدەبیاتی کوردیش ئەوە وەك هەر ئەدەبیاتێکی تر، بێبەری نییە لەکاریگەری ئەدەبیاتی دنیا، نووسەرمان هەن توانیویانە لەمیانی خوێندنەوەو راڤەکردنێکی تەواوی شێوازو دنیابینی ئەدەبیاتێکی تایبەت، بەدنیایەك ئیزافەو جیاوازی و ناکۆکیی بەرچاوەوە، هەوڵی ئەوە بدەن لەئیشکردنێکی جودادا شتێك بەدەر لەنەقڵکردن و لاسایی کردنەوە بخەنەروو. هەشمانە تەنها دەتوانێت لاسایی بکاتەوە یان نەقڵی بیرۆکەو شێوازێکی ئەوان بکات و بەناوی خۆیەوە بڵاوی بکاتەوە، تەنانەت زۆرجار بەحاڵ لەگەڵ وەرگێڕاندا جیاوازە مەگەر سووکە دەستکارییەك کرابێت، یان هەندێ ناوی شوێن و کەسایەتی گۆڕدرا بێت و لەجێی ناوی تر دانرا بێت، یان پەرەگرافەکانی پاش و پێش خرابێت. دەبێت ئەوەی کەدەیەوێت دەقێکی کوردی بگۆڕێتە سەر زمانێکی تر، زۆر وریا بێت و بۆ خۆی خوێنەرێکی باش و بەئاگای ئەدەبیاتی غەیرە کوردی بێت، ئەگینا رەنگە بەوەرگێڕانی دەقێکی کوردی کەخۆی نەقڵکرابێت، ئەدەبیاتی کوردی و دەقە جوانە وەرنەگێڕدراوەکانیش ناشرین بکات، چونکە خوێنەری غەیرە کورد تەسەوورێکی زۆر خراپی لا دروست دەبێت، ئەگەر تۆ دەقێکی لەو چەشنەی کەباسمان ك بکەیتە نموونەی ئەدەبیاتی کوردی. لەکاتێکدا سادەترین ئەدەبیاتی میللەتانێك پاش وەرگێڕانی لەدنیادا



خوێنەری هەیە، ئەگەر بەگشتی لاوازیش بێت، چونکە مەبەستی خوێنەرانی دەرەوەی دنیای ئەدەبیاتێکی دیاریکراو، خوێندنەوەی خودی ئەو ئەدەبیاتەیە وەك خۆی، جا باکاڵ و کرچیش بێت مەرج ئەوەیە بەراستی نموونەی ئەو ئەدەبیاتە بێت کەئەوان مەبەستیانە بیخوێننەوە، ئاشکرایە ئەوان نایانەوێت ئەدەبێکی موزەیەف بخوێننەوە کە لاساییکردنەوەو نەقڵکردنی ئەدەبیاتی ئەوان بێت.

## – ٣ –

**ئیدریس عەلی: ئەو ئیشکردنەی لەدەقەکانی ئێوەدا دەبینرێتەوە، لەنێوان تەوزیفکردنی خەون و بەخەونکردنی دەقدا خۆی بەرجەستە دەکات، بەدەر لەدنیای ئەدەب چۆن دەڕوانە خەون لەکاتێکدا"شۆلتس" پێی وایە لەخەوندا حەقیقەت هەیە، خۆمان بەو شێوەیە دەبینینەوە کەهەین، کەسێکی باش لەخەونیشدا کەسی پێناکوژرێت؟!، ئاخۆ خەون ڕەنگدانەوەی واقیعییانەی کەسایەتیی ئەو کەسەیە کەخەون دەبینێت، یان شتێکی دیکەیە؟**

یوسف عیزەدین: خەون هێندە پەنهان و پڕنهێنییە کەهەردەم مرۆڤی ئەودالی کەشف و دۆزینەوەی ئەو دنیایە کردووەو دەیان راڤەو شرۆڤەی لەنێو چەندان تێزی دەروونیدا بەرجەستەکردووە. هەر لەدێر زەمانەوە تێڕوانینە میسۆلۆژییە جیاجیاکان سەبارەت بەخەون هەبوون و پانتاییەکی بەرچاوی ئایین و کولتوورەکانی داگیرکردووە، گریکەکان هێندە خەونیان پێ گرنگبووە تەنانەت کاهینەکانیان لەچارەسەرکردنی نەخۆشەکانیاندا پەنایان بۆ بردووە، سەردەمانێك نەخۆشە گریکییەکان دەچوونە پەرستگەکان و لەکەشێکی تایبەتدا دەشۆردران و دەشێلدران و دواتر لەسەر کەوڵی قوربانییەك دەخەوێندران و پاش خەوتن و خەونبینینی نەخۆشەکە، خەونی بەوگژوگیاو داودەرمانانەوە دەبینی کەپێی چاکدەبێتەوە، یان ئەو هێماو ڕەمزانەی دەبینی کەدواتر کاهینەکان راڤەیان دەکردو بەو پێیە دەرمانیان بۆ دەدۆزییەوە. ڕەنگە سەیرترین شتێك وەك یادەوەریی بەبیری زۆربەماندا بێت، یەکەمین خەونێکی منداڵیمان بێت، بەتایبەت



ئەو خەونانەی کەلێی ترساوین، دەبینین هەر لەمنداڵییەوە گوێبیستی گێڕانەوەی خەونی گەورەکان بووین و لەهەمووشی سەیرتر ئەو خەونانەن کەدواتر هاتوونەتەدی و پێشوەخت لای ئەوەی کەخەونەکەی بینیوە زانراوە. تەنانەت پێوەندیی خەون بەمەرگەوە تابڵێی پێوەندییەکی پەنهان و پڕنهێنییە، دەبینیت کەسێك پێشئەوەی بمرێت بەپێی خەونێك کەبینیوویەتی، یەقینی ئەوەی لادروست دەبێت کەدەمرێت، یان پاش گێڕانەوەی بۆ کەسێك یان کەسانێك کەگوێبیستی دەبن، هەستێکی دەستەجەمعییان لادروست دەبێت کەئەو کەسەی خەونەکەی بینیووە هێندەی لەژیاندا نەماوەو دەمرێت. ئێستاش وەبیرم دێتەوە، پێش ئەوەی کەباوکم بمرێت چەند جارێك هەمان خەونی دووبارەبۆوەی دەبینییەوە کە لەنێو باخەکەماندا دەستی بۆ لکێکی گەورەی دارتووەکە بردووەو بەئاسانی هاتووە بەدەستییەوەو لەبنڕاشکاوە، پاش گێڕانەوەی لەنێو مەجلیسێکی قەرەباڵغدا، یەکێکیان گوتی:" باپیرم پێش ئەوەی بمرێت خەونێکی وەك ئەوەی تۆی بینی"، ئیتر ئەوە دوارۆژی باوکم بوو لەژیانداو ئەو ئێوارەیە خەوت و بەیانییەکەی هەڵنەستایەوە. خەون بۆخۆی حیکایەتی هەموو کەسێکەو لەنێو هەموو خێزان و گرووپ و کۆمەڵێکدا دەگێڕدرێتەوەو بەشێکی زۆری خەونەکانیش کەزۆرجار دێتەدی پێوەندیی بەموسیبەت و مەرگەوە هەیە، بۆ نموونە دەبینیت دایکێك پێشئەوەی کوڕەکەی یان کچەکەی سەفەربکات، لەمیانی خەونێکەوە کەبینیوویەتی دڵنیایە لەوەی کەئیتر نایبینێتەوە، یان کەسێك جا چ گەنج بێت یان پیر پاش بینینی خەونێك هەر لەخۆیەوە دڵنیایە لەوەی کەهێندە نابات دەمرێت و ڕەنگە وەسیەتیش بکات لەکاتێکدا ئەوانەی کەلێوەی نزیکن ڕەنگە هەر گاڵتەیان پێی بێت و بڕوا نەکەن. سەبارەت بەو بۆچوونەی شۆلتس–یش دەتوانم ئاماژە بەراوبۆچوونێکی"یُسن" بدەم کە بەپێچەوانەی راوبۆچوونەکەی شۆلتس–ەوە دەڵێت:" ئێمە لەخەوندا باشتر نابین، بەڵکو بەپێچەوانەوە ویژدان لەخەوندا لاڵە، مرۆڤ هەست بەبەزەیی ناکات، لەوانەیە دزێوترین تاوان ئەنجام بدات، بدزێت و بکوژێت و دەستدرێژی سێکسی بکات". هەر بۆیە ئەگەر خۆمان بدەین لەراڤەکارییە جیاوازەکان سەبارەت بەخەون و جودایی قوتابخانە دەروونییەکان لەو بارەیەوە، ڕەنگە وابەئاسانی لێیدەرنەچین و نەکرێت لەگفتوگۆیەکدا

تاوتوێی بکەین. خەون پانتاییەکی بەرچاوی نێو دەقە ئایینییەکانی داگیرکردووە، بەسەرهاتی"یوسف" لەگێڕانەوەی خەونێکەوە دەست پێدەکات. یان خەوتن و خەون نەبینین، وەك خەوتنی"ئەسحابولئەکهەف" کە چەندین ساڵ دەخەون و خەون نابینن، بەڵام دواتر کە بەئاگادێنەوە وەك خەون دەڕواننە دنیایەك کەمەسیحییەت تێیدا باڵادەستە، بەڵام چۆن پێشتر بەدنیای پێشوویان نامۆبوون هەر ئاواش بەدنیای ئێستایان نامۆدەبن و دەزانن کەناتوانن تێیدا بمێننەوەو بەویستی خۆیان مەرگ هەڵدەبژێرن.

ئیدریس عەلی: بۆرخیس دەڵێت:"ئەدەب وەك دەرئەنجامێك خەونێکی ئاراستەکراوە"، ئێوە چۆن دەڕواننە ئەم گوتەیەی "بۆرخیس" لەکاتێکدا هەمیشە تێڕوانینێکی ریالیستییانە بەشێوەیەکی بەرچاو ئەدەبی کردووەتە ئاوێنەی واقیع و رەنگدانەوەی؟

یوسف عیزەدین: ئەگەر بڕوانینە ئەوەی "بۆرخیس" لەچاوپێکەوتنێکدا سەبارەت بەخۆی دەیخاتەروو، زۆرشتمان بۆ ڕووندەبێتەوە کەدەڵێت:"پێش ئەوەی کەکوێر ببم هەمیشە دەمڕوانییە شتەکان و دەمبینن، تەنانەت لەخوێندنەوەشدا، بەڵام ئێستا مەحکومم بەبیرکردنەوە، بەو پێیەی کەتوانای بیرکردنەوەشم باش نییە پەنام بۆ خەون بردووەو لەرێی خەونەوە درێژە بەژیانم دەدەم". "بۆرخیس" پێش ئەوەی کوێرببێت زیاتر دنیایەکی تەڵخ و تاریك لەدەقەکانیدا بەرجەستەدەکات و پاش کوێربوونیشی بەشێوەیەکی سەیر رەنگ دێتە نێو دەقەکانییەوە، دەبینین ئەو پیاوەی کەژمارەیەکی بێشوومار کتێبی خوێندۆتەوە کەکوێر دەبێت، خوێندنەوە دەبێتە مۆتەکەی خەونەکانی بەتایبەت ئەو کاتانەی لەخەونیدا دەیەوێت بخوێنێتەوە، وشەکانی لێدەبێتە شتی زیندوو کەجێگۆڕکێ دەکەن و دواتر لك و پۆپ دەردەکەن و بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر گەورەدەبن. سەبارەت بەحیکایەتەکانی"هەزارو یەك شەو"ە دەڵێت:" زۆر شتم دۆزییەوە بەڵام تەنها خەونم بەشتێکەوە بینی، ئەویش ئەوەبوو کەببمە خاوەنی بەڕەیەکی سیحری تا بمگەیەنێتە هەموو شوێن و زەمەنەکان". خەون لای"بۆرخیس" گەڕانەوەیە بۆ خود، چونکە سەرچاوەی خەون لای ئەو خودی مرۆڤ خۆیەتی، لەکاتێکدا تۆ لەبەئاگاییتدا هەندێك لەو شتانەی کەدێتەناوتانەوە رەنگە پێشتر پێیان ئاشنانەبوبیت، لەبەئاگاییتدا هەموو ئەو شتانەت بەسەردا دەسەپێنرێت کەبەدەر لەویست و دەسەڵاتی تۆ هەن و ناچاریت بیانبینیت، گوێڕادێریان بیت هەستیان پێبکەیت. هەموو ئەوەی کەلەبەئاگایی ئێمەدا هەیە شتێك نییە زەینی ئێمە خووڵقاندبێتی، بەڵکو وەك خۆیان لەدنیای ماتریالدا هەن و کەم تا زۆر کاریگەرییان بەسەرمانەوە هەیە، بەڵام سەرچاوەی سەرەکی خەون خۆمانین سەرباری هەموو ئەوەی کەپێشتر لەزەینماندا جێی بۆتەوەو دواتر لەکاتی خەونبینیندا شتێکی لێدەخووڵقێت رەنگە هێندە ترسناك بێت مۆتەکە ئاسا لێی هەڵبێین و چنگەکرێ بۆ بەئاگابوونەوە بکەین یان هێندە خۆش بێت حەزنەکەین وەخەبەر بێینەوە، زیاتر خەون بەخووڵقاندن شتەکانی تێدا بەرجەستە دەبێت، نەك رەنگدانەوەی کتومتی ئەوەی کەلەواقیعدا دەیبینیت، کەمجار ئەوەی کەبینیوتە وەك خۆی لەخەوندا دووبارەدەبێتەوە، زیاتر دەبێتە شتێکی ترو مەرجیش نییە ئەوە بێت کەتۆ ئاواتی پێ دەخوازێت یان رکت لێی دەبێتەوە یان لێی دەترسیت و ...تاد. "بۆرخیس" ئەو کەسەیە کەخەون دەبینێت و دەزانێت  کە لەهەمانکاتدا خەونی پێوە دەبینن و دەڵێت:"رەنگە خەون بەیەکێکەوە ببینم، ئەویش خەونم پێوە ببینێت و رەنگە هەریەکەمان پێی وابێت ئەوەی کەخەون دەبینێت خۆیەتی". خەون و وەهم تۆپۆگرافیای کارکردنەکانی"بۆرخیس" وەك تەونێك دەتەنن و دواتر ناهێڵن لەشوێن کاتێکی دیاریکراو و مەئلوفدا بمێنێتەوەو پاش تاوێك دەگەیتە ئەو راستییەی کەهیچ شتێك ناتباتەوە سەر شتێکی دیکەو دواجار دەچیتە نێو گەمەی راڤەکردنە پەنهانەکان و بەوشێوەیە بەردەوام دەبیت.

ئیدریس عەلی: دەکرێت لەنێو دەقە کلاسیکییەکاندا، هەربۆ نموونە دەقە گریکییەکان جیاواز لەدەقی ریالیزمی تەوزیفکردنی خەونی تێدا ببینیتەوە، بەتایبەت ئەوان وەك خۆیان لەقووڵایی میسۆلۆژیاوە هاتوونەتە دەرو لەو گۆشەنیگایەوە نووسەرانیان مامەڵەیان لەگەڵداکردوون، بەوپێیەی کەبەسەرهاتی "ئۆدیب"ی"سۆفۆکلیس"، پێشتر وەك ئەفسانەیەك هەبووەو دواتر"سۆفۆکلیس" لەدوو توێی شانۆنامەیەکدا دایڕشتووەتەوە، چەند دەکرێت بڵێین ئەو بەسەرهاتەی"ئۆدیب" مەگەر تەنها لەخەوندا رووبدات، ئەگینا لەزەمینەی واقیعدا روودانی مەحاڵەو مەبەستی ئەو تراژیدیایە بەڕای ئێوە چییە؟

یوسف عیزەدین: تراژیدیای"ئۆدیب" بەسەرهاتی کەسێکە کەبووەتە قوربانیی قەدەرێك کەهەڵهاتن لێی مەحاڵەو هەر لەدەستپێکی تراژیدیاکەوە شتێکی زانراوە، قەدەری"ئۆدیب"ئەوەیە "لایوس"ی باوکی بکوژێت و"یوکاستا"ی دایکی بهێنێت. هەموو ئەو هەوڵانەی بەمەبەستی گۆڕینی ئەو قەدەرە دەخرێنەگەڕ دواجار شکست دەهێنن و هەموو ئەوەی کەپێشتر گوتراوە دێتەدی، "ئۆدیب" باوکی دەکوژێت و دایکی دەکاتە ژنی خۆی و دووکوڕو دوو کچیشی لێدەبێت و ئینجا بەوە دەزانێت چ تاوانێکی کردووە، دواجار هەر دووچاوی خۆی دەردەهێنێت و سەرهەڵدەگرێت. ئەم تراژیدیایە باس لەبێ ئیختیاری مرۆڤ دەکات بەرانبەر بەقەدەرو بێ ئیرادەبوونی لەدەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی شێوە ژیانێکی جیاواز لەوەی کەپێشوەخت بۆی دیاریکراوەو راستییەکەی زۆر راڤەکاریی هەڵدەگرێت، چونکە زۆرێك لەتراژیدیا گریکییەکان بەهەمانشێوە باڵادەستیی قەدەر تێیدا سەرنجت رادەکێشێت، هەر بۆنموونە "سیزیف" کە ئەویش مەحکومە بەئازارکێشانێکی هەتاهەتایی و ناچاریشە بەردەوامبێت و رۆژانە هەمان شت دووبارەبکاتەوە، بەڵام ئەوەی "ئۆدیب" لەزۆر دەقی دیکە جیادەکاتەوە ئاگادارنەبوونی خودی"ئۆدیب"ە لەقەدەری خۆی، واتە ئەگەر "ئۆدیب" لەوە ئاگاداربووایە کە"لایوس" باوکییەتی نەیدەکوشت و ئەوکاتەش "یوکاستا" نەدەبووە ژنی و لەگەڵی جووتنەدەبوو. بەڵام بەپێی تێڕوانینی"فرۆید" تراژیدیای"ئۆدیب" لەخەونەوە سەرچاوەی گرتووە، هەربۆیە ئاماژە بەدیالۆژێکی"یۆکاستا" دەکات، کاتێك دڵنەوایی"ئۆدیب" دەداتەوە و دەڵێت:" چەند کەس هەن پێش تۆ لەخەونیاندا لەگەڵ دایکیان جووتبوون، بەڵام ئەمە سەبارەت بەکەسێك ئاسانە کەگوێی نەداتێ". "فرۆید" پێیوایە لای هەموو منداڵێکی نێر کۆمپلێکسی ئۆدیب هەیە کەخولیای کوشتنی باوکی تێدا پەنهانەو بەشێکە لەبەگژداچوونەوەی دەسەڵاتی باوك و دەستگرتن بەسەر هەموو ئەوەی کەباوك هەیەتی و زۆر وردەکاریی دیکە کەلەڕووی شیکارکارییە دەروونییەکانەوە قسە زۆر هەڵدەگرێت.

**ئیدریس عەلی: ئاخۆ چەند دەتوانین کۆمپلێکسی "ئەلێکترا" وەك پەرچەکردارێکی کۆمپلێکسی"ئۆدیب" ببینینەوە، لەکاتێکدا لەکۆمپلێکسی"ئەلێکترا"دا باوك ئەوەیە کەمنداڵی مێینە دەیەوێت و دایك ئەوەیە کەئێرەیی پێدەبرێت و رەتدەکرێتەوە؟**



یوسف عیزەدین: خۆی لەراستیدا هەموو ئەو کۆمپلێکس و تەرحە دەروونییانە قابیلی ئەوەن رەتبکرێنەوەو لەگۆشەنیگایەکی سایکۆلۆژیی دیکەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و راڤەبکرێن، ئەمە جگە لەوەی مەرج نییە کەتۆ لەناو ئەفسانەو کولتوورێکی دیاریکراودا ئەو کۆمپلێکسانەت لەدوو توێی دەقەکانیاندا بینییەوە بەهەمانشێوە لەناو ئەفسانەو کولتوورێکی دیکەشدا بیانبینیتەوە، جاگرفتەکە لەوەدایە کەزۆرجار لەدوو توێی ئەو دەقانەشدا شتی لەو چەشنە دەبینیتەوە کە بۆخۆیان لەپێناو حەرامکردن و حەڵاڵکردنی شتەکان و بەو مەبەستە خراونەتەروو. گەر بڕوانینە یەکەمین پەڕتووکی پیرۆز کەبەشێکە لەتەورات و یەکێکە لەپێنج پەڕتووکەکەی شەریعەت و بەپێی سەرچاوە مێژووییەئایینییەکان موسا ئەو پەڕتووکەی نووسیوەتەوە، هەروەك لەپەیمانی نوێدا عیسای مەسیح هەمان راستی دووپاتکردۆتەوە، سەبارەت بەنووسینی ئەو پەڕتووکە لەلایەن موسا–وە، دیارە لەپێشەکی کتێبەکەدا هەموو ئەوەی کەپێشتر ئاماژەم پێدا خراوونەتەروو. خوێنەری پەڕتووکی"پەیدابوون" رووبەرووی کۆمەڵێك دیمەن و بەسەرهات دەبێتەوە کەپێموانییە دیمەنە سێکسییەکانی نێو رۆمانەکانی"میلان کۆندێرا"ش خۆی لەخستنەرووی بابەتی لەو چەشنەدابێت، تەنانەت لەکردنە فیلمی"پەیدابوون"دا لەلایەن رۆژئاوا خۆیەوە، ئەو بەشانەی لێدەپەڕێنرێت و بەلایدا ناچن، بەتایبەت ئەو دوو بەشەی کەباس لەدوو کچەکەی"لووت" دەکات کەپاش سەرخۆشکردنی باوکیان، شەوی یەکەم گەورەکەیان و شەوی دووەم بچکۆلەکەیان لەگەڵی دەخەوێت و سکیان پڕدەبێت و گەورەکەیان کوڕێکی بەناوی"موئاب" دەبێت و گچکەکەشیان کوڕێکی بەناوی "عەممی" دەبێت و لەهەمووشی سەیرتر ئەو دیالۆژەی خوشکە گەورەکەیانە بۆ خوشکە بچکۆلەکەی کەپێشەوەی لەگەڵ باوکیان راکشێن، دەڵێت:"باوکمان پیر بووەو هیچ پیاوێکیش لەم ناوەدا نییە کەبێت بەلاماندا، وەك چۆن داب و نەریتی هەموو زەوییە وەرە بامەی دەرخواردی باوکمان بدەین و لەگەڵیدا راکشێین و لەباوکمانەوە وەچە بنێینەوە". جانازانم چۆن بەدرێژایی ساڵانێکی دوورودرێژ لەدووتوێی تەوراتداو بەمەبەستی هێنانە سەردینی کەسانێك، ئەم دەقە خوێندراوەتەوەو چۆن چۆنی راڤەی بۆکراوە تا گوێگرەکانی ئەم دەقە بەئاسایی تێیبڕوانن، لەکاتێکدا

کۆڵەکەیەکی سەرەکیی ئایینەکان، رەوشت و بەگژداچوونەوەی لادانە سێکسییەکانە، وەك ئەو پرەنسیپی حەرام و حەلاڵەی کەبۆخۆیان هەڵگریین. ئەی ئەگەر خودی مەسەلەیەکی ئاوا لەنێو خودی تەوراتدا ئاماژەی پێدرابێت، بۆدەبێت دژایەتی هەموو قەشەو پیاوە ئایینییەکان لەگەڵ دانیشتووانی ئەو دورگانەی کەزلهێزەکان داگیرییان دەکردو ئەوانیان وەك رێبەرێکی ئایینی بۆ دەنارد، بەشێوەیەکی سەرەکی لەو خاڵەدا بووبێت کەئەوان لادانە سێکسییەکان بەلادان نابینن و سیستمێکی خێزانی وەك ئەوەی رۆژئاوایان نییەو سێکسی مابەینی ئەو کەسانەی کەبەپێی ئایینەکان لەیەکتر حەرامکراون، پێ ساناو ئاساییە.

**ئیدریس عەلی: "ئیبسن" یەکێکە لەو نووسەرانەی کەتوانیویەتی ململانێی نێوان باوان و منداڵەکانیان لەناو دەقەکانیدا بەرجەستەبکات، گەرچی وەك ئاماژەتان پێدا زۆر لەو چەمك و راڤەکارییانە رێژەیین و لەکولتوورو کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێن. بەڵام ئاخۆ دەتوانین بڵێین ئەو باوکسالارییەی لەکۆمەڵگەی کوردیدا هەیە جیاوازە لەوەی لەکۆمەلگەیەکی دیکەدا هەیە، دیارە ئەگەر جیاوازیش بێت، ئەو دەمە ئەدەبیاتێکی کوردی کەباس لەباوکسالاری دەکات، دەبێت لەگەڵ ئەدەبیاتێکی دیکەدا هەر بۆنموونە ئەدەبیاتێکی رۆژئاوا جیاوازبێت، تاچەند ئەدەبیاتی کوردی لەمامەڵەکردنی لەگەڵ باوکسالاریدا باس لەباوکی کورد دەکات؟**

یوسف عیزەدین: ئێمە خاوەنی ئەفسانەیەکی وەك ئەو ئەفسانەیەی"کرۆنۆس" نین کەدواجار "زۆس"ی کوڕی دەیخەسێنێت و لەجێی دادەنیشێت و هەموو دەسەڵاتەکانی ئەو دەگرێتەدەست. ئەگەر میدییەکان باوانی کوردبن، ئەوە دەبینین "داهاك یان زوحاك"ی دواپاشای میدییەکان بەدەستی یەکێك لەنەوەکانی خۆی دەکوژرێت و لەجێی ئەوەی خۆی جێیبگرێتەوە، حوکم و دەسەڵاتیش بۆ"کیرۆس"ی ئەخامەنی جێدەهێڵێت و لەجێی هەستکردن بەئازاری ویژدان، یادی ئەو رۆژەی کردووەتە سیمبۆلی نەتەوەیی خۆی و پێی وایە کەسێك بەناوی کاوەی ئاسنگەرەوە کەبۆخۆی کوردبووە کوردی لەستەم و زوڵمی زوحاك رزگار کردووە. هەرگیز کورد پرسیاری لەوە نەکردووە ئەگەر نەورۆز یادەوەریی سەرکەوتنی کوردان بێت، بۆ دەبێت ئازەری و کازاخستانی و قیرغیزی



و فارس و هەروەك "ئیبن بەتووتە"ش لەکتێبەکەیدا ئاماژەی پێدەدات، لەمیسرو زۆر شوێنی دیکەشدا لەو زەمەنەی ئەودا یادی نەورۆز کراوەتەوە. تائەمڕۆش یەکێك لەگرفتەکانی تاکی کورد لەدژایەتی کردنی باوکدا ئەگەر وەك دەسەڵاتێك تێی بڕوانین، ئەوە نییە کەبۆخۆی پرۆگرامێکی هەیە بۆ جێگرتنەوەی، بەڵکو تەنها ئەوەندەیە کەلەناوی بەرێت، بۆ ئەمەش دەست لەگەڵ هەر دوژمنێکی باوکیدا تێکەڵ دەکات بەمەبەستی لەناوبردن و کوشتنی. سیستمی باوکسالاری لای کورد بەسیستمی باوکسالاریی رۆمانەکان ناچێت، چونکە سیستمی باوکسالاری لای رۆمانەکان دواجار لەبونیادی دەولەتێکدا دەگاتە ترۆپکی دەسەڵات و حوکم. بەڵام لای کورد ئەمە بەچەشنێکە دیکەیەو کەمجار دەسەڵاتی باوك سنووری بنەماڵەو عەشرەت و کۆمەڵ و گروپەکانی کوردی تێپەڕکردووە. بەدرێژایی مێژوو کورد کۆتەڵ و شتێکی رەمزی بۆ باوك دروست نەکردووە، هەروەك لای میللەتانی دیکە دەبینرێتەوە و خاوەن"کارێزما"و"ئۆتۆریتە" نییە، نەك هەر بەبەراورد لەگەڵ رۆژئاوادا بەڵکو بەبەراورد لەگەڵ رۆژهەڵاتیشدا ئەو جیاوازییە دەبینرێتەوە. زاڵبوونی باوکی کورد شتێکی رێژەییەو بۆخۆی کەسایەتییەکی ناجێگیرو شلۆقی هەیە، زیاتر بەلاساییکردنەوەی باوکانی غەیرە کوردو لەمیانی دیدوبۆچوون و بیرو هزریی ئایینی ئەوانەوە هەوڵی سەپاندنی خۆی داوە، گەرچی لەسەدا سەد نەیتوانیوە ببێت بەوان. "میهرداد.ئیزەدی" لەکتێبی"کوردەکان"دا سەبارەت بەکەسایەتی کورد زۆرشت دەخاتەروو کە لەزۆر شوێندا دووروویی ئەو کەسایەتیەمان بۆ روون دەبێتەوە، هەر بۆنموونە لەکاتێکدا کورد بەمیوانداریتی و رێزگرتنی لەمیوان ناسراوە، "میهرداد" ئاماژە بەوە دەکات کەکورد هەرچییەکی هەبێت ئامادەیە لەپێناو میوانەکەیدا سەرفی بکات و ئەوەی کورد بۆمیوانی دەکات بێ وێنەیە، بەڵام هەربۆخۆشی ئاماژە بەوە دەکات کەئەمە تائەو کاتە بڕەکات کەمیوان بێدەنگ و سەنگ گوێڕادێری خانەخوێیەو سەری رەزامەندی بۆ دەلەقێنێت، ئەگینا ئەگەر میوان یەك راوبۆچوونی پێچەوانەی خانەخوێ بڵێت، ئەوە بێسێودوو لەو حاڵەتەدا دەکرێتە دەرەوە. کەواتە مانەوە لەنێو سیستمی کۆمەڵایەتی کوردیدا، پەیوەستە بەبێدەنگبوونی تاکی کوردەوە، پەیوەستە بەپرسیارنەکردن و لێخووردنەبوونەوەی، ئەمە جگە لەوەی

کەبەشێوەیەکی گشتی کارێکی بەخوێندنەوەو زانینی مێژووی خۆی نییە، هەروەك"میهرداد" ئاماژەی پێ دەدات و دەڵێت:" ئەگەر سەرانی کورد مێژووییان بخوێنایەتەوەو لێی ئاگاداربوونایە، هەمیشە هەمان هەڵە مێژووییەکانی پێشووتری خۆیانیان دووبارە نەدەکردەوە.

تەنانەت لەرووی ئایینیشەوە سەبارەت بەئایینی خۆیان نەرمونیان بوون و سەرسەختانە بەرگرییان لێنەکردووە، بێجگە لە"ئێزیدی و یەریسانییەکان"، "میهرداد" سەبارەت بە"یەزدانی" کەئایینێکی کۆنی کوردان بووە دەڵێت:" دەتوانین بڵێین نەرمونیانییان فاکتەری سەرەکی پەرتەوازەبوون و پەرشوبڵاوبوونەوەی خودی رێبازە ئایینییەکان بووە، هیچ کاتێك خەیاڵی دروستکردنی زاتێکی رەهای هاوچەشنی مەسیح و شاڵاوبردنە سەر سەر رێبازە ئایینییەکانی تریان نەبووە". بەپێی تێڕوانینی مەسیحییەکان خواوەند باوکەو مەسیح-یش کوڕیەتی، ئەم تێڕوانینە سیستمی باوکسالاری و دەسەڵاتی لەبوونێکی ماتریالێیەوە دەگوێزێتەوە بۆ بوونێکی رەها، لەکاتێکدا یەزدانییەکان تەنها باوەڕیان بەرۆحی رەها هەبووەو لەواتا گشتییەکەیداو بەو پێیەش نەك هیچ پرسیارو پەرچەکردارێکیان بەرانبەر بەئایینییەکانی دیکە نەبووە، بەڵکو پێیان وابووە ئایینییەکانی دیکەش لەلایەن رۆحی رەهاوە نێردراون بۆ رزگارکردنی مرۆڤایەتی، کەواتە کورد تەنها تەسەووری رۆحی رەهای کردووەو لەهیچ شکڵ و شێوەو ئیماژێکدا بەرجەستەی نەکردووەو هەوڵی هیچ ئیزافەکردنێکی بۆسەر ئەو تەسەوورەی خۆی نەداوەو نەپەرستگەی بۆ دروستکردووە، نەکەسی تایبەتی ئایینیشی بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینەکەی داناوە.

**ئیدریس عەلی: بەو پێیەی کەکورد رۆحی رەهای لەئیماژێکدا بەرجەستەنەکردووەو زاتێکی رەهای وەك"مەسیح"ی بۆ نەخوڵقاندووە تا لەپشت ئەوەوە بەرگری لەئایین و بیروباوەڕی خۆی بکات، کەواتە باوکیش لای ئەو وەك رەمزێکی دەسەڵات هیچ ئیماژێکی نییە، لەکاتێکدا باوکسالاری کوردو دەسەڵاتی باوك بەیەکێك لەدیاردە بەرچاوەکانی سیستمی کۆمەڵایەتی کوردی، ئێوە ئەمە چۆن دەبینن؟**



یوسف عیزەدین: رەنگە گەورەترین گرفتی کورد وەك میللەتێکی دێرینی رۆژهەڵات لەوەدا بێت کەبەپێی کەمی سەرچاوەو بەڵگەی پێویست، هەمیشە بەئەگەرو گریمان هێنرابێتە ناو قسەو باسەکان و مامەڵەی لەگەڵدا کرابێت، "میهرداد" ئاماژە بەوە دەدات کەلەمۆزەخانە جیهانییەکاندا جێماوی سەرەتایترین خێڵ و گروپ دەبینینەوە، بەڵام ئەوەی دەبێتە مایەی سەرسوڕمان و پرسیارکردن ئەوەیە کەبۆ دەبێت سەرەنێزو تیرو رمێك لەمێژووی کۆنی کورد نەمابێتەوە تا لەمۆزەخانەکاندا بخرێنە پێشچاو، یان ئەگەر هەن چییان لێهات و چۆن هەر هەمووی ونبوون. یان رەنگە بەشێکی زۆریان وننەبووبێتن و لەپەلاماری میللەتانی دیکەدا بۆ سەرکوردستان، دەستیان بەسەردا گیرابێت و لەئێستاشدا بەناوی ئەوانەوە لەمۆزەخانە جیهانییەکاندا بەدنیا بناسێنرێت. ئەگەر بڕوانینە سەرچاوە مێژووییەکان دەبینین کاتێك لەشکرەکەی"سەعدی کوڕی وەقاس" ئێران فەتح دەکات، سەعد سەری سووڕدەمێنێت لەو هەموو "پەرشومێن و دەستنووس" و بەڵگەو کتێبانەی کەهێندە زۆرن نازانێت چییان لێبکات و بەناچاری نامەیەك بۆ خەلیفە دەنێرێت سەبارەت بەوەی چییان لێبکات، بەتایبەت عەرەبەکان وەك خۆیان سەری لێدەرناکەن و بەحوکمی زماننەزانینیان نازانن چی تێدا نووسراوە. خەلیفەش لەوەڵامدا دەڵێت، هەرهەمووی فرێبدەنە ناو ئاوی رووبارێکەوە، چونکە ئەگەر راستییەکی تێدا بێت ئەوە هێندەی قورئان راست نییە و ئەگەر ناراستی و عیلمێکی شەیتانیشیی تێدا بێت، ئەوە لەهەردوو حاڵەتەکەدا بەفرێدانی رزگارمان دەبێت، ئیتر ئەوەبوو هەموو ئەو کتێب و دەستنووس و بەڵگە مێژووییانەو هەموو ئەوەی کەدواتریش لەو سەردەمەدا وەچنگیان دەکەوت فرێیان دەدرانە نێو رووبارەکان. بێگومان لەگەڵ ونبوونی ئەو دەستنووس و سەرچاوە مێژووییانە، زۆر شتی گرنگ سەبارەت بەمێژووی کورد لەگەڵ ئەواندا ونبوون و لەئێستادا نەزانراون. ئەوەی کە لەئێستاشدا سەبارەت بەکورد زانراوە جێگەی مشتومڕو قسەو باسە، هەر بۆ نموونە بۆ دەبێت یەزدانییەت وەك ئایینێکی کۆنی کوردان، لای ئێزیدی و عەلەوی و یەریسانییەکان لەکۆمەڵێك پرەنسیپ و تێڕوانینی گشتیدا مابێتەوە. بەڵام کە بەوردی دەڕوانیتە بیروباوەڕی ئایینی کورد بەشێوەیەکی گشتی سەرباری ئەو ئینتیمایەی کە ژمارەیەکی زۆری بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەیانە، دەبینیت هەموو کورد

لەرووی بیروباوەڕی ئایینییەوە هێشتاکە قەناعەتیان بە"خدری زیندە" هەیە کەئەمە بیروباوەڕێکی تەواوی یەزدانییەکان بووە بەکەسێکی نەمرو هەمیشە زیندوو، ئەمە جگە لەپیرۆزیی ژمارە حەوت، تەنانەت میدییەکان دیواری بیناکانیان بەحەوت رەنگ بۆیە کردووەو"هیرۆدۆت" لەو بارەیەوە ئاماژەی بەشوورەو دیواری چواردەوری تەپۆڵکەکانی شاری میدییەکانی هەمەدانی کردووە کەبەحەوت رەنگی "ئاڵتوونی، زیوی، سپی، رەش، مۆر، شین، سوور" لەپێش زاییندا رەنگکراون. جا سەبارەت بەدەسەڵاتی نێرینەی کوردو باوکسالاری و رۆڵی باوك لەنێو خێزان و سیستمی کۆمەڵایەتی کوردیدا، رووبەرووی چەند وێنەیەکی باوك دەبیتەوە، گەرچی هەر هەمووی لەبنەڕەتدا دەسەڵاتی نێری تێدا زەق دەبێتەوەو بەشێوەیەکی گشتی لێکچووی هەموو باڵادەستییەکی لەو چەشنەیە، بەڵام هەندێك تایبەتمەندێتی جیاوازیشی هەیە، لەهەندێك ناوچەی کوردستاندا رەدووکەوتنی کچان و ژنانیان لەلایەن پیاوانیانەوە بەشتێکی ئاسایی سەیردەکرێت و بەشێکە لەتێڕوانینی دەستەجەمعی و کولتووریان و سەرباری ئەوەی کەزۆرێك لەو کوردانەی کە ئەم سونەتە لەناویاندا باوە لەئێستادا موسڵمانن. بەڵام هیچ کاتێك بەپێودانگی ئیسلام نەیانڕوانیوەتە ئەو سونەتەی کەبەپێی ئایینی پیرۆزی ئیسلام حەرامە. لەکاتێکدا لەنێو کۆمەڵ و دەستەیەکی دیکەی کورددا، نەك هەر ئافرەت بۆی نییە بەئیختیاری خۆی رەدووی پیاوێك بکەوێت، بەڵکو حەزو خۆشەویستی و تەنانەت بچووکترین سەرەتاتکێ و جموجۆڵ دەرئەنجامەکەی بەکوشتنی مێینە تەواو دەبێت. جا پرسیارەکە لەوەدایە کە بۆ دەبێت دوو کۆمەڵی کورد کەهەردووکیان موسڵمانن و پابەندن بەجێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی ئیسلام، بەڵام سەبارەت بەئیختیاری مێینە بۆ پیاوێك یان تەجاوزێکی سێکسی و رەدووکەوتن و شتی لەو چەشنە، هەریەکێکیان بەچەشنێك مامەڵەی لەگەڵدا بکات. یەکێکیان لووتی دەبڕێت، دەیسووتێنێت، بەردەبارانی دەکات، دەیکوژێت، ئەویتریشیان وەك کردەیەکی زۆر ئاسایی تێی دەڕوانێت و باوەڕی بەحیکایەتەکانی عەیبەو شەرەف و نامووس و حەرام و شتی لەو چەشنە نییە، بۆیە دەبینین ئەگەر ئەوەی کەپێشتر ئاماژەمان پێدا وەك دوو نموونە سەیر بکەین، ئەوە دوو نموونەی پیاوی کوردیشمان لەبەرچاودا بەرجەستەدەبێت.



**ئیدریس عەلی: کەواتە کورد بەکاریگەریی کولتوورو ئایینی میللەتانی دراوسێی دەستی داوەتە کوشتنی هەموو ئەو مێینانەی کەبەپێودانگی ئەو ئایین و کولتوورانە کارێکی پێچەوانەی رەوشت و دابەنەریتیان ئەنجامداوە کە لەئێستادا ئەم کوشتنی مێینەیەیان گوێزاوەتە بۆ پانتاییەکی جوگرافی جیاوازو لەناو کوردە پەناهەندەکاندا بۆتە شتێکی باو و هەر ئەوەندە دەزانیت رۆژنامە و کەناڵەکانی میدیا باس لەدەستگیرکردنی پیاوێکی کورد دەکەن کەکچەکەی خوشکەکەی یان ژنەکەی خۆی لەسەر مەسەلەی نامووس کوشتووەو لەکارەکەشی پەشیمان نییەو شانازی پێوەدەکات، ئاخۆ هەموو ئەو تاوانانەی کە پیاوی کورد دژ بەمێینە ئەنجامی دەدات وێنەی کورد لەدنیای دەرەوەی ئێمەدا ناشرین ناکات؟**

یوسف عیزەدین: بەراستی سزادان یان کوشتنی مێینە لەسەر هەر داواکاریی یان هەڵوێست و کردەیەك کەپەیوەست بێت بەمافە ئینسانییەکانییەوە، یان لەسەر دەستبەرداربوون و جیابوونەوەی لەپیاوێك و ئیختیارکردنی پیاوێکی دیکەو زۆر شتی دیکەی لەو چەشنەی کەپەیوەستە بەهەر شتێك کەپیاو بۆخۆی بەڕەوای دەبینێت و بۆ ئەو ناڕەوا، ئەوە کارێکی زۆر دزێوو نائینسانی و دڕندانەیە. تۆ ئەگەر کوشتنی مێینەت کردبێتە بەشێکی فەرهەنگ و کولتوورت و بەئینسانکوژیی خۆتەوە بنازیت، دەبێت بە چ روویەکەوە ئەگەر پێویستیکرد باس لەلایەنە جوانەکانی ئەو کولتوورەی خۆت بکەیت، نازانم لەچ شوێنێکی تری دنیادا مێینە لەبەر ناشرینییەکانی پیاوو سیستمەکەی خۆی دەسووتێنێت، یان دەسووتێنرێت و دواتر دەڵێن خۆی سووتاند. لەیەکێك لەرۆژنامەکاندا باس و خواسی ئەو پیاوە کوردەم کەوتە پێشچاو کەدوای ئەوەی لەیەکێك لەشەقامەکانی شارێکی ئەڵمانیدا ژنی پێشووی خۆی داوەتە بەرچەقۆ و کوشتوویەتی، دڵی بەوەندە ئاوی نەخواردۆتەوەو دواجار سووتاندوویەتی. یان حیکایەتی ئەو پیاوەی کە لەبەریتانیا کچێکی خۆی بەچەقۆ کەلەپاچەکردووە و دواتر لەباخچەیەکدا ناشتوویەتی. چەندان حیکایەتی تریش سەبارەت بەزۆرێك لەو پیاوە کوردانەی کەساڵانی دوورودرێژی تاراوگە نەیگۆڕیوون و نایانگۆڕێت و تاوتوێکردنیشی باس و خواسێکی گشتگیرو دەرفەتێکی بەرفراوانتری گەرەکە.

ئیدریس عەلی: شیعری کوردی وەك ژانرێکی ئەدەبی مێژوویەکی دێرینی هەیەو ئامادەباشییەکی بەرچاوی لەنێو پانتایی ئەدەبیاتی کوردیدا هەبووە، دەقە شیعرییەکانی"بابا تاهیری هەمەدانیش" لەرووی مێژووی نووسینیانەوە کەهەزار ساڵێك لەمەوپێش نووسراون گەواهی ئەو راستییە دەدەن، لەکاتێکدا مێژووی چیرۆکنووسین و رۆماننووسینی کوردی کۆن نییە، لەکاتێکدا میللەتانی دیکە زۆر لەپێش ئێمەوە خۆیان لەبواری چیرۆك و رۆماندا تاقیکردۆتەوەو لەئێمە بەئەزموونترن، دەبێت دواکەوتنی نووسینی ئەو ژانرە ئەدەبیانە لای کورد هۆکارەکەی چیبێت؟

یوسف عیزەدین: هەرچەندە حیکایەتیش لەنێو کورددا دەماودەمی کردووەو زۆر لەکۆنیشەوە هەر هەبووە، جا چ ئەو حکایەتانەی کەکورد لەمیللەتانی دیکە بیستوونی و رەنگە زۆریشیان تائێستاکە مابێتن و هەر بگێڕدرێنەوە، یان ئەو حیکایەتانەی کەکەسانێکی کورد بەخەیاڵیاندا هاتووەو گێڕاویانەتەوە، بەڵام لەبەر هەر هۆو هۆکارێك بووبێت نەنووسینەوەی ئەو حیکایەتانە، بەبەراورد لەگەڵ شیعردا کەنووسراوەتەوە جێگەی پرسیارە. سەبارەت بەئەدەبیاتی رۆژئاواش گەرچی هەن مێژووی نووسینی کورتەچیرۆك دەبەنەوە بۆ سەردەمێکی پێش"ئیدگەر ئەلن پۆ"، بەڵام نکوڵی لەوەش ناکرێت کەهەر ئەو بوو توانیی کورتەچیرۆك وەك هونەرێك لەحیکایەت و نۆڤێللا جیابکاتەوەو سەرنجی ئەدیبەکانی بەلادا رابکێشێت و پێش سەدو شەست ساڵێك لەمەوپێش لەلایەن ئەدیبە ئەمریکی و فەرەنسی و روسییەکان ئاوڕی لێبدرێتەوە. بەڵام دیارە مێژووی رۆماننووسین و نۆڤێللا لەرۆژئاوادا زۆر لەمێژووی نووسینی کورتەچیرۆك کۆنترەو هۆکارەکانیشی زۆرن و راستییەکەشی"ئیدگەر ئەلن پۆ" رۆڵێکی بەرچاوی بینی لەجیاکردنەوەی کورتەچیرۆك وەك ژانرێکی ئەدەبیی جیاواز لەچیرۆکە تەقلیدییە کۆنەکان کەبەجێکردنەوەی یەك دنیا وشەو رستەو پەرەگرافی وەسفیی لەکارکەوتوو قەرەباڵغ دەکرا. لەکاتێکدا بەپێی راوبۆچوونی"پۆ" ناکرێت یەك وشەی زیادە بترجێنینە نێو بونیادی کورتەچیرۆکەوە، هەروەك چۆن دەرهێنانی یەك وشەش لاسەنگی دەکات، ئەمە جگە لەوەی کەجیاواز لەچیرۆکی درێژ کورتەچیرۆك لەیەك دانیشتندا دەخوێنرێتەوەو زۆر وردەکاریی تەکنیکی دیکەش کە دەکرێت هەموو ئەمانە وەك ئەلف و



بێی چیرۆکنووسین و کلاسیکیی ئەو ژانرە ئەدەبییە تێی بڕوانین، ئەگینا وەك"کارلۆس فۆێنتس" دەڵێت:" دیارە هیچ دەقێك لەکاتی نووسینەوەیدا حیساب و کیتابی بۆ ناکرێت و دەق بۆخۆی ئاراستەی خۆی دەدۆزێتەوەو بەباڵەکانی لەشەقەی باڵ دەدات و خودی نووسەرەکەی دەخاتە پەراوێزەوەو دەیسڕێتەوە". تەنانەت لەرووی تەکنیکیشەوە زۆرێك لەچیرۆکنووسان پابەندی ئەو پێودانگە پێشینەیەی چیرۆکنووسین نەبوون و بەپێی دنیابینی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ کردوون. هەر بۆنموونە"بۆرخیس" کار لەسەر بەحیکایەتکردنی چیرۆك دەکات و لەشوێنێکدا دەڵێت:" ناڵێم من–ئیزۆب–م بەڵام حیکایەتەکانم وەك حیکایەتەکانی–هەزارو یەك شەو–ە ئامانجیان هەژاندن و چێژبەخشینە". ئەگەر بگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەتان من وەك خۆم کێشەکە لەبەراورو مێژووی چیرۆك و رۆمانی کوردیدا نابینمەوە، لەرووی ئەوەی کەوەك زەمەنی نووسینیان نوێترن لەچاو ئەدەبیاتی رۆژئاوادا یان تەنانەت تارادەکیش لەگەڵ گەلانی دراوسێدا، بەڵکو کێشەکە لەوەدایە کە لەئێستادا چیرۆك و رۆمانی کوردی لەچ ئاستێکدایە. لەمڕۆدا کەکۆمەڵێك لەرۆماننووسە مەغریبییەکان نەخشەی تەقلیدیی رۆمان دەگۆڕن و لەفەزاو ئەتمۆسفێرێکی جیاوازدا رۆمانەکانیان دەخوولقێنن و دەیان پرسیار لای خوێنەر دروستدەکەن، کەس لەوە ناپرسێت چۆن دەبێت رۆمانەکانی ئەوان خوێنەرانی دنیا تووشی هەژان و سەرسامیی بکات، لەکاتێکدا رۆمانی مەغریبیی لەرووی مێژووییەوە بەبەراورد لەگەڵ رۆمانی رۆژئاواییدا پێشینەیەکی کلاسیکی و کۆنی نییە. نووسین بەگشتی وەك"مۆراکامی" ئاماژەی پێدەدات کارێکی زۆر خودگەراییانەیەو ئیگۆ تێیدا زاڵە. هەر بۆیە ناکرێت بۆ دەقە خراپەکانی ئەدەبیاتی کوردی دەیان پاساو بهێنیتەوەو پەیوەستی بکەیت بەبارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و زۆر شتی دیکەی لەو چەشنە. تۆبڵێی حاڵووەزعی"سێرڤانتێس" زۆر لەنووسەرانی ئێمە باشتر بووبێت کاتێك رۆمانێکی جوانی وەك"دۆن کیخۆتە" دەنووسێت، نەخێر بەپێچەوانەوە"سێرڤانتێس" یەکێکە لەو نووسەرە بەدبەختانەی دنیاو لەهەموو روویەکەوە کۆڵەوارو داماو بووە، کەچی هەر هەموو ئەمانە نابنە لەمپەری نووسینی رۆمانێکی وەك"دۆن کیخۆتە".

ئیدریس عەلی: ئاخۆ نووسەرێك كە لەئێستادا دەیەوێت دەقێكی جوان و جدیی بخوولقێنێت، بەبێ ئاگاداربوون و خوێندنەوەی دەقی نەوەكانی پێش خۆی دەتوانێت دەقێكی لەو چەشنە بنووسێت؟

یوسف عیزەدین: خوێندنەوەی دەق و بابەتە جوان و جدییەكان كارێكی گرنگە بەمەبەستی بینینی دیوە پەنهان و شاراوەكانی، من وەك خۆم لەگەڵ خوێندنەوەی رووكەشییانە یان سەرپێیدانیم.

ئیدریس عەلی: ئێوە وەك خۆتان لەكەیەوە دەستتان داوەتە خوێندنەوەو لەرووی زەمەنییەوە دەگەڕێتەوە بۆ چ ساتەوەختێكی تەمەنی ئێوە، حەز دەكەین بزانین ئێوە قۆناغی منداڵی خۆتانتان چۆن گوزەراندووەو چین ئەو شتانەی كەكاریگەرییان لەسەرتان هەبووە؟

یوسف عیزەدین: دیارە هەر لەمنداڵیمەوە بەشێوەیەكی سەیر خولیای خوێندنەوەم هەبوو، بەو پێیەی كەباوكیشم تا لەژیاندابوو هیچ كاتێك رێی ئەوەی نەدەدام وەك منداڵێكی ئاسایی تێكەڵ بەدنیای دەرەوە ببم و وەك هەر منداڵێك گەمەبكەم، تەنها ئەو كاتانەی كەدەچوومە قوتابخانە بۆم هەبوو لەدەركەی ماڵەكەمان بچمەدەرو بەدنیای دەرەوە ئاشنابم. باوكم پیاوێكی گۆشەگیرو تەنیا بوو، هیچ سەردان و هاموشۆیەكی دەرودراوسێ و خزموكەسی نەدەكرد، ئەویش تەنها مەگەر ئەو كاتانەی كەوەك فەرمانبەرێك دەبووایە چووبایەتە فەرمانگەكەی لەماڵ چووبایەتەدەر، ئەگینا زۆر بەبێدەنگی خەریكی خوێندنەوە دەبوو، یەكێك لەو كتێبانەی كەزۆرجار بینیبووم دەیخوێنێتەوە كتێبێكی لاپەڕە بۆری بێبەرگ بوو، پاش مەرگیشی لەنێو هەموو كتێبەكانیدا زۆر بۆ ئەو كتێبەگەڕام و بەشوێنیدا ئەودالبووم، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدابێت نەمزانی ئەو كتێبە چیبوو كەهەمیشە بەبێدەنگی دەیخوێندەوە. بەدرێژایی تەمەنی كورتی پێكەوەبوونی لەگەڵمدا( چونكە تازە لەقۆناغی منداڵییەوە پێم دەنایە قۆناغی مێردمنداڵی كەئەو كۆچی دواییكرد)، كەم جار قسەی ئاسایی لەگەڵ دەكردم وەك ئەوەی هەر باوكێك لەگەڵ منداڵی خۆی دەیكات. بەحوكمی ئەوەی چەند زمانێكی دەزانی دەیویست منیش فێری ئەو زمانانە ببم، ئەوە بوو ئەو دەمەی لەپۆلی سێیەمی سەرەتایی



بووم، فێری زمانی عەرەبی كردم و كەپاش چەند ساڵێك توانیم لەمیانی ئەو زمانەوە هەموو ئەو كتێبانە بخوێنمەوە كەباوكم لەنێو سێ باوڵ و پێنج كارتۆنی گەورەدا هەڵیگرتبوون. بۆ یەكەمجار تەورات و دیوانی "ئەبی نەواس و ئەختەڵ و دەقەكانی مەنفەلۆوتی و عەقادو چارلزدیكنزو شكسپیر"و دنیایەك كتێبی موغامەراتم لەنێو ئەو كتێبانەدا بینییەوەو بەمەبەستی خوێندنەوەیان زۆربەی كاتەكانم لەهەورەبانی ماڵەكەماندا دەبردەسەر كەسێ باوڵ و پێنج كارتۆنە گەورەكەی باوكمی لێبوو. باوكم كەسێكی كەمدووبوو، تەنها لەكاتی سەعی پێكردنمدا قەریحەی قسەی دەكرایەوەو جگە لەو وانەیەی كەبۆی باسدەكردم، جارجارە باسی باوكی خۆی بۆ دەكردم و كەمجار شتێكی لەبارەی خۆیەوە بۆ باسدەكردم ، نەمدەزانی چۆن دەڕوانێتە ژیان و باوەڕی بەچی هەیە. لەمیانی قسەو باسەكانییەوە گوێبیستی حیكایەت و ماجەراكانی باپیرم دەبووم، دەمزانی ئەو پیاوە لەسەردەمی عوسمانییەكاندا كولیەی حەربییەی لەئیستانبول تەواوكردووەو بووەتە ئەفسەرو دواتر گەیشتووەتە پلەی یوزباشێتی و یەكێك بووە لەوانەی كە"شێخ مەحمود"ی زۆر خۆشویستووەو لەشۆڕشەكەیدا بەشداربووە، لەكاتێكدا"رەزا بەگی" برای سەر بەئینگلیز بووەو حیكایەتی ناكۆكی ئەو دوو برایەش زۆر لەوە دووروودرێژترە كەبتوانم لێرەدا باسی بكەم. بەهەرحاڵ یەكێك لەشتە سەیرو سەمەرەكانی باپیرم ئەوە بووە كەهەژدەژنی هێناوەو هەر لەهیندی و عەرەب و تورك و جولەكە و فارس و كورد و زۆر رەگەزی دیكە،پێنج شەش زمانی زۆر بەباشی زانیوەو ئەمە جگە لەوەی نیوەی جیهان گەڕاوەو پارەوپوولی خۆی لەسەفەرو ماجەراكانیدا سەرفكردووە. دیارە ئەوەی كەلێرەدا لەبارەی باپیرمەوە دەیخەمەروو و ئەوەشی كەدەیزانم هەر هەموویم لەباوكمەوە نەبیستووە، بەڵكو هەندێكی لەچەند مامۆستایەكی وەك"جەمال بابان"و"كەریم زەند" و چەند كەس و خزمێكی خۆمان و ئەمە جگە لەوەی لەكتێبی "شاری سلێمانی"دا لەبەشی تایبەت بەو ئەفسەرە عوسمانییانەی كەخەڵكی سلێمانی بوون ناوی باپیرم و "رەزا بەگی"برای تێدایە.

ئیدریس عەلی: رەنگە هەر ئەوانەی كەپێشتر ئاماژەتان پێدا، هۆكاری نەبوونی كەسایەتی باوك بێت لەدەقەكانتدا، یان ئەگەر هەشبێت بەچەشنی زۆرێك لەنووسەرانی

کورد هێرشتان نەکردۆتە سەر کەسایەتی باوك کە لەزۆر دەقی کوردیدا باوك وەك دڕندەو تارماییەکی ترسناك وێناکراوە، ئێوە لەچیرۆکی"خورافاتی چاویلکەکەی باپیرم" کەنووسەرو مامۆستای بەتوانا"عەلی ئەشرەف دەروێشیان" لەگەڵ کۆمەڵێ چیرۆکی دیکەی کوردیدا کردویەتییە فارسی و لەدووتوێی کتێبێکدا بڵاویکردۆتەوە. لەوێدا باستان لەکۆمەڵێك شتی تایبەت بەباپیرتان کردوووە، تەنانەت لەرۆمانی"دیوێکی دیکەی حیکایەتە نەنووسراوەکان"یشدا، ئێوە لەرێی نۆستالژیاو یادەوەرییەوە هەر دەگەڕێنەوە بۆ باسکردنی باپیرتان و وێنەی باوك لەو رۆمانەدا و لەدەقەکانی تریشتاندا ونە، ئاخۆ ئەمە بەتەواویی پەیوەستە بەقۆناغی منداڵیتانەوە یان هۆکاری دیکەشی هەیە؟

یوسف عیزەدین: وەك پێشتریش ئاماژەم پێدا، کەسایەتی باوك یەك وێنەو شکڵ و شێوەی نییە، ئەوەی کەباوکێکی سەر بەبنەماڵە یان ناوچەیەکی کوردی پێی حەرامە یان لای نەنگیی و عەیبەیە، لای باوکی شوێنێکی دیکەی کوردستان وانییەو بەڵکو بەتەواویی پێچەوانەیە، کچانی کوردە عەلەوییەکان بەبەرچاوی باوکیانەوە سەمادەکەن، بەئاگاداری ئەوان حەز لەپیاوان دەکەن و رەدووی دەکەون و زۆر شتی دیکەش کە ئەگەر کچانی کوردی زۆر ناوچەی تری کوردستان پێی هەڵبستن دەرئەنجامەکەی کوشتنە. بەشێوەیەکی گشتی مۆدێلی باوکی کوردی لەرووی ئۆتۆریتەو کاریزماوە، باوکێکی جێرمەنی یان باوکێکی ئینگلیزی ئۆرستۆکرات نییە، هەروەك چۆن پیاوە ئایینییەکانمان سام و رەهبەتی قەشەو راهیب و پیاوە ئایینییەکانی ئەوانی نییە. من ناڵێم لەوان نەرمونیاتر و بەبەزەیترن، مەبەستم لەوەیە باوکی کوردی بەلاساییکردنەوەی باوکانی غەیرە کورد، هەمیشە ویستوویەتی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ژن و ماڵو منداڵیدا بسەپێنێت، هەردەم بەئیحای مەرجەعە ئایینییەکان باوکایەتی خۆی وێناکردووەو بەکاریگەریی زۆر کولتووری دابونەریتی غەیرەکوردی، کەسایەتی ترسناکترین باوکی لەخۆگرتووەو هەموو ئەو دنیابینییە پڕ لەحەرامەی هێناوەتە نێو خانەوادەکەیەوە، ئەگینا سەردەمانێك لەنێو کوردا بەرزترین پلەی ئایینی و باوکایەتی لەنێو کەسایەتی کەسێکدا بەرجەستەکراوە کە"پیر"ی پێگوتراوەو لەدیدگەیەکی میستیکی و سۆفیستییەوە راوانیویەتییە هەموو ئەوەی کەهەبووەو بانگەشەی یەکبوونی بوون و



خۆشەویستی هەموو شتەکانی کردووە. ئاستەمە باوکێکی ئەو سەردەمە لێدان و فەلاقەکردن و کوشتنی منداڵانی خۆی پێ ئاسایی بووبێت، ئەمە جگە لەوەی کەباوکایەتی وەزیفەیەکە سیستمێك دەیسەپێنێت و هەموو ئەوەی بەسەریدا فەرزدەکرێت، دواجار بۆ پاراستنی خودی ئەو سیستمە خۆیەتی. سەیرە تۆ بتەوێت بەهاندانی مێردمنداڵان و گەنجان لەبەگژداچوونەوەی باوکانیاندا گۆڕانکاریی لەکۆمەڵگەدا بکەیت، چونکە تۆ پێش ئەوە سیستم و فەرهەنگ و کولتوورێکت هەیە کەباوکی لەنێو خێزاندا کردووەتە گاردیان و ماڵیشی کردووەتە ئەو زیندانەی کە باوك ئەندامەکانی خێزانەکەی تێدا زیندانی دەکات، تابتوانێت شکۆمەندی خۆی لەنێو کۆمەڵگەکەیدا بپارێزێت. جا سەبارەت بەدەقەکانیشم وەك بەرێزتان هەستتان پێکردووە، لەرووی ئەوەوە کە باپیر لەجێی باوك ئامادەگی هەیە، رەنگە یەکێك لەهۆکارەکانی ئەوە بێت، کەباوك و باپیرو پشتاوپشتی سولالەیەك دواجار هەر هەموویان کەسایەتی باوکێك پێکدەهێنن. تەنانەت ئەگەر لەزۆر رووەوە لێکچووبن یان جیاوازو لێکنەچوو. ئەمە جگە لەوەی کەباوکم هەمیشە شانازی بەباوکی خۆیەوە دەکردو بەسڵ و سامێکی گەورەوە زۆرجار دەیڕوانییە شمشێرو تفەنگەکەی کەدواتر دەبوو بەبێ ئاگاداری ئێمە زۆر بەباشی لەشوێنێکی نەزانراوی ماڵەکەماندا بیشارێتەوە.

ئیدریس عەلی: بەپێی سەردەمە جیاوازەکان ئاراستەی خوێندنەوەی خوێنەران گۆڕانی بەسەردا دێت، هەر بۆ نموونە کاتێك دەزانیت خوێنەرێکی زۆری دنیا رووده‌کاتە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی هیندی یان ئیسپانی یان ئینگلیزی، ئاخۆ بەرای ئێوە هۆکارەکەی چییەو بۆ دەبێت لەئێستادا خوێنەران کەمتر ئەدەبیاتی رووسی بخوێننەوە، لەکاتێکدا سەردەمانێك هەموو دنیا سەرقاڵی خوێندنەوەی ئەدەبیاتی رووسی بوون؟ بەرای ئێوە کەناڵەکانی میدیاو هۆکارەکانی راگەیاندن و میدیا، لەئاڕاستەکردنی خوێنەردا چەند رۆڵیان هەیە؟

یوسف عیزەدین: لەمڕۆدا ئەو ئیماژە بەرجەستەکراوانەی کە لەسکرینی تەلەفزیۆن و هۆکارە تەکنەلۆژییەکانی دیکەوە پێمان دەگات، لەخودی راستییەکان دوورماندەخاتەوەو ناهێڵێت تەواوی دیمەنەکان وەك خۆیان ببینین، چونکە هەمیشە

بەهەڵوەشاوەیی شتەکانمان پیشاندەدات و مەوداکان هێندە تەنگەبەر دەکات کەهیچ دەرفەتێکمان بۆ ناهێڵێتەوە تا بەچەشنێکی دیکە راستییەکان ببینین، هەر بۆنموونە تەلەفزیۆن لەپیشاندانی رووداوێکدا کەدەیان کەسی تێدا کوژراوە، بەچەشنێك دەیهێنێتە پێشچاوت کەهەست بەئێش و ئازاری کەسەکان نەکەیت و دووبارەکردنەوەی پەیتاپەیتای وێنەکانی رووداوەکەش هێندەی دیکە شتەکانت لائاسایی دەکات و وات لێدەکات دواتر بەئاسانی لەبیری نەکەیت، ئەو جۆرە کارکردنەی کەلەئێستادا باوەو بەسەرسامکردنی بینەر دەستپێدەکات، تەنها بۆ ئەوەیە کاریگەرییەکی کاتی لەسەر بینەر هەبێت و بەئاسانی لەبیر بچێتەوە. ئەمە جگە لەوەی لەمڕۆدا ریکلامکردن بۆ ئەدەبیات وەك هەر کاڵاو کەلوپەلێکی دیکە، پانتاییەکی بەرچاوی میدیاو کەناڵەکانی تەلەفزیۆن داگیردەکات و مەبەست لەفرۆشتنی کتێبە ئەدەبی و بابەتە هەمەجۆرەکانە، کتێبێکی ئەدەبیات و کتێبێکی چێشتلێنان هێندەی یەکتر ریکلامیان بۆ دەکرێت، یان خراپترین کتێب باشترین ریکلامی بۆ دەکرێت و باشترین بازاڕی کتێبفرۆشتنی بۆسازدەکرێت. لەدنیادا ئەوانەی ئیشی ریکلام دەکەن، تەنها مەبەستێکیان پەیداکردنی زۆرترین پارەیە، کێ زۆرترین بڕەپارەیان بداتێ باشترین ریکلامی بۆ دەکەن، هەموو ئەم ئاشووب و جەنجاڵی و سەرگەردانییە بمانەوێت و نەمانەوێت کاریگەرییەکی نێگەتیفانەیان لەسەر خوێنەری سادە هەیەو توانای ئیختیارکردنی خودیی تێدا تێکدەشکێنن. بەو پێیەش کە ئاماژەتان بەئەدەبیاتی رووسی-دا، گەرچی لەسەردەمی حوکمی سۆڤیەتی پێشوودا، بەبەرنامە ئەدەبیات و بابەتە هەمەجۆرەکانی خۆیانیان وەردەگێڕایە سەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی دنیاو بەدنیادا بڵاویان دەکردەوە، سەرباری ئەو ئامانجە سیاسییەی کەلەپشت وەرگێڕانی ئەو کارانەوە ئیشی دەکرد، بەڵام دەبینیت سەرجەم کلاسیکی ئەدەبیاتی خۆیانیان وەردەگێڕا. لەکاتێکدا"ڤلادیمێر ئیلیچ لینین" نووسەرێکی وەك "تۆلستۆی" بەکۆنەخواز لەقەڵەم دابوو، یان راوبۆچوونێکی زۆر خراپی لەسەر رۆماننووسێکی بە توانای وەك"دۆستەیڤسکی" هەبوو، بەڵام راوبۆچوونی کەسێك کەلیدەرو دامەزرێنەری حکومەتی سۆڤیەتی بوو، ئەمە جگە لەوەی کەئەو دەزگای وەرگێڕانانەش سەر بەو حکومەتە بوو، کەچی نەبووە مایەی وەرنەگێڕانی



شاکارەکانی"تۆلستۆی و دۆستەیڤسکی"و زۆر نووسەری تری لەوجۆرەی کەبیروباوەڕیان لەگەڵ بیروهزری دەسەڵاتی سۆڤیەتیدا نەدەهاتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە رۆڵێکی گەورەیان لەناساندنی ئەو نووسەرانەدا بینی و خوێنەرێکی زۆریان بەدەقەکانیان ئاشناکرد. دیارە من لێرەدا مەبەستم لەوەنییە کەبڵێم ئەگەر هەوڵوتەقەللای ئەو دەزگایانە نەبایە ئەوا ئەو نووسەرانە نەدەناسران، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە لەرووی پۆپویلارکردن وناساندنیان بەپانتاییەکی بەرفراوانی خوێنەران رۆڵیان هەبووە. واتە ئەوان توانییان سەرجەم ئەدەبیاتی کلاسیکیی خۆیان بەدنیا بناسێنن، بەڵام دواجار هەر خوێنەری جدییە کەدەتوانێت دەستنیشانی ئەو دەقانە بکات کەپرسیار دەورووژێنن یان دنیایەك جوانی لەخۆدەگرن. رەنگە لەو سەردەمەدا بەحوکمی باڵادەستی ئایدۆلۆژیایەك لەکایە ئەدەبی و فیکرییەکاندا، دەقەکانی "مەکسیم گۆرکی" هێنرابێتە پێش و بەزۆرترین ژمارە لەخوێنەران ناسێنرابێت و تەنانەت وەك ئەرك و بەرپرسیارێتییەك خوێنرابێتەوە، بەڵام ئەمڕۆ باس و خواسێکی "مەکسیم گۆڕکێ" لەگۆڕێ نییە، کەچی دۆستەیڤسکی رۆژ لەدوای رۆژ خوێنەری زیاددەکات. بۆیە سەرباری ئەو کاریگەرییە بێوێنەیەی ریکلامکردنی ئەمڕۆو بانگەشەو ئەو هالە بۆ دروستکردنە کە بەمەبەستی دەرخستنی نووسەرانێك و شاردنەوەی نووسەرانێکی دیکە دەکرێت، بەڵام هەموو ئەمە ناتوانێت دەقێکی ناجدیی لەبەرچاوی خوێنەرانیدا بکاتە شتێکی زیندوو. سەبارەت بەئەدەبیاتی رووسی-یش هەرچەندە خوێنەرانی کورد لەمڕۆدا کەمتر ئاگاداری ئەدەبیاتی رووسی-ین لەرووی ئەوەوە کەچی نوێ نووسراوەو لەدنیای دەرەوەدا دەخوێنرێتەوە، بەڵام رۆمانی "لیزکا و کوڕەکان"ی"ئەلێکساندر ئیکۆننیکۆڤ"، لەمڕۆدا یەکێکە لەو رۆمانانەی کەخوێنەرێکی زۆری هەیەو باس لەئێستای رووسیا دەکات، لەرووی ئەو پاشاگەردانییەی کە رژێمی پێشووی سۆڤیەت لەدوای خۆی جێهێشتووە، "لیزکا" کاراکتەری سەرەکی رۆمانەکەیە کچێکی گەنجەو بەدنیایەك ئومێدەو هیواوە گوندەکەی خۆی جێدەهێڵێت و روودەکاتەشار، بەڵام لەوێ ناچار دەبێت لەپێناو بژێوی خۆیدا زۆر کاربکات، "ئەلیکساندر ئیکۆننیکۆڤ" وەك یەکێك لەنووسەرە گەنجەکانی رووسیا، لەمیانی خستنەرووی حکایەتی"لیزکا" و بەسەرهاتەکانی پانۆرامایەکی ئێستای

رووسیامان دەخاتە پێشچاو. نووسەرێکی دیکەی ناسراوی تری رووسیش هەیە کەناوی"ئەلێکساندرا مارینیا"یەو کتێبەکانی بۆ بیست زمانی زیندووی جیهانی وەرگێڕدراون و لەدنیادا خوێنەرێکی زۆری هەیە، زۆر نووسەری دیکەی رووسیش هەن کەلەمڕۆدا دەنووسن و دەتوانم بڵێم لەدنیادا ناسراون و ترادەیەکی باش خوێنەریان هەیە.

**ئیدریس عەلی: لەچیرۆکی"بەسەرهاتی سەگێك لەسێبەرەکەیدا"و لەرۆمانی"دیوێکی دیکەی حیکایەتە نەنووسراوەکان"دا، جۆر ئیشکردنێك دەبینرێتەوە کە زۆر جیاوازە لەشێوازی ئشکردنەکانی پێشووترتان و خەم و حوزنێکی شاراوەی تێدا پەنهانەو هەمیشە لەپانتاییەکی دوورەدەستەوە دەگەڕێیتەوە بۆ نێو ئەو شارەی کەتەمەنێکی خۆتت تێدا بردۆتەسەر، دیارە ئەم گەڕانەوەیەش لەمیانی یادەوەری و نۆستالژیاوە بەئەنجام دەگەیەنیت و هەمیشە بەجەستە لەشوێنێکی تریت و بەڵام بەرۆح و خەیاڵ هەر لەو شوێنەی کەجێتهێشتووە."کاروان کاکەسوور" پێیوایە ئێوە نووسەرێکن کەدەتوانن لەسەر مەنفا بنووسن، بەواتایەکی دیکە ئێوە دەتوانن گوزارشت لەپەنهان و نهێنیەکانی نێو ناخی مرۆڤی کوردبکەن کەلەمەنفادا دەژی، جیاوازی ئەدەبیاتێکیش کە بەئەدەبیاتی مەنفا ناودەبرێت، رەنگە سەرەکیترین رەگەزێکی چەشنی مامەڵەکردنی بێت لەگەڵ شوێن، ئێوە وەك خۆتان چۆن تێی دەڕوانن؟**

یوسف عیزەدین: "مۆراکامی" دەڵێت:"هەر یەك لەئێمە جێگەیەکی تایبەت بەخۆمان هەیە، ژوورێکی تاریك وتایبەت، ژوورێك لەنێو خۆماندایە، کاتێك من لەسەر ئەو رووبەرە تاریکەی نێو خۆم دەنووسم، هەموو خوێنەرێك لەو رێگەیەوە راستەوخۆ دەتوانێت رووبەرە تاریکەکەی نێو خۆی بناسێتەوە". راستییەکەی توانای نووسەر لەوەدایە کەبتوانێت لەسەر ئەو رووبەرە تاریکەی نێو خۆی بنووسێت، چونکە ئەوە کارێکی ساناو ساکار نییە و بێگومان جورئەت و گەڕان و کەشفکردنی دەوێت، چونکە ناکرێت بەئاسانی سەر بەنێو ئەو ژوورە تاریکەی نێو خۆتدا بکەیت و هەموو ئەوە ببینیتەوە کەساڵانی تەمەن و درێویی و ناشرینییەکانی ژیان و کێشمەکێش و بگرەو بەردەکان وەك کاریگەرییەك بەسەر تۆوە جێیان هێشتووە، بێجگە لەو هەموو خەونەی کەتۆ لەکاتێکدا



پێتوان تەنها لەساتەوەختێکدا بینیووتن و ئیدی نایانبینیتەوە، بەڵام هەموو ئەمانەو دەیانن یادەوەری و شتی دیکەش هەتا تۆ هەبیت ئەوانیش لەژوورە تاریکەکەدا هەر دەمێنن. "میشێل دی ژیلدرود" پێیوایە ئێمەی مرۆڤ هەمیشە لەرووناکیدا ماسك لەدەمووچاو دەکەین و تەنها لەتاریکیدا دایدەکەنین، ئیدی تاریکی چ لەنێوماندا بێت، یان لەدەرەوەماندا بێت، سڵ و سامێکمان لادروست دەکات و ناهێڵێت درێژە بەو رۆڵە بدەین کە رۆژانە لەبەرچاو خەڵکیدا دەیبینین. تاریکی دەمانباتەوە بۆ نێو دنیای دەنگ و سەدا، دنیای گریان و هاوارەکانمان. تاریکی مەرگ و گۆڕت بیردەخاتەوە، دەتباتەوە نێو دنیایەك کەتەنها بەتەسەوورکردنی لەم دنیایە بێ ئومێد دەبیت و هەوڵ دەدەیت حیکایەتی راستەقینەی خۆت بۆ کەسێك یان چەند کەسانێك بگێڕیتەوەو لەو کەشە رۆحییەدا حەز دەکەیت دان بەتاوانەکانتدا بنێیت، ناشرینی و چەوتی و درۆکانی خۆت بگێڕیتەوە. ئاشکرایە نووسەر جیاواز لەکەسێکی ئاسایی، هەموو ئەو شتە شاراوانەی نێو ژوورە تاریك و تایبەتەکەی نێو خۆی لەساتەوەختی چوونە نێویدا، لەگۆشەنیگاو دنیابینی خۆیەوە راڤەی دەکات. بەڵام کردەی نووسین شتێکی دیکەیە من وەك خۆم هیچ پلانێکی پێشوەختم نییەو مەبەستم نییە بەشێوازێك لەشێوازەکان بنووسم، چونکە بەتەواوی هەوڵی ئەوە دەدەم بچمە دەرەوەی شتەکان، یەکەم دێڕو یەکەم وێنەی زەینی رامدەکێشێتە نێو دنیای نووسینەوە کەدواجار بۆخۆم سەرسام دەبم بەوەی کەئەو وێنە زەینییە پەیوەستە بەدنیایەك وێنەی دیکەوە کەلەبێئاگایمدا رەنگە زۆر دەمێك بێت خۆی حەشاردابێت. کردەی نووسین هەموو ئەو شتانە دەورووژێنێت و دواجار وێنەو دیمەنە زەینییەکان لەمیانی وشەو دێڕو پەرەگرافەکانەوە لەشێوازو شکڵێکدا دەخووڵقێن. خودی نووسین لەزۆر رووەوە بەسەفەرکردنێك دەچێت بەرەو مەجهول، نووسەریش ئەو موسافیرە سەرکێشەیە کەقایلە بەو موغامەرەیەی کەدەیکات و نابێت سڵ لەو شتە سەیرو سەمەرانە بکاتەوە کەرەنگە بێنەسەر رێی و دەبێت بزانێت چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکات و چۆن چۆنی درێژە بەسەفەرەکەی دەدات.

— ٤ —

**سۆران عەزیز: لەکاتی نووسینی رۆمانی مێژوویدا ئایا رۆماننووس دەوری مێژوونووس دەبینێت؟ یان ئازادە لەوەی رووداوەکان بەشێوەی نوێ بگێڕێتەوە؟**

یوسف عیزەدین: مێژوو یان مێژووگەرایی و بەمێژووکردن و لەناومێژوودا بوون و چەمکەکانی تری ئەو زاراوەیە، لێوانلێوە لەئیشکالییەتی فامکردن و راڤەو شیکاری جیاوازو ناکرێت بەسانایی لەئاست یەکێکیاندا رابوەستین، چونکە دەبێت بپرسین مێژوو چییە؟ مێژوو بۆ چی؟ ئەمە جگە لەوەی دەبێت لەوە بپرسین مێژووی کێ؟ مێژوو شتێکی بەڵگەنەویست و سەلمێنراو و سەقامگیر نییە، بەڵکو ناجێگیرو بێلەنگەرو ناسەقامگیرە. مێژووی نووسراو یان مێژووی نەنووسراو، مێژوو وەك تێکست یان مێژووی دەرەوەی تێکست و ئەمانەو زۆر شتی تر دەبنە پرسیار.

مێژووگەرایی لای "تۆرین" گۆڕینی چالاکییە بۆ شێوازێکی کۆمەڵایەتی کەهەڵسوڕان و کرداری تێدا دەبێتە کۆمەڵێك رێچکەو ئاراستە و ئەوەی ئەمەش دیاریدەکات ئەو شێوازەیە کەکۆمەڵگە لەمیانییەوە کردار بەسەرخۆیدا دەسەپێنێت و مێژووگەرایش لەکۆمەڵیکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر دەگۆڕێت و هەر کۆمەڵێکیش شێوازێکی جیاوازی کردەی ئەکشنی مێژووگەرانەی هەیە و هەرچەندەش کۆمەڵ لەئاست پیشەسازیشدا لاواز بێت، ئەوەندە مێژوو گەرابوونی لاواز و سەرزارەکی دەبێتەوە و بەسیمبۆلکردن بەسەر ئەقڵانیەتدا زاڵ دەبێت و لەهەمووشی گرنگتر بەڕای "تۆرین" ناکرێت لەمێژوو بگەین



ئەگەر تەنها لەڕوانگەی بەشداربووانیی و گۆشەنیگای هێزو دەسەڵات و دەوڵەتەکانەوە تێی بڕوانین.

مێژوو پێکهاتەیەکی یەکانگیرو سەربەخۆ نییە، لەچەندین جومگەو برگەو کایەو بواری جیاجیا پێکهاتووە، بەدەر لەبوون یان نەبوونی سەربەخۆیی بوونی، بەشێوەیەکی سەرەکی ئەوە ئێمەین وای دەبینین لەکاتێکدا ئەوانی تر بەشێوەیەکی تری دەیبینن و بەم شێوەیە مێژوو دەبێتە ئەو شت و شتانەی بەدەر لەزاراوەکان لەنێو بوونی تاك و کۆمەڵەکاندا ئیدامە بەبوونی خۆی دەدات و زۆرجار هیچی ئەوتۆی لەگەڵ حیکایەت فەرق نییە، نەك وەك رەگەزێکی حیکایەت ئامێزانە بەڵکو زۆر جار هەر بەتەواوی حیکایەتە و ئەمەش ئیشکالێکی گەورەیە، لەڕوویەکی ترەوە مێژوو قسەکردنە لەباس و خواسی کەسێکی تر کەلەئان و ساتێکدا برگەو بەشێکی رووداوێك یان هەبوویەکی بینیوە، گێڕانەوەی ئەو بینینەش ئەوەیە کەدواتر چ لەڕێی ئاخافتنەوە بێت وەك تێکستێکی نەنووسراو یان لەڕێی نووسینەوە بکرێتە نووسراو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، ئەوەی مێژووی سیحرو شەعوەزەو فێڵ و تەڵەکەکانی حەللاج و تەنانەت ئەوانەش کە کەرامات و نوورانییەت و سۆفیگەرێتی ئەو پیاوەمان بۆ دەگێڕنەوە پاشتر دەبێتە نووسراو و ئێستا لەبەردەستی ئێمەدایە، بەڵام بەبەراورد لەگەڵ شیعرەکانی حەللاج و کتێبێکی بەناوی "تاسین ئەلئەزەل وەلئیلتیباس" و ئەو بیروڕایانەی لەو کتێبەدا خستوویەتیە روو زۆر جیاوازن. هەر بۆ نموونە نووسینەوەی مێژووی ماوەیەکی نزیکی کورد لەکتێبەکانی قۆناغەکانی ئێستای خوێندندا بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی زۆربەمان ئاگادارین کەلەڕاستیدا چۆن بووە و زۆر جیاوازبووە لەوەی کەلەو کتێبانەدا باسی لێوەکراوە.

ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە مێژووی نەگوتراو و نەزانراوی شتەکانە، نووسینەکانی "فۆکۆ" لەوبارەیەوە بابەتی گرنگن وەك نووسینی لەبارەی "مێژووی سێکس" و "مێژووی شێتی" ەوە. سەبارەت بەشێتی پێی وایە تەنها پەنهانەکانی شێتی و بوونی لەکەناری مرۆڤایەتیدا، یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دڵەڕاوکێ و نیگەرانی دەرحەق بەمەرگ و هەر بۆیەش شێت لەئەدەب و هونەردا بەچەشنی کەسێکی زاناتر لەکەسێکی ئاقڵ وێنا دەکرێت. وێناکردنی مێژوو بەبێ هەڵوێستەکردن لەسەر مێژووی شێتێتی و

دەیان مێژووی تر کارێکی شیاو نییە. لەکاتێکدا ڕۆژئاوا لەپاش ڕێنیسانسەوە کار بۆ جیاکردنەوەی شێتەکان دەکات لەکۆمەڵگە، بەڵام لەڕۆژهەڵاتدا شێتەکان لەنێو شەقامەکاندا بەرەڵاکراون و بوونیان ئاساییە ئەگەر مەترسیداریش بن. بوونی دیکاتۆرێکی شێتی وەك "نیرۆن" لەمێژوودا مایەی هەڵوێستەکردنە، سەرباری هەموو شتەسەیرو سەمەرەکانی، کار گەیشتە ئەوەی پێشنیاز بکات لەجێی شەڕکردن لەگەڵ دوژمنەکانیدا خۆی و سوپایەکی گەورە لەسۆزانیی و گۆرانیبێژ بچنە بەردەم سوپای دوژمن و گۆرانییان بۆ بڵێن، هەر ئەمەش بووە هۆکاری کوشتنی. گۆڕانی تێڕوانین بۆ شێتی بەپێی قۆناغەکان گۆڕانی بەسەرداهاتووە.

سەبارەت بە"مێژووی سێکس"یش "فۆکۆ" بەوردەکارییەکی زۆرو خوێندنەوەیەکی وردەوە خۆی لەقەرەی نەگوتراوەکانی ئەو دنیا پەنهانە دەدات. بۆ نموونە لەهەڵسەنگاندنی گریکییەکاندا ئاماژە بەوە دەکات کەخواردن لایان کەوتۆتە پێش سێکسەوەو سێکسکردنیش لەگەڵ کوڕی گەنجدا کەوتۆتە پێش سێکسکردن لەگەڵ مێینەو حیسابنەکردن بۆ هیچ بەهایەکی ئەخلاقیی وەك ئەوەی دواتر ئەفلاتون تیۆریزەی دەکات و لەسەردەمی مەسیحییەتیشدا دەگاتە ترۆپك. لەئەوروپا گۆڕانی تێڕوانین بۆ سێکس لەچاخی هەڤدەیەمەوە دەست پێدەکات و لای"دی ساد" خۆراك دەبێتە مەجازێك بۆ شەهوەت و سێکس دەخرێتە پێش خواردنەوە.

ئاشکرایە قسەکردن لەسەر مێژووی شتەکان زۆر بەرفراوانەو بێشوومار نموونەمان لەبەر دەستدایە، بۆ نموونە مێژووی حەجکردن و بەتایبەتیش ئەوەی زۆر سەرنجم رادەکێشێت حەجکردنی بودیستەکانە، بەچەند مانگێك و بەسکەخشکێ بەنێو قوڕو لیتەو بەفردا بەسەر ئەو چیایەدا هەڵدەزنێن کەگوایە سەردەمانێك بودا لەئەشکەوتێکیدا نیشتەجێ بووە، ئەو حاجییانە لەپێناو بینینی شوێنیکدا یان ئەزمونکردنی هەستێکدا هەلاکەت و شەکەتییەکی بێ وێنە دەچێژن و ئەشکەنجەیەکی توندی جەستەی خۆیان دەدەن و سەرباری ئەوەش بەڕوویەکی گەشەوە ڕێگە دەبڕن.

قسەکردن لەسەر بەکاربردنی مێژوو وەك رەگەزێك لەڕۆماندا، جیاوازە لەنووسینی ڕۆمانێکی مێژوویی یان کارکردن لەڕۆمانێکدا بەتەسەوورێکی مێژوویی، یان بەکارهێنانی



ئەتمۆسفێرێکی مێژوویی بەمەبەستێك لەڕۆمانێکدا، چەندین شتی تریش کەدەکرێت کاری لەسەر بکرێت. هەموو ئەمانەش پەیوەستە بەخودی نووسەرو ئەزموونییەوە، کاتێك نووسەرێکی تەقلیدی مامەڵە لەگەڵ بابەتگەلەکانی مێژوودا دەکات، هەر چییەك بکات شتێکی باش نانووسێت و تێڕوانین و بۆچوونە باو و سواوەکان تێپەڕناکات. ئەمە جگە لەوەی مێژوو کەرستەیەکی لەکارکەوتووەو هەمیشە شتێکە لەڕابردوودایە جا رووی دابێت یان رووی نەدابێت، لەڕاستییەوە نزیك بێت یان لەڕاستییەوە دوور بێت. کێشەکە لەوەدا نییە واقیعێکی مێژوویی دیاریکراو چیبووە، چۆن بووە، بۆ بووە، سەرباری ئەوەی کەوەڵامێکی راستت چنگ ناکەوێت، کاری ئێمە خوێندنەوەی ئەوەیە کەڕوویداوە یان روونەداوە. وەك پێشتریش ئاماژەم بە"نەورۆز"داوە، ئەگەر هێنرابێتە نێو مێژووی کوردەوەو بەرگێکی ئەفسانەیشی بەبەرداکرابێت، بەڵام هەر خودی ئەو ئەفسانەیەی کەلەبارەیەوە دەگێڕدرێتەوە ئەگەر لەڕوانگەیەکی تەفکیکییەوە تێی بڕوانین، بوونی مێژوویی و واقیعیبوونی رووداوەکە هەڵدەوەشێنێتەوەو بێ هیچ پێچ و پەنایەك دەگەیتە ئەوەی ئەو ڕۆژە هیچ پێوەندییەکی بەکوردەوە نییەو بوونی وەك بۆنەیەکی نەتەوەیی کارەساتەو زیانی زیاترە لەسوودی و رەنگە بەئاستەمیش ئەقڵیەتی ناسیۆنالیستی کورد گەر لەداهاتووشدا بێت بتوانێ دەستبەرداری ببێ. بەڵام کاتێك ناسیۆنالیستە فاشییەکانی ئیتالیا و نازییەکانی ئەڵمانیا حیکایەتە ئەفسانەییەکانیان زیندوو دەکردەوە بۆ باڵاکردن و خستنەگەڕی فیکری ناسیۆنالیستی خۆیان لەچڵەپۆپەی فاشیزم و نازیزمدا، بەڕاستی شتێکی سەربەخۆیان دەدۆزییەوە کەتایبەتمەندێتی خۆیانی پێوە دیار بێت و هی کەسی تر نەبێت. ئەگەر کورد بەدرێژایی مێژوو پاڵەوانێکی واقیعی یان ئەفسانەیی هەبووبێت ئەوە بێگومان "کاوە"نییەو کەسێك یان کەسانێکی تربوون و هەر زوو لەیادەوەرییەکانیدا سڕدراونەتەوە، هەروەك چۆن زۆرترین ژمارەی کورد دەستبەرداری ئایینی پێشووتری خۆیان بوون و تائێستاش لایان نەبۆتە گرفت و پرسیارێکیان نییە. لێرەدا دەبێت ئاماژە بەگرفتێکی دیکەی کورد بدەین، ئەویش گوێزانەوەی زانراوەکانی پێشووتری لەڕێی ئاخافتن و گێڕانەوە بووە نەك نووسین، ئەمە لەکاتێکدا کۆنترین شارستانییەتی مرۆڤ وردترین شتی ڕۆژانەی لەسەر قووڕ نووسیوە، یان

لەسەر بەرد هەڵیکەندووە. هێشتاکە چەندین بەڵگە نامەی سەردەمی "داریوس" ماون، جگە لەو پسووڵانەی کەخەڵکی خۆراکیان پێ وەرگرتووەو تێیدا نووسراوە دەبێت بەحیساب و بەکیتاب چی وەربگرێت.

"فۆکۆ" باس لە"هیپۆمنێناتا" دەکات وەك رووداوێکی مێژوویی گرنگی مێژووی نووسین لەسەردەمی کۆنی گریکەکاندا، "هیپۆمنێناتا" وەك دەفتەری حیسابات و دەفتەری تۆمارکردن ناسراوە لەگریکداو هەر کەسێکی خوێنەوار هەیبووەو لەئەنجامی تێدا تۆمارکردنی زۆربەی ئەو شتانەی کەخوێنراونەتەوە یان گوێبیستی بوون یان بیریان لێکردۆتەوە سەرئەنجام وەك دەفتەرێکی بیرەوەری لێ هاتووەو بۆتە سەرەتایەك بۆ نووسینی لەوەو دواتری وتاری میتۆدی. "فۆکۆ" دەڵێت چەند"هیپۆمنێناتا" شەخسی بووبێت، نابێت وەك دەفتەری بیرەوەری گەرموگوڕی رۆژانە تێیبڕوانین، یان وەك بەسەرهاتی ئەزموونە رۆحییەکان. چونکە مەبەست لەنووسین تێیدا کەشفکردنی نهێنی و نەگوتراوەکان نەبووە، بەڵکو کۆکردنەوەی هەر شتێکە کەخوێندرابێتەوە یان گوێبیستی بووبێتن، بەمەبەستی پێوەندی کردن لەگەڵ خودو خۆ دروستکردن بووە.

**سۆران عەزیز: ئاستی رۆمانی کوردی چۆن دەبینن،ئایا رۆمانی کوردی توانیویەتی کەڵك لەڕەوتە تازەکانی ئەدەبی جیهانی وەربگرێت و بۆ بەرژەوەندی ئەدەبی کوردی بەکاری بهێنێت، ئایا رۆماننووسی کورد تاچەند توانیویەتی فرەدەنگی بەکاربهێنێت بەبێ ئەوەی تەکنیکی ئەو ژانرە بشێوێنێت؟**

یوسف عیزەدین: ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەمانەی مرۆڤ لەنێو ئەشکەوتەکاندا ژیاوەو لەسەر دیوارەکانی وێنەی کێشاوە، یان لەسەر تاتە بەردی نزیك ئەشکەوتەکان هەمان کاری کردووە، دەبینین هەوڵێکی زۆری داوە بۆ وەجووڵە خستنی وێنەکان، یان پیشاندانی وێنەکان لەکاتی جووڵەداو بەشێوەیەك کەناکرێت پێی سەرسامنەبیت، چونکە بەتەوایی ئەو تەکنیکەیان بەکارهێناوە کەدواتر و بووە شێوازی فیلمی کارتۆن و فیلم دروستکردن ئەویش بەدووبارەکردنەوەی وێنەکان لەدۆخی جیاجیای جووڵاندا، کاتێك لەتاریکیدا گڕی مەشخەڵێك لەبەردەم ئەو جۆرە وێنانەدا دەجووڵێندرێت، لەبەرچاودا دەکەونە جووڵەو ئەو مرۆڤانەی کەڕەنگە لەو کاتەدا هێشتاکە بەزمان و ئاخافتن ئاشنا



نەبووبێتن لەکەشێکی بەکۆمەڵدا سەیری ئەو وێنانەیان کردووە، دیارە لەپشت وێنەکردنیانەوە مەودایەکی زۆر قووڵتر هەیە لەوەی لەتێڕوانینێکی سەرپێیدا بینەر تەسەووری دەکات. لەو دەمەشەوە کەمرۆڤ توانیوویەتی قسەبکات و بدوێت، پانتاییەکی بەرفراوانی ژیانی بۆ گێڕانەوە تەرخانکردووەو لەنێو گێڕانەوەکاندا هەوڵی وێناکردن و بەرجەستەکردنی دیمەن و رووداو و کەسایەتییەکانی داوە، بەشێوەیەك کەوەك وێنەکان ئەوانیش لەجووڵەدا بن و لەمەشدا توانای ئیماو ئیحای جەستەی بەکارهێناوە، مرۆڤ نەیویستووە راوەستان بکاتە سەنتەری ئەوەی کەدەریدەبڕێت، هەردەم جووڵەی خستۆتە شوێن وەستان و سکون. دەتوانین کۆدە گرنگەکانی ئەدەبیات و هونەری ئێستا لەو سەردەمەوە ببینینەوە، رۆچوونە نێو پەنهان و نهێنییەکانی سەردەمانێکی بەرایی و سەردەمەکانی دواتریش دەمانگەیەنێتە ئەوەی کەهەست بەکۆنی ئەوە بکەین کەئەمڕۆ لەدنیای ئەدەبیات و هونەر و تەنانەت کایەکانی تریشدا دەگوزەرێت. لەو سەردەمانەدا جیاواز لەئێستا ئەگەر تاکە کەسێکیش بەکارێکی هونەری هەڵسابێت، لەمیانی گروپەکەیەوەو بەناوی ئەوانەوەو بۆ ئەوان وێنە دەکات، سەما دەکات، گۆرانی دەچڕێت و بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوە و ئەوەی کەلەدوای خۆی جێی دەهێڵێت هی هەموانەو بەشێوەیەك لەشێوەکان هەمووان تێیدا بەشدارن. جێهێشتنی ناوێك لەودەمانەدا جێی باس نەبووە، تەنانەت نەبوونی ناوی کەسی بەرهەمهێن"نووسەر" لەحیکایەتەکانی"هەزارو یەك شەو"ەشدا دەبینرێتەوە، ئەمە بۆخۆی پێش باسکردنی هەر ژانرێکی ئەدەبی لەئێستادا یەکێکە لەخاڵە گرنگەکان و قسەو باس زۆر هەڵدەگرێت، چونکە بەموڵکایەتیکردنی کارێکی ئەدەبی یان هونەری و ناساندنەوەی بەهۆی ناوێکەوە و بگرە لەوە زیاتریش بەمیللی کردنی یان پێدانی خەسڵەتێکی نەتەوەیی و هەرجۆرە خەسڵەتێکی تر، زۆر دوورە لەمەغزا کەینوونییەکەی هونەر و ئەدەب و بەمەش ئەو پانتاییە بۆتە شوێنجێگەی کێبڕکێی ناوەکان، شەڕی ناوەکان، دوژمنایەتی ناوەکان، تەبایی ناوەکان و دەیان شتی تر. مرۆڤی نێو ئەشکەوتەکان زۆر لەئێمە بەتواناتر بووە چ لەڕووی کەشفکردن و خستنەڕووی بەرهەمەکانی و چ جێهێشتنی بێ هیچ کێشەیەك و خەم خواردنێك، چونکە خەمی ئەوەندە بووە کەوێنە زەینییەکانی و تەسەوورەکانی

بخاتەڕوو. کاتێك نووسەر یان نووسەرانی"هەزار و یەك شەو"ە، بەرهەمێکی وا ناوازە بێناوی خۆیان جێدەهێڵن، دەزانن پاش نووسینی خوێنەر خاوەنێتی و تێکستەکان لەوان دەترازێن و ئەوانیش وەك هەر خوێنەرێك ئەگەر بیانەوێت دەیخوێننەوە. ئەم حیکایەتانە ئەقڵیەتی باوی نوسینی ئەدەبیاتی لەرۆژئاوادا لەبنەڕەتەوە گۆڕی و بووە سەرەتایەکی راستەقینە بۆ رۆمان و نۆڤێلا و کورتەچیرۆکی رۆژئاوایی و دواتریش لەوانەوە تەکنیکەکانی ئەو ژانرانە لەڕێی خوێندنەوەی دەقەکانیانەوە گەڕایەوە بۆ رۆژهەلات.

پاش هەر خوێندنەوەیەکمان بۆ ئەو حیکایەتانە هەست دەکەین بەرانبەر شتێکی نوێ راوەستاوین کەپێشتر درکمان پێنەکردووە، دەکرێت چەندین خوێندنەوەی بۆ بکرێت، زۆر جیاواز لەمەعریفەیەك کەلەپشت ئەو دەقانەوە کاری کردووە. بۆ نموونە بەخۆڕا باس لەکەسێك ناکات خۆی کردۆتە"هارون ئەلرەشید"، یان ئەو دیمەنەی کە"هارون ئەلرەشید" دەچێتە ماڵی شاعیری ناسراوی عەرەب"ئەبی نەواس"و ئەو بەسەرخۆشی و لەساتەوەختی رابواردندا دەبینێت لەگەڵ چەند کوڕێکی گەنجدا کە"ئەبی نەواس"قاچی لەقاچیان ئالاندووەو خەریکی ماچکردنیانە، دیارە لەخۆڕا بەنێو چەندین حیکایەتی ئەفسووناٴمێزدا نامانبات، چونکە کاتێك دەمانباتە سەر دیمەنێکی لەو جۆرەی پیاوە ناسراو و سوڵتان و زەنگینەکان و سەرسامامان دەکات، لەڕاستیدا زۆر لەوە قووڵتر کەتەسەووری دەکەین پرسیارمان لادروست دەکات و دەمانخاتە گومانەوە ئاخۆ وابوو یان وانەبوو، بەڵام خوێنەری وشیار ئەو پەنهان و شاراوانەی بۆ دەدۆزرێتەوە کەمەبەستە لەکارەکەدا.

قسەکردن لەسەر هەر ژانرێکی ئەدەبی کارێکی ئاسان نییە چونکە بەدووبارەکردنەوەی هەموو ئەوەی کەکراوەو گوتراوە ناگەینە هیچ، ئەمە جگە لەوەی تاچەند ناوهێنانی بوارێکی ئەدەبی یان هونەری بەناوێکی دیاریکراو پڕاوپڕی ئەوەیە لەکایەی ئەو بوارەدا دەگوزەرێ، دیارە خودی ناونان یەکێکە لەئیشکالەکان. کاتێك "میلان کۆندێرا" رۆمانی "دۆن کیخۆتە" بەیەکەمین رۆمانی هاوچەرخ ناو دەبات، من وەك خۆم قسەم لەسەر ئەوە نییە یەکەمین رۆمانە یان باشترینە، بەڵام قسەم لەسەر



وشەی هاوچەرخ هەیە، چونکە بەدیاریکردنی زەمەنێکی دەستنیشان کراو رۆمانەکە لەنێو زەمەنێکدا دەهێڵدرێتەوە، هەروەك چۆن هەبوون دەیانوویست سیفەتی مۆدێرنیزم یان پۆست مۆدێرنیزم بدەنە پاڵ رۆمانەکانی"سامۆیل بیکیت" بەڵام دواجار سەردەمی مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم کۆتاییان هات و کەچی هێشتاکە رۆمانەکانی "بیکیت" بەهەمان شەوقەوە خوێنەران دەیخوێننەوە. "ئۆرهان پاموك" کاتێك لەچاوپێکەوتنێکیدا پێیان گوت تۆ نووسەرێکی پۆست مۆدێرنیزمی زۆر نیگەران بوو و نکووڵی لەوە کرد سەر بەهیچ رێباز و قوتابخانەیەکی ئەدەبی بێت، دیارە ئەم پۆلێن کردنە کاری رەخنەگر و ئەوانەیە کەدەق هەڵدەسەنگێنن بەڵام لەهەمان کاتیشدا جێگەی پرسیارە.

سەبارەت بەوەش کەدەگوترێت"رۆمانی کوردی"، هەڵوێستە کردنی دەوێت، چونکە بە"دۆن کیخۆتە" ناگوترێت رۆمانی ئیسپانی هەرچەندە بەئیسپانیش نووسراوە. نووسین سەر بەڕەگەزێکی مرۆڤ نییە، سەر بەزمانێکی تایبەتیش نییە، "سەلیم بەرەکات" بەعەرەبی دەنووسێت بەڵام بەڕەگەز کوردە، لەکاتێکدا ئەدەبی کوردی ئەدەبیاتی ئەوی وەك ئەدەبێکی کوردی قبووڵ نییە، بەڵام ئەی ئەگەر نووسەرێکی بەڕەگەز غەیرە کورد هەموو بابەتی نووسینەکانی بۆ کورد تەرخان بکات، ئاخۆ نووسینەکانی دەچێتە نێو ئەدەبیاتی کوردییەوەو لەپاڵ ئەدەبیاتی کوردیدا حیسابی بۆ دەکرێت؟!. یان کەسێك بەڕەگەز سەر بەهەر نەتەوەیەك بێت و هەر لەمنداڵییەوە لەنێو کورددا گەورە بووبێت و بەکوردی بنووسێت و رەگەزنامەی کوردی پێدرابێت، ئەوە نووسینەکانی دەچێتە نێو ریزبەندی ئەدەبیاتی کوردییەوە یان نا؟!. ئەگەر وەك گریمانێك بچێت یان نەچێت ئەوە"نووسینی کوردی" وەك هەبوویەك و چەمکێك بەوشێوەیەی بەکاردەبرێت دەخاتە ژێر پرسیارەوە. تۆ بڵێی واباشتر و راستتر نەبێت، بۆ نموونە لەجێی رۆمانی کوردی بگوترێت رۆمانی بەکوردی نووسراو یان پێچەوانەکەی راستترو باشترەو ئەمانەو چەندین پرسیاری لەو جۆرە لەمرۆدا دەکرێت هەبێت؟!. ژانرێکی وەك رۆمان، کەهەر لە"رۆبنسۆن کرۆزۆ" و"دۆن کیخۆتە"و زۆرێك لەڕۆمانەکانی تریش، مرۆڤ و ململانێیەکانی تەوەرەی سەرەکی هەڵسوڕانی رووداوەکانی بووە، ئەگینا "سێرڤانتیس"ێك بەدرێژایی

ژیانی زەلالەتی بووە بەدەست دەسەڵاتی ئیسپانییەوەو لەزیندانێکەوە بۆ زیندانێکی تر ڕەوانەکراوەو بەم تۆمەت و ئەو تۆمەت ڕاودوونراوە، بەچی ئەوەی کەنووسیوویەتی دەبێتە موڵکی ئەدەبیاتی گەلی ئیسپانی. باشە زۆرێك لەو نووسەرە کوردانەی ڕەگەز نامەی وڵاتانی تریان هەیە ئەگەر بەرهەمێك بەزمانی کوردی بنووسن کوردییە، یان ئەگەر بەزمانێکی تر بینووسن کوردی نییە، بەهەرحاڵ دەبێت ساغکردنەوەی ئەمە بۆ خوێنەر جێبهێڵین. لەکاتێکدا دەبێت ئاماژەش بەوە بدەین کاتێک"نیچە" شێوازی ئاوازدانانی"لیتمۆتیڤی""ڤاگنەر"ی پەیوەست کرد بەئۆرگانیزەی میراتی جەرمەنییەوە، "ڤاگنەر" بەمە زۆر نیگەران بوو چونکە ئەو مەبەستی بوو بگاتە کەینوونەی کولتووری مرۆڤ، هەرچەندە بەدەرنەبوو لەئەزموونی جەرمەنی بەڵام وەك پردێك بۆ پەڕینەوە بۆ نێو کولتووری مرۆڤایەتی.

هەر ژانرێکی ئەدەبی بەشێوەیەك لەشێوەکان دەبێتە بەشێك لەکولتووری سەردەمەکەی خۆی، بەڵام نابێت لەگەڵ میرات تێکەڵی بکەین، کەلەباوانەوە بۆ وەچەکانی دەمێنێتەوە. کەفۆلکلۆر و ئەفسانەو داب و نەریت و میسۆلۆژیا و ئایین و هونەری میللی و زۆر شتی تریش دەگرێتەوەو هەر میللەتەی میراتی خۆی هەیە، ئیدی ئاستی جیاوازییەکانی هەرچەندێك بن!؟.

کاتێك زۆرێك لەنووسەرە مەغریبی و جەزائیرییەکان بەفەرەنسی ڕۆمان دەنووسن و باس لەهەرچییەك بکەن، عەرەب بەوەرگێڕانی لەنێو ئەدەبیاتی عەرەبیدا جێی دەکاتەوەو وەك ئەدەبێکی عەرەبی دەیناسێنێت و بەو حوکمەی بەفەرەنسیش نووسراوە جێبوونەوەی لەنێو ئەدەبیاتی بەفەرەنسی نووسراودا کارێکی قورس نییە، بەڵام ئاخۆ لەڕاستیدا سەر بەکامیانە، بێگومان سەر بەهیچ کامێکیان نییە، دواجار گوزارشت لەئەزموونی نووسەرێك دەکات و ئەگەر زمانێکی یەککگرتووی گەردوونی هەبوایە ئەوە نووسەر بەو زمانە دەینووسی و لەمەشدا هیچ نەنگییەك نییە.

پاش مردنی ڕۆماننوس"مەمەد ئۆزوون" زۆرێك لەخوێنەری شێوەزاری سۆرانی ناوی نووسەرێکی وەك ئەوی بیست و ئەو بابەتانەی بەرچاو کەوت کەلەسەری نووسراو، ڕەنگە خوێنەرانی ئەم دەڤەرە خۆشحاڵیش بووبێتن کەکورد ڕۆماننوسێکی لەو چەشنەی هەیە



وەك ئەوەی کەباسکرا. بەڵام بێئاگایی خوێنەرانی ئەو شێوەزارەی ئێمە پێی دەنووسین لەوەی کەئەو نووسەرە دڵپاك و بەستەزمانە بەدرێژایی تەمەنی نووسینی نەیتوانیوە یەك دێڕی گرنگ بڵێت و باشترین نووسەری ئەدەبیاتێکی سەرزارەکییە، هەر وەك"جگەر خوێن" کەجگە لەبەکارهێنانەوەی زاراوە سوواوەکانی خاك و نیشتمان و هاوشێوەکانی و سەرپێی بوونی ئەوەی کەدەیڵێت تەنها یەك دێڕی جیدی نییە، خستنەڕووی ڕاستییەکی وا هیچ نەنگییەکی تێدا نییەو لەئاست خستنەپاڵی چەندین زاراوەی ناسیۆنالیستی بۆ ئەو زاتەو پێداهەڵدانی لەلایەن ئەقڵیەتی ناسیۆنالیستییەوە هیچ گرفتێك نییەو چۆن وەسف دەکرێت و بەرز دەکرێتەوە بەدوور لەدنیای ئەدەب ئاساییە؟!. بەڵام هێنانە ناوەوەی ناوێکی واو هاوچەشنەکانی بۆ نێو دنیای ئەدەبیات و قبووڵکردنیان وەك کەسانێکی جیدی لەبواری نووسینی ئەدەبیاتدا کارەساتێکی گەورەیە، ئەو و هاوچەشنەکانی نە"ئەحمەدی خانی"ن و نە"نالی"یش تا ئەوەی کەنووسیوویانە پێویستی بەهەڵوێستەکردن بێت.

لەهەمان کاتدا ئاگادارنەبوونی خوێنەرانی کوردستانی باکوور لەئەدەبیاتی شێوەزاری سۆرانی چ وەك ئەوەی تەنها بەلاتینی دەخوێننەوەو چ وەك ئەوەی زۆربەی نووسینەکانیان بەتورکییە، ئیدی ئەم دابڕانە بەتێکەڵ کردنی کرمانجی ژوورو کرمانجی خواروو لەهەواڵەکانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا، یان بەو تێکەڵ و پێکەڵییەی لەکتێبەکانی کوردی قۆناغەکانی خوێندنی ئەم دەڤەرەدا کراوە چارەسەر ناکرێت، ئەمە ئیرادەو پرۆژەیەکی زۆر لەوە بەهێزتری دەوێت کەهەیە. هەربۆیە ئەگەر شیاویش بێت بگوترێت ئەدەبیاتی کوردی، ناچارین بڵێین ئەدەبیاتی کام شێوەزاریان. ئەمە کێشەیەك نییە تەنها تایبەت بێت بەکورد، تورك یەکێکە لەو نەتەوانەی ئەگەر نەڵێین ئاستەمە، ئەوە مەگەر زۆر بەزەحمەت ئازەری و قیرغیزی و کازاخستانی و تورکمان و تورکی ئێستای تورکیا لەکاتی ئاخافتندا لەیەکتر حاڵی ببن، بەڵام ئیرادەی سیاسی تورکیا هەر لەسەردەمی ئەتاتورکەوە شێوەزارێکی تورکی زۆر ناڕەسەن و جیاواز لەڕیتمی تورکی بەسەر هەموو پانتاییەکانی تری بەڕەگەز تورکەکاندا سەپاندووەو پاش ڕووخانی بلۆکی سۆڤییەتیش بەناردنی مامۆستا و دەیان پرۆژەی تایبەت بەفێرکردنی زمان، ئەو

شێوەزارەی خۆی سەپاندووە کەتێکەڵەیەکە لەسەدان وشەی فەڕەنسی و ئیتالی و ئینگلیزی و عەرەبی و کوردی و فارسی و چەرکەسی و لازیی و گریکی و زۆر زمانی تریش، توانیویەتی هەموو ئەو شێوەزارانەی کەئەوانی تر پێی دەدوێن لەئاست نووسیندا لایان بکاتە نەنگی و هەمووانیش ئەمەیان قبووڵەو لەڕووی زمانێکی یەکگرتووی نووسین و زمانەوە تەبان. بەڵام ئاخۆ ئەمە لەنێو کورددا بەو سانایيە دەکرێت و دەچێتەسەر، مەبەستم لەسەپاندنی شێوەزارێکی دیاریکراوە بەسەر ئەوی تردا، تالەم دەردەسەرییە رزگارمان بێت، ئەگەر کورد یەك نەتەوەو یەك میللەت بێت وەك باس دەکرێت، گرنگی چییە هەمووان لەسەر کام شێوەزار رێك دەکەون لەنووسیندا، ئاسایی نییە زمانێکی نووسینی هاوبەشمان هەبێت، لەکاتێکدا هەموومان ئەوە باش دەزانین دروستکردنی زمانێکی یەکگرتوو و تێکەڵ گرامەری دوو شێوەزارە سەرەکییەکە قبووڵی ناکات، عەرەب شێوەزاری چەند جیاواز بێت بێجگە لەبوونی زمانی یەکگرتوو، لەگرامەریشدا جیاوازیی نییە، بۆ نموونە جیاکردنەوەی مێینەو نێرینە، بەڵام ئەمە نەك هەر لەنێوان شێوەزاری کرمانجی باشوور و باکوردا هەیە بەڵکو لەنێو خودی شێوەزاری سۆرانیشدا هەیە، هەر بۆنموونە خۆشناوەکان مێینەو نێرینە لەبانگرتن و قسەکردنیاندا جیادەکەنەوە، هەر بەبیستنی ئەوەی کەدەیڵێن بەبێ هیچ ناوهێنانێك وەك زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەزانیت مەبەستیان نێرە یان مێیە. شێوەزاری هەورامانیش وەك شێوەزارێکی گرنگی تری زمانی کوردی و سەرباری نووسرانی کۆنترین نووسراوی کوردی بەو شێوەزارەو بەکارنەهێنانی لەمڕۆدا و حیساب بۆ نەکردنیان جێگەی پرسیارە، چونکە کێشەکە بەتەنها لەنێوان ئەو دوو شێوەزارەدا نییە، ئەی هۆرامانی و لووڕ و زازاو....

جا ئێمە کاتێك بەم شێوەزارە دەنووسین دەبێت بیر لەوەش بکەینەوە، چۆن وەریبگێڕینە سەر شێوەزارەکانی تری کوردی‌و چۆن ئەوەی ئەوانیش بگۆڕینە سەر شێوەزارەکەی خۆمان، ئەگەر کەمێك بیر لەمە بکەینەوە هەست دەکەین لەمڕۆدا بەرانبەر کێشەیەکی زۆر گەورە راوەستاوین.

جا لەهەمووشی سەیرتر ئەوەیە کەدواجار ئەگەر رێنووسی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان لەرۆژگارێکدا بکرێنە لاتینی یان عەرەبی چی روودەدات لەڕووی سڕینەوەو



نەمانی هەموو ئەو دەقانەی کەتائێستا بەیەکێك لەرێنووسەکان نووسراوە، لەکاتی قبووڵکردنی ئەویترياندا. "میهراد.ئیزەدی" پێی وایە کاتێك رێنووسی کوردی سەرجەم دەکرێتە لاتینی ئەوە هەموو ئەو ئەدەبیاتەی بەڕێنووسی عەرەبی نووسراوە لەنێودا نامێنێت مەگەر تاك و تەرا هەندێکی رێنووسەکەی بگۆڕدرێت، ئەو دەمیش ئەو ئەدەبیاتەی کەرێنووسەکەی گۆڕدراوە دەبێت لەسفرەوە دەست پێبکات، نموونەش بۆ ئەمە ئەو رێنووس گۆڕینەی ئەتاتورك بوو کەتوانی گەورەترین دابڕان لەنێوان هەموو ئەوەی کەپێشتر نووسرابوو، هەموو ئەوەی کەدواتریش نووسرا دروست بکات، ئەگەر تاك و تەرا هەندێك لەڕێنووسی ئەو دەقانەی سەردەمی عوسمانییەکان گۆڕدرابێت، لەچاو هەموو ئەو ڕێژە زۆرە نووسراوەی کەهەیە و ئەمەش هیچ کاریگەرییەکی نییە لەگەیاندنی ئەوەی کەهەیەو بۆ هەتاهەتایە زۆربەی ئەوەی کەهەبوو کرایە نەزانراو.

**سۆران عەزیز: گەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی چیرۆکی کوردی یان ئەدەبی کوردی وەك هەبوویەك هەبووەو بەدیدی بیبلۆگرافیانە و بەردەوام هەوڵی سەلماندنی خۆیداوە، بەڵام ئەوە جێی پرسیارە ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی بەردەوام ئەوەندەی هەوڵی سەلماندنی خۆیداوە، ئەوەندە هەوڵی ئەوەی نەداوە پرسیاری جیدی بێنێتە ئاراوە، بۆ نموونە نەیتوانیوە پرسیار لەخەسڵەت و گرفتەکانی ئەو کاتی مرۆڤی کورد بێنێتە ئاراوە، ئایا نەبوونی پرسیار لەئەدەبیاتی کوریدا هۆکارەکەی چییە؟**

یوسف عیزەدین: کاتێك زۆربەی کەسانی نێو پانتاییەکی جوگرافی وەك زانراو بڕواننە شتەکان و هەست بەبوونی نەزانراوەکان نەکەن و هەمیشە لەهەوڵی سڕینەوەی هەر دەنگێکی جودا بەخۆیان بن، تا درز نەکەوێتە نێو پانتایی بێدەنگییان، ئەوە دەبێت چاوەڕێی بەرهەمهێنانی چ پرسیارێك لەپانتاییەکی لەو چەشنە بکرێت؟

قایل بوون بەوەڵامە حازر بەدەستە سڕکەرەکانی هۆش و هزر، یەکێکە لەسیماکانی کۆمەڵی کوردی و هاوچەشنەکانی. بەشێوەیەکی گشتی ئەقڵییەتی تەقلیدی لەو جۆرە پانتاییانەدا هیچ دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەکی بەرانبەر نەزانراوەکان نییەو بەزانراوە کرچ و کاڵەکان قایلە، لەمەشدا سیستمی توندو تیژی رۆڵێکی کاریگەری هەبووەو هەیە، ترس لەتوندو تیژی تاڕادەیەکی زۆر رێ لەموغامەرەکانی ئەقڵ دەگرێت بۆ پەی بردن

بەنەزانراوەکان. بنەمای بەمیللەت بوون یان بەنەتەوەبوونی هەر کۆمەڵە خەڵکێك لەهەڵوەشاندنەوەی سیستمی قەبیلەگەری و عەشرەتگەرییەوە دەست پێدەکات، بەڵام ئەم سیستمە لەکۆمەڵی کوردیدا تادێت بەهێزتر دەبێت و هیچ سیماو دەرکەوتەیەکی لاوازبوونی لەمڕۆدا جێگەی قسەو باس نییەو تاکە پەرتەوازەو بێ ئینتیماکانی دەرەوەی ئەو خولگانەش تادێت زیاتر تێك دەشکێندرێن و مەسخ دەکرێن، یان دەخرێنە پەراوێزەوەو حیسابیان بۆ ناکرێت. دەبینین لەکۆمەڵگەی کوردیدا خەسڵەتەکانی فیودالیی وەك خۆی ماونەتەوەو هەموو ئەوەی لەئێستادا لەدنیاداو لەنێو کوردستاندا دەگوزەرێ هیچی لەمەسەلەکە نەگۆڕیوەو لاقەی پێوەندییەکانی پێشووتری نەکردووەو بگرە بەهێزتریشی کردووە. واقیعی کوردی گیرۆدەی باڵادەستی هێزە غەیبییەکانە کەبۆخۆیان لەدەرەوەی پرسیارکردن و لەڕێی تەقدیسکردنەوە ئیدامە بەخۆیان دەدەن، بەمەش قسەکردن لەئەقڵانییەت لەئێستادا لەخەیاڵ نزیك دەبێتەوە. واقیعی کوردیش بەمە لەدەرەوەی ساتەوەختی مێژوو ماوەتەوەو هەموو ئەو پانتاییەی ئەو بەدنیاوە دەبەستێتەوە دیاردەو رووداوەکانە کەهێندەی پێی رەوا دەبینرێت رۆڵی تێدا دەبینێت و بەبێ ئەوەی بەخۆ بزانێت یان نەزانێت لەرووکەشی مێژوودا دەیەوێت شوێنێکی پێبدرێت و بڵێن هەیە. تەقدیسکردنیش بەشێوەیەکی رەها یەکێکە لەگرفتە سەرەکییەکانی سیستمی کۆمەڵی کوردی و بەدرێژایی مێژوو رێگر بووە لەئاست پرسیارکردن و بەرهەمهێنانێکی فیکری ئەقڵانیی. هەر بوونی هەر پرسیارێکی ناغەیبیی و ئەقڵانیش مەترسیدارە بۆ جۆرە سیستمێکی لەو چەشنە، بۆیە هەمیشە لەهەوڵی سڕینەوەو بچووککردنەوەو لەناوبردنی هەر پرسێك بووە کەشەرعیەتی بوونی بخاتە ژێر پرسیارەوە، هەر ئەم ئەقڵیەتەشە لەمڕۆدا کۆمەڵی کوردی بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان کردۆتە کۆمەڵی ئاهەنگ و یادو بۆنەو مەراسیم و فیستفاڵ و پێداهەڵدان و وتار خوێندنەوەو چەپڵەلێدان و لافیتە هەڵواسین و شایی و هەڵپەڕکێ. هەموو ئەمانە توانای تەسکین کردن و سڕکردنیان بەهێزەو ئاستەمە لەنێو فەوزایەکی لەو چەشنەدا لەسەر ئاستێکی بەرفراواندا پرسیار دروست بێت. ئەگەر شۆڕش هاوتای رێنیسانس بێت ئەوە کورد هەوڵدان و تێکۆشانی دژ بەدەسەڵاتە دژەکوردەکان بۆ بەدەستهێنانی لانی کەمی



مافەکانی ناو ناوە شۆڕش، دیارە ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە. جێنەبوونەوەی ئەقڵانییەت لەپانتایی کۆمەڵی کوردیدا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ میللەتانی دراوسێیدا نییە، کێشمانکێش و تێزە ئەقڵانییەکانی "ئیبن روشد" لەزەمینەی واقیعی عەرەبیدا شین نەبوو، بەڵکو رووبەڕووی گەورەترین دژایەتیش بۆوە، بەڵام واقیعی ئەوروپایی تێزو بۆچوونەکانی"ئیبن روشد"ی قۆزتەوەو کردییە سەرەتای رێنیسانس و گۆڕانی دنیابینیان و یەقینیان بەتواناکانی ئەقڵ.

جیانەکردنەوەی میرات و کولتووری کوردیش لەواقیعی کوردیدا وەك پێشتریش ئاماژەم پێدا گرفتێکی ترە، کاتێك میرات بەوە دەگوترێت کەلەباوانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ نەوەکانی و زیاتر لەدوو توێی تەقدیس کردندا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. بەڵام کولتوور ئەوەیە کەبەچەشنی میرات ناگوێزرێتەوە، چونکە ئەوەندە هەیە کەتۆ لەپێناو پەی بردن بەخۆت بیری لێدەکەیتەوە. کولتوور ژیانەوەی هاوبەشێتی تۆو ئەوانی ترە لەمیانی دیالۆگەوە، بەمەبەستی پرسیارو تەئویلکردن، بۆ گەیشتنە هۆشمەندییەکی دەستەجەمعی ئەقڵانی. کولتوور ئینتیمایەکی کەینوونەییە لەکاتێکدا لەبەردەم مێژووی خۆت راوەستاویت و تێی رادەمێنیت. "هایدگەر" لەڕێی بۆچوونەکانی "هوسرل"ەوە خۆیداوە لەتاوتوێکردنی گرفتی بوون و کەینوونە، "هوسرل" کولتوور و بابەتی لەیەکتر جوداکردەوە، بەو واتایەی کەبابەت شتێك نییە کەپێشتر هەبێت تا ئەقڵ درکی پێبکات، ئەوە دیالۆگە دەیخوولقێنێت.

کاتێك باس لەمیراتی کوردی دەکەین، ناکرێت چاوپۆشی لەگرتنەخۆی پرسیارنەکردن و تەقدیسکردنی بکەین، چونکە هەردەم ئاستەنگێکی زۆر گەورە بووە لەئاست خستنەڕووی پرۆژەیەکی فیکری و مەعریفی، وەك گریمانێك تۆ ئەگەر تەنها بەرانبەر شتێکی دیاریکراویش بۆت نەبێت پرسیار بکەیت و لێیخووردبیتەوەو وەك بەڵگەنەویست تێی بڕوانیت، ئەوە پرسیارکردنت لەشتەکانی تریش ناتگەیەنێتە هیچ.

کاتێك "جەمیل سائیب"ی چیرۆکنووس، چیرۆکی"لەخەوما" دەنووسێت، دەبینین تووشی چ کێشەیەك دەبێت، خۆ ئەگەر دەست پیاوانی "شێخ" بکەوتایەو هەڵنەهاتەیە، ئەوە بێگومان دەکوژرا. ئەقڵیەتێك پێی وابووە ئەو چیرۆکە قودسیەتی "شێخ" دەخاتە

ژێر پرسیارەوەو ئەمەش قابیلی قبووڵ نییە لای ئەو جۆرە ئەقڵییەتانە. کەواتە پێش وەخت تۆ دەسەڵاتێکی غەیبیت هەیە کەناکرێت پرسیاری لەبارەوە بکرێت، ناکرێت پێچەوانەی تێڕوانینی باو هیچی لەسەر بنووسیت، هەر هاوچەشنی ئەم جۆرە ئەقڵییەتەشە کەپێشتر دژ بە"جیۆردانۆ برۆنۆ و کۆپەرنیکۆس" و چەندین بیرمەند و زاناو نووسەر و هونەرمەند چی نەکردووە؟!. بەڵام دواجار رۆژئاوا لەهێنانە ناوەوەی ئەقڵانییەتدا سەرکەوتوو بوو، گەرچی لەئێستادا لەوێشدا هەست بەو پاشەکشێیە دەکرێت، ئەگینا کارکردن بۆ زیندووکردنەوەی مەزهەب و تەریقەت و گروپی جیاجیای ئایینی و خورافی کەئەگەر دەسەڵات پشتگیری نەکات نەیدەتوانی بگاتە ئەوەی کەپێی گەیشتووە لەسڕینەوەی ئەقڵییەتی کەسانێکی زۆر، هەروەك گروپی"داودییەکان" کەمندالآن فێرە ئەوە دەکەن کەباوەڕ بەوەبهێنن قیامەت نزیك بۆتەوەو نیشانەی قیامەتیش هێرشی لەشکری بابلە بۆ سەریان، ئەو مندالآنەی ئەوان لەکڵێساکانیاندا تەلقینیان دەدەن بەوپەڕی باوەڕەوە چاوەڕێی هێرشی سوپای بابلن، هێنانەوەی غەیبانییەت و وەهمی ئایینی پرۆژەیەکی زۆر گرنگی ئێستای سیستمی دەسەڵاتی دنیایە، ئیدی ئەمە لەئەفگانیستان و وڵاتە دواکەوتووەکان بێت یان لەئەمریکاو وڵاتە پێشکەوتووەکانی تر. بەڵام ئەگەر قسە لەسەر پرسیار لەئەدەبی کوردیدا بکەین سەرباری دەگمەنبوونی، بەڵام کێ هەیە بڵێت"نالی" پرسیاری نەبووە، یان "مەحوی" لەدیدگەی خۆیەوە رەخنەی نەبووە؟!.

لەم پانتاییەی ئێمەدا نەك هەر رێ لەپرسیاریش دەگیرێت، بەڵکو گێڕانەوەی هەر بەسەرهات و رووداو و راستییەك کەلەگەڵ ئەو سیستمە غەیبییەدا نەگونجێت یاساغە. بۆ نموونە چواردە ساڵێك لەمەوپێش مامۆستایەکی بەتەمەنی ناسراو لەدنیای نووسیندا بەخەم و حەسرەتێکی زۆرەوە باسی ئەوەی بۆ کردم کەلە یادکردنەوەیەکی "شێخ مەحمود"دا ویستویەتی یادەوەرییەکی خۆی لەگەڵ ئەو زاتە لەکۆڕەکەدا بگێڕێتەوە، بەڵام پێش وەخت زانیویانە بەتەمایە چی بگێڕێتەوە بۆیە دەمکوتیان کردووەو نەیانهێشتووە بیگێڕێتەوە، یادەوەرییەکەشی هەر ئەوەندە بووە کەلەسەردەمێکدا کە"شێخ" دەسەڵات و هەیبەتی جارانی نەماوە ئەم چۆتە سەردانی بۆ ئەو شوێنەی



کەلەو کاتەدا تێیدا ژیاوەو وەزعییەتێکی ناشایستەی بینیوە، هەر لەو چەقۆکێش و شەلاتییانەی کەلەو دەمەدا بەدەورییەوە بوون و تاگوێ پێنەدانی خزمەتکارەکەی بۆ داواکارییەکانی، کاتێك "شێخ" پێشوازییەکی گەرمی لەمامۆستا کردووەو بۆ پیشاندانی رێزو نەزاکەتی خۆی و دوورکەوتنەوە لەوانەی کەلەو کاتەدا بەدەورییەوە بوون بردوویەتیە ژوورەکەی خۆی و لەوێش ئەم چاوی بەو چەرپا کۆنە کەوتووە کەسپرنگەکانی هەمووی دەرهاتوون و زۆریش نیگەران بووە کە"شێخ" چەند جارێك داوای چای بۆ میوانەکەی کردووەو کەچی کەس گوێی پێنەداوە. دیارە ئەمە یادەوەرییەکی زۆر ئاساییەو گێڕانەوەی سوودێکی زۆری لەلێخووردبوونەوەو لێکۆڵینەوەی لایەنە شاراوەکانی ئەو زاتەدا هەیەو هیچ شتێکی سەیرو نامۆشی تێدا نییە. کاتێك کتێبی مێژووی وڵاتان، دەخوێنینەوە چەندین شتی سەیرو سەمەرەی ئەو زاتانەت دەخاتە پێش چاو بەلادانە سێکسی و خیانەت و چەوتی و ناشرینییەکانیشیانەوە، کارێکی لەو چەشنە لەسادەترین شێوەی خستنەڕوویدا تا قووڵترین و ئاڵۆزترین شێوەی لەمرۆیەکدا کەباس لەباڵادەستی ئەقڵ دەکرێت کارێکی زۆر ئاساییەو بەپێچەوانەشەوە پەردەپۆشکردنی نائاساییە. بەڵام لەواقیعی کوردیدا کەدەمێك ساڵە کەسایەتی کوردی تێدا مەسخ کراوەو بەردەوام کار بۆ بەکۆیلەکردنی کراوە دەبێت چاوەڕێی زۆر لەوە خراپتریش بین.

**سۆران عەزیز: ئایا چیرۆك کایەیەکی سەربەخۆیە لەبەردەم دنیادا یاخود هەڵگری کۆمەڵێك پەیامە لەدەرەوەی چیرۆك خۆی؟**

یوسف عیزەدین: ئەگەر پێش ئەوەی باس لەچیرۆك بکەین وەك ژانرێکی ئەدەبی، شتێك رۆبچینە نێو دنیای حیکایەت کارێکی خراپ ناکەین، چونکە حیکایەت چ وەك ئەوەی تائێستاش لەدەرەوەی تێکستی نووسراو هەڵدەسووڕێت و بوونی هەیە، چ وەك ئەوەی جارێکی تر لەمرۆدا لەرێی بەحیکایەتکردنی شتەکانەوەو لەڕێی ئاخافتنەوە دەچێتە نێو تێکستی نووسراوەوە، ئەگەر یەکێك لەسیماو خەسڵەتە سەرەکییەکانی حیکایەت گێڕانەوە بووبێت، ئەوە لەئێستادا لەهەموو سەردەمەکان بەبەرنامەترو زیاتر گێڕانەوە بەرەوی پێدەدرێت و بەئامانجێکی زۆر جیاواز لەئامانجی حیکایەت خۆی،

کەرەنگە گەورەترین ئامانجی سەرسامکردن و چێژ بەخشین بووبێت، ئەمەش بەمەبەستی راکێشانی گوێگرو دواتر گەیاندنی مەغزا بووبێت. بەڵام لەمڕۆدا دوور لەبوونە راستەقینەکەی حیکایەت خۆی، بۆتە کەرستەی سیستمێکی بەرفراوان و ترسناکی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە، لەڕێی بەحیکایەت کردنی سەرزارەکی شتە گرنگەکانەوە کەدەبێت بەزمانێکی لۆژیکی و زانستییانە قسەی لەبارەوە بکرێت، بەڵام هەروەك چۆن دەقە ئایینییەکان "کریتیك"ترین مەسەلەی رۆحی و مادی لەڕێی بەحیکایەت کردنییەوە لەبوونی خودی خۆی دادەماڵن و رەهەندێکی غەیبیی پێدەبەخشن و بەمەش باشترو ئاسانتر گوێگران و خوێنەران کۆنترۆڵ دەکەن.

دیارە لەبواری فەلسەفەو فیکرو مەعریفەشدا بەکاربردنی حیکایەت دەبینینەوە، لەخۆڕا "ڤالیری" بەفەلسەفەی "دیکارت" ناڵێت:"حیکایەتی ئەقڵ"، یان پێشی دەگوترێت، رۆمانی بنیاتنان یان فێربوون. بۆرژوازییەت یەکێکە لەو سیستمانەی زۆر بەباشی سوودی لەبەحیکایەت وەرگرتنی شتەکان وەرگرتووە. مەشروعییەتی بوون و دەسەڵاتی خۆی، لەڕێی گێڕانەوەی حیکایەتەوە لەخەڵکەوە وەردەگرێت، ئەمەش بەگێڕانەوەی حیکایەتی نەتەوەو ئازادی و دیموکراسییەت و چەمکەکانی تریش، بەهێنانە ناوەوەی چەمکی میللەت و بەمیللی بوون، تا گێڕەڕەوە بکاتە "میتا-خود"، بەواتای گێڕانەوە لەدەرەوەی خودو دەروونی دەسەڵاتی بۆرژوازییەتەوە. ئەمەش پێچەوانەی ئەو گێڕانەوە تەقلیدییانەی پێشووترە کەلەخودەوە دەستی پێدەکردو تەوەرەی سەرەکی پاڵەوان بوو، بەڵام پاڵەوان لەشێوە گێڕانەوەی "میتا-خود"دا خەڵك و میللەت و گەل و ئەو چین و توێژانەیە کەزەرمەندن لەبوونی دەسەڵاتێکی لەو چەشنە و ئامانجی ئەم جۆرە حیکایەتانەش جێگرتنەوەو کۆنترۆڵکردنی هەموو شتێکە بەئەقڵیشەوە، مارکسیزم-یش بەدەر نییە لەو جۆرە تێڕوانینە پرۆلیتاریا جێی خەڵك و گەل دەگرێتەوە، حزب جێی زانکۆو قۆناغەکانی خوێندن دەگرێتەوەو بەم جۆرەو هەر سەرپێچی و باوەڕ نەبوونێکیش بەحیکایەتی ئەو چەشنە دەسەڵاتانە دەرئەنجامەکەی سەرکوتکردن و داپڵۆسینە. لێرەدا وتارێکی "هایدگەر" هەیە کەپێویستە وەك نموونەیەك ئاماژەی پێبدەین، لەدرێژەی وتارەکەیدا پاش وەسفکردنی گەلی ئەڵمانی بەگەلێکی مێژوویی و رۆحیی، دەچێتە سەر



ئەوەی کەئەرکی مێژوویی میللەتی ئەڵمانی ئەوەیە کەدەبێت کاربکات، بجەنگێت، مەعریفە بەدەست بهێنێت و گرنگترین دێڕیشی ئەوەیە کەدەڵێت:

"گەل ئەوەنییە مرۆڤایەتی رزگار دەکات بەڵکو ئەوەیە کەبۆخۆی دنیای رۆحیی راستەقینە دەستەبەردەکات".

دیارە ئەم راوبۆچوونە حیکایەت ئامێزانەی "هایدگەر" بەڕادەیەك ئاشکرایە کەرەنگە پێویست بەڕوون کردنەوە نەکات.

زاناکانیش بەبێ گێڕانەوەی حیکایەت و بەحیکایەتکردنی بابەتە زانستیەکانیان کار بۆ گەیاندنی دۆزینەوەیەك یان داهێنانەکانیان ناکەن بەزمانێکی زانستی، هەروەك "لیۆتار" باسی لێوە دەکات زاناکان کاتێك لەکەناڵەکانی تەلەڤزیۆنەوە دەردەکەون یان لەکەناڵەکانی دیکەی میدیا-دا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێت لەڕێی گەمەی بەحیکایەتکردنەوە دەیانەوێت ئەوەی کەکردوویانە وەك داستانێك پیشانی بدەن.

قسەکردن لەسەر چیرۆکیش وەك هەڵینجراوێکی حیکایەت، یان بوونی حیکایەت وەك نووسینێکی بەرایی لەپشت چیرۆکەوەو ئەمانەو زۆر شتی تریش جێی قسەوباسن. ئەمە جگە لەجیاوازی ژانرەکانی چیرۆك لەمابەینی چیرۆکی درێژو کورتە چیرۆك و چیرۆکی زۆر کورتدا، لەڕووی تەکنیکەوە، بەڵام هەموو ئەوەی پێش وەخت لەبارەیانەوە زانراوە، ئەلف وبێی نووسینیانە، ئەگینا ئەگەر وەك کردەیەك سەیری بکەین ئەوە مەسەلەیەکی ترەوەو گرنگی بوونی لەوەدا نییە چی لەمیانی تەکنیکەکانییەوە دەتوانرێت بنووسرێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە چۆنی پیێ دەنووسرێت. "لۆرنس" و"جۆیس"و"مانسفیلد" لەو نووسەرانەن وەك شیعر مامەڵەیان لەگەڵ نووسینی چیرۆکدا کردووە"مەبەستم لەکورتە چیرۆکە"و لەبری کاریگەری گرێچن و زۆرێك لەتەکنیکەکانی دیکەی، گرنگییان بەسیمبۆل و دیالۆگی دەربڕین داوەو زۆر جیاواز لەشێوە کارکردنی"ئیدگەر ئەلن پۆ" کەناوێکی دیاری ئەم ژانرەیە کاریان کردووە. ئیدی بەم شێوەیە دەیان شێوە کارکردنی جیاواز لەیەکتر دەبینینەوەو ئەوە خوێنەرە ئەمیانی لەویان پێ باشترەو هەر خۆشی دەتوانێت بزانێت بۆ فلانە چیرۆکی بەلاوە سەرنج راکێشترە لەیەکێکی تر، کە رەنگە نەزانێت و نەتوانێ دەستنیشانی بکات چونکە دواجار قووڵاییەك لەنێو مرۆڤدا هەیە، کەبەئاگا یان

بێئاگا کار دەکاتە سەر ئیختیارەکانی و رەنگە ئەمەش یەکێك بێت لەهۆکارە گرنگەکان کەکار دەکاتە سەر ناکۆك بوونی خوێنەران لەچێژ وەرگرتن و حەزی جیاجیان لەخوێندنەوەی دەقێك و نەخوێندنەوەی دەقێکی تر. بۆنموونە من وەك خۆم شەیدای خوێندنەوەی"هێرمان هیسە و بۆرخیس"و زۆرێکی ترم لەو نووسەرانەی کەزۆرجار نەك خوێنەری ئاسایی بەڵکو نووسەری باشیش هەن حەزیان بەخوێندنەوەیان نییە، ئەمە مەسەلەی جیاوازی چێژ بینینمانە پێش هەر شتێکی ترو دواتریش وردەکارییەکانی تر رۆڵ دەبینن. ئەگەر ئەم حەزکردن و حەزنەکردنە نەبووایە، ئەوە لەئێستای ئەدەبیاتی کوردیدا لەچەند ناوێك زیاتر دەقی هیچ نووسەرێکی جیدی تر نەدەخوێندرایەوە، چونکە بەپێی ریکلام بۆ کردن و پێداهەڵدان و لەسەر نووسینی بەردەوامی کەسانێك لەسەر چەند نووسەرێکی دیاریکراو و نەك هەر پشت گوێخستنی ئەوانی تر بەڵکو سڕینەوەو لێدانیشیان بەسەدان شێوازی بەحیکایەتکردنی تواناو قودرەتی خەلاقانەی ئەو نووسەرانەی کەمەبەستیانە و بێتواناکردنی ئەوانەی مەبەستیشیان نییە، بەڵام دیارە نەك هەر لای ئێمە بەڵکو لەدنیاشدا ئەو جۆرە"پۆپویلەر"کردنە ئەگەر کاریگەریشی هەبێت لەڕووی کێشکردنی خوێنەرو گەرمکردنی بازاڕی کڕینی کتێبەکانیان لەئاست خوێنەرێکی بەرفراواندا، زۆر ناخایەنێت و هەر هێندە نابات هێندەی خێرایی ناوبانگ دەرکردنی خۆیان و نووسینەکانیان دەچنە پەراوێزی خوێندنەوەوە. لەکاتێکدا ئەو نووسەرە جیدیانەی لەپەراوێزدا دەهێڵرێنەوەو بەبەرنامە کار بۆ لێدانیان دەکرێت بۆ خاتری ئیبراز پێکردن و تەقدیسکردنی نووسەرێکی تر، دواجار خوێنەر دەیاندۆزێتەوە، لەهەموو ئەم گەمەیەشدا شتێکی زۆر گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە کەگەشتی دەق بەنێو خوێنەرانیدا بەشێوەیەکی بەرچاو، لەپاش مەرگی ماتاریالیی نووسەرەوە دەست پێدەکات و زۆربەی ئەوانەی لەرۆژگاری بوونیاندا لەژیاندا پانتاییەکی گەورەی قسەو باسەکانیان داگیرکردووە، پاش مەرگیان لەبیر چوونەتەوە یان ئەو گرنگییەی پێشتریان پێنەدراوە. هەروەك پەراوێزکردنی "هیراکلیتس وئەبیکور و تالیس"و زۆر بیرمەندی تری گریکی بەرانبەر ئیبرازکردنی"ئەفلاتون"و"ئەرستۆ"و هاوچەشنەکانیان بەدرێژایی مێژوو نەبووە



مایەی پووکانەوەیان بەڵکو لەمڕۆدا بەتەوایی لەکایە فیکری و فەلسەفییەکاندا تەرحەکانیان حزوریان هەیە.

**سۆران عەزیز: ئایا چیرۆکی کوردی توانای بەرهەمهێنان و گەڕان بەدوایی مانایدا هەیە، یاخود وەك کامێرایەك دەیەوێت وێنەی واقیعمان بۆ بگرێت؟**

یوسف عیزەدین: "کۆلیردج" باس لەوە دەکات کەئەدیبی باش ئەو کەسەیە کەگوێ بۆ ئەو شتانە هەڵدەخات کەخەڵکی گرنگی پێنادەن و بەمەبەست دەبێت هەموو ئەو پێودانگانە لەخۆیدا لەکار بخات کەتەبایە لەگەڵ خەڵك لەتیڕوانینی بۆ شتەکان.

ئەمە سەرەتایترین شتە کەبەدەر لەویستی نووسەرێکی ئەدەبیات دەبێت لەخۆیدا هەبێت، مەبەستم لەوەیە ئەمە جۆرێك نییە لەنمایش یان شتێك بێت بەتەواوی پەیوەست بێت بەخوێندنەوەی ئەکادیمیانەو تەنانەت ئەزموونیشەوە. لەگەڵ ئەوەی کەشتێکی غەیبی نییە بەڵام لێ حاڵیبوونیشی ئاسان نییە، هەر بۆیە لەنێو سەدان شاعیری سەردەمی "نالی"دا ئێمە لەئاست "نالی"دا سەرسام دەبین و ئەوانەی تر پشت گوێ دەخەین، لەگەڵ ئەوەی ئەوانیش رەنگە جار جار شتێکی باشیان گوتبێت، یان کاریان لەئاستێکی باشی ئیستێتیکیدا کردبێت، بەڵام هەر دەڵێی هەودایەکی ناسك و نهێنی تۆ
بە

شیعرەکانی "نالی"ەوە دەبەستێتەوە، سەرباری سادەبوونی ئەو شیعرانەی کەزۆر سەرنجمان رادەکێشن، هەروەك چۆن لەنێو هەموو شیعری عەرەبیدا لەئاست بەیتە شیعرییە ساکارەکانی"حەللاج"دا هیچ خوێنەرێکی جیدی شیعر نییە، هەڵوێستەی لەئاستدا نەکات و بەبەردەوام حەز بەخوێندنەوەی نەکات، سەیر نییە لەپشت ئەو ساکارییەوە هێندە دنیایەکی قووڵ هەبێت کەپێویست بکات سەدان لاپەڕەی لەسەر بنووسیت و رۆژگارێکی دوور و درێژ بیری لێبکەیتەوە، سەیریش لەوەدایە ئالۆزترین شیعر لەڕووی زمانەوە قابیل بەوەرگێڕانە بەڵام بەیتە شیعرییەکانی "حەللاج" سەرباری ساکاریان بەئاسانی خۆیان نادەن بەدەستەوە نەك هەر لەڕووی وەرگێڕانیان بۆ زمانێکی تر بەڵکو لەڕووی وەرگێڕانی زەینییەوە بۆ فامکردنی شیعرەکانی، وەك نمونەیەك دەکرێت بڕوانینە ئەم بەیتە:

**( فاين ذاتك عنى حيث كنت ارى**

**فقد تبين ذاتى حيث لا اين )**

گرنگترین شتێك لەم بەیتەدا نەبوونی یەقینە وەك دەرئەنجامێكی ئەزموونی میتا سۆفییانەی "حەللاج" و بەتەواوی هەڵقوولاوێكی رۆحییە. بەڵام كاتێك دەڕوانیتە بەیتێكی "مەحوی" دەبینیت هەوڵی دەرخستنی یەقین دەدات، وەك :

( غەیری وەحدەت لەوجودا نییە، كەسرەت وەهمە

سادە تەكراری یەكە، مەنشەئی ئەوهامی عەدەد )

زۆربەی ئەدەبیاتی بەكوردی نووسراو بەچیرۆكیشەوە، بەشێوەیەكی سەرەكی بەنێوی خستنەڕووی فۆرم و ناوەڕۆكەوە خۆی نمایشكردووەو هەروەك ئەوەی پەی بەكارێكی زۆر گرنگ و سەرەكی دەق دابێت، ئەمە لەڕەخنەی بەكوردی نووسراویشدا دەبینرێتەوەو تەقلیدی بوونیشی لەمەوە دەست پێدەكات. كامەیە فۆرم و ناوەڕۆكی ئەو بەیتەی "حەللاج" كەئاماژەمان پێدا، ئاخۆ دەكرێت بەو ئاسانییە بەپێودانگە تەقلیدییەكان مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت، لەكاتێكدا زۆر دەمێك ساڵ لەمەوپێشیش نووسراوە، بێگومان ئەگەر مامەڵەیەكی وای لەگەڵدا بكرێت، هەوڵدانێك دەبێت بۆ كوشتنی رۆحی شیعرەكە و كیمیای پێكهێنانی كەلێوانلێوە لەئەتمۆسفێرێكی گوماناوی و ئێستەتیكێكی ئەندێشەیی. ئەدەبێك دەتوانێت كاریگەر بێت كەلەیەكەم ساتەوە سەرسامان بكات و بۆ خۆی نەخشەیەكی دیكەمان بداتێ تا بەنێو مەجهولەكانیدا بگەڕێین و دواتر لەقوولایی ئەزموونەكەی بگەین، ئاخۆ ئەو دەم دەگەینە پەی بردن بەمانا یان ماناكان، یان دەگەینە میتا مانا و بگرە بێمانایش. ئێمە كەدەڵێین مانا مەبەستمان لەمانا چییە، كام مانایە بەگشتی ئەدەبیاتی بەكوردی نووسراو بۆی گەڕاوە، یان ئەگەر بەكامێرایەك وێنەی واقیعی بۆ گرتبین، وێنەی كام واقیعی بۆگرتووین و واقیع چییە ! ؟. ئەگەر بەتایبەتیش باس لەچیرۆك بكەین، چەند چیرۆك هەیە بەخوێندنەوەی ویڵی مانایەكی نەزانراومان بكات، ئەودالّی دۆزینەوەی نهێنییەكمان بكات، یان رەها بوون بخاتە ژێر پرسیارەوەو خۆی بدات لەئەگەر و گریمانكردنەكان و بەتەواوی لەگەڵ خۆی بمانبات و ئاشنای شتە نامەئلوف و نەزانراوەكانمان بكات. چەند كورتەچیرۆك و نۆڤێلا و رۆمانی بەكوردی



نووسراو هەن، كیمیای پێكهاتەكانی لەو جۆرە ماددانە بن كەسەراسیمەمان دەكەن، چەند تێكستمان هەن سەرپێی نەبن و هێندەی"سد هارتای" ،"هێرمان هیسە"و "مورفی"، "بیكیت"و چیرۆكەكانی "بۆرخیس"و زۆرێكی دیكەی لەو چەشنە رووبەڕووی رامانمان بكەنەوەو لەساتەوەختێكدا گومان لەبوونی خۆمان بكەین.

**سۆران عەزیز: ئایا چیرۆك نووسی كورد بۆچی چیرۆكی نووسیوە، ئایا بۆ داهێنان لەئاستی مانادا بووە یان لەتەكنیكدا كۆتایی هاتووە؟**

یوسف عیزەدین: "مارسیل پرۆست" لەڕێی گێڕانەوەوە وەك رەگەزێكی بەكارهاتوو لەنووسینی چیرۆك و رۆماندا، توانی كۆڵەكەكانی كلاسیكی رۆمان بڕووخێنێت و كارەكتەر لەكەسایەتییەكەوە بگۆڕێت بۆ هۆشمەندییەكی ناوەكییانە دەرحەق بەزەمەن. ئەمە وەك نموونەیەك بۆ نەبوونی هیچ بەلگەنەویستێكی پێشووتر بۆ نووسین، دیارە لەكاتێكدا كەنووسەر توانای نووسینی دەقێكی زیندووی هەبێت، كەواتە پێش وەخت نابێت هیچ كامێك لەشێواز و قوتابخانە و رێچكەو رێبازەكان دیاری بكرێت و نووسەر خۆی پابەندی پێودانگ و یاسایەكی دیاریكراو بكات. هەن دەڵێن"بۆرخیس" نووسەرێكی میتافیزیكییە لەڕێی فانتازیاوە بەشوێن لۆژیكێكی تایبەت بەخۆیدا دەگەڕێت. ئەم بۆچوونە هیچ پێوەندییەكی بەخوێندنەوەی ئێمەوەوە نییە كاتێك تێكستەكانی ئەو نووسەرە دەخوێنینەوە، هەڵكەوتنی نووسەرانی جدی و بەتواناش كارێكی دەگمەنە و هەموو ئەوەی لەدنیادا دەگوزەرێ بەناوی ئەدەبیاتەوە، سەرباری بوونی خوێنەر و خوێندنەوەیان و چوونە ناوەوەی ناویان بۆ نێو لێكۆڵینەوەو كتێبە تایبەتەكانی مێژووی ئەدەبیات. بەڵام ئەمە هەمووی كردەیەكی مردووی ناساندن و خستنەڕووی ئەوانە، وەك ناساندنی هەر شتێكی تر. گرنگ ئەوەیە منی خوێنەر چی سەرنجم رادەكێشێت و تامەزرۆی خوێندنەوەیم دەكات.

بۆ نموونە كاتێك دەقە بابلییەكانم دەخوێندەوە قەسیدەیەكی تایبەت بەغەزەلكردن لەگەڵ "خوێ" سەرنجی راكێشام، خوێ لەو قەسیدەیەدا ئەو خوێیە نییە ئێمە زۆر بەمەئلوفی تێی دەڕوانین، لەو قەسیدە بابلییەدا خوێ خۆراكی خوداوەند "ئینلیل"ەو وەك شتێكی پیرۆز دوعای بۆ دەكرێت، تا ئاواتەكانیان بۆ بهێنێتە دی و شتێكیشە

لەپاکترین شوێندا خوولقاوە. کاتێك ڕۆدەچینە نێو زۆربەی ئەو تراژیدیانەی کەپێشتر نووسراون زۆر بەباشی هەست بەو نامەئلوفیەتەی دەکەین، نەك لەبەر ئەوەی ئەو شتانەی کەباسیان لێوەکراوە لەئێستادا نامەئلوفن، بەڵکو شێوازی کارکردنی نووسەران زۆر لەئێستا جدیتر بووەو پێناچێت گوتارێك بووبێت بۆ هۆشمەندییەکی ئاست نزم و بالآبوونیشی تا ئەو ئاستە جێگەی پرسیارە.

"ئارسەر میللەر" دەڵێت:( ئەگەر ئۆدیب زیاتر هۆشمەند بووایە لەئاست ئەو هێزانەی لۆمەی دەکەن سەبارەت بەوەی لەگەڵ دایکی خۆی جووت بووە، ئەوە دەیگوت هیچ تاوانێکم نییە چونکە نەمزانیوە. بەڵام ئەو پاش ڕوودانی گوناهەکەی پێدەزانێت و هیچ چارەیەکیشی نییە بێجگە لەکوێرکردنی چاوی خۆی. بەڵام تراژیدیا لەمەدا چییە؟ بۆ نابێت ئەمە شتێکی پێکەنیناوی بێت؟ چۆن دەبێت ڕێز لەپیاوێك بگرین کەسەرباری بێدەسەڵاتبوونی لەئاست ئەوەدا کەڕوویداوە بەڵام دواتر ئەو کارەش ئەنجام دەدات. بەڕای من وەڵامەکە ئەوە نییە ئێمە ڕێز لەو پیاوە دەگرین، بەڵکو ئێمە ڕێز لەو یاسایە دەگرین کە لەبێئاگاییەوە پێشێلی کردووە، چونکە ئەو یاسایە بەڕای ئێمە ئەوەیە کە ماهییەتمان وەك مرۆڤ دیاری دەکات).

حەقیقەت لەکردەی نووسیندا سەرباری ئەوەی ڕەها نییە لەهەمان کاتیشدا ئەو حەقیقەتە نییە کەدەمانباتەوە بۆ سەر حەقیقەتێکی تر، حەقیقەت لەچیرۆکدا تەوزیف و کەشفە بۆ هەموو ئەو ئاسۆو ئەگەرانەی کەدەکرا وابووایە، لەکاتێکدا وانییە؟! نووسین یەقین نییە بەدنیا و زانراوەکان بەڵکو گومانە لەوەی کەهەیە.

**سۆران عەزیز: بوونی ئەدەبی مولتەزیم و داواکاری هەندێك بۆ پێویستی بوونی ڕەخنەی مولتەزیم، لەسەردەمی ئەمڕۆماندا چۆن لێك دەدەنەوە؟**

یوسف عیزەدین: سەرەتا ئەگەر ئەدەبێك ناوی مولتەزیمی لێبنرێت، دەبێت پرسیاری ئەوە بکەین ئیلتیزامی بەچییەوە هەیە و بۆ ئیلتیزامی کردووە؟! کاتێکیش باس دێتە سەر ڕەخنە وەك ئەوەی لای ئێمە هەیە، حیکمەتێکی "تاوی"یم بیر دەکەوێتەوە کەدەڵێت:( ئەوەی قسە دەکات نازانێت، ئەوەی دەشزانێت قسە ناکات). ئەزموونێك کەلەقووڵایی کارێکی جیدیدا هەیەو توانای تێپەڕکردنی زەمەنی هەیەو دواجار خوێنەر



سەرسام دەکات، بۆخۆی لەدەرەوەی بەسەنتەربوونی شتەکان خوولقاوەو مەبەستیشی نییە ببێتەوە بەسەنتەر، بەسەنتەرکردنیشی لەلایەن هەر کەسێکەوە هەوڵدانە بۆ کوشتنی ڕۆحی زیندووی ئەزموونەکە. هەندێك لەسۆفی و عارفەکان ئەزموونەکەیان دەیانگەیەنێتە بێدەنگی و هیچ نەگوتن، نەك لەبەر ئەوەی پێشتر هەموو شتێك گوتراوە بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو شتەی ئەوان پێی گەیشتوون لەچوارچێوەی کلێشە هەبووەکاندا ناگوترێت. ئەمە جگە لەوەی لەوەی هەندێکیان بەتەواوی لەوە دڵنیان هیچ حیکمەتێك شیاوی گەیاندن نییە لەڕێی وشەوە، وشە هەمووشتێك نییە و هێندەی کەرستەی سەرەکی نووسین و گەیاندنە هێندەش گرفتێکی زۆر گەورەیە، نەزانینی ناوی بوونەوەرێك زۆر گرنگترە لەزانینی ناوی چونکە لەڕاستیدا ئێمەین ئەو ناوەمان بۆ داناوەو بۆخۆی لەدەرەوەی ناوبردن و ناوهێنانی ئێمەدا هەیە. دەکرێت باوەڕ بەوە بهێنین کەهەردوو وشەی "ئادەم و حەوا" گوزارشت لەنێر و مێیەکی مرۆڤ دەکەن هەر لەبەرایی بوونی مرۆڤەوە، دەکرێت بەنێرینەیەکی نیاندرتاڵ بڵێین ئادەم و بەمێینەکەشی بڵێین حەوا، دیارە ناکرێت، باشە ئەگەر ئادەم و حەوا لەوان کۆنتربن بۆ ناکرێت، بەپێی تێڕوانینی ئایدیالیستی قەول نییە سەرجەم مرۆڤایەتی لەوانەوە هاتبێت؟! دەبینیت ناوهێنان و دانانی وشەیەکی دیاریکراو چەند بەئیشکالەو لەچ قووڵاییەکدا هەڵدەسووڕێت کەکەمجار پێوەندی بەخودی شتەکەوە هەیە، ئەمە جگە لەوەی نەمان و مانی یان بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی وشەیەك زۆرجار هیچ لەمەسەلەکان ناگۆڕێت، بەکارنەهێنانی وشەی کۆیلە و کۆیلایەتی لەمرۆدا ئاخۆ دەتوانێت واقیعی بوونی کۆیلەو خاوەن کۆیلەکان بسڕێتەوە؟ لەکاتێکدا لەژێر ناو و بوونێکی گۆڕدراودا، ژمارەی هەرە زۆری مرۆڤ لەمرۆدا چین، بێجگە لەکۆیلەی کار و سەرمایە و هەموو ئەوەی کەبۆ چەوساندنەوەی مرۆڤ ئامادەیە چی ترن؟! "فۆکنەر"دەڵێت:

( شەرمەزارییە مرۆڤ لەم دنیایەدا ئەوەندە کار بکات، لەهەمووشی خەماویتر ئەوەیە کەسەرەڕای هەشت سەعات کارکردنی ڕۆژانەی، ناتوانێت هەشت سەعات نان بخوات، هەشت سەعات بخواتەوە، هەشت سەعات خۆشەویستی بکات، تەنها شتێك کەدەبێت

لەرۆژێکدا هەشت سەعات بیکات کارکردنە، هەر ئەمەشە مرۆڤی کردۆتە کلۆڵێکی بەدبەخت).

لەم دنیایەدا بیرۆکەو وشەکان زۆر دوورن لەماهییەتی شتەکان، ئێمە لەمرۆدا لەنێو سیناریۆی دنیادا دەژین نەك خودی دنیا خۆی، ئێمە لەنێو گەمەی بیرۆکە و وشەکاندا دەژین .

ئەمە جگە لەوەی هیچ بنەمایەکی ئەسڵی حەقیقەت بوونی نییە تا بۆی بگەڕێینەوە، مەرکەزیەتی ئەقڵ و فەلسەفە و دەسەڵات و هەموو چەمکەکانی تر ترسناکن، کەبەبێ دەربازبوون لێیان هیچمان پێ ناکرێت، مەرکەز ئەو شوێنەیە کەخودی تێدا تێکدەشکێنرێت. لۆگۆس و ئەقڵ وەك دەخرێتە روو یەکەمین و دوایەمین گەرانتی حەقیقەتن، بەڵام لەڕاستیدا وانییەو دەبێت پاش هەڵوەشاندنەوەیان راڤەیان بکەین، دەبێت بتوانین کار بۆ دۆزینەوەی سیستمی شاراوەی پشت شتەکان بکەین. رۆمان نووسێکی وەك "ئیبراهیم ئەلکەونی" دەڵێت:

( ئێمە ئەو شتانە دەبینین کەنابێت ببینرێت و ئەو شتانەش نابینین کەدەبێت ببینرێت).

ئەوەی کەکایەی ئەدەبی پێویستیەتی لابردنی لەمپەرەکانە نەك زیادکردنی لەمپەرەکان، سەرباری ئەو هەموو رێگرییەی کەبۆخۆی هەیە. جا بەڕاستی قسەکردن لەسەر ئەدەبیات و رەخنەی مولتەزیم و شتی لەو چەشنانە کاری خەڵکانێکە ئاگایان لەوە نییە لەدنیادا چی دەگوزەرێت و هەموو هەوڵێکیان بۆ سەقامگیرکردنی سەنتەرە کەدواتر دەبێتە ئەو دەسەڵاتە کوشندەیەی کەلەکۆمەڵگە تۆتالیتارییەکاندا نموونەیان زۆرن، ئەمە ئەقڵییەتێکە دەیەوێت لەپاڵ دەسەڵاتدا حوکم بکات، لەکاتێکدا دەسەڵات وەك "هۆبز" دەڵێت:

( دەسەڵات یان دەوڵەت ئەو درندەیەیە کەکۆنترۆڵی هەمووان دەکات بەپێی یاسایەکی تاقانە ئەویش بری ئەو ترساندنەیە کەدەیخوولقێنێت). ئیدی ئەوەی لەدەرەوەی دەسەڵاتیشدایە مەحکومە. بەڕای "ئیبن خەلدون"یش قبوولکردنی مەحکومەکان بۆ دەسەڵاتێك، لەگەڵ بەسەرچوونی رۆژگاردا شێوازێکی شەرعی بەخۆوە دەگرێت و دواتر



یاسا و داب و نەریتەکان تۆکمەی دەکەن. بۆیە جەخت کردنە سەر هەر جۆرە ئیلتیزام و کاروکردەوەیەکی لەو چەشنە پەیوەستە بەنووسەری سەرزارەکی نووس و کەم توانا و مەعاش خۆری ئەو جۆرە سیستمانە و هەر ئەوانیشن جێبەجێی دەکەن، ئەدەبی مولتەزیمی سەردەمی رژێم ئەو ئەدەبە بوو کەتەبا بوو لەگەڵ تەسەووراتی بەعس بۆ دنیا و کەمێکیش نین ئەو نووسەرە کوردانەی کەنەك هەر بەعسی بوون و ئیلتیزامیان هەبووە لەڕووی ئەدەبیاتەوە، بەڵکو وتارە سیاسییەکانیشیان کەبۆ سەرۆکی رژێم و پێداهەڵدانی بەعس نووسیوویانە گەواهیدەرێکی ترەو سەیریش نییە لەمرۆدا لەپێشی پێشەوە بن و داوای ئەدەبی مولتەزیم و رەخنەی مولتەزیم و سانسۆری مولتەزیم و لەناوبردنی هەر دەنگێکی جیدی و نەیار بەسیستمی ئێستایان بکەن دیارە هەمووشی بەشێوەیەکی مولتەزیمانە، کەبۆ ئەوان هیچ شتێك فەرق ناکات گرنگ ئەوەیە لەپێشەوە بن، هەروەك چۆن لەهەردوو زەمەنی دەسەڵاتی پێشوو و ئەوەی ئێستاش هەر لەپێشەوە بوون و بژێوی خۆیانیان بەزیادەوە پێ دابین کراوەو مەسەلەکەش لای ئەوان هەر ئەوەندەیە. هەردەمیش ئەقڵیەتی غەیبیی و دەسەڵات پێویستی بەوانەیەو بەبێ ئەوانە کاری مەیسەر نابێت، بەڵام جارێکی تر دەبێت جەخت بکەمە سەر ئەوەی ئەدەبی جیدی ئەوە نییە لەکایەکەدا دەگوزەرێ و کەبۆخۆی سازاندنی بازاڕە، وەك "لۆتار" ئاماژەی پێدەدات لەدەست کۆمەڵێك شوانی هونەر و ئەدەبیاتدایە و ئەو دەمەش ئەدەب و هونەر رۆڵی گەوادێك دەبینن بۆ رازیکردنی زەوقی کڕیارەکانیان و وەك واقیعێکیش هەر شتێك بەکەڵکی ئەو ئەقڵیەتە بێت دەچێتە پێشەوە.

ئەگەر کارکردن لەزماندا لەڕوویەکەوە گەمە بێت ئەوە وەك"لۆمان" جەخت دەکاتە سەری زۆر رێگە هەیە بۆ رێگەگرتن لەگەمەکردنی کەسێك و هەر بەڕای ئەویش ئەمە شێوازێکی تیرۆریستانەیە، بۆ بێدەنگ کردن جا چ بەلەناوبردنی یان بەهەڕەشە لێکردنی. تەسك کردنەوەی بازنەکان و بالاکردنی کایە ئەدەبی و هونەری و کایەکانی تر و دانانی دەسەڵاتێك کەشەرعییەتی بڵاوکردنەوەو بڵاونەکردنەوەو شتەکانی دیکەی لەئەستۆدا بێت و دەسەڵات پاڵپشتی بێت ئەوەش سەرەتای جەهلێکی بێوێنەو توندوتیژییەکی مۆڕاڵی و مەعریفیی بۆ لەناوبردن و دەمکوتکردنی هەر شتێك کەببێتە مایەی پرسیار.

**سۆران عەزیز: لەپانتایی رۆشنبیری کوردیدا زەمینەی دروستبوونی رەخنەی هاوچەرخ لەئارادایە ئەگەر وەڵامەکە ئەرێیە یان نەخێرە لەبەرچی و هۆکارەکانی کامانەن؟**

یوسف عیزەدین: هەرچەندە رەنگە لەجێی وشەی رەخنە راڤەو شیکاری و خوێندنەوەو هەندێ زاراوەی لەو چەشنە گونجاوتر بێت، چونکە کاتێك گوێت لە وشەی رەخنە دەبێت بەتایبەت وەك ئەوەی لەکوردیدا بەکار دێت، یەکسەر بڕیارێکی پێشوەختی کەسێکت بیر دەکەوێتەوە بەرانبەر بەدەقێك یان کارێکی هونەری یان هەر شتێکی تر، وشەی رەخنە لەوشەی "نقد"ی عەرەبییەوە نزیکە لەڕووی رووکارە شەڕانیی و هێرش کارییەکەیەوە، بەڵام ئەم وشەیە لەزمانەکانی دیکەدا وانییە لەتورکیدا زیاتر وشەی"یورووم"ی بۆ بەکاردێت بەواتای هەڵسەنگاندن، وشەی"ئێلشتری"یش لەجێی"کریتیك"ی ئینگلیزی بەکاردەبرێت و ئەوەی لای خۆشمان مایەی سەرنجە تێکەڵکردنی ئەم دوو چەمکەو چەمکەکانی ترە، بەمەش خوێنەر سەری لێ دەشێوێت و نازانێت ئەوەی دەیخوێنێتەوە چییە، بۆ نموونە کاتێك لەرۆژنامەیەکدا دەنووسرێت لەژمارەی داهاتوودا بابەتێکی رەخنەیی لەسەر فلانە بابەت بخوێنەرەوە تۆ خۆت بۆ"رەخنە–کریتیك" ئامادە دەکەیت و کەچی کاتێك دەزانیت هەر هەمووی رستەی وەسفی و پێداهەڵدانە، یان هەڵسەنگاندنە یان خوێندنەوەیە یان هەر شتێکە رەخنە نییە، زۆربەی رەخنەکانی ئێمەش یەك شێوازیان هەیەو کەمیان هەیە ئەو شێوازە تێپەڕێنن و بێئاگابوونی رەخنەگریش کارێکی باش نییە، بۆ نموونە ئێستاشی لەگەڵدا بێت لەڕێی تێزێکی فرۆیدەوە هێندە دەقی ئەدەبی بەکوردی نووسراو شیکاری کراون لەڕووی باشییانەوە، وای لە زۆر نووسەرانی سەتحیی نووسی تریش کرد کەبەو شێوەیە بنووسن، لەکاتێکدا تەسەووری فرۆید سەبارەت بەو خێڵانەی کەپاڵنەرێکی سێکسی دەبێتە مایەی هەستانیان بەکوشتنی باوك و تادوایی حیکایەتەکە، گریمانێکەو زۆر نووسەر و بیرمەند باسیان لەپێچەوانەی ئەمە کردووە، "مەتاع سەفەدی" پێی وایە دەسەڵاتی قەبەلیی بەرایی نە لەرۆژئاواداو نەلای عەرەبیش پەیوەست نییە بەمەرکەزییەتی دەسەڵاتی باوکەوەو رۆڵی ئەو کەسە نابینێت کەزەوتی چێژبینینی سێکسی قەبیلە دەکات یان دابەشکردن و پێدان و پێنەدانی خۆراکیانی بەدەستە، باشترین نموونەش کە ئاماژەی پێدەدات ئەو خێڵە



بەدەویانەن کەتائێستاکە ماون و هیچ کێشەیەکی سێکس و خۆراکیان نییە، لەڕووی مۆتۆپۆڵکردنییەوە لەلایەن باوکەوە یان کەسێکی ترەوە، ئەوەی ئەوان کێشەیان لەگەڵی هەیە هۆزەکانی دەرەوەی خۆیانە لەکاتێکدا ئەگەر هێرش بەرنە سەریان. خوێندنەوەی نووسەرانێکی بێسەلیقە بۆ ئەم حیکایەتەی کە زۆر بەربڵاو لەدەقە بەناو رەخنەییە بەکوردی نووسراوەکاندا ئاماژەی پێدەدرا، لەرۆژگارێکدا تەوژمێکی لەو چەشنە نووسینە دروست بوو و بووە مۆدێل، تا کەسێکی داماو کەلەو کاتەدا بەناو چیرۆکی دەنووسی و لەژیانیدا هیچ کێشەو تەسەوورو خوێندنەوەو زانینێکی سەبارەت بەدەسەڵاتی باوك نەبوو، وا تێگەیشبوو مەبەست لەوەیە لەسەر باوکی خۆی بنووسێت، گەرچی باوکی کابرایەکی کڵۆڵ و داماویش بوو بەڵام کەوتە نووسین لەسەر باوکیی و بەوەندەشەوە نەوەستا دەستی دایە باسکردنی رابواردنی دایك و باوکی و وەسفکردنی شێوەی ئەندامی نێرینەی باوکی و زۆر شتی تری لەو جۆرە.

**سۆران عەزیز: دەقی رەخنەیی و خوێندنەوەو تێگەیشتن و دواندن و هێماو ئاماژەکانی نێو دەقە ئەدەبییەکەیە، کەچی لای ئێمە رەخنە ئەوەندە دەپەرژێتە سەر کەسایەتی نووسەر ئەوەندە گرنگی نادات بەکەسایەتی دەق، ئەم دوو ئاراستەیە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

یوسف عیزەدین: مەودای خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەیەکی فرە مەودا، لای "بارت" بەواتای فراوانکردنی ئەو مەودایە دێت کەدەکرێت کار بۆ خوێندنەوەی دەق بکرێت. هەموو ئەوەی کەدەشکرێت پەیوەست نییە بەنووسەرەوەو کارێك نییە لەبەر خاتری ئەو بکرێت و مەبەست ئیبرازکردن و سەپاندنی بێت. کاتێك ئێمە لەخوێندنەوەی زۆر دەقدا سەرسام دەبین، بۆ ئەوە سەرسام نابین ئەودالی ناسینی نووسەرەکەی بین و بیدۆزینەوەو ببینە هاوڕێی و دەست خۆشی لێبکەین، ئەمە ئەگەر نووسەرەکە لەژیاندا مابێت و دوورە دەست نەبێت، نووسەریش کاری بەوە نییە بزانێت چەند خوێنەر ئیشەکەیان پێ باشە یان خراپە و ئەگەر پێچەوانەی ئەمەش بوو کەواتە ناتەواوییەك هەیە، هەمیشە ئەوانەی نووسەری جیدی بوون لەدەست خوێنەر و ئەو کەسانە هەڵهاتوون کەموعجیبی ئیشەکانیان بوون، نەك لەبەر ئەوەی خوێنەر بەهیچ

نازانن یان خۆیان زۆر پێ گرنگه بەڵکو لەبەر ئەوەی تازە ئەوان دەقە نووسراوەکەیان فڕێداوەتە دەرەوەی خۆیان و لەدەرەوەی ئەوان هەیەو ئیعجابی خوێنەرانیش بەدەقەکەیە نەك بەخودی نووسەرەکەی. "فۆکنەر" دەڵێت:

( ئەگەر من نەبوومایە ئەوە یەکێکی تر ئەوانەی منی دەنووسی، هەر وەك چۆن کەسانێکی تر نووسینەکانی هەمەنگوای و دۆستەیڤسکی و ئەوانەی تریشیان دەنووسی...نووسەر هیچ گرنگییەکی نییە، گرنگ لەوەدایە کەدایدەهێنێت، مادەم هیچ شتێکی نوێش نییە بگوترێت، "شکسپیر و بەلزاك و هۆمیرۆس" لەسەر هەمان شتیان نووسیووە، ئەگەر ئەوان هەزران ساڵ بژیانایە ئەوە دەزگای بڵاوکردنەوەکان پێویستیان بەهیچ نووسەرێکی تر نەدەبوو بۆیان بنووسێت). ئەوە راستییەکە دەبێت بیزانین، کەقسە هاتە سەر دەقێکی جیدی کەسایەتی نووسەر و شوناسنامەو چۆنیەتی ژیانی و هەموو وردەکارییە کەسێتییەکانی تر حیسابی بۆ ناکرێت، خۆ نووسەر نەچۆتە بەردەم فەرمانگەی رەگەز و شوناس، یان لەمەخفەری پۆلیسدا دەستبەسەر نییە تا تەحقیقی لێبکرێت، دەقێکی نووسیوەو کەسێك یان کەسانێك هاتوون و لەسەریان نووسیوە، هەر فۆکنەر ئاماژە بەوە دەدات کە بۆی هەیە ئەدەبی باش لەلایەن دز و قاچاخچی و مەیتەریشەوە بنووسرێت، کەواتە نووسەر لەم کردەیەدا تەنها بکەری کارەکەیە بەڵام ئەوەی لێی دەکەوێتەوەو بۆی هەیە بەفلانە شێوە راڤە بکرێت یان نەکرێت، جۆرێك خوێندنەوەی بۆ بکرێت، لەکاتێکدا یەکێکی تر بەجۆرێکی تر بیخوێنێتەوە، ئەمە کێشەی نووسەرێك نییە جیدیانە شتێکی نووسیبێت، ئەوە ئێمەی خوێنەرین ئەم چەشنە تێڕوانینە، یان ئەو چەشنە تێڕوانینەمان هەیە و پێوەندی بەخۆمانەوە هەیە. زۆرێك لەرەخنە نووسانی ئێمە دەوری واعیز و ئامۆژگاریکار و مامۆستا و رێنیشاندەر و ئەم جۆرە شتانە دەبینن، یان لەباشترین حاڵەتدا دەق و نووسەرەکەی دەبەنە کەشکەڵانی فەلەك و دواتریش هیچ بەدەستەوە. زۆرجار بێتوانایی نووسەرانمان دەبرێتەوە بۆ بارودۆخی ئابووری و شتی لەو جۆرەو ئەگەر یەکێك باش بنووسێت، یەکسەر ئاماژە بەباشی بارودۆخی ئابووری دەکرێت و شتی لەو بابەتە. باشە "ئۆرهان پاموك"ێك کەسەرباری دەوڵەمەندیەکەی گەورەترین دەزگای بۆ چاپ و وەرگێڕانی کارەکانی خۆی



هەیەو وەك پێشتریش لەشوێنی تردا ئاماژەم پێداوە، خۆی گوتەنی بەپارەی خۆم کتێبەکانم وەردەگێڕمە سەر سی چل زمانی زیندووی جیهانی و ریکلام بۆ خۆم دەکەم، ئاخۆ زۆر باش دەنووسێت بەبەراورد لەگەڵ زۆر نووسەری بەتوانای دەست کورتی تورکیا، یان زۆر لەوان خراپتر دەنووسێت؟!. هەر "فۆکنەریش" سەبارەت بەمە دەڵێت:

( نووسەر هیچ پێویستی بەئازادیی ئابووریی نییە، ئەوەی کەپێویستیەتی قەڵەم و کاغەزە، نەمبیستووە نووسەرێك شتێکی باشی لەڕێی پارە پێدانیوە نووسیبێت. نووسەری جیدی لەپێناو پارەدا نانووسێت ئەو سەرقاڵی نووسینە، ئەگەر نووسەرێکی پلە یەك نییە، هیچ پێویست ناکات خۆی بەوە هەڵخەڵەتێنێت کەکاتی نییە یان باری ئابووری خراپە...هیچ شتێکیش نووسەری چاك تێك ناشکێنێت بێجگە لەمردن، نووسەرە باشەکان کاتی ئەوەیان نییە بیر لەسەرکەوتن یان دەسکەوتی ماددیی بکەنەوە...ئەگەر نووسەر بۆخۆی لەپێش نەبێت، هیچ هێزێك نییە بتوانێت زۆر هاریکاری بکات).

**سۆران عەزیز: بۆچی زۆربەی جار تێگەیشتنی خوێنەرانی ئێمە بۆ رەخنە ئەوەیە کەپاشکۆی دەقە یان رەخنە هەمیشە دوای بوونی دەقی ئەدەبی دێن، ئایا تێکستی رەخنەیی نابێتە مایەی هاتنە ئارای دەقی داهێنەرانەتر؟**

یوسف عیزەدین: ئەگەر مەبەست لەرەخنە سەبارەت بەدەقێکی ئەدەبی بێت پێموانییە تێکستی رەخنەیی ببێتە مایەی هاتنە ئارای دەقی باش، ئەگەر لەکاتێکیشدا هەڵسەنگاندنەکە سەبارەت بەدەقێکی دیاریکراو زۆر جیدیش بێت، چونکە ئەو مەعریفەیەی کەدەیبەخشێت، بۆ ناساندن و کەشفکردنی دۆزینەوەی شفرەی کۆدەکانی و هەموو ئەو شتانەی کەدواجار بۆی هەیە خوێندنەوەیەکی دیکە یان چەند خوێندنەوەیەکی دیکە، ئەو تەسەوورەی پێشووتر تێکبشێنن و بەم چەشنە هیچ کاتێك دەرکەی خوێندنەوەی دەقی زیندوو پێوە نادرێت. پێشتر راوبۆچوونێکی "ئارسەر میللەر"م سەبارەت بە"ئۆدیب"خستەروو، بەڵام من وەك خۆم واتێی ناڕوانم، لەگەڵ ئەوەی لەگەڵ بۆچوونی فرۆید و زۆر کەسانی تریشدا نیم، خۆی ئەمە کەدەبێت سەبارەت بەدەق هەبێت، ئەویش جیاوازیی تێڕوانینە تەنانەت لەخوێنەرێکیشەوە بۆ خوێنەرێکی تر. یەکێك لەگرفتەکانی خوێنەری ئێمەش تاڕادەیەکی زۆر تەبابوونە، بەوپێیەی کەپێشتر

لەکەناڵەکانی میدیا–وە و لەڕێی راوبۆچوونی ئەم و ئەو تەلقین دراوە، تۆ تەسەوور بکە هێشتاکە دەقی نووسەرەکە بڵاو نەبۆتەوەو لەژێر چاپدایە و لێرەو لەوێ چەند نووسەرێکی نزیك لەنووسەر یان لەو شوێن و دەزگایەی تێدا چاپ دەکرێت بینیوویانەو پێشوەخت لەنووسینەکانیاندا ئاماژە بە عەزەمەتی دەقەکە دەدەن و دەیکەنە هەڵایەك ئەو سەری دیار نەبێت و باوەڕت بێت ئینسان لەرزی لێدێت و وادەزانێت بەتەواویی نەك کۆتایی نووسینی دەقێکی لەو چەشنەیە بەڵکو بەتەواویی کۆتایی دنیایەو ئیدی نابێت کەس یەك لەفزی پێچەوانە لەزاری بێتەدەر، باشە خۆ هەر ئەوەندەش بۆ دەقێکی ئایینی دەکرێت کەمەسەلەکە لەوێدا باوەڕێکی کوێرانەیەو هەر تۆخمی ئەو نووسەرانە بەهەزار شێوە لەسەر ئەوانە دەنووسن کەدەقی ئایینی تەقدیس دەکەن و شتی لەو جۆرە، باشە ئەوەی ئەوان دەیکەن تەقدیس کردن نییە، ئەم گەلە کۆمەکییە بۆ ترساندنی هەر کەسێك کەدواتر قسەیەکی دەبێت، پێش ئەوەی دەق بینرابێت و خوێنرابێتەوە کارێکی باش نییەو زیانیشی بۆ کەس نییە بێجگە لەخۆیان و نووسەرەکە، چونکە دەکرێت نووسەرەکە دەقەکانی پێشووی زۆر باش بن و بەڵام ئەو دەقەی باش نەبێت، ئەمە زۆر ئاساییە نووسەر کۆنتەراتی لەگەڵ کەس نەکردووە کەهەر دەبێت هەموو بەرهەمەکانی موعجیزەویی بن، مارکیز پاش وەرگرتنی خەلاتی نۆبڵ کام دەقێکی باشی نووسی ؟! وەك گوتم ئەمە زۆر ئاساییەو نابێت تاسەر وەك لای خۆمان هەیە داوا لەنووسەر بکرێت کەوەك مەکینە نووسین بەرهەمبهێنێت، وە ئەگەر نەینووسی بگوترێت تەواو، ئەمە بەشێکە لەفەرهەنگی فیودالّی و ئەقڵیەتی کشتکاری، تا ئەوەی کار دەکات گوڕو تینی تێدا بێت، ئەوە ئیش دەکات و عەیبی نییە کەکاریشی پێنەکرا ئەو پەککەوتەیە، لەنووسیندا ئەم هاوکێشەیە نییە، ئەمە لەهونەریشدا وایە بۆ نموونە لەدنیادا کاتێك گۆرانیبێژێك پیر بووە، کەس بێحورمەتی وای بەرانبەر ناکات بیهێنێت و گۆرانی پێ بڵێت، بەڵام لای ئێمە تا دوا نەفەس دەبێت گۆرانی بڵێت. لەسیاسەتیشدا بەهەمان شێوە کەسی سیاسی ئەوەیە تا دوا هەناسە سەنگەر چۆڵ ناکات و لەرێگە لانادات و بۆ نەگبەتیش سەنگەر لەمڕۆدا بۆتە ئەو جۆرە کورسیانەی کەهەڵدەسووڕێت و پاش مردنیشی لەسەر ئەو کورسییە یان لەهەر شوێنێکی تر، بەشەهیدی سەنگەری خەبات



لەقەڵەم دەدرێت و کێ بۆی هەیە بڵێت، بەڵام هەژدە ساڵ بەبێکاری لەسەر کورسی پشت مێز و کورسییەکانی تر پاڵی لێداوەتەوە. کاتێك بە"ئەدۆنیس"یان گوت کەپیر بوویت چی دەکەیت، گوتی پێش ئەوەی خرف بم دەچمەوە گوندەکەی خۆم و پێوەندی بەدنیاوە دەپچڕێنم، بەڵام لای ئێمە حیساب بۆ ئەوە ناکرێت، ئەمە هاوکێشەیەکی سرووشتییەو فلانە نووسەر لەتەمەنێکدا خرف بووەو وەك خۆی هەستی پێناکات، خۆ چوار دەورەکەی هەستی پێدەکەن. بەڵام سەیر لەوەدایە داوای نووسینی لێدەکرێت و ئیدی شتی وادەنووسرێت و دواتر بڵاو دەکرێتەوە بەراستی جێگەی نیگەرانی و بەزەییە، وەك برادەرێك بە"ئیمەیل"ئاگاداری کردبووم، کەناڵێکی تەلەڤزیۆن یەکێك لەو مییینە نووسەرە بەتەمەن و خڵەفاوانەی هێناوەتە سەر تەلەڤزیۆن و ئەویش هاتەران و پاتەران پێیدا هاتووەو ئیدی کار لەدەرپێ داکەندنی گەنجان و کاری سێکسی بەکۆمەڵ و دنیایەك شتی لەو جۆرەدا نەماوە، گوتنی هەموو ئەمانە ئاساییە، بەڵام بەهۆشمەندییەوە نەك بۆ یەکێك ئەگەر وەك وڵاتان بووینایە، پزیشکە دەروونییەکان نەیاندەهێشت هیچ گفتوگۆیەکی لەو چەشنە ئەنجام بدات، دیارە هەندێك رۆژنامەش ئەم خڵەفان و قسەی هەلەق و بەلەقانەیان بەهەل زانیوە بۆ راکێشانی خوێنەر بەتایبەتی لەسەدا نەوەدی قسەکانی جوێنن، بۆیە لێرەو لەوێ بابەتی بۆ بڵاو دەکرێتەوەو لەهەر بابەتێکیشیدا چەند جارێك دەڵێ من مارکسیم و چەند جارێکی تریش من لەفلانە وڵاتم خوێندوومەو جار نا جارێکیش من سەگم و مەیمون نیم و ئیدی چەندین شێوەی هەڵبزڕکاندنی قسەی لەو چەشنانە. بەڕاستی وەك لایەنێکی ئینسانی دەبێت رێز لەو جۆرە کەسانە بگیرێت و بەئەقڵیەتی نێو بازاڕ ئیستیغلالی خڵەفانی ئەو جۆرە کەسانە نەکرێت و تەنانەت ئەگەر لەژیانیشیاندا شتێکی باشیان نەبووبێت بەم جۆرە تەهریج کردنەی کەخۆیان لێی بێئاگان، بەو رادەیە نەکرێنە لێبووك و گاڵتەجار و وەك لایەنێکی ئینسانی رێزیان لێ بگیرێت، باشترین رێزیش ئەوەیە نەکرێنە مەسخەرەی سەر تەلەڤزیۆن و رۆژنامەکان، ئاساییە ئەگەر حاڵەتێکی نائاسایی هەبێت بۆ خۆی لەسەر شەقامەکان بگەڕێت و جوێن بدات یان هەر شتێکی تر، بەڵام تۆمارکردنی ئەو حاڵەتانەو گرنگیپێدانی کارێکی باش نییە، چونکە پاش خڵەفانی هەر کەسێك لەهەموو روویەکەوە رەوا نییە بەو شێوەیە

بەکاربهێنرێن، ئەم وەك بەکارهێنانی شێتێکە لەلایەن تیرۆریستەکانەوە لەکردەیەکی خۆکوژیدا، چونکە بوونی ئامانجێك لەپشت بەکارهێنانی کەسێکی کەمفام بۆ مەرامێکی تایبەت زادەی ئەقڵیەتێکی باش نییە.

**سۆران عەزیز: پێوەندی نێوان بەرهەمهێنەر و دەق و رەخنەگر و خوێنەر پێوەندییەکی نیمچە پچڕاوە، جاری وا هەیە دەق هەیە کەچی رەخنە نییە یان بەپێچەوانەوە، دەق و رەخنە هەیە بەڵام خوێنەر لەبەرانبەریدا سست و کزە ئایا پێوەندی نێوان دەق و رەخنە و خوێنەر لەئەدەبیاتی کوردیدا چ ئیشکالیەتێکی هەیە؟**

یوسف عیزەدین: ئەدەبیاتێك کە سەتحیی نەبێت و قووڵ بێت، خوێنەری تایبەتی خۆی هەیە، کردەی بلاوکردنەوەی دەقی ئەدەبی بۆ ئەوە نییە زۆرترین ژمارە خەڵك بیخوێنیتەوە، ئەمە پرۆسەی کتێب چاپکردن و بڵاوکردنەوەیە ئەوە دەخوازێت، زۆر خوێندنەوەو کەم خوێندنەوەش هیچ پێوەندییەکی بەباش و خراپی نووسینەوە نییە، تەنانەت دەتوانین بڵێین لەدنیادا ئەوەی کەخوێنەری زۆرە دەقە خراپەکانە، هەروەك چۆن نووسەرە خراپەکانیشن هەمیشە پێویستیان بەریکلام بۆ کردن و ناساندن هەیە، من کاتێك دەخوێنمەوە هیچ گرنگییەك بەوە نادەم نووسەرەکەی ناسراوە یان نەناسراوە لەئاستێکی بەرفراواندا، پرۆسەی خوێندنەوە پێوەندی بەچێژ بینینی خۆمەوە هەیە، سەرباری ناو و شوهرەتی"سەلیم بەرەکات" نۆڤێلای"موتی مبتدئون"م بەزۆر خوێندەوە نەبادا لەشوێنێکیدا شتێك هەبێت، کەچی مایە پووچ بووم و هیچ چێژم لێ نەبینی، لەگەڵ ئەوەی دەقی جوانی هەیەو ئەمەشم پێ ئاسایی بوو. دەبێت ئاماژە بەئەقڵیەتێکی باو بدەین لەدنیای ئەدەبیاتی کوردیدا، ئەویش ئەوەیە هێشتاکە تەجاوزی بەجەماوەری کردنی ئەدەبیاتی نەکردووە، هاوشێوەی ئەدەبیاتی سۆڤییەتی و دەوڵەتە تۆتالیتارەکان، یان نازی و فاشییەکان، کەدواجار پۆپیولەربوونی نووسەر بەقازانجی دەسەلات دەشکایەوە، لەگەڵ ئەوەی خەلات پێدانە جیهانییەکانیش بەنۆبل-یشەوە، چەشنێکن لەو کارکردنە، دواجار نووسەر دەبێتە کەسێك لەئان و ساتێکدا راوبۆچوونێکی کاریگەر لەپێناو سیستم و دەسەلاتێکی جیهانیدا دەردەبڕێت و ئەمەش بۆ مەرامێکی سیاسی تایبەت بەکار دێت. ئەگینا "مارکیز"چ پێوەندییەکی بەبەردانی کۆمەڵێ



رەهینەی ئەمریکییەوە هەیە، کەلەسەردەمێکدا لەلوبنان-دا دەستبەسەر بوون، تابکەوێتە نێوانەوەو هەوڵی بەردانیان بکات، بۆرخیس-ێك کەئەمەی پێنەدەکراو نەیدەکرد سەرباری ئەو توانایەی کە"مارکیز" لەئاستیدا بستەبالایە، بەلام خەلاتی نۆبل-ی پێنەدرا. "سێرڤانتیس" بەمەبەستی بلاوبوونەوەی "دۆن کیخۆتە" تا دەسەلاتی دۆقەکانی ئەو دەم بهێڵن بڵاوبێتەوە لەسەرەتای رۆمانەکەیدا پێشەکییەکی دوور و درێژی نووسیوەو پێشکەشی دۆقێکی کردووەو دەپارێتەوە تا کەس نەبێتە رێگرو ئەوەی کەدلیشی پرکردم، ئەو چەند دێرەی "سێرڤانتیس"ە کەدەلێت گەورەم"دۆن کیخۆتە" لەبەر ماجەراکانی کاتی ئەوەی نییە بێت و بەسەر دەست و پێی بەرێزتاندا بکەوێت، بەلام بەندە لەجێی ئەو بەسەر دەست و پێی ئێوەدا دەکەوێت. ئاخر ئەمە ئازاری کاممان نادات نووسەرێك ئامادە نییە کەسایەتی رۆمانەکەی بەسەر دەست و پێی کەسدا بکەوێت، بەلام ئامادەیە لەپێناو ناساندنی ئەودا بەسەر دەست و پێیاندا بکەوێت، پەنا بردنی "سێرڤانتیس" بۆ ئەو دۆق-ە دەرئەنجامی ئەو دژایەتییە گەورەیە بووە کەلەسەردەمی خۆیدا تا رادەیەکی زۆر ترسناك رووبەرووی بۆتەوە. ئەمە ئەو نووسەرە بەتوانایەیە کەپاش چەند سەد سالێك لەبلاوبوونەوەی"دۆن کیخۆتە" زانرا چ توانایەکی هەبووە، کام لەو نووسەرە بەتوانایانەی دنیا لەرۆژگاری خۆیاندا ناسراون. نووسەر بەنمایش کردن و بەدراما کردنی ژیانی خۆی لەئاستێکی جەماوەریدا نابێتە نووسەرێکی باش، رەنگە بناسرێت و لەرۆژگاری خۆیدا باس باسی ئەو بێت، بەلام وەك پێشتریش گوتم دەقی زیندوو ئەوەیە پاش نووسەر دەخوێنرێتەوە. ئیدی تەبسیتکردنی دنیای نووسین، بۆ نمایشێکی درامی کەنووسەرێك لەئان و ساتێکدا لەبەردەم خەڵکێکدا دەینووێنێت بۆ راکێشانی هەست و سۆزیان، تەنها کارێکە بۆ بازاڕ گەرمکردنی خۆی، ئەگینا قووڵترین دەربڕین ئەگەر پێویست بکات لەکۆڕێکدا یان شوێنێکدا لەزاری نووسەرەکەوە بخرێتەڕوو پێویستی بەتەمسیلکردن نییە، ئێمە بەچاو ناڕوانینە ئازارە جەرگبڕەکانی "نالی" بەڵکو ئەوە قووڵبوونی بابەتەکانیەتی وامان لێدەکات دەیان جار حەسرەتی بۆ بخۆین، ئەگەر نووسەرێك دەیەوێت بگری با لەژوورێکی داخراودا بگری، ئەمە جگە لەوەی هۆکاری گریانەکەی چییە، ئەگەر کێشەیەکە بابۆی چارەسەر بکرێت،

یان ئەگەر حاڵەتێکی دەروونییەو چارەی ئاسان نییە دەکرێت، ئەوانەی گریانەکەی کاریان تێ دەکات پارەی بۆ کۆبکەنەوەو بیبەنە لای باشترین پزیشکی دەروونی، بەڵام تەعمیم کردنی شتێکی لەو چەشنە گرفتە، بەتایبەت لەو وڵاتانەی لاسایی کردنەوە لەبەرزترین ئاستیدایە، هێندە نابات هەر کەسێك دوو دێڕ بخوێنێتەوە دەست دەکات بەگریان و ئیدی بینەر و خوێنەری سادەو ساکاریش ئەوەیە فریوو دەدرێت، لەئان وساتێکی لەو چەشنەدا دەیان پرسیار قابیل بەگوتنن، بەڵام رازی بوون بەهەر شتێك و وەرگرتنی وەك ئەوەی کەهەیە کێشەیەکە مەوداکانی ئەدەب و هونەر و مەعریفە و بوارەکانی تریش تێپەڕەدەکات. ئەمە جگە لەوەی مەحاڵە ئەزموونێکی قووڵ نووسەرەکەی بخاتە گریان، دۆستۆیڤسکی کەنووسیوویەتی خۆی نەگریاوە ئەوەی بەرهەمەکانی ئەوی خوێندۆتەوە گریاوە، یان کاتێك "چارلس دیکنز" لەکاتی نووسینی دەقەکانیدا گریاوە بۆ خۆی بەتەنیا گریاوە، خاوەن ئەزموونێکی میتا–سۆفیزمی وەك –حەللاج– کەللەپاچەکراوەو هەر خەنیوەتەوەو گاڵتەی لێهاتووە، هەموو ئەوانەی دژ بەویش نووسیوویانە و لەو ساتەدا شایەت بوون نکوڵییان لەخۆڕاگری ئەو زاتە نەکردووە. دواجاریش پێویستە بۆ فامکردنی ئەوەی پێدەگوترێت رەخنە یان هەڵسەنگاندن، یان هەر شتێکی تری ناو دەنێین، ئاماژە بەم تێڕوانینەی "فۆکنەر"بدەم:

( نووسەر کاتی ئەوەی نییە تا گوێ لە رەخنەگران بگرێت، ئەوەی کەدەیەوێت ببێتە نووسەر دەقە رەخنەییەکان دەخوێنێتەوە، بەڵام ئەوەی کەدەنووسێت کاتی خوێندنەوەیانی نییە، رەخنەگریش دەیەوێت هەوڵ بدات بڵێ من لێرەم، کردەکەی راستەوخۆ مەبەستی لەنووسەر نییە، نووسەر لەو جۆرەیە کەلەسەروو رەخنەگرەوەیە، چونکە نووسەر شتێك دەنووسێت رەخنەگر دەبزوێنێت، بەڵام رەخنەگر شتێك دەنووسێت هەمووان دەبزووێنێت بێجگە لە نووسەر...من سەرقاڵی نووسینم، ئەگەر شتێکم پێ خۆش بێت ئەوە پێویستم بەقسەکردن نییە لەبارەیەوە، ئەگەر پێشم ناخۆش بێت ئەوە قسەکردن نەبەرەو پێشی دەبات و نەبەرەو دوا، مادەم باشترین شت بۆ بەرەو پێش بردنی کارکردنی زیاترە، من ئەدیب نیم تەنها نووسەرم و چێژیش لەقسەکردن نابینم سەبارەت بەبابەتەکانم).



**سۆران عەزیز: ئایا نەبوونی رەخنەی بەراوردکاری نەبۆتە هۆکاری ئەوەی هەندێ لەنووسەران دەست والا بن لەوەرگرتن و گواستنەوەی برگەو وێنەی تێڕوانینی نووسەرانی تر بەبێ ئاماژەدان؟**

یوسف عیزەدین: هێشتاکە خوێندنەوە بەمەبەستی بەراوردکاری بۆ ئەدەبیاتی پێشووی بە کوردی نووسراو نەکراوە، جا چ جای ئەوەی کەدواتر نووسراوە ئەم نیوە بەیتە شیعرییەی حافیز وەك نموونەیەك:

( من حەقم وەکو مەنصوری حەللاج ).

ئەگەر شتێك بەشیعرە کلاسیکییەکاندا بچینەوە نموونەی ئەم بەیتە و زۆر بەیتی تری لەو جۆرەی شاعیرانی تورك و فارس و عەرەب دەبینینەوە. ئەمە لەکاتێکدا کە ئاساییە لەسەر یەك بابەت بنووسرێت و تەنانەت کاریگەریشی هەبێت، بەڵام لێرەدا دەبێت قووڵبوونەوەو ئەزموونی نووسەر هەبێت، لەکاتێکدا نووسەرێك هیچ ئەزموونی بابەتی نووسینەکەی خۆی نەکردووەو بێجگە لەهەندێ زانیاری سەرزارەکی هیچی ئەوتۆ لەبارەی بابەتی نووسینەکەیەوە نازانێت و دێت و ئەزموونی نووسینی کەسێکی تر دەکاتە هی خۆی، بەبۆچوونی من ئەمە کارێکی جوان و راست نییە و پێش هەموو شتێك زیانی بۆ خودی نووسەرەکە هەیە، بەتایبەت ئەگەر لەو جۆرە نووسەرانە بێت کەبەجدییەتەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت، ئەگینا ئەگەر سەنگێکی ئەوتۆی لەدنیای نووسیندا نەبێت، بێجگە لەسەتحیی نووسین و جارجارەش لەملاو ئەولا وەرگرتن زیاتر کارێکی لەوە زیاتری پێ ناکرێت. بەڵام کاتێك شاعیر و سۆفییەکی وەك "مەولانا رومی" لەسەر "حەللاج" دەنووسێت، سەرباری سوود وەرگرتنی لەهەموو نووسینەکانی پێش خۆی لەمەڕ ئەو زاتە بەڵام لەدنیابینی خۆیەوە وەك بابەتێك لەسەری دەنووسێت و بۆنی خەسڵەتی شیعریی و دنیابینی ئەوی لێدێت، هەربۆ نموونە "رومی" لەداستانە شیعرییەکەیدا دەڵێت:

( نا.. ئەوە ئەو بوو لەپۆشاکی بەشەردا هاواریکرد "من حەقم"
ئەوەی لەسێدارە درا مەنصور نەبوو
ئەگەر گەوجەکانیش پێیان وابێت مەنصور بوو).

لێرەدا بەدەر لەهێنانە ناوەی داستانی حەللاج و سوود وەرگرتن لەوەی پێشتر لەسەری گوتراوەو نووسراوە، بەڵام تێڕوانینێکی جیاواز و لەقووڵایی ئەزموونی حەللاجەوە هەڵێنجراو هەیە، بەواتای فامکردنی ئەزموونەکەی و خستنە سەری ئیزافاتێك، بێجگە لەکارکردنە ئێستەتیکییەکەی و زۆر شتی تری. "نیکڵسۆن" یەکێکە لەوانەی کەپێی وایە خوداوەند دەچێتە بەرگی پەیامبەران و ئەولیاکانەوە، ئەوەی کە"ڕۆمی"یش زۆر پێش ئەو بۆی چووە ئەوەیەو لەوە زیاتریش شوبهاندنیەتی بەمەسیح، تائێستاش لەنێو بەسۆفییە بەکتاشییەکان و موریدەکانی مەولانا ئەو قەناعەتە زۆر زاڵە. کەواتە ئێمە لێرەدا کەوتینە قسەکردن و راڤەکاری سەبارەت بەدەق و کارکردنەکانی پشت دەق و تێڕوانین و بۆچونەکان و ئەگەر لەسەری بڕۆین وا بەو ئاسانییە خۆمان لەزۆر لایەنی دیکەی نادەین، ئەمەیە دەقی قووڵ و زیندوو کەلەقووڵایی ئەزموونێکەوە هەڵقووڵاوە، بەڵام ئەمە ئەگەر کەسێکی تر وەریبگرێت و بەدەستکارییەکەوە یان وەك خۆی بەکاری بهێنێتەوە، ئەگەر نەشزانرێت لەکوێوە هێناویەتی بەڵام سەرجەم نووسینەکانی دیکەی ئەو کەسە یان دنیابینی و تێڕوانینەکانی، بۆچوونەکانی، توانا و سەلیقەی، زۆر شتی دیکە دەبنە گەواهیدەری ئەوەی کەئەو دەڕۆستی نووسینێکی لەو چەشنە نایەت. مەبەستی ئێمە لەوەدا نییە شتێك کەلەسەری نووسرا ئیدی کەسی تر بۆی نییە لەسەری بنووسێت، بەڵکو ئەگەر دەینووسێت چۆنی دەنووسێت. بۆرخیس دەڵێت:

( ولیەم مۆریس پێی وابوو هەموو ئەو چیرۆکە سەرەکییانەی کەدەکرێت مرۆڤ خەیاڵی لێبکاتەوە لەرۆژگارێکدا کەسێك گێڕاویەتیەوە، هونەری نووسینی چیرۆکیش پەیوەستە بەتێڕامان و بەگێرانەوەیەکی دیکە... بەڵام من هێندەی ئەو جەخت ناکامە سەر ئەوەی کەوایە، بەڵام نووسینی چیرۆك لای من دۆزینەوەیە زیاتر لەوەی داهێنان بێت).

بۆیە کاتێك ڕۆمانی"عەتر" دەخوێنینەوە، سەرباری هەموو ئەوەی پێشتر لەبارەی بۆنەوە نووسراوە هەست دەکەین نووسەری ڕۆمانەکە لەسەر تەوەرەیەکی تایبەت کاری کردووەو دنیابینییەکی خۆی هەیە و توانیویەتی لەهەموو ئەوەی کەهەیە شتێکی تایبەت بەخۆی دروست بکات، کاتێکیش ئەمە بۆ نموونە لەڕۆمانێکی بەکوردی نووسراودا دەبینمەوە، دەڕوانمە چەشنی کارکردنی نووسەرەکەی و چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵی



و ئیزافات و دنیابینی تایبەتی خۆی، ئەگینا ئەگەر دەقاو دەق یان شتێك بەدەستکارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا کردبێت و جارێکی تر ئەوەی کەخۆمان دەیزانین بۆی وەرگێڕابێتین، ئەوە خوێنەر خۆی حاڵی دەبێت. یەکێك لەو بابەتانەی کەزۆر پێش ڕۆمانی "عەتر" نووسراوە یادەوەرییە ڕۆمانێکی تورکییە، باس لەعەتر دەکات و لەعەترەکانی نەنکییەوە دەست پێدەکات و بەشێوەیەکی زۆر سەرنج راکێش عەتر و شار و مێژووی عەتر و ئێستای عەتر پێکەوە گرێ دەدات، گرنگترین شتیش کەئاماژەی پێدەدات ئەوەیە کەبوونی عەتر لای نەنکی تەنها لەپێناو بوونی عەتردا بووە نەك بەکارهێنانی، یان بەکارهێنانی بەشێوەیەك کەپاش پەنجا ساڵ هێشتاکە هەمان شووشە عەترەکانی پێشووی ماوەو بەحاڵ لێی کەمبۆتەوە، کەواتە عەتر لای نەنکی شتێکی هێندە بەنرخە کەدەبێت لەنێو شووشەکەیدا بمێنێتەوەو بەهەدەر دانی گوناهە، ئاخۆ ناکرێت لەژیانی زۆربەشماندا لێکچوونێك لەگەڵ ئەمەدا هەبێت، ڕەنگە داپیرەکانی ئێمە عاشقی موروو بووبێتن، من داپیرەم بەچەشنێکی سەیر مورووەکانی ریز دەکرد و سەیری دەکردن حیکایەتیانی دەگێڕانەوە، باسی سیحری مورووەکانی دەکرد، جۆرە مورووییەکی هەبوو بۆ بێئەقڵ کردنی پیاو بوو، هەیبوو بۆ رزق بوو، هەیبوو بۆ زیادبوونی شیری ئافرەتی خاوەن ساوا بوو، نازانم چی تر بگێڕمەوە، هیچ کێشەیەك نەبوو لەم دنیایەدا بەمورووەکانی ئەو چارەسەر نەکرێت، دیارە هەموو ئەمانە بەتەسەووری ئەو. سەبارەت بەبۆن دەکرێت هەریەکەمان ساتەوەختی زۆر سەیری لەگەڵ بۆندا هەبێت، ئەو بۆنە خۆشانەی هەرگیز لەبیر ناچنەوە یان ئەو بۆنە ناخۆشانەی کەبیرلێکردنەوەیان زۆر سامناکە، کەمنداڵ بووم لەهاوینێکی گەرمدا باوکم مردو کاتێك لەبەر هەتاوی مزگەوت ماوەیەکی زۆری پێچوو، تا مردوو شۆر تەشریفی هێنا، بەڕادەیەك بۆنێکی ناخۆشی لێوە دەهات، کەهەرگیز تەسەوورم نەکردبوو، مرۆڤ پاش مردنی بۆنی گەنینی گۆشتی هێندە شتێکی ناخۆش و سامناك بێت، پاش شتنیشی چەندین شووشە گوڵاوو بۆنی بەسەردا کراو تێکەڵ بەبۆنی جەستەکەی بوو، بۆنێکی ناخۆشتری لێپەیدابوو، کەتائێستاش کاتێك لەڕێی یادەوەرییەکانەوە ئەو دوو بۆنەم بیر دەکەوێتەوە، هەست دەکەم بۆگەن کردنی پاش مەرگی مرۆڤ، لەچوونە دۆزەخ ترسناکترەو زۆر شتی تریش کەلێرەدا دەرفەت نییە

باسی لێوە بکەم، کەواتە هەموومان سەبارەت بەو شتانەی کەدەگوترێت و دەنووسرێت، بەشێوەیەکی جیاواز لەئان و ساتێکدا کەم تازۆر ئەزموونمان کردووە، ئیدی رەنگە کەسێك بین و توانای نووسینمان نەبێت، یان توانایەکی دیاریکراومان هەبێت و بەپێی ئەوە بینووسینەوە، یان سەلیقە و توانایەکی سەیرمان هەبێت و بابەتێکی زانراو و هاوبەش لەنێوان هەمووماندا، لای ئێمە ببێتە شتێکی سەرسامکەر و خۆشمان باوەڕ نەکەین چۆن وای لێهات. شێوازی نووسینی نووسەریش لەمەدا رۆڵ دەبینێت. "دۆرۆسی بارکەر" سەبارەت بەکردەی نووسینی خۆی دەڵێت:

( هیچ بیرۆکەیەکی وێنەیم نییە، بەڵکو گوێم لەشتەکانە). "فۆکنەر"یش دەڵێت:

( گوێ لەوە رادەگرم دەنگەکان چیم پێدەڵێن، کاتێکیش هەموو ئەوەی کەدەنگەکان پێم دەڵێن دەینووسمەوە ئەوە هەموو شتێك تەواوە، هەرچەندە هەموو کاتێکیش ئەوەی کەدەنگەکان پێم دەڵێن بەدڵم نییە، بەڵام هیچ هەوڵێکی گۆڕانی نادەم).

**سۆران عەزیز: ئێمە کەلەبەردەم تێکستێکی ئەدەبی یان تابلۆیەك یان پارچە موزیکێك رادەوەستین دەڵێین شتێکی جوانە، ئایا مەبەستمان لەجوانی چییە، ئایا سەرچاوەی جوانی ئەو شتانە لەچیدایە کەپێیان دەڵێین جوان یان ئایا جوانی بەهایەکی سەربەخۆی یان هەمیشە وابەستەی کۆمەڵێك بەهای دەرەکی دەرەوەی جوانی خۆی هەیە؟**

یوسف عیزەدین: "تیێری دی دۆڤ " پێی وایە پرسی ئێستەتیکی نوێ ئەوەنییە چی جوانە؟ بەڵکو ئەوەیە بەچی دەگوترێت ئەدەب و هونەر؟. ئەمە لەگەڵ ئەوەی جوانی نیسبییە و پێودانگێکی پێشوەخت و حازر بەدەست نییە بۆ ناساندنی و ئەگەر هەشبێت تەقلیدی و لەکار کەوتووە، بەڕای منیش نابێت هیچ پێودانگێك هەبێت، ئەگینا ئەگەر بەکەسێکی ئاسایی بڵێیت رۆمانی"عەتر" جوانە، بیر لەوە دەکاتەوە کە رەنگە مەبەستت ئەوە بێت کەکوشتنی مێینەو تواندنەوەو دروستکردنی عەتر لێیان شتێکی جوان بێت. بەڵام ئەمە وەك کردەیەکی واقیعی کارێکی زۆر دڕندانەو تابلێی تاوانێکی گەورەیە، بەڵام خۆشویستنی کاراکتەری رۆمانێکی بکوژ و دڕندە لەلایەن خوێنەرانێکەوەو هەست کردن بەتراژیدیا و موعاناتەکەی لەوەوەیە سەرباری ئەوەی کەدەرئەنجامی خەیاڵی نوسەرێکە، بەڵام ئەو هیچ موخەییەر نییە لەوەی کەدەیکات، ئەمە قەدەرێتی و ناتوانێت بێجگە لەوە



شتێکی تر بێت. ئەمە تراژیدیایە پێشوەخت زانراوە، ئەو کەسە ئەمەیە و نابێتە شتێکی تر، بەبێ گەیشتنە ئەو چارەنووسەشی تراژیدیاکە ناتەواو دەبوو، هەروەك چۆن بەسەرهاتی ئیبراهیم لەگەڵ کوڕەکەی هەرچەندە رەگەزی تراژیدیای تێدایە، بەڵام لەدوا ساتدا کاتێك خوداوەند فریای دەکەوێت و لەجێی کوڕەکەی ئاژەڵێکی بۆ دەنێرێت تا بیکاتە قوربانی، ئەوە لەو ساتەوە شیرازەی تراژیدیاکە تێك دەچێت و تراژیدیاکەی تر دەست پێدەکات کەبەڕای من تراژیدیای قوربانییەکەیە کەئێستاشی لەگەڵدا بێت هێشتاکە ئەو تراژیدیایە هەر بەردەوامە. جوانی لەخودی ئەزموونەکەدایە، بۆ نموونە کاتێك دەگوترێت دنیای سۆفیگەری دنیایەکی جوانە، یان سۆفی کەسێکی جوانە، لەکاتێکدا زۆربەی سۆفییەکان تا مردنیش ئەو خەرقەیەی کەلەبەریان کردووە دایان نەکەندووە و کەسانێکی چڵکن و کوڵکن بوون لەڕووخساردا، بەڵام سەفەرکردنی رۆحیانەی ئەوان بەرەو مەمجهول و قەناعەت کردن بەدنیایەك لەوەهم، تا خودی واقیعی ئەم دنیایە بکەنەوە بەوەهم. ژێروو ژوور کردنی دنیا و دەرچوون لێی، خۆ خستنە پەراوێزەوە بۆ بەپەراوێزکردنی واقیعی دنیا و چێکردنی دنیای خەیاڵ، دنیایەك لەسەروو ئەقڵەوە و لەدەرەوەی لۆژیك و یاسا و دەسەڵاتەکان، تالۆژیك و یاسا و دەسەڵاتی خۆیان بەرقەرار بکەن و ئەمەو زانینی ئێمە بۆ ئەو راستییەی کەسۆفیزم یەکێکە لەداهێنانە سەیرەکانی خەیاڵ، بەچەشنێك کەبەئاستەم ئەقڵ دەتوانێت بەگیری بهێنێت، نەفی بکات، شەتەکی بدات، بەدرۆی بخاتەوەو زۆر وردەکاری دیکەش، ئەوەیە ئێمە پێی موعجیبین و دەڵێین جوانە، پێموایە روون و ئاشکرایە لێرەدا مەبەستمان لەجوانی چییە. جوانی یەکێکە لەو چەمکانەی قسە زۆر هەڵدەگرێت و زۆر نووسەر و بیرمەند راڤەیان کردووە، "ئەلبرێشت ڤیللمەر" پێی وایە"هابرماس" چارەی جیابوونەوەی رۆشنگەری و جیابوونەوەی لەژیان لەوەدا دەبینێتەوە کەدەبێت ئەزموونی ئێستەتیکی و تێروانینە جوانیمان بگۆڕین، بەشێوەیەك کەبەپێی گوزارشتەکانی یاساکانی زەوق بەڕێوە نەچێت...بەڵکو تێهەڵکێشی گرفتەکانی بوون بکرێت و ببێتە بەشێك لەگەمەی زمانێك، کەزمانی گەمەی رەخنەی ئێستەتیکی نییە.

**سۆران عەزیز: وەك خوێنەران پێیان وایە زۆربەی زۆری ڕۆماننووسە کوردەکان مامەڵە لەگەڵ پاڵەوانی ئەفسانەیی و سوپەرماندا دەکەن؟! پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بۆ نەتوانراوە نموونەی پاڵەوانی وەك زیندەوەران و سروشت تێکەڵی ڕۆمانی کوردی بکرێت؟! ئایا نەبوونی کارەکتەری سروشتی و زیندەوەران لەڕۆمانی کوردیدا هۆکاری چییە؟**

یوسف عیزەدین: دیارە ئەگەر ئاژەڵان وەك بەشێکی زیندەوەران وەربگرین، بۆ خۆیان گەورەترین کێشەیان هەیە لەگەڵ مرۆڤ ، هەرچەندە لەئەدەبیاتی جیهانیدا نموونەی کارەکتەری ئاژەڵان هەیە، بەڵام کەمجار مەبەست لەخستنە ڕووی کێشەی ئاژەڵان بووە، ڕۆمانەکەی جۆرج ئۆرویل کاتێك ئاژەڵان دەکاتە پاڵەوان، لەپشت ئەوەوە مەبەستێکی تری هەیە. کەم نووسەر هەن وەك"ئەلێکسەندەر کۆبرین" لەپێناو بینینی چۆنیەتی خەوتنی ئەسپ، شەوانێکی دوور و درێژ لەژوورەکەی خۆیدا شەونخوونی کردبێت تاببینێت ئەسپ چۆن دەخەوێت. لەحیکایەتەکانی"هەزار و یەك شەو"ەدا لەحیکایەتێکیدا ئاماژەیەکی جوانی تێدایە سەبارەت بەئاژەڵان، کاتێك زۆرێك لەئاژەڵان شپرزەن بەباس و خواسی ئەو دڕندەیەی کەپێی دەگوترێت ئینسان و هێشتاکە نەیانبینیوە و بەچکە شێرێکیش باوەڕ ناکات بوونەوەرێك هەبێت لەو بەهێزتر تا مرۆڤێکی کلۆڵ و داماو دێتە لای و پێی دەڵێت منیش لەئینسان هەڵهاتووم و ئیدی پاش ئەوەی باوەڕی پێدەکات بەفێڵێك دەستگیری دەکات. ئەگەر وەك گریمانێك بیر لەوەبکەینەوە لەساتەوەختێکدا ئاژەڵان بکەونە قسەکردن، دەبێت چی لەبارەی دڕندایەتی مرۆڤ بگێڕنەوە. هەر ئەو خەیاڵەی کەگوایە لەو دنیا ئاژەڵان وەك ئێمە دەدوێن و حیکایەتی تراژیدیی خۆیان دەگێڕنەوەو داوای سزادانمان دەکەن بەرانبەر هەر تاوانێك دەرحەق بەوان کردبێتمان، ئەمە جگە لەهەست کردنی مرۆڤ بەو تاوانەی بەرانبەر بە ئاژەڵان ئەنجامی داوە شتێکی تر نییە، ئەو هەستەی کەلای بودیستەکان بەشێوەیەك قووڵ دەبێتەوە کەگۆشتی ئاژەڵان لەخۆیان حەرام دەکەن و نایانکوژن. لەبابەتێکمدا بەناوی( هەمیشە جەللاد و هەردەم قوربانی) ئاماژەم بەهەندێك لایەنی ئەو کێشەو تراژیدیایەی ئاژەڵان داوەو لێرەدا نامەوێت بچمەوە سەری. تێڕوانینی بکوژانەی مرۆڤ



دەرحەق بەبوونەوەرانێك کەناتوانن بدوێن، کێشەیەکی مۆڕاڵی هێجگار قووڵەو شتێکی سەرپێی نییە. کێمان هەیە بێجگە لەبینینی بەقوربانی کردنی ئاژەڵان و سەبڕین و خوارنی گۆشتیان، ئاگاداری چەندین جۆری ئەشکەنجەدانی ئاژەڵان نەبووبێت، هەرگیز ئەو ساتەم لەیاد ناچێتەوە ئەو دەمەی منداڵبووم، بەچکە پشیلەیەکم هەبوو، زۆر هۆگری بوو بووم، بەڵام ڕۆژێك کەچووبووە دەرەوە منداڵانی گەڕەك گرتبوویان و تا فریای کەوتم سووتاندبوویان، ئێستاش ناتوانم دیمەنی ئەو ساتەوەختە لەبەر چاوی خۆم بسڕمەوە، شیشێکیان لەزاریەوە بۆ کوونی کۆمی رایکردبوو، بەچەشنی گۆشت برژاندن لەمابەینی دوو بەرددا دایان نابوو، لەژێریشیدا ئاگریان کردبۆوە، هێشتاکە هەموو بۆن کڕوزێك جەستەی سووتاوی ئەوم بیردەخاتەوە. ئێمە سەر بەوڵاتی بڕینی کلکی پشیلە و تۆپاندنی سەگ و لێدان و ئەشکەنجەدانی ئاژەڵانین، تەنانەت بۆ ئەتککردنیش لەنێو کورددا کلکی ئاژەڵان و شتی لەو چەشنە دەکرێت، کردەی سێکسیش لەگەڵ ئاژەڵانیش مەسەلەیەکی ترەو لەهەموو شتێك زیاتر پێویستی بەهەڵوێستە و قسەلەسەر کردنە، لەدەرەوەی ئێمەشدا لەنێوەندی ئەو وڵاتانەی کەلەڕووی پیشەسازییەوە پێشکەوتوون، سەدان فیلمی "پۆرنۆ" ی ئاژەڵان لەپاڵ فیلمی پۆرنۆی منداڵان و مێینە و نێرینەی مرۆڤدا دەردەکرێت. لەمڕۆدا "پۆرنۆگرافیا" سێکتۆرێکی زۆر بەرفراوانی دنیای داگیرکردووەو بۆتە ئەلگۆیەکی سەرجەم هونەرە وێنەییەکان و سینەما و جارێکی تریش لەو سەرچاوەیەوە هاتۆتەوە نێو بەشێکی بەرفراوانی ئەوەی بەناوی ئەدەبیات و هونەرەوە پێشکەش دەکرێت و پانتاییەکی بەرفراوانی خەڵکی لەدەوری خۆی خڕکردۆتەوە. "لیۆتار" زۆر بەوردی باس لەوە دەکات کەتا داهێنانی وێنەگرتنی فۆتۆگرافیش هێندە ململانێیەکە توند نەبوو، چونکە جۆرە کارکردنێك بوو لەدەرەوە بەڵام سینەما کارکردنێکە لەناوەو بەمەش بەتەواوی نەخشەی ئەدەبیات و هونەری گۆڕی و هەر بۆخۆشی دەڵێت هاتنە ناوەوەی میکانیك و پیشەسازی کارەسات نەدەبوو ئەگەر پێمان وانەبووایە هونەر لەجەوهەریدا پیشەیەکی باڵایەو پشت بەبلیمەتی تاکەکەسی دەبەستێت.

— ٥ —

**رابەر فاریق: پێت وایە ئەو زەمەنە بەڕێوە بێت کەئامێرە دەستکردەکان و وێنە پاشەکشە بە وشە بکەن؟**

یوسف عیزەدین: دەبێت لەدەستپێکدا ئاماژە بەوە بدەین کە گرنگی پرسیار لەوەدایە کەپرسیاری دیکە بخوڵقێنێت و ببێتە مایەی بەدواداچوون و گەڕان و وردبوونەوەو تێڕامان و گومان، نەك یەقین و وەڵامە حازربەدەستەکان؟!. گرفتێکی زۆر گەورەی کایەی بەناو ڕۆشنبیری کوردی لەوەدایە کەهەمیشە عەودالی وەڵامە حازر بەدەستەکانەو هیچ ئیشکالێکیش لەمەدا نابینێتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کەویستویەتی و دەیەوێت شتێك بکاتە ئالتەرناتیڤی ئەوی دیکەو بەم چەشنە ئیدامەی دەداتێ تا زریزەیەك ئالتەرناتیڤ بەدوای یەکدا ریز دەکات و بەمەش هێندەی کەخۆی دەستەوسانە ئەوەندەی تر خۆی دەستەوسانتر دەکات، لەگەڵ ئەوەی کەچەشنە تێڕوانینێکی زاڵ هەیە لەواقیعی بەناو ڕۆشنبیری کوردیدا، ئەویش قبوڵکردنی ڕەهای شتێکە یان ڕەفزکردنێتی، ئەمە لەگەڵ بوونی ئەو ئەقڵیەتەی کەپێی وایە شتەکان یان باشن یان خراپ و ئیدی بەم شێوەیە پۆلێنکردنێکی ترسناك بۆ دابەشکردنی سەرجەم ئەوەی کەهەیە بۆ باڵ و لك و پۆل و هۆبەکان.

ئەمە جگە لەترسناکی ئیدیعاکردنی زانینی شتەکان و نەبوونی هیچ حەزو ویست و ئارەزوویەك بۆ گەڕان بەشوێن مەجهولدا و سەیرکردنی هەر تێز و بۆچوون و تێڕوانینێك



وەك مەعلوم و یەقین، لەکاتێکدا نەك هەر بۆچوون و تێڕوانین و تێز و چەمکەکان دنیایەك مەجهول لەخۆ دەگرن، بەڵکو خودی زمانیش وەك خۆی مەجهولێکەوەو هەردەم پێویستی بەگەڕان و کەشفکردنە. بەهەرحاڵ دەمەوێت هەر لەسەرەتاوە بڵێم کە لەپاڵ پرسیارەکانی ئێوەدا کەسەرجەمیان بارگاوین بەئەرگۆمێنت و پرسیارگەلێکی گرنگن. بۆخۆشم پرسیارم هەیەو هەرچیەکیش کەئاماژەی پێدەدەین یان هەڵوێستەی لەسەر دەکەین، تەنها هەوڵدانێکە بۆ وروژاندنی پرسیاری دیکەو سەرجەم ئەوەی کەلێرەدا دەیلێین یان نایلێین تەنها کۆمەڵە بۆچوونێکی ڕێژەییەو قسەش لەوە نییە کەئاخۆ وایە یان وانییە، باشە یان خراپەو....تاد.. هەروەك ئاماژەم پێدا هەموو ئەو جۆرە تێڕوانینانە وێڕای سەرپێی بوونیان پەیوەستن بەئەقڵیەتێکی غەیبگەراوە، کەلەمابەینی دژەکاندا شوێنێك شك نابات پەنای بۆ ببات و ناچارە بەمیان بڵێت باش و بەویتریان بڵێت خراپ و ئیدی بەم چەشنە؟!

سەبارەت بەپرسیارەکەتان زۆر راو بۆچوون و تێڕوانین و تێز هەن کەمامەڵە لەگەڵ ئەو ئاستەنگەدا دەکەن، هەر بۆ نمونە "کیڤن رۆبنس" یەکێکە لەو نووسەرانەی لەکۆتاییەکانی سەدەی رابردوودا هەوڵی راڤەو شیکاری گۆڕانکارییەکانی داوە، لەیەکێك لەکتێبەکانیدا ئاماژە بەوە دەدات کەچۆن کولتووری ئیمەیجی وئینفۆرماسیۆنی نوێ تێکەڵ بەکولتوور و بوونی مرۆڤ بووەو لەگەڵی یەکانگیربووە، بەچەشنێك کە چەمکی تەکنۆ — کولتوور بۆتە مەترەح و دەبێت قسەو باسی لەبارەوە بکرێت. چونکە ئەوەی کەلەئێستادا هەیەو وەك شتێکی ڕەها خۆی تەرح کردووەو تەکنۆلۆژیاو مۆدرێنیزمیش لەپاڵیدا بەچەشنێك لەچەشنەکان یۆتۆپیا و ئەفسانەو بگرە خورافاتیشیان زیندوو کردۆتەوە، ئەمرۆ هەر تەکنۆلۆژیایە کەحیکایەتەکان دەکاتە ئیمەیج و لەناوەوەڕا شەڕێکی نهێنی لەگەڵ وشە دەکات.

بەڵام کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ بەراییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤ، دەبینین لەوێنەوە دەستی کردووە بەدەربڕین و ناساندنی ئەو دنیایەی دەوروبەری تەنانەت ناساندنی خودی خۆشی، دیارە هەموو ئەوەی لەو سەردەمانەدا نەخشاندوویەتی یەك ڕیتم و تاك ڕەهەند نەبووەو بگرە هەر هەمووشی سادەو ساکاریش نەبوون، جگە لەوەی بەتەواوی ڕۆدەچنە

نێو تێڕوانینە میسۆلۆژییەکانەوە کەبەهێماو سیمبۆلەکان گوزارشتیان لەو تەسەورانەی خۆیان کردووە، دیارە هەر ئەم نەخش و نیگارانەن کەلەسەردەمێکی دیکەدا بوونەتە سەرەتای نووسینی وشەو بوونەتە سەرەتای ئەو سەفەرە نوێیەی کۆمەڵگە بەرەو نادیارەکانی بوون و شارستانییەتێك کەتائێستا درێژەی هەیە.

بەڵام قسەکردن لەسەر ئیمەیجی نوێ قسەکردن نییە لەسەر وێنەیەکی بەرایی سەردەمانێك کەمرۆڤەکان بەو پەڕی راستگۆییەوە گوزارشتیان لەوە کردووە کەتەسەووریان کردووەو پێیان وابووە کەوایە.. بەڵکو لەمڕۆدا قسەکردن لەسەر ئیمەیجی نوێ قسەکردنە لەسەر ئیمەیجێکی چەواشەکارییانەی ترسناك، کەلەجێی بیرکردنەوەو تێڕامان و لێووردبوونەوە بوونی هەیەو دەتوانێت لەناخەوەڕا سایکۆلۆژییەت و تێڕوانین و بۆچوونەکانی مرۆڤ بگۆڕێت و بیکاتە کۆیلەی ئەم دنیا گلۆباڵە، لەمڕۆدا مرۆڤ لەهەموو سەردەمەکان زیاتر بێ ئیرادەکراوەو بەدەیان شتی بێماناوە شەتەك دراوە، لەناخەوە تێکشکێنراوە لەئاست هەر یاخیبوونێك کەبەڕاستی بیەوێت شتێك دەرحەق بەگۆڕینی ئەم سیستمە گلۆباڵەی دنیا بکات.

" فرانسیس بیکۆن" لەسەردەمێکی پێش ئێستای تەکنۆلۆژیادا گوتویەتی: ( چاکەو خراپە لەدەست ئەو کەسانەدایە کەئامێرە میکانیکییەکان دروست دەکەن، ئەوانن کەدەتوانن خزمەتی ئەم یان ئەویتر بکەن، هەر ئەوانیشن کاتێك چالاکیەکانیان بەئەنجام دەگەیەنن و وێڵگەکان دروست دەکەن و دەبێت بزانن چۆن لێشی دێنە دەرەوە).

**رابەر فاریق: ئایا بەجیهانیبوون ئەو بەهەشتە وەهمییەیە کەکۆمەڵگەی ئێمە دەیەوێت"بوون"ی خۆی لەنێویدا بدۆزێتەوە؟**

یوسف عیزەدین: "لیۆتار" دەڵێت: ( دووبارە پەرەسەندنی ئیکۆنۆمیکی ئێستای کاپیتالیزم، بەهاریکاری تەکنۆلۆژیا، پێکەوە هەنگاو بەرەو گۆڕانی وەزیفەی دەوڵەت دەدەن: لەمیانی ئەمانەوە لەئاست نزیکایەتی ئاڵتەرناتیڤە تەرح کراوەکان، دەبێت جارێکی دیکە پێداچوونەوە بۆ وێنەی کۆمەڵ بکرێت.. ئەوەندە بەسە کەبڵێین وەزیفەکانی رێکخستن و دووبارە بەرهەمهێنانەوە، لەژێردەستی بەڕێوەبەرەکان رادەکێشرێتەوە، تابدرێتە ئامێرەکان.. پرسیاری تەوەرەیی ئەوەیە کێ مافی گەیشتنە



زانیارییەکانی دەبێت، لەپێناو بڕیاردانە راستەکاندا، دیارە لەئێستاو لەداهاتووشدا گەیشتنە زانیاری و بەدەست هێنانی پەیوەستە بەپسپۆڕە هەمە چەشنەکانەوەو هەر ئەوانیشن چینی دەسەڵاتدار و چینی دروستکردنی بڕیار.. ئیدی چینی بڕیاردان چینێکی تەقلیدی دەستەی سیاسییەکان نییە، بەڵکو چینێکە پێکهاتووە لەسەرۆك کۆمپانیاو بەڕێوەبەرە ئاست بەرزەکان و سەرۆکی رێکخراوە پیشەیی و سیاسی و ئاینییەکان).

"لیۆتار" هەر لەو دەمەوە ئاماژەی بەو گۆڕانکارییانە داوە، ئیدی تەکنۆلۆژیا نەك دەستی خستۆتە نێو هەموو کاروبارێکی ژیانەوە بەڵکو نەخشەی تەقلیدیی دەسەڵاتیشی گۆڕیوەو تا دێت زیاتریش دەیگۆڕێت.

سەبارەت بەپرسیارەکەتان دەبێت بڵێین دۆزینەوەی پێگەی کۆمەڵە جۆاوجۆرەکانی کورد، لەنێو ئەو ئاڵوگۆڕانەی کەلەدنیادا روویانداوەو روو دەدەن، کارێکی ئاسان نییە، چونکە هیچ کاتێك ئیختیار و ویستێکی خۆی نەبووە لەبڕیاردانـدا. بەبێ دابڕانی لەفیودالیزم و بنەما تەقلیدییەکان، کاتێکی بەخۆی زانیوە راپێچی دنیایەکی تر کراوە، جا سەیرش لەوەدایە ئەوەی کەتائێستا لەدەرەوەی خۆی وەریگرتووە زیاتر مۆدێلە لەوەی کە گۆڕانکارییەکی ناوەکی و خودی بێت. ئەگەر لەدەوەڕا بڕوانیت هەست بەگۆڕانی کۆمەڵی کوردی دەکەیت جا ئەمە پۆزەتیڤ بێت یان نەگەتیڤ، بەڵام کاتێك رۆدەچیتە نێو هەناو و دەروونی کۆمەڵە جیاجیاکانی کوردەوەو لەسیستمی کۆمەڵایەتی و فیکری و سیاسی رادەمێنیت، دەبینیت هەموو شتێك هەر وەك خۆیەتی یان بەئاستەم گۆڕانی تێدا دەبینیتەوە، بۆ نمونە سونەتی کوشتنی مێینە ئەگەر بەکارێك هەڵساو لەگەڵ تێڕوانینی کورددا نەگونجا هەر وەك خۆیەتی و باشترین نمونەش نەك هەر کوژرانی ئەو هەموو مێینەیەیی نێو کوردستانە، بەڵکو چەندین نمونەی کوژرانی ئەو مێینانە هەن کەلەدەرەوەی وڵات کوژراون.

کاتێك قسە دێتە سەر ئەو گۆڕانانەی کەلەئەورپاوە دەستی پێکرد، بەتایبەتیش کاتێك ئەو راستیانە دەهێنینە پێش چاومان کەلەچاخەکانی نێوەڕاستدا چەندە دژ بەبچووکترین مافەکانی مرۆڤ بوون و هەر چەند سەد ساڵێك لەمەوپێش لەئەوروپادا سەدان هەزار کەس لەسەر ئەوە سووتێنراون کەگوایە ساحیر و جادووگەرن؟!. هەمووومان نموونەی کوژرانی

سەدان نووسەر و بیرمەندی ئەورووپیمان لەبەر دەستدایەو دەزانین پاپا و کلێسا لەسەردەمانێکدا چەند باڵادەست بوون، بەهەرحاڵ لەئێستاشدا ناتوانین بڵێین ئەوان وەك لایەنی ئینسانی و رێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ، لەسەدا سەد پەیڕەوی لێدەکەن.. هەر جەنگەکانی بەلقان کەبووە مایەی کوژرانی هەزاران کەس نموونەیەکی بەرچاون لەوەی کەوانییە، یان هێرشەکانی ئەم دواییەی روسیا بۆ سەر جۆرجیا کەبووە مایەی کوژرانی ژمارەیەك لەخەڵك، هەر هەموو ئەوەی کەجار جارە لەئەورووپادا روودەدات، دەبێتە مایەی ئەوەی کەپرسیار لەمەدەنییەتی ئەو کۆمەڵانەش بکەین، ئەمە بێجگە لەوەی ئارامی و ئاسایشێکی رێژەیی کە ئەوان لەئێستادا هەیانە دەرئەنجامی هاویشتنە دەرەوەی گرفت و قەیران و کێشەکانیانە بۆ دەرەوەی خۆیان. باشە هەر گەنجەکانی ئەورووپا و وڵاتە بەناو پێشکەوتووەکان نین، کەلەمڕۆدا دەکرێنە یان دەبنە سەرباز و لێرەو لەوێی دنیادا کاریان کوشتنی خەڵکییە.. پێموایە تا ئەو هەموو سەرباز و کەرستە جەنگیانە هەبن و بەردەوام دروست بکرێن و پێویستیان بەبازاڕ هەبێت بۆ ساغکردنەوەیان، وا بەئاسانی دنیا ئارام نەبێتەوە؟!.

بەڵام نابێت نکووڵیش لەوە بکرێت ئەوان لەڕووی مەعریفی و فیکرییەوە خاوەن رێنیسانسێکن، هەروەك چۆن خاوەن شۆرشی پیشەسازی و دەیان دەستکەوتی تەکنەلۆژین، کەکورد خاوەنی هیچ کامێك لەوانە نیە.

**رابەر فاریق: کۆمەڵگەی کوردیی ئێستەشی لەگەڵدا بێت لەنێو قەیرانی ناسنامەدا دەخولێتەوە، هاوکاتیش بەردەوام رووی لەجیهانیبوونە، کەچی زەمینەسازییەکی باشی نەکردووە بۆ ئەم گۆڕانکارییە، جا بۆ ئەوەی ببین بەخاوەنی شوناسی خۆمان و لەجیهانیبووندا بەرجەستە بین، هەنگاوە بنچینەیی و هەرە پێویستەکان چین کەوەها کۆمەڵگەیەك و لەوەها زەمەنێکدا پێویستە پراکتیزەیان بکات؟**

یوسف عیزەدین: "هابرماز" یەکێکە لەو بیرمەندە رۆژئاواییانەی کەپێی وایە ئەو گەلانەی کەدەکەونە دەرەوەی پیشەسازی، وەك ئەوەی لەوڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا هەیە، ئەوە ئەو گەلانە توانای بەشداربوونی فیکرییان نییە لەپرۆژەی رۆشنگەرییدا، تەنانەت بەڕای ئەو هیچ نێوەندێك نییە ئەو دوو دنیایە کۆبکاتەوە. ئەمە



سەرباری ئەوەی کەدنیا بۆتە بازاڕێکی ئابووری هاوبەش، کەوڵاتە پێشکەوتووەکان بەڕێوەی دەبەن، کەواتە پێگەیەك کەکورد لەدنیادا هەیەتی، بوونی پانتاییەکی جوگرافییە وەك بازاڕ و شوێنی بەدەست هێنانی ماتەریاڵی خاو و ساغکردنەوەی کاڵاکان و هاتن و چوونی کۆمپانیاکان وەك ئەوەی لەئێستادا هەیە، هەرچەندە ئەمە لەزۆر شوێنی دیکەی دنیاشدا وایە، بەڵام بەبەراورد لەگەڵ گەلانی تردا زیاتر بۆ کورد بۆتە مایەی تێکشکانێکی دەروونی و فیکری، وەك بۆخۆتان ئاماژەتان پێداوە قەیرانی شوناسێکە کەخۆی پێ بناسێنێت و خۆی پێ بناسێتەوە، دیارە قەیرانەکە روون و ئاشکرایە سەرباری پەی پێ نەبردنی زۆرێك لەکورد بەو نەهامەتی و ئاستەنگانەی ئێستا.

دەبێت ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین کەئاخۆ بەڕاستی کورد لەنێو مێژوودایە، لەکاتێکدا زەمەنی مێژوویی پەرەسەندن لەخۆ دەگرێت و لەخەسڵەتە سەرەکییەکانی زیندە گۆڕانە کەیەکێتییەکی ئۆرگانیکی لەخۆ دەگرێت و هەمیشە لەگۆڕاندایە و توانای چاککردنی ئاراستەکانی خۆی هەیەو بەپێی هەلومەرج و گۆڕانکارییەکان لەگۆڕاندایە. بەڵام زەمەنی نامێژوویی جۆرێکە لەشوێن و هیچ گۆڕانکارییەك لەدیمەنە گشتییەکانی شتەکاندا روونادات، چونکە زەمەنی ئەو جێگرە، پێشتر چۆن بووە ئێستاش هەر وایە، یان هەن دەڵێن ئەو میللەتەی نەچووبێتە نێو مێژووەوە نەپێشتر هەبووەو نەئێستاش.

بوونمان لەنێو مێژوودا ئەوە نییە کەخۆمان تەسەووری دەکەین وەك خۆمان، یان لێرەو لەوێ بەباس و خواسێك سەبارەت بەخۆمان ئاماژەی پێدەدەین و دەڵێین ئەوەتا لەنێو مێژوودا هەین، راستییەکەی ئەوەیە کەمەحاڵە بەبێ پرۆژەیەکی مەعریفی و فیکری بتوانیت بوونی خۆت بسەلمێنیت و لەنێو مێژوودا جێی خۆت بکەیتەوە، رەنگە چەندین نمونەی ئەو گەلانەمان لەبەرچاو بێت کەسەردەمانێك لەنێو مێژوودا بووبێتن و کەچی لەمڕۆیەکدا بەتەواوی نەماون. تۆ بڕوانە کورد بەدرێژایی مێژوو پاشکۆی فەرهەنگ و ئایین و چەشنی بیرکردنەوەو تەنانەت زمانی میللەتە باڵادەستەکانی دەوروبەری خۆی بووەو جار جارەش وەك ئەکتەرێکی کۆمبارس ئەگەر پێیان رەوا بینیبێت گچکە رۆڵێکی کەمخایەنی بینیوە.

"هۆبز" لەوەڵامدانەوەی تێڕوانینی تەقلیدیانەی "ئەرستۆ" بۆ مرۆڤ، کەبەئاژەڵێکی سیاسی دەیداتە قەڵەم، باس لەوە دەکات کەمرۆڤ وەك تاکێك تەنها بەبیرکردنەوە جیاناکرێتەوە، بەڵکو بەگیانی کێبڕکێ و شانازی بەخۆوە کردن و زۆر شتی دیکەی لەو چەشنە، بۆیە بەڕای ئەو گواستنەوە لەکۆمەڵگەی سروشتییەوە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی بەبێ دروستکردنی دەوڵەت نایەتە دی.

بەڵام کوا ئەو دەوڵەتە کوردییەی کەکۆمەڵگەی کوردی لەکۆمەڵگەیەکی سروشتییەوە گواستۆتەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، تۆ ئەگەر بەخۆت بڵێیت من نەتەوەیەکی جیاوازم و لەهەمان کاتیشدا ئامادە بیت ژێر دەستە بیت، ئەمە چ مانایەکی هەیە؟!.

لەگەڵ ئەوەی کەدەوڵەتی نەتەوەیی هەرچییەك بێت و هی کامە نەتەوە بێت، سەرباری نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی، دەرکەی دەیان چەشنی ستەمی دیکە لەهاووڵاتیانی دەکاتەوە، بەهەر حاڵ ئەمە بابەتێکی ترەو رەنگە پێوەندی بەپرسیارەکەتانەوە نەبێت، بۆیە نامەوێت لەوە زیاتر لەسەری بڕۆم.

**رابەر فاریق: لەکۆمەڵگەی کوردییدا کەسانێك هەن بەردەوام بەقسە رەخنە لەئایینەکان دەگرن، بەڵام تائێستاکەش نەهاتوون ئەم قسانە بگوێزنەوە بۆ نێو نووسین بەشێوەیەکی زانستیانە، ئایا لەبەر هەڕەشەی پیاوە ئایینییەکانە کەڕەخنەمان نییە لەم بوارەدا، یان نووسەرانی ئێمە بەشێوەیەکی قووڵ تەماشای ئایین ناکەن بۆ کردنەوەی کۆدەکانیان؟**

یوسف عیزەدین: بەگشتی لەواقیعی کوردیدا فیکر و مەعریفەو تێڕوانین و لێخووردبوونەوەی قووڵ بۆ شتەکان نەبۆتە خەم، یان نەبۆتە گرێیەك کەهەوڵی کردنەوەی بدرێت. گرفتەکە لەوەدایە هەر زیاتر سەرزارەکی روانیویەتییە شتەکان و راگوزەر بەلایدا تێپەڕیوە، وەك ئەوەی کەهەر لەسەرەتاوە ئاماژەمان پێدا.

**رابەر فاریق: بەردەوام کۆمەڵێك کەس هەن کەپێیان وایە ئایین نەبێت باشترە، ئایا ئەم تێڕوانینە بنەچەیەکی تەندروستی هەیە؟ یان ئەمە دەرهاویشتەی دنیای مۆدێرنەیە یان شتێکی تر؟ ئایا هیچ کۆمەڵگەیەك دەتوانێت بەبێ ئایین درێژە بەبوونی خۆی بدات؟**



یوسف عیزەدین: "میلتۆن" دەڵێت: ( لەسەرەتادا نابینایی هەڵدێرێکی بێ بن بوو، تاریك و تەریك بوو).

"ئیدیس هامیلتۆن" سەبارەت بەم دێڕەی "میلتۆن" دەڵێت: ( ئەم وشانەی میلتۆن گوزارشت لەبیروباوەڕی گریکەکان دەکات سەبارەت بەبنەمای شتەکان و سەرەتاکانیان، پێش دەرکەوتنی خوداوەندەکان تەنها نابینایی و تاریکی هەبووە، هەموو شتێك رەش و بەتاڵ و بێدەنگ و ناکۆتا بووە، بەڵام دواتر موعجیزەیەك روویداو بەشێوەیەکی پەنهان و لەو بۆشایی و بەتاڵییەدا "ئێرۆس" هاتە بوون کە لەهەموو شتەکان گەورەتر بوو).

گەر رۆبچینە نێو قووڵاییەکانی میسیۆلۆژیا، زۆر راستیمان لەمەڕ ویستی مرۆڤ بۆ دەردەکەوێت دەرحەق بەحەزی بۆ بینینی شتەکان لەنێو کەشێکی سیحریی و فەزاو ئەتمۆسفێرێکی ئەفسانەئامێزدا. ئەو نمونەیەی کەلەسەرەوەڕا ئاماژەمان پێدا گەواهی ئەو راستییە دەدەن. ئیدی هەر لەو دەمەوە کەمرۆڤ پەنای بۆ خستنەگەڕی خەیاڵاتی ئەفسوون ئامێز و ئەفسانەیی بردووە، رۆڵی مرۆڤ وەك کارەکتەرێکی سەرەکیی بوون، هێدی هێدی شوێنی بۆ کارەکتەرانی دیکە چۆڵکردووە، وەك خوداوەند و نیمچە خوداوەندەکان و خۆی تەنها رۆڵی لاوەکی و تەواوکەری رۆڵی ئەوانی بینیوە.

دەکارێت لێرەدا بڵێین لەڕوویەکەوە سەرجەم ئەفسانەو خورافات و تەسەووره غەیبییەکان، هەوڵدانێکی بەرایی مرۆڤ بوویێت بۆ حاڵیبوون یان راڤەکردنی مەرگ و ژیان و نهێنی بوون و زۆر وردەکاری دیکە کەئەو دەم بۆی راڤە نەکراوە. کەدواتر هەموو ئەوەی هەر لەسەرەتاوە مرۆڤ هەوڵی زانینی داوە، بوونەتە بابەتی نێو فەلسەفە و فەیلەسوفان عەودالی دۆزینەوەی چەمکگەلێکی زۆر بوون، دیارە لەگەڵ جوداییان لەگەڵ خودی میسیۆلۆژیا، تەنانەت ئەگەر چەشنی فەلەسەفەکە میتافیزیکیش بوویێت، کەچی لەمامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو چەمکگەلانەدا دەبایە پەنا بۆ لۆژیك و ئەقڵ بەرێت، نەك ئەو هەست و سۆزەی کەتەنها رێگەیەکی باوەڕهێنانی باوەڕدارانی ئەفسانەکانە. ئەمە جگە لەوەی زەمەن لەئەفسانەکاندا زەمەنێکە نەرابردووەو نەئێستایەو نەداهاتووش، کەواتە زیاتر خۆی وەك پەیامێکی سورموودیی دەخاتەڕوو، هیچ گومانێك لای بابلییەکان نەبووە کەخوداوەندەکەیان "مەردۆخ" لەلاشەی ئەو ئەژدەرەی کەکوشتویەتی گەردوونی

گەورەی دروستکردووە، یان چۆن سۆمەرییەکان حیکایەتی تۆفانیان کردۆتە ئەفسانەو هەرچەندە وەك مێژوویەك ئاماژەیان بەپێش و پاش تۆفانەکە داوە، بەڵام لای ئەوان مەغزای تۆفانەکە مێژوویی نەبووە، بەڵکو تۆفان لای ئەوان بریتی بووە لە تووڕەبوونی خوداوەند.

ئەگەر لەمڕۆدا قەناعەتە خورافییەکان یان ئەفسانەییەکان لەڕوو کەمیش بووبێتنەوە یان وابێتە پێش چاو کەکەم بوونەتەوە، بەڵام زۆرێك لەبیرمەندان و نووسەران پێیان وایە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە رۆحییەکانی مرۆڤ پێویستە جارێکی دیکەو بەچەشنێکی تر ئەفسانەکان بژێنینەوە، دیارە بەشێواز و چەشنێکی دی، بۆ نموونە پرۆسەی بەستارکردن و هالە دروستکردن بەدەوری زۆرێك لەئەکتەرانی سینەماو رۆك و بوارە جیاجیاکانی هونەردا، چەشنێکە لەدروستکردنی شتێکی موقەدەس، زۆرێك لەگەنجان لەساتەوەختی دەرکەوتنی ئەو رۆك ستار–انەو و هاوچەشنەکانیاندا حاڵ دەیانگرێت، هەن خۆیان زامدار دەکەن، هەن کاتێك دەزانن دەستیان ناگاتە ئەو ستارانەی کەمیدیا بەو چەشنە گەورەی کردوون خۆیان دەکوژن و ساڵانە دەیان نمونەی لەو چەشنانەمان بەرچاو دەکەوێت.

سەرباری نائەقڵانیبوونی ئەفسانەکان نازییەکان توانییان گەلێکی ئاشنا بەفەلسەفەو بەئاقڵ ناسراوی وەك گەلی ئەڵمانی، لەڕێی خستنەگەڕی "ئەفسانەی رەگەزی ئاری باڵا"وە فریو بدەن و کۆنترۆڵی ژمارەیەکی ئێجگار زۆری ئەڵمانەکانی پێ بکەن و وەك یەکێك لەبیرمەندە نازییەکانیش کەناوی "ڤیلهلم ستانبل"ە دەڵێت:( نازیزم ئایدیۆلۆژیایەکی ساکارەو لەسەر بیرۆکە ساناکان راوەستاوەو پێویستی بەقەناعەت پێکردنی بەرانبەرەکەی نییە).

ئیدی زۆر شت هەن کەلەدەرکەی نائەقڵانییەتەوە دەتوانن تێکەڵ بەبیر و هزری مرۆڤ بن و بەچەشنێك جێی خۆیان بکەنەوە، کەسەردەم و رۆژگار و هەموو شیکارکاری و راڤەکارییەکان دەڕۆستی ئەوە نەیەن کەببنە مایەی گۆڕانکاری لەبیرو هزری باوەڕدارانیدا، تەنانەت کاتێکیش هەوادرانی ئەو جۆرە بیرو هزرانە دەبنە "فەنەتیك" ئەوە رەنگە توندوتیژییەکی بێ وێنەشی لێبکەوێتەوە دژ بەوانەی کەبۆچوونەکانی



ئەوانیان قبوولّ نییە، یان هەوڵی بەرپەرچدانەوەو ململانێ دەکەن لەگەڵیاندا، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر بەرانبەریش باوەڕێکی کوێرانەی بۆ بیرۆکەو هزرێکی دژ بەوان هەبێت، ئەوا ئەویش "فەنەتیك"ەو هیچی لەگەڵ ئەواندا فەرق نییە.

**رابەر فاریق: ئەو نهێنییانە کامانەن کەوەهایان کردووە، هەموو کۆدەکانی ئایین نەکرێنەوە؟**

یوسف عیزەدین: دیارە قسەکردن لەسەر ئایین ئەگەر مەبەست قسەکردن بێت لەسەر گوتاری ئایینەکان، ئەوە دەبێت بەشوێن ئەوەدا بچین کەچین ئەوانەی گوتارەکان یان گوتارێك پەردەپۆشی دەکات و دەیشارێتەوە. پەنهان و نهێنییەکانی نەك هەر گوتارە ئایینییەکان بەڵکو سەرجەم گوتارەکان دەکەوێتە پشت گوتارەکەوەو کردنەوەو دۆزینەوەی کۆدەکانی پێویستیان بەڕۆچوون و بەدواداچوون و تێڕامان و تێفیکرین هەیە. دەبێت لەڕوانگەیەکی تەفکیکییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، ئەگینا تەنها هەڵسوڕان لەنێو گوتەزا لۆژیکی و گشتیر و ئەقڵانی و نائەقڵانییەکاندا رەنگە بێسوود بێت و بۆ خۆی ببێتەوە بەلەمپەر لەئاست ئەو رۆچوون و ئەو بەدوادا چوونەی ئێمەدا، بۆ نموونە ئەگەر تەنها بەپەنابردن بۆ گوتەزاو تێڕوانینە ماتەریالیستی و مارکسیستی و هاوچەشنەکانی کەخوێندنەوە یان رەخنەیان سەبارەت بەئایین هەیە، خوێندنەوە بۆ ئایین بکەین ئەوە پێبزانین یان نەزانین لەجێی کردنەوەی دەرکەکان دەرکەکانمان کلۆم داوە، نەك لەبەر ئەوەی راستن یان هەڵەن، زانستین یان نازانستین، لۆژیکین یان نا لۆژیکین، کەدیارە هەر هەموو ئەمانە چەمکی رەهان و کاری ئێمەش دەربازبوونە لەرەها بوون و بەزۆر سەپاندن و تێزو تەرحی دۆگما. کەواتە ئێمە هەردەم بۆ خوێندنەوەو کەشفکردنی شتەکان پێویستمان بەتێڕوانینێکی گومانا وییە، بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی کەپێشتر هەبووەو ئەوەی کەئێستاکە هەیە.

ئاشکراشە کەخودی ئایینەکان وەك خۆیان بەگومانەوە دەڕواننە مرۆڤ و مرۆڤ وەك شوێنجێگەی دژەکان سەیر دەکەن، مرۆڤ لەڕوانگەی هیچ ئایینێکەوە بوونەوەرێکی تەباو گونجاو و فریشتە ئاسا نییە. ئەوەندەی باس لەتاریکییەکانی ناوەوەی مرۆڤ کراوە ئەوەندە باس لەلایەنە باش و رۆشنەکانی نەکراوە. لەڕوانگەی ئایینەکانەوە مرۆڤ

بوونەوەرێکی ناکۆك و پڕ دژایەتی و جیاوازییە، لێوانلێوە لەکوفر و ئیمان و باشەو خراپە و ڕەش و سپی و سەرجەم ناکۆکییەکانی دیکەشی لەخۆ گرتووە. تۆ بڕوانە لەکاتێکدا کەباس لەئیختیاری مرۆڤ دەکرێت هێندەش باس لەبێدەسەڵاتی و نائیختیاربوونی دەکرێت، ئەوەندەی باس لەموخەیەر بوونی دەکرێت ئەوەندەش باس لەموسەیر بوونی دەکرێت.. هەر بوونی بیرۆکەی خوداوەند بەواتای جیاوازی ئەو لەمرۆڤ و مرۆڤیش لەو دێت.. بەم چەشنە ئایین لەنێو قووڵایی جواداخوازی و ناکۆکی و بگرەو بەردەو جیاوازییەکانەوە، دروست دەبێت و هەر لەدەسپێکەوە هەوڵی خۆ سەپاندن و ڕەها بوون دەدات.

جا بۆ کردنەوەی کۆدی ئایینەکان بەپێی ئەو تێکستانەی هەن، دەبێت لەو تێڕوانینە کلاسیکییە لاهوتییە دوور بکەوینەوە کەزیاتر لەو ڕوانگەیەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو تێکستانەدا کراوەو قسەیەکی لەسەر ستراتیژییەت و دیوەکانی دیکەی تێکستەکان نییە. تێکست وەك خۆی لەڕێی خوێندنەوەیەوە گەمەیەکت لەگەڵ دەکات و کەم تازۆر بەکارتدەهێنێت، جا ئێمەش بەهەوڵدانمان بۆ بینینی دیوە شاراوەکانی و سەرجەم پەنهان و نهێنییەکانی دەتوانین لەجێی ئەوەی ئەو بەکارمانبهێنێت، ئێمە بەکاری بهێنینەوە. مامەڵەکردنمان لەگەڵ تێکست نابێت لەو شوێنەدا ڕابوەستێت کەخۆی پێمان دەڵێت، بەڵکو دەبێت ئەوە تێپەڕبکات و ڕۆبچێتە نێو ئەوەی کەلێمانی دەشارێتەوە. لێرەدا وەك نمونەیەك دەتوانین ئاماژە بەکتێبی" تەواسین"ی حەللاج بدەین وەك یەکێك لەو کتێبە تەسەوفییانەی کەکردنەوەی کۆدەکانی ئاسان نییەو بگرە زۆر سەختیشە، لەگەڵ ئەوەی ژمارەی لاپەڕەکانی لە چەند لاپەڕەیەکی دیاریکراو زیاتر نییە، بەڵام تابڵێی تێکستێکی سەیر و فرە ڕەهەند و قووڵە و گوزارشت لێکەری ئەزموونی تەسەوفی حەللاجە، تەنانەت دەکرێت بڵێین لەزۆر شوێنیدا زۆر لەتێڕوانینی "کانت" نزیك دەبێتەوە، لەو ڕووەوە کەئەقڵی مرۆڤ لەئاست زانینی مەعریفە میتافیزیکییەکاندا سنووردارەو بەڵکو "حەللاج" لەمەش زیاتر پێ دادەگرێت، ئەگەر ئێمەیەك شوێن جێگەی خۆمان لەدنیادا نەزانین، چۆن دەتوانین تێپەڕی بکەین؟!

بۆ نمونە سەبارەت بەئەزموونی "موسا" بۆ بینینی خوداوەند دەڵێت:



( – ئەوەی گوتی بەونبوونی خۆم ئەوم دۆزییەوە، ئەوەی خۆی ونکردبێت چۆن مەوجود دەناسێتەوە؟!

– ئەوەی گوتی بەوجودی خۆم دۆزیمەوە، دوو مەوجود پێکەوە نابێت؟!

– ئەوەی گوتی ناسیم کاتێك خۆم لێ نەبان کرد، بەڵام خۆ لێنەبان کردن پەردەیەو مەعریفەش لەپشت پەردەوە بوونی نییە؟!

– ئەوەی گوتی بەناوی ناسیمەوە، بەڵام ناو لەناولێنراوەکە ناترازێت، چونکە مەخلوق نییە؟!

– ئەوەی گوتی لە بێدەسەڵاتیدا ئەوم ناسییەوە، ئەوەی بێدەسەڵات بێت دابڕاوە، دابڕاویش چۆن دەتوانێت درك بەزانراوەکان بکات؟! ).

ڕەنگە لێرەدا دەرفەت نەبێت بۆ خستنەڕووی هەموو هەوڵدان و تێڕوانینەکانی "حەللاج" بۆ کردنەوەی کۆدەکانی ئەو ئیشکالەی کەلەناسینی خوداوەندا هەیە، دیارە پاش ئەزموونێکی دوور و درێژ دەگاتە ئەوەی کەبۆ ناسینی خوداوەند تەنها یەك ڕێگە هەیە ئەویش بینینە و ئاشکراشە ئەمە لەبڕوای ئایینی ئیسلامی و زۆر ئایینی دیکەشدا شتێکی ڕێگەپێنەدراو و بگرە مەحاڵیشە.

"حەللاج" دەڵێت: ( عاریف ئەو کەسەیە کەبینیویەتی –مەبەستی لەبینیی خوداوەندە–).

بەڵام ئایەتەکانی قورئان ئەو ڕاستییە دەخەنەڕوو کەبینینی خوداوەند لەم دنیایەدا ئاستەمە، هەروەك نمونەیەك ئەگەر بڕوانینە ئەم ئایەتە ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت:

( لا تدركه الابصار، وهو يدرك الابصار).

ڕەنگە هەر "حەللاج" و چەند متەسەویفێکی دیکە پێیان وابێت کەبینینی خودا شتێکی شیاوە کە عاریف پێی بگات؟!. بەڵام ئەوانەی دیکە ڕاوبۆچوونیان پێچەوانەی ئەمەیە، وەك" تووسی" بەئاماژە پێدانی بۆ ڕایەکی "خەراز" دەڵێت:

( ئەوەی بڵێت بینیوومە هەڵەیکردووەو کەسێکی گومڕاو سەرلێشێواوە ).

هەرچەندە بەپێی ئاماژەکانی ئایەتێك دەکرێت لەو دنیادا کەسە دیندارەکان خودا ببینن، کەدەڵێت:

**( وجوة يومئذ ناضرة الى ربها ناضرة).**

بەڵام موعتەزیلەکان پێیان وایە ئەو دەمیش مرۆڤی موسڵمان خوداوەند نابینێت و ئەوەی کەلە ئایەتەکەدا ئاماژەی پێدراوە، بینینی مەجازییە نەك راستەقینە، واتە بینینی خوداوەند لەم دنیاو لەو دنیاشدا مەحاڵە؟!.

رابەر فاریق: لەهەموو وڵاتێك و لەهەموو ئاینێکیشدا کۆمەڵێك یاسا و تایبەتمەندی هەن کەپێویستە ئەو مرۆڤانەی قبووڵیان دەکەن بچنە ژێر رکێفیانەوە، ئەگەر ئەو کۆمەڵە یاسا و تایبەتمەندییانە نەمێنن، مرۆڤ دەتوانێت بەشێوەیەکی قووڵ و تۆکمەتر باس لەبوون و ئاوەزی خۆی بکات؟

یوسف عیزەدین: بەڵێ قسەکردن لەڕووی سوسیۆلۆژی و سیاسی و بەکارهێنانی ئایین لەلایەن دەسەڵات و سیستمەکانەوە، جیاوازە لەقسەکردن لەسەر تێکستە ئایینییەکان. قسەکردن لەسەر لاهوت و ناسوت و سەرجەم وردەکای و چەمکەکانی دیکەی نێو تێکستە ئایینی و تەسەووره ئایینییەکان و هەوڵدان بۆ راڤەکردن و تەئویلکردنیان زۆر جیاوازە لەو پرۆسەیەی کەسیستمێك لەڕێی بەکارهێنانی ئایینەوە هەوڵی مانەوەی خۆی و سەپاندنی دەسەڵاتی دەدات، دیارە نەك ئایین هەر بیر و هزرێکی دیکەش کەخرایە دوو توێی تیۆرییەکی سیاسی و کرایە ئایدیۆلۆژیا و خرایەگەڕ بێگومان دەبێتە شتێکی ترسناك، هەر خودی ئەو متەسەویفانەی کەبەدەر لەیاساکانی ئایین و شەرع و رێسا و یاساکان ویستویانە عەودالی دۆزینەوەی پرسیارگەلێکی گرنگ بن، کە لەدوو توێی تێکستە ئایینییەکاندا چنگیان نەکەوتووە یان چنگیان کەوتووەو نەیگەیاندوونەتە یەقین، یان وەڵامەکان بۆ ئەوان قەناعەت پێکەر نەبووە و ئەوان ویستویانە بەئەزموون و گەڕان و پرسیار بگەنە ئەو نادیار و شاراوەو پەنهان و نهێنییانەو دەرئەنجامەکەشی کوژرانی زۆریان بووە بەدەستی دەسەڵات و لەڕێی فەتوای پیاوانی ئایینیشەوە خوێنیان حەڵاڵ کراوە.. کوژرانی "حەللاج" و "سەهروەردی "، چەندینی تر نمونەیەکی بەرچاوی ئەو دەسەڵاتە کوشندەیەیە کەبەناوی باڵادەستبوونی ئایین و بەجێهێنانی شەرعی خوداوەند حوکم دەگرێتە دەست. کەواتە نالۆژیکی بوون و سەیر و سەمەرەیی لەئەزموونی ئەو متەسویفانەدا نییە کەگەڕانیان بەشوێن زانینی نەزانراوەکاندا دووچاری ئیلتیباس و گومان و دڵەڕاوکێی کردوون، وەك پیاوە ئاینییەکان دژ بەئەزموونی ئەوان ئاماژەیان پێداوە، بەڵکو نالۆژیکی بوون لەخودی ئەو سیستم و دەسەڵاتانەدایە کەیان فامی ئایین وەك خۆی ناکەن، یان خۆیان باش دەزانن کە مانەوەیان پەیوەستە بەپرسیارنەکردن لەبارەی هەر شتێك کەئەندێشەی مرۆڤ بەرەو شوێنێکی دیکە ببزوێنێت و ببێتە مایەی پرسیارگەلێکی تر، ئەگینا خەلیفەیەکی وەك" عومەری کوڕی خەتاب" لەگەڵ ئەو توندوتیژییەی کەهەیبووەو سەرچاوە ئایینی و مێژووییەکان ئاماژەیان پێداوە، کەچی لەسالانی نەبوونی و قات و قڕییەکی زۆری سەردەمی حوکمیدا، کەڕێژەی دزی و تاوان گەیشتۆتە رادەیەکی ترسناك و پێشتر نەبینراو، ئەو زاتە لەو دەمەدا گرنگترین یاسای شەرعیی ئیسلامی لەکار خست و بڕیاری دا کاری پێ نەکرێت ئەویش سزادانی دز بوو بەقۆڵبڕین، ئەگەر قۆڵبڕینی دزەکان شەرعی خوا بێت و هێشتاکە لەسعودییەو هاوچەشنەکانی کاری پێ بکرێت و مابێت، ئەوە لەسەردەمی "عومەری کوڕی خەتاب"دا و لەو سەردەمەدا کەئاماژەمان پێدا کاری پێنەکراوەو دزان لەسەر دزێتی قۆڵیان نەبڕاوە، کەواتە ئەو زاتە درکی بەوە کردووە کەبەڕێوەبردنی دەوڵەت و بەتەواویی جێبەجێ کردنی یاسا شەرعییەکانی ئایین پێکەوە ناگونجێن و هەڵسانی بەقۆڵبڕینی دزەکانیش بێگومان ئەگەر پێی هەڵسایە، رەنگە بۆی ببوویاتە کێشەیەکی گەورەو هۆکاری رووخانی دەسەڵاتەکەشی، واتە دەسەڵاتی ئیسلام هەر لەسەرەتاکانییەوە رووبەڕووی شکست دەبۆوە، ئاشکرا بەو بڕیارەی کەقۆڵی هیچ دزێك لەو دەمەدا نەبڕدرێتەوە خەڵکێکی زۆری لەخۆی رازیکردووەو بەهەرحاڵ ئەو مەسەلەیە باسێکی قووڵەو دەرفەتێکی تایبەت و فراوانتری دەوێت تا لەبارەیەوە بدوێین.

کورتکردنەوەی هەر ئایینێك بۆ چەشنی جلوبەرگ و چۆنیەتی سمێڵ و ریش تاشین و سونەت و فەرز و حەرام و حەڵاڵ و دەست بڕینەوەو رەجمکردن و سزادان و شولاق لێدان و سەرجەم شتەکانی دیکەش کەلەو جوغزەدا هەڵدەسووڕێن، کارێکی ترسناك و دژ بەماهییەت و مافەسەرەتاییەکانی مرۆڤەو زۆر جیاوازە لەهەوڵدانی کەسێکی باوەڕدار کەبەتەنیاو بۆخۆی مەبەستیەتی لەڕێی ئەزموونێکەوە بگاتە شتێك، ئەگەر ئەو شتە

بەلای ئەویشەوە حەقیقەت بێت، وەك ئەوەی متەسوفیە یاخییەكان پێی دەگەیشتن و هەندێكیان تامردنیش كەس نەیزانی گەیشتوونەتە كوێ و ئەزموونەكەیان چی بووە؟!.

"ماركس" سەبارەت بەئایین دەڵێت:

( مرۆڤ خۆی ئایین دروست دەكات، نەك ئایین مرۆڤ دروست بكات. ئایین هۆشمەندی خودیی و هەستكردنە بەخود لای مرۆڤێك كەهێشتاكە خودی نەدۆزیوەتەوە، یان ئەو كەسەی خودی خۆی ونكردووە.. هەر دەوڵەت و كۆمەڵگەشە كەئایین بەرهەم دەهێنێت، وەك هۆشمەندییەكی ئاوەژوو بۆ دنیا).

رابەر فاریق: ئایا ئایین لەتوانایدا هەیە بەرگری لەئازادی فیكر و ژیانی تاكەكەس بكات؟

یوسف عیزەدین: رەنگە دەرحەق بەم پرسیارەتان پێویست بكات نموونەیەكی مێژوویی دوو برا بخەمەروو، كەلەسەردەمی دەسەڵاتی مەغۆلەكاندا نەوەی دەسەڵاتدارانی مەغۆل بوون و لە لاهور دەسەڵاتدار بوون. یەكێكیان ناوی"دارا" بووە كەدەستی داوەتە تەسەوفی ئیسلامی و دواتر گەیشتۆتە ئەوەی كەتەرحی لێكچوونی ئایینی هیندۆس و ئیسلام بكات و هەردووكیان بباتەوە بۆ یەك سەرچاوەو جەوهەر و بەیەكیان بشوبهێنێت و بۆ خستەرووی بیروبۆچوونەكانیشی كتێبێك بەناوی" ئیلتیقائی موحیتەین" دەنووسێ. هەرچەندە لەكتێبەكەیدا شتێكی خراپی دژ بەئایینی ئیسلام نەخستۆتەڕوو و هێندە هەیە كەبەراوردكاری لەنێوانیاندا كردووەو ئەمەش وەك تەرحێك شتێكی رەوا و ئاساییە تەنانەت لەنێو ئایینی ئیسلامیشدا نموونەی ئەو جۆرە كتێبانە بەرچاو دەكەون، بەڵام براكەی كەناوی "ئۆرانزیب" بووە و یەكێكیش بووە لەئیسلامە سەلەفییەكان ئەمەی پێ هەزمنەكراوەو نەك هەر براكەی خۆی كوشتووە، بەڵكو پێش كوشتنیشی بەدرندەترین شێوە ئەشكەنجەی داوەو بەڕووت و قووتیش لەسەر فیلێك و بەنێو نەفرەت و تفبارانی حەشەمەتەكاندا بەنێو شاردا گەڕاندوویەتی. ئەمەیە جیاوازی ئەو دوو ئەقڵییەتەی كەیەكێكیان پێی وایە ئایین قابیل بەراڤەكردن و تەئویل و قسە لەسەركردن و خستنەڕووی تێز و راو بۆچوونە جیاوازەكانەو ئەوی دیش بەبێ هیچ تێفكرین و لێخوردبوونەوەیەك هەر شتێك كەلەدۆگما فیكرییەكەی ئەو بترازێت شوێنی قبوڵ نییەو ئەگەر ئەو كەسە براشی بێت، لێخۆشبوونی نییە بەرانبەری و دەبێت بكوژرێت.



رابەر فاریق: كەنگێ ئایین بەربەست دروست دەكات لەبەردەم زیاتر كرانەوەی جیهاندا، هاوكاتیش تاچەند كراوەیە لەبەردەم بەربەستە گەورەكاندا؟

یوسف عیزەدین: ئەگەر ئیسلام بكەینە نمونەی یەكێك لەئایینەكان، "سادق نەیهوم" لەكتێبی "ئیسلام لەئەسیریدا"، ئیسلام وەك خۆی و موسڵمانێتی وەك كردەیەك جیادەكاتەوە، بەو واتایەی كەئەوەی تا ئێستا بەناوی ئیسلامەوە كراوە ئیسلامییەت نەبووە. هەر بۆیە بەڕای ئەو دەبێت موسڵمانەكان بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەی سەرەكی ئیسلام تا ئیسلام لەو ئیسلامییەتە رزگار بكەن كەتا ئێستا باڵا دەستەو بەئیسلامییەت ناسراوە. هەر بەڕای ئەو نووسەرەش فەقێ و مەلا و شێخ و پیاوانی ئایینی ئیسلام بەرێگر دادەنێت.

**رابەر فاریق: رۆشنبیرانی كورد توانیویانە بەكەرەستەی مۆدێرن و چەمكە جیهانییەكان دۆخی گشتی ئێستای كوردستان بخوێننەوە و قەیرانەكان بەرەو چارەسەر پەلكێش بكەن؟**

یوسف عیزەدین: خۆی ئەم پرسیارە چەندین پرسیاری دیكەمان لا دروست دەكات، وەك ئەوەی ئاخۆ رۆشنبیرانی كورد تا ئێستا توانیویانە هەڵگری پرۆژەیەكی رۆشنگەری بن؟ یان ئاخۆ رۆشنبیرانی كورد بەگشتی یەكانگیرن دەرحەق بەو شتانەی كەپێی گەیشتوون و مەبەستیانە بەدنیای دەرەوە یان بەكۆمەڵە جیاجیاكانی كوردی رابگەیەنن؟

ئەگەر پرۆژەی رۆشنگەری رۆژئاوا توانیبێتی دیدگەو تێڕوانینی غەیبانی و مەجهولئامێز لێك جودا بكاتەوە و كاری ئەقڵ و ئەقڵانیەتیش پەیوەست بكات بەدۆزینەوەی مەجهولەوە. ئەوە نەك هەر لای كورد بەڵكو بەگشتی لەپانتایی فیكری زۆر شوێنی رۆژهەڵاتدا، تا ئێستا مەجهول و غەیبانییەت لێك جودا ناكرێنەوە. چونكە لەئاست زانین و راڤەكردنی موقەدەسەكاندا لەمپەرێك هەیە، كەبەشێوەیەكی گشتی رۆشنبیرانی ئەو جۆرە شوێنانە نەیانتوانیوە تەجاوزی بكەن، قسە لەو باكگراوندە شاراوەو پەنهانانە بكەن كە"تابوو"ن، رەنگە تاك و تەرا لێرەو لەوێی ئەو پانتاییانەدا هەوڵدانێك هەبووبێت و هەبێت، بەڵام نەگەیشتۆتە ئاست پرۆژەیەك.. چونكە لەو پانتاییانەدا چۆن بەرێزەوە سەیری ئەزموونی ئەو متەسوفیانەكراوە كەدژایەتی سیستەمی باویان نەكردووە، یان

ئەوانەی کەبێدەنگیان هەڵبژاردووەو هەرگیز بەلای کەشفکردنی پەنهان و نهێنییەکاندا نەچوون. بەهەمان شێوەش لەڕوانگەی تەقلیدیانەی سیستم و دەسەڵات و بگرە تا دەگاتە نێو ئاستی خەڵکە ئاساییەکەش، بێدەنگی خۆی بۆ خۆی مەعریفەیە، ئیدی ئەوەی کەدەزانێت تەنها بێدەنگ بێت بەسەو کەس کاری بەوە نییە کەکێ چی دەزانێت یان نایزانێت، مەبەستم لەڕوانگە مەعریفیەکەیەتی ئەگینا زانین وەك ئەو تەسەوورە تەقلیدی و سەرپێیەی سەبارەت بە زانین هەیە لەو جۆرە شوێنانەی کەبەواقیعی کوردی دەچن هەبووەو هەیە، مەبەستم لەزانینی حیکایەت و بەسەرهات و شتە سەرپێیەکانە، راگوزەرانەو بەبێ پرسیارکردن.

**رابەر فاریق: ڕۆشنبیرانی کورد دەزانن بیر لەچی دەکەنەوەو لەپشت بیرکردنەوەیاندا چ مەبەستێك خۆی نواندووە؟**

یوسف عیزەدین: دیارە تەقدیسکردن بەواتا فراوانەکەی و لەنێو پانتاییەکانی میتافیزیك و غەیبانییەتدا تا دەگاتە باڵ و لکەکەنی تەقدیسکردن، کەخۆی لەتەقدیسکردنی کەسایەتی و ناوەکان و شوێنەکان و شتەکان و تێکستەکان و دانەران و دەیان شتی دیکەی لەو چەشنەدا خۆی دەبینێتەوە، شوێنجێگەیەکی بەرفراوانی لەواقیعی کوردیدا داگیرکردووەو هەموو ئەمەش ڕێگرە لەئاست پرسیارکردنێك کەغەیبانییەتی ئەو شتانە تێپەڕبکات و دیوەکانی دیکەی ببینێت، واتە کە نووسەرێك بەگەورە و مەزن و دەیان وشەگەلی لەو چەشنە ناسێنراو پێناسە کرا، ئیدی تێپەڕبوونی ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵەکانیش ئەم نازناوە غەیبییە میتافیزیکییەی لێ ناسێنێتەوە، ئیدی ئەو ئەوەیەو هەر دەبێت ئەوەش بێت، بەڵام بۆ دەبێت ئەوە بێت، ئەمەیان کەس لەبارەیەوە ناپرسێت و کاری پێی نییە؟!. ئەمە لەکاتێکدا لەدەرەوەی پانتاییەکانی ئێمەداو لەو شوێنانەدا کە خاوەن پرۆژەیەکی ڕۆشنگەرین و سەر و سەودایان لەگەڵ مەعریفە و گۆڕانکارییەکانی دنیادا هەیە، ئەوەی کە وادەکات بۆ نمونە تێکستێکیان هەمیشە قابیل بەخوێندنەوە بێت و لەئاست تێکستە زیندووەکانی خۆیاندا حیسابی بۆ بکەن، توانای ئەو تێکستەیە بۆ گرتنە خۆی خوێندنەوەی جودا و جیاواز، نەك ئارەزووی ئەم و ئەو بۆ گەورەکردنی فلان و سڕینەوەو بێ بایەخکردنی ئەویدیکە، ئەو دەردەی



کەلەنێو میدیاو ڕۆشنبیری کوردیدا هەیە دەردێکی زۆر کوشندەو سامناکە، هەموو کارێك بەناسیارێتی و خۆبردنە پێش و بوونی پشت و پەناو دەیان شتی بێمانای لەو چەشنە مەیسەر دەبێت، کەواتە وەك نموونەیەك خزم و برا و دۆست و کەسی نزیکی فلانە نووسەر، دەتوانن ئەگەر بۆ خۆیان لەفلانە شوێنی گرنگی کەناڵێکی راگەیاندندا بن ، کار بۆ ناساندن و گەورەکردن و هالە بۆ دروست کردنی فلانە نووسەری خزم و کەس و دۆست و نزیکی خۆیان بکەن، ئیدی قسەکردن لەمەدەنییەتی کۆمەڵێکی لەم چەشنە نوکتەو گاڵتەجاڕییەکی گەورەیە. ئەو میللەتانەی ئەقڵانییەت و مەعریفە لەنێویاندا دەگوزەرێت، خوێنەرە کەبڕیار لەسەر جوانی و جددیەتی تێکستێك دەدات، یان لەڕوویەکی دیکەشەوە خوێندنەوەی جیدی رەخنەگران و نووسەرانە کەبەردەوام شتە نوێیەکانی نێو تێکستەکان کەشف دەکات و دەیخاتەڕوو.. بۆ نمونە ئەوەی کە تێکستەکانی دۆستۆێڤسکی تا ئەمڕۆ گەیاندووە تێکستەکان خۆیانن، کەهەڵگری چەندین خوێندنەوەو تەئویلن، نەك حەز و ئارەزووی دەزگایەکی بڵاوکردنەوە یان کەناڵێکی میدیا، یان دەسەڵاتێکی حیزبی، بەڵام ئاخۆ ئەمە لای ئێمە وایە؟!.

بۆ چێ بوونی  هاوکێشە مەعریفییەکان هەردەم پێویستە لە میانی بوونی پۆڵەکان و ناکۆکی و دژایەتی و یەکانگیرییەکان، تۆ خوێندنەوەو راڤەکاری و تەئویل و تیڕوانین و بیرو بۆچوونەکانی خۆت بخەیتەڕوو، بەبێ بوونی هاوکێشە مەعریفییەکانیش خودی مەعریفە خۆی بوونی نابێت.. ئەوەی لە پانتایی ڕۆشنبیری کوردیشدا هەڵدەسووڕێت، دەشێت هەر شتێکی ناو بنێین بەڵام ناتوانین پێی بڵێین مەعریفە.

**رابەر فاریق: ئایا کولتوور سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی ئێمە لەڕێگەیەوە باشتر و بەڵگە بەدەستەوەتر باس لەکۆمەڵگە بکەین؟**

یوسف عیزەدین: هەروەك زۆرجار ئاماژەم پێداوە سەرەتا دەبێت کولتوور و میرات جیا بکەینەوە، دەکرێت بڵێین میرات بەهەموو ئەو گوتەزا و داب و نەریت و زانیاریی گشتی و هەندێك تێڕوانین و راوبۆچوون و ئیدی بەسەرجەم ئەو شتانە دەگوترێت کەپشتاو پشت لەباوانەوە بۆ نەوەکانیان دەگوێزرێنەوە. زیاتر ئەو شتانەی کەدەچنە نێو جوغزەکانی میراتەوە شتگەلێکی سەرپێی و سەرزارەکین و پەیوەستن بەهۆشمەندێتی تاك و کۆی

کۆمەڵەوەو کاریشیان هێندەی سڕکردنی هۆشە هێندە وروژاندنی نییە. بەتایبەت ئەوانەی کەقایلن بەوەی کەبۆیان ماوەتەوەو وەك سونەتێکیش تێی دەڕوانن، ئیدی بەبۆچوونی ئەوان ئەوەی هەیە تازە هەیەو پرسیارکردن لەبارەیەوە شتێکی بێماناو عەبەسە؟!.

سەیر لەوەدایە هەموو ئەو شتانەی کەناچێتە دوو تویێ ئەقڵانییەت و تێڕوانینی زانستیانەوە لای کەسانێك کەلەمڕۆدا میراتگری ئەو میراتەن، بەشتگەلێکی شیاو و ماقووڵ و ئاسایی سەیر دەکرێن و زۆرجار پەیڕەو لێکردنی سنووری سونەتیش تێپەڕدەکات و هەر بەتەواویی وەك فەرزێك جێ بەجێ دەکرێت.

بەڵام ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کەهۆکاری گواستنەوەی هەموو ئەو میراتەی کەپێشتر هەبووەو پشتاو پشت ئیدامە بەخۆی دەدات، بەر لەهەموو شتێك خودی زمانە نەك شتێکی تر.

وەك "گادامێر" یش ئاماژەی پێدەدات، ئەو زمانەی دوو کەس لەگفتوگۆدا سەبارەت بەباتێك بەکاریدەهێنن، نێوەندێکە بۆ بەیەك گەیشتنی دوو ئەقڵ، مەبەستیشی لەمە ئەوەیە کەفامکردن مانای ئەوە نییە کەیەکێك لەگفتوگۆرەکان بەرەهایی یان بەتەواویی فیکری ئەوی دیکە وەربگرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە دیالەکتیکی ئاخافتن لەبگرەو بەردەکەیدا نەك تەنها وەك سەفسەتەو رەتدانەوە، بەڵکو وەك لێکنەچوون و تەبانەبوونی تێڕوانین و بیر و بۆچوونەکان و ئاستەمبوونی ئەوەی کەیەکێك لەمیانی گفتوگۆیەکەوە ببێتە ئەوی تر، مەگەر بۆخۆی خاڵی بێت لەهەر چەشنە تێڕوانین و بیروبۆچوونێك.. جا لێرەدا مەبەستمان لەوەیە کەمیرات هەرچەندە لەڕێی زمان و ئاخافتنەوە دەگوێزرێتەوە، کەچی وەك چۆن تەرمی مردوویەك بەخاك دەسپێردرێت، لەواقیعی کوردی و زۆر واقیعی تریشدا ئاوا بەبیرو هزری بەرانبەرەکەی دەسپێردرێت و تەنها کاری بەرانبەر وەرگرتنیەتی بەبێ پرسیار و چەندوچوون. ئەمە لەکاتێکدا کولتوور شتێکی جێگیر و نەگۆڕ نییەو هەردەم بەپێی رۆژگار و زەمەن شیاوی گۆڕان و ئاڵوگۆڕەو لەدەرئەنجامی پێکدادان و بگرە و بەردەی نێوان کۆمەڵ و شارستانییەتە جیاجیاکان دێتە بوون و ئەوەندەی بانگهێشتێکە ئەوەندە سەپاندن و دۆگما نییە، کەڕەنگە ئەویش وەك خۆی



جارێکی تر لەڕێی ئەقڵیەتە دۆگماکانەوە ببێتەوە بەمیرات و لەدیالێکتیکی خۆی بترازێت؟!.

**رابەر فاریق: ئایا دەتوانین گۆڕانکاری لەکلتووردا بکەین؟**

یوسف عیزەدین: بەبوونی پرۆژەیەکی جدی رۆشنگەری و هەوڵدانێکی بەتین و تاو بۆ خوێندنەوەی سەرجەم شتگەلەکان چەمکەکان، رابردوو و ئێستا و داهاتوو، بەتەوایی لەدیدگەیەکی رەخنەکارییانەوە رۆچوونە نێو مێژوو، دەربازبوون لەتەسەورات و خوێندنەوەی غەیبی، هەڵدانەوەی پەردەی سەر شتە تەقدیسکراوەکان و دەیان شتی لەو چەشنە، دەشێت هەوڵێکی لەو چەشنە بدرێت.

**رابەر فاریق: کولتوور و زمان تاچەند دەتوانن یەکتری بەرەو گۆڕان ببەن؟**

یوسف عیزەدین: رەنگە بتوانین بڵێین کە زمان پێش ئەوەی پێوەندی بەهەر شتێکەوە هەبێت پێوەندی بەئەنسرۆپۆلۆژیاوە هەیە، شتراوس و چۆمسکی لەو رووەوە دوو بیرمەندی باڵادەستن لەمەڕ لێکۆڵینەوە دەرحەق بەزمان و پەیوەستکردنی بە ئەنسرۆپۆلۆژیاوە. هەن زمان پەیوەست دەکەن بەجینات و بۆماوەکانی مرۆڤەوەو پێیان وایە کە بوونێکی دەروونی و فیزیکی لەمرۆڤدا هەیە. تەنانەت چۆمسکی پێی وایە کەمنداڵ لەساتەوەختی لەدایکبوونییەوە هەڵگری پرەنسیپ و یاساکانی زمانە، هەر بۆیە بەڕاوبۆچوونی ئەو ئاخافتن شتێکی هەڕەمەکی و رێکەوت نییەو بوونە بایۆلۆژییەکەمان رێگەمان نادا شتی ناقۆلا و نەشیاو لەزارمان بهێنینە دەر، دیارە مەبەستی لەوەیە کەزمان بۆخۆی سیستمێکی تایبەتی هەیە، لەگەڵ جیاوازی زۆرێك لەزمانەکانی دنیا بەڵام لەسیستمە بنەڕەتیەکەدا و لەڕووی ریتمەوە لێکچوون و جیاوازن لەو دەنگانەی کە لەزاری ئاژەڵانەوە دێنە دەرەوە. چۆمسکی رەتی ئەوەش دەداتەوە کەلەسەرەتادا تەنها یەك زمان هەبووبێت و پێشی وانییە منداڵ زمان لەگەورەکانەوە فێر بێت، ئەو پێی وایە باڵندەیەك چۆن دەتوانێت بفڕێت ئاواش منداڵ دەتوانێت قسە بکات و هەر بۆخۆشی هەڵگری توانای قسەکردنەو رۆڵی گەورەکانیش بەڕای ئەو تەنها پاڵنەرێکە بۆ قسەکردن لەسنووری زمانێکی تایبەتدا، وەك نمونەیەکیش ئاماژە بەوە دەدات کاتێك کەمنداڵ دەزانێت بەپیاو و ژن دەکرێت بگوترێت "کەس"ێك، هەر بۆخۆی ئەوەش دەزانێت

کەلەهەموو قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤدا بەپیریشەوە دەتوانێت بە"کەس"ێك ئاماژەی پێبدات و وشەی کەس–یش پێوەندی بەتەمەنەوە نییە. چۆمسکی زمان پەیوەست دەکات بەگەشەسەندنە بایۆلۆژییەکەوە نەك گەشەسەندنە فیزیکییەکە، بەمەش زمان لای ئەو دەبێتە کردەیەکی ئۆرگانیکی نەك زەینی!؟.

جا باسکردنمان لەوەی کەلەسەرەوە ئاماژەمان پێدا بۆ ئەوە بوو کەبزانین دەستنیشانکردنی پێوەندی زمان و کاریگەری دەوروبەر لەسەری و کاریگەری ئەویش لەسەر شتگەلەکانی دیکە هێندە کارێکی ئاسان نییە و ناکرێت سەرپێی باسی لێوە بکەین. ئەمە جگە لەوەی شێوەزارەکانی هەر زمانێك لەسنوورێکی سایکۆلۆژیدا هەڵدەسوورێت، هەرچەندە ئەمەش شتێکی رەها نییەو شیاوی گفتوگۆو قسەلەسەرکردنە، بەلام دەکرێت گوتەیەکی "فریدریك نیتشە" بۆ زیاتر حاڵی بوونمان لەزمان وەبیر خۆمان بهێنینەوە کەدەڵێت:

( تەنها ئێستاو پاش بەسەر چوونی "هەل"ەکە خەڵکی هەستیان بەو هەڵە گەورەیە کردووە کەلەباوەڕهێنانیان بەزمان دووچاری بوون).

**رابەر فاریق: ئایا دەق دەتوانێت ئەڵتەرناتیڤێك بێت لەبەرانبەر نامۆیی و بێزاری کەدەق نووس دەستی بۆ بەرێت؟**

یوسف عیزەدین: خۆی گرفتی زۆرێك لەتێکستەکان لەوەدایە کەدەبنە ئاڵتەرناتیڤ، ئاڵتەرناتیڤی شتێك لەشتەکان، یان تێکستەکان، یان هەر بۆشاییەك کەبەوان پڕ دەکرێتەوە.

"جۆلیا کریستیڤا" پێی وایە کەناکرێت لەرێگەی شێوازە چەمکییەکانەوە بڕوانینە تێکست، چونکە تێکست لەمابەینی سیمیۆلۆژیاو لۆژیکی ئەرستۆیدا کار بۆ دروستکردنی لۆژیکێکی تایبەت بەخۆی دەکات و راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کار لەو گوتارە مەعریفیانە دەکات کەلەزەمەنەکەی خۆیدا هەن، جا یان روبەڕووی نوێبوونەوەو گۆرانیان دەکات، یان هەوڵی هێنانە خوارەوەیان دەدات لەو ئاستەی کەتێیدان، جا ئەمە تاچەند نێگەتیڤە یا پۆزەتیڤ ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە.



**رابەر فاریق: کەسانێك پێیان وایە بەفۆتۆی خەیاڵ وێنەی واقیع بگرن، کەسانێکیش پێیان وایە بەفۆتۆی خەونیش وێنەی خەیاڵ دەگیرێت؟ ئەم تێڕوانینانە چەند مەنتیقین؟.**

یوسف عیزەدین: خەیاڵ، خەون، واقیع و چەمکە هاوچەشنەکانیان لەڕووی فامکردنیانەوە چەمکگەلێکی پڕ ئیشکالن؟!.. هەر بۆ نموونە ئەوانەی وا دەڕواننە حەقیقەت کەبۆ خۆی واقیعەو واقیعیش وەك خۆی حەقیقەتە، بیانەوێت و نەیانەوێت ناتەواوییەك لەفامکردنیاندا هەیە، ئەمە سەرباری هەموو ئەو هەوڵانەی کەحەقیقەت پەردەپۆش دەکات لەژێر گوتاری حەقیقەتدا.. ئیشکالێك لەبەکابردنی چەمکەکاندا هەیە بەتایبەت ئەو دەمەی دەمانەوێت بیانناسێنین، رەنگە پێمان وابێت بەبەکارهێنانی کۆمەڵێك چەمك لەشتێك نزیك دەبینەوە، کەچی لەڕاستیدا بەبێ ئەوەی بەخۆمان بزانین لێی دوور کەوتووینەتەوە، یان خودی ئەوەی ویستومانە پەردەپۆشمان کردووە!؟.

هەر بیرکردنەوەیەك لەقەناعەتەوە دەست پێبکات، پێم وانییە بگاتە قووڵاییەکانی ئەو شتەی کەمەبەستە، دەبێت بیرکردنەوە پاڵنەرێك بێت بۆ گەیشتنە ئەو شتانەی کەنایزانین، یان دەیزانین بەو شێوەیەی کەزانراوەو ناسێنراوە، لەکاتێکدا گومانی ئێمەیە کەدەبێتە مایەی لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەیەکی جوداو جیاواز لەوەی کەهەیە.

**رابەر فاریق: ئەگەر خوێنەر هاوشانی دەقنووس بێت لەخوڵقاندنی مانادا، ئەی دەقنووس چۆن هاوشانی لەگەڵ" پێکهاتەی دەق"دا فەراهەم دەکات؟**

یوسف عیزەدین: نووسین وەك کردەیەك توانای ئەبستراکت کردنی لۆگۆسێنترالیزم و فۆنۆسێنترالیزمی هەیە.. دەکرێت بڵێین ئەمە وایە، لەگەڵ چەندین پرسیاری دیکە سەبارەت بەنووسین وەك کردەیەك لەخوڵقاندنی تێکستدا. ئاخۆ نووسین چەند پەیوەستە بەسیستمی پاتریارکی" ئەفلاتون"و ماتەریارکی"رۆسۆ"، یان ئاخۆ چەند گوزارشتکردنە لەگەمەی دالەکان و ئەمە و دەیان پرسیاری دیکە هەن کەڕەنگە لێرەدا بواری یەکالاکردنەوەی هەموویمان نەبێت؟!

راشکاوانە دەتوانین ئاماژە بەهەوڵدانە جدیيەکانی"دریدا" بدەین سەبارەت بەهەوڵدانی بۆ دۆزینەوەی نووسینی بەرایی، "دریدا" لەڕوانگەیەکی تەفکیکییەوە دەڕوانێتە

پەیوەندگەلێکی مابەینی ئاخافتن و نووسین و سروشت و رۆشنبیری و ماتەریاڵ و رۆح و ماقوڵ و ناماقوڵ و لۆژیك و ئەنتی لۆژیك و زۆر چەمکی دیکە، بەواتایەکی تر "دریدا" هەموو پێودانگەکانی پێشوو سەراوژێر دەکات و راستەوخۆش پرسیار لە هەموو شتگەلە موقەدەسەکان دەکات و هەوڵی هەڵوەشانەوەیان دەدات.

دیارە ئەو دەمەی کەتێکست–یش تێیدا دەبێتە حەقیقەتێکی سەربەخۆ، وەك خۆی دەترازێت لەدانەرەکەی و دەبێتە بوونێکی سەربەخۆ، بەڵام نابێت ئەوەش لەیاد بکەین کەمەبەستمان لەتێکست، تەنها تێکستە زیندووەکانە، ئەو تێکستانەی کە ناکۆکییەکان لەخۆ دەگرن و هەردەم شیاوی خوێندنەوەی جوداو جیاوازن، ئیدی تێکست هەر پاش نووسرانی بۆ خۆی بانگەشەی مەرگی نووسەرەکەی دەکات و دەیخاتە پەراوێزەوەو پاش ئەوەش تەنها خوێنەرە کەدەبێتە خوڵقێنەری جارێکی دیکەی تێکستەکە لەمیانی خوێندنەوەوە.

**رابەر فاریق: "لیسینگ" تێڕوانینی وەهایە: ( هەندێك کەس بانگەشەی ئەوە دەکەن کەڕەخنە رەسەنایەتی لەمرۆڤدا کاڵدەکاتەوە، بەڵام ئەگەر من رەسەنایەتی و داهێنانم هەبن، ئەوا لەڕێگەی رەخنەوە بەدەستم هێناوە).. ئەم رستەیەی "لیسینگ" لەکوێوە ناکۆك و تەبا دەکەوێتەوە لەگەڵ "داهێنەر" و "داهێنان" ی ئەدەبی؟**

یوسف عیزەدین: وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ئەگەر تێکست حەقیقەتی خۆی هەبێت، ئەوە مامەڵەکردنی رەخنەگر لەگەڵی وەك مامەڵەکردنە لەگەڵ رووداوێك، بەمەبەستی کەشفکردن و گەڕان بەشوێن مەجهولەکانیدا، لەکاتێکدا رەخنەی کلاسیکی و تەقلیدی هەوڵدانە بۆ دژایەتیکردن و پێچەوانە گوتن، یان گەورەکردن و هالە بۆ دروستکردن و پێداهەڵدانی دانەرەکەی... بەڵام لەهەموو بارەکاندا رەخنەو خوێندنەوە کاتێك ئەنجام دەدرێن کە تێکست لە دانەرەکەی ترازاوەو بەواتایەکی دی رەخنەو خوێندنەوە هێندەی بۆ خوێنەرە هێندە پەیوەندیدار نییە بەدانەرەکەیەوە.

**رابەر فاریق: هەست دەکەم کەوا پێوەندی نێوان"دەق" و چێژ لەنێو ئەدەبی ئێمەدا تا دێت کاڵ و کاڵتر دەبێتەوەو تائێستەیش ئیستگەلێك بۆ ئەم دوو زاراوانە نەکراون لەلایەن**



**رەخنەگرەکانمانەوە، بۆ ئەوەی تێکەڵاوبوونێکی رەگاژۆیی بخوڵقێنین پێویستە لەکوێوە دەست پێبکەین؟**

یوسف عیزەدین: زیاتر رەخنەی کوردی رەخنەیەکی لێوانلێوە لەرك و کینەو دژایەتی بێسەرو بەری دانەری تێکست چونکە رەخنەی کوردی مەگەر بەدەگمەن ئەگینا سەر و سەودایەکی ئەوتۆی لەگەڵ خوێندنەوەی تێکست و کەشفکردنی نەزانراوەکانیدا نییە، ئەگەر ئەمە باڵێکی ئەوە بێت کەپێی دەگوترێت رەخنەی کوردی، ئەوە باڵەکەی دیکەی هەڵگری مەدح و سەناو پێداهەڵدان و گەورەکردن و چەپڵە کوتینە بۆ دانەری هەر تێکستێك کە بۆ ئەو شیاو و گونجاوە کە لەبارەیەوە بدوێت؟!.

بەڵام وەك لەڕەوتی ئاخافتنەکەماندا ئاماژەمان پێدا رەخنەی جدی، رەخنەیەك نییە بەشوێن راست و چەوتییەکانی تێکستدا بگەڕێت و بەراوردی بکات لەگەڵ حەقیقەتە دەرەکییەکان تا بزانێت چەند تەبایە یان نەتەبایە لەگەڵی و ئیدی بەو پێیە هەڵیبسەنگێنێت، یان ئەگەر رەخنە بۆ خۆی گومان نەبێت لەسەرجەم حەقیقەت و ماقوڵ و ناماقوڵ و سەرجەم شتەکانی دیکە، ئەی چۆن دەتوانێت شتێکی جدیمان دەرحەق بەتێسکتێك پێ بڵێت؟!.

**رابەر فاریق: شیعر و رۆمانی کوردی، تا چ ئاستێك توانیویانە سوودێکی تەندروست لەئەدەبیاتی جیهانیی وەربگرن و لەبەرژەوەندی "ئەدەب" و "داهێنان"ی نوێی تێکستی کوریدا بەکاری بهێنن؟**

یوسف عیزەدین: راڤەکردنی پرسیارێکی لەم چەشنە ئەگەر مەبەست بێت سەرپێی لەبارەیەوە نەدوێین بەدڵنیاییەوە لەم دەرفەتەدا جێی نابێتەوە، چونکە پێویستی بەلێکۆڵینەوەو بەدواداچوونێکی ورد هەیە لەپێناو گوتنی شتێکدا کەپرسیارگەلێکی نوێ بورووژێنێت ! ؟.

**رابەر فاریق: لەئێستەشدا نووسینی کوردی هێندە بایەخ بەشتە گەورەکان دەدات( لەڕووی فۆرم و ناوەڕۆك و گەورەکردنیان)، ئەوەندەو بگرە پتریش چاو لەشتە پەراوێزخراوەکان و دەست لێ نەدراوەکان دەنووقێنێت، پێتوایە لەنێوان گەورەو بچووکیدا شتی تریش هەبن؟**

یوسف عیزەدین: گەورەیی و بچووکی بەپێی تێڕوانینی کەسێك بۆ کەسێکی تر شیاوی گۆڕانەو ناکرێت بەڕەهایی تێی بڕوانرێت، بۆ نموونە ئەگەر بودیستێك "بودا"ی پێ گەورە بێت، ئەوە موسڵمانێك نەك "بودا"ی پێ گەورە نییە بەڵکو وەك بتێکیش تێی دەڕوانێت. بەهەر حاڵ ئەمە وەك نمونەیەکی سادەی ئەقڵیەتێکی ئاسایی لەمەڕ روانینی بۆ گەورەو بچووکی، ئەگینا گەورەو بچووکی لەدنیای مەعریفەو تێکستدا وەك گریمانێك ئەگەر هەشبێت پێموانییە بەو چەشنە بێت کەسادە بینینی کەسانێك بەپێی پێودانگێکی تەقلیدی گەورە یان بچووك لێك جودا دەکەنەوەو لایان وایە گەورەو بچووکی شتێکی رەهایە.

بۆ نمونە تا سەردەمی "فۆکۆ"ش رەخنەی تەقلیدی "دیکارت"ی وەك کەسێکی ئەقلانی دەناساندو نکوڵی لەگەورەیی ئەو زاتە نەدەکرد، بەلام کاتێك "فۆکۆ" خوێندنەوە بۆ "دیکارت" دەکات، ئەوە نابینێت کەپێشتر رەخنەکاران بینیویانە، ئەو دێت و باس لەگەوجێتی و شێتی و ناماقوولێتی تێکستەکانی "دیکارت" دەکات، ئەمە لەکاتێکدا تا ئەو دەمەش تەسەورێك کەهەبووە سەبارەت بەتێکستەکانی"دیکارت" زاڵبوونی ئەقلانییەت و ماقووڵ و لۆژیك بووە لەنێو تێکستەکانیدا، کەچی "فۆکۆ" ئەمە سەرەوژێر دەکات و بۆ خۆی کەشفی لایەنە شاراوەکانی نێو تێکستەکانی"دیکارت" دەکات و ئەو وەك خۆی وەهای دەبینێت و بۆ ئەمەش دنیا بینی و تێڕوانینەکانی خۆی بەلێکۆڵینەوەو وردبوونەوەیەکی راڤەکارییانە دەخاتەڕوو.

**رابەر فاریق: نووسەران هەمیشە لەسەفەرێکدان لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ دنیادا، ئاخۆ ئێوە لەو سەفەرەدا گەیشتوونەتە کوێ؟**

یوسف عیزەدین: سەفەرەکان هەرچییەك بن و لەکوێوە دەست پێبکەن و بگەنە کوێ؟ چەند بنەمایەی گۆڕان و ئاڵوگۆڕی دەروونی و هەڵکشان و داکشانی حەزو ئارەزووەکانمان... پێموایە گەڕان، دانیشتن، خواردن، خەوتن، سێکس و رەنگە بتوانم بڵێم سەرجەم شتەکانی تریش، لەپانتایی عەبەسێکی بێ وێنەدا هەڵدەسووڕێت، چونکە دواجار هەموو ئەوەی کەدەیکەین و دەیبینین و دەیناسین و مامەڵەی لەگەڵ دەکەین، هەموو ئەو سروشتەی کەحەزمان بەبینینیەتی، هەموو ئەو جوانیانەی کەخوازیاری بینینین، لەساتەوەختێکدا ناچاردەکرێین کەبۆ هەتا هەتایە جێی بهێڵین!..ئەو دەمیش سەفەرەکەمان کۆتایی دێت؟!..ئیدی وەك"سارتر" دەڵێت:

( چ مانایەکی هەیە کەبژین و پاشان بمرین).



-٦-

**دانا فایق: لەناو زۆربەی دەقەکانتدا سەرجەم شتەکان( دەرگا، پەنجەرە، درەخت، بوونەوەرەکان، کەلوپەلەکان، میوەو....تاد) فۆرمێکی سامناك و ترسناك دەگرنە خۆ، هەندێکجار خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەیاندا هەست بەترس و سامێکی زۆر دەکات، دەبێت هۆکاری ئەمە چی بێت؟**

یوسف عیزەدین: لەدەسپێکدا دەبێت ئاماژە بەوە بدەم، ئەگەر مەبەست بێت قسە لەو تێکستانە بکەین کەخوێندنەوە هەڵدەگرن و دەکارێت رۆبچینە نێو چین و توێژەکانییەوەو قابیل بەتوێکارین، ئەوە دەبێت لەوە بگەین کەخودی دانەر لەدەرەوەی ئەم پرۆسەی خوێندنەوەو راڤەو تەئویل و هەموو ئەو شتانەدایە کەئێمە دەتوانین لەمیانەیەوە خۆمان لەتێکستێکی دیاریکراو بدەین. واتە بوونی ناوی دانەر و نەبوونی، سەرباری ماجەراکانی ژیانی و بەسەرهاتەکانی و شیکار و بۆچوونەکانی دیکە سەبارەتی، لای من هیچ گرنگییەکی نییە، چونکە هەموو ئەمانە لەدەرەوەی ئەو ساتەوەختەدایە کەئەو تێکستێکی تێدا نووسیوە، پاش ئەو ساتەوەختەش بۆ هەتا هەتایە ئەو تێکستە لەو ترازاوە. هەروەك نووسەر یان نووسەرانی نادیاری"هەزار و یەك شەو" ە کەبەشاردنەوەو ونکردنی ناوی خۆیان بۆ هەتا هەتا، تێکستێکیان هێنایە نێو دنیای خوێندنەوەوە، کە تائێستا پانتاییەکی بەرفراوانی مەعریفی و ئەدەبی دنیا ناتوانێت

دەستبەرداری بێت. بەدڵنیاییەوە دەڵێم هێشتاکە پێموانییە زۆربەی ئەو خوێندنەوانەی بۆ ئەو کتێبە کراون، توانیبێتیان بەتەواوی رۆبچنە نێو چین و توێژە شاراوەکانی...!؟.

ئا ئەمەیە ئەو گەمەیەی کەدانەر یان دانەرانی تێکستێك لەگەڵ ئێمەی دەکەن، بەبێ ئەوەی خۆیان هەبن و پاش خۆشیان میراتگرێك هەبێت داکۆکییان لێبکات، ئەوە خوێنەرانیەتی لەسەری دەکەونە ناکۆکی و هەر یەك لەدنیای خۆیەوە دەیخوێنێتەوە، سەیر نییە، ئەو رۆژئاوایەی کەلەمرۆدا بۆتە سێنتەری بەکاڵاکردنی سێکس، لە رۆژگارێکی گەلێك کۆنیشدا نا؟!.. ئەو کتێبەی لەبەر دیمەن و وێنەو باس و خواسە سێکسییەکانی قەدەغەکردبێت، ئەو کتێبە بەناوی گێرانەوەی حیکایەتەکانەوە نەك هەر "شەهرەیار" بەڵکو دنیای بەجۆرێك لەجۆرەکان گۆڕی.

بۆیە دەتوانم بڵێم وەك خۆم بەگومانەوە دەڕوانمە هەموو ئەو دانەرانەی کەدەتوانن بێ هیچ دوودڵی و گومان و دڵەڕاوکێیەکەوە چەندت بوێ ئەوەندە دەتوانن باسی تێکستەکانی خۆیانت وەك کەسانێکی شارەزارو بەڵەد بۆ بکەن، چەندت بوێت دەتوانن باس لەپاڵەوان و کەسایەتی و شوێن و زەمەن و شتەکانی دیکەی نێو تێکستەکانیان بکەن. ئەمە جگە لەوەی دەتوانن بەرگری و داکۆکی لەنووسینەکانیان بکەن و رەتی هەر بۆچوونێکی نەیار و پێچەوانەی خوێندنەوەی خۆیان بۆ تێکستەکەیان بدەنەوە، ئەو جۆرە تێکستانە تەنها یەك خوێندنەوە هەڵدەگرن ئەویش خوێندنەوەی خودی دانەرەکەیەتی، ئەو دانەرانەی لەقووڵاییەکانی نێرجسیەتی خۆیانەوەو بەزاڵ کردنی ئیمپریالیەتی بیر و بۆچوون و تێڕوانینەکانیان، تێکست دەکەنە ئەو قەڵایەی کەنابێت هیچ خوێندنەوەیەکی پێچەوانەی ئەوەی ئەوان داگیری بکات، ئەوان لەنێو ئەو قەڵا وەهمییەی خۆیان بەرێتمێکی سەربازی بانگەشەی هەڵگیرسانی جەنگ دەکەن دەرحەق بەهەر کەس و کەسانێك کەرێگە بەخۆیان بدەن بەچەشنێکی دیکە و جیاواز لەتێڕوانینی دانەرەکەی، تێکستەکەی ئەو بخوێننەوە.. کەواتە ئەو جۆرە دانەرانە لەنێو تێکستەکانی خۆیان نەهاتوونەتە دەرێ و خودی خۆیان و تێکستەکانیان وەك دوانە وان و بەلێکدابڕاندنیان لەیەکدی، هەراسان دەبن، زویر دەبن، شێتگیر دەبن.. ئەوان



نەیانتوانیوە تێکست فرێ بدەنە دەرەوەی خۆیان، یان خودی ئەو جۆرە تێکستە تاك رەهەند و تەقلیدی و وەستاو و چەقیوانە، قابیل بەوە نین بچنە دەرەوەی دانەرەکەی و جگە لەخوێندنەوەی سەرزارەکی ناشێت هیچ خوێندنەوەیەکی تریان بۆ بکرێت، ئەم تەسەوری موڵکایەتییە بۆ تێکست دەمێکە هەیەو وا بەئاسانیش ژمارەیەکی زۆر لەوانەی کەدەنووسن لەو دنیابینییە ناگەن کەچەند تێکست وەك خۆی و دانەر وەك خودێك لەیەکەوە دوورن.

ئاشکرایە زۆرێك لەئێمەی خوێنەر ناتوانین ئەو تێکستە یەك مەوداو تاك رەهەند و راوەستاوانە بخوێنینەوە، کە نەرجسییەت و ئیگۆی دانەرەکەی هێندە زاڵە کەدەرفەتی هەناسەدان و هەڵوێستەکردن و تێرامانت بۆ ناهێڵێتەوە، ئەمە جگە لەئاستەم بوونی دۆزینەوەی پەراوێز و بۆشاییەك کەبتوانیت لەوێوە دزە بکەیتە نێو تێکستەکەوە، هەوڵدان بۆ نووسینی تێکستی کامڵ و نەهێشتنی هیچ دەلاقە و کون و کونۆچکەو سووچ و مەودایەك بۆ چوونە ژوورەوەو کلۆمدانی دەرکەکان لەڕاستیدا باشترین رێگەیە بۆ رێگە نەدان بەخوێندنەوەی قووڵی خوێنەرانێك، باشترین دەربڕێکی ئەو ترسەیە کەدانەر لەکاتی نووسینی تێکستەکەدا هەستی پێکردووەو لەترسی ئەوەی کەبخوێنرێتەوەو فێڵ و تەڵەکەکانی کەشف بێت، تێکستێکی نووسیوە کەنەخوێنرێتەوە، واتە لەئاست خوێندنەوەدا نەکرێتەوە، بەمەش هەر لەیەکەم ساتەوە ئەو خوێنەرە تێکدەشکێنێت کەمەبەستێتی بگەڕێت و پرسیار بکات و لەنێو ئەو تێکستەدا شتێك بدۆزێتەوە، چونکە خودی ئەو جۆرە دانەرانەو ئەوانەی بانگەشەیان بۆ دەکەن، هەر لەیەکەم ساتەوە کار بۆ مەزنکردن و ناساندنی کامڵێتی تێکستەکە دەکەن و ئیدی کارێك کە بۆ بەشێکی زۆری خوێنەرانی دەهێڵنەوە تەسلیم بوونە، یان...؟!.

دیارە ئێمە وەك خوێنەرێك بۆ ئەوەی دەنگێکی جیاوازمان هەبێت، یان تێڕوانین و تەئویلێك، یان زۆر وردەکاری دیکە کەتایبەتە بەکردەی خوێندنەوەوە، پەنا بۆ خوێندنەوە دەبەین!؟. ئەگینا ئەگەر بۆ ئەوە بێت پێشوەخت شتێکمان بەسەردا بسەپێنرێت و بانگهێشت بکرێین بۆ وەڵام نەدانەوەو پرسیار نەکردن و قایل بوون بەهەر

چییەك کەپێمان دەگوترێت، ئەوە خوێندنەوە چ مانایەکی دەبێت، لەکاتێکدا ئەو جۆرە خوێندنەوانە جارێکی دیکە دەبێتەوە بەنەخوێندنەوە.

دیارە من لێرەدا مەبەستم نییە بڵێم دەبێت و مەرجە خوێندنەوە تێکست نەفی بکاتەوە، یان خوێندنەوە خۆی نەفی بکاتەوە، چونکە ئەمانەو زۆری دیکە لەو چەشنە خوێندنەوانە دەچنە خانەی "ناخوێندنەوە"وە. خوێندنەوەی زیندوو ئەو جۆرە خوێندنەوەیەیە، ئەوە ناڵێت کە تێکست مەبەستیەتی پێمان بڵێت، بەڵکو ئەوە دەڵێت کە تێکست نایڵێت و کەوتۆتە پەراوێز و بۆشاییەکانییەوە. هەر وەك چۆن تێکستی زیندوو ئەو فەزایەیە کەخوێندنەوەی جودا لەخۆ دەگرێت، ئەگینا گێڕانەوەی ئەوەی کە تێکست بۆمانی دەگێڕێتەوە بێمانایە.

ماوەیەك لەمەو پێش سەرقاڵی خوێندنەوەی چەند جارەو بەردەوامی دیوانی "نالی" بووم لەگەڵ ئەوەی کەپێشتر چەندین جار خوێندوومەتەوە، بەڵام ئەمجارەیان (دیوانی نالی-ساغکردنەوەی مارف خەزنەدار-چاپی دووەم)م خوێندەوە.

جا بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەپێشەکییەکەی مارف خەزنەدار بدەم، پێش ئەوەی بچمە سەرباسی شیعرەکانی نالی.

"مارف خەزنەدار" دەڵێت:

( بەلای ئێمەوە تێگەیشتن لەشیعری نالی و خۆشەویستکردنی لەلای نەوەی خوێندەواری تازە پێگەیشتووی نەتەوەی کورد بەساغ کردنەوەی بەرهەمی شیعرییەتی، ئەمەش بەسێ قۆناغ دێتە دی:١- بڵاوکردنەوەی دیوانی نالی بەبی هەڵە،٢- فەرهەنگی نالی، ٣- لێکۆڵینەوە لەژیان و بەرهەمی نالی).

دوا بەدوای ئەوە باس لەمە دەکات:

( ئێمە کەگلەیی لەخوێندەوارانی نەوەی تازە دەکەین لەبابەت ئەوەوە کە نالی و شاعیرانی کلاسیکی تر ناچنە ناو دڵیانەوە، نابێ تەنیا بیر لەوە بکەینەوە کەئەمانەو هوشیارانەو لەڕووی تێگەیشتنەوە ئەدەبی نالی بەئەدەبێکی بێ بایەخ و بەسەرچوو دادەنێن. راستە لەوانەیە هەندێ کەسی وا هەبێ، بەڵام ئەمە تەنیا ئەدگاری کۆمەڵی کوردەواری نییە، بەڵکو شەپۆلێکی بەرەڵاییە لەهەندەرانەوە رووی لەئێمە کردووە).



لەشوێنێکی تریشدا دەڵێت:

( ئەو پلەیەی نالی گەیشتوویەتی لەشیعری کوردیدا پلەیەکە لەدوای ئەو هیچ پلەیەکی تر نییە، لەپێش نالی و لەپاش نالی و لەناو هەموو نەتەوەیەك و لەهەموو رۆژگارێکدا، پلەی شیعری نالی لەجیهانی جوانی و هونەریدا بێ ناتەواوییە، من ناڵێم کەس هێندەی من لەگەڵ نالی-دا نەژیاوە، بەڵام ئەوەندە دەڵێم کەم کەس دەتوانێ ئەوەندە لەگەڵ نالی بژی، ئەوەندەی من لەگەڵی ژیاوم و دەژیم).

سەرباری ئەوەی ئەو پێشەکییە هەر هەمووی دەبێت ببێتە جێگەی باس و قسەی لەسەر بکرێ، بەڵام لەبەر سنوورداری دەرفەتەکەمان، تەنها یەك نمونەی دیکە دەهێنمەوە.

"مارف خەزنەدار" دەڵێت:

( گرنگ ئەوەیە ئەگەر شیعرێکم بەدڵ نەبێت یان تێی نەگەم دەیخەمە لاوە، بەڵام شیعری "نالی"م بەدڵە، لەگەڵ ئەوەی ئێستاو ئەوساش لەبەشێکی ناگەم کەچی نایخەمە لاوە...... لەهەموو کۆمەڵێکدا مۆدە لەسەردەمی دیاریکراودا دروست دەبێ، سەرەتای هەیەو کۆتایی دێ، بەڵام مۆدەی گەڕان بەشوێن نالی و شیعری لەساڵی ١٩٦٨ کەوتۆتە ناوەوەو تا ئێستا بڕی کردووەو لەدوا رۆژێکی نزیکیشدا کۆتایی نایە چونکە رەسەنە).

سەیر نییە کەسێك کە هەموو تەمەنی نووسینی بۆ ساغکردنەوەو کۆکردنەوەی شیعرەکانی نالی تەرخانکردبێت، ئەمە تێڕوانینی بێت، یان هێشتاکە وەك خۆی ئاماژەی پێدەدات لەبەشێکی نەگەیشتووە، کەچی بەبێ ئەوەش پێی وایە مۆدەی گەڕان بەشوێن نالی و شیعرەکانیدا کۆتایی نایەت چونکە رەسەنە، ئەوەی بەلایەوە گرنگە خۆشەویستکردن و شیرینکردنی شیعرەکانی نالی-یە لای نەوەی تازە پێگەیشتوو، گەرچی داخ لەدڵە لێیان و پێی وایە نەخوێندنەوەی نالی- و شاعیرانی کلاسیك پەیوەستە بەو شەپۆلە بەرەڵاییەی کە لەهەندەرانەوە رووی لەئێمە کردووە، کەواتە بەگوتەی ئەو ئەگەر ئەو شەپۆلە بەرەڵاییە رووی لەکوردستان نەکردایە، ئەوە کێشەیەك نەبوو لەشیرین بوونی شیعرەکانی نالی لای نەوەی تازە پێگەیشتوو، ئەو دەم پێویستیش نەدەکرا شیعرەکانی خۆشەویست بکرێن، چونکە خۆیان خۆشەویستبوون، کەواتە پێش

هاتنی ئەم تەوژم و شەپۆلی بەرەڵاییەی کەنووسەری پێشەکییەکە پێی وایە کەوایە؟!..
ئەوا نەوەی تازە پێگەیشتوو روویان لەخوێندنەوەی کلاسیکیاتی شیعری کوردی دەکرد، بەڵام لەئێستادا هۆکار و رێگر هەیە کەپێشتر نەبووە، ئاخۆ هەموو ئەو راوبۆچوونانەی کە"مارف خەزنەدار" پاش ساڵانێکی دوور و درێژ پێی گەیشتووە وایە؟!.

ئەم ریتمە تەقلیدییە بۆ بانگهێشتکردن بۆ خوێندنەوەو ناساندنی تێکست وەك موقەدەسێك و خستنەڕووی نووسەریش وەك کەسێکی تەقدیسکراو و پێدانی تەنها رۆڵێکیش بەخوێنەر، ئەویش وەك ئاشق و خۆشەویستێکی تێکست و نووسەرەکەی و هیچ نەگوتن لەئاست هەر شتێکدا کەپێی وایە وانییە، هەرەشەلێکردنی شاراوەی "مارف خەزنەدار" و بەبەرەڵا ناوبردنی ئەوانەی نالی و تێکستە کلاسیکییەکان ناخوێننەوە، جێگەی سەرنجە و بەهەڕەشەی مەلایەك دەچێت، کەبەگەنجان بڵێت، ئەگەر کتێبە ئایینییەکان نەخوێننەوە ئێوە بەرەڵان؟!. کەواتە لای "مارف خەزنەدار" ئەگەر نەوەیەکی تازە پێگەیشتوو شیعرەکانی و کلاسیکیاتی پێ جوان نەبێت، ئەوە دوای ئەو تەوژمی بەرەڵاییە کەوتووە کەلەهەندەرانەوە هاتووە؟!.

ئەوەی کەلەپێشەکییەکەدا هاتووە نمونەی تێڕوانینێکی سەلەفیانەیە بۆ ئەوەی کەپێشووتر نووسراوەو ئەوەی کەدواتریش دەنووسرێت، گوتارێکی وەعز ئامێزەو هیچی لەگەڵ گوتاری مەلا و فەقێ و سوختەکانی حوجرەدا فەرق نییە، کاتێك دەڵێیت هێشتاکە رۆشنبیری و هزری کوردی نەچۆتە دەرەوەی دیوارە دۆگماکانی حوجرەوە، کەسانێکی زۆرت بەگژدا دێن، کەچی راستییەکەش ئەوەیە کەلەم رۆژگارەدا تازە بەتازە خۆی نوێ دەکاتەوەو جارێکی دیکە ئێخەمان پێدەگرێت و بەبەشێکی گەورەی نووسینەکانی نەوەی نوێشەوە نەیانتوانیوە تەجاوزی ئەو دۆگمایە بکەن، نەیانتوانیوە لەدەرەوەی تەقدیسکردن و موقەدەسەوە خوێندنەوەیان هەبێت، مەسەلەکە لەگەمەکردن بەزاراوەکاندا نییە، وەك کەسانێك فێری بوون و بەچەشنی سەپاندنەکەی "مارف خەزنەدار" بۆ نالی، ئەوانیش کەسانێکی دیکەمان بەسەردا دەسەپێنن و بانگهێشتی



خوێندنەوەی تێکستە تاقانە و ناوازەکانیان دەکەن، تێکستە جوانەکانیان، تێکستە مەزنەکانیان، تێکستە تا ئێستا نەنووسراو و لەمەو دواش نەنووسراوەکانیان؟!.

نازانم هیچ رێی تێدەچێت، تۆ خوێندنەوەیەکی زیندوو بۆ تێکستێکی زیندوو بکەیت، بەبێ ئەوەی دەسەڵاتی تێکست وەك خۆی هەڵبوەشێنیتەوە؟! بەبێ ئەوەی بیر لەنەگوتراوەکانی بکەیتەوە؟! تەنانەت ئەوەی کەخودی دانەرەکەشی بیری لێنەکردۆتەوە، بەڵام تێکست بەرەو ئەوێت دەبات، بەرەو ئەو شوێنەی کەدانەر دەسەڵاتی بەسەریدا نەشکاوە، بەرەو ئەو شوێنەی کەوەك بۆشاییەك جێماوە، بەرەو ئەو شوێنەی کەبۆتە پەراوێز، بەبێ ئەوەی دانەر ئاگادار بووبێت، لەو پەراوێزخستنە، یان مەبەستی بووبێت.

مانەوەی هەندێك لە تێکستە ئایینییەکان تا ئەم ساتەوەختە، لەڕووی هەڵگرتنی خوێندنەوەو تەئویلکردنەوە، بەدەر لەو پێگەیەی کەپاراستویەتی یان سەپاندنی و هۆکارەکانی دیکە، بەشێکی دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو پەراوێز و پەنهان و نهێنی و بۆشاییانەی کەلەنێو تێکستەکەدا هەیە، کاتێك تێکستێکی ئایینی دیاریکراو سەبارەت بە"هاوڕێیانی ئەشکەوت" دەخوێنمەوە، ئەوەی کەسەرنجم رادەکێشێت، نەگوتنی ژمارەی تەواوی ئەو کەسانەیە کەچوونەتە نێو ئەشکەوتەکەوە، سەرباری دیاریی نەکردنی ساڵەکانی مانەوەیان، رەنگە سەرپێی ئەمە ببرێتەوە بۆ نەزانینی ژمارەی کەسەکان و ساڵەکانی مانەوەیان، لەکاتێکدا نەزانین و وەڵام نەدانەوە لەگەڵ رەهابوونی تێکستەکەو زانینی بەهەموو شتێك نەگونجاو و نەشیاوە، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر هەر ژمارەیەکی سەبارەت بەکەسەکان و ساڵی مانەوەیانی بگوتایە بێ چەندو چوون جێی قبووڵ بوو، کەواتە دەبێت لەڕوویەکی ترەوە تێی بڕوانین، وەك خۆم پێموایە گوتنی هەر زانیارییەك وەك یەقینێك سەبارەت بەژمارەی کەسەکان و ساڵەکانی مانەوەیان، ئەم رووداوەی دەبردە نێو مێژوویەکی بەرجەستەوە... بەڵام هەمیشە بۆشایی و کەلێن و سووچ و گۆشەی نەزانراو لەنێو هەندێك لەتێکستە ئایینییەکاندا هەیە.

ئەگەر بگەڕێمەوە سەر شیعرەکانی نالی وەك ئەم جارە خوێندمەوە، راستییەکەی سەباری ئەو گومانەم سەبارەت بەڕاستی و دروستی دانە پاڵی هەموو ئەو شیعرانە بۆ نالی

و بوونی چەند کەسێك لەپشت ئەو دیوانەوە، بەڵام ئەگەر ئەو شیعرانە هەمووی هی نالی بێت و ناچارین واتێی بڕوانین، ئەوە ناکرێت لەئاست ئەم دێڕە شیعرەدا رووبەڕووی دەرکەیەکی داخراو نەبینەوە، کەدەڵێت:

( تەواو بوو ئینتیخابی شیعری نالی
لەتازەو کۆنە هەرچی بوو بێ نووسیم ).

ئەمە جگە لەو دێڕە شیعریانەی کەباس لەعەزمەتی نووسینەکانی دەکات، وەك دەڵێت:

( نەزمی نالی میسلی ئاوە ئاینەی ژەنگی نییە
دوو رووە بۆ سەیری خاتر یەك خەفی، یەك ئاشکار ).
( زاهیر و باتین لەسەر لەوحی حەقیقەت یا مەجاز
ئاشنای سیڕڕی قەڵەم بێ غەیری نالی کەس نەما )
( شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ ناسکی
کەی لەدیققەت دا پەتك دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا ).
( نالی حەریفی کەس نییە ئولف و ئەلیفی کەس نییە
بەیتی رەدیفی کەس نییە تەفریقە نووسە گەپ دەکا ).

لەگەڵ بوونی ئەم جۆرە دێڕە ئیگۆزاڵکەرانە، دێڕی زۆر پێچەوانەی ئەمانە هەیە لەتێکشکاندن و لێدانی ئیگۆی خۆیدا، وەك:

( ئەی رەفیقان سوحبەتی نالی مەکەن
سووك دەبن، ریسوواو هەم بەدناوم ئەز ).
( حەزرەتی هەیبەتە نەك غەیبەت و ریبەت نالی
ئەڵڵا ئەڵڵا چ حوزورێکە کەئەسڵا نییە باس ).
( لەدارولعیلمی تەحسیلی مەعاریف
وەکو نالی جەهوول و بێ بەسەڕمام )

لەهەمووشی سەیرتر ئەم دێڕەیە:

( میللەتی کورد و عەرەب هەردوو یەکە تەفریقەبوون



لەجەفا و میحنەتی موڵکی سەبا و یەمەنی ).

ئەوەی کەلەم خوێندنەوەمدا رووبەڕووی بوومەوە نەبوونی بۆشاییەك بوو بۆ رۆچوونە نێو ئەودیوی گوتراوەکانی هەندێك شیعری، بەڕادەیەك کەهەستمکرد لەپێناو کاملبوونی شیعرەکانیدا، هیچ دەرفەتێکی بۆ خوێندنەوەی جودا و جیاواز نەهێشتۆتەوە، سەرباری ئەو چەشنە خۆ زاڵکردنەی لەزۆرێك لەشیعرەکانیدا، بەڵام لەو شیعرەی کەباس لەگوێدرێژەکەی دەکات، توانیویەتی لەزمانی ئەوەوە خۆی و ئەو بەیەك بچوێنێت و هەردووکیان ببنە یەك فەسیلەی ئاژەڵ و بەمەش چەند توانیویەتی لەخودی تێڕوانینی ئایینی دابڕێت، ئەوەندە لەشیعرە ئایینییەکانیدا زۆر تەقلیدیانە گەڕاوەتە بۆ نێو باوەشی ئایین، لەکاتێکدا لەشیعری مەستوورە– یدا نەك هەر باس لەکردەیەکی سێکسی دەکات، کەوەك خۆی لەڕوانگەی ئیسلامەوە بەو چەشنە ناشەرعییە حەرامەو ئەگەر خەونیش بێت ئەوە کاری شەیتانە و کەسەکەش شەیتانی بووە، بەڵکو کردەیەکی سێکسی تەواو حەرامکراو لەگەڵ مەستوورە دەکات و زۆر هەوڵمدا بەدەر لەقسەو باسە باوەکان و بەسەرهاتی ئەو شیعرەو ئەوەی کەلەشیعرەکەدا هاتووە دیوێکی دیکەی بدۆزمەوە، کەچی لەم خوێندنەوەیەمدا هەستمکرد بەرانبەر بەشیعرێکی تەقلیدی دەرکە کلۆمدراودا راوەستاوم. لەکاتێکدا لەو شیعرەی کەوەڵامی ئەوانە دەداتەوە کەمەحبووبە بەخێل و قیچ دەبینن، دەکرێت بچینە ئەو دیو ئەوەی کەلەو شیعرەدا هاتووە، یان ئەو دیو ئەو راڤە و شیکارییانەی بۆ ئەو شیعرە کراوە، چونکە کەلێن و بۆشایی تێدا هەن لەوێوە دزەبکەینە نێو نەگوتراوەکان. ئەم ئاماژەدانە خێرایەم بە شیعرەکانی نالی بۆ زانینی ئەوە بوو، کە ئەوەی ئێمە دەبێت لەبارەیەوە بدوێین، خودی تێکستە بەدەر لەوەی خودی دانەرەکەی چی مەبەست بووە یان مەبەستی نەبووە.

لەم میانەیەشەوە قسەکردنم لەسەر زۆر پرسیار کەتایبەت بێت بەتێکستێك کەخۆم نووسیبێتم لەئاستەم نزیك دەبێتەوە، چونکە ئیدی بۆ هەتا هەتایە لەمن ترازاوە.

**"عەلی حەرب" دەڵێت:**

**( لێرەوە ئەوانەی داکۆکی لەتێکست و هێما و ناوەکان دەکەن، ئەوانە لەهەمووکەس زیاتر واقیعیترن، چونکە بەرگریی لەمەرجەعیەت و دەسەڵاتیان دەکەن. ئەوان لەکاتێکدا**

**بەسیفەتی کەسێکی پارێزەری شووناس و یادەوەری و تێکست هەڵسوکەوت دەکەن، لەڕاستیدا وەك سندووقێکی داخراو مامەڵە لەگەڵ راستیدا دەکەن، وەك ژوورێکی تاریك، بەڵام بەبێ چوونە نێو ئەو ژوورە تاریکەو هەڵوەشانەوەی سندووقەکە، مەحاڵە دنیایەکی نوێ لەمانا و بیرکردنەوە چێ ببێ ).**

سەبارەت بەئەدەبێکیش کەفانتازیا تەوزیف بکات، "کۆنراد" دەڵێت:( دەبێت شتێك لەترساندن و تۆقاندن هەبێت، لەنێو ئەو مەغزایەی کەئیبراز دەکرێت). "کۆنراد" یش بەسوود وەرگرتن لە"پۆ"و"کیبلنگ" بێسنوور ترس و تۆقاندن لەپێناو خولقاندنی فەزایەکی وروژێنەردا بەکار دەهێنێت.

**دانا فایق: لەناو بەرهەمی زۆربەی نووسەران و ئەدیبانی دنیادا باوك ئامادەییەکی بەرچاوی هەیەو پانتاییەکی گەورەی داگیرکردووە، بەڵام لەناو چیرۆکەکانی تۆدا ئەو ئامادەییەی باوك کەمتر دەبینرێت و لەبەرامبەردا باپیر شوێنی گرتۆتەوە، ئایا ئەو باپیرەی تۆ هەمان ئەرکی باوکی کەسەکانی تری هەیە، یاخود پەیوەندیی بەزاکیرەی منداڵی خۆتەوە هەیەو تائێستاش لەگەڵیاندا دەژییت؟**

یوسف عیزەدین: رەنگە باشترین رێگەیەك بۆ نووسینێك کەخوێندنەوە هەڵبگرێت، دەسپێکردن بێت لەشتە پەراوێز خراوەکانەوە، چوونە ژوورەوە بۆ نێو دنیای نووسین لەدەرکەکانی پێشووی شتە نووسراوەکان و زانراوەکانەوە، کات بەفیڕۆدان و سەرقاڵکردنی خوێنەرانە بەوێنەو دیمەنەکانی پێشووترەوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کەکاری ئێمە مامەڵەکردن، لەگەڵ گوتراوەکانی تێکست نییە، بەڵکو شاراوەو نەگوتراوەکانێتی.

جا ئەگەر لەتێکستێکدا باوك کرابێتە تەوەرەی سەرەکی ئەوە نەگوتراوەکانی چییە، لەکاتێکدا وەك بۆچوونێك یان وەك دەڵێن، هیچ کاتێك تێکست نابێت حەقیقەت بگرێتە خۆی یان ئەگەر بشییەوێت نایگرێتە خۆی، بەڵکو دواتر خودی تێکستەکەیە کەوەك حەقیقەت تێی دەڕوانرێت، کاری خوێندنەوەی ئێمەش پێش هەموو شتێك درك کردنە بەو جیاوازییەی کەلەنێوان نمایشی تێکست وەك حەقیقەتێك و حەقیقەتی تێکستەکەدا هەیە.



هەربۆیە ئەگەر شتێك بەوردی بڕوانین دەبینین تێکستێکی وەك" ئۆدیب" پێشتر هەبووە، بەڵام ئەوە فرۆید- ە، کەدێت و باس لەکۆمپلێسکی ئۆدیب دەکات، ئەگەر فرۆید و دواتریش کەسانی دیکە لەخوێندنەوەی "ئۆدیب"ەوە باسیان لە کۆمپلێکسی ئۆدیب نەکردایە، ئاخۆ کۆمپلێکسێکی ئاوا دەبووە شوێنی قسەو باس، یان ئاخۆ دەکرێت بڵێین خودی نووسەری "ئۆدیب" بیری لەشتێکی واکردۆتەوە بەو چەشنەی کەدواتر "فرۆید" راڤەی دەکات. کەواتە ئەمە خوێندنەوەی فرۆید- ە، ئەمە دەخووڵقێنێت و لەتێکستێکەوە هەڵیدەهێنجێ.

"ئەپتەر" سەبارەت بەفرۆید دەڵێت:

**( فرۆید وەك هەر نووسەرێکی فەنتازی، قەناعەتمان پێدەکات کە نامەئلوف مەئلوفە و پێچەوانەکەشی راستە ).**

لەپاش راپەڕینەوە ئەم باس و خواسەی نێرسالاری و باوك سالارییە بەبەکارهێنانی تێڕوانین و بۆچوونەکانی فرۆید لەمەڕ ئەو مەسەلەیە، زۆر تەشەنەی سەند و تەنانەت ماوەیەك نووسین لەسەر باوك و دژایەتیکردنی بووە سوونەتێکی ئەو نووسەرانەی کەدەیانووسیت نووسینەکانیان باس بکرێت و لەدنیای رەخنەکاریدا خوێندنەوەیان بۆ بکرێت، کەمێکن ئەو نووسەرانەی کەدوای ئەم تەوژمە نەکەوتن و بەو شێوەیە نەیاننووسی کەلەو دەمەداو بگرە تائێستاش مۆدێلەو رێگەیەکی ئاسانیشە بۆ نووسین، مەبەستم لەنووسینێکی چرووك و مردووە، ئەگینا نووسینێك کەزیندوو بێت، باسی هەر چییەکم بۆ بکات ئاساییەو بەلاشمەوە گرنگ نییە، ئەوەی کەگرنگە چۆنی باس دەکات.

تێڕوانین بۆ باوك و مامەڵەکردن لەگەڵی کارێك نییە لەفرۆید-وە دەستی پێکردبێت، بەڵکو بەدرێژایی مێژووی ئەو بوونەوەرەی کەپێی دەگوترێت مرۆڤ، بوونی هەبووە، چ لەنێو سیستمە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینییەکەداو چ لەنێو ئەدەبیاتێکدا کەهەبوو بێت. داستانی رۆستەم و سوهراب یەکێکە لەو داستانانەی کەباس لەشەڕی نێوان رۆستەمی باوك و سوهرابی کوڕ دەکات، دیارە بەبێ ئەوەی یەکتر بناسنەوە، لەبگرەو بەردەیەکی درێژخایەندا رۆستەمی باوك زاڵ دەبێت و سوهرابی کوڕی دەکوژێت و پاشان

دەزانێت كورێتی، لەكاتێكدا خوێنەر هەر لەسەرەتاوە بەو راستییە دەزانێت و وەك سەیركەرێك دوای رووداوەكان دەكەوێت.

گوێڕایەڵ نەبوونی كورێك یان چەند كورێكی نووح بۆ چوونە نێو كەشتیەكەی باوكیان و دەرئەنجامی گوێڕایەڵ نەبوونیشیان، بەخنكانیان كۆتایی هاتووە. یان حیكایەتی گوێڕایەڵبوونی ئیسماعیل، گوێڕایەڵبوونی كورێك بۆ باوكی دەگاتە ئەوەی كەسەر بخاتە ژێر چەقۆی باوكی. "كیركیگارد" لەكتێبی "ترس و مووچوورِكە"دا ئاماژە بەوە دەدات كە دەستەكەوتنەوەی ئیسماعیل كەئەو بە"ئیسحاق" ناوی دەبات، لەلایەن باوكییەوە لەكۆتایی بەسەرهاتەكەدا، وەك كۆتاییەكی ئایینی تایبەت، ئەو حیكایەتە دەگەیەنێتە سەروو تراژیدیا بەو واتایەی كەلەئەدەبدا باسی لێوەكراوە، سەرباری ئەوەی كەخودی حەزرەتی "ئیبراهیم"یش دەباتە سەروو ئەو پاڵەوانە تراژیدیانەی كەلەئەدەبیاتی جیهانیدا ئاماژەیان پێدراوە. هەر لەبەرەبەیانی مێژووی موڵكایەتییەوە سیستەم بەشێوە ترسناك و داپڵۆسێنەرەكەی هاتۆتە ئاراوەو تائێستاش بڕی كردووە، نێر سالاری و سیستەمی باوكایەتی بەردی بناغە و كۆڵەكەی سەرەكی راگرتنی خانەوادەو دواتریش دەسەڵات و سیستەمە كۆمەڵایەتی و دەوڵەتەكان بوون، بەم شێوەیە ئەمە پرۆسەیەكی بەردەوامی بەرهەمهێنانەوەی ئەو مۆدێلەیە كەتاكەكانی تێدا دەبنە كەسانی نەفرەت لێكراو و تەنها بەرەزامەندی سەروو خۆیان، توانای مانەوەو ژیانیان دەبێت، هەردەم دەبێت وێنەی ئەوانەی سەرو هەرەمەكەو ئەوانەی ئەملاو ئەولا و پەراوێزی هەرەمەكە بهێنینە پێش چاومان.

" رێجیس دۆبرێ" پاش دەستبەرداربوونی لەئایدیۆلۆژیا شۆڕشگێڕانەكەی بۆ گۆڕینی دنیا، رۆچووە نێو دنیای غەیبیاتەوە تا لەباوەڕی ئایدیۆلۆژیای شۆڕشگێڕانە حاڵی بێت، پاش دەساڵ لەهەوڵی بێووچان لەرێی تیۆلۆژیاوە لەكتێبی "رەخنەگرتن لەئەقڵی سیاسی" دا ئەوەی خستەڕوو، كەهەموو باوەڕە كۆمەڵایەتییەكان هەرچەندە ناویشیان بگۆڕێت، پەیوەستن بەسلوكیاتی مرۆڤ و هیچ جیاوازییەكیشیان لەمابەیندا نییە، هەر لەباوەڕە ئایینییەكانەوە تاقووڵترین باوەڕی شۆڕشگێڕانە، هەر بۆیە دەڵێت:



( ئەگەر ئایین نەخۆشی بێت، ئەوە دەبێت لەگەڵی هەڵكەین، نەچاكیش دەبینەوەو نە رزگاریشمان دەبێت لێی، مەگەر بەمردن ). بۆیە ئینتیماكردنمان بۆ ناوە نوێیەكان تەنها شاردنەوەی كەش و كردە كۆنەكانە بەچەشنێك لەچەشنەكان.

كورد كە تائێستاش زادەی بونیادێكی عەشیرەتگەرییەو هاتنە نێو شار و مەدەنیەتی، ئەگەر مەدەنیەتێك لەنێو كوردا تا ئەمڕۆكە هەبێت؟!.. هێندەی دیكە پێوەندی ئەوی بەمیرات و پێشینەی بونیادەكەیەوە پتەو كردووە، بۆمان هەیە پرسیار بكەین، چی لەكۆمەڵگەی كوردیدا بێجگە لەفۆرم و مۆدێلەكان گۆڕاوە، كۆیلەداری كورد بۆ میراتێكی پێشینە كەهی خۆی نییە، لەئاستێكدایە كەزۆرجار دەبێتە مایەی پێكەنین، ئیدی لەم میراتەدا هەموو شتێك جێی دەبێتەوە، هەر لەنێر سالاری و باوك سالارییەوە تادەگاتە ژنخوازی و تەقلیدەكانی بیر و باوەڕ و ئایین. نێوەندێكی سەرسەختی كۆمەڵایەتی لەسەردەمی "ئەبی عەلای مەعری" دا تەقەبوولی ئەوەی كردووە، ئەو زاتە لەچەند دێڕە شیعرێكیدا باس لەوە بكات كەپەیامی پەیامبەران حەق و راستی نییە، بەڵكو بڵێت دنیا بۆخۆی باش بوو، بەڵام ئەوان هاتن و وێرانیان كرد، ئەمە و زۆر راو بۆچوونی لەوە توندترمان لەنێو قووڵایی فیكری عەرەبی ئیسلامیدا بەرچاو دەكەوێت، لەكاتێكدا هێشتاكە ئەمە لەپانتایی فیكری سەلەفیانەی كوردیدا، یان فراوانرتین پانتایی خیڵەكیدا گوتنی شتێكی لەو چەشنە تابۆیە و دەبێت خاوەنەكەی چاوەڕوانی كوژرانی بكات، ئەمە لەكاتێكدا ئەگەر ئەو ئایینەی كەزۆرینەی كورد باوەڕی پێیەتی ئەگەر پەیامبەرەكەی كورد بووایە، یان ئایینەكە بەزمانی كوردی گوتراباو هاتبا، ئەوە بێچەندوو چوون كورد خۆی یەكەمین دوژمنی دەبوو، حەزی كۆیلە بوون بۆ ئەوانی تر لای كورد لەلووتكەدایە، بەمەش ستراتیژیەتی كورد بوون هەر لەبنەڕەتەوە نییەو هەموو ئەوەی كەدەستی پێوەگرتووەو بەهی خۆی دەزانێ لەڕاستیدا هی خۆی نییە، پێوەندی كورد بەوانی دیكەوە دەگاتە ئەو ئاستەی كەلەرێی ئەوانەوە خۆی بخوێنێتەوەو خۆی ببینێت و بەشوێن شووناسی خۆیدا بگەڕێت. هەر ئەمەشە ئەوی هێندەی تر بردۆتە دەرەوەی مێژووەوە، كەواتە هەموو ئەوەی كەكراوەو دەكرێت بازنە داخراوەكانی بوونێك تێپەڕناكات، كەتا ئەم ساتە وەختە ئەو بوونە بێجگە لەشڵەژانی بەرانبەر بەدنیا هیچی

دیکەی تری نەکردووە، هەموو ئەوانەی کەدەنووسن لەم پانتاییەدا و بۆ ئەو پانتاییە دەنووسن و بەتەواوی دابڕاون لەوەی کەلەدەرەوەیاندا دەگوزەرێ، وەرگێڕان و هەندێك هەوڵی لێرەو لەوێ بۆ ناساندنی پانتاییەکی بەرتەسکی ئەدەبیاتی کوردی بەدنیای دەرەوە، هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت. ئێستاکە سەدان بیرمەندی ئەوروپی هەن، بەتایبەت ئیسپانی و پۆرتوگالی کەباس لەکاریگەری عەرەبە ئیسلامەکان دەکەن بەسەریانەوە بەتایبەت ئەو دەمەی ژێر دەستەیان بوون، بۆ نمونە دان بەوەدا دەنێن لەوانەوە فێری ئاودێری و بەکارهێنانی ناعور و بیرلێدان و چەندین شتی دیکە بوون، ئەمە سەرباری سەدان وشەی عەرەبی تێکەڵ بەزمانەکەیان کەلەمڕۆیەکدا بەکاریدەهێنن، تەنانەت ئەوان بوونە مایەی ئەوەی کەپۆرتوگالەکان و دواتریش ئیسپانییەکان بیر لەداگیرکردنی دنیا بکەنەوەو ئوستوولێکی کەشتیوانی دروستبکەن بۆ چوونە دەرەوەی ئەو دنیا داخراوەی کەتێیدان، بەڵام کورد جیاواز لەتورك و فارس و نەتەوەکانی تر کەئیسلامیان خستە سەر ئەو بارەی کەقازانجی خۆیانی تێدابێت و ساڵانێکی دوور و درێژ بەناوییەوە حوکمیان کرد، کەچی بەشێکی بەرچاوی کورد بەچەشنێك لەچەشنەکان لەجێی ئەوەی وەك میللەتانی دیکە سوودمەند بێت، خودی خۆی کردە عەرەب، تەنها وەك گەڕانەوەیەکی ئەسڵی خۆی بۆ یەکێك لەشەرەجەنامەکانی عەرەب، بەدەر لەتوانا حەقیقییەکانی عەرەب و توانستەکانی، وەك نالی دەڵێت:

( میللەتی کورد و عەرەب هەردوو یەکە تەفریقەبوون
لەجەفا و میحنەتی موڵکی سەبا و یەمەنی ).

ئیدی ئەمە حاڵی تەسەوری نالی بوو بێت، دەبێت تەسەووری خەڵکە ئاسایی و رەشۆکییەکەی ئەو دەم چی بوو بێت؟!. لەکاتێکدا نالی بۆ خۆی لەژێر دەسەڵاتی حوکمێکی کوردیدا تا هەڵهاتنی ژیاوە، کەواتە بەپێی بۆچوونی ئەو لەژێر دەسەڵاتی حوکمێکی عەرەبیدا ژیاوە، لەکاتێکدا ئەگەر فەرقیان نەبێت.

هەر ئەم تێڕوانینەشە نووسەرێکی شۆڤێنی وەك "ئەحمەد سووسە" ئاماژەی پێ دەدات و ئەسڵی کورد دەباتەوە بۆ "ئیبن کەرەد" ناوێکی عەرەب. من لێرەدا نامەوێت ئەودالی ئەسڵ و فەسڵی کورد بم و پێشم ئاساییە هەرچییەك بێت و بووبێت، دواجار سەر



بەیەك فەسیلەی جیانەکراوەی مرۆڤە و هیچ جیاوازییەکیش لەمابەینی نەتەوەو میللەت و گروپە ئیتنیکییەکاندا نابینمەوە، وەك رەگەز.. بەڵام ئەم جۆرە تێکەڵکردنەی نالی چی لەگەڵ ئەو بۆچوونەی "ئەحمەد سووسە" جیاوازە، ئەگەر دواجار خزمەت بەتەسەورێکی دیاریکراوی باڵادەستبوونی نەتەوەیەك بەسەر نەتەوەیەکی تردا بکات، لەکاتێکدا زۆر نزیکتر بوو بیگوتایە کورد و فارس یەکن، هەر هیچ نەبێت ئەو زمانی فارسی زانیوەو هەستی بەو لێکچوونە بەرچاوەی زمانی کوردی و فارسی کردووە، ئێمە لێرەدا موحاسەبەی نالی ناکەین لەسەر ئەوەی چی گوتووەو تێڕوانینی بەرانبەر بەمیللەتەکەی چی بووە، بەڵکو مەبەستمانە سەرنجی خۆمان و کەسانێك بەرەو خاڵێکی زۆر گرنگ رابکێشین کەلەوێوە دەکرێت خوێندنەوە بۆ ئەوە بکرێت کەبەسەر کوردا هاتووەو هێشتاکەش بەسەریدا دێت، ئیسلام تورك و فارس و زۆرێك لەنەتەوەکانی دیکەی نەکرد بەعەرەب، کەچی بەشێکی زۆری کوردی کردە عەرەب ئەگەر مەجازییش بێت، لەڕووی هەستکردنی نالی و چەندانی تر سەبارەت بەئینتیمای نەتەوەییان بۆ عەرەب.

**دانا فایق: باهەر لەزاکیرەی منداڵی دوور نەکەوینەوەو ئەو قۆناغەی تەمەن جێ نەهێڵین، منداڵیی قۆناغێکە مرۆڤ زۆر بەزەحمەت دەتوانێ لێی دوورکەوێتەوەو لێی دابڕێ، بەتایبەتیش ئەو دابڕانە بۆ کەسی نووسەر و رووناکبیر زەحمەتترە، تۆ ئێستاو لەم تەمەنەدا تا چەند لەگەڵ ئەو قۆناغەدا دەژییت و تاچەند لەناو کارە ئەدەبییەکانتدا رەنگی داوەتەوە؟**

یوسف عیزەدین: نووسەرێکی وەك "هنری رینێ" دەڵێت:

( لەسەرمانە ئەوەی کەلەژێر پێستماندایە بیناسین )، کەواتە ئێمە بەدەر لەخۆمان هەڵگری بوونەوەرێکی ترین، بوونەوەرێك کەپێویستە بیناسین، تا بتوانین سەرەتا خۆمان بخوێنینەوەو دواتریش ئاوانەی تر، یان بەچەشنێك لەچەشنەکان خۆمان بنووسینەوە، بەنووسینەوەی خۆشمان ئەوانەی تر بنووسینەوە. لەکاتێکدا "ئەندرێ جید" دەڵێت:

( ئەو مادەیەی کەدەماغمی پێ پڕکراوەتەوە، ئەو مادەیەی کەتایبەتە بەڕامکردنی زاکیرە، چ سوودێکی هەیە؟!.. ئەگەر بەراوردی بکەم بەئەزموون؟ من بەڕاستی

بەفێربوون دەتوانم گەنجینەیەك كۆبكەمەوە، لەكاتێكدا جودا لەبوونی خۆم دەمێنێتەوە تا ئەو دەمەی كەنامێنم ).

ئەمەو چەندین راوبۆچوونی جوداو جیاواز هەیە، سەبارەت بەزاكیرەو ئەزموون و ئەو پانتاییەی كەنووسین ماتەریالەكانی لێوە هەڵدەهێنجێت.

رەنگە هەبن بەهەڵهێنجانی بابەت و بەسەرهات و ماتەریاڵەكانی قۆناغێكی دیاریكراوی تەمەنیان، بەتایبەت قۆناغی منداڵی بنووسن، بەڵام من لەنووسیندا ناتوانم بەتەواویی بگەڕێمەوە بۆ ئەو زاكیرە هەبووەی كەپەیوەستە بەیادەوەرییەكانی قۆناغەكانی تەمەنمەوە ئەگەر لەڕاستیدا زاكیرەیەكی وام هەبێت، بێگومان گومانم لەبوونی هەیە.

نازانم من وەك خۆم پێم وایە گەڕانەوە بۆ پانتاییەكی تایبەت، بۆ هەڵهێنجانی بابەت شتێك لەمیكانیكییەت و بگرە نەرجسییەت لەخۆدەگرێت، كەپێموانییە ئەو دووە لەئاست هێنانە بوونی تێكستێكی زیندوودا بن.

ئەگەر لێرەدا مەبەست لەباسكردنی زاكیرە بێت، بەگشتی یان بەتایبەتی، ئەوە دەتوانم بڵێم ئەوەی كەمن پێوەی پەیوەستم زاكیرەیەكی ونبووە، یان زۆرجارانیش نەبووە؟!..

ئەو زاكیرەیەی كەڕەنگە بكەوێتە پێش لەدایك بوون و هاتنە دنیامەوە، یان ئەو زاكیرەیەی كەدەكەوێتە پاش مەرگمەوە!؟

هەردەم نامۆم بەو بوونەوەرەی كەخۆمم، دیارە وەك تەسەوور دەكەم خۆمم، ئەگینا رەنگە من نەبم، یان بۆ دەبێت من بم، ئەگەر من نەبم چی دەبێت، خۆ ئەگەر من بم چی دەبێت؟!..

لەڕاستیدا نامۆم بەو ساتەوەختەی كەتێیدا هەم، چونكە هەبوونی خۆم لاگرفتە ئەگەر هەبێتم، نامۆم بەو زەمەن و شوێنەی كەتێیدا دەژیم، كەلەڕاستیدا گومانم هەیە تێیدا بژیم؟!.

"ئەمیل سیۆران" سەبارەت بە"گۆگۆڵ" دەڵێت:

( ئەو بوونەوەرانەی كە لە"پشكنەری گشتی" و"دەروونە مردووەكان"دا لەبەرچاوماندا بەرجەستە دەبێت، هیچ نین؟!

كەهیچیش نەبن كەواتە هەموو شتێكن؟!...).



ئەمەیە خوێندنەوەی زیندوو كە"سیۆران" بۆ تێكستەكانی" گۆگۆڵ" ی دەكات و هەموو ئەوەی كەپێشتر لەبارەیەوە نووسراوەو گوتراوە، هەڵیدەوەشێنێتەوە. تەنانەت ئەو دەمەی كەڕووبەڕووی پرسیارێكیش دەبینەوە، دەبێت پێش وەخت خودی بونیادی پرسیارەكە هەڵبوەشێنینەوە، ئەو پێوەندییەی كەهیچ بوون و شت بوون پێكەوە گرێدەدات، پێوەندییەكە ئەقڵی تەقلیدی لێی حاڵی نابێت، چونكە توانای هەڵوەشاندنەوەی نییە، كەواتە توانای تەئویلیشی نییە، ئەو مانایەی كە ئەو جۆرە ئەقڵیەتانە لەتێكستێكیدا ئەودالّی دۆزینەوەی دەبن و بەتەسەووری خۆیان دەیدۆزنەوە، لەڕاستیدا هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی مانا؟!.

"سیۆران" سەبارەت بە"گۆگۆڵ" لەدرێژەی باسێكیدا دەڵێت:

( واقیعییەتەكەی هێندە گەورەیە تا ئەو رادەیەی ئەو كەسایەتییانەی كەهەڵیان دەسووڕێنێت دەبنە نەبوو، بەڵكو دەبنە رەمزاتی جووڵاو كەبەتەواویی ئێمەی تێداین، كەسایەتییەكانی ئەو شكست ناهێنن و ناكەون، چونكە لەسەرەتاوە شكستیان هێناوەو كەوتوون... ئەوەی ئێمە لەودا خۆشمان دەوێت، ئەو ركەیەتی بۆ خەڵكی، توندو تیژییەتی، چەشنی بینینێتی بۆ دنیایەكی تاوانبار ).

**دانا فایق: خوێن و مەرگ پانتاییەكی زۆری لە چیرۆكەكانتدا داگیركردووە، بوونی ئەو هەموو مەرگ و خوێنە تا چەند پەیوەندیی بەو سەردەم و واقیعەوە هەیە، كە تۆی تێدا ژیاویت و واقیع تا چەند رەنگدانەوەو كاریگەریی هەیە لەسەر تێكست؟**

یوسف عیزەدین: سەبارەت بەوەی واقیع چەند كاریگەری لەسەر تێكست هەیە، سەرەتا دەبێت بپرسین واقیع چییە؟ یان تا چەند خەڵك بەگشتی ئەو واقیعە وەك خۆی دەبینێت، یان مەبەستیەتی وەك خۆی ببینێت؟!.

وەرە وەك نمونەیەك بڕوانە هەموو ئەو سەرچاوە مێژووییانەی كەمێژووی مەسیحیی بوونی ئیمپراتۆر كۆستانتین– ی گەورە، دەبەنەوە بۆ ئەو خاچە هەڵواسراوە گەورەیەی كەلەئاسماندا بینیوێتی.. رەنگە هەبێت بڵێت چۆن شتی وادەبێت، ئیمكان نییە بەئاسمانەوە خاچێكی هەڵواسراوی بینیبێ، بەڵام بەیەقینەوە هەن كەدەڵێن بینیوویەتی،

نەك هەر خودی ئیمپراتۆر، بەڵكو هەموو ئەوەی لەو دەمەدا لەگەڵیدا بووە ئەو خاچەی بینیووە.

راستییەكەی ئەو ئیمپراتۆرە پێش ئەوەی كەببێتە مەسیحی یەكێك بووە لەدوژمنە سەرسەختەكانی ئەو ئایینە، لەساڵی (٣١٢ز) كەسانێك بەپەلە دەچنە لای ئیمپراتۆر و داوای لێدەكەن بچێتە دەر و سەیری ئاسمان بكات، وەك دەڵێن ئیمپراتۆر بەچاوی خۆی خاچێكی گەورەی لەنوور بینیووە كەبەئاسمانەوە نەك هەڵواسراوە بەڵكو شوێن گۆڕكێی كردووەو بەچەشنی سەماكارێك سەمای كردووە، هەر لەمەشەوە ئەو ئیمپراتۆرە سەربازی باوەڕهێنانی بەمەسیحییەت، خاچیش دەكاتە هێمای مەسیحییەت.

باشە هەموو ئەو باوەڕدارە مەسیحییانەی كەباوەڕیان بەمەسیحە ئیدی هەر كێیەك بن و لەچ ئاستێكدا بن، قبووڵی دەكەن تۆ بچیت و پێیان بڵێیت ئەمە خورافاتە، لەكاتێكدا وەك زاناكان بۆی دەچن لەڕووی زانستییەوە خورافات نییەو ئەوان تەفسیریان بۆ دۆزیوەتەوەو پەیوەستی دەكەن بەكەش و بارودۆخی ئاو و هەواو تیشك و گۆڕانكارییە سروشتییەكان، بەڵام ئەوەی ئەمەی وەك راستییەك وەرگرتووەو بەموعجیزەیەكی ئیلاهی دەزانێت، ئامادە نییە باوەڕ بەوە بهێنێت كەدیاردەیەكەو تەفسیرێكی عیلمی لەخۆ دەگرێت، هەرچەندە ئەو پرسیارە دەمێنێت، ئەگەر دیاردەیەكی وا ئیمكانی روودانی هەبێت، وەك زاناكان ئاماژەی پێ دەدەن، بۆ دەبێت لەو ساتەوەختە مێژووییەدا هەر وەك ئەوەی بیەوێت فریای مەسیحییەكان بكەوێت، كەلەو دەمەدا رووبەڕووی توندترین ئەشكەنجە و كوشت و كوشتار بوونەتەوە؟.. ئەگەر رێكەوتیش بێت رێكەوتێكی سەیرە، وەك دەركەوتنی ئەو ئەستێرەیەی كەلەكاتی لەدایك بوونی مەسیحدا دەركەوتووە، لەئێستادا بەحیساباتی زۆر ورد و گەڕانەوە بۆ كتێبە فەلەكییەكانی ئەو دەمە و زۆر شێوازی دیكە لەڕاستی دەركەوتنی ئەو ئەستێرەیە دڵنیابوون، هەرچەندە دەركەوتنی لەو ئان و ساتەدا لەرێكەوت زیاتر هیچی تر نییە، بەڵام جارێكی تر ئەو پرسیارە خۆی دەسەپێنێت، بۆ لەو كاتەدا؟

یان باوەڕهێنانی خەڵكێكی زۆری ئیسلام كەگوایە پاش مەرگی پەیامبەرەكەیان درەختێكی خورما بەچەشنی مرۆڤێك گریاوە. لەكاتێكدا كاتێك پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)



كوڕە تاقانەكەی ئیبراهیم دەمرێت و لەكاتێكدا خۆی و سەحابە و موسڵمانان خەریكی ناشتنی ئیبراهیمن، خۆر دەگیرێت و بەمەش سەرجەم ئامادەبووان بەمە دەپەشوكێن و لەنێوان گریان و سەرسامی دەربڕیندا، لەیەقینی ئەوەدان خۆر بۆ دەربڕینی حوزن و خەفەتی بۆ كوڕی تاقانەی پەیامبەر(د.خ)، گیراوە ئەمەش موعجیزەیەكی ئیلاهییە. دەكرا پەیامبەر لەو ساتەدا بێدەنگ بێت و هیچ نەڵێت، یان شتێكی وا بڵێت كەئەو رووداوە هێندەی تر لای موسڵمانان ببێتە موعجیزە و بەمەش ژمارەی باوەڕدارانی زیاد بكات، بەتایبەت ئەوەی هەر لەسەرەتاوە لەلایەن باوەڕدارانی و بێباوەڕان پێی لێی داوا دەكرا، كردنی موعجیزەیەك بوو. كەچی سەیر لەوەدایە لەنێو ئەو هەموو ئازارە دەروونییەی كەتێیدا بووە، قسەیەكی كردووە كەتائێستا جێگەی سەرنجەو زۆر قسە هەڵدەگرێت، گوتویەتی:

( خۆر و مانگ دوو ئایەتی خوداوەندن لەبەر خاتری مەرگ و ژیانی هیچ كەسێك ناگیرێن ).. كەواتە هەر لەو دەمەدا رەتی ئەوەی داوەتەوە كەمەرگی كوڕی ئەو و خۆر گیران هیچ پێوەندییەكیان پێكەوە نییە، بێگومان ئەمە كاریگەرییەكی زۆر ناخۆشی لەسەر هەموو ئەوانە دەبێت، كەبەیەقینەوە پێیان وابووە خۆرگیرانەكە پێوەندی بەمەرگی كوڕی پەیامبەری ئیسلامەوە هەبووە.

حەزی مرۆڤ بۆ باوەڕهێنان بەئەفسانە و خورافات بێسنوورەو هیچ پێوەندییەكیشی بەزەمەنێكی تایبەتەوە نییە، بگرە لەمرۆیەكدا كەزانست تێیدا باڵادەستە گەیشتۆتە ئەوپەڕی؟!..

بێگومان ئەمانە هەمووی هۆكاری خۆیان هەیە، بەڵام باسكردنی لێرەدا جێی نابێتەوە. بەهەر حاڵ ئەگەر پێویست بكات هەندێك نمونە بهێنینەوە.. یەكێك لە كەشتییەوانە ئیتالییەكانی گەشتەكەی "مەجەلان" لەئۆقیانووسی هادی، لەدەفتەری یادەوەرییەكانیدا دەنووسێت:

( زۆر جار قدیس ئیلمۆمان لێ دەركەوت، لەشەوێكی تاریكدا، بەشێوەیەكی ئاگرێكی داگیرساو لەسەرووی كەشتییەكەمانەوە دەركەوت، ئیدی ئارام بووینەوە پاش ئەوەی هەموومان دەگریاین بۆ ئەو چارەنووسەی كەچاوەڕێمان دەكات، بەتایبەت پاش گەرداو

و گەردەلولوڵێکی بێوێنە..دیارە هەر کاتێك ئەو تیشك و وێنەیە بۆ هەر کەشتییەك دەرکەوێت، ئەوە نووقڵانەی خێر و رزگاربوونە لەنغرۆ بوون ).

ئەو تیشك و وێنە ئاگراوییەی کەباسکراوە بە"ئاگری قدیس ئیلمۆ" ناسراوە، گوایە ئەم هالەیە لەسەر کلێساکەشی لەئیتالیا ناو بەناو دەرکەوتووەو بۆتە بادیرەی خێر بۆ هەر کەسێك کەبیبینێت ! ؟.

بەڵام ئەم جۆرە تیشك و هالەیە کەدواتر لەوێنەکێشانیشدا رەنگی داوەتەوە، بەتایبەت لەوێنەکێشانی کەسە تەقدیسکراوەکاندا، وەك دەڵێن دیاردەیەکی سروشتییەو لەکەش و هەوای تایبەتدا دەردەکەوێت، بەتایبەت لەشوێنە شاخاوییەکاندا، لەکات وساتی تایبەتدا.. هەربۆیە ئەوانەی کەقەشەو کەسە موتەسەویف و رەبەنە دوورە دەستەکانیان لەنزیك ئەشکەوتی چیاکان و نزیك لووتکە و لەسات و کاتی تایبەتدا بینیوون، ئەو هالەو تیشکەیان بەدەوریانەوە بینیووە.

هەر بۆیە دەڵێن دیارە ئەو درەختەی کە موسا بینیویەتی بەسەر چیایەکەوەو لەبەرچاویدا سووتاوە، بەشێك بووبێت لەو دیاردە سروشتییەی کەپەیوەستە بەتیشك و شکاندنەوەکانی.

"کۆلیکۆف" لەکتێبێکیدا باس لەوە دەکات کەچۆن کۆمەڵێك لەوانەی کەبەچیاکاندا هەڵدەزنێن، ئەو دەمەی بەرەو لوتکەی چیای "تیەن شان" سەرکەوتوون، کاتێکیان زانیوە، لەپڕ هەورەکان رووی خۆریان داپۆشیوەو چەخماخەیان داوەو گرماندوویانەو دواتر یەکێکیان بەهاوڕێیەکەی گوتووە، ئاگاداربە لەو ئاگرەی لەسەر سەرتە، هەرچەندە لەئاگر چووە، بەڵام ئاگر نەبووەو هالەیەك بووە لەتیشك، ئەمە جگە لەو تیشکەی کەدواتر لەسەر قامکەکانی هەر یەکێکیانەوە هاتۆتە دەرێ، یان کۆمەڵێکی تر لەوانەی بەچیاکاندا هەڵدەگەڕێن، بەبەرزی ٣٨٠٠ مەترەوە لەئاستی دەریا، لەپڕ بێجگە لەبینینی ئەو تیشك و بریق و باقەی کەبۆی هەیە لەو شوێنانەدا پەیدا بێت و پەیوەستە بەکەش و هەوایەکی تایبەتەوە، هەستیان کردووە، شتێك زۆر بەتووندی قژیان رادەکێشێت و هێندەی نەماوە لەبنڕا دەریبهێنێت، پاش ئەوەی لەگەشتەکەیان گەڕانەوە لوتکەی ئەو چیایانەیان ناو نا "ئەلیکترۆ". جا کەدەیان بەسەرهاتی وا دەخوێنینەوە لەئێستاداو



سەرباری دۆزینەوەی هۆکارە راستەقینەکەی، کەچی هێشتاکە پێی سەرسامین، ئەی باشە دەبێت "هانیبال" ێك کەبەدرێژایی چیاکانی "ئاڵب" و ماوەیەکی دوور و درێژ بەمەبەستی گەیشتنە رۆما رێی کردووە، ئەگەر دیاردەیەکی وای هاتبێتە پێش چاو، دەبێت چی گوتبێت، لەکاتێکدا لەمرۆیەکدا کەزۆربەی شتەکان زانراوە، مرۆڤ خۆی لێ بێئاگا دەکات و تاپێی بکرێت دەچێتەوە باوەشی خورافات و ئەفسانە.

"مارکیز" لەو بارەیەوە قسەیەکی هەیە کەدەڵێت:

( ئەگەر باوەڕیشت بەخوا نەبێت، ئەوە دەبێت باوەڕت بەخورافاتێك بێت؟! ).

ئیدی ئێمە لەم دەرفەتەدا باس لەڕاست و دروستی ئەوە ناکەین کەلەدەرەوەی ئێمەدا دەگوزەرێت، بەڵکو ئەو واقیعێکەو هەیە، واقیعێکی نغرۆ لەخورافات و ئەفسانەو سەدان شتی سەیر و سەمەرە، کەزۆر سەیرترە لەخودی هەندێك لەو فەنتازیایانەی کەلەنێو ئەدەبیاتدا دەگوزەرێ.

چی لەوە سەیرتر هەیە، کەهەزاران کەسی نەخۆش لێرەو لەوێی دنیا، بەدکتۆرەکانیشەوە سەفەر بۆ فلیپین بکەن، تا لەسەر دەستی کەسانێکی بەناو رۆحانی، ئۆپەراسیونێکی رۆحییان بۆ بکرێت، ئیتر لەم ئۆپەراسیۆنە سەیر و سەمەرانەی کە ئەو جۆرە کەسانە بەئەنجامی دەگەیەنن، هێندە شتی سەیر و سەمەرە دەکەونەڕوو کەنازانیت بەئەقڵیەتی مرۆڤگەلێکی لەو چەشنە پێبکەنیت، یان بۆیان بگریت.

بەهەرحاڵ باسکردنی واقیع وەك ئەوەی کەخۆی هەیەو وەك ئەوەی کەدەخرێتە پێش چاومان و بەناوی واقیعەوە پیشانمان دەدرێت، باس و خواسێکی قووڵەو ناکرێت لێرەدا لەوە زیاتری لەسەر برۆین.

ئەگەر لێرەدا ئاماژەیەك بە گوتەیەکی "گۆتە" بدەین رەنگە زۆر شتمان سەبارەت بەو پێوەندییە بۆ روونبێتەوە، کاتێك دەڵێت:

( هەستی نزیکایەتیم لەگەڵ هەموو شتێکی دەوروبەردا زانی، هارمۆنیەتییەکی نوێ لەنێوان من و سروشتدا هەیە، زۆر کاملە.. بەچەشنێك کاریگەرییەکی قووڵی کردە سەر هەموو گۆڕانێکی شوێن و وەرز و زەمەن ).

دیاره مەبەستی گۆتە لەوەی کەدەیڵێت پێویست بەڕاڤە کردن ناکات و پێم وایە مەبەستی روونە، بەتایبەت ئەو یەکێکە لەوانەی کەبەگۆڕینی شوێنی جوگرافی هەستی لەدایك بوونەوەیەکی نوێی تێدا دەبزوێ، کاتێك دەگاتە رۆما دەڵێت:

( دواجار لەدایك بووم ).

ئیدی ئەمەیە پێوەندی نووسەرێکی جیدی و بەتوانای وەك "گۆتە" بەواقیعەوە، دەبینین واقیعێکی جوگرافی چەند کاریگەری لەسەر نووسەرێکی وەك ئەو هەیە، وەك پێشتر بەنموونە هێنامانەوە.

پێوەندی ئەدەب و واقیع جگە لەقوتابخانە ئەدەبییە واقیعی و ناچڕەڵ و هاوچەشنەکانی کەخۆی بەبەراورد لەگەڵ واقیع و لەسەر بنەمای ئەو بنیات دەنێ، رەنگە هەر لەسەرەتاکانی نووسینەوە تا ئێستا، تێکدانی پێوەندی و هەڵوەشاندنەوەی چەمکەکان و هەڵگێڕانەوەو ئاڵوگۆڕ و دەست لەریالیتەی ئەوەی کەهەیە و چوونە ئەودیوی شتەکان و دەیان شتی لەو چەشنە مەترەح بووبێت، چونکە دواجار ئەدەبێك بەبێ خەیاڵ و ئەندێشە دەبێت چی لێ دروست بێت و بەچ ئاقارێکدا بڕوات.

ئەدەبێك کەلای ئێمە مەترەحە ئەدەبێکە کەتوانای گرتنە خۆی فانتازیای هەیە، ئەمەش بەبێ تێکدانی پێوەندی واقیع و خەیاڵ یان واقیع و خەون، لەئاستەم و مەحاڵ نزیك دەبێتەوە، بەبێ تێکدانی ئەوەی کەپێشتر ئاماژەمان پێدا، ئەدەب ناتوانێت فانتازیا لەخۆیدا جێ بکاتەوە، یان خۆی لەنێو فانتازیادا جێ بکاتەوە.

هەرچەندە زۆرێك لەخوێنەران زۆرجار خوێندنەوەی تێکستێك دەکەنە ئامرازێك بۆ خۆ دۆزینەوەیان، یان لانی کەم وا تێی دەڕوانن، لەکاتێکدا گرنکی تێکست لەوەدایە کە ونت بکات، من وەك خۆم کاتێك شیعرەکانی حەللاج و زۆرێك لەشاعیرە متەسەویفەکان دەخوێنمەوە هەست بەو ونبوونە دەکەم، رەنگە یەکێك لەهۆکارەکانی هەستکردن بەو ونبوونەی کەلەنێو تێکستە زیندووەکاندا هەستی پێدەکەیت، لەوەوە بێت کەوەعز و ئیرشاد و ئامۆژگاریکردن لەخۆ ناگرێت و تا کۆتایی شتێکمان بەسەردا فەرز ناکات، بەڵکو دەمانباتە نێو ئەزموونێکی قووڵەوە، رەنگە بەچەشنی نێو موسافیری بیابانێك بەتەواویی شەکەت و ماندوو ببیت و لەپەلوپۆ بکەویت و دڵنیا بیت لەچنگ نەکەوتنی ئاو



و لەجێی ئەو سەراب ببینیت و دەست لەوە بشۆیت قوومە ئاوێکت چنگ بکەوێت، بەڵام ئەو عەبەسەی کەلەو دەمەدا پێی دەگەیت، راستییەکە خۆت مەبەستت بووە پێی بگەیت، مردن لەبیابانێکدا کەبەویستی خۆت بچیتە نێوی مردنێکە خۆت هەڵت بژاردووە، رەنگە موسافیر بوون لەو پانتاییانەی گەڕانەوە لێیان ئاستەمە چەشنێك بێت لەشێتی، هەر وەك چۆن خوێندنەوەی زیندووش ئەگەر نەڵێین بەتەواویی شێتییە، ئەوە دەتوانین بڵێین بەشێك لەشێتی و سەرەڕۆیی و موغامەرە لەخۆ دەگرێت.

هەن دەیانەوێت لەئەنجامی خوێندنەوەی تێکستێکی زیندووەوە، بەو پەڕی خۆشی و گەشبینییەوە بێنە دەرێ.. لەکاتێکدا لای من تێکستی زیندوو کەدەر و حوزنێکی ئازار بەخشم پێ دەبەخشێت، رەنگە هیچ شتێك هێندەی خوێندنەوەی تێکستە زیندووەکان مەرگت بیر نەخاتەوە، تەنانەت ئەگەر لەهەموو رووەکانیشەوە بەلای مەرگدا نەچووبێت، هێندە بەسە هەست بەتەوابوونی رستەو پەراگراف و دواتر تێکستەکە بکەیت لەساتەوەختی کردەی خوێندنەوەو تەواوبوونیدا، بەمەش تەوابوونی شتەکانت بەتەواویی لا بەرجەستە دەبێت و مەرگی تەواویی خۆتت بیر دەکەوێتەوە.

دەبێت ئەوەیش بڵێین ئەو تەمەنەی کەمرۆڤ دەتوانێت تێیدا بخوێنێتەوە، زۆر کورت و راگوزەرەو جێگەی ئەسەفە؟!.

هەرچییەك بکەیت فریای خوێندنەوەی نەك هەموو شتێك بەڵکو فریای خوێندنەوەی تێکستە زیندووەکانیش ناکەویت.. ئەمە چ جای ئەو تێکستە لەپەراوێزدا کەوتووانەی کەتێیاندا هەیە هیچ تێکستێکی ناسراو و هالە بۆ دروستکراو پێی ناگاتەوە، بەڕاستی هەردەم خیانەتێك هەیە، هەردەم کارکردنێك هەیە بۆ سڕینەوەی ئەوی تر، زۆرێك لەو تێکستە گریکییانەی کەلەبەر دەستدان و دەیانخوێنینەوەو لەدنیادا ریکلامیان بۆ دەکرێت، زۆر دوورن لەو تێکستە زیندووانەی کەلەسەردەمی گریکەکاندا نووسراون، جا یا ماون و پشتگوێ خراون، یاخود هەر لەسەردەمی نووسینیانەوە ونکراون، ئەمە جگە لەو تێکستانەی کەبەڕاستی فەوتاون.

**دانا فایق: (دزیی ئەدەبی) یەکێکە لە کێشە گەورەکانی ئەدەبیاتی ئێمەو تۆمەتبارکردنی هەندێك نووسەر (بەتایبەتی نووسەرە جددیی و داهێنەرەکان) بە دزی،**

**بووە بە پیشەی هەندێك نووسەری ترو بەردەوام ئەو تۆمەتەیان دوا دەخەن، کە زۆرجار بەڵگەکانیان ئەوەندە لاوازن، بە دەگمەن خوێنەر هەیە باوەڕیان پێبکات. تۆ لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو چەمکەدایت و دەکرێت بە کام جۆری وەرگرتن و سوودلێوەرگرتن بگوترێ (دزیی ئەدەبی)؟**

یوسف عیزەدین: هەرچەندە ئاگاداری ئەو کەین و بەینە نیم، کەتایبەتە بەتاوانبارکردنی کەسانێکی جدی بەدزیی ئەدەبی.. بۆ یە بەدەر لەوە ئەگەر بدوێم ئەوە دەبێت ئاماژە بەوە بدەم، کەبەڕاستی دزی ئەدەبی هەیەو کراوەو دەکرێت و ناکرێت نکوولّی لێبکرێت، زۆر بەسادەیش باشترین شێوە بۆ ناسینەوەیان لەپڕ دەرکەوتنی کەسێك یان کەسانێکە کەتێکستێك یان چەند تێکستێك دەخەنە نێوەندەکەوەو پاش کەشف بوونیان پاشەکشەدەکەن و نامێنن، ڕەنگە زۆر ئاستەم بێت، کەسێك کەدزییەکی لەو چەشنەی کردبێت بتوانێت بەردەوام بێت، بەو پێیەی لەگەڵ دزیی ئاسایدا جیاوازە، دزێك چەند جارێك دەتوانێت بدزێت، تەنانەت پاش کەشف بوونیشی، چونکە هیوایەکی هەیە بەکەشف نەبوون و نەگیران. بەڵام نووسەرێکی دز چانسێکی وای نییە، چونکە ناوی خۆی خستۆتە سەر و ئیدیعای ئەوە دەکات کەئەو خاوەنی فڵانە نووسینە، ئەم کەشفبوونەشی ڕەنگە زیاتر پەیوەست بێت، بەنێوەندێکی تایبەتی و ئەوانەی کەتوانای دۆزینەوەی تێکستی دزراویان هەیە، لەڕێی خوێندنەوەو بەدواداچوونەوە.

نمونەیەکت بۆ بگێڕمەوە کەبرادەرێك بۆی گێڕاومەتەوەو لەنێو شاری سلێمانیدا ڕوویداوە، سەبارەت بەهونەرمەندێکی شێوەکاری بێتوانا، لەکاتێکدا کەبەکۆمەڵێك تابلۆی خۆی سەرجەم ئەوانەی کەلەشوێنێکی دیاریکراودا دانیشتوون سەرسام دەکات و زۆریان پێ سەیر دەبێت کەلەپڕ ئەو کەسە بێ ئەزموون و بێتوانایە توانیویەتی بەو چەشنە کۆمەڵێك تابلۆی بەحیساب هی خۆی بخاتە بەردەستیان و جگە لەدانان بەتواناو داهێنانی هیچی تریان بۆ نامێنێتەوە، کەچی یەکێك لەئامادەبووان دوایان لێدەکات کەماوەیەك چاوەڕێی بکەن، تا دەچێتە ماڵەوەو دێتەوە.. ئیدی بەکەسە شێوەکارەکەشەوە بەبێ ئەوەی بزانن مەسەلە چییە چاوەڕێی ئەو کەسە دەکەن تا دێتەوە، دەبینن کوراسی یەکێك لەهونەرمەندە جیهانییەکانی پێیەو هەموو ئەو



تابلۆیانەی تێدایە کەکەسە شێوەکارەگە ئیدیعای کردووە هی خۆیەتی.. ئەگەر تۆ بتەوێت دزی کەشف بکەیت، دەبێت ئاوا بەبەڵگەوە کەشفی بکەیت، ئەگینا بەمەزەندەو بگرەو بەردەو شێر و ڕێوی هێنانەوە مەبەست ناپێکیت.

**دانا فایق: نەبوونی دەریاو زەریا لە کوردستان وایکردووە زمانی کوردی هەژار بێ لە ناوی ئەو زیندەوەرو گیاندارانەی لەنێو دەریاو زەریاکاندا دەژین و چەند گیاندارێکی کەمی لێ دەرچێ، زۆربەی گیاندارە ئاوییەکان بێ ناون لە زمانی کوردیدا. بۆ کەسێکی وەك تۆ کە لەبواری وەرگێڕانیشدا کاردەکەیت، ئەمە تا چەند بووەتە گرفت و کێشە لەبەردەم کارەکانتداو لەو حاڵەتانەدا وەرگێڕ چ ڕێگەچارەیەکی هەیە؟**

یوسف عیزەدین: "سۆسێر" دەڵێت: ( هزر وەك خۆی بەهەورێکی بزۆز دەچێت هیچ شێوەیەکی دیاریکراوی تێدا نییە، پێش وەخت هیچ بیرۆکەیەکی جێگیر لەنێویدا بوونی نییە، شێوەکانیش پێش چوونە نێو پێکهاتەی زمانەوە دیاری ناکرێن ). بۆیە لەمیانی زمانەوە شێوەکان لەبەرچاوماندا بەرجەستە دەبێت، کاتێکیش وشە مانا لەخۆ دەگرێت کەجیاوازبێت لەوشەیەکی دیکە، بۆ نمونە کاتێك دەڵێین"چیا" بەجیاوازبوونی لەگەڵ وشەیەکی تر، دەبێتە ئەو شتەی کەلای ئێمەو لەزمانێکی دیاریکراودا چیای پێدەڵێین، لەکاتێکدا بەزمانێکی دیکە شتێکی تری پێدەڵێین و مەحاڵیشە بەبێ زانینی ئەو زمانەی کەشتێکی تر و جیاواز لەوەی تۆ بۆ"چیا" بەکاردەهێنێت، بزانیت ئەو وشەیەی کەئەوان بەکاریدەهێنن، مەبەست لە"چیا" یە. ڕەنگە زۆرێك لەئێمە لەکاتی فێربوونی زمانێکی تردا زۆرجار هەست بەناڕەحەتی و نیگەرانییەکی سەیر بکەین، چونکە دەبێت ناوێکی دیکە لای خۆت جێبکەیتەوە کەهەمان ئەو شتە دەگەیەنێت، کەلەتەمەنێکدا و پێش ئاشنا بوونت بەهیچ زمانێکی دیکە، ڕەنگە تەسەورت نەکردبێت، ئەو وشەیەی کەتۆ بۆ شتێکی دیاریکراوی بەکاردەهێنیت تەنها لەنێو خۆتدا بڕدەکات و لەدەرەوەی هاوزمانەکانت بڕ ناکات و بوونی نییە. بەواتایەکی دی کەواتە ئەو "چیا"یەی کەلای تۆ چیایە، وەك وشە لەشوێنێکی تر چیا نییە. ئەگەر "غەم و پەژارە" لەڕووی سایکۆلۆژییەوە گوزارشت لەحاڵەتێکی تایبەت بکەن، ئەوە لەڕووی زمانە جیاجیاکانەوە دەگۆڕێن، ئەمەش دەبێتە گرفت لەئاست وەرگێڕاندا، تەنانەت فەرهەنگەکانیش لەسەدا

سەد و بەتەواویی توانایان بەسەر بەرانبەر دانانی تەواو و رەهای دوو وشەی دوو زمانی جیاوازدا ناشکێت. زمان زۆر لەوە زیاتری پێدەکرێت کەئێمە تەسەوری دەکەین. بەڵام نەك هەر ئەو خەڵکەی کەدووره لەنووسین و خوێندنەوە بەڵکو بەشێکی هەرە زۆری خوێنەران و نووسەرانی کورد لەخودی گێرمەو کێشەکان و گرفت و لەمپەر و ئاستەنگەکانی زمان بێئاگان. رەنگە بەشێکی بەرچاوی شکستی یەك لەدوای یەکەکانی خەبات و تێکۆشانە سیاسییەکانی کورد پەیوەست بێت بەبەکارهێنانی زمانەوە، تەنانەت لەڕووی سایکۆلۆژیشەوە کاتێك کەسانێکی سیاسی هەمیشە بەخەڵکی ژێر پانتایی دەسەڵاتیان و ئەوانەی لەگەڵیان دەڵێن:( خاکی ئێمە بەشێکە لەخاکی ئەوان، جیابوونەوە مەحاڵە، لەمە زیاتر ناکرێت ) و دەیان گوتەی لەو چەشنە، ئەوە بەشێوەیەکی میکانیکی توانای ئەقڵ بۆ هەڵگرتنی وشە سلبییەکان و دوا وشەی دێڕەکان زیاترە، کەواتە ئەوەی لەئەقڵی گوێبیستی سەدان جارەی ئەو جۆرە قسەو گوتارانەدا دەمێنێتەوە ئەم وشانەیە ئەگەر ئەو چەند دێڕەی سەرەوە بەنمونە وەرگرین: ( ئەوان، مەحاڵە، ناکرێت)، پێموایە ئیدی بەشێکی کارەساتی کورد لەئاست نەبوونی پرۆژەیەکی زیندوو و خوێندنەوەی دنیاو نەتوانینی بۆ گۆڕین و زۆر شتی تر گەر بەشێوەیەکی نسبیش بێت پەیوەستە بەو نمونەیەی کەپێشتر هێنامانەوە.

سەبارەت بەزمان ئەگەر بروانینە تەفکیکییەکان دەبینین مانا شتێك نییە جێگیر بکرێت، کاتێك رستەیەك دەخوێنیتەوە ماناکەی بەشێوەیەك لەشێوەکان بەهەڵواسراوی دەمێنێتەوە، دال دەمانباتەوە سەر دالێکی تر و بەم چەشنە ئیدامەی دەبێت، "ژاك دریدا" بەمەبەستی دەست خستنە نێو زمان و دروستکردنی وشەیەکی نوێ ئەم وشەیەی هێنایە کایەوە"differance " بەتێکەڵکردنی دوو وشەی فەرەنسی کەیەکێکیان بەواتای جوداکاری دێت و ئەویتریشیان بەواتای دواخستن.

"باختین"یش پێی وایە کەزمان شتێکی جێگیر نییەو هەردەم لەگۆڕان و شکڵ وەرگرتندایە، بەچەشنێك کە چ خۆی کاردەکاتە سەر کولتوور و چ کولتووریش کاری تێدەکات.



" لۆسێرکڵ" ئاماژە بەوە دەدات کەباروودۆخە مێژووییەکان زمان دەگۆڕن و پەرەی پێدەدەن و شۆڕشی کۆمۆنیستەکانی روسیا لەساڵی ١٩١٧دا بەنمونە دەهێنێتەوە و ئاماژە بەوە دەدات کەئەو دروشمانەی کە"لینین" بۆ شۆڕشەکەی داناوە، تەنها رەنگدانەوە یان دیاریکەری رووداوێکی مێژوویی نییە، بەڵکو بۆ خۆی رووداوێکی مێژووییە.

زمان چ بەپەیوەست بوونی بەگرامەرەوە یان بەلادان لێی، راڤەو شیکاری زۆری دەوێت و قسە زۆر هەڵدەگرێت، هەر بۆ نمونە"لۆسێرکڵ" لەمیانی شیکارکردنی ئەم دێڕە:

(Im not so young as I used)ی

نێو رۆمانی(Cakes and Ale)ی "سۆمرست مۆم"دا، ئاماژە بەهەڵەی گرامەری ئەو دێڕە دەدات، لەکاتێکدا باس لەچێژبینینی دەکات لەخوێندنەوەی ئەو دێڕە، هەرچەندە لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا ناگونجێت و "مۆم" لەزمانی کاراکتەرێکی مێینەی نێو رۆمانەکەیەوە خستویەتییەڕوو.

"لۆسێرکڵ" سەبارەتی دەڵێت:

( هەڵە زیاتر چێژت پێ دەبەخشێت لەبەر ئەوەی روونە و شتێکی خۆشە لەهەڵە بەکارهێنانی زماندا، ئەو خانمە کۆکنییە"مەبەستی لەکاراکتەرە مێینەکەیە"، شتێك دەڵێت کەمنی رۆشنبیر ناتوانم بیڵێم چونکە زمانی ئینگلیزی پەتی بەکاردەهێنم، بۆیە ئێرەیی پێ دەبەم... ئەم هەڵە زمانەوانییەش وەك هەر هەڵەیەکی دیکە شیاوی راڤەکارییەو راڤەکردنیشی ئاسانە، چونکە ناکرێت ئافرەتێکی نەخوێنەواری کۆکنی وەك گەنجێکی دەرچووی ئۆکسفۆرد بدوێت، بەگوزارشتێکی دیکە هەریەکەیان شێوەزارێکی تایبەت و جوداتری لەوەی تر هەیە، هەرچەندە ئەم دوو شێوەزارە لەئاست کۆمەڵایەتیدا یەك نەبن، بەڵام سەبارەت بەلێتۆژەرێکی زمانەوانی لەیەك ئاستدان.. سەرباری ئەوەی ئەو رستەیەی کەئاماژەمان پێدا چ لای خوێنەر مەفهومەو چ ئیشکالیشی کەمترە لەرستە"راست و دروستە" ئاڵۆزەکان....).

دیارە هەرچەندە ئەم جیاوازییە لەنێوان زمانی نووسین و زمانی خەڵکیدا لەزۆر زماندا بەشێوەیەکی بەرچاو هەیە بۆ نمونە نەخوێنەوارێکی مەغریبی ئەگەر تێکستێکی عەرەبی

نووسراوی بەزمانی قورئانی بۆ بخوێنیتەوە هیچی لێ تێناگات، سەرباری ئەوەی کەلەشێوەزاری عەرەبی شوێنەکانی تریش ناگات و دیارە پێچەوانەکەشی راستە، لەکاتێکدا خوێنەوارە عەرەبی زانەکانیان لەزمانی نووسین و خوێندنەوەی عەرەبی دەگەن و لەو میانەشەوە لەیەکتردەگەن، بەڵام لەنێو شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا ئەو گرفتە نییەو زمان ئەوەیە کەهەیە، واتە نەخوێنەواری هەر شێوەزارێك گەر تێکستێکی کوردی بەشێوەزاری خۆی نووسراوی بۆ بخوێنیتەوە لێی حاڵی دەبێت و دووچاری گرفتێکی ئەو تۆ نابێتەوە، بەواتایەکی دی لەکوردیدا زمانی ئاخافتن و نووسین بەشێوەیەکی بەرچاو لێك نزیکن و مەگەر لەداهاتوودا پاش گۆڕانێکی زۆری زمانی نووسین، کەلێن بکەوێتە نێو زمانی ئاخافتن و زمانی نووسینەوە، بەڵام هەر ناگاتە ئەوەی بۆ نمونە لەزمانی عەرەبیدا هەیە. بەهەرحاڵ زمانی کوردی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی لەبوونی زاراوە کشتکاری و ئاژەڵدارییەکان و ناساندنی سروشت و کردە سێکسییەکان و جوێندان و تەشهیرکردن و ریسواکردن و زۆر شتی تردا هەیە، بەواتای ئەوەی زمانی نزیکە لەو میرات و مێژووەی کەخۆی خاوەنیەتی و هەڵقوڵاوی واقیعی ژیانییەتی، بەڵام لەوە بترازێت زمانی کوردی وەك خۆی و بەبێ پەرەپێدان و هێنانەناوەو دۆزینەوەی زاراوەو وشەی نوێ و خستنەسەر و جێی کردنەوەی، توانای لەئاست گوزارشتی فەلسەفی و مەعریفی و زانستی و زۆر کایەی دیکەدا نییە، لەکاتێکدا وەك نمونەیەك رەنگە کەم زمان هەبێت هێندەی زمانی کوردی، هەمەچەشنەی زاراوەو وشەی جوێندان بگرێتە خۆی و هەردەم ئامادەباشی بەرەوپێش بردنیشیانی هەبێت، دیارە ئەمە تەوەرێکی سەر زارەکی نییە، بەڵکو بابەتێکی زۆر گرنگە بۆ ناساندن و کەشفکردنی زۆر نهێنی و پەنهانی نێو ناخی مرۆڤی کوردو چۆنیەتی روانینی بۆ دنیا، کاڵنەبوونەوەی زمانی جوێندان و بەردەوامبوونی لەواقیعی بەکاربردنیداو وەك ئاماژەشمان پێدا هەمیشە بەرەوپێشچوونی بابەتێکی جەنجاڵ و سەربەخۆیەو مەودایەکی بەرفراوانتر و دەرفەتێکی لەمەی ئێستا زیاتری دەوێت، تابتوانین زیاتر لێی وردبینەوەو راڤەی بکەین.

سەبارەت بەپرسیارەکەشتان کەتایبەتە بەنەبوونی ئەو وشەو زاراوانەی کەتایبەتن بەزیندەوەر و رووەکە ئاوییەکان لەزمانی کوردیدا، دیارە راستەو ئەمە گرفتێکە لەئاست



نووسین و وەرگێڕاندا بەزمانی کوردی هۆکارەکەشی تەنها نەبوونی نییە، بەڵکو ئەو دژایەتییەیە کەکەسانێك لەئاستە جیاجیاکانی ئەکادیمیی و زمانناسی و رۆژنامەگەری و بوارەکانی تردا دەرحەق بەهێنانە ناوەوەی زاراوەو وشەی بیانی دەکەن و وەك "هەژار" لەپێشەکی "هەنبانە بۆرینە"دا ئاماژەیان پێدەداو دەڵێت: ( بەناوی کوردایەتی تۆخ، لەزمانە بەستەزمانەکەی وا لاواز و پەرەوازەو بێ خودانمان بوونە میملّ، قل بەقل و چڵ بەچڵی زۆر بەوردی دەپشکنن و هەر وشەیەك بۆنی عارەبییەکی کۆنی یان فارسییەکی مردووی هەزار ساڵەی لێ بێت، ئەو زانا کوردپەروەرانەی پێ شێت دەبن. وەك درێکیان لەناو کادێن دا گرتبێ، دوژمنی رای ئیمانت بێ، چەی پێ دەکەن! هەروا چەقۆیەو لێی دەسوێن، دەیدەنە بەر پلار و جوێن، کارێکی بەسەردا دەهێنن دۆم بەژنی خۆی نەکردبێ. ئاوڕوی وێژەری وشەکەش بەمەردەی کاوڕای پیوازفرۆش ئەوەن! مەڵێ قەڵەم! بێژە پێنوس. مەیژە کاغەز! بوشە تێنوس. نەبێژ دەفتەر! بڵێ پەڕاو ).

هەر لەهەمان پێشەکیدا"هەژار" ئاماژە بەقورئانیش دەدات لەڕووی بوونی دەیان وشەی بیانی و دەڵێت:

( تەنانەت قورعانی پیرۆز-کەلەپاکی رەوانی دا مۆجیزاتە- دەیان وشەی نەژاد رۆمی، سانسکریتی، پەهلەوی، یۆنانی، کوردی و ئارامی کۆنی تیدایە).

ئیدی ئەوەی سەرەوە نمونەیەکی رەوان و ئاشکرایە سەبارەت بەرای کەسێکی زمان زانی وەك"هەژار"، کەپێم وایە بەتەواوی درکی بەو مەترسییە کردووە کەکەسانێك بەناوی بژارکردنی زمانی کوردییەوە بەزمانی کوردیان کردووەو لە ئێستاشدا ئەو جۆرە کەسانە لەمپەرن لەئاست هەر نووسینێکی نەوەی نوێداو هێندە بەزمانی نووسینەوەکە دەیگرن، لەڕووی کوردییە یان نا، پەتییە یان هیمۆژین و تێکەڵ و زۆر شتی دیکەی لەو چەشنە، زۆرێك لەوانە نەزانین و کەم مەعریفەی خۆیان بەداکۆکیکردن لەزمانی کوردی پەردەپۆش دەکەن. کاتێك تێکستێکی نوێ دەبینن بەوشەکانی تێکستەکەوە دەیگرن و لێی نابنەوە، ئیدی ئەوەی بەقسەی ئەوانیش بکات، ئەوە دەبێت بۆ نمونە لەوەسفی نووسەرێکی باشدا بە کەڵە نووسەر و شۆڕەسوار ناوی ببات و دنیای نووسین بکاتە گۆڕەپانی جلیت بازی و رم رمێن و حیلەی ئەسپی کەحێل و ئاوزنگ و رەشمە و یاڵ و دەیان وشەی

سەردەمی سوارچاکی و کشتکاری تێکەڵ بەنووسینەکەی بکات و لەجێی بڵێ لێکۆڵینەوە راڤەکاری و شتی لەو چەشنە بەرای ئەوان واباشە بڵێت شەن و کەوی دەکەم و زۆر زاراوەو وشەی لەو چەشنە کەئەوانە دەیانەوێت نووسین لەنێویاندا بمێنێتەوەو تەجاوزی نەکات، دیارە بەمەش نووسین هێندە تەبسیت دەکەنەوە، کەهیچ رەهەندێکی بۆ ناهێڵنەوەو ئەمەش ئەوەیە کەلەگەڵ ئەوجۆرە ئەقڵیەتانەدا دەگونجێت، من لێرەدا ناڵێم زمانی کوردی نابێت ئیزافاتی وشەی بەبنەچە کوردی بۆ زیاد بکرێت، یان لێگەرێین چۆن دەنووسرێت بنوسرێت، بەبێ رەچاوکردنی گرامەر و رێساکانی زمانی کوردی بنووسرێت، ببێتە شتێك لەهەموو شتێك بچێت تەنها لەزمانی کوردی نەبێت و کەس لێی حاڵی نەبێت. نەخێر ئیدیعایەکی وام نییە، بەڵام ناکرێت ئیش و کاری پەنجا ساڵی دنیایەك بەناو رۆشنبیر و نووسەر و خاوەن بروانامەو مووچەخۆری دەزگا رۆشنبیرییەکان، ئەم بژارکردنە بێ سەرو بەرەو لەیەکتر جودایە بێت و هەریەکەی بۆخۆی شتێکی لێ لابەرێت و شتێکی بخاتە سەر و ببنە مایەی ئاشووب و سەرلێشێواوی، سەیر لەوەدایە لەگەرمەی ئەو سەردەمەی بەعس کوردی قڕ دەکرد، ئەم جۆرە رۆشنبیرانە لێرەو لەوێ خۆیان بەم بژارکردنەی زمانی کوردییەوە سەرقاڵ کردبوو، ئێستاش باسی خەباتی ئەو رۆژگارەت بۆ دەکەن، کەچەند ماندووی ئەو مەسەلەیە بوون، بەعسێك کەرێگەی بەهیچ شتێکی باش نەدەدا بۆ کورد و دژ بەمیرات و کولتوور و رۆشنبیرییەکەی و هەموو شتەکانی تری بوو، سەیر نییە لاقەی ئەو کەسانەی نەکردبێت و بەڵکو پشتگیریشی لێدەکردن، بەهەرحاڵ با ئەمە وەك پرسیارێك لێرەدا جێ بهێڵین.

سەبارەت بە بوونەوەرە دەریاییەکەن، دەڵێم ئاساییە لەزمانی کوردیدا ئەو زاراوەو وشە تایبەتانە چنگ ناکەوێن، زۆر بەئاسایی و بێ گرێ و گۆڵ و چەندو چوون، وشە بیانییەکە لەجێیان بەکاردەهێنرێتەوە، ئەگەر لەزمانی کوردیدا نەبن، هەروەك چۆن، ئەختەبووت بەعەرەبی و Octopus بەئینگلیزی و تەنانەت لەزمانی ئیتالی و ئیسپانی و پۆرتەکێزی و هەندێك لەزمانەکانی تریشدا بنەرەتی وشەکە یەکەو دەگەرێتەوە بۆ لاتینییەکەی و عەرەبیش بەبێ هیچ گرفتێك وەری گرتووەو بەکاری دەهێنێت، یان کێ دەڵێت رەنگە لەبنەرەتدا سەر بەزمانێکی دیکە بێت، نازانم بۆ پۆرتەکێزیەك پێی



ئاساییە، (ناعور و بێر) عەرەبی و سەدان وشەی عەرەبی بەکاربهێنێت بەبێ هیچ گرفتێك و بەچەشنێك کەبەقەولی زمان زانەکانیان زمانی ئەوان و ئیسپانییەکان بەحوکمی تێکەڵبوونی لەگەڵ زمانی عەرەبی بۆتە زمانێگی گرنگتر و جیاوازتر لەزمانە ئەوروپییەکانی تر و شانازیشی پێوە دەکەن. کەچی کەسانێك لای ئێمە ئەو ئەختەبووتەی کە ئەکتەپس و ئۆکتاپۆس– و شتی لەو بابەتەیە لەزمانە رۆژئاواییەکاندا، واتە وەك ئاماژەمان پێدا یەك بنەرەتیان هەیە وەك( پێنتا و پێنج) یان(دێتا و دە).. بەهەرحاڵ ناوی ئەو زیندەوەر هەرە گرنگە لەمیسۆلۆژیا کۆنەکاندا کراوەتە( هەشت پێ) لەسەر وەزنی( چوار پێ )، ئیدی نازانین چی بەئەقڵیەتێکی ئاوا بڵێین، کەپێی قبووڵ نییە ناوی زیندەوەرێك بەکاربهێنێت کەخۆی نیەتی و وەك ناویش لەزمانەکانی ترەوە هاتۆتە نێو زمانەکەی، هەر بۆیە نابێت پێشمان سەیر بێت سبەینێ بەناوی ئەوەی کۆمپیوتەر و شتە ئەلکترۆنییەکان و سەدان شتی تریش بەوپێیەی کە کوردی نین، بەناوی کردنە کوردییان وشەیان بۆ داتاشرێت، ئەگەر شتێکی باشیشیان بۆ دابنرێت یان بۆیان بدۆزرێتەوە بەهەرحاڵ، بەڵام رەنگە زۆرێك لەوەرگێرانەکانی وشە و زارەوەکان ببێتە مایەی پێکەنین.

**دانا فایق: تەسەوف و عیرفان کاریگەرییان هەبووە لەسەر گەلێك لە گەورە ئەدیب و نووسرانی دونیاو بەشێك لە ئەدەبیاتی جیهانیان داگیرکردووە. ئەدەبیاتی کوردی تا چەند توانیویەتی سوودیان لێ ببینێ و تا چەند کاریگەرییان هەبووە لەسەر ئەدەبیاتی کوردی؟**

یوسف عیزەدین: دیارە رەگ و ریشەی تەسەوف زۆر کۆنەو رەنگە زۆر لەو مێژووەی لەرێی نووسراوەکانەوە گەیشتۆتە دەستمان، زۆر لەوە کۆنتر بێت و تائێستا کەشف نەکرابێت.

تاوییەکان سەرباری ئەوەی لەسەرەتادا وەك بیرۆکەیەکی فەلسەفی هاتۆتە ئاراوە یان هەن پێیان وایە کەسەرەتا فەلسەفە بوویێت و دواتر بۆ پەرچەدانەوەی کۆنفۆشیۆسییەکان وەك ئایینێك خۆیان خستبێتەڕوو.. ئیدی ئەمە هەر چۆنێك بوویێت ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە، بوونی قووڵاییەکی تەسەوفییە لای تاوییەکان، بگرە لەزۆر

بۆچوون و خاڵ و تەوەردا جار هەیە تەسەوفیش تێپەڕدەکات، وەك ئەوەی کەدواتر لەنێو دنیای ئیسلامدا دێتە کایەوە.

"چوانگ تز" "تاو" دەشوبهێنێت: ( بەو شتەی کەهەم بۆشاییەو هەم نابۆشایی، ئەمە لەکاتێکدا هیچیان نییە، دەیشووبهێنێت بەو شتەی کەدروستکەری رەگ و قەدەکانە، بەبێ ئەوەی خۆی ببێتە ئەوان.. "تاو" جیادەکاتەوە لەهەمان کاتیشیدا کۆدەکاتەوە، بەبێ ئەوەی خۆی جیابکرێتەوە یان کۆبکرێتەوە.. بوونەوەرەکان دەبزووێنێت و جووڵە و سکونیان پێ دەبەخشێت و پێش هەموو شتێك هەبووە بەبێ ئەوەی کۆن ببێت، لەسەر و هەموو شتێکەوەیە بەبێ ئەوەی بەرز بێت، لەخوار هەموو شتێکەوەیە بەبێ ئەوەی نزم بێت، ئەو هێزێکە شوێن و زەمانی نییە ).

پێموایە هەر کەسێك کەمێك شارەزایی لەئایینەکاندا هەبێت، لەم گوتەیەی تاوییەکان حاڵی دەبێت و دەزانێت "تاو" چییەو کێیە. دەستپێکی تاوییەکان لەنێو سروشت و تێڕامانەوە، لێکچووە لەئەزموونی زۆرێك لەو سۆفیانەی کەوەك خەڵوەتگە شوێنی دوورە دەست و نێو سروشتیان هەڵبژاردووە، جگە لەوەی کەخودی تێڕامان لەسروشت و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی پەنهان و نهێنییەکانی بابەتێکی سەرەکی "تاو"ییەکان بووە.

دەکرێت بەکورتی ئاماژە بەیەك دوو دێڕ لەتێکستی "تاو"ییەکان بدەین:

( لەوێ سەرەتایەك هەبوو
لەوێ سەرەتایەك هەبوو دەکەوتە پێش ئەو سەرەتایەوە ).

( یەکانگیری شتەکان بەڵگەی بوونیانە
هەموو شتێك هەندێك شتە
هیچ شتێکیش نییە نەبێتە هەموو شتێك ).

( کاتێك دەڵێین هەموو شتێك لەناوەوە دەست پێدەکات
کەواتە مەبەستمانە بڵێین لەخودی خۆیەوە دەست پێدەکات ).

( ئەوەی بەسەرکەوتن شادمان بێت، شادمانە بەکوشتن
ئەگەر شادمانیش بیت بەکوشتن ناتوانیت ببیتە تەواوکەری خۆت ).



زۆر خاڵی لێکچوون لەنێو تەسەوفی سەرجەم ئایینەکاندا، هەر لە"تاو" ییەکانەوە– ئەگەر وەك ئایین تێی بڕوانین– تادەگاتە موسەوییەت و مەسیحییەت و ئیسلام. بانگەشەی "تاو"ییەکان بۆ سانابوونەوە، جەوهەری زوهدە، دەشکرێت بڵێین تەسەوف بەپشت بەستن بەبیرۆکەی یەکێتی بوون و هەڵوێستی زاهیدانەی بەرانبەر بەدنیاو مومارەسە کردنی زوهد خۆی بنیات دەنێ و دێتە بوون، سۆفیزم بۆشایی و مەودای نێوان شتەکان و خودەکان نزیك دەکاتەوە تاڕادەی یەکانگیری، بەمەش هەمووان بەهەمووانەوە گرێدەدات.

"عەلی حەرب" سەبارەت بە سۆفیزم دەڵێت:

( سەرباری هەڵوێست و سۆزداریم سەبارەت بەدنیای سۆفیزم، دەڵێم گرنگ ئەمە نییە، مامەڵەکردنم لەگەڵ سۆفیزیم گرنگ نییە، بەڵام گرنگ کارکردنمە لەسەر هێنانەگۆو خوێندنەوەی نەخوێنراوەکانی، زانراوە کەزۆر لەلێتۆژەرەوەکان سۆفیزم بەنائەقڵانی ناودێر دەکەن، بەڵکو لەوە زیاتریش ئەقڵانییەتی سۆفیستی بەنوێنەری ئەقڵییەتی خورافی و تاریکیی لەهزری ئیسلامیدا دەدەنە قەڵەم. بەڵام من وەك خۆم خوێندنەوەیەکی تەواو جوداو جیاوازم بۆ کرد، بەسوود وەرگرتن لەئاسۆ مەعریفییە نوێگەرییەکان... پاش مومارەسەی خوێندنەوەی تێکستەکانیان گەیشتمە ئەوەی، کەگوتارێکی ماقووڵ و ئەقڵانییە، کەواتە بەرهەمی ئەقڵ و لۆژیکە، تەنانەت لەئەقڵانیەتیش فراوانتر هاتە پێشچاوم، ئەو ئەقڵانییەتی کەدادگایی–سۆفیزم– دەکات، مەبەستم لەئەقڵانییەتی کلاسیکی ئەرستۆتالیسی و....).

وەك خۆم سەرباری قووڵی ئەزموونی سۆفیزم بەگشتی، ماجەرا و راوبۆچوونی هەندێك لەسۆفییە موغامیرەکان سەرنجم رادەکێشێت، بۆ نمونە –حەللاج– ، کەنەیتوانیوە نهێنییەکانی رێبازەکە بپارێزێت، یان رەنگە توانیبێتی و بەمەبەستێك کەهەڵقووڵاوی ئەزموونی خۆی بووە، کەشفی کردووە، ئاشکرایە کەهەر لەسەرەتاوە نەیتوانیوە بکەوێتە ژێر کاریگەری مامۆستاکانی لەو رێبازەدا و هەمیشە دژایەتی کردوون و لەلایەن ئەوانیشەوە دژایەتی کراوە، زۆرێك لەمتەسەویفەکان ئەزموون و ئیدیعاکانی –حەللاج– یان پێ ئاساییە بەڵام ئەوەی کەپێیان ئاسایی نییە، کەشفکردنی شاراوەو نەگوتراو و

پەنهانەکانە، دیارە بۆ خۆشی لەخۆڕا نەیگوتووە: ( لەنێو دنیای موسڵماناندا کارێکی گرنگتر لەکوشتنم بوونی نییە...). تەنانەت دەڵێت:( لای من ئەوانەی بەکافرم دەزانن خۆشەویسترن لەوانەی وەك وەلی سەیرم دەکەن) لەوەڵامی پرسیارێکیشدا، کەبۆ وا دەڵێت؟ دەڵێت: ( ئەوانەی بەکافرم دەزانن کەسانێکی دەمارگیرن بۆ ئایینەکەیان، ئەوەی دەمارگیریش بێت بۆ ئایینەکەی لای خوا خۆشەویستە )، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت –حەللاج– گەیشتۆتە چ ئاستێك.

مەبەستمان لەهەموو ئەوەی کەپێشتر باسمان کرد، بۆ ئەوە بوو لای خوێنەر قووڵایی ئەزموونی سۆفیگەری روون بکەینەوە، کەواتە پێش ئەوەی بگەڕێین بەشوێن ئەو تێکستە ئەدەبییە کوردیانەی تەسەوفیان بەشێوەیەك لەشێوەکان تەوزیفکردووە ئەگەر هەبن؟!.. دەبێت بزانین خودی ئەزموونی کورد لەسۆفییەتدا لەچ ئاستێکدایە، لەڕووی لێکچوون و جیاوازییەکانەوە لەڕووی رەگەزەکەنییەوە لەگەڵ سۆفیزمی شوێنانی دەرەوەی کوردستان و دواتریش تا ئێستا کامانەن ئەو خوێندنەوەو نووسینە جیدیانەی کورد لەو بارەیەوە نووسیونی و پاشان دەکرێت خۆمان سەرقاڵی گەڕان بەشوێن تێکستە ئەدەبییەکاندا بکەین کەلەڕوانگەیەکی ناتەقلیدی و نامەئلوفەوە خۆیان لەقەرەی ئەو بابەتە داوە، رەنگە هەموو ئەمەش لەم دەرفەتەی کەئێستا لەبەردەستماندایە نەکرێت!؟.

**دانا فایق: ئەفسانە بەشێکی بەرچاوی ئەدەبیاتی جیهانیی داگیرکردووەو گەلێك لە نووسەرو ئەدیبەکانی دونیا سوودێکی باشیان بینیوە لە ئەفسانەی میللەتەکەیان. ئایا ئەدیب و نووسەری کورد توانیویەتی سوود لە ئەفسانە ببینێ و بەکاری بهێنێ لە ئەدەبیاتدا؟**

یوسف عیزەدین: وەك "شتراوس" ئاماژەی بۆ دەکات، هەرچەندە ئەفسانە هەمیشە ئاماژە بەو رووداوانە دەدات کەگوایە لەڕابردوودا روویداوە، بەڵام راڤەی رابردوو و ئێستا و داهاتوو دەکات و ئەفسانە زمانێکە دەتوانرێت بەشێوەیەکی تایبەت لەئاستێکی بەرزدا وەگەڕبخرێت و بەدوای یەکدا هاتنی ماناکانیش وا دەکات بانکگراوندی زمانەکەی لەجووڵەی بەردەوامدا بێت. تەنانەت لای –شتراوس– هەوڵدانێك هەیە بۆ دۆزینەوەی



پێوەندییەکانی ئەقڵی شارستانی و ئەقڵی کێوی لەمیانی راڤەکردنی ئەفسانەکان و شیکارکارییانەوە.

ئەگەر بڕوانینە"کۆمپلێکسی ئۆدیب" لەڕوانگەی "فرۆید"ەوە، دەبینین هەڵوێستە لەسەر گوتار و کۆدە نەزانراوەکان و رایەڵەکانی دەکات کەدەبیاتەوە بۆ نێو ئەفسانە. کەواتە "ئۆدیب" کاتێك پاشایەکی مەزن و پیرۆزە، کەکۆتاییەکی تراژیدی هەبێت و ببێتە قوربانی و پێوەندی ئەمەش بە"کاسارسیس"ەوە دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی کۆنی کرۆڤ.

ئەمڕۆ سەرباری گۆڕانی ماهییەت و چۆنیەتی تێڕوانین بۆ خودی ئەفسانە، بەڵام دیارە ئەوە نییە کەلەنێو دوو تویی کتێبەکاندا هەیە، یان لەڕێی گێڕانەوەوە دەیبیستین، بەڵکو وەك"لاریسا سنیوگینا" ئاماژەی پێدەدات: ( ئێمە شایەتی ئەو گۆڕانکاریانەین کەسەبارەت بەئەفسانە روودەدەن، سەرباری ئامادەگی هەمیشەییان لەبواری رۆشنبیریدا، تەنانەت هەندێك لەدانەران ئاماژە بۆ پێوەندییە توند و تۆڵەکانی بنەمای جەنگ و خۆشەویستی و ئایین دەکەن ).

"ڤیکتۆر شکلۆفسکی" پێی وایە ئەفسانە یەکەمین شێوەیەکی شیعرە، ئاشکرایە لێکچوونی بەرچاوی کۆدو شیفرەکانی هەردوو لایان سەرنج راکێشە، تەنانەت "کانت" باس لەلێکچوونی ئەفسانەو زمان دەکات.

ئەفسانە شتێك نییە بەسانایی لێی حاڵی ببین بەتایبەت گەر لەدەرەوەڕا تێی بڕوانین، بەڵکو پێویستی بەڕۆچوون و قووڵبوونەوەیە، پێویستی بەخوێندنەوەی فرە رەهەندە.

ئەفسانەی میللەتان سەرباری خسوسیات و جیاوازییەکانیان، بەڵام لەزۆر رووەوە هاوشێوەبوون و لێکچوون و یەکگرتنەوەیەکی سەیریشی تێدا دەبینین لەڕووی بونیاد و چەشن و شێوەی زمانە حیکایەت ئامێزەکەیەوە، بەچەشنێك کەزۆرجار وا هەست دەکەیت هەر هەمووی لەیەك سەرچاوەوە سەرچاوەی گرتووە. بۆ نمونە ئەگەر بڕوانینە ئەم چەند نمونەیەی خوارەوە هەست بەو لێکچوونە دەکەین، سەرباری جیاوازی زەمەن و تۆبۆگرافیای بوون و شوێنی جوگرافییان.

بۆ نموونە لەئەفسانەیەکی هیندیدا خوداوەندی رووناکی"ڤریترۆ" لەگەڵ "تریشەر" ی خوداوەندی تاریکیدا بەشەڕدێت..لای بابلییەکان خوداوەندی خۆر"مەردۆخ" خوداوەندی تاریکی" تریمان" دەکوژێت.. لای سۆمەرییەکان "گلگامش" ململانێ لەگەڵ "همباب" دەکات.. لای گریکییەکان "ئەپۆلۆ" شەڕ لەگەڵ "بلۆتۆن" دەکات و بەم شێوەیە ئەم دوالیزمی خێر و شەڕەو جەنگی نێوان پاڵەوانەکانیان دووبارە دەبێتەوە.

سەبارەت بەوەی کەئەفسانە چەند لەئەدەبیاتی جیهانیدا یان کوردیدا رەنگی داوەتەوە، ئەوە بابەتێکی قووڵ و فرە رەهەندەو رەنگە لەم دەرفەتی گفتوگۆیەدا جێگەی نەبێتەوەو پێویستی بەمەودایەکی بەرفراوانتر بێت.



## -٧-

**حەمە کاکەڕەش: هەرچەند وەک رۆماننووس ناسراویت و تائێستا چوار رۆمانی چاپکراوت هەیە، بەڵام وەک زانراوە بەشیعر دەستت پێکردووەو هێشتاکەش بەردەوامی لەنووسینی شیعردا، پێم خۆشە -یوسف عیزەدین-ی رۆماننووس لەم دیدارە تایبەتە قسە لەسەر شیعر بکات؟**

یوسف عیزەدین: پێم وایە بەچەشنێک لەچەشنەکان، دانانی ئەو شیعرانەی کەسەراسیمەو سەرسامامان دەکەن، سەختترین کردەیەکی دانانی تێکستی ئەدەبی بن؟! یان رەنگە دانان زۆر بۆ شیعر راست نەبێت؛ چونکە زۆرێک لەشاعیرە باشەکانی دنیا، لەئێستا و رابردووشدا، ئاماژەیان بەوەداوە.. کەخۆشیان نازانن فلانە دێڕ یان کۆپلە؛ یان تەواوی شیعرێکیان لەکوێوە هێناوە؟!

بۆ نموونە دانەرێکی شیعریی وەک "بۆرخیس"، پێی وایە کەتێکستی شیعریی پێش دانانی لەلایەن دانەرەکەیەوە لەشوێنێکدا هەبێت و کاری دانەری شیعر دۆزینەوەی بێت.. ئیدی رەنگە بەئاگاو بێئاگا ئەم یان ئەوی بەرۆح شاعیر ساڵانێکی دوورودرێژ لەچاوەڕێکردنی ئەو ساتەوەختەی دۆزینەوەیەدا بباتەسەر، بەتایبەتیش لەدنیای

متەسەویفە شاعیرەکانی وەک حەللاج و ئیبن عەرەبی ومەولانا و یونس ئیمرە و ئەوانی تردا؛ قوولّی ئەم چاوەڕێبوونە راشکاوانە دەکەوێتە بەرچاومان، بۆ نموونە سەرلەبەری تەواوی ئەزموونی سۆفیستیی حەللاج، لەچەند بەیت و نیوە بەیتە شیعرێکدا چڕ دەبێتەوە، تەنانەت لەگوتە سۆفیستەکانیشیدا، هاتنەدەر و لەدایک بوونی گوتەکان دەبینینەوە، سەرباری ئەو رۆحە شیعرییەی کەبەتەواویی، دەیگرێتەخۆی؛ بۆ نموونە چی لەم گوتەیەی حەللاج قوولّتر و جوانتر و شیعریتر هەیە، کەدەڵێت:" لا انا الا انا".

دیارە ناشکرێت نکوولّی لەجودابوونی تەواوی دنیای شیعر بکەین، بەبەراورد لەگەڵ ژانرەکانی دیکەی ئەدەب و تەنانەت لەو دەمانەشدا کەتێکەڵ بەژانرەکانی دیکەی ئەدەب دەکرێت..سەرباری لەدەستدانی بەشێکی زۆری سیحر و بەهاکانی؛ رۆڵێکی فریودەرانەش دەبینێت.. بەتایبەتیش لەتێکستە فەلسەفییەکاندا، ئەو دەمەی لەپشت سەدان تەرحی لۆژیکی و بانگەشەی رەفزکردنی زمانی شیعر و بەکارهێنانی زمانی لۆژیک؛ زمانی شیعر دەکرێتە زمانی فەلسەفە..وەک لەشوێنی دیکەشدا ئاماژەم پێداوە"ئەفلاتوون" یەکێکە لەو کەسانەی؛ کەلەڕوو بەسڕینەوەو رەتکردنەوەی شاعیران و دنیاکەیان، توانی بەو پەڕی پەنهان و شاراوەیی زمانی شیعریی بکاتە ئاڵتەرناتیڤی زمانی لۆژیکی و لەتەرحە فەلسەفییەکانیدا وەگەڕیان بخات و لەدنیاشدا نەک هەر "ئەفلاتوون"، بەڵکو زۆرێک لەفەیلەسوفانی دیش، ئەو فێڵەیان لێکردووین؟!..ئاشکرایە ئیشکالێکی گەورەیە تۆ بێیت و بەناوی تەرحکردنی لۆژیکەوە زمان لەپانتایی نالۆژیکیانەی شیعر بخوازیت و تێکەڵ بەهەموو چەشنەکانی رەوانبێژیی بەکاریان بهێنیتەوە؟!.. نەک هەر سەبارەت بەفەلسەفە، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی دەرحەق بەئایینەکانیش دەبێت زۆر پرسیار لەخۆمان بکەین..هەر بۆ نموونە؛ بۆ دەبێت هەندێک تێکستی ئایینی لەتێکستە ئایینیەکانیاندا، پێداگربووبێتن لەسەر ئەوەی تێکستەکانیان شیعر نییە، هەر بۆ سەلماندنی تەرحەکانیشیان بێ سێ ودوو شاعیریان بەنەفرەت کردووەو "ئەفلاتوون" ئاسا لەمەملەکەتی خۆیانیان وەدەرناون؟!.. رەنگە بەشێکی ئەو نەفرەت کردنەش بگەڕێتەوە بۆ توانای شیعر لەڕووی سەرەوژێرکردنی هزر و فیکرێکی بەناو بەڵگەنەویستی پێشینە؛ کەببێتە مایەی گۆڕان و



وەرچەرخان..وەک ئەو بەیتە شیعرییە تەسەوفییانەی کەبەناوی خەیام-ەوە گەیشتوونەتە ئێمەو بمانەوێت و نەمانەوێت؛ سەرسامیمان دەکات و کاتێکیش بیر لەسەردەمی گوتنی شیعرەکان دەکەینەوە، دەیان پرسیار لەزەینماندا سەبارەتی دەورووژێت؟!..وەک "محمەد زفزاف"یش ئاماژەی پێ دەدات گوایە، شیعرەکانی "خەیام" یان بابڵێین ئەو بەیتە شیعرییانەی دراونەتە پاڵی؛ زیاتر بۆ شاردنەوەو پەردەپۆشکردنی واقیعێکی سیاسی ترسناکی سەردەمەکەی گوتراوە؟!..دیارە ئەمە تەنها بۆچوونێکەو جا وابێت یان وانەبێت، مەسەلەیەک نییە، لەکاتێکدا ئەوەی گرنگە خودی زیندوویەتی تێکستەکانە لەئێستادا؛ کەبمانەوێت و نەمانەوێت، خودی بەیتە شیعرییەکان دەکارێت لەچەندین دیدگەی جیاوازەوە، تەئویلی بۆ بکرێت و هەرگیزیش لەئاست تەفسیر و شەرح و تێڕوانینێکی تاک ڕەهەندا راناوەستێت؟!.

**حەمە کاکەڕەش: دەستپێکردنت بەشیعر و دواتر رۆمان و دەبینین جارێکی تر شیعر؟!..دەمەوێت ئەوە بڵێم ئایا ئەم هاتن و چوون و گەڕان و گۆڕین و لەدەرگادانە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەدونیای شیعر، یان ئاسمان و پانتایی شیعر جێگای خەون بینین و خەیاڵەکانی تۆی تێدا نابێتەوە، یان خەمێکی رۆشنبیری وات لێدەکات، هەر لەوێستگەی شیعردا نەمێنیتەوەو دەست بۆ ژانرەکانی تریش بەریت؟**

یوسف عیزەدین: نازانم؟!..رەنگە شیعر، جیاواز لەژانرەکانی تر، کەمتر بتوانیت لەگەڵی هەڵبکەیت و بەبەردەوام تێیدا بمێنیتەوە، واتە لەشیعردا شیاوە ئەزموونێکی بەرفراوانی ساڵانێکی دوور و درێژ، ببێتە چەند بەیتێک..یان هۆنراوەو چامەیەک.

ئەگەر بڕوانینە سۆفییەکی پڕ ئەزموونی سەیر و سەمەرە میزاجیی وەک "حەللاج"، دەبینین هەموو ئەزموونە زۆر قووڵە تەسەوفییەکەی لەچەند بەیتەشیعرێکدا بەرجەستە دەکات..بۆ نموونە کاتێک زۆر بەسانایی دەڵێت:

( انا من اهوی/ ومن اهوی انا)

پرسیارەکە لەوەدایە ئاخۆ سەرباری سانایی ئەم بەیتە، بەچەند لاپەڕە دەتوانین تەئویلی ئەو ئەزموونە قووڵە بکەین، کەدەکەوێتە پشت ئەم بەیتەوە..

یەن ئەگەر بڕوانینە بەیتێکی دیکەی:

(لا انا الا انا)، هەست دەکەین بەیتێکی چەند ئەرگۆمێنتاویی و بگرە ترسناکیشە؛ بەتایبەتیش ئەگەر لەدیدگەیەکی سەلەفیی ئایینییەوە تێی بڕوانین؟!..بەڵام ئەگەر تەئویلیانە یان تەفکیکیانە مامەڵەی لەگەڵ بکەین..دەبینین چۆن ئەم بەیتە لەقووڵایی چەندین ئەزموونی قووڵ و هەوڵدانی سۆفیستییانەوە، هاتۆتە بوون و لەراستیدا بەگوتنی شتێک کەیەکسەر فام بکرێت، مەبەستییەتی چەندین شتی دیکە بشارێتەوە.

ئیدی شیعر دەتوانێت لەو شوێنەدا کار بکات، کەمەحاڵە ژانرەکانی دیکەی ئەدەب، بەچەشنی ئەو و تا ئەو شوێنەی ئەو رۆبچنە نێو قووڵاییەکان..یان دەتوانین بڵێین رۆچوونی شیعر بۆ نێو قووڵاییەکان، جیاواز و تایبەتە، لەچاو ژانرەکانی تر..واتە ئەوان گەر رۆش بچن، رۆناچنە نێو هەمان قووڵایی..چونکە هەر لەسەرەتاوە چەشن و شێوەی رۆچوونی ژانرەکانی بۆ نێو قووڵاییەکان جیاوازەو هەن پێیان وایە کەهەریەکەیان قووڵایی تایبەت و جیاواز بەخۆی هەیە؟!

حیکایەتێکی زۆر سەرنج راکێشی چینی هەیە لەمەڕ شیعر؛ کەباس لەشاعیرێکی کۆیلەی ئیمپراتۆر دەکات، پاش دۆزینەوەی وشەیەکی شیعریی کەبەرتەقای کۆشکی زەردی ئیمپراتۆر بێت..دەتوانێت خودی ئەو کۆشکەی ئیمپراتۆر لەمیانی ئەو وشەیەوە بکاتە موڵکی خۆی..هەر بۆیە یەکسەر ئیمپراتۆر فەرمان دەدات؛ تا خێرا لەملی شاعیرەکە بدەن؟!

**حەمە کاکەڕەش: "بێرتراند رووسێل" دەڵێت:" هەر کەسێک بیەوێت ببێت بەفەیلەسوف، نابێت لەماقووڵ بترسێت"..ئایا گونجاوە بڵێیت هەر کەسێک بیەوێت ببێت بەشاعیر نابێت لەماقووڵ بترسێت.. ئایا هیچ پەیوەندییەک هەیە لەنێوان شیعر و ناماقووڵدا، ئەگەر هەیە چۆن، ئەگەر نییە بۆ؟!.**

یوسف عیزەدین: "بۆرخیس" لەچیرۆکی "ئاوێنەو ماسک"دا، باس لەپاشایەکی بەتوانا و سەرکەوتوویی ئێرلەندا دەکات، کەپاش سەرکەوتنێکی جەنگیی خۆی.. بەشاعیری "دەربار" نێو کۆشکەکەی خۆی دەڵێت:

( کارە مەزنەکان ئەگەر لەدوو توێی وشەدا دانەڕێژرێن، بەهاو رەونەقی خۆیان لەدەست دەدەن..بۆیە داواتان لێ دەکەم، بەشیعر مەدح و سەنای سەرکەوتنەکانم



بکەن..من دەبمە"ئنیاس" و تۆش "ڤێرجیل"..ئایە ئەو توانستە لەخۆتدا شک دەبەیت؛ کەهەردووکمان نەمر بکەیت؟!...).

پاش ئەوە پاشا یەک ساڵ مۆڵەت بەشاعیر دەدات، تا سەرقاڵی هۆنینەوەی شیعرەکەی بێت..کاتێک پاشا پاش ساڵێک دێت و شیعرەکەی دەڵێت؛ هەرچەند پاشا شیعرەکەی لێ قبووڵ دەکات، بەڵام پێی دەڵێت:

( هەمووی باشە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ رووینەدا؛ نەخوێن بەدەمارەکانماندا خێراتر کەوتە جووڵە و نەدەستمان بۆ تیر و کەوانەکانمان برد و نەکەسیشمان زەرد هەڵگەڕاین).

ئیدی پاشا ئاوێنەیەک بەدیاری دەداتە شاعیرەکەو پێی دەڵێت کەپاش ساڵێکی دی و لەگەڵ شیعرێکی تر بێتەوە... کەدێتەوە و هۆنراوەکە لەبەردەم پاشادا دەڵێت، پاشا و ئامادەبووان هەست دەکەن، کەشیعرەکە لەجیاتی وەسف و باسی شەڕەکە؛ هەر خودی شەڕەکە خۆیەتی؟!..دیارە پاشا لەشیعرەکەی پێشووتر زۆر زیاتر پێی باشتر دەبێت و ئینجا ماسکێک دەداتە شاعیرەکەو جارێکی دیکەش داوا لەشاعیر دەکات، کەبڕوات و پاش ساڵێک بەشیعرێکی جوانتر و باشتر بێتەوە.. پاش ساڵێک کەشاعیر دێتەوە حزووری پاشا؛ دەبینن هیچ دەستنووسێکی شیعریی پێ نییە..سەرباری ئەوەی لەمرۆڤێکی تر دەچێت؛ وەک ئەوەی کوێر بێت، بەچەشنێکی سەیر دەڕوانێتە ئاسۆ..هەر وەک ئەوەی لەنێو زەمەندا نەبێت، داوا لەخودی پاشا دەکات، کەرێی بدات چەند وشەیەک بەخۆی بڵێت..پاش چۆڵبوونی مەجلیسەکەو ترسێکی زۆر شاعیر و مۆڵەت پێدانی پاشا بەدرکاندنی هەر شتێک کەبیەوێت؛ شاعیر بەدەنگێکی زۆر نزم قەسیدەکەی کەبریتی دەبێت لەیەک دێڕ دەڵێت..ئیدی خودی شاعیر و پاشا وەک نوێژێکی نهێنی چێژی لێ دەبینن و هەردووکیان بەسەرسامیی و رەنگ هەڵبزرکاوییەوە، دەڕواننە یەکتر و پاشان پاشا دەڵێت:

( بەگەنجێتی لەڕێی دەریاوە بەرەو رۆژئاوا، بەکەشتی کەوتوومەتە رێ و لەیەکێک لەدوورگەکاندا، سەگی راوی رەنگ زیو-ینم بینیوە، کەپەلاماری بەرازی رەنگ ئاڵتوونی داوەو لەدوورگەیەکی تردا، تەنها بۆنی سیحریی سێوەکانی بۆتە خۆراکمان و لەیەکێکی تردا دیوارم لەئاگر کەوتۆتە پێش چاو و لەدوورترین دوورگەشدا رووبارێکی چەماوەی

هەڵاوگێڕاوی هەڵواسراوم؛ لەکاتێکدا ماسی و بەلەمەکان مەلەیان تێدا دەکرد، بینیوە..ئەمانە هەمووی شتی سەیرن، بەڵام ناگاتەوە بەقەسیدەکەی تۆ..دەبیت چ مێینە ساحیرێک پێشکەشی کردبیت!؟).

شاعیرەکەش لەوەڵامدا دەڵێت:

( بەیانی کەلەخەو هەستام، سەیرم کرد لەبەر خۆمەوە چەند وشەیەک دەڵێمەوە..سەرەتا لێی تێنەگەیشتم، دواتر زانیم ئا ئەوەیە وشەکانی قەسیدەکەو یەکسەر هەستم بەئەنجامدانی گوناه و کردنی تاوانێکی گەورەکرد..تاوانێک؛ کەرۆحی قودسیش ناتوانێت لێم خۆش ببێت؟!).

"پاشا"ش لەوەڵامدا پێی دەڵێت:

( ئەو تاوان و گوناهەی کەلەئێستادا هەردووکمان تێیدا بەشدارین..تاوان و ناسینی جوانییە، کەلەمرۆڤ حەرامکراوە..دەبێت تۆبە بکەین، تا ئێستا ئاوێنەو ماسکم داویتێ و وادیاری سێیەم و کۆتایشت دەدەمێ!؟...).

ئیدی خەنجەرێک دەداتە دەست شاعیرەکە و پاشان لەکۆتایی چیرۆکەکەدا لەوە حاڵی دەبین، کەشاعیرەکە پاش جێ هێشتنی کۆشکەکە خۆی دەکوژێت و پاشا-ش دوا بەدوای ئەوە دەبێتە دەرۆزەکەرێکی گەڕۆک وبەپێیان ئەم سەر و ئەو سەری مەملەکەتەکەی تەی دەکات و داواجاریش و بۆ هەتا هەتایە کەس نازانێت ئەو بەیتە شیعرییەی شاعیرەکە چی بوو؟!!...).

گەر بڕوانینە ئەم چیرۆکەی "بۆرخیس"، دەبینین پاش دۆزینەوەی بەیتێکی ئێستەتیکی سەیر و سەمەرە، پێویست دەکات شاعیرەکەی خۆی بکوژێت و لەهەمان کاتیشدا وەرگرەکەی"کەپاشا-یە" شێت ببێت..تەئویلکردنی هەموو ئەوەی لەو چەند لاپەڕەی چیرۆکەدا زۆر بەسانایی دەخرێتەڕوو، دەستپێکی خوێندنەوەو پێداچوونەوەی دنیایەک تەسەووراتی هەڵەیە، بەرانبەر بەهاتنەبوون و دانانی تێکستە زیندووەکان و چۆنیەتی وەرگرتنیان، لەلایەن وەرگر و خوێنەرەوە..بەتایبەتیش لەشیعردا وەک لەچیرۆکەکەدا بەڕوونی دیارە.. تا لەوە حاڵی ببین؛ ئاخۆ شیعر لەکوێی ئەقڵانییەت و ناماقووڵ و نالۆژیک بووندا کاردەکات..ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر بەرەهایی شتێک هەبێت، ناوی ئەقڵانییەت و ماقووڵ و لۆژیک بێت؟!..تا شیعر بتوانێت بەنەفیکردنەوەیان



لەشوێن جێگەیەکی تردا کار بکات..شوێن جێگەیەک کەرەنگە بەدۆزینەوەی بەیتێک، وەک ئەوەک لەچیرۆکەکەدا هاتووە، وەرگرێک سەراسیمەو سەرگەردان بێت.

یان سەرسام و تاساو لێی رابمێنین..وەک ئەم بەیتانەی کەدراونەتە پاڵ "خەیام"، لەرابردوو و ئێستاشدا مایەی ئیعجاب و سەرسام بوونی وەرگر و خوێنەریەتی:

( نەکەی تۆبەکەی لەمەی تاهەیە،\
تۆبە سەد تۆبەی بەدوادا هەیە،\
گوڵ کراس بدڕێ و بولبوول بخوێنێ،\
لەکاتی وادا تۆبە کەی هەیە؟\
ئەم گۆزە وەک من دڵدارێک بووە،\
گیرۆدەی زوڵفی نیگارێ بووە،\
ئەو دەسکەی ئێستا قوڵفە لەملیا،\
سەردەمێک دەستی ملی یارێ بووە!\
کفر و دین بەینیان یەک هەناسەیە،\
یەقین تاگومان یەک هەناسەیە،\
ئەم هەناسەیە بەخۆشی بژی،\
مادام خۆی ژیان یەک هەناسەیە!\
کێیە بێ گوناهی رووی دنیا؛ بڵی؟!\
بێ گوناهکردن چۆن ژیا؛ بڵێ؟!\
کەمن بەدبکەم، سزای تۆیش بەد بێ؟!\
تۆ و من جیاوازین لەچییا، بڵێ؟!

حەمە کاکەڕەش: قۆناغی نوێی شیعری کوردی بۆ چەند قۆناغ دابەش دەکەن؟ گەلێک ڕاوبۆچوونی جیاواز دەربارەی دەسنیشانکردنی سەرەتاکانی تازەگەری شیعری کوردی نووسراون، بەڕای ئێوە ئەو دەستنیشانکردنانە تا چەند تەواو بێ هەڵەن؟ ئەی ئێوە چۆن دەسنیشانی دەکەن؟

یوسف عیزەدین: وەک خۆم زۆر لەگەڵ ئەو جۆرە پۆلێنکردن و دابەشکردنە، بەناو ئەکادیمیانەی قۆناغەکانی ئەدەبیات نیم؟!..بەچەشنێک کەدواتر دەکرێتە وانەی بێتامی وشک و برنگی هەزەلی و لەڕێی قوتابخانەکانەوە، دەکرێتە یەکێک لەوانەکان و بەسەر خوێندکاردا فەرز دەکرێت و دەبێتە ماتەریاڵی ئەزبەرەکردنی بەزۆر و پرسیاری تاقیکردنەوەکان و...بەمەش ئەدەبیات دەکرێتە ئەو شتە ناشرینەی کەخوێندکاران هەر لەسەرەتاکانی خوێندنیانەوە بەڕک و نەفرەتەوە تێی دەڕوانن؟!.

باشە ئەگەر دابەشکردنێکی رەها و ماتەریاڵیانە، بۆ دنیای ئەدەبیات و قۆناغەکانی بکرێت، واتە کار بۆ سەلماندن و سەپاندنی یەقین و یەقینەکان کراوە؛ واتە ئەمە وایە و ئەوی دیکە وانییە..بەڵام ئاشکرایە کەسەلماندن تاڕادەیەکی زۆر شتەکان دەمرێنێت، دیارە نەک هەر لەکایەی ئەدەبیاتدا بەڵکو وەک"ئۆسکار وایڵد" ئاماژەی پێدەدات:

( ئایینەکان ئەو کاتە دەمرن؛ کەڕاستی و دروستییان دەسەلمێنرێت؟!)..واتە تا ئەو دەمە هەن و زیندوون، کەلەدنیای گوماندا هەڵدەسووڕێن و هەر کاتێکیش هێنرانە نێو دنیای یەقینەوە؛ دەمرن؟!

جا سەرباری هەموو ئەو شتانەی کەدەکرێت سەبارەت بەدابەشکردنی قۆناغەکانی ئەدەبیات بیخەینەڕوو..ئەوەی لەواقیعی ئەدەبیاتی کوردیی باشووردا روو دەدات؛ تابڵێی کارێکی خراپە، لەڕووی ریزکردنی چەندین ناوی نووسەری خراپنووس، لەپاڵ نووسەرێکی باشنووسدا، گوایە ئەوانیش هاوتەمەن و هاوقۆناغی فلانە نووسەری باشنووس بوون..یان بابڵێین بەناوی ریزبەندی قۆناغەکانەوە، تێکستە زۆر دەگمەنە جدییەکانی قۆناغێک ئەگەر هەبن، لەپاڵ ناجدیترین تێکستی مردوودا ناوی دێت و لەمەشدا نەک هەر موراعاتی داواکاری ئەم و ئەو دەکرێت، بەڵکو داواکارە حیزبی و ناوچەگەریی و تەنانەت عەشیرەتگەریی و تاد.. لەمەدا رۆڵی سەرەکی دەبینێت؟!

بەڵام ئاشکرایە ئەوەی کەگرنگەو هەردەمیش ئاشنایانی خوێندنەوەی ئەدەبیات پەنای بۆ دەبەن؛ ئەو تێکستانەن کەتوانای مانەوەو تێپەڕکردنی زەمەنەکەی خۆیان هەیە، بەو پێیەی کەتوانای سەرسامکردنی خۆیان، بەئاستەم لەدەست دەدەن و هەڵگری دنیایەک پرسیار و پرسیارگەلن، کەجیاواز لەکیمیاو فیزیاو تێکستە زانستییەکان، شەرح و تەفسیر و ساغکردنەوەو سەلماندن هەڵناگرن..هەر وەک



"رۆسۆ"ش پێی وابووە کەنووسین"تێکست" جێی باوەڕنییە، چونکە رۆڵ لەلاوازکردنی گوزارشتەکاندا دەبینێت و هەر بۆیە بەڕای ئەو گوتراوێکی درکێندراو لەڕێی ئاخافتنەوە، سروشتی ترە بۆ خستنەڕووی زمان و بەکاربردنی..کەواتە دەبێت هەست بەجیاکردنەوەی زمان، لەئاخافتن و نووسین-دا بکەین؛ هەرچەند لەیەک بنەمای زمانیشەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام لای "رۆسۆ" گوزارشتێکی گوتراو لەڕێی ئاخافتنەوە باشترە لەگوزارشتێکی نووسراو لەڕێی کردەی نووسینەوەو تەنانەت بەڕای ئەو نووسین، تەنها پاشکۆیەو بگرە بەمەترسیشی داوەتە قەڵەم لەسەر ئامادەباشیی سروشت و بوونی.

شایانی باسیشە دەبێت ئەوەش لەیاد نەکەین، کەزۆر پێش "رۆسۆ"ش، "ئەفلاتوون" نووسینی بەشتێکی زۆر پڕ کەموکووڕی و مشەخۆر داناوە و ئیدی زۆر بیرمەندی دیکەش هەبوون و هەن، کەچەندین پرسیاریان سەبارەت بەدنیای نووسین هەبووەو هەیە...هەرچەند ئەم بابەتە یەکێکە لەبابەتە هەستیارەکان و قسەو باسێکی زۆر و بەردەوامی گەرەکە، بەڵام بۆ ئەوەی زۆر لەپرسیارەکەتان دوور نەکەومەوە..دەڵێم؛ هەر شتێک تەقلیدیانە پۆلێنکراو کرایە مەنهەجێکی دیراسی و رێسا و یاسای بۆ دانرا؛ بەتایبەتیش وەک وانەیەک پێشکەشکرا، ئەوە ئیدی پێناچێت، وا بەئاسانی بکارێت، پرسیاری ئاڵوگۆڕئامێز و جەوهەری سەبارەت بکرێت، بەتایبەتیش لەنێو کایەکەی خۆیدا، واتە خوێندکارێکی بەشی ئەدەبیاتی کوردی هیچ ئیختیارێکی نییە، لەوەی بۆ نموونە قایل نەبێت بەوەی تێکستەکانی فلانە نووسەری خراپنووس ئەزبەرەبکات..کاتێکیش سوور دەزانێت مادەیەکی دیراسییەو بۆی هەیە ببێتە بنەڕەتی پرسیار و پرسیاگەلێکی یەکێک لەتاقیکردنەوەکان؟!.

حەمە کاکەڕەش: ئاخۆ کورد ئەدەبێکی هەیە بەناوی ئەدەبی تاراوگە"مەنفا"، ئەگەر هەیە لەچ ئاستێکدایە، ئەگەر نییەتی بۆ؟!

یوسف عیزەدین: دیارە پرسیارگەلێکی زۆر هەن سەبارەت بەنووسەرانێک، کەبەناچاری دەبێت لەمەنفادا ژیان ببەنە سەر؟!..ئاخۆ چۆن چۆنی گۆڕان بەسەر چەشن و شێوەی بیرکردنەوەو نووسینیاندا دێت؟! یان نووسینی پاش ژیانیان لەمەنفا چ جیاوازییەکی دەبێت، لەگەڵ نووسینی پێشووتریان؟!..هەموو ئەمانەو چەندین

پرسیاری تر دەشێت و دەکرێت تـەرح بکرێن، بـەتایبـەتـیش سـەبـارەت بـەبـوون یـان نەبوونی ئەدەبیاتێکی لەو چەشنە، بەڵام لەکاتی بوون یان نەبوونی ئەدەبیـاتێکی لـەو چەشنە..ئاخۆ چ ئیزافەیەکی بۆ دنیای تێکستە زینـدووەکـان پێبـووەو پێیـە؟! نـازانم پێش هەموو شتێک مەنفا و وڵات دوو شوێنن، تۆ بڵێی ئەگەر نووسەرێک لەوڵاتەکەیدا خراپنووس بوو، مەنفا بیکاتە نووسەرێکی باش نووس، یان ئەگەر توانی بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی، جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ دۆخی جارانی لەنووسیندا؟!

وەک خۆم لەشوێنێکی دیکەدا سەبارەت بەمەنفا گوتوومە:

( گاڵتەجاڕییە گەر بڵێین بـەنـاو نووسـەرێـک کـەپێـشتر لـەدنیـا ناحاڵییـەو خـاوەن مەعریفەو فیکرێکی ڕۆشن نییەو تابینـەقاقـای نغـرۆی تێڕوانینـە دزێـوو ناشـرینەکانـەو جگە لەرک و ئێرەیی هیچی تری دەرحـەق بـەدنیـا پـێ نییـە..بـەڕێکـەوت لـەمـەنفـا-دا فانووسە سیحرییەکەی عەلادینی چنگ بکەوێت و پاش هاتنە دەرەوەی عیفریتـەکـەی، داوای بەدەستهێنانی باڵەکانی مەعریفەو چاوی خوێندنەوەو وەچنگ کەوتنـی توانـستی ڕاڤـەکردنـی دنیـای لـێ بکـات و ئـەویـش بـێ سـێ و دوو، هـەمـوو ئـەوەی پـێ بـدات کەدەیەوێت، لەکاتێکدا کەناشێت و نابێت نووسەرێکی لەو چەشـنە داواکارییـەکـی لـەو چەشنەی هەبێت؟!..ئەمە لەکاتێکدا نووسەرێکی زەیین بارگاوی بـەپرسـیار، پێویـستی بەفانووسەکەی عەلادین و عیفریتەکەی نێویشی نییە).

وەک "فۆکنەر"یش دەڵێت:

( ئەگەر نووسـەر بـاش و بـەتوانـا بێـت، هـیچ شـتێک نییـە زیـان بـەنووسـینەکـانی بگەیەنێت، خۆ ئەگەر نووسەرێکی خراپیش بوو، هیچ کەس و شتێک نییە کـەبتوانێـت هاریکاری بکات؟!).

حەمە کاکەڕەش: هەست و خەونە کپکراوەکان، کـردەی بـەرهـەمهێنـانی شـیعرن لای تۆ، یان ئەقڵ و ڕۆشنبیری یان تێکەڵەیەکە لەمانە؟!

یوسـف عیـزەدیـن: ئـەگـەر وەک نموونـەیـەک بڕوانینـە شـیعری"بـۆ هیـوای کـوڕم"ی "گۆران":

( هیوا مەگری، هەنسکی نیوەشەو بەس هەڵدە، بەس بگری!؟
لەچاوی بێقەرارم بۆچی دەرمانی وەنەوز دەبڕی؟



کوڕی خۆم!کۆرپەلەم! میوانی تازە خولْقاوم!
ئەدا گریەت بەزەبری چز، لەڕۆحی پڕ گلاراوم!
چییە ئەم گرییە بێغایە، کڕووزەی نیوەشەو خورپێن؟
چییە ئەم قەترە وردانەی لەچاوت بێ مەئال دەڕژێن؟
لەگەڵ ئەو خونچە ساوایەی لەسەر خەڵفی بەهار ئەڕوێ؟
چییە فەرقت؟ لەبەرچی ئەو هەتاکوو سیس دەبێ دەنوێ؟)

تا دەگاتە:

( چییە توخوا؟ چ سیڕڕێکە وەها مەحکوومی گریانی،
کەتۆ هێشتا لەخەم ناگەی؟ لەمەعنای گریە نازانی؟
ئەگەر وەک باوکە حەسرەت دیدەکەت زەهرت بچێژایە،
زەمان گەردی ئەمەلتی گشت بەدەم باوە ببێژایە؛
حەقت بوو عەرش بلەرزێنی بەناڵەی ڕۆحی پڕ ئێشت،
لەئەستێرەی سەما بڕژێنی فرمێسکی دڵی ڕێشت!
حەقت بوو بێ وچان بگریت بەسەر تاوانی باوکیما،
بەحر پڕکەی لەتف، بیدەت بەناوچەوانی باوکیما!
بەڵام ڕۆڵەم، کەتۆ ئێستا لەفەجری زیندەگانیتای،
لەبەر دەرگای تەلیسمی بەختی مەجهوول و نیهانیتای،
بەچی مەعلووم بەشوێنی هیی منا دەڕژێ چەمی عومرت؟
سەراسەر پێکەنین و خووڕەمی نابێ خەمی عومرت؟

دەبینین سەرتاپای تێکستە شیعرییەکە لێوانلێوە لەپرسیارگەلێکی ئەنتۆلۆژیی قووڵ، دەرحەق بەئیگۆ و کەینوونە و مەجهوولە قەدەرییەکانـەوە، دیـارە هـەر ئـەمـەشـە ئـەو تێکستەی گۆران-ی کردۆتـە یـەکێـک لـەو تێکـستە زیندووانـەی، بـۆ نموونـە کـەوەک تێکستە شیعرییەکـانی "خـەیـام" توانـای مانـەوەیـان لـەخـودی خۆیانـدا هـەڵگرتـووەو دەتوانن زەمەنە جۆراو جۆرەکـان تێپـەڕبکـەن و ئـەمـە جگـە لـەوەی کـەئـەم تێکـستە شیعرییەی "گۆران"، جیاواز لەزۆر شیعریی پێشووتر و ئـەو دەمـی کـوردیی، مـەعریفـە مەجهوولە و دەبێت خوێنەر لەڕێی پرسیارەکانەوە بۆی بگەڕێیت و هەوڵی دۆزینەوەی

بدات..لەڕاستیدا لەو تێکستەدا دانەر گریانی زۆر ئاسایی کۆرپەلەیەک لەبیر دەباتەوەو بۆ دنیایەک شتی دیکە و لەمیانی پرسیاگەلێکی ترەوە دەگەڕێت..ئەمە جگە لەوەی تێکست مەبەستی دۆزینەوەی هیچ وەڵامێک نییە، بەڵکو مەبەستییەتی تەنها کۆمەڵێک پرسیار جێ بهێڵێت؟!..هەرچەند لەهەندێک شوێنی تێکستەکەدا پێدەچێت دانەر بیەوێت، تەرحی وەڵامگەلێکی ئیدۆلۆژیی خۆی بکات.. بەڵام دواتر لەبەیتەکانی تردا، دەبێتەوە بەپرسیار و لەکۆتایشدا هەر بەپرسیار کۆتایی دێت؟!

ئەمە و بەدەر لەهەر راڤەکاریی و خستنەڕوویەکی سادەو ساکار و تەقلیدییانە، بۆ سەرجەم بەیتەکانی شیعرەکەی"گۆران"، ئەگەر مامەڵەو خوێندنەوەیەکی تەفکیکییانەی بۆ بکەین، دەگەینە ئەو شوێنانەی کەدانەر شاردوونیەتەوە..جا بەمەبەست یان بێ مەبەست..بەواتایەکی دی لەپشت ئەم شیعرەی "گۆران"ەوە، زۆر دوورتر لەوەی دانەرەکەی مەبەستی بووە یان مەبەستی نەبووە، تێکستگەلێکی خەوتوو و لەڕوو شاراوەو نادیار هەن، ئەگەر شتێک بەناوی رەخنەی کوردییەوە هەبا،" مەبەستم لەرەخنەیەکی جیدی و جیاوازە لەو رەخنە هەزەلییەی کەتائێستا لەکایەی ئەدەبیاتی کوردیدا هەیەو ساڵانێکە بەناوی رەخنەوە خۆی کاوێژ دەکاتەوە"..ئەوە بێگومان دەمێک ساڵ بوو، ئەم شیعرەی "گۆران" دەبووە جێگەی زۆر قسەو باس و خوێندنەوەی رەخنەییانەی جدی و قووڵی تەفکیکییانە..بەڵام دیارە ئەو نێوەندە بەناو رەخنەییە کوردییە، لەجێی ئەوەی کەسانێکی زۆر جدیی لەخوێندنەوەدا کاری تێدا بکەن، کەسە نیمچە جاهیل و نەخوێنەوارەکان؛ تەنها بۆ جێکردنەوەی خۆیان لەم دەزگاو ئەو دەزگای بەناو رۆشنبیری..ساڵانێکە، هەر ئەوانن بوونەتە سەر قافڵەی ئەو بوارەو ئیدی ئەگەر هەبن، زۆر کەمن؛ ئەوانەی هەوڵیان بۆ ئەوە داوە، لەو بوارەدا جیاواز بن؟!.

**حەمە کاکەڕەش: دەکرێت لەشیعردا بۆ فەلسەفە بگەڕێین، ئەی فەلسەفە تاچەند جێگای شیعر دەکاتەوە؟**

یوسف عیزەدین: ناکرێت بە شیوەیەکی رەها بۆ پێوەندییەکی لەو چەشنە بگەڕێین...بەڵام دەکارێت لەڕێی تەفکیکی دەسەڵاتی تێکستێکی دیاریکراو و تەئویلکردنێکی ئەرکۆلۆجیانە؛ بۆ نموونە ئەگەر تێکستێکی سۆفیستی بێت، بگەینە



ئەوەی داخوا چ تەسەووراتێکی سۆفیستی و عیرفانی و ئایینی لەپشت چ دنیابینییەکی فەلسەفییەوە خۆی لەناو یان ئەو دیو تێکستەکەوە حەشار داوە..دیارە کاتێکیش توێکارییەکی لەو چەشنە بۆ تێکستێکی دیاریکراو دەکەین، نابێت وەک یەقین و شتێکی بەڵگەنەویست بڕوانینە ئەوەی کەپێی گەیشتووین، هەر وەک "ڤۆڵتێر"یش دەڵێت:

( گومانکردن ناڕەحەتەو یەقینیش گەمژەیەتییە).

ئەمە جگە لەوەی کاتێک گوتاری تێکستێک هەڵدەوەشێنینەوە بۆ پێکهاتەکانی، دەبێت ئاگاداری سەرجەم گوزارشتە زۆر لەڕوو ئاساییەکانی نێوی بین، کەزۆر جار لەپشت سادەو ساکار بوون و خۆنمایشکردنی ئەقڵانیانەی، دنیایەک نائەقڵانی بوون و تەنانەت زۆر جار، چەندین بیرۆکەی کوشندەو ترسناکیش لەخۆ دەگرێت...هەر بۆ نموونە نازییەکانی ئەڵمان توانییان لەمیانی تەرحکردنی بیرۆکەی پاکی و باڵایی نەژادی جەرمەنییەوە، ژمارەیەکی بێشوماری خەڵکی ئەڵمان و بەجیاوازیی ئاستی هۆشمەندییان، لەدەوری ترسناکترین ئایدۆلۆژیای کوشتن و لەناوبردنی ئەوی تر کۆبکەنەوە...سەردەمانێک زۆرێک لەبیرمەندان و نووسەران و رووناکبیرانی ئەڵمان، زۆر بەسانایی وەدووی ئایدۆلۆژیای نازییەکان کەوتوون و نەک هەر چاویان لەهەموو تاوانەکانی پۆشیوە، یان بەتەواویی لەگەڵی بوون..بەڵکو زۆریان مونەزیر و بیرمەندیان بوون..هەروەک ئەو رۆڵەی کە"هێیدگەر" لەڕووی بردنە پێشی ئایدۆلۆژیای نازییەکاندا بینوویەتی، تەنانەت کاتێک پرسیاری ئەوەی لێدەکەن، کەچۆن موعجیبە بەکەسێکی کاڵفامی وەک"هیتلەر"و بەسەرکردەی خۆی دادەنێت..لەوەڵامدا ئاماژە بەوە دەکات، کەچۆن گەلی ئەڵمان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری گوتار و جووڵەی دەستەکانی و بەڕای ئەو جووڵەی دەستەکانی"هیتلەر" بەسە بۆ ئەوەی بکەوینە ژێر سیحرییەوە..ئیدی ئەو بیرمەندە؛ "هێیدگەر" سەرباری قووڵی هەموو تێڕوانینە فەلسەفییەکانی و نووسینە زۆر جدییەکانی..بەڵام لەشوێنێکی ترەوەو بەمەبەست کاری بۆ زاڵکردن و هێنانە پێشی بیرۆکەی نازییەت کردووە...هەروەک چۆن گەلێک لەشاعیرانی کورد و بەجیاوازی قۆناغەکان و زۆر جاران شیعرییان کردۆتە، کایەیەکی ئیدۆلۆژیی وبردنە پێشی فیکر و بیر و بۆچوونی ناسیۆنالیستی کوردیی..نازانم چەند سامناکە کاتێک بیر لەوە

دەکەیتەوە، لەڕێی شیعرەوە، دەتوانرێت گەنجانێکی زۆر لەدەوری بیرۆکەیەکی سیاسی کۆبکەیتەوەو داواجار بیانکەیتە قوربانی و لەپێناو مانەوەی سەرانی حیزب و بەرژەوەندییەکانیدا رەوانەی خوێناوی ترین جەنگیان بکەیت؟!..ئەی سەیر نییە، لەکاتی جەنگەکاندا شیعرە حەماسییە سیاسییەکان، گەورەترین رۆڵی فریودان و بەرزکردنەوەی ئاستی حەزی کوشتار و رۆحیەتی تۆڵەسەندنەوە، ببینێت؟!...کەواتە ریتم و ئاواز و سەرواو کێش و وشەو زۆر پێکهاتەی دیکەی نێو شیعرە حەماسییە سیاسییەکان، شتگەلێکی زۆر لەوە ترسناکتر و کوشندەترن، کەبەچاوی مەعسوومییەت و بێتاوانییەوە تێی بڕوانین..کەواتە پێش هەموو شتێک دەبێت، دەیان پرسیار سەبارەت بەهەر شیعر و سروود و تەنانەت ئاواز و موزیک و دەنگی بێژەرەکەشی بکەین، کەدەتوانێت گەمە بەهەستەکانی مرۆڤ بکات و زۆر بەسانایی و لەپێناو بەرژەوەندی کۆمەڵێک کەسدا رەوانەی مەرگی بکات؟!

**حەمە کاکەڕەش: شیعر دەنگدانەوەی دونیای خەیاڵ و واقیعە، ئایا تۆ واقیع لەخەیاڵدا دەنووسیتەوە، یان بەپێچەوانەوە خەیاڵ لەواقیعدا دەنووسیتەوە، یان دەکرێت واقیع و خەیاڵ؛ رەنگەکانی تر بگۆڕن؟!**

یوسف عیزەدین: پێموایە نەک هەر خەیاڵ، بەڵکو واقیعیش چەمکێکی هەروا بەرجەستەو لەبەرچاو و سادەو ساکار و خۆش فامکراو نییە..ئەمە جگە لەوەی کەلەدنیای ئەدەبیاتدا نەک هەر خەیاڵ بەڵکو واقعیش دەخووڵقێنرێتەوە...شایانی باسە؛ شیاوە لەدنیای ئەدەبیاتدا مێرووڵەیەک..باڵندەیەک..یان هەر بوونەوەرێکی دیکە..بەسەرهاتی ژیانی خۆیت بۆ بگێڕێتەوە؟!..بەڵام ئەمە لەخستنەڕووی واقیعێکی زانستیدا، تەنانەت ئەگەر فانتازیای زانستیشی تێدا بەکار بێت؛ وانییەو زۆر جیاوازە..کەواتە ئەگەر لەڕوویەکەوە بتوانین بڵێین؛ دنیای ئەدەبیات راوکردنی واقیعە..یان بابڵێین ئەدەبیاتێکی بەناو ریالیستی ئەگەر هەوڵێکی لەو چەشنەشیان هەبووبێت، ئەوە هەر دواتر لەخودی واقیع لەشوێنێکەوە ترازاوەو هەر نەبۆتەوە بەخۆی!؟..هەر وەک "ئیمبێرتۆ ئیکۆ" لە"شەش گەشت بەنێو دارستانێکی خەیاڵچندا" ئاماژەی بەهەوڵەکانی"جۆرج بیریک"داوە، سەبارەت بەبڕیاری ناوبراو بۆ راوکردنی واقیع و نووسینەوەی وەک خۆی، هەر بۆیە لەپشت جامی قاوەخانەو ئەم سووچ و ئەو



سووچی کۆڵانەکانەوە دەکەوێتە چاودێری کردن و خووردبوونەوە لەگشت شتێکی دەووروبەری و هەر یەکسەریش تۆمارکردنی..ئیدی هێندە نابات نالۆژیکی بوون و بێسەرەوبەرەیی و ناهارمۆنییەتی هەڵسوکەوتی خەڵکانی دەووروبەری بڕستی لێدەبڕێت و توانای تۆمارکردن و بگرە تێڕوانینیشی نامێنێت..دیارە دەگاتە ئەوەی کەواقیعی ژیانی مرۆڤ، هیچ هاوئاهەنگییەکی هارمۆنی رێکخراو کۆیان ناکاتەوە، هیچ کاتێکیش ئەدەب ناتوانێت، ئەو واقیعە بەرفراوانە ترسناکە وەک خۆی بەرجەستە بکات..بۆیە هەرچییەک بکەین و بەناوی واقیعەوە لەڕێی ئەدەبەوە بیخەینەڕوو..نەک هەر زۆر دوورە لەخودی واقیع، بەڵکو بەتەواویی واقیعێکی ئەدەبی بەرجەستەکراوی نێو دنیای مەجاز و وشەو کەرستەکانی دیکەی دنیای ئەدەبیاتە..کەواتە شتێک نییە لەئەدەبدا بەئەسڵی واقیع بچێت...چونکە هەر مومکین نییە من و تۆ بەتەواویی بۆ ماوەیەک بڕوانینە واقیعێکی دیاریکراو و دواتر لەهەمان گۆشەنیگاوە تێمان ڕوانیبێت، یان توانیبێتمان ئەوەی کەبینیوومانە لەزەیینماندا جێ بکەینەوە..هەر بۆ نموونە تاقیکردنەوە زانستییەکان سەلماندوویانە ئەوانەی کەکاری چاودێریکردنی قەرەباڵغیی و کەسانێکیان پێ دەسپێردرێن، پاش ماوەیەکی دیاریکراو تەرکیزیان نامێنێت و هەرچەند بەچاو پێدەچێت بڕواننە ئەوەی لەپێش چاویاندا روودەدات، بەڵام لەراستیدا هیچ ئاگایەکیان لێی نەماوەو خەیاڵ و بیرکردنەوە ناوەکییەکانی خۆیان، توانیویانە دایانبڕن لەبینینی شتەکانی نێو مەودای بینینیان.

**حەمە کاکەڕەش: شیعر ئەگەر روانینێکی تازەی نەبێت بۆ ژیان و پڕ نەبێت لەو شتە زیندووانەی کەبەچاوی ئاسایی نابینرێن و لێوڕێژ نەبێت لەو دەنگانەی کەبەگوێی ئاسایی نابیسترێن، دەبێت ئەرکی چی بێت؟**

یوسف عیزەدین: نەک هەر شیعر بەڵکو سەرجەم ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەش، لەمیانی تێکستە زیندووەکانیانەوە لەجەنجاڵی ژیان دوورمان دەخەنەوەو ئیدی لەمیانی میکانیزمە جیاجیاکانی ئەدەبیاتەوە، دنیایەکی خەیاڵچنی جیاوازمان لەبەرچاودا بەرجەستە دەکەن و هەر ئەمەشە وامان لێدەکات، تا ئەم ساتە وەختەو پاش ساڵانێکی دوور و درێژ لەنووسینی وەک نموونەیەک ئەم شیعرەی خوارەوە؛ هێشتاکە

بەو پەڕی شەوقەوە بیخوێنینەوەو چێژی لێ ببینین..دیارە شیعرەکە هی "نالی"یە کەدەڵێت:

( نەمردم من گەر ئەمجارە بێ تۆ

نەچم شەرتە هەتا ئەو خوارە بێ تۆ

دەروونم خاڵییە وەک نەی دەناڵێ

هەوارێکی چ پڕ هاوارە بێ تۆ

بینایم کوێرە هەڵنایێ بەڕووی کەس

موژەم یەک یەک دەڵێی بزمارە بێ تۆ

هەموو ئەعزایی ناڵینم دەناڵێ

سەراپام میسلی مۆسیقارە بێ تۆ

قەسەم بەو شەربەتی دیداری پاکت

شەرابم عەینی زەهری مارە بێ تۆ

لەکن تۆ خار و خەس گوڵزارە بێ من

لەکن من خەرمەنی گوڵ خارە بێ تۆ

لەکن من با وجودی ناس و ئەجناس

کەسی تێدا نییە ئەم شارە بێ تۆ

هەموو ڕۆژێ لەتاو هیجرانی ئەمساڵ

تەمننای مردنی پێرارە بێ تۆ

هەتا تۆم ئاشنا بووی ئاشنام بوون

ئەمێستا موو بەموو ئەغیارە بێ تۆ

لەحەسرەت سەروی قەدت چاوی نالی

دوو جۆگە بەڵکو دوو ڕوبارە بێ تۆ).

ڕەنگە یەکێک لەنهێنییەکانی خوێندنەوەی تێکستە زیندووەکان، بەشیعریشەوە؛ ئەو بانگهێشتەی خوێنەر بێت بۆ بەشداری کردن، دیارە بەشداری کردنێک لەدەرەوەی واتا فەرهەنگییەکان، وەک"جۆلیا کریستیڤا"ش پێی وایە، تێکست ئامێرێکی زمانەوانییە،



سیستەمی زمان دابەش دەکاتەوەو سنووری خودی واتاکان دەبڕێت..وەک "بارت"یش ئاماژەی پێ دەدات؛ خوێنەر دروستکەری تێکستە؟

دیارە شیعر نیسبیانە لەمیانی تێکستە شیعرییەکانەوە.. وەک شیعر دێتە نێو بوونە مەجازییەکەی و دواجار مەرجیش نییە ئەوەی خۆیمان وەک شیعر نیشان دەدات شیعر بێت، بێگومان پێچەوانەکەشی ڕاستە..جار هەیە تێکستێک هەرچەند لەبەرگی شیعردا خۆی دەخاتەڕوو، کەچی ڕەنگە پەخشانێکی ئیدیۆلۆژیی و شتگەلێکی جیاواز لەدنیای شیعر بن؟! یان زۆر جار ڕەنگە تێکستێکی پەخشان ئامێز، ئیدی ناوەڕۆکەکەی هەرچییەک بێت، بەتەوایی شیعرییەت لەنێویدا پەردەپۆشکرابێت و شاردرابێتەوە؟!

ئەمە جگە لەوەی کەناکرێت بەموجەرەدی بڕوانینە ئەو زاراوانەی کەلەشیعردا بەکاردەهێنرێن و وەک خۆیان بیانبینین..هەر وەک چۆن لەئەفسانەو حیکایەتە میللییەکانیشدا ئەوەی کەئاماژەی پێدەدرێت؛ ناکرێت تەنها وەک خۆی تێی بڕوانین.."شتراوس" لەخوێندنەوەی بۆ ئەفسانەو حیکایەتە میللییەکانی هندییە ئەمریکییەکان، ئاماژە بەهەڵەی تێڕوانینی ئەو کەسانە دەدات، کەبۆ نموونە درەختی"سێو"ی یەکێک لەحیکایەت و ئەفسانەکانی ئەوان..تەنها وەک خودی درەختی"سێو" دەبینێت؛ بەبێ گوێدانە ئەو مەبەست و پەنهانە دەلالییانەی کەدەکەونە پشتییەوە..ئیدی ئەمە بۆ سەرجەم تێکستە زیندووەکانیش ڕاستە، چونکە خودی هەر تێکستێکی زیندوو، ڕاپێچی زنجیرەیەک دنیای دەلالیمان دەکات؛ کەڕەنگە من و تۆ و ئەوی خوێنەر بێت، لەفلانە دەلالەتەوە فیسارە تەئویل یان ڕاڤە بۆ تێکستێکی دیاریکراو بکات، کەڕەنگە وا نەبێت..بۆ نموونە جار هەیە، شیکاری فلانە سیمبۆلی نێو یەکێک لەتێکستە دێرینەکان، دەمانباتەوە سەر کۆمەڵێک شت و دواجار پاش ساڵانێک دەردەکەوێت، ئەوەی کەئێمە کردومانەتە کۆڵەکەی تێڕوانینەکانمان، لەڕاستیدا لەتێکستە ئەسڵییەکەدا نەبووەو بەهەڵە لەیەکێک لەچاپەکانیدا گۆڕاوە یان بۆی زیادکراوە..یان هەر دەرئەنجامی دەستاو دەست و لەبەرنووسینەوەی یەک لەدوای یەکی دەستنووسەکان وای لێهاتووە..یان ڕەنگە بەمەبەستێکیش وای لێکرابێت؟! هەروەک چۆن زۆر لێتۆژینەوە لەئێستادا سەبارەت بەزۆر نووسین و تێکستی مێژوویی کراون و بۆ نموونە جار هەیە سەلمێنراوە، کەفلان و فیسارە ڕووداوی زۆر گرنگی

مێژوویی نەک هەر وا نەبووە، بەڵکو هەرگیزیش روونەداوە..یان زۆر جار سەیر و سەمەرەیی زۆر عەجایب لەناوە مێژووییەکاندا دۆزراوەتەوە، هەروەک ئەوەی مێژوونووسانێکی نوێ ئاماژە بەوە دەدەن کەناکرێت سەرجەم حەوارییەکانی عیسا"بێجگە لە-یاهودا-" ناویان هی زەمەنەکەی خۆیان نەبووبێت، یان بۆ دەبێت ئەو حەوارییەی کەدەبێتە هۆی دەسگیربوونی، ناوی "یاهودا" بێت، واتە ناوێکی رەمزی و دەلالی بێت، بۆ تاوانبارکردنی باوەڕدارانی ئایینێکی دیاریکراو..ئەمە جگە لەوەی کەناوی "یاهودا"، ناوێکە جیاواز لەناوی حەوارییەکانی تری عیسا..ئەسڵی گریکی نییەو لەو سەردەمەدا"سەردەمی رۆمانەکان"دا هەبووەو لەلایەن جولەکەکانەوە بەکارهاتووە..بەڵام ناوەکانی دیکەی حەوارییەکان، وەک کۆمەڵێک ناو کەلەگەڵ مێژووی بوونی عیسا-دا ناگونجێن، جێی گومانن؟!

حەمە کاکەڕەش: ئایا شیعر خەیاڵمان دەتەقێنێتەوە، یان شیعر بوونەوەرێکی چێژ بەخشە..ئامرازی چێژ بەخشینە..یان لەشیعردا دەبێت، بۆچی بگەڕێین، یان شیعر بۆ خۆی گەڕانێکە، تا خۆیمان لەبیر بچێتەوە؟

یوسف عیزەدین: نازانم رەنگە لەزۆر رووەوە شیعر خەیاڵ بەچەشنێکی سەیر لەژانرە ئەدەبییەکانی دیکە بزوێنێت و زیاتر تەسوویرە گوزارشتییەکان لەخۆ بگرێت و نەتوانێت بەتەواویی بەلایەکدا بشکێتەوە؟!..یان بابڵێین شیعر زیاترهەڵهێنجراوی ئەزموونێکی حیسییە؟!

**حەمە کاکەڕەش: "ئێرنست هێمنگوای" دەیگوت نووسەری راستەقینە ئەو کەسەیە کەلەسەر هێڵی مان و نەمان راوەستێ..ئایا لەشیعردا ئەو هێڵە دەکەوێتە کوێوە؟**

یوسف عیزەدین: ئاشکرایە ئێمە لەمڕۆدا ناکرێت وەک سەردەمانێک بڕوانینە سەنتەرالیزم و بالادەستی ئیگۆی نووسەر و زاڵبوونی تەواویی لەدانانی تێکستدا؟!..پێموایە رەنگە "ئێرنست هێمنگوای" لەو گوتەیەیدا کەئاماژەتان پێدا؛ شتێکی زۆر تەقلیدیی گوتبێت..بۆنموونە مان و نەمان، یان بابڵێین ژیان و مردن و دژەکانی تریش..دیارە ئەم دژانە زۆر لەمێژەوە مرۆڤ درکی پێکردووەو تەنانەت بۆتە بەشێکی گرنگی تێڕوانینە فەلسەفییەکانیش؛ ئیدی ئایدیالیستی بن یان ماتەریالی و هەر یەکیش لەمیانی تەسەوورات و دنیابینی خۆیەوە مامەڵەی لەگەڵ کردووە، بەڵام



لەهەموویاندا مەرگ و گریان و ناخۆشی و تاد..یان ژیان و پێکەنین و خۆشی وتاد..لەپاڵ یەکدا ناویان هاتووەو ئاماژەیان پێدراوە..بەڵام ناتەقلیدی بوونی دنیابینی و توانای خوێندنەوەی تەئویلییانەی پێش زیاد لەهەزار ساڵێکی نووسەری بەتوانای عەرەب"جاحز" لەکتێبی"ئەلبووخەلا"دا، دەبینرێتەوە..بۆ نموونە ئەوەی سەرنجی راکێشام؛ ناوبراو جیاواز لەتەفسیری تەقلیدییانەی ئەم ئایەتە:

( او انه هو اضحک و ابکی، وانه هو امات و احیا)..دەڵێت:"پێکەنینی کردۆتە هاوتای مەرگ"..راستییەکەی زۆر بەوردی وریایانە قووڵی ناتەقلیدیانەی نێو ئایەتەکە کەشف دەکات..ئەویش ئەو ئاڵوگۆڕە دەلالییە کەپێکەنین و مەرگ.. گریان و ژیان.. پێکەوە گرێ دەدات و بەپێچەوانەی هەموو پێودانگ و تەسەووراتێکی تەقلیدی سەبارەتیان؛ دەیانکاتە هاوتای یەکدی و شایانی باسیشە خوێندنەوەی قووڵ بەو چەشنە دەبێت، کەوەک نموونەیەک "جاحز" سەبارەت بەو ئایەتە ئاماژەی پێداوە..هەرچەند تەنها ئایەتەکەی وەک خۆی خوێندۆتەوە، بەڵام هەڵوێستەکردن و راوەستانی لەو شوێنەدا مایەی سەرنج و بگرە کەشفکردنێکی گرنگە؟!

**حەمە کاکەڕەش: ئایا دەکرێت بڵێین، شاعیر شەرکەرێکی وشەییە؟**

یوسف عیزەدین: نازانم تۆ بڵێی وابێت..بەڵام ئەگەر وابێت کارەساتە؟! ئاخۆ وانییە؟!!..یان تۆ بڵێی ئەگەر وابێت، ماقووڵتر و شیاوتر بێت؟! بەهەرحاڵ لەئێستادا و بەخێرایی ناتوانم شتێکی وای سەبارەت بخەمەڕوو..مەبەستم لەوەیە لێرەداو لەم دەرفەتەدا، توانستی ساغکردنەوەو رەتکردنەوەیم نییە؛ رەنگە دواتر بەقووڵی وەک خۆم و بۆ خۆم بیری لێبکەمەوە؟!

**حەمە کاکەڕەش: ئەم رۆژگارەی ئێمە کەبەپۆستمۆدێرن ناسراوە، ئاخۆ دەکرێت داوا لەشاعیر و ئەدیب بکرێت، کەوەک دەنگێکی رەخنەیی بەدژی نادادپەروەری بوەستێتەوە، کەکۆمەڵگای کوردی بەدەستییەوە هەراسانە؟**

یوسف عیزەدین: ئاشکرایە هەر کەسێک جا کەسێکی ئاسایی یان شاعیرو ئەدیب بێت..دەتوانن وەک هەر تاکێکی کۆمەڵگە قسەو هەڵوێستیان سەبارەت بەناعەدالەتی و نابەرابەری و سەرجەم دیاردەکانی دیکە کۆمەڵەکەیان هەبێت و تەنانەت بەگژیشیدا بچنەوە..بەڵام پێم وایە ئەمە وەک خۆیان و بەشەخسی بکەن، باشترە لەوەی کەبواری

نووسینی ئەدەبی بۆ تەرخان بکەن و ئەدەبیات بکەنە شوێنی ساغکردنەوەی راست و دروستی و سەپاندنی فلانە بۆچوونی سیاسی بەسەر ئەوی تردا و تاد..ئاشکراشە کەتاسەر هیچ کۆمەڵێک سیاسەتێکی دیاریکراوی، تەنانەت ئەگەر لەساتەوەختێکیشدا هەڵبژێردراوی خۆی بێت، پێ قبووڵناکرێت و هەردەم سیاسەت ئەو شتەیە، کەهەر چییەک بێت، لەلایەن نەیارەکانییەوە دژایەتی دەکرێت و تا مرۆڤایەتیش هەبێت، ئەو ململانێ زۆر ناشرینەی سیاسەت هەر بەردەوام دەبێت و ئامانجیش بەدەستهێنانی دەسەلات و تێکشکاندنی ئەویترە..بەلام هەموو ئەوەی لەو دنیا ناشرینەی سیاسەتدا هەڵدەسوورێت..چاک نییە؛ کایەی ئەدەبی بۆ تەروویجکردنی بەکار بێت، دەکرێت بوارەکانی دیکەی نووسینی رۆژنامەنووسی و ئیدۆلۆژیی و هاوشێوەکانی بۆ بخرێتەگەڕ، بەلام بەڕای من سەیرە کایەی ئەدەبی بۆ بەکاربهێنرێت و ئەدەبیات ببێتە مەداری هەڵسووڕانی ئیدیۆلۆژیا حیزبیی و سیاسییەکان..وەک بەدرێژایی مێژوو زۆر نموونەی لەو چەشنە هەن و بێگومانیش دەبن؟!

**حەمە کاکەڕەش: لەم سەردەمە بێ پەیامەدا، یان بێ داستانە مەزنەدا، دەکرێت هێشتا شاعیر وەک پێغەمبەر سەیر بکەین؟**

یوسف عیزەدین: خۆی لەڕاستیدا هەرچەند ئێمە لەبزۆزترین و سەیرترین زەمەندا دەژین و دەمێکە نایەقین بوون و گومان نەک لەشتە باو و نەسەلمێنراوەکان بەڵکو لەخودی تیۆرییە زانستییەکانیش، تا دێت پەرە دەستێنێت، بەلام هەمیشە زۆرێک لەئەگەری چوونە دواوەیەکی ترسناک، لەهەر شوێن و جێگەیەکی دنیاداو لەهەر ئان و ساتێکدا شیاوی روودانە، واتە تارمایی مێژوو و گەڕانەوەو دووبارەکردنەوەی، جا ئەگەر مەجازییش بێت، تابڵێی کردەیەکی ترسناک و کوشندەیە، هەروەک ئەوەی نازیی و فاشییەکان لەسەدەی رابردوودا، بەناوی ژیاندنەوەی شکۆ و سەرکەوتنەکانی بەناو بەشێکی مێژووی خۆیان، پەنایان بۆ برد..یان ئەوەی سەلەفییەکان لەئەفگانستان و زۆر شوێنی دیکەی دنیادا تاقیانکردەوەو هەموومان دەزانین دەرئەنجامەکەی چی بوو..واتە کاتێک دەڵێین دنیا لەڕووی تەکنۆلۆژیاوە، تادێت بەرەو پێش دەچێت..نابێت رۆڵی ئەو تەکنەلۆژیایەش لەیاد بکەین، کاتێک سەرانی دنیا دەتوانن لەمیانییەوە، جاهیلترین سولالە لەتوخمی بەشەر بەرهەمبهێنن.. وەک هەموو



ئەو فەنەتیکانەی کەتەکنەلۆژیا دەتوانێت، بەئۆرگانیزەترین شێوازی مۆدێرن و خێراترین کات، خرپیان بکاتەوەو چۆنی بوێت ئاوا بیانجووڵێنێت..واتە ترسناکترین تاوان و خراپەکاریی و کوشندەیی بۆتە، کردەیەکی گلۆبالی ئۆرگانیزەکراو و تاد...مەبەستم ئەوەیە سەردەمی ئەو نایەقینە تەقلیدییە بەسەرچوو، بۆ نموونە کە زانایانی زانستی بیرکاری سەردەمانێک دنیایەک تەسەووراتی کۆنیان پێ گۆڕی.. لەوانە:" مورتز شیلک و هانز هان و رودولوف کارناب و لدویگ و تگنستن"..ئەمانە ئەو کۆمەڵە زانایا بوون، کەدەیانویست زانستە سروشتییەکان و زانستی بیرکاری، لەدنیابینی و تەسەووراتە میتافیزیکییەکان پاک بکەنەوە...بۆ نموونە لەبیرکاریدا پێیان وانەبوو کە (٢+٢=٤) راست بێت..بەڕای ئەوان راست بوونی، پەیوەستە بەوەی کەپێشتر سەرەتایەکی لۆژیکی بیرکارییانەیان بۆ دانراوە؛ تا راست بن؟!...هەر بۆیە بەخۆڕا نییە، کە"کرت گۆدڵ" گوتویەتی:

( ئەقڵی مرۆڤ دەتوانێت، راستی وابهێنێتە بوون، کەهیچ پرۆگرامێکی میکانیکی نەتوانێت بەڕێوەی ببات).

حەمە کاکەڕەش: لەم رۆژگارە بەجیهانیبوونەدا زۆرینەی نووسەرانی جیهانیی و کوردیش هەوڵدەدەن، ئەزموونی تاقیکراوەی ژیانی خۆیان،واتا رووداوی حەقیقی ژیانیان بنووسنەوە، ئایا خەم و برین دوا حەقیقەتی ئێمەی کورد نییە؟ کەواتە دەکرێ ئێمە چۆن لەو خەم و برینە گەورانە رزگار ببین، کەمێژووی ئێستای کوردیی داگیرکردووە؟

یوسف عیزەدین: سەبارەت بەحەقیقەت دەبێت گوتەی زانایەکی وەک"ئەلبێرت ئەنیشتاین" بەنموونە بهێنینەوە، کەدەڵێت:

( حەقیقەت تەنها خەیاڵە، سەرباری توانستی بەردەوامبوونی).

نازانم ئەگەر زانایاکی وەک"ئەنیشتاین"، ئاوا سەبارەت بەحەقیقەت بڵێت، دەبێت ئێمە بڵێین چی؟!

جا بەشێوەیەکی مەجازی ئەگەر پێمان وابێت حەقیقەت تەنها خەیاڵێکە، ئەوە حەقیقەتی هەموو کوشت و کوشتارەکانی کوردیش، دەبنە خەیاڵ؟!

لەکاتێکیشدا هەموومان دەزانین، جینۆساید و کوشت و کوشتاری کورد، بەدرێژایی مێژوو، چ حەقیقەتێکی تاڵی؛ زیاتر نزیک لەخەیاڵ بووە؟!..هەروەک چۆن، دادگایی کردنی ئەنفال و هەڵەبجە، نازانم بۆ وابەسانایی، لەجینۆسایدێکی زۆر ترسناکی جەوهەرییەوە، کرایە کوشتارێکی پەراوێزخراوی..لێکچوو و هاوشێوەی هەر گچکە کوشتارێکی دیکە..گەر لێرەو ئەوێی عێراقداو بەدرێژایی ئەو سەردەمانەی دەسەڵاتی رژێم روویدابێت..لەم پەراوێزخستنەدا لایەنە کوردییەکانیش، کەم تا زۆر و تەنانەت ئەگەر تەکنیکیش بێت، بەشدارن..سەیر نییە، کاتێک دادوەرێکی کورد سکاڵاکەرێکی کوردو پارێزەرانی لەسەر ئەوە ریسوا بکات، کەبۆ بەڵگەنامەیەکیان بەکوردی هێناوەو بەدەنگی زوڵاڵ بڵێت، زمانی ئەم دادگایە عەرەبییەو دەبێت هەموو شتێک پێشتر کرابێتە عەرەبی و بەموسەدەقی هێنرابێت؟! من و تۆ و یان بابڵێین زۆربەی تاکی کورد، کاری بەوە نییە ئەمە لەڕووی یاساییەوە چەند راست و دروستە..واتە قسەی ئەو دادوەرە کوردە، چەند لەشوێن خۆیدایە..بەڵکو کاری بەوەیە چەند ئەم قسەیە ئازاربەخشە بۆ زاتی زامداری کەس و کاری قوربانیان و زۆرێک لەتاکی کورد؟! بێگومان دەکرا، پێشتر ئیشکالێکی لەو چەشنەی وەرگێڕان ئەگەر پێویست بایە چارەسەر کراباو نەگەیشتایەتە، ئەوەی لەو شوێنەداو لەبەردەم میدیاکاندا بەو چەشنە بخرێتەڕوو و بگوترێت؟!

**حەمە کاکەڕەش: ئێوە وەک زۆرینەی رۆماننووس و شاعیرانی کورد، بەڕوانگەیەکی رەشبینییەوە سەیری کۆمەڵگەی کوردیی دەکەن، ئایا دەکرێت رەشبینی وزەیەکی داهێنەرانەو بەدژی ئەو هێزە نەریتییە بێت، لەکۆمەڵگەی ئێمە؟**

یوسف عیزەدین: رەنگە بتوانین بڵێین، هەردەم ئەوەی کەدەتوانێت گۆڕانکاری بهێنێتە بوون، پرسیارکردن و گەڕانی بەردەوام و نەوەستان بێت لەئاستێکی مەعریفی دیاریکراودا؟!..هەر بۆ نموونە ئەو ئەوروپایەی ئەمڕۆ دەیبینین، تا سەدەکانی نۆزدەش بێ هیچ گومانێک و وەک مێژوویەکی حەقیقی دەیڕوانییە، سەرجەم بەسەرهاتەکانی نێو تەورات..ئیدی ئەمە بەو چەشنە مایەوە تا ئەرکیۆلۆژیستەکان توانییان، لەڕێی خوێندنەوەی نووسینە هیرۆگلۆفیی و بزمارییەکان، کۆمەڵێک راستی زۆر جوداو جیاواز، بەدی بکەن؟!..بەڵام ناکرێت ئەو راستیەش بشارینەوە کەپێش ئەو زەمەنەی



کەسەرجەم شتەکانی تێدا روونبێتەوە، بۆ نموونە زانایەکی وەک"نیوتن" سەربەاری دۆزینەوەی زۆر یاسای فیزیکی گرنگ، بەڵام نەیتوانیوە گومان لەوە بکات کەهەموو دنیا لەشەش رۆژدا دروست بووە...یان وەک دەگێڕنەوە "گالیلۆ" لەدادگایی کردنەکەیدا، کاتێک ئەو حیکایەتەی "یەشوع"ی بۆ دەخوێننەوە، کەکاتێک پەلاماری "کەنعان"ی داوە، چۆن یەزدان لەپێناو ئەودا خۆری بەتاقی ئاسمانەوە راگرتووە..گوایە "گالیلۆ" بەگوێبیستی ئەو بەسەرهاتە هەموو گیانی کەوتۆتە لەرزین؟!..بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمڕۆ زانست لەئاستێکدایە، مەگەر تەنها وەک مێژوو بڕوانێتە ئەوەی، کەلەسەردەمانێکدا روویداوەو گێڕانەوەی تەنها بۆ وەبیرخستنەوە بێت..لێرەوە دەبێت ئەو راستییە بیر خۆمان بهێنینەوە، کەئێمەو زۆر نەتەوەی هاوشێوەی خۆمان بەدرێژایی مێژوو توانیومانە لەدەرەوەی مێژوو بمێنینەوە.. تەنانەت وەک لەزۆر شوێنی دیکەدا ئاماژەم پێداوە..خودی بیرمەندانی عەرەب ئەو راستییە ناشارنەوە کەئەوان وەک میللەتێک لەدەرەوەی مێژوودا مانەتەوەو ئاستەمە بتوانن بەو کەرەستە مەعریفیانەی ئێستایانەوە بێنە نێو مێژووەوە..لەکاتێکدا هەیانە پێیان وایە، تەنانەت لەسەردەمانی ئیسلام و فتووحات و غەزاکانیشدا عەرەب نەیتوانیوە بێتە نێو مێژووەوە، واتە بەڕای ئەوان مەگەر توانیبێتی دوور و نزیک لەپەراوێزدا تەپوتۆزێک بەدوای خۆیدا دروست بکات و بەجوینەوەی مەعریفەی ئەم و ئەو..لەپەراوێزی مێژوودا خۆی نمایش بکات..جا ئەگەر رێگەی بنەچەیی و بنەڕەتی لەچوونە نێو مێژوودا، لەبەرهەمهێنانی مەعریفەوە دەست پێبکات..داخوا کامەیە ئەو مەعریفە کوردییەی کەرۆژێک لەرۆژان هەبووە؛ یان رۆژێک لەرۆژان دەبێت؟!

**حەمە کاکەڕەش: شاعیر بەزمان دەتوانێ چ تێکبشکێنێ، سنووری ئەو تێکشکانە لەکوێدایە؟**

یوسف عیزەدین: کارکردن لەهەموو ژانرەکانی ئەدەبدا، تەنها مەجازەو ئەگەر شتێکیشمان بەخەیاڵ و لەخەیاڵدا چنیبێت و لەمیانی وشەوە گوزارشتمان لێکردبێت..ئەوە دەکەوێتە پشت ئەو مەجازەوە؛ کەڕەنگە بیەوێت ئەبجەدییەتی گەردوونمان لێ بشارێتەوە..یان لەبەرچاوماندا؛ هەمووی یان بەشێکی لەدیدگەی خۆیەوە بەرجەستە بکات؟!

"گالیلۆ" یەکێک بووە لەوانەی گەردوونی بەئەبجەدییەتی پیتەکان شوبهاندووە؟!..واتە پێی وابووە کەسیستەمێکی دەلالی واهەیە، بتوانێت هەموو گەردوون لەخۆیدا کۆبکاتەوەو لەڕێی زانینی ئەبجەدییەتی ئەو سیستەمەشەوە، بتوانین گەردوون  بخوێنینەوە؟!

**حەمە کاکەڕەش: چییە وادەکات شیعرێک بەنەمریی بمێنێتەوە؟ کێش و سەروایە؟ زمانە؟ دونیا بینی شاعیرەکەیەتی؟ هەڵگەڕانەوەیە لەزمانی باو؟ یان شیعر شتێکی ترە لەدەرەوەی ئەو چوارچێوە بازییە؟**

یوسف عیزەدین:  پێدەچێت یەکێک لەو شتانەی کەتێکستێکی زیندوو، بەدرێژایی مێژوویەک بەزیندوویەتی  دەهێڵێتەوە، قووڵی ئەو گەمەیە بێت کەلەگەڵ خوێنەری دەکات؟!..ڕەنگە سەرپێی نەزانین چ پێکدادان و ململانێ و بگرەو بەردەیەکی شاراوەو پەنهان لەنێوان خوێنەرو تێکستدا هەیە؟!..ئەمە جگە لەوەی وەک ئاماژەمان پێدا خوێنەر بۆ خۆی بەشدارێکی تێکستە و بەم چەشنەو لەم میانەیەوە هەموو خوێنەر و خوێندنەوەیەکی جوداو جیاواز، نووسینەوەیەکی نوێی تێکستە؟!

**حەمە کاکەڕەش: ژیانی مرۆڤ چەند ساڵێکە و هەر چییەک بخوڵقێنێت؛ ئەوا بایەک هەڵدەکات و هەمووی لەگەڵ خۆیدا دەبات...ئەم دوو دێڕەم لەداستانی گلگامش-ەوە خواستووە!..دەپرسم ئاخۆ شیعر دەتوانێت یادگارێک بێت؛ واتە شتێک بنووسێتەوە ئەو بایە نەتوانێت لەگەڵ خۆی ببیات؟**

یوسف عیزەدین: پێم وانییە هیچ مانەوەیەکی تاسەر و هەمیشەیی هەبێت؟!

حەمە کاکەڕەش: ئەو هۆیانە چین کەزمانی لۆژیک و زانست جیا دەکەنەوە؟ ئایا جیاوازییان ئەوەیە کەزمانی لۆژیک لەچەندین ڕەگەز و توخمی جۆر بەجۆر زامنکراوەو پێکهاتووەو ماوە بەزمان نادات بەئارەزووی خۆی یاری بکات؟ بەپێچەوانەوە زمانی شیعر لەچەند ڕەگەزێکی تێکەڵاو و بەیەکداچوو پێکدێت، کەتا گەمەی پێ بکرێت دەدرەوشێتەوە؟

یوسف عیزەدین: نازانم سەرجەم شتەکان زۆر لەوە نسبی ترن، کەتەسەووری دەکەین..بۆ نموونە "ئیتالیۆ کالڤینۆ"، پێی وایە نووسینەکانی "گالیلۆ"، ئینتیمایان بۆ ئەدەبیاتی کلاسیکی ئیتاڵی زیاترە، لەئینتیمایان بۆ خودی بوارەکەی خۆیان



کەزانستە..ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەو چەشنە مامەڵە مەجازییە بێت، کە"گالیلۆ" لەئەقڵانی کردنی زانستدا بەکاری هێناوە...ئەمە لەکاتێکدا هەر "کالڤینۆ"پێی وایە کەنووسینەکانی ئەدیبانی وەک"دانتی و لیۆباردی"؛ئینتیمایان بۆ دنیای نووسینی زانستی زیاترە وەک دنیای نووسینی ئەدەبی؟!

## - ٨ -

**سدیق عەلی: داخوا بۆ دەبێت ئەو ژانرانەی کەلەقولاییەکانی گێڕانەوە"سەرد"وە هەڵدەقوولێن، هێندە کاریگەرییان لەسەرمان هەبێت؛ بۆ نموونە وەک رۆمان، کەیەکێکە لەژانرە گرنگەکانی بواری ئەدەبیات؟**

یوسف عیزەدین: بەڵێ دەشێت و دەکرێت، لەو پرسیارەوە دەست پێبکەین؛ کەئاخۆ بۆ دەبێت، زۆرێک لەئێمە هەر لەسەردەمانێکی منداڵیمانەوە، ئەوداڵی گوێبیستی بەسەرهات و سەرگوزشتەو ئەفسانەو داستان و بەگشتی سەرجەم حیکایەتەکان بووبێتین... دیارە هەر پێش ئەوەی بەتەواوی فامی دنیامان کردبێت و لەوەی کەلەناو خۆمان و دەوروبەرمان دەگوزەرێت شتێک بەرۆشنی لێی حاڵی بووبێتین.. بەتەواویی و راشکاوانە هەر پێش قۆناغی فێربوونی خوێندنەوەشمان، هێزگەلێکی سەیر و ئەفسوونئامێز هەبووە، تەنانەت زۆر جاران بەدەر لەویست و خواستی خۆمان، لەناوەوەڕا بەرەو دنیاکانی گوێهەڵخستن بۆ بیستنی بەسەرهات و حیکایەت و ماجەرای شتەکان، بەشێوەیەکی سەیر راپێچی کردووین، رەنگە لەپشت ئەوەشەوە چەندین شتی شاراوەی دیکە.. بەجیاوازیی زیاد و کەم کردنی لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، وابەستەی گوێگرتنی کردبێتین؛ لەسەرجەم ئەو بەسەرهات و رووداو و سەرگوزشتەو ماجەرایانەی کەلەگەڵ، ریالیتەبوونی مەوجوودییەتی شتەباسکراوەکاندا زۆر جیاواز و



جوودابوون.. گەر زۆرێک لە ئێمە کەمێک بەوردی لەوساتە زەمەنییانەی رابردووی ژیانی خۆی رابمێنێت، هەست دەکات بۆ خۆشی بەشێک بووە، لەوگەمەی خۆ هەڵخەڵەتاندنەو بەواتایەکی دیکە شتێک بەویستی خۆمان قایل بووین بەوەی کەهەخەڵەتێنرێن، هەرچەند ئەمە نیسبییە و لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام زیاتر زۆربەمان حەزمان بەگوێبیستی حیکایەتەکانە ، چ بەدەمی کەدەگێڕدرێتەوە یان کەلەدوو توێی کتێبەئەدەبیی و مێژووییەکاندا دەخرێتەڕوو.. دیارە هەر بەخۆڕاش نییە، لەزۆربەی قۆناغەکانی خوێندندا هەوڵی کردنە حیکایەتی وانە زانستییەکان درابێت، بۆ نموونە کیمیا و فیزیا و وانە زانستییەکانی تر.. لەئێستاشدا دەبینین بۆ حاڵیبوونی خوێندکاران، چۆن دەکرێنە حیکایەتی بەتام و بەچێژو زۆرجاران هێندەی بەسەرهاتی رۆستەم و سوهراب کاریگەرییان بەسەر خوێندکارانەوە دەبێت!؟.. هەرچەند ئەمە لەڕووی بەئەقڵانی بوون و بەگەڕخستنی توانا ماتەریاڵە مەعریفییەکانی زەین و تەسەووراتی ئێمەی مرۆڤەوە دەرحەق بەشتگەلەکان، کاریگەریی زۆر نێگەتیفانەی دەبێت؛ بەڵام ئەمە واقیعەو یەکالاکردنەوەو قسەو باسێکی قووڵیش لێرەدا سەبارەتی؛ تەوەری باسەکەی ئێستامان نییەو پێشم وانییە وا راگوزەرانە بتوانین؛ لێرەدا شتێکی جیدی لەبارەوە جێبکەینەوە!؟.

**سدیق عەلی: کەواتە دەتوانین بڵێین؛ ئێمەین هەر لەسەرەتاکانی یەکەمین قۆناغەکانی ژیانمانەوە کەمنداڵییە..دەمانەوێت؛ گوێگر و باوەڕپێکەری حیکایەت و داستان و ماجەرا و ئەفسانە خەیاڵییەکان ببین، کەدواتر ژانرەکانی ئەدەبیی لێ دێتە دەر و هەر ئەم حەزی گوێگرتنەمانیشە کەدواتر دەمانکاتە خوێنەری تێکستەکان، پێتان وانییە ئەمە وابێت؟**

یوسف عیزەدین: بەڵێ خۆی لەڕاستیدا، پێوەندی گوێگر و گێرەڕەوە"راوی"و دواتریش خوێنەر و تێکست، سەرباری سانا بوونیان؛ زۆر ئاڵۆزن، لەکاتێکدا بۆ نموونە گەر واز لەگوێگر و گێڕانەوەکان لەئێستادا بهێنین وتەنها ئاماژە بە"رۆمان" وەک ژانرێکی ئەدەبی و خوێنەرەکەی بدەین، دەبینین یەکێک لەرۆماننووسە جدییەکانی دنیا، کەسێکی وەک" ئیمبێرتۆ ئیکۆ" لەکتێبی"شەش پیاسە بەنێو دارستانێکی خەیاڵچندا" هەوڵی تەئویلکردنی زۆر تەرح و بۆچوون و پرسیار دەدات، سەبارەت

بەتێکستە سەردییەکان و بەتایبەتیش تێکستی "ڕۆمان"، بۆ نموونە بۆ ئەو دنیای تێکست و بەتایبەتیش تێکستی "ڕۆمان"، بەدارستانێکی چڕ و پڕ و ترسناک دەشووبهێنێت، کەئێمەی خوێنەری گریمانکراو ڕەنگە لەنێویدا بزرببین و لەنێو هەموو ئەو دنیا داخراوە سیحراوییە، قێزەوونە، جازیبە، ساردو سڕەی نێویدا وێڵ و ئەودالی دۆزینەوەی ڕێگەو ڕێچکەیەک بین بۆ هاتنە دەرەوە، یان چوونە ژوورەوەیەکی تر؟!..
ئیدی بەڕای ئەو لەنێو ئەو دنیا تەسەوورکراوەدا، درەختەکانی ئەو دارستانە گریمانکراوە، بۆیان هەیە بەتەواوی تیشکی خۆرت لێ بشارنەوە، یان جار جارە ڕێبدەن لێت وەدەربکەوێت ولەنێو چڕو پڕی لق و پۆپی درەختە بێکۆتاکانەوە هەست بەزەمەن بکەیت، یان بەتەواوی لەزەمەن بێخەبەر بیت، وەک "ئیکۆ" لەمیانی خستنەڕووی ڕۆمانی"دارستانەکانی لوازی" "سیلڤی لنیرڤال" ئاماژەی پێدەدات، کەدەڵێت:

(دەبێت بزانین چۆن بچینە نێو دارستانەوەو تێیدا پیاسەبکەین و چۆنیش لێی بێینە دەر و تەنانەت گەر پێویستیکرد لەڕێڕەوە تەسک و ترووسکەکانیشی هەڵبێین).. هەموو ئەمەش لەکاتێکدا ڕوودەدات، کەبۆی هەیە وەک لە"دارستانەکانی لوازی"دا ئاماژەی پێکراوە، چڕوپڕی دارو درەختەکان ببێتە مایەی چەواشەکردنی ئەو کەسەی بەنێو دارستانەکەدا دەگەڕێت و نەزانێت لەچ کات و ساتێکی زەمەندایە.

لای "ئیمبێرتۆ ئیکۆ" تێکست دارستانەو خوێنەریش ئەو موغامیرەیە بەنێویدا گوزەردەکات؛ لەکاتێکدا پێش وەخت هیچ نەخشەیەکی لانییەو ئەوە خوێنەرە هەوڵی کەشفکردنەی ئەو پانتاییە جوگرافییە تەسەووریيە وێناکراوە دەدات و بەبێ بوونی ئەو خوێنەرە جیدییە گریمانکراوەش؛ گەمەکە دەست پێناکات.. یان دەتوانین بڵێین تێکست بەبێ بوونی خوێنەر، ئاستەمە بتوانرێت باس لەبوونی بکرێت، واتە بوونە زیندووەکەی تەنانەت گەر لەشوێنێکیشدا بە نووسراوی هەبێت!؟.

**سدیق عەلی: ئەگەر بوونی تێکست و خوێنەری گریمانکراو، بەبێ یەکتر بوونیان نەبێت، کەواتە خوێنەری گریمانکراو بە چەشنێک دەتوانێت بڕوانێتە تێکست کەخۆی لەڕاستیدا وا نییەو شتیکی ترە؟**



یوسف عیزەدین: پێم وایە ئێمە وەک خوێنەر، دەبێت مامەڵەیەکی تەفکیکییانە لەگەڵ تێکست بکەین و سانترالیزمی بونیادە یەکگرتووە گریمانەییەکەی هەڵوەشێنینەوە، تا بتوانین خۆمان بەدوور بگرین لەو دەسەڵاتە موقەددەسە تەقلیدییەی کەدەیەوێت لەپشت تێکستەوە، وەک ئیگۆیەکی باڵا خۆیمان بەسەردا بسەپێنێت، ئیدی زۆرجار گەورەکردنی ناوی دانەرێک و کردنی بەئیگۆیەکی باڵاو ئایدیالیی لەزەینی خوێنەری سادە و ساکاردا دەبێتە مایەی مانەوەی تێکستەکانی لەدەرەوەی هەر جۆرە تێڕوانینێکی جوداو پەرچەکردارێکی تەنانەت ڕاگوزەری کاتی خوێندەنەوەشدا، چونکە هەر لەسەرەتاوە ڕێگرێکی نائاسایی بۆ دروست بووە؛ کەنەتوانێت ئاسایی مامەڵە لەگەڵ تێکستەکانی بۆ نموونە.. ئەو کەسە دیاریکراوە هالە بۆ دروستکراوەدا بکات، هەر ئەمەشە دەبێتە مایەی گۆڕینی خوێندنەوە بۆ ناخوێندنەوەو ئەوەی بەشێوەیەکی بەرفراوان و بەرچاو لەپانتایی خوێندنەوەی کوردیشدا هەڵدەسووڕێت؛ ئەو چەشنە ناخوێندنەوە شەفەهییەیە، کەوەدووی ناوەکان دەکەوێت و وەک هەمووان ئەوە دەڵێت، کەگووتراوە، "ئۆسکار وایڵد" لەشوێنێکدا ئاماژە بەوە دەدات، کەزۆرینە بەلاسایی کردنەوەو دوبارە کردنەوەی چەشن و جۆری گووتراوەکان، هەموو شتێکن تەنها خۆیان نەبن".. ئیدی زۆر بەئاسانی دەتوانین هەست بەوە بکەین، کەزۆرینەی واقیعی کوردی، هەر شتێک بن خۆیان نین؟! بەبواری خوێندنەوەشەوە دەبێت؛ لەدەرەوە فێربکرێن و بانگهێشت بکرێن بۆ خوێندنەوەی فڵانە تێکست و پشت گوێ خستنی فیسارە تێکستی تر. ئیدی ئەو زۆرینەیەش بێ پرسیار مل بۆ ئەوە دەنێت، کەلەدەرەوەڕا بەسەریدا دەسەپێنرێت.

**سدیق عەلی: واتە لەکاتێکدا خوێنەر پێی وایە مومارەسەی خوێندنەوەی تێکستێک دەکات، بۆی هەیە لەڕاستیدا مومارەسەی ناخوێندنەوە بکات، وەک لەکایەی خوێندنەوەی کوردیدا بەدیدەکرێت؟**

یوسف عیزەدین: بەڵێ ئەگەر تێکست لەشوێنێکەوە پەیوەست بێت بەکەینونەوە، یان بوونمانەوە، ئەوە تەئویلی ئێمەی خوێنەر، هەوڵدانێکە بۆ کەشفکردنی ئەو چەشنە تەماسەی کەلەگەڵ شتەکاندا هەیەتی و کردوویەتی..هەموو ئەمەش بەبێ پرسیارکردنی بەردەوام و گەڕانی بێ پسانەوەمان مەیسەر نابێت...تێکستە جدییەکان

ئەو تێکستانەن، کەنەک هەر خۆیان بەئاسانی نادەن بەدەستەوە، بەڵکو بەردەوام قابیل بەخوێندنەوەی نوێ و جدیین..خوێندنەوەش هەردەم لەو شوێنەوە دەست پێدەکات کەدانەرەکەی بەئاگا یان بێئاگا، دەسەڵاتی بەسەردا نەشکاوە، یان لێی بێدەنگ بووە.. یان لەکاتێکدا ویستویەتی شتێک پەردەپۆش بکات شتێکی دیکەی لەو ترسناکتر یان سەیر و سەمەرەتری درکاندووە.. بەبێ گومان و دڵەڕاوکێ و بگرەو بەردەیەکی قووڵی ناوەکی مەحاڵە بتوانین بچینە قووڵایی تێکستە فریودەرەکانەوە، چەند سەیرە کاتێک هەن بەیەقینەوە ساڵانێکی زۆر پێیان وابووە، بەڕاستی "ئەفلاتوون" شاعیرانی لەکۆمارە یۆتۆبییەکەی خۆی وەدەر ناوە، لەبەر ئەوەی بۆ نموونە "ئەفلاتوون" نەیویستووە ئەو دنیا لۆژیکییەی نێو کۆمارەکەی بشێوێنێت، لەگەڵ زۆر راو بۆچوونی دیکەی تر کەلەدەیان دیراسەدا و بەدرێژایی ساڵانێک بەرجەستە کراون، کەچی زۆر دوور بوون لەو پەنهان و نهێنییەی کە"ئەفلاتوون" ویستویەتی خوێنەرانی لێی بێ ئاگا بن، ئەویش ئەوەیە خۆی بەشاراوەیی زمانی شیعری کردۆتە زمانی تەرحە فەلسەفییەکانی و بەمەش لەناوەوەڕا بەنج و مەستمان دەکات و لەجێی ورووژاندنی ئەقڵانییەت و لۆژیک و پانتاییە فیکرییەکان.. ئەو دێت و هەست و سۆزمان سەبارەت بە شتەکان دەبزووێنێت!؟.. ئاخر ئەمە سەیر نییە، زۆر لەپسپۆڕانی فەلسەفە تەنانەت تائێستاو پاش زیاد لەدوو هەزار ساڵ، هەست بە م گەمەیەی ئەو فەیلەسووفە نەکەن و بە یەقینەوە بڕوانن ئەوەی لەمەڕ شیعر و شاعیران تەرحی کردووە... خۆی لەڕاستیدا ئەم گەمەیە و هاوشێوەکانی بەئاگاو بێئاگا لەنێو قووڵایی تێکستە ئەدەبییە جدیی و زیندووەکانیشدا هەیە، بۆ نمونە کاتێک دانەرێک فڵانە گوتاری ڕاشکاوانە لەمەڕ شتێک خستۆتەڕوو و هەموو هەوڵدانی بۆ سەلماندنی تەرحێک بووە، کەچی بۆ نموونە بەپەراوێزێک هەموو ئەوەی کەگوتوویەتی، سەرەو ژێری کردووە، ئیدی هەرچەند دەگوترێت نووسین گەمەیەو بۆ خۆشم تاڕادەیەکی زۆر وایدەبینم، بەڵام ئەو راستیەش ناتوانم بشارمەوە کەزۆرجار کردەی نووسینم لا دەبێتە پانتایی شەڕەجەنگێکی ناوەکی ترسناکی من و هەموو ئەو شتانەی کەناتوانم وەک خۆیان و بۆ خۆیان و لەپێناو خۆیاندا بیانبینم، بەڵکو بەدەر لەویستەکەنم، هەموو ئەو شتانە وەک خۆم و لەشوێنێکی تردا دەبینم..شوێنێک کە



دەکرێت هەموو شتەکانی تێدا لەناوبەرین و بیانسڕینەوە، شوێنێک کەدەتوانێت لەناشوێندا بمانهێڵێتەوە..شوینێک کەشوێنی نووسینە و وەک "رۆلان بارت"یش دەڵێت: ( نووسین لەناوبردنی هەموو دەنگ و رەنگ و بنەماکانە، ئەو پانتاییەیە کەئیگۆ ئەکتیڤەکانی تێدا وندەبن..نووسین ئەو مابەینە رەش و سپییەیە کە کەهەموو شوناسەکانی تێدا وندەبێت؛ بەشوناسی ئەو جەستەیەشەوە کەدەنووسێت)..دەمەوێت هەر لێرەداو جارێکی تر، جەخت بکەمەوە سەر دوا دێڕی گوتەکەی "بارت": کەدەڵێت؛ هەموو شوناسەکانی تێدا وندەنێت بە شوناسی ئەو جەستەیەشەوە کەدەنووسێت، واتە لەنووسیندا وندەبێت و ئیدی تەئویلکرنمان بۆ ئەم دێڕە، دەرکەی زۆر پرسیاری قووڵمان لەمەڕ نووسین بۆ دەخاتە سەر پشت!؟.

**سدیق عەلی: ئاشکرایە لەنێو زۆر نێوەندی ئەدەبیاتی دنیادا، رەخنە رۆڵێکی باش و جیدی دەبینێت؛ لەخستنەڕوو و ناساندنی تێکستدا، بەڕای ئێوە ئەمە لەوەسەتی ئەدەبی کوردیدا تا چەند کاریگەرەو رۆڵی هەیە، مەبەستمان لەبوون و نەبوونی رەخنەی کوردییە؟**

یوسف عیزەدین: دەبێت ئەوە بزانین کەدانەری تێکستی ئەدەبی جددیی (یان وەک بەهەڵە پێی دەگووترێت نووسەر!؟)، کارێکی سیمبۆلی دەکات و بمانەوێت و نەمانەوێت دانەر ئەو کەسە ئیگۆ باڵا و سەنتەری هەموو شتێک و ئیمپراتۆرئاسایە نییە، وەک لەدنیای تەقلیدیی نووسیندا و دەرئەنجامی تەقدیسکردنی دانەر، لەتەرح و تێزە باو و سواوەکانی دنیا وەستاوەکەی ئەدەبیاتدا چەسپاوە، بەڵکو بەڕای من حەقیقەتی تێکست لەو شوێنەوە دەست پێدەکات، کەدانەر بڕستی لێدەبڕێت و کۆنترۆڵی لەدەست دەدات و بەئاگاو بێئاگا تێکستەکە بەرەو شوێنێکی تری دەبەن، کەدانەر مەبەستی نەبووە بەرەو ئەوێ بچێت، ئەمە لەگەڵ ئەوەی نابێت ئەوەش لەیاد بکەین، وەک "مالارمێ" ئاماژەی پێدەدات:

( ئەوەی کەدەدوێت زمانە نەک دانەر!؟).

**سدیق عەلی: تائێستا رەخنەی ئەدەبی کوردی، لەموجامەلەو پیاهەڵدانی زۆر، یان بەپێچەوانەوە شکاندن و رەتکردنەوە تەجاوزی نەکردووە، پێت وایە ئومێدی ئەوە**

**هەیە، پاش بڵاوکردنەوەی چەند وتار و لێکۆڵینەوەیەک چەکەرەی هیوایەک سەری هەڵداوە، بۆ ئەوەی ئێمەش ببینە خاوەن رەخنەیەکی راست و دروست؟**

یوسف عیزەدین: بەڵێ راستە و زۆر ئاساییەو هیچ شتێکی عەجایب نییە، کاتێک دەبینین بەدرێژایی مێژوو ئەوانەی لەسەردەمەکانی خۆیان و لەنێو کۆمەڵگەکانی خۆیاندا زۆر بەباشی جێیان بۆتەوەو تێکستەکانیان بوونەتە وێردی سەر زاران و پێیدا هەڵدراوە؛ پاش خۆیان هەر وەک ئەوەی نەبووبێتن، ناوی خۆیان و تێکستیان دیار نەماوە!؟.

یان دەتوانین بڵێین ئەو تێکستانەی نەک هەر لەسەردەمەکەی خۆیاندا بەڵکو بەدرێژایی مێژوو نەفرەتیان لێکراوەو هەردەم رووبەڕووی سەخترین دژایەتی بوونەتەوە، ئەوانەن کەتائێستا ماوون و تا قسەو باسێکیش لەدنیادا مابێت، هەر قسەو باسیان لەسەر دەکرێت..ئاخر تۆ بڕوانە ئەو "ئیبن خەلدون"ی کەلەکتێبێکی تەنها "موقەدیمە"کەی ماوەتەوەو سەرباری سووتاندنی بەشەکانی دیکەی کتێبەکەی، کەچی نازانم چ کەسێکی جیددی هەیە، لەکاتی خوێندنەوەی ئەو پێشەکییەی"ئیبن خەلدون"دا نەهەژێت..یان کێمان هەیە لەمڕۆدا سەرسام نەبێت بەو توانا سەیرەی کەسانی وەک بۆ نمونە؛"فارابی" کە هەموو ژیانی خۆی بەبێ هیچ بەرانبەرێک تەرخان کردووە بۆ لێتۆژینەوەو لێکۆڵینەوەی قووڵ، دیارە ئەمەشی لەسەخترین رۆژگاردا کردووە، تۆ بێنەرەوە بەرچاوی خۆت، بەدەستهێنان و دروستکردنی کەرەستەکانی نووسین و پەیداکردنیان چەند شتێکی ناڕەحەت بووە، یان بۆ رووناکردنەوەی ژوورێک لەشەودا، دەبێت چییان کردبێت، تا بەشی ئەوە رووناکی تێدا بێت و بتوانن لەژێریدا بخوێننەوەو ئەمە وەک شتگەلێکی سەرەتایی ساناو ساکاری دەست بەکاربوون و پێویستییەکانی.. ئەگینا زۆر کێشەی قووڵی ترسناک لەو دەمانەدا هەبوون؛ کەپەیوەست بوون بەنەگوتن و نەدرکاندنی شتگەلە تابوو قەدەغەکراوەکان... ئەی ئەوە نییە کاتێک" غەزالی" پاش پاشگەزبوونەوەی لەتێڕوانینە لۆژیکییە فەلسەفییەکانی پێشوویی و ئەو دەمی تەسلیم بەیەقینەئاینییەکان وەک خۆی دەبێتەوەو لەشوێنێکدا کەتەکفیری "فارابی و ئیبن سینا" دەکات هەر چەند لەژیاندا نەماون و پاش مەرگی ئەویش کەسێکی وەک "ئیبن روشد" بەسەد ساڵێک زیاتر یان



کەمتردێت و بەکتێبی"تەهافتی تەهافت" تەئویل و تەفسیری دنیا بینی "غەزالی"دەکات و زۆر بەتووندی بەگژ تێڕوانینەکانیدا دەچێتەوەو تەکفیرەکەی سەر "فارابی"و "ئیبن سینا"ش پووچەڵدەکاتەوە... ئەمە لەکاتێکدا لەو سەردەمانەدا بەسەدان بیرمەند و ئەدیب هەبوون، کەهەموو ژیانیان لەدەرباری سوڵتانەکاندا بردۆتە سەرو بەنامێ و ناسراوی زەمەنی خۆیان بوون و کەچی ئێستا ناویان نەماوەو کەسیش باسیان ناکات، ئیدی ئەوەی زەمەنەکان تێپەڕدەکات تێکستە جدییەکانن، ئەی ئەوە نییە سەرباری بوونی چەندین تێکستی شاعیران بۆ نموونە لەسەردەمی بابانەکاندا، لەمڕۆدا تێکستەکانی"نالی"یە کەتواناای تێپەڕکردنی زەمەنەکەی خۆیانی هەبووەو توانیویانە ناوی دانەرەکەشی بهێڵنەوە، ئەگینا زۆری دیکەی ناسراوی زەمەنەکەی خۆیان هەبوون، کەلەئێستادا هەر ناویشیان نەماوەو کەسیش نییە بزانێت چیان گوتوەو نوسیووە؟!..

**سدیق عەلی: ئەی رۆڵی رەخنە لەناساندنی تێکستە زیندووە باش و جدییەکاندا، یان خراپەکاندا چییە؟**

یوسف عیزەدین: رەنگە زۆر کۆمیدی بێت گەر بڵێین، باشترین رۆڵی رەخنە ناساندنی ئیجابیانەی تێکستە مردووەکان و گەورەکردنی دانەرەکانی و هالەدروستکردن بۆیان و ریکلام بۆکردنیانە.. جێی داخە دەتوانین بڵێین زۆر کەمن ئەو رەخنەگرانەی، کەدەتوانن خیانەت لەتێڕوانینی خۆیان نەکەن سەبارەت بەناساندنی تێکستێک، ئاخر چی لەوە سەیرتر هەیە، وەک هەر چەشنە ریکلام بۆکردن و بەچاک ناساندنی کەرەستەو کەل و پەلەکانی بازاڕ، لەپێناو دەسکەوتێکی مادییدا ئاواش؛ فڵانە ئەوەندە تێکستی فیسارە نووسەری نووقسان و سەقەت لەڕووی مەعریفییەوە، بەقۆنتەرات بدەیتە چەند رەخنەگرێک، تا لێمانی بکەنە هێرمان هیسە و بۆرخیس و زۆرێکی تر لەدانەرە جدییەکانی دنیا .. هەر بۆیە بێگومان کاتێک نووسەرە ئێکسپایەرەکانی غەیرە کوردی سەر فڵانە دەزگای ئێرەو ئەوێی شوێنانێک، بانگهێشت دەکرێن و بەحیساب نووسەرانی بوارە جیاجیاکانی ئەدەبیاتی کوردییان پێ دەناسێنرێت، سەیر لەوەدایە زۆر بەزەقی موزمەعیلترین نووسەرانی کورد، بەموزمەعیلترین نووسەرانی شوێنانی دیکەی دنیا دەناسێنرێن، کەواتە لەدنیای موزمەعیلەکاندا کەسانێک هەن،

بەڕاستی نازانن ئەوان موزمەعیل و کلۆڵن، لێوانلێون لەگەوجی و گەمژەیەتی، نغرۆن لەجەهلداو هەردەم بانگەشەی مەعریفەو خۆیان بەسەر دەستەی ئەقڵ و عیرفان دەزانن، بەڕاستی ئەمانە، وەک دوای خۆیان نەک هەر ناخوێنرێنەوە بەڵکو ناویشیان نامێنێت، لەهەمووشی ناخۆشتر ئەوەیە؛ لەژیانی خۆیاندا وەک بۆ خۆیان نەیانزانی، کەسێکیش نەبوو پێیان بڵێت، ئێوە بەبێ ئەوەی بەخۆتان بزانن، هیچ بوون، هیچ!؟

سدیق عەلی: بەڵام ئایا دەتوانین بڵێین؛ هەوڵدانی جدییانە دەتوانێت، چەشنێک لەرەخنەو خوێندنەوەی نوێ بۆ تێکست وجیاواز لەوەی ئاماژەتان پێدا دروست بکات؟

یوسف عیزەدین: تۆ بڕوانە نووسەرێکی بەتوانای وەک"ئێدگەر ئالن پۆ"، دەبینیت لەسەردەمی ژیانیداو لەنێو کۆمەڵگەی ئەمریکیدا بەنەفرەت کراوەو وەک خوێڕیترین و سەخیفترین بوونەوەر سەیر کراوە، بەتایبەتیش کەسێکی مودمین بەمادە بێهۆشکەرەکان بووەو ژیانێکی زۆر ناڕێک و ناخێزانی و ناتەباو تێکەڵ و پێکەڵی ئاڵۆزی هەبووە.. ئیدی نەفرەت کردنی نەک هەر کۆمەڵگەیەک بەڵکو نەفرەت کردنی وەسەتی ئەدەبی ناسراو و باوەڕپێکراوی ئەو دەمی ئەمریکی، توانی بۆ زەمەنێک توانای تێکستەکانی ئەو نووسەرە بشارێتەوە، هەرچەند ئەو نووسەرە بەنەفرەتلێکراوی سەر دەنێتەوە، بەڵام دواتر دنیا لەڕێی دانپێدانانەکانی خوێنەران و نووسەرە بەتوانا فەڕەنساییەکانەوە بەتوانای ناوازەی ئەو ئاشنا بێت و دواجار و تائێستا خوێندنەوەی بێ پسانەوە بۆ تێکستەکانی ئەو زاتە دەکرێت، ئاشکرایە "بۆدلێر"و"مالارمییە"و"دۆستەییڤسکی"لەوانەن کەئاماژەیان بەتوانای ئەو زاتەدا ناوە، بەڵام ئەگەر ئەوانیش نەبانایە، هەر تێکستەکانی"پۆ" لەمرۆدا ئەوە دەبوو، کەقسەو باسیان لەمەڕ دەکرێت.. ئیدی هەر سەرەتایەک دەبێت بۆ ناساندنی تێکتسی جدیی فلان یان فیسارە دانەر، لەهەر رۆژگار و زەمانێکدا بێت.. وەک چۆن پاش سەدان ساڵ، هەبوون لەعاشقانی سۆفیزم؛ پاش جێ هێشتنی خاک و زێدیان و مانەوەیان لەڕۆژهەڵاتدا، توانیان بەچەندین دەردەسەری و کێشەو گرفت، دەیان بەیتە شیعری سۆفیستی، یان وردەکارییەکانی ژیان و مردنی ئەم و ئەویان ساغ بکەنەوە، نازانم گەر لێکۆڵەرەوەیەکی وەک "ماسنیۆن"و هاوشێوەکانی نابانایە دەبوو ئەمڕۆ چەندمان لەبارەی شیعرو ژیانی حەللاج زانیبا، بێگومان زۆر کەم یان هەر هیچ، ئیدی ئەوانن



کەکاریان لەسەر لەبیر کراو و پەراوێزخراوەکان کردووەو هەردەمیش ئەم گەڕانەی کەسە جدییەکان بەردەوەم دەبێت.

**سدیق عەلی: فرۆشی رۆمانە کوردییەکان؛ چەند دانەیەکی کەمیان نەبێت، لەئاستێکی زۆر نزمدایە، ئاخۆ ئەمە گرفتی ناوەڕۆک و کرچی رۆمانەکانە، یان خوێنەری کورد لەگەڵ خوێندنەوەی رۆماندا گرفتی هەیە؟**

یوسف عیزەدین: پێم وایە هەر لەسەرەتاوە، ئاماژەمان بەخوێنەرە گریمانکراوەکانی تێکست کرد، کەدیارە زۆر کەم و دەگمەنن و لەلایەکی تریشەوە، وەک "کلیمنت گرینبێرگ" دەڵێت:

( سەرجەم نووسین و ئیشە باشەکان؛ سەرەتا زۆر دزێو و ناشرین دێنە پێش چاو؟!)..بۆیە دەبێت زۆر بەگومانەوە سەیری هەموو ئەو تێکستانە بکەین کەخوێنەری زۆرە، واتە خوێنەرێکی هەڕەمەکی و سادەو ساکارو بێسەرەو بەرەی زۆرە ..

بەهیچ شێوەیەک زۆر فرۆشتن و کەم فرۆشتنی کتێب؛ نەک تەنها لای کورد بەڵکو لەدنیادا، پێوەندی بەجدییەت و ناجدییەتیەوە نییە..هەر بۆ نموونە "بۆرخیس"، لەگوتەیەکی گاڵتەئامێزی یەکێک لەدیمانەکانیدا، ئاماژە بەوە دەدات لەیەک ساڵدا تەنها دە بیست دانەیەک لەکتێبێکی دەفرۆشێت و ئەویش لەجێی ئەوەی نیگەران و دڵگران بێت، بیر لەوە دەکاتەوە یەکە یەکەی کڕیاری کتێبەکەی لەڕێی وەسڵی فرۆشتنی کتێبەکانییەوە، لەڕێی کتێبخانەکانەوە کڕیارەکان بدۆزێتەوەو بچێتە لای یەکە یەکەیان و لەیەک کاتدا هەم سوپاسیان بکات و هەم پرسیاری ئەوەشیان لێ بکات بۆ کتێبەکەیان کڕیووە، ئەمە جگە لەوەی هەر"بۆرخیس" بۆ خۆی دەڵێت؛ ئاسانترە تەسەووری چەند خوێنەرێکی دیاریکراو بکەیت؛ کەدەتخوێننەوە لەوەی تەسەووری ژمارەیەکی زۆر بکەیت؟!

**سدیق عەلی: ئێستا بەرێژەیەکی بەرچاو کتێب چاپ دەکرێن و ناوی رۆمانیان بەسەرەوەیە، کەهەندێکیان لەلایەن چەند کەسانێکەوە نووسراون؛ هیچ شارەزاییان لەئەدەبی گەلان و تەنانەت لەتەکنیکی نووسینی رۆمانیشدا نییە، ئایا ئەمە لای ئێوە ناو دەبرێت بازرگانی یان، یان هەڵپەی ناو پەیداکردن، پێت وایە کێ دەبێت سنوورێک بۆ ئەو دیارەدەیە دابنێت؟**

یوسف عیزەدین: نازانم من وەک خۆم دژ بەهەموو سنوور و سانسۆرێکم، لێرەدا مەبەستم لەهەر سنوور و سانسۆرێکە بۆ سەپاندنی راوبۆچوونی ستاڤێک لەسانسۆری هەر چەشنە دەسەڵاتێکی دیاریکراو، ئیدی هەرچییەک و کێ بێت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە بەناوی شتێکەوە رێ لەشتێکی تر دەگرێت وناهێڵێت مومارەسەی مافێکی سروشتی خۆی بکات؟!

ئەمە روویەکی مەسەلەکەیە،لەوە ترسناکتر؛ ئەوەی کاری ئەو سانسۆرەی دەرێتە کەس کێیە؟.. ئاخۆ هەر روویەکی دیکەی ئەو کەسە بێتوانایانە نییە، کەوەک ئاماژەتان پێدا شتی کرچ و کاڵ بڵاودەکەنەوە، واتە هەردوو لایان رووی یەک دراو نییە!؟.

باشە ئەگەر سانسۆرێک نەبێت بۆ ئەوانەی بەناوی ئەدەب و بگرە مەعریفەو فیکرەوە ساڵانێکی دوور و درێژە، چیان بووێت چاپ و بڵاوی دەکەنەوە و بەڵکو زۆر لەوە زیاتر و نامەوێت لەوە زیاتر کاتی خۆمانیان پێوە بکوژین و پێم وایە هەرچییەک لەبارەیانەوە بگوترێت عەبەسە، لەمڕۆدا ئەوەو وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا سبەینێیە بڕیار دەدات کامە تێکست دەخوێنرێتەوە، گرنگیش نییە کەم یان زۆر بخوێنرێتەوە.. جابۆیە ناکرێت رێ لەوانەی ئێستا و داهاتوو و هێچ ئان کاتێکی تر بگیرێت، دواجار نووسین کردەیەکی ئازاربەخشی سەختەو وەک "ئەحمەد بۆزفۆر" یش ئاماژە بەوە دەدات؛ کەوەک خۆی ئەو ساتانە بەختەوەرە، کەنانووسێت و دوورە لەدنیای نووسین؟!

— ٩ —

**ستیڤان شەمزینی: گۆشەنیگاکان لەمەڕ رۆڵی رۆشنبیر لێکجودان، ئاڕاستەیەک وا بیر دەکاتەوە رۆشنبیر بوونەوەرێکی خەیاڵیی و دابڕاوە لەدنیای دەوروبەر و بەتەنێ کاری بەرهەمهێنانی مەعریفەیە، یەکێک لەو بیرمەندانەی ئەم بیرکردنەوەی هەیە (ژولین بیندا)یە، بەڵام لەبەرامبەردا ئاڕاستەی دووەم پێیوایە رۆشنبیر سەرباری بەرهەمهێنانی مەعریفە بەشداریی و هەڵوێستی هەیە لەهەمبەر ئەو رووداوانەی لەدەوروبەریدا هەن. هزرمەندی ناسراوی ئەمەریکی بەرەگەز عەرەب (ئێدوارد سەعید) بەدرێژایی یەکێک لەکتێبەکانی (وێناکانی رۆشنبیر) هەوڵیداوە بەمجۆرەی سەرەوە پێناسەی رۆشنبیر بکات، بەڵام پرسیارەکەی من ئەوەیە رۆڵی رۆشنبیر لەدەرەوەی بازنەکانی نووسین چییە؟، ئایا رۆشنبیر مافی ئەوەی هەیە بەناوی جەماوەرەوە قسە بکات و رێنوێنیان بکات یان ئەرکی رۆشنبیر جیایە لەم رۆڵە؟.**

یوسف عیزەدین:سەرباری ئەو ئیشکالە واتاییەی کە لەنێو زۆرێک لەکولتوورەکانی دنیادا دەرحەق بەزاراوەی رۆشنبیر نەخشێنراوەو رۆشنبیری لەبری خودی خۆی کردۆتە شتگەلێکی زۆر جوداو جیاواز. دەکرێت بڵێین بەشێوەیەکی گشتیی رۆشنبیر کەسێکی هەڵسووڕاوە لەنێو ئیدۆلۆژیاکانی زەمەنەکەیداو بەپێی لادانی بەلای ئەم ئیدۆلۆژیا یان ئەو ئیدۆلۆژیادا، جێگەو شوێنی دیاری دەبێت و هەردەم لەنێو دژایەتییەکی سەرزارەکی ئیدۆلۆژیانەدا دێت و دەچێت. ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە مەرج

نییە رۆشنبیر نووسەر بێت، یان بابڵێین ئەگەر نووسەریش بێت نووسەرێکی باش بێت. هەروەهاو بگرە لەوە زیاتریش تەنانەت مەرج نییە رۆشنبیر خوێنەریش بێت "مەبەست لەخوێنەری جیددییە"؟! دیارە هەر لەسەرەتاوە دەبێت بڵێین جیاوازییەکی زۆر قووڵ لەنێوان رۆشنبیر وەک خودێکی ناولێنراو و بەگشتیی لەئێستادا بەو چەشنە ناسراو، لەگەڵ خودێکی کۆجیتۆ ئامێزدا هەیە. بەواتای خودێکی بیرکەرەوەی هۆشمەند لەڕووی فەلسەفیی و مەعریفییەوە. خۆی ئەوەی گرنگیشە لەپانتاییە مەعریفییەکاندا ئەو بیرکردنەوە هۆشمەندانە قووڵانەیە، کە بۆ نموونە کەسێکی وەک "ژاک درێدا" زۆر چەمک و تێڕوانینی دەمێک ساڵ نەگۆڕاوی نێو پانتایی مەعریفە و فەلسەفە، رووبەڕووی چەندین پرسیاری تەفکیکی زۆر قووڵ کردەوەو توانی دیدگەیەکی تەواوی خوێنەرانێکی بەرفراوان، هەر بۆ نموونە دەرحەق بەسەنترالیزمی ئەقڵ بگۆڕێت.

جا لەکاتێکدا کەسانێکی وەک دریداو ئەوانەی وەک ئەو بەدنیایەک پرسیارەوە رووبەڕووی شتەکان دەبنەوە، دنیابینی خۆیان تەرح دەکەن بەنیازی ورووژاندنی پرسیار و کردنەوەی دەرکە مەعریفییەکان، پێموایە ئەوە بەشێکی بەرچاوی رۆشنبیرانە بەبێ فامکردنی ئەوەی کە تەرح کراوەو بەکۆپیکردنی چەند بەشێکی تەرحەکان لەزەینیداو ئەزبەرەکردن و گووتنەوەی کۆمەڵێک راوبۆچوونی ئەم و ئەو، بگرە داکۆکیکردنی کوێرانەشی دێتە نێو بەناو نێوەندە فیکریی و مەعریفییەکەوەو ئیدی بۆ جێکردنەوەی خۆی و خۆ سەپاندنی رەنگە پەنا بۆ دیماگۆکیترین شێوازەکانی بردنەپێش و خۆجێکردنەوەی قسەکانی ببات، کە لەڕاستیدا زۆر بەسەقەتی وەریگرتوون و هەر ئەوەندەشی لێحاڵی بووە. کەواتە بوونی رۆشنبیرانێکی زۆر لەغیابی بیرمەند و نووسەرانی جیددیدا، نەک شتێکی دڵخۆشکەرە نییە، بەڵکو شتێکی سامناکیشە!.

شایانی باسیشە لەسەردەمە جیاجیاکانی دەرکەوتنی زۆرێک لەبیرمەندە بەتواناکانی دنیا، بەتایبەت لەڕابردوودا کایەیەک نەبووە بەناوی کایەی رۆشنبیرانەوە، بۆ نموونە وەک چۆن لەئێستادا هەموو ئەوانەی دەخوێنەوەو کەم تا زۆر شتێک سەبارەت بەوەی دەیخوێننەوە، دەخەنەڕوو، بەرۆشنبیر ناودێر دەکرێن؟! بۆ نموونە



لەسەردەمی "فارابی" و "ئیبن سینا" و "ئیبن روشد" و"ئیبن خەلدون" و "دانتی" و زۆرێکی تردا، ئەو هەموو خوێنەرەی ئێستا بەبەراوورد لەگەڵ رێژەی دانیشتووانی ئەو دەم و ئێستای دنیادا نەبووە، دەتوانین بڵێین رێژەیەکی زۆر کەم لەخوێنەری هۆشمەند هەبووە، کە توانای فامکردنێکی قووڵ و بیرکردنەوەی هەبووە. لەکاتێکدا سەرباری ئەو رێژە هێجگار زۆرەی ئێستای خوێنەران، کەچی لەجێی بەرهەمهێنانی مەعریفەو وورووژاندنی پرسیار بەشێوەیەکی بەرچاو خوێندنەوە بۆتە ناخوێندنەوەو کایەی بەرهەمهێنانی جەهلێکی پەردەپۆشکراوی وێڵ بوو لەنێو وێڵگەکانی "پۆست مۆدێرنیزم"ی ئێستای دنیادا؟!.

**ستیڤان شەمزینی: رۆشنبیری ناسراوی عەرەب (دکتۆر عەلی حەرب) لەکتێبی (رەخنە لەرۆشنبیر و وەهمەکانی دەستەبژێر) دوای شیکارییەکی مەعریفیی چڕ و پڕ دەیەوێت پێمانبڵێت چیدی رۆشنبیر ئەو کائینە نییە کە رەخنە لەدنیاو شتەکان دەگرێت، بەڵکو لەم ساتەوەختە بەدواوە خودی رۆشنبیر لەبەردەم رەخنەیەکی هەمەلایەنەدایە. ئەگەر بەم پێیە بێت خودی رۆشنبیریش لەبەردەم ئیشکالییەتێکی زۆردایەو ئەو بووە نموونەییە نییە کە پێشان سکێچی بۆ کێشرابوو. ئەگەر بێینە سەر بارسی رۆشنبیری کورد (جیا لەوەی گومانمان لەهەبوونی کائینێک بەناوی رۆشنبیری کوردەوە هەیە)، بەڵام ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین ئێمەی کوردیش رۆشنبیری جیددیمان هەیە، دەپرسم ئیشکالییەتە ستراکتۆرییەکانی ئەم رۆشنبیرە چین وچۆن دەتوانین دەستنیشانیان بکەین؟.**

یوسف عیزەدین:من وەک خۆم زۆر بەگومانم لە"رۆشنبیر"، چ وەک زاراوەو چ وەک ئەو پێناسە ئیجابیانەی کە هەر چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی، سیاسیی، کولتووریی، ئاینیی و تاد.. بۆ رۆشنبیرانی خۆی دەکات. واتە وەک نموونەیەک کاتێک رۆشنبیرانێک لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا داکۆکییان لەنازییەت و فاشییەت دەکرد، دژەکەشی ئەو رۆشنبیرانە بوون کە دژایەتی نازیزم و فاشیزمیان دەکرد، دیارە لەپشت رۆشنبیرانی هەردوو بەرەکەشەوە دنیایەک تێڕوانینی سیاسیی، کۆمەڵایەتی، کولتووریی ..تاد هەبوو! واتە رۆشنبیرانی هیچ بەرەیەکیان بەتەنیا خۆیان نەبوون، کە هەڵگری چەشن و تەرزێکی تێڕوانینی جودا بوون لەوەی تر،

بەڵکو ئەوان نوێنەر و دەربڕی تەنزیر و سیاسەتێکی دیاریکراوی بەرەیەک بوون.

بۆیە قسەکردن لەرۆشنبیرانی هەر کۆمەڵێک وەک بوونێکی لێکچوو و یەکگرتوو هەڵەیەکی گەورەیەو بەڕاستی ناکرێت بۆ نموونە بەرەهایی بڵێین رۆشنبیرانی کورد، چوونکە ئەو دەم هەن دەپرسن کامە رۆشنبیرانی کورد؟، رۆشنبیرە ئیماندارە ئایینییەکان، یان چەپەکان، یان ناسیۆنالیستەکان و تاد..؟. ئەمە لەکاتێکدا هەموو ئەمە شتگەلێکی سەرزارەکی و بگرەو بەردەیەکی بێ ئەنجامە لەڕووی ئەنتۆلۆژیای ئەو بوونەوەرەوە کە پێیدەگوترێت مرۆڤ؟! وەک "هایدگەریش ئاماژەی پێ دەدات، خودی بوونمان پەیوەستە بەپرسیارکردنی بەردەواممان دەرحەق بەبوون و کەینوونەوەو هەر خودی شەرعیەتی بوونیشمان، وەک مرۆڤ لەڕووی ئەنتۆلۆژییەوە لەمەوە سەرچاوە دەگرێت؟! ئیدی لێرەوە هەست بەو ئیشکالە گەورەیە دەکەین، کاتێک کەسێک بێت و بەناوی من و تۆوە قسەبکات و وەک نوێنەری من و تۆ و کۆمەڵێکی تری خەڵک خۆی بناسێنێت، جا ئەگەر ناوی رۆشنبیر یان هەر شتێکی تریشی لەخۆی نابێت، ناتوانێت ماهییەتی ئەو گەمە سیاسییە بشارێتەوە، کە هەردەم لەپشت کەوالیسی داکۆکی لەمن و تۆ و ئەم و ئەو و هەمووانەوە دەخرێتەڕوو.

**ستیڤان شەمزینی:تاوەکو ئێستا وابیر لەرۆشنبیر کراوەتەوە کەدەبێت پەیوەندیی ئەو بەدەسەڵاتەوە بەفۆرمێکی ئۆپۆزیسیۆنانە بێت، یان بەواتایەکی تر رۆشنبیر وەک نەیارێکی شێلگیر و سەرسەختی دەسەڵات بەتایبەت دەسەڵاتی سیاسی بینراوەتەوە. من لەم دەرفەتەدا دەپرسم دەبێت پەیوەندیی رۆشنبیر بەدەسەڵاتەوە چۆن بێت؟، ئایا پەیوەندییەکی ئۆپۆزیسیۆنانە بێت یان بەفۆرمێکی تر؟.**

یوسف عیزەدین:پێموایە لەپرسیارەکەی پێشوودا ئاماژەمان بەو چەشن و شێوەی پەیوەندییە دا، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە دەبێت نیسبییەتی راڤەکردن و قسەکردن سەبارەت بەچەمکی رۆشنبیر و ماهییەتی لەبیر نەکەین. واتە من وەک خۆم هیچ حەقیقەتێکی رەها دەرحەق بەسەرجەم پرسیارەکانتان شک نابەم، لەکاتێکیشدا کە خودی حەقیقەت وەک "ئەلبێرت ئەنیشتاین" ئاماژەی پێدەدات، "حەقیقەت سەرباری توانستی بەردەوامبوونی، بەڵام تەنیا خەیاڵێکە". بۆیە هیچ شتێک قابیل بەراوەستان



نییە، تەنانەت لەنێو ئەو دنیا ناونراوە بەوشە دروستکراوەی کەوا لەبارەیەوە دەدوێین، ئەمە جگە لەوەی رۆشنبیر سەرباری ئەو هەموو جودایی و جیاوازیی و گروپگەرێتییەی کەهەیانە، ماتەریاڵێکی وەک بەرد و دار و ئاسن و تەنەکانی تریش نییە، تا باش و ئاسان لەرێی تاقیکردنەوەکانەوە سیفەت و خەسڵەتەکانی ئەم چەشن و جۆر و ئەو چەشن و جۆریان بناسینەوە!. سەرباری ئەوەی کە قسەکردن دەرحەق بەرۆشنبیر، قسەکردنە لەسەر وشەیەکی گوزارشتکەر لەکەس و کەسانێک، کە بەو وشە ناوبراو و ناوهێنراوە هەوڵی جیاکردنەوەیان دەدرێت لەکەس و کەسانی دیکەی کۆمەڵگە. ئیدی ئەمەش بێ مەبەست نەبووەو نییە!.

ئەمە لەکاتێکیشدا کە ناکرێت، بەچاوی بێ تاوانی و مەعسومییەتەوە بڕوانینە هیچ بیرۆکەیەک، تەنانەت ئەوانەشی کە بانگەشەی داکۆکیکردن لەمرۆڤ و مافەکانیشی دەکەن، بەگشتیی یان لەمیانی خستنەڕووی ئەم تێز و ئەو تێزی بەرگریی لەچین و توێژێکی دیاریکراو، لەپێناو مەرامێکی دیاریکراودا. گەر بڕوانینە سەرەتای بەشی یەکەمی "کۆتایی مێژوو و دوا مرۆڤ"ی "فرانسیس فۆکۆیاما"، کە لەدەستپێکدا لەمیانی سەرچاوەیەکی دیکەوە ئەم پەرەگرافەی خوارەوە دەخاتەڕوو (بیرمەندێکی بلیمەتی هاوسەنگی وەک "کانت" زۆر بەجیددی باوەڕی وابوو، کە جەنگ لەخزمەت ئامانجە باڵاکانی یەزداندایە، بەڵام ئێمە پاش هیرۆشیما فێر بووین کە جەنگ لەباشترین گریمانەدا دۆزەخێکی پێویستە. هەروەک چۆن لاهووتییەکی شارەزای وەک قەشە "توما ئیکوینی" دەیتوانی بێ گرێ و گۆڵ دادان بەوەدا بنێت، کە داگیرکەران هەردەم لەخزمەت ئامانجە باڵاکانی یەزداندا بوون، چوونکە ئەگەر ئەو داگیرکەرانە نەبانایە ئەو شەهیدانەیش نەدەبان..!).

**ستیڤان شەمزینی:دەبینین ململانێ و گووتاری نووسین و بڵاوکردنەوە لەکوردستان لەئاستێکی هێندە نزمدایە کە خاڵی بووەتەوە لەهەر داهێنان و خوڵقاندنێکی دیالۆگ، بەئەندازەیەک نووسین بەهای خۆی لەدەستداوە و هیچ بایەخێکی نەماوە، ئەوانەشی دەنووسرێن سەرلەبەریان کۆپی و جووینەوەن، ئایا ئەم کێشەیە پابەندە بەهەژاریی کەلەپووری رۆشنبیریی ئێمە یاخود وابەستەیە بەخودی تاکی نووسەرەوە کەبێ توانایە لەداهێنان و خستەرووی تێز و بیرۆکەی نوێ؟.**

یوسف عیزەدین:جێگەی باسە کە بەشێوەیەکی گشتیی زۆربەی تێکستە جیددی و جوانەکانی دنیا، لەو سەردەمانەدا نووسراونەتەوە کە نەک هەر خوێندنەوە کولتوور نەبووە، بەڵکو دەستکەوتنی کەرەستەکانی نووسینیش کارێکی ئاسان نەبووە، لەگەڵ هەموو ئاستەنگەکانی ئەو دەمانەشدا هەبوون لەقووڵایی بێدەنگیدا زۆر بەئارامی تێکستی وایان نووسیوەتەوەو لەدوای خۆیان جێیان هێشتووە، کە لەمڕۆدا سەرساممان دەکەن، تەنانەت زۆر جار هەر خودی نووسەر بەناو لەو کردەیەدا ونە و کەس نازانێت نووسەر کێیە!.

**ستیڤان شەمزینی:زمانی نووسین لەمیدیا وپێگەکانی بڵاوکردنەوەدا زمانێکی زیاد لەپێویست توند وزبرە،یان بەواتایەکی تر وشە ڕۆڵی گوللە دەبینێت و میکانیزمێکە بۆ سڕینەوەی ئەویتری بەرامبەر. ئایا مافی ئەوەمان نییە بڵێین زمان وگوتاری ڕۆشنبیریی ئێمە هێشتا لەدێوەزمەی دیدێکی شەڕئەنگێزانەو کولتووری لەناوبردن و تواندنەوەی بەرامبەر ڕزگاری نەبووە؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە فۆرم وتەرزێکی تر بدۆزینەوە بۆ نووسین جیا لەم شێوازە باوەی کە لیپاولیپە لەڕۆحی تۆڵەسەندنەوە و تێکشکاندن؟.**

یوسف عیزەدین:بێگومان هیچ کامێک لەو چەشنە نووسین و گوتارانەی کە ئاماژەتان پێدا، دوور و نزیک ناچێتە نێو دنیای مەعریفەو کایەکانی وروژاندنی پرسیارەوە، هەر بۆیە پرسیارەکە لەوەدایە گەر ئەو جۆرە نووسین و تەرحە سەرزارەکییە بارگاوییانە بەڕۆحییەتی تۆڵەسەندنەوەو لێدانی بەرانبەر پەنا بۆ شەڕانگێزیی نەبەن، ئەی پەنا بۆ چی بەرن؟! لەکاتێکدا ئاشکرایە کە بەدرێژایی مێژوو، سەرجەم تەرح و بۆچوونە سەتحییە کوشندەکان لەپشت شەڕە جەنگ و هێرشکردنیان بۆ سەر بەرانبەر، خۆیان حەشار داوە، هەر وەک چۆن لەسەدەی رابردوودا ترسناکترین بیرۆکەی نەژادپەرستی و لەناوبردنی ئەویتر، وەک نازییەت و فاشییەت لەپشت چەند دێڕێکی سەتحی سادەو ساکاری شەڕانگێزدا خۆی حەشار دابوو.

تەنانەت سەرانی نازیی و فاشییەکانیش بۆ خۆشیان ئەو راستییەیان نەشاردۆتەوە کە بیرۆکەو تەرحەکانیان لەهەمان کاتدا قابیل بەتێگەیشتنی هەموانە، ئیدی ئاستی



هۆشیاریی ئەو کەسە هەرچییەک بێت!. لەمەشدا مەبەستیان ئەوەیە کە ترسناکترین و کوشندەترین بیرۆکەی لەناوبردن و سڕینەوەی بەشەر دەتوانێت لەڕێی چەند دێڕێکی زۆر سەتحیی سادە و ساکارەوە خۆی حەشار بدات و لەساناترین درز و کەلێنی هۆشەوە دزە بکاتە نێو زەینی مرۆڤ و ئیدی هێدی هێدی و لەسەرەخۆ خودی مرۆڤ بکاتە دڕندەیەکی ترسناک و کوشندەی سولالەکەی خۆی؟!. دیارە بردنەپێشی هەموو ئەمانەش بەبێ کایەی ڕۆشنبیران و نووسەرانی نووسین و تەرحە ئیدیۆلۆژییەکان نابێت، هەر بۆیە ئەوەی کە لەئێستای میدیای کوردیدا دەگوزەرێت، شتێکی زۆر سەیر و جیاواز نییە بەبەراورد لەگەڵ هەر شوێن و جێگەیەکی دنیا کە هێشتاکە زەمەنی ئیدیۆلۆژیاو بیرۆکە سەتحییەکانی تێدا بەسەر نەچووبێت.

– ١٠ –

**شەنكار عەبدوڵڵا: گەنج كێیە؟ یان گەنجێتی چییە؟**

یوسف عیزەدین: قسەكردن لەسەر ئەم پرسیارە و پرسیارەكانی دیكەش ئاسان نین، ئەگەر مەبەست بێت هەوڵی راڤەكردن و تێڕامان و لێخووردبوونەوە بدەین، ئەگینا چەندین وەڵامی تەقلیدی و حازر بەدەست هەن، كەهەن بێخۆماندووكردن پەنای بۆ دەبەن. گەنجێتی رووكەشیانەو راگوزەرانە گوزارشت لەقۆناغێكی تەمەنی مرۆڤ دەكات، لەڕووی فەسلەجیی و كۆمەڵایەتی و لایەنەكانی دیكەوە. بەڵام كاتێك دەڵێین گەنجێتی چییە، بەبەراورد لەگەڵ زۆرێك لەو پێودانگانەی كەبۆ گەنجێتی دانراوەو تا ئێستاش بەشێوەیەكی گشتی گەنجێتی پێ دەناسرێتەوە، هەست بەدووركەوتنەوەی ئەو جۆرە ناساندنانە دەكەین لەگەڵ خودی گەنجێتی وەك بوونێك، زیاتر ئەوەی تائێستا قسەی لەسەر كراوە گەنجێتییە وەك زاراوەو چەمكێك، یان سایكۆلۆژییەت و توانا فیزیكی و سێكسییەكانی گەنج، یان چۆنییەتی رامكردن و بەكارهێنانی گەنج و هەموو ئەمانەش بەمەبەستی كۆنترۆڵكردن و جڵەوكردنی ئەو بوونەوەرەیە كەپێی دەگوترێت گەنج، ئەگینا كارێكی جیدی دەرحەق بەناساینی ئەو قۆناغەگرنگەی تەمەنی مرۆڤ نەكراوە، ئەوەی كەلەسەرەتادا گەنجێتی بەگەنجان دەناسێنێت كولتوور و داب و نەریت و شتەكانی دیكەی كۆمەڵگەیە، كەدیارە ئەمەش لەكۆمەڵگەیەكەوە بۆ یەكێكی دی جیاوازە.



لێرەدا دەكرێت وەك نمونە ئامـاژە بەگریمانی ئەوە بدەین كەئاخۆ ئەگەر مرۆڤ لە جیهانی ئاژەڵان جیانەبووایەتەوەو تائێستا وەك ئاژەڵ ژیابا، ئەو دەم گەنجێتی بەبێ ناوهێنان و تێفكرین و بیرلێكردنەوەی وەك گەنجێتی هەر ئاژەڵێك، قۆناغێكی ئازادانە دەبوو، رێگرێك نەدەبوو لەبەردەم ممارەسەكردنیدا، هەر لەبەگژداچوونی ئەوانی تردا تادەگاتە خۆفەرزكردن و ممارەسەی سێكس و كردەكانی دیكە. بەڵام لەكۆمەڵگەی مرۆڤدا ئەمە جودایەو هەر لەدەستپێكی گەنجێتییەوە گەنج رووبەڕووی یاساكانی كۆمەڵەكەی دەبێتەوە كەدەبێتە دیوارێك لەئاست ویستەكانی و دەبێتە سەرەتایەك بۆ تێكشكاندنە ناوەكی و دەروونییەكانی، دواتر ئەگەر بەهەموو ئەوانەش بگات كەبەگەنجێتی بیری لێكردۆتەوەو حەزی پێكردووەو ویستویەتی.. ئەوە پێموانییە چێژێكی ئەوتۆی پێ بگەیەنێت. ئەگەر كەمێك لەو هەموو گەنجە كرێكارانەی دنیا رابمێنین، یان ئەوانەی ناچارن بۆ بژێوی خۆیان یان خانەوادەكانیان كار بكەن، دەبینین سەرباری ئەوەی كەوەك زۆر گەنجی دیكەی هاوتەمەنی خۆیان كەپێویستیان بەكاركردن نییە، هەڵگری هەمان خەون و ویست و حەز و ئارەزوون لەكاتێكدا ناعەدالەتی سیستەمێك رێگرە لەوەی كەئەوانیش وەك ئەوانی تر زیندەگی بكەن، بۆیە دەكرێت بڵێین بەشێكی زۆری گەنجانی دنیا ناتوانن بەواتایەك لەواتاكان گەنج بن، هەروەك ئەو منداڵانەی كەبێ بەشن لەوەی وەك منداڵ ئەو قۆناغەی ژیانیان بژین، ئیدی وەك نمونەیەك ئەو مێینانەی كەهەر لەمنداڵییەوە یان گەنجییەوە ناچارن لەشی خۆیان بفرۆشن و ببنە لەشفرۆش، مەحرومن لەخۆشەویستی و خۆشویستن. ئەمە لەگەڵ ئەوەی خودی ئەو سیستەمەی كەئەمڕۆ لەدنیادا باڵادەستە رێگرە لەئاست ممارەسەیەكی ئازادانەی ئەو قۆناغەی تەمەن لەلایەن گەنجانەوە، رەنگە لەكۆمەڵێك شێواز و خستنەڕووی سەرزارەكیدا گەنجانی شوێنێكمان لەشوێنێكی دیكە پێ ئازادتر بێت، لەكاتێكدا ئەوەی كەدەیبینین جیاوازی فۆرمەكانی ژیان و هەڵسووكەوتە، لەنێو سیستمێكی بیرۆكراتیدا كەس ئازاد نییە. راپەڕینی ١٩٦٨–ی گەنجانی فەرەنسا نمونەیەكی ئەو هەستكردنە قووڵەی گەنجانە دەرحەق بەو بیرۆكراتییەتەی كەدنیای كۆنترۆڵكردووە، ئەوان لەو دەمەدا هەمیشە "رەفزكردنیان" كردە دروشم، بەرانبەر

بەدنیایەك راوەستانەوە كەپێیان وابوو لێوانلێوە لەزەبرو زەنگی كۆمەڵایەتی و ئایدیالیزمی فیكری و ئیدیۆلۆژیاشی كردۆتە ماسكێك بۆ شاردنەوەی خودی راستەقینەی خۆی. گەنجە خوێندكارەكانی فەرەنسا هەستیان بەترسناكی زانست كردبوو وەك ئەوەی دەخرێتەڕوو، دەیانزانی دەسەڵاتێكی ئیمپریالییانەی نوێیە بۆ كۆنترۆڵكردنی دنیا، بۆیە لەراگەیاندنێكی دەستەی راپەڕینەكەدا ئاماژەیان بەوە داوە، كەزانست گەرچی رەسەنایەتی لەوەدایە كەلەدەرەوەی بازنەكانی خۆی پراكتیسە بكرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناكرێت بێجگە لەپێودانگێك بۆخۆی هیچی دیكەبێت، بۆیە راشكاوانە گوتویانە: ( بارەفزی ئیمپریالییەتی شەعوەزەكارییانەی زانست بكەین كەبۆتە سەرچاوەی هەموو خراپەكاری و تێكشكاندنەكان).

شەنكار عەبدوڵڵا: ئایا گەنجێتی تەمەنێكی بایۆلۆژییە، یان سۆسیۆلۆژییە؟

یوسف عیزەدین: دیارە سەرجەمی قۆناغەكانی بوونی مرۆڤ ئەو دەمی زیندووەو زیندەگی دەكات بەدەر لەبوونە ئەنتۆلۆژی و سایكۆلۆژی و سۆسیۆلۆژییەكەی بوونێكی فیزیكی و بایۆلۆژیشە.

**شەنكار عەبدوڵڵا: بۆچی دەسەڵات بەگومانە لەگەنج؟ ئایا ئەو گومانەی تا چەند واقیعییە؟**

یوسف عیزەدین: لەمڕۆدا دەسەڵاتی لۆكاڵی هەر شوێنێك یەكەیەكە لەو جەستە گەورەیەی كەسیستمی دەسەڵاتی جیهانی پێكهێناوە، تەنانەت ئەگەر وابێتە پێشچاویش كەدژ بەو دەسەڵاتە جیهانیەشە بەڵام لەڕاستیدا و لەڕوویەكی دیكەوە خزمەتی دەكات. چونكە دەسەڵاتێك كەلەمڕۆدا بەرقەرارە لەسەر پێگەی تەبایی و مرۆڤ دۆستی دانەمەزراوە بەڵكو لەنێو دژایەتیدا گەشە دەكات و تابتەوێت دژ بەمرۆڤ و سروشت و جوانییەكانە. بۆیە گومانی دەسەڵات لەتاكەكانی كۆمەڵ لەهەر زەمان و شوێنێكدا هەبووەو هەیە، دەكرێت لەدوو تویی كتێبەكانی مێژوودا حیكایەتی دەیان كوشتار و قەتڵ و عامكردنی بەرفراوان بخوێنینەوە كەلەگومانی دەسەڵاتدارەوە سەرچاوەی گرتووە، سوڵتان سلێمانی قانوونی لەساتەوەختێكدا كەگومانی لادروست بووە بەرانبەر بەنزیكترین هاوڕێی خۆیی كەبەهەموو شێوەیەك لەخزمەتیدا بووەو هیچ



تاوانێكی نەبووە، كەچی بێ لێكۆڵینەوەو پرسیار و دوودڵی كوشتوویەتی، نەك هەر ئەوەندەش بەڵكو خودی كوڕی خۆی كوشتوە... لەوەش سەیرتر بەسەرهاتی ئەو سوڵتانە عوسمانییەیە كەلەپێناو دەسەڵات گرتنە دەستدا سەرجەم براكانی خۆشی كوشتووە. راستییەكەی هیچ كاتێك دەسەڵات لەسەر متمانە بنیات نانرێت، بەڵكو لەسەر متمانەنەكردن و گومان بنیات دەنرێت، هەر بۆیە كاتێك باسمان لەدەسەڵات كرد دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین، كەنەك هەر گومانی لەگەنجان و سەرجەم تاكەكانی كۆمەڵ هەیە بەڵكو گومانی لەخۆشی هەیە.

**شەنكار عەبدوڵڵا: پەراوێز خستنی گەنج بۆ ناهوشیاری گەنج دەگەڕێتەوە یان پیلانێكی دەسەڵاتە دژ بەو نەوەیە؟**

یوسف عیزەدین: خودی سیستمی گلۆباڵی و سیستمە لۆكاڵییەكان لەسەر بناغەی توندوتیژی و لەناوبردن و سڕینەوەو پەراوێزخستنی ئەوانەی هەڵگری توخمەكانی یاخیبوونن، خۆیان بنیاتناوە. بەڵام بۆئەوەی لەپەراوێزدا نەمێنیتەوە پێویستە یاخی ببیت، یاخی بوونێكی نێگەتیڤانە دژ بەوەی كەپێی قایل نیت و هەموو ئەمەش بەرچاو روونی و فامكردنی ئەوەی دەوێت كەلەدنیادا دەگوزەرێ.

**شەنكار عەبدوڵڵا: زۆرجار گەنج بەوە تاوانبار دەكرێت كەزوڵم و ستەمی بەعسی نەدیوە بۆیە داوای شتی ناواقیعی دەكات بەبڕوای ئێوە تاچەند ئەمە راستە؟**

یوسف عیزەدین: وەبیرهێنانەوەی رابردووی كارەسات و مەرگەسات و بارودۆخێكی تایبەت و نالەباری مێژوویی، بەبێ ئەوەی خودی ئەوانەی كەكاریان ئەو وەبیرهێنانەوەیە، پرۆژەیەكی لێهەڵبهێنجن كارێكی بێسوودەو زیاتریش مەبەست لەو جۆرە وەبیرهێنانەوانە گرتنەخۆی ناڕەزایەتی و یاخیبوونێكە كەهەبێت، هەروەك دەبینین چۆن لایەن و حیزب و گروپ و كۆمەڵە سیاسییەكانی كورد لەئان و ساتێكدا كەمەبەستیان بێت و بارودۆخەكە لەبەرژەوەندیاندا نەبێت و هەست بەنائارامی بكەن پەنای بۆ دەبەن، ئەویش بەكردنە حیكایەتی ئەو جۆرە یادەوەرییانە بەمەبەستی بارگاوی كردنی خەڵكانێك بەگیانی بەرخۆدان و شتی لەو بابەتە لەساتەوەختێكی پێویستدا. واتە زیاتر وەك داردەستێك بەكار هێنراوە نەك وەك بابەتێك بۆ

لێخوردبوونەوەو کاری راڤەکاری، بەمەبەستی هەڵهێنجانی پرۆژەیەك وەك ئەوەی جولەکەکان پاش روودانی هۆلۆکۆست کردیان و دەیکەن، بۆیە ئەگەر لەئاستێکدا کردبێتیانە یادەوەری ئەوە لەئاستەکانی تردا بۆتە پرۆژەی مەعریفی و سیاسی و فیکری، کەبەردەوام لەگۆڕان و پێداچوونەوەو بگرەو بەردەدایە، واتە تەنها لەئاست تاکتیکێکی سیاسیدا رانەوەستاوە، بەڵکو بۆتە ستراتیژییەتێکی کارکردنیان بۆ ئێستاو داهاتوویان. سەبارەت بەپرسیارەکەشتان دەکارێت بڵێم ئاخۆ کاتێك گەنجانی ئەڵمانیا لەمڕۆدا داواکارییەکیان دەبێت، هیچ مانایەکی هەیە گەر دەسەڵاتی ئەڵمانی پێیان بڵێت ئێوە کارەسات و نەهامەتییەکانی جەنگ و ناخۆشییەکانتان نەبینیوە ئەگینا داواکاریتان نەدەبوو! ؟ بێگومان رێگرتن لەداواکارییە رەواکانی هەر چین و توێژێك بەناوی نەژیانیان لەڕابردوودا، یان بەشدارینەکردنیان شتێکی بێمانایەو نغرۆی شۆڤێنییەتە. بەو پێیەی کەکۆمەڵی کوردی-یش کۆمەڵێکی ئایدیۆلۆژییە پێش هەر شتێکی دی و خاوەن پرۆژەیەکی رۆشنبیری و کلتووری و تەنانەت سیاسیش نییە، ئەگەر خاوەنی پرۆژەیەکیش بێت ئەوە وەك "مەتاع سەفەدی" دەڵێت: (هەر ئەوەندەی ئایدیۆلۆژیا زاڵبوو بەسەر پرۆژەیەکی رۆشنبیریدا، ئیدی بەرەو هەڵدێری دروشم و مەراسیم و بۆنەکانی دەبات و ئەوانە دەکاتە ئامانج).

**شەنکار عەبدوڵڵا: واهەست ناکەیت جۆرێك لەونبوون لەناو گەنجاندا هەیە، بەهۆی داخراوی کۆمەڵگە و گەردەلوولی گلۆباڵیزمەوە؟**

یوسف عیزەدین: پێش هەموو شتێك و بەگشتی ونبوون خەسڵەتێکی ئەنتۆلۆژی مرۆڤە، واتە ئاخۆ لەچ سەردەمێکدا مرۆڤەکان بەتایبەت ئەوانەی سەوداسەری بیرکردنەوەو عەودالی تێڕامانن، لەنێو ئەم دنیا سەراسیمەیەدا هەستیان بەونبوونی خۆیان نەکردووە، لەهەموو قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا هەر لەبەرایی بوونییەوە تا ئێستای ئاڵۆز و سەردەمی تەکنۆ-کولتوور ئەو هەستەی بەونبوون هەبووەو دەبێت، ئیدی لەمڕۆدا ئەگەر گەنجان هەست بەونبوون بکەن، دەکرێت تاچەند بڵێین ئەمە ئاساییە یان نائاساییی؟!

یان خوێندنەوەی ئێمە بۆ ئەو حاڵەتەو دەیان حاڵەتی لەو چەشنە چییە،



بەدڵنیاییەوە ئەم پرسیارەو سەرجەم پرسیارەکانی ئێوە لەنێو وەڵامدانەوە سادەکاندا جێیان نابێتەوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کاری ئێمە وەڵامدانەوە نییە، بەڵکو هەوڵدانێکە بۆ راڤەکردن و گفتوگۆکردنێکی پڕ ئەرگۆمێنت، دیارە دەبێت ئەوەش لەیادنەکەین وەڵام وەك خۆی کەرەهایی گرتە خۆی و بەچەشنێك لەچەشنەکان خۆی سەپاند، ئەوە جارێکی دیکە راپێچی نێو بازنە داخراوەکانی دۆگما و ئیمپریالییەتی باڵادەستی زمانمان دەکات و لەوێدا سڕمان دەکات.

**شەنکار عەبدوڵڵا: پێت وایە گەنج پێش ئەوەی کێشەی سیاسی هەبێت کێشەی کۆمەڵایەتی هەبێت؟**

یوسف عیزەدین: گەنج پێش هەموو شتێك کێشەی ئازادبوونی هەیەو ئەم قۆناغەی ژیانی مرۆڤیش لەهەموو قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ زیاتر هەستیارترە بەرانبەر بەو ئاستەنگانەی کەدەبنە رێگر لەئاست خەون و حەز و ئارەزوو و ویستەکانیدا.. حەزو ویستی گەنج بۆ ئازادبوون و بوونی ئەو رۆحییەتەی کەبەرەو یاخیبوونی دەبات، هەردەم بۆتە کەرستەو ئامڕازێك بەدەست ئەو دەستەو تاقم و هێز و گرووپ و دەسەڵاتانەی کەلەساتەوەختە جیاجیاکاندا گەنجیان لەپێناو گەیشتنە مەرامەکانیان بەکارهێناوەو زۆرترین ژمارەشیان لەو پێناوەدا کردوونەتە قوربانی، نموونەی بەکارهێنانی نازی و فاشییەکان و سەرجەم ئەوانەی دیکەش بۆ گەنجان، لەبەرچاودایەو دەکرێت بەوردی لێی وردبینەوە، ئەمە لەکاتێکدا لایەنە نەیارەکانی نازییەت و فاشیزمیش هەر گەنجیان کردۆتە ئامرازی گەیشتنە مەرام و بەدەستهێنانی سەرکەوتنەکانیان، واتە کاتێك لەجەنگی دووەمی جیهانیدا نازی و فاشییەکان گەنج دەکەنە ئامڕازو هۆکار، ئەوە چەکی سەرەکی دژەکەشیان هەر بەکارهێنانی گەنجانەوەو دواجاریش ئەوەی دۆڕاوە یان براوەیە دەوڵەتەو ئەوەی ئەگەر نەشکوژرابێت و چانسی مانەوەی لەژیاندا مابێت گەنجێکی سەقەت و نووقسانە، جا چ لەڕووی ئۆرگانیکییەوە بێت، یان لەباری سایکۆلۆژییەوە.. لەنێو هەموو دەوڵەتانی دنیادا کاتێك گەنجان خۆپیشاندان دەکەن و دەڕژێنە نێو شەقامەکان، ئەوەی کەبەرپەرچیان دەداتەوەو ئەگەر پێویستی کرد سەرو گوێلاکیان دەشکێنێت... یان راپێچی زیندانەکانیان دەکات،

لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتە بەڵام خودی تاکەکانی ئەو هێزەی کەبەرەنگاریان دەبێتەوە لەپۆلیس و ئاسایش و هێزەکانی تر لەڕاستیدا زۆرترینیان لەگەنجانێك پێكهاتوون کە لەهیچ روویەکەوە لەگەڵ ئەو گەنجانەدا جیاوازیان نییە کەناچارن لەڕوویاندا رابوەستن، ئیدی ئەگەر کەمێك لەم نمونەیەو نمونەکانی دیکە وردبینەوە دەزانین ئێمە دەبێت لەکوێوە بڕوانینە کێشەکان!؟.

**شەنکار عەبدوڵڵا: گەنجی ئێمە کوردستانی لێ بووە بەجەهەنەم و ئەوروپاشی کردووە بەبەهەشت، وەك ئەوەی ئێوە ئێستا لەدەرەوەی وڵاتن تاچەند ئەمە واقیعییەو راکردن لەم واقیعە تا چەند گەیشتنە بەو بەهەشتە؟**

یوسف عیزەدین: وەهمی رزگاربوون و گەیشتنە شوێنجێگەیەك بەبەهەشت بچێت، لەقووڵایی تێڕوانینی غەیبانی و میتافیزیکییەوە هەڵدەقووڵێت و تەنها خەون و خەیاڵی گەنجانی کوردستان نییە.. زۆرێك لەگەنجانی ئەوروپا خەون بەگەیشتنە ئەمریکاوە دەبینن و گەنجانی شوێنانی دیکەش بەشوێنێکی ترەوەو ئیدی بەم شێوەیە، هەردەم ئەم چەشنە حەز و ئارەزووانە بۆتە بەشێکی جیانەکراوەی هەوڵدانی گەنجان بۆ بەدەست هێنانی ژیانێکی ئاسوودەو پڕ ئارامی و دوورکەوتنەوە لەواقیعی تاڵی ژیانێك کەلەزێد و شوێنجێگەی خۆیاندا گیرۆدەی بوون، بەڵام تاچەند ئەم خەیاڵ و خەونە وەهم ئامێزە واقیعییە ئەوە مەسەلەیەکی ترەو بەڵام لەهەموو بارەکاندا دەبێت مرۆڤ سەربەست بێت لەهەڵبژاردنی هەر شوێن و جێگەیەك کەمەبەستی بێت تێیدا بژی و پێی وابێت لەوێدا ئارامی و ئاسوودەیی و خۆشبەختی بەدەست دەهێنێت، ئیدی ئەوە ئەو سیستمە گڵۆباڵەی ناشیرینەی دنیایە کەدەبێتە رێگری مرۆڤە کەمدەرامەت و هەژارەکان لەئیختیاری ئەو شوێنەی کەمەبەستیانە، لەکاتێکدا زەنگین و دەوڵەمەندان چۆن دەرکەی هەموو بانك و بازاڕەکانی دنیا لەبەردەم هاتن و چوون و هەڵسوڕانی سەرمایەو کاڵاکانیاندا کراوەیە، ئاواش هەموو شوێن جێگەیەکی دنیا بۆ ئەوان وەك خاك و زێدی خۆیان لەئامێزیان دەگرێت. ئەوانەی کەبوونەتە رێگر لەئاست کۆچکردنی گەنجان بۆ هەر شوێنێك کەگەرەکیان بێت، هەر ئەوانەن کەبۆ خۆیان مۆنۆپۆڵی هەموو جەمسەرە ئابووری و سەرمایەگوزارییەکانی کۆمەڵیان کردووەو بازاڕەکەشیان وا دەخوازێت



کەگەنجانی ژێر دەسەڵاتیان ناچار بکەن بەمانەوەو هەردەم کەرستەیەکی خاوی پرۆژەکانیان بن، لەمەشدا دەسەڵاتە لۆکاڵی و گڵۆباڵییەکە هاوڕاو یەکگرتوون، هەر بۆیە رۆژانە دەیان لەمپەر لەئاست کۆچکردن و مافی نیشتەجێبوونی مرۆڤدا دادەنرێت و هێندەی کەمەبەستیشیان بێت بۆ خۆیان دەرکەی کۆچکردن دەکەنەوە، ئەو ئەوروپایەی کەئێستا دەرکە لەڕووی پەناهەندەکاندا دادەخات رۆژگارێك بۆ خۆی مەبەستی بووە کۆچبەرانێك لێرەو لەوێی دنیاوە رووی تێبکەن.. بەهەرحاڵ دەبێت ئەوە لەیاد نەکەین ئەوەی ئەم دنیا ماتەریالییە هەڵدەسووڕێنێت بەرژەوەندیی چینە باڵادەستەکانە.

**شەنکار عەبدوڵڵا: لەکوردستاندا تا چەند هەست بەململانێی نێوان نەوەکان دەکرێت؟ ئایا بەبۆچوونی ئێوە ئەم ململانێیە بە قازانجی چ نەوەیەکیان دەبێت؟**

یوسف عیزەدین: دیارە کەباس دێتە سەر ململانێ مەبەست لەململانێیەکی سەرپێی و سەرزارەکی نییە، بەڵکو خودی ناونانی شتێك بەململانێ لە بگرەو بەردەیەکی توندی فیکری و مەعریفییەوە سەرچاوە دەگرێت، بەمەبەستی گۆڕان و هەنگاو نانێکی جوداو جیاواز لەوەی پێشووتر. بۆیە پرسیارەکە لەوەدایە ئەگەر ململانێیەکی لەو چەشنە بەشێوەیەکی بەرفراوان پێشووتر هەبووبێت یان لەئێستادا هەبێت، بۆ دەبێت هەست بەپێکدادانە ناوەکی و خودی و بابەتییەکانی نەکەین و راشکاوانە دەرئەنجامەکانی نەبینینەوە.

کاتێك باس لەبوونی ململانێیەك دەکرێت، دەبێت دەرئەنجامی ئەو ململانێیەش لەبەرچاو بگیرێت، یان بەبەرجەستەکراوی دەستنیشان بکرێت.

نازانم وەك نمونەیەك ئەگەر سەرژمێرییەك بکرێت، دەبێت رێژەی خەتەکردنی مێینە لەکوردستاندا بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو و پێشووتردا، چەند بەرەو کەمبوونەوە چووبێت، تا بتوانین بڵێین لەئێستادا باوك بەتایبەتی و خانەوادەی کوردی بەگشتی ئەوەی پێشووتر نییەو گۆڕانی بەسەرداهاتووە؟! یان کاتێك باس لەبڕیارێکی پەرلەمان دەکرێت لەسەر فرەژنی دەبێت چەند بەعەمەلی و بەشێوەیەکی گشتی هەر هیچ نەبێت نەوەی نوێ دژ بەم بڕیارە نارەزایەتی خۆیان دەربڕیبێت؟! کەواتە تۆ ئەگەر وەك

ميللەتێك هەڵگری هەمان تێڕوانینەكانی پێشووتر بیت و هیچ ئاڵوگۆڕێكی بەرچاو لەپابەندبوونت بەداب و نەریت و میراتی پێشینەی خۆتەوە رووینەدابێت، ئەی كەواتە كوا ئەو ململانێ و كێشمانكێشەی كەهەن دەڵێن هەیە.. لەكاتێكدا كەئەگەر هەشبێت تەنها لەئاست گەنجان و خەڵكانێكی هۆشمەنددا بەدی دەكرێت و زیاتر تێڕوانین و دنیابینییە لەوەی كەبووبێتە هەوڵدانێكی عەمەلی.

**شەنكار عەبدوڵڵا: ئایا دەبێت نەوەی نوێ بەردەوام بێت لەو ململانێیەی یان چاوەڕێ بێت تا پیرەكان بمرن و كورسییەكان جێ بهێڵن؟**

یوسف عیزەدین: چاوەڕێ كردنی چۆڵبوونی شوێن و جێگەی كەسانی تر بەمەبەستی جێگرتنەوەیان، تێڕوانینێكی كرچ و كاڵ و نەزۆكەو هیچ مەعریفەیەك لەپشتیەوە نییە. تەنانەت هەڵقوڵاوی ئەو بیرۆكراتیەتەیە كەلەسەردەمی عوسمانییەكانەوە لەنێو ئەو پانتاییەی كەعوسمانییەكان تێیدا باڵادەست بوون، هێشتاكە پەیڕەوی لێدەكرێت و یەكێكە لەهۆكارەكانی دواكەوتن و كۆنەخوازی و راوحكردن و مانەوە لەشوێنێكی دیاریكراودا، ئەو سیستمەی كەعوسمانییەكان پەیڕەویان لێ دەركرد، لەباڵادەستكردنی كەسانێكی بەمەوقیع و مەقام و مانەوەیان لەشوێنی خۆیاندا تا دەمردن و بەمەش سەرجەم كۆمەڵگەكانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان ئیفلیجكردبوو، هەر ئەمەشە بەمیرات بۆمان ماوەتەوەو تائێستاش لەكوردستاندا پیادە دەكرێت.

قسە لەوەی كەدەبێت نەوەی نوێ بیكات؟! دیارە چاوەڕێكردنی شوێنجێگەو مەوقیعەكان نییە، یان هاتنە دی خەیاڵ و خەونێكی بۆ گەیشتنە سەرووی هەڕەمەكە، بەڵكو كاری ئەو هەوڵدانێتی بۆ گۆڕینی ئەوەی كەهەیە هەر لەمیرات و كولتوورەوە تا دەگاتە شتە وردەكانیش.

**شەنكار عەبدوڵڵا: گەنجی ئێمە تاچەند توانیویەتی مومارەسەی گەنجێتی خۆی بكات؟**

یوسف عیزەدین: بەشێوەیەكی گشتی گەنجانی كورد بێبەرین لەمومارەسەكردنی ئەو قۆناغەی ژیانیان.

**شەنكار عەبدوڵڵا: گەنجی ئێمە تاچەند توانیویەتی یاخی بێت لەو ترادیسیۆنە**



**تەقلیدییەی كەنەوەی پێش خۆی بەسەریدا سەپاندووە؟**

یوسف عیزەدین: پێموایە پێشتر شتێكمان سەبارەت بەم پرسیارە خستەڕوو.

**شەنكار عەبدوڵڵا: ئایا لەئێستادا دەرفەت بۆ كام نەوە لەبارە بۆ سەركەوتن لەو ململانێیەدا هەتا ئەفكارەكانی خۆیان پەرەپێبدەن و هەیمەنە بكەن؟**

یوسف عیزەدین: راستیەكەی رەنگە لەئێستادا نەتوانم شتێكی ئەو تۆ لەبارەی ئەم پرسیارەوە بڵێم.

- ١١ -

**کارزان ڕەحمان: کۆمەڵێک گەنج لەدوای ساڵی ٢٠٠٠-ەوە دەرکەوتوون، کەدەتوانین بڵێین ئەمانە نەوەی دوای٢٠٠٠-ن. ئایا ئەم نەوە تازەیە لەچ لایەنێکەوەو تاچەند ئیزافەیان کردووەتە سەر ئەدەبی کوردی؟**

یوسف عیزەدین: "ئەمبێرتۆ ئیکۆ" دەڵێت:

( هیچ شتێک لەمرۆدا نییە، لەشڵەژان و شێواندن بەدەر بێت، هەروەک چۆن هیچ شتێکیش نییە دوور بێت لەجەهل و ئیلتیباسەوە)..دەکرێت و دەشێت لەم تێڕوانینەی "ئیکۆ"-ەوە بڕوانینە زۆرێک لەو شتانەی لەم دنیایەی ئێستاماندا و لەنێو زۆر کایە و بواریدا دەگوزەرێت، دیارە بەتاوتوێکردنی هەر پێنج پرسیارەکەشتانەوە، کەسەرجەمیان بارگاوین بەئەرگۆمێنت و دەبێت بەو پەڕی گومان و پرسیارەوە، دوور و نزیک خۆمانی لێبدەین، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی هەر شتێک کەمن لێرەدا سەبارەتی بیڵێم؛ تەنها هەوڵدانە بۆ کردنەوەی دەرکەو دەروازەکانی پرسیارگەلێکی دیکەی ئەرگۆمێنتاویی گرنگ و دەبێت هەردەمیش لەوەڵامدانەوە خۆمان رابپسکێنین و هەمیشە لەمیانی تەرحکردنی پرسیارەکانەوە، یەقینەکان بسڕینەوەو ئەوداڵی یەکالاکردنەوەو کەشفکردنی شاراوەو پەنهانەکان ببین، گەرچی پێ بزانین و نەزانین هەموو ئەمانە لەنێو بێهوودەییەکی قووڵی پڕ نیگەرانیمان، دەرحەق بە شتەکان هەڵدەسووڕێن...دەمەوێت وەک لەزۆر شوێندا جەختم کردۆتەسەر ئەوەی کەمن؛ لەهیچ ئان و زەمانێکدا وەڵامم بۆ هیچ پرسیارو پرسیارگەلێک پێ نییە و بۆ خۆم دوژمنێکی سەرسەختی سەرجەم وەڵام و وەڵامگەلە راوەستاو و دۆگم ئامێزەکانم..



نازانم بۆ نمونە هەرچییەک سەبارەت بەمنداڵی مرۆڤ بگوترێت و هەرچۆنێک دەسنیشان بکرێت و وەک بەڵگەنەویست ئاماژەی پێبدرێت، بەڵام کەسێکی وەک "بۆرخیس" لەتەمەنی نۆ ساڵیدا تێکستی "میری بەختەوەر"ی "ئۆسکار وایڵد"ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی "ئیسپانی"؟!..یان هەمووان ئەوە دەزانین "مۆزارت" و "بتهۆڤن" لەتەمەنێکی زۆر منداڵیدا لەئاستێکی زۆر بەرزدا، نەک هەر میوزکیان ژەنیوە؛ بەڵکو ئاوازیشیان داناوە؟!.. ئیدی لەکاتێکدا بەشێوەیەکی گشتی پێودانگەکانی منداڵی و منداڵبوون هەرچییەک بن، ناتوانین نکووڵی لەو شتە سەیرئامێز و گرنگانە بکەین، کەهەر لەو تەمەنەدا هەن توانیویانە بیکەن..هەروەهاش گەنجێتی، واتە مەرج نییە ئەوەی بەگشتی و تەقلیدییانە سەبارەت بەگەنج بەگشتی دەگوترێت؛ بلیمەتێکی گەنجی بواری هونەر و ئەدەب، یان هەر بوارێکی دیکە بگرێتەوە؟!.

بۆ نموونە کاتێک بەگشتی گەنج حەزی بەوەرزش ، یان زۆر شتی دیکەیە، ئەوە رەنگە ئەو گەنجەی کەتوانای قووڵبوونەوەی لەدنیای خوێندنەوەو نووسیندا هەیە، بەوان نەچێت و وەک ئەوان نەبێت ، لەڕووی کردنی ئەو کردانەی کەهاوتەمەنەکانی پێی هەڵدەستن، هەرچەند کردنیشی، واتە وەک ئەوان هەڵسووڕانیشی، کارێکی خراپ نییە و بگرە واباشە وەک ئەوان ئاسایی بێت، بەڵام کێشەکە لەودایە، کەنایەوێت لەوان بچێت، یان ئەگەر بشیەوێت ناتوانێت لەوان بچێت؟!.

هەر بۆیە سەیر نییە گەنجێکی ژیان سەیر و سەمەرەو جیاوازی وەک"بۆرخیس" لەجێی ئەوەی سەتحییانە وەک زۆرێک لەنەوەکەی خۆی بیر بکاتەوەو بگوزەرێت، ئەو دێت و خۆی بەخوێندنەوەو شیعر نووسینەوە سەرقاڵ دەکات و هەروەک چۆن ئاماژەشمان پێدا هەر لەمنداڵییەوە خولیای ئەدەبیاتی هەبووەو ئیدی لەبیست و سێ ساڵیدا یەکەمین کۆمەڵە شیعری خۆی بەچاپ دەگەیەنێت.. کەتائێستاش بەجدیترین تێکستە شیعرییەکانی "بۆرخیس" دەدرێنە قەڵەم.. دەبینین بەهیچ شێوەک تەمەنی ئەو زاتەو چەندین کەسی دیکەی نێو دنیای ئەدەبیات ڕێگر نەبوون لەوەی جوانترین تێکستەکانی خۆیان لەگەنجێتیدا بنووسن...وەک "رامبۆ"و"بۆدلێر"و"ئێدگەر ئالن پۆ" و "هێرمان هیسە"و ژمارەیەکی زۆر لەوانەی کەهەر لەگەنجییەوە.. تێکستی زۆر

جوانییان نووسیوه.. یان دەتوانین بەشێوەیەکی دیکە بڵێین تەمەن ڕۆڵێکی ئەو تۆ نابینێت لەنووسینی تێکستی جدیی و جواندا، ئیدی دەکرێت نووسەرێکی وەک"سیلین" لەدواییەکانی ژیانی هەر پێش مردنی "کەتەمەنی لەسەرو شەستەوە بوو" یەکێک لەتێکستە باشەکانی خۆی بنووسێتەوە، یان وەک "بەدر شاکر سەیاب" کەبەگەنجی نەک هەر تێکستی جیدی نووسی، بەڵکو بۆ هەتا هەتایە جوگرافیای شیعری عەرەبیشی گۆڕی و بەو چەند ساڵە کورتەی ژیانی توانی، بەرهەمگەلێکی وا جێ بهێڵێت، کەبەدرێژایی سەدەیەک بووە جێی قسەو باس و ئێستاش بەردەوامە.. ئیدی هەشن ئەگەر عومری "نوح"و هەموو کتێبەکانی دنیا و باشترین کاتی بێ ئیش و کاریی و چاکترین بارودۆخی ماددییان بخەیتە بەر دەست، ناتوانن بەدرێژایی ژیانیان یەک دێڕی جیدی بنووسن؟!.

ئەمە لەکاتێکدا شاعیرێکی بەتوانای وەک"نالی" کەنەک هەر بەهرەمەند نەبووە لەخۆشگوزەرانی و رەحەتیی ژیان، بەڵکو لەناڕەحەتریین ژیانی پڕ نەهامەتیدا ژیاوەو هاوکات توانیویەتی باشترین تێکستە شیعرییەکانی خۆشی بێنێتە بوون، بەچەشنێک کەلەمڕۆشدا سەراسیمەو شەیدامان دەکات و پاش خوێندنەوەیەکی قووڵی هێندێک لە تێکستەکانی دەگەینە ئەو راستییەی، ئەو لەهەبوون و نەبوونێکی مەجازیدا، کاری کردووە..واتە کارکردن لەو شوێنانەی تێکستدا، کەبەونکردن و ونبوونیان، شتێکی دیکەی جیاواز لەتێکستە ئەسڵییەکە"مەبەستم لەتێکستە مەجازییەکەی لای دانەرە" لێ پێک دێت!؟.

**کارزان ڕەحمان: لەدوای ٢٠٠٠ەوە، کۆمەڵێک کتێبی شیعری بڵاوکراونەتەوە، هەروەها چەندین دەقیش لەگۆڤار و رۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە، کەنووسەرەکانیان بەتەمەن گەنجن. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بەشاعیرە باشەکانی ئەو نەوەیە بڵێین باش و بەخراپەکانیش هەروەتر، باشی و خراپیش بەلێکدانەوەو دوور لەناوچێتی و هاوڕێتی و هەر پێوەندی و رقبەرایەتییەکی تری ناپێویست؟**

یوسف عیزەدین: خۆی لەڕاسیتدا و بەشێوەیەکی گشتی، هەوڵ دەدەم؛ سەرجەم ئەوەی کەپێویستە بگوترێت و پەیوەستە بەراستەوخۆیی پرسیارەکانتان سەبارەت بەگەنجان، ئەگەر توانیم بۆ دوا پرسیارتان بهێڵمەوە و تا ئەوێش گەر توانیم هەوڵ



دەدەم، لەکون و کەلێن و شوێنجێگەی دیکەوەو شانبەشانی ئێوە، پرسیارگەلێکی دیکە بوروورژێنم، بەمەبەستی خولْقاندنی بگرەو بەردەیەکی جوداو جیاواز لەتەقلیدییەتی ئەو چەشنە مامەڵەیەی کەتا ئێستا لەتەک تەوەر و دیدار و هاوچەشنەکانیدا کراوە، کەلەزۆربەیاندا یەقین و وەڵامدانەوەی موتڵەق و تەسەووراتی دۆگم ئامێز و دنیابینی مەحکەم، مەترەحە و لەودیو ئەوەشەوە، شتێکی دیکەمان ناکەوێتە بەرچاو.. بەڵام تۆ بڕوانە تازەترین بابەت کەپێش ئەوەی بکەومە تایپکردنی ئەم وشانە، هەر ئەم بەیانییە بەرچاوم کەوت، ئەویش کەشفبوونی شتێکی زۆر گرنگە کەساڵانێکە لەمۆزەخانەی هۆڵەندا، بەو پەڕی وریاییەوە هەڵگیراوەو کەپێشتر وەک دیارییەکی بەنرخ و لەساڵی١٩٦٩ پێشکەش بەسەرۆک حکومەتی هۆڵەندا"ولیام دریس"کراوە.. دیارە ئەو شتە گرنگەش پارچە بەردێکی سەر مانگ بووە، یان دەتوانین بڵێین تا پێش کەشفبوونیشی؛ نەزانراوە کەبەردی سەر مانگ نییەو تەنها پارچە تەختەیەکی سەر زەوی بەبەردبووە، ..جا ئەوەی لەم ئاماژەپێدان و خستنەڕووەماندا گرنگە، ئەو راستییە کەدەرئەنجامی گومانی کارمەندێکی نێو مۆزەخانەکە بەناوی"کساندرا ڤان" لەپارچە بەردەکە، دەبێتە مایەی پشکنینی و دەرکەوتنی راستییەکی هەڵخەڵەتێنەری سەیر، وەک"کساندرا ڤان"یش دەڵێت: (مەگەر تەنها بەزانینی ئەم راستییە پێبکەنین) .. نازانم سەیر نییە پاش ساڵانێکی دوور و درێژ، گومانی کەس و کەسانێک، دواجار بووبێتە مایەی دەستدان لەشتێکی زۆر گرنگ و یەکاڵاکردنەوەی راستی موزەیەفبوونی؟! هەر پاش ئەو کەشفبوونەش، زانییان ئەو دەوڵەتەی ئەو بەردەی پێشکەش بەسەرۆک حکومەتەکەیان کردووە، لەژێریدا نەینوسیوە؛ بەردێکی سەر مانگ و دواجاریش وا تازە دەگەنە ئەو راستییەی؛ کەئەگەر بەراستی بەردێکی سەر مانگ بایە، ئەوە بێشک پێشکەش بەشاژنی ئەودەمی هۆڵەندا"یولیانا" دەکرا، کەواتە ئەو کەسەی ئەو فێڵەی لێ کردوون، شتێکی زۆر قووڵ و هەمەلایەنەی لەگەڵ کردوون.. کەلەئێستادا بۆتە دەیان پرسیار سەبارەت بەرابردوو و ئێستا و داهاتووی خۆیان؟!.

**کارزان ڕەحمان: رەخنەی ئەدەبی کوردی هەردەم لاواز و راگوزەر بووە، بەڵام دەبینین رەخنەو لێکۆڵینەوە لەهەمبەر دەقی شیعریی ئەو شاعیرە گەنج و تازەیەدا**

**لاوازترن، دەمەوێ بەوردی تیشک بخەیتە سەر هۆکارەکان، بۆچی؟**

یوسف عیزەدین: ڕەنگە لەم دەرفەتەدا، نەتوانم شتێکی ئەوتۆ، سەبارەت بەپرسیارەکەتان بخەمەڕوو، بەتایبەتیش سەبارەت بەوەی ئاخۆ بۆ هەندێک لەنووسەرانی بواری ڕەخنەی کوردی، لەسەر کۆمەڵێک تێکستی جیددی فڵانە نەوەی نەنووسیوە؟!.. یان بۆ بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەسکەوتێکی ماددی، هەندێک بەناو ڕەخنەگر بەپێی تەڵەبی فڵان وفیسارە ڕۆژنامە و گۆڤاری ئەدەبی کار دەکەن و ئامادەن، لەسەر هەر تێکستێکی چرووک و خراپ بنووسن؛ کە لەسەرەوە بۆیان دیاری دەکرێت و خەڵاتە ماددییەکەی مسۆگەرە.. پێم وایە زۆر کەمن ئەو ڕەخنەگرانەی، کەدەتوانن تەنها بۆ خستنەڕووی دنیای جوانی ئەدەبیانەی تێکستێک، بێ هیچ بەرژەوەندییەکی زاتی لەسەری بنووسن؟! لەکاتێکدا چەند زۆرە ئەو بەناو دیراسانەی لێرەو لەوێ لەسەر هەندێک لەو تێکستانە نووسراوە، کەخاوەنەکانیان لەشوێنێکی دیاریکراو و بەرچاوی دەزگایەکی ڕۆشنبیری یان شوێنێکی لەو چەشنەدا دەستبەکار و بەرپرسن، کەپێم وایە ئاستەمە هیچ لەو جۆرە نووسینە بەناو ڕەخنەییانە چاوەڕێ بکرێت، کەبەمەبەستی خۆ بردنە پێش و خۆ جێکردنەوە نووسراون و هیچ پێوەندییەکی بەورووژاندنی پرسیار و خستنەڕووی تەفکیکیانەی تێکست و بگرە و بەردە ئێستەتیکی و مەعریفییەکانەوە نییە..واتە ڕەخنەیەک نییە لەو چەشنەی "تەها حسێن" سەبارەت بەشیعری جاهیلی ورووژاندی و ئێستاشی لەگەڵدا بێت گفتوگۆی دەرحەق دەکرێت..بەهەرحاڵ پێم باش دەبوو، گەر بەشێوەیەکی بەرچاو ڕەخنەیەکی کوردی جدی هەبایەو هاتبایەو بۆ نموونە، هەر هیچ نەبێت خوێندنەوەیەکی تەفکیکیانەی قووڵی بۆ تێکستە جوانەکانی "نالی" و "مەحوی" دەکرد..یاخود حەقمانە بپرسین ئەگەر شتێک بەناوی ڕەخنەی جیدی کوردی هەبایە، بەتایبەت دەرحەق بەشیعر، دەبا خوێندنەوەیەکی قووڵی بۆ دنیای شیعریی شاعیرانێکی بەتوانا، کەبەجدییەتەوە دەنووسن کردبا، جا سەرباری نەبوونی کایەیەکی جیدی ڕەخنەیی دیار و بەرچاو..هەندێک نووسەر هەن ئەو بۆشاییە ڕەخنەییە بەهێنانە ناوەوەی کەس و کەسانی بێتوانا پڕ دەکەنەوە، بەمەرجێک قایل بن ناویان بەکار بێت بۆ بەرزکردنەوەی، ئەو نووسەرەی کەئەو جۆرە ڕەخنەگرە



دروست دەکات..خۆی لەڕاستیدا گەمەیەکەی سەیر و زیاتر تایبەتە بەدنیای بەناو ئەدەبیی کوردییەوە، بۆ نموونە کەسێکی گەوجی هیچ نەزانی بوودەڵە لێرەو لەوێ پەیدا دەکرێت، سەرەتا کۆمەڵێک بابەتی ڕەخنەیی سەبارەت بەکۆمەڵێک تێکست بەناوی ئەوەوە بڵاودەکرێتەوە، باشتریشە لەسەر بابەتگەلێکی جیهانی بێت، تا بزانرێت ئەم ڕەخنەگرە تازە دروست بووە، زادەی خوێندنەوەیەکی قووڵی ئەدەبیاتی جیهانییەو سەرباری ئەوەی بەم شێوەیە گومانیشی لێ ناکرێت؟!.. دواتر هێدی هێدی دەکەوێتە بەباش لەسەر نووسینی هەندێک نووسەری خراپی نێوەندەکە، کەناو هێنان و بەزکردنەوەی کارەکانیان نابێتە مەترسی و هیچ لەشان و شەوکەتی نووسەرەکەی خاوەنی کەم ناکاتەوە، ئینجا پاش ئەوە دەکەوێتە لێدانێکی زیرەکانەی کۆمەڵێک ناو جیدی، بۆ نموونە ڕەنگە تا کۆتایی وتارێکی بەناو ڕەخنەیی، بەباش باسی دیوانە شیعرێک بکات، کەچی لەکۆتایدا، دەڵێت بەڵام زمانەکەیم بەدڵ نەبوو، یان چێژم لەخوێندنەوەی نەبینی و شتی لەو چەشنە، ئیدی ئەم ڕەخنەگرە وەهمییەی، کەخۆی کەسێکی نەگبەتی بێ دەسەڵاتی هەزیل وهەزەلیی؛ لەڕووی سایکۆلۆژییەوە نەخۆشە؟!.. بەم چەشنە دەکرێتە ناو و لەڕۆژی خۆیدا بەنموونەیەکی لەم چەشنەی کەلەخوارەوەڕا ئاماژەی پێدەدەم، دێت و دیراسەیەک لەسەر ئەو نووسەرە گەورەو گرنگەی کەدروستیکردووە دەنووسێت، وا باشتریشە لەپێشەکیدا بڵێت، کەگوایە ئەم پێشتر تێکستەکانی ئەوی نەبینیوەو بەئیرادەی خوا و لەپڕ تێکستێکی ئەوی خوێندۆتەوە، ئیتر حاڵی لێبڕاوەو تف لەزاری وشک بووەو بەچەشنی پێداهەڵدانی گەورە پیاوێک؛ دەستی کردووە بەبالۆرە گوتن و پێدا هەڵدانی عەزەمەتی تێکستەکە؟!.. بۆ نموونە ئەگەر مەبەست بوو"س" ناوێکی خراپ نووس، وەک باشترین شاعیر باس بکرێت، ئەوە ئەو شاعیرەی کەپێشتر ڕەخنەگرەکەی دروستکردووە، بەناوی ئەوەوە دەنووسێت:

( هەرچەند کۆمەڵێک شاعیری "بۆ نموونە هەشتاکان، یان نەوەدەکان "هەن، بەنەفەسێکی ترو بەخەون و خولیایەکی جیاوازەوەو لەنێو دنیای شیعردا دەرکەوتن، کەمن ناوهێنانیان بەپێویست نازانم و کاری من نییە...بەڵام لەناو هەموویاندا "س" ناوێک هەیە، کەویستی دنیایەکی بێ هاوتای زۆر گرنگی تایبەت بەخۆی بنیات بنێت،

دنیایەک کەبەئاسانی خۆی بەدەستەوە نەدات و پشت تێکستەکانیشی پڕ بن لەمەعریفە و تاد...)..

جا ئیدی ئەم رەخنەگرە تازە دروستکراوە، لەبیری چووە، یان بابڵێین ئەو نووسەرەی کەئەوی دروستکردووە لەیادی چووە، ئەم جۆرو چەشنە نووسینە رەخنەییانە، بەهەمان ئیقاعی پێداهەڵدانی کلاسیکییاتی نووسینی؛ پێداهەڵدانەکانی زەمەنێکی بەسەرچووی سەڵتەنەتی نائەقڵ و رۆحییەتی ئەو دەم نووسراونەتەوە، وەک نموونە کەپێشتر شتگەلێکی لەم چەشنە دەگوترا:

( ئەو نووسەرە قەلەندەرە شۆڕەسوارەی، لەمەیداندا بۆڕی هەمووانی دابۆوەو ئەسپی کەحێلی نووسینی، جیاواز لەئەسپەکانی تر، بەغارغارێن و حیلاندنی جیاوازەوە، هاتبووە مەیدان و لەهەمووان جیاوازتر شارەزای هەموو چەشن و شێوەکانی جلیت بازیی ئەدەبی و رم بازێنی بەلاغی و چاوداگرتنی جەمالی بوو..ئەڵڵا ،ئەڵڵا.. لەعەزەمەت و شان و شەوکەتی ئەو شۆڕە سوارە ئەدیبە سمێڵ قەیتانییەی، کەنەخۆیی و نەئەسپی قەڵەمی هاوشانیان نییە و مومکین نییە بەتوڵی عوسور و تائەبەد ئەلدەهریش نەزیریان بۆ پەیدا ببێت ؟!!...).

بەڵام وەک لەگفتوگۆیەکی دیکەشدا ئاماژەم پێداوە، ئەگەر تێکست لەشوێنێکەوە پەیوەست بێت بەکەینونەوە، یان بوونمانەوە، ئەوە تەئویلی ئێمەی خوێنەر، هەوڵدانێکە بۆ کەشفکردنی ئەو چەشنە تەماسەی کەلەگەڵ شتەکاندا هەیەتی و کردوویەتی..هەموو ئەمەش بەبێ پرسیارکردنی بەردەوام و گەڕانی بێ پسانەوەمان مەیسەر نابێت...تێکستە جدییەکان ئەو تێکستانەن، کەبەردەوام قابیل بەخوێندنەوەی نوێ و جدیین..خوێندنەوەش هەردەم لەو شوێنەوە دەست پێدەکات کەدانەرەکەی بەئاگا یان بێئاگا، دەسەڵاتی بەسەردا نەشکاوە، یان لێی بێدەنگ بووە.. یان لەکاتێکدا ویستویەتی شتێک پەردەپۆش بکات شتێکی دیکەی لەو ترسناکتر یان سەیر و سەمەرەتری درکاندووە.. بەبێ گومان و دڵەڕاوکێ و بگرەو بەردەیەکی قووڵی ناوەکی مەحاڵە بتوانین بچینە قووڵایی تێکستەکانەوە...باشە ئەگەر دنیای خوێندنەوە هێندە قووڵ بێت، ئەوە دەبێت نووسینێکی رەخنەییانە چەند ئاڵۆز قوورس بێت، لەکاتێکدا بەڕای من کاری خوێندنەوەی رەخنەییانە



هەڵوەشاندنەوەی تێکست و کەشفکردنی گەمەکانییەتی، حاڵی بوونە لەو توانا و هێزەی لەکاتێدا دەیەوێت تا شوێنێکی دیاریکراو بمانبات یان وا خۆی دێنێتە پێش چاو، کەچی لەڕاستیدا مەبەستی بووە تا شوێنێکی لەو جیاوازتر بمانبات... بۆ نموونە ئامۆژگارییەکی بەرچاوی سەرانی هەندێک لەئاینەکان بۆ باوەڕدارانی خۆیان ئەوەیە، زۆر لەئاییندا قووڵنەبنەوە، واتە بەشێوەیەکی سەرەکی زۆر لەتێکستە ئاینیی و رامانە فکرییەکاندا قووڵ نەبنەوە، یان بڵێین وا قووڵ نەبنەوە، کەقووڵبوونەوەیان ببێتە مایەی پرسیار، کەچی نووسینی تێکستە ئاینییەکان، بۆ خوێندنەوەیەو پێشم وایە تێکستە بنەڕەتییە ئاینییەکان ئەو مانیفێستۆیەن، کەباوەڕدارە خوێندەوارەکانی پێ رادەکێشرێت، بێگومان بوونی دوو داواکاری دژ بەیەک، شتێکی وا سەر پێی نییەو هەر لەمیانی ئەو نموونەیەوە گەر لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی لەمەڕ بکەین دەتوانین، لەزۆر شت وبەتایبەتیش خوێندنەوە و ناخوێندنەوە حاڵی ببین، بەحاڵی بوونیشمان لەوە؛ دەزانین چۆن زۆرترین ژمارەی خوێنەری کورد، لەجێی خوێندنەوە مومارەسەی ناخوێندنەوە دەکات و ئەمەش کارێکی ترسناکە !؟.

کاروان ڕەحمان: لەزۆربەی کاتەکان و لەزۆربەی بڵاوکراوەکاندا، دەقەکانی ئەو نەوە تازەیە رەت دەکرێنەوە، کەبڵاویش دەکرێنەوە مەگەر چۆن، ئەگەرنا هەردەم سەرنووسەر، تەنانەت دەستەی نووسەرانیش، وەکو کۆمەک لەبڵاوکردنەوەی شیعرەکانیان دەڕوانن و وەها مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن..بۆچی؟ لەنێو کورددا خودی دەق ناخوێندرێتەوە؟ داهێنان پێداویستی بەپێدا هەڵگوتن نییەو بەهیچ شێوەیەک لەجوانییەکانی خۆی ناکەوێت، بەڵام بۆچی هەوڵی کوشتنی جوانییەکان هەر بەردەوامە؟

یوسف عیزەدین: بەڵام لەدنیاشدا نموونەی زۆر سەیری دژایەتی و پەراوێزخستنی نووسەران، گەر سەد دەر سەد بەم شێوەیەی لای خۆشمان نەبێت هەبووەو هەیە!؟... هەر بۆ نموونە نووسەرێکی لەژیاندا نەماوی وەک "سیلین"ی بەڕەچەڵەک فەڕەنسی، کەلەساڵی ١٩٦١دا کۆچی دوایی کردووە، تا ئەم دواییەش لەوڵاتێکی بەناو دیموکراتی وەک فەڕەنسادا، چاپکردن وبڵاوکردنەوەی کتێبەکانی قەدەغە بوون. ناوبراو، بەشێوەیەکی سەیر دژایەتی هەموو سامی نەژادێکی کردووەو بەتایبەتیش

جولەکە؛ هەربۆیە پاش وەرگێڕان و بڵاوبوونەوەی ڕۆمانێکی ناوبراو لەم دواییانەدا، بەناوی" سەفەرێک لەدواییەکانی شەودا"، بەزمانی عیبری لەئیسرائیل؛ بووە مایەی گفتوگۆگەلێکی توند لەپەرلەمانی ئەو وڵاتەدا، سەبارەت بەقەدەغەکردن و قەدەغەنەکردنی کتێبەکە ، بەڵام دواجار کتێبەکە قەدەغە نەکرا؟!

ئاشکراشە "سیلین" لەرۆژگارێکدا کاریگەری لەسەر "سارتر"یش هەبووە، هەر بۆ نموونە لەرۆمانی "رشانەوە"یدا، "سارتر" دێڕێکی ئەوی بەکارهێناوە.. جا ئەم نووسەرە بیروڕای هەرچییەک بێت، توانایەکی ئەدەبی باشی هەیەو ناکرێت نکووڵی لێبکرێت..کەچی هەمیشە باجی بیروبۆچوونە نامرۆڤانەکانی خۆی داوە، بۆ نموونە کاتێک لیژنەی پێدانی خەڵاتی گۆنکۆر، بڕیاری دابوو خەڵاتی ساڵی ١٩٣٢ بداتە"سیلین"..بەڵام پێش یەک هەفتە،بەر لەراگەیاندنی پێدانی خەڵاتەکە، دەرئەنجامی دەست تێوەردانێکی سیاسی و خیانەتی دوو ئەندامی لیژنەی خەڵاتەکەو پاشگەزبوونەوەیان، خەڵاتەکە درایە نووسەرێکی فاشیلی وەک"مازلین"و هەر زووش خوێنەران پاش خوێندنەوەی نووسینە لاوازەکانی، بەفەرامۆشیان سپارد و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، شوهرەتی خەڵات وەرگرتنی نەبووە مایەی بەنج بوونی خوێنەرانی هوشیار و بەئاگا؟!

بەڵام تا ئێستاش تێکستەکانی "سیلین" هەر دەخوێنرێنەوە، سەرباری راوبۆچوونە نەژادپەرستیەکانیشی، ئیدی دەبێت پێش هەموو شتێک، تێکست وەک خۆی توانای بانگهێشتکردنی خوێنەری هەبێت و خۆی بسەپێنێت، ئەگینا هەموو رەخنەگرە باشەکانی دنیا، وەک گریمانێک ئەگەر لەسەر نووسینێکی لاوازو چرووک؛ بەباش بنووسن، دڵنیام هیچ خوێنەرێکی جیدییان پێ هەڵناخەڵەتێنرێت؟!.

کارزان رەحمان: زۆربەی نووسەرە بەئەزموونەکان و رەخنەکار، شاعیر، لێکۆڵەر، نووسەر، تا ئێستە لەبارەی ئەزمونی ئەم نەوە تازەیە، بەجدی نانووسن و نەیانووسیوە، تەنانەت مەگەر چۆن، ئەگەر نا ئاماژە بۆ ناوەکانیشیان ناکەن، بۆچی و دەتوانیت ناوی ئەو گەنجانەمان بۆ بنووسیت، کەخاوەن تایبەتمەندی خۆیانن؟

یوسف عیزەدین: لەڕاستیدا سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بدەم، کەمن وەک خۆم خوێنەرێکی ئاساییم و هێندەی پێم کرابێت و دەرفەتم هەبووبێت، هەندێک لەتێکستە



شیعرییەکانی ئەو نەوەیەم خوێندۆتەوە؛ کەلەئێستادا بەتەمەن لاون.

بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێم من ئاگاداری هەموویان نیم و بەدڵنیاییشەوە تێکستی زۆریانم هەر بەرچاو نەکەوتووە... کەواتە من بەتەنها ناتوانم سەرلەبەری پانتاییەکی بەرفراوانی شیعری گەنجانی کورد، دەستنیشان و دیاری بکەم، بەتایبەت ئەو گەنجە شاعیرانەی پارچەکانی دیکەی کوردستان، مەبەستم لەوانەیە کەبەزمانی کوردی دەنووسن و کەمتر ئێمە لێیان بەئاگاین... بەهەر حاڵ دەبێت ئەوەش بڵێین کەزۆر جار ناوهێنانەکان دەبنە ناحەقیکردن دەرحەق بەکەس و کەسانێک، کەباش دەنووسن و کەچی من و تۆ نایانناسین، یان لەکاتی ئاماژەپێدانێکی لەم چەشنەدا ناوەکانیانمان لەیادمان دەچێت، ئەمە جگە لەوانەی کەرەنگە زۆر باش بنووسن و کەچی لەئێستادا هیچ بڵاو نەکەنەوە..خۆی لەڕاستیدا وەک تایبەتمەندی و جیاکردنەوەی شوێنپەنجەی شاعیرێک لەیەکێکی ترو شتی لەو چەشنە، یەکەم کارێکی سەختەو دواتریش من وەک خۆم رەخنەگر نیم و وەک گوتم تەنها خوێنەرێکی ئاساییم؟!

ئەمە جگە لەوەی بۆخۆیان واباشترە لەیەکتر جیاواز بن و پێشم وایە کەم تا زۆر وابن.. هەرچەند لای من بەراوردکردنی تێکستە ئەدەبییەکانی نەوەیەک بەنەوەیەک، یان تێکستەکانی نووسەرێک بەیەکێکی تر، کارێکی باش نییە و هیچ پێوەندییەکی بەدنیای خوێندنەوەو تەئویلی تێکستی ئەدەبییەوە نییە؟!. ئاشکراشە کەتەمەنی مرۆڤ تامردن سات لەدوای سات لەهەڵکشاندایە بەرەو سەر، یان بابڵێین ژیانی مرۆڤ سەفەرێکە بەنێو قۆناغەکانی تەمەندا، لەبوونەوە بەرەو عەدەم، هەر لەسەرەتای هاتنە ناو دنیای؛ بەتایبەتیش هەر لەکاتی هەستکردنی بەنەرمی و ئاوداری رووکار و جەستەی و تەنانەت هەر لەو کاتەوە کەدەتوانێت خۆی لەئاوێنەدا ببینێ و بناسێتەوە، تا چرچبوون وشکبوونەوەی ئەم شوێن و ئەو شوێنی جەستەی.. ئەگەر چانسی ژیانی هەبێت؛ بەناچاری سەفەرەکەی درێژەی دەبێت، تادەگاتە عەدەم و مەرگ و شێبوونەوەی ناو خاک؟! بەڵام ئەم یاسایە دنیای تێکستە زیندووەکان ناگرێتەوە، واتە سوورێکی ئاوای هاتنەبوون و لەناوچوونی تێکستی زیندوو، بەچەشنی ژیانی مرۆڤ و زیندەوەران، تا ئێستا نەبووەو نەبینراوە،

بۆیە دەبینین لەئێستا و داهاتووشدا، تێکستەکانی شەکسپیر و دیکنز و ئۆسکار وایلد و پۆ و بۆدلێر و چەندینی تر، وەک چۆن خوێندراونەتەوە، هەر ئاوا؛ یان بەچەندین چەشن و شێوەی تر دەخوێنرێنەوە؟! جا ئەو نەوە گەنجەنووسەرانەی ئێستا و داهاتووی کورد و بەبەردەوام، ئەگەر تێکستێکی جدی قابیل بەخوێندنەوە بهێنەبوون، ئەوە بێگومان پاش خۆشیان هەر بەشەوقەوە دەخوێنرێنەوە، هەروەک چۆن ئێمە لەئێستادا هەندێک لەتێکستەکانی " نالی" و"مەحوی"و"گۆران" زۆرێکی تر دەخوێنینەوە، کەخاوەنەکانیان لەژیاندا نەماوون.

بەهەرحاڵ پێم وایەو هێندەی لەئێستادا وەبیرم بێتەوە، رەنگە من پێشتر لەیەک دوو شوێنی تردا ئاماژەم بةهةنديَک لەو ناوانە کردبێت، کەلەهەوڵدانی بەردەوامدان و دواجاریش ئەوە خۆیانن، دەتوانن بەردەوام بن و باشتر و باشتر بخوێنەوەو بنووسن، یان دەستبەرداری نووسین ببن و بەردەوام نەبن..بۆیە ناکرێت پێشبینی مەجهولێک بکەم، لەدنیای نووسینی کۆمەڵێک لاوی شاعیردا، کەکەم تا زۆر وەک گوتم ئاگاداری هەوڵدانی باشی هەندێکیانم لەئێستادا، دەشێت سەرجەمی شیعرێکیان، یان ناونیشان، یان چەند دێرو کۆپلەیەکی شیعرییان، سەرنجیان راکێشابێتم، یان رایانگرتبێتم..

— ١٢ —

**ئیدریس عەلی: تا ئەو شوێنەی ئاگادار بیت چۆن دەڕوانیتە بوونو کاریگەری فێستیڤاڵی گەلاوێژ لە رابردوودا؟**

یوسف عیزەدین: رەنگە کەم ئاگادار بوونم لەسەرجەم فێستڤاڵەکانی گەلاوێژ، ببێتە لەمپەری ئەوەی بتوانم بەموشەخەسی و بەتایبەتی شتێکی ئەوتۆی لەبارەوە بڵێم، مەگەر بتوانم بەگشتی شتێك بخەمەڕوو. ئەمە لەگەڵ ئەوەی کەفێستڤاڵەکان کەناڵێکن یان دیاردەیەکن وەك کردە جیاوازن لەخوێندنەوە، کەڕایەڵەی سەرەکی وابەستەکردنی خوێنەر و تێکستە. ئاشکرایە ژانرە ئەدەبی و رۆشنبیرییەکان لەڕێی تێکستەوە خۆیان رادەگەیەنن و هەر لەوێشدا دەمێننەوە تا ئەودەمەی خوێنەر دەیانخوێنێتەوە، بەو پێیەی داخرانێك لەم کردەیەدا هەیە، کەهەر خودی ئەو داخرانەشە جدییەتێکی جیاوازتری پێدەبەخشێت، بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی تۆ لەڕێی ئاخافتن و گوتار و قسەو باسەوە تێکست بگەیەنیتە وەرگر. کەواتە لەدەرەوەی بێدەنگی و ساکینبوونی کردەی نووسین و خوێندنەوە، دنیایەکی پڕ لەدەنگ و سەدا هەیە کەدنیای فێستڤاڵەکانە بەتایبەتی و بەگشتیش سەرجەم کۆڕ و کۆبوونەوەو سیمینارەکان. بۆیە رەنگە بکرێت رووکەشیانە بڵێین فێستڤاڵ کارکردنێکی بەکۆمەڵە وەك ئەوەی کەکۆمەڵێك کەس پێی هەڵدەستێت بۆ کرانەوەو دەرباز بوون لەداخران، ئەم سەرباری ستراتیژیەتی سەرەکی سازدانی و مەبەست و ئامانجەکانی کەپەیوەستە بەخودی سازدەرانییەوە وەك دەسپێك، دواتریش کاریگەری نیسبییانەی کەم تا زۆر لەسەر ئامادەبووان.. واتە ئەگەر

كرانەوە بێت، گرنگ ئەوەیە ئەم كرانەوەیە لەكوێدا رادەوەستێت و چەند پەیوەست دەبێت بەدووبارەبوونەوەو سەفسەتەو هاوچەشنەكانییەوە...تاد، یان چەند لێیان دوور دەكەوێتەوەو جیاواز دەبێت.

ئەگەر بەشێكی گرنگ و بەرچاوی فێستڤاڵەكان لەنێو دنیای گوتاردا هەڵسوڕێت، ئەوە "فۆكۆ" گوتەنی: ( هەڵە تەنها ئەوە نییە پێچەوانەی راستی بێت، بەڵكو ئەوەیە كەگوتار لێی بێدەنگ دەبێت، یان دووری دەخاتەوەو پەراوێزی دەخات).

بۆیە دەبێت سەرەتا فێستڤاڵ هەڵقوڵاوی چەند دیدێكی رەخنەیی جیاواز و بێ پەردە بێت، لەجێی تەبایی و یەك گوتاری و یەك رەهەندی و سەقامگیری، ناجێگیر و شلۆق و بێلەنگەر و ناتەباو فرە رەهەند بێت، بەدەر لەدنیای تەقدیسكردن و تەقدیسكراو قسەی خۆی هەبێت، بەڵكو بەمەبەستی هێنانە قسەو كردنەوەی مەودایەك بۆ دیالۆگ و دواندن و پرسیار ورووژاندن سازبدرێت، بەتایبەت كەبۆخۆی لەنێو دنیای ئاخافتندا هەڵدەسووڕێت. ئەگەر فێستڤاڵ بۆخۆی وەلام و دۆگما بێت، ئەوە هیچ مانایەك لەسازدانیدا نابینمەوە. نازانم رەنگە هەندێك فێستڤاڵ تەنانەت كۆڕو كۆبوونەوەی تایبەت بەبواری رۆشنبیری و ئەدەبی لای خۆمان وەك مەراسیم و بۆنەو تەنانەت زۆر جار جەژن و ئاهەنگی لێهاتبێت. ئەمانە دیاردەیەكی سۆسیۆلۆژین نەك رۆشنبیری، وەك "عەلی حەرب"یش دەڵێت: ( ناكرێت كۆبوونەوەی رۆشنبیرەكان و یەكبوونیان رۆشنبیریی لێ بكەوێتەوە، هەروەك چۆن كۆبوونەوەی زانا و داناكان نابێتە مایەی دروستبوونی كۆمەڵێكی زانا و دانا ).

رەنگە باشترین شت كەفێستڤاڵێك پێی هەڵسێت، رێ چۆڵكردنی بێت بۆ دەسەڵاتی فیكریی و خودی مەشروعییەتی بوونی، ئەگینا دەبێتە مینبەرێكی دژە پرۆژەی رۆشنگەری، ئەگەر ئیدیعای پێچەوانەی ئەوەش بكات.

**ئیدریس عەلی: بوونی ئەم فێستیڤاڵانە كە تایبەتن بە ژانرە ئەدەبیەكان دەتوانن چ رۆڵێك ببینن لە گەشەو بەرەو پێشچوونی رەوتی ئەدەبی و فیكری؟**

یوسف عیزەدین: رەنگە بتوانین بڵێین فێستڤاڵ وەك خۆی رەنگدانەوەو دەرهاویشتەی ئەو رەوتە ئەدەبی و فیكری و تەوژمانەیە كەهەیە، هەر ئەمەشە



كەدەبێتە مایەی جیاوازی و لێكنەچوونی فێستڤاڵی شوێن و كاتە جیاجیاكان، كاتێك "ژاك دریدا" لەكەشێكی فێستڤاڵ ئامێزدا، بەشداری زنجیرە كۆڕ و سیمینارێكی ئیستانبوول دەكات و باسەكانی پێشكەش دەكات، دواتر پرسیارێكی سەیر لەیەكێك لەسازدەرانی فێستڤاڵەكە دەكات، دەڵێت:" ئەم وێنەو پەیكەرانەی هەردەم لەپشتمەوەن، كاتێك بابەتەكانم پێشكەش دەكەم، وێنەو پەیكەری كێن؟!". ئەو كەسەی كەپرسیارەكەی لێكراوە لەوەڵامدا دەڵێت:"ئەمە وێنەو پەیكەری كەڵەپیاوی تورك ئەتاتووركە". ئاشكرایە كە"دریدا" بۆخۆی دەزانێت ئەوە پەیكەر و وێنەی كێیە كەلەهەموو شوێنێكدا دووبارە دەبێتەوە بەڵام كەپرسیاریش دەكات مەبەستێكی زۆر قووڵی هەیە و پەیوەستیشە بەو تێڕوانینە هەڵوەشانەوەگەرییەی كەئەو لەمیانییەوە راڤەی شتەكانی كردووەو ئیدی ئەم پرسیارە شەفەهییەی بەشێوەیەك كردووە كەدوای مەرگی، كاتێك گۆڤارێكی فیكری وەك"كۆجیتۆ"ی توركی یادی ئەو پیاوەی كردۆتەوە، ئاماژەی بەو پرسیارە داوە كە"دریدا" كردوویەتی و ئاشكرایە كەخودی هەر فیكر و مەعریفەیەك كەلەو پانتاییەدا هەیە رووبەڕووی پرسیار دەكاتەوە.

ئێمە نابێت وابڕوانینە فێستڤاڵێكی دیاریكراو وەك ئەوەی كەخۆی خۆیمان پێ دەناسێنێت، بەڵكو دەبێت بڕوانینە ئەوەی كەلێمان دەشارێتەوەو پێمان ناڵێت، سادەترین پرسیار ئەوەیە بۆ فێستڤاڵێكی دیاریكراو ساز دەكرێت و مەبەست و ئامانج لەسازدانی چییە، دیارە وەڵامیش ئەو وەڵامە سادەو ساكارە نییە كەهەردەم ئامادەگی هەیە.

ئەو پرسیارەی كەخۆی دەسەپێنێت ئەوەیە ئاخۆ كام فێستڤاڵ لەدنیادا هەیە كەهەڵگری پرۆژەیەكی رۆشنگەری بێت، بەمانای تەنگ هەڵچنین بەبێدەنگی فیساگۆری نێو پانتایی ئەدەبی و فیكری و مەعریفی و سەرجەم كایەكانی دیكەو دواتریش هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی پانتاییەكی جوگرافی نوێی مەعریفی.

نازانم سەرباری ئەو هەموو فێستڤاڵەی كەلەواقیعی كوردیدا سازدراوە، لەكامیاندا لەدیدێكی هەڵوەشانەوەگەرییەوە باس لەنووسراوە پێشووەكانی كورد كراوە، هەر بۆ نمونە ئەگەر "عەلادین سەجادی" عەلامەو نووسەرێكی كەم وێنە بێت، كامەیە ئەو

تێکستەی کەئەوی گەیاندۆتە ئەو ئاستە، بۆ نمونە ئەگەر "رشتەی مرواری" یەکەی وەرگێڕیتە سەر زمانێکی دیکەو بەخوێنەرانی شوێنێکی دیکەی بناسێنیت چی لەبارەی ئەو تێکستەوە دەڵێیت، یان زۆر تێکستی دیکەش.. ئەگەر بکرێت خۆمان هەڵبخەڵەتێنین و بەخڕکردنەوەی کۆمەڵێك ناو بەخۆمان بڵێین، ئەوەتا ئێمە لەقۆناغە جیاجیاکاندا دەیان تێکست و نووسەری بەتوانامان هەیە، بەڵام ئاخۆ کاتێك لەئاست کولتوور و مەعریفە و فیکرێکی جیهانیدا رادەوەستین تاچەند دەتوانین ئەمە بڵێین؟! تاچەند دەتوانین بڵێین لەنێو مەعریفەو فیکر و مێژووی ئەدەبیاتدا شوینجێگەمان هەیە، تەنانەت لەنێو خودی مێژوو خۆشیدا تاچەند شوێنمان هەیە؟! لەکاتێکدا نەك هەر کورد بەڵکو عەرەبیش لەئێستادا بەنەتەوەیەك لەدەرەوەی مێژوودا حیسابی بۆ دەکرێت، وەك زۆر لەبیرمەندەکانیان ئاماژەی پێدەدەن، لەکاتێکدا بەدرێژایی زەمەنێك توانیویانە بچنە نێو مێژووەوە. گرفتەکەی ئێمە لەوەدایە لەڕووی ئەدەبیات و فیکر و نووسین و شتەکانی تردا هەست بەگرفت ناکەین، کتێبی قوتابخانەکان باس لەوە دەکەن کەئێمەش خاوەنی هەموو قۆناغە ئەدەبییەکانین هەر لەکلاسیك و رۆمانتیك و ئەوانی ترەوە تا دەگاتە تازەترین تەوژمی جیهانی، خاوەنی نووسەری داهێنەر و گەورەین، ئەی کەواتە بۆ شوێنجێگەیەکمان لەنەخشەی فیکر و ئەدەبیاتی جیهانیدا نییە؟!. دەکرێت بڵێین کاتێك فێستڤاڵێك لەئاستێکی کۆمەڵایەتیدا رۆڵی دەبێت، کەسازدەرانی وەك خۆیان هەڵگری پرۆژەیەکی رۆشنگەری بن، هەرچەندە رۆشنگەریش دوا دەسکەوت و دواقۆناغی ئاستە مەعریفییەکان نییە، بەڵکو کەشفکردن و گەڕانێکی بەردەوامە، بۆ خۆی ئەلگۆیەکی حازر بەدەست و خاوەن بوونێکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو ئیدامەدان بەڕەخنە یەکێکە لەهۆکارەکانی وەگەڕخستنی تەوژمێکی لەو چەشنە، بۆیە ئەگەر بڵێین پرۆژەیەکمان هەیە ئەوە بەبێ رەخنەو رەخنەگرتن لەرەخنە ناتوانین بەفیعلیی بوونی بسەلمێنین، ئەمەش بەبێ تێپەڕکردنی سنوورەکانی ئیدیۆلۆژیاو میتافیزیك و دۆگماو هاوچەشنەکانیان مەحاڵە، دروست نییە فێستڤاڵی ئەدەبی و رۆشنبیری بکرێتە "ئەرێنا"، بەمانا نمایشکارەکەی.. یان جیاکردنەوەی ئۆستۆکراتیانەی نێوان ئامادەبووان و ئەوانەی کەخاوەن قسەو پێشەنگی فێستڤاڵەکانن بکەینە سوونەتێك، چونکە ئەمە دابڕانێك دروست دەکات لەنێوان دوو پێکهاتەی سەرەکی، کەقەولە لەمیانی فێستڤاڵەوە بەیەك بگەن.

**ئیدریس عەلی: پێتوایە بەخشینی خەڵات بەسەرکەوتوانی ئەم فێستیڤاڵە بتوانێت دەنگی جدی درووست بکات؟**

یوسف عیزەدین: سەبارەت بەپرسیارەکەتان وەڵامدانەوەیەکی "عەلی حەرب" هەیە کەگونجاوە لێرەدا ئاماژەی پێبدەین، دەڵێت:( بەگشتی من داواکار نیم کەنووسەران خەڵاتەکان رەفز بکەنەوە، هەر وەك چۆن داواشیان لێناکەم پێوەندی خۆیان لەگەڵ دەزگا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بپچڕێنن، نووسەر وەك تاکێك داهێنان دەکات، بەڵام لەڕێی کۆمەڵەوە بەرهەمەکەی چێ دەبێت و بۆ ئەویش دەنووسێت).

پێدان و وەرگرتنی خەڵات ئیختیارە، شتێکی زۆرە ملێیی نییە، دەکرێت کەسێك بەشدار بێت یان نا.. هەردوو حاڵەتەکەش دەگەڕێتەوە بۆ خودی کەسەکە و ئیختیاری خۆی.

بەڵام کاتێك باس دێتە سەر تێکستێك کەتەئویل هەڵدەگرێت، ئەوە قسەکردن لەسەر باش و خراپی یان هەوڵدان بۆ سڕینەوەی بێسوودە، هەروەك چۆن ئاستەمیشە.

**ئیدریس عەلی: پێشنیارت چییە بۆ دوازدەهەمین فێستیڤاڵ کەلە ناوەراستی مانگی یانزەی ئەمساڵدا دەست پێدەکات؟**

یوسف عیزەدین: دەکرێت سازدەرانی فێستڤاڵەکە بەپێداچوونەوەی فێستڤاڵەکانی پێشووتر و سەرنجدان و لێکۆڵینەوە سەبارەت بەو فێستڤاڵانەی کەلەدنیادا سازکراون و سازدەکرێن، لەڕوانگەیەکی جیاوازەوە راڤەی ئێستای فێستڤاڵەکەیان بکەن، دەکرێت لەپەراوێزەوە بچنەوە نێو ئەوەی کەپێشتر کردوویانەو ئەوەی کەئێستا دەیکەن و هەوڵی جێهێشتنی بۆشایی بدەن لەوەی کەمەبەستیان پڕکردنەوەو قەرەباڵغکردنی جومگە و بەشەکانی فێستڤاڵەکە و وەستان لەئاستێکی تەکنیکیدا بێت. گرنگ نییە چ ناوێکی ناسراو یان نەناسراو بانگهێشت دەکرێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کەسی بانگهێشتکراو چی دەڵێت، بەڵکو لەوەش گرنگتر ئەوەیە کەنایڵێت و دەیشارێتەوە، یان دەیخاتە پەراوێزەوە، یان دەیەوێت بیڵێت و ناتوانێت بیڵێت؟!. هەر بۆ نمونە وەك

لەئێستادا بیرمدەکەوێتەوە، "تۆفیق عەبدول" لەیەکێك لەفێستڤاڵەکانی گەلاوێژدا باسێکی لەسەر "ئەنفال" پێشکەش کرد، رەنگە گرنگترین بەشی باسەکەی کەوەك پەراوێزێك خستییە روو، باسکردنی بوو بێت لەخەڵکی ناوچەیەکی ئەنفالکراو کەپاش راپەڕین و دوای ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکەیان، دەرئەنجامی هاتنی کۆمەڵێك گوێدرێژ بۆ گوندەکەیان کەلەلایەن رێکخراوێکەوە پێشکەشیان کراوە، دەدەنە هاڕەی چەپڵە و بەچەشنێکی سەیر شاگەشکە دەبن بەهاتنی ئەو گوێدرێژانەی کەبەدیاری بۆیان نێردراوەو پێشوازییەکی زۆر گەرمیان لێدەکەن. لەکاتێکدا ئەم ئاماژەپێدانە ئەو دەم بەبێدەنگی و وەك شتێکی ئاسایی تێپەڕی، بەڵام ئەگەر کەمێك لێی وردبینەوە دەزانین چەند دەرکەیەکی گرنگە بۆ دیراسەکردنی ئەنفال. تێگەیشتن و رامان لەچەپڵەلێدانی خەڵکی ناوچەیەکی کوردی بۆ هاتنی گوێدرێژ و پێشوازی لێکردنی، بەپێی ئەو مێژووەی کەکورد لەگەڵ گوێدرێژ هەیەتی کارێکی ئاسان و سەرپێی نییە. هەروەك چۆن هەڵقووڵاوی ئاژەڵ دۆستی خەڵکی ئەو ناوچەیەش نییە، رەنگە بەتەواویی مانایەکی مەجازیشی نەبێت، ئەی کەواتە چییە؟!.

بەهەرحاڵ بوونی ئەو چەشنە بابەتانەی کەسەرباری سادەبوونیان، پرسیاری زۆر گرنگتر لەگوتارە ئیدیۆلۆژی و بابەتە تەقلیدییەکان دروست دەکەن گرنگن، سەرباری ئەوەی دەرکەیەکی نوێش دەکەنەوە بۆ تێڕوانین.

دەبێت فێستڤاڵ کردنەوەی دەرکەیەك بێت بۆ هاتنە قسەی دەنگە پەراوێزخراوەکان، دووبارەبوونەوەی بەردەوامی هەموو ئەوانەی کەلەسەرجەم کۆڕ و کۆبوونەوەو سیمینار و فێستڤاڵەکاندا قسەیان هەیە کارێکی باش نییە.

نازانم رەنگە ئاگادار نەبم لەوەی کەلەکاتی یان پاش فێستڤاڵی گەلاوێژ قسەو باسێکی جیدی سەبارەت بەستراتیژییەت و ماهییەت و پەنهانەکانی کرابێت، هێندەی ئاگادارم زیاتر قسە لەسەر تەکنیك و چۆنیەتی بەڕێوەبردن و شتی سەر زارەکی و شەخسی کراوە.

دەبێت لەوەهمی چێکردنی شتێکی کامڵ دووربکەوینەوەو لەدەسپێکەوە دان بەناکامڵی ئەوەدا بنێین کەدەکەین، کارێکی باش نییە گەر فێستڤاڵێك تەنها بۆ مەراسیم



و دەنگ و گوتار و بابەتە لێکچوو و تەقلیدییەکان کورت بکەینەوە، لەکاتێکدا خودی سازدەرانی هەر فێستڤاڵێك ئەگەر دیدو تێڕوانینێکی رەخنەییان هەبێت و خاوەن پرۆژەیەکی رۆشنگەری بن و فامی ئاستەنگەکانی رابردوو و ئێستای رۆشنبیریی کوردیان کردبێت، دەبێت زۆر بەجدییەتەوە ئەو مەودایە بۆ کردنەوەی دەرکەکان بقۆزنەوە، بەدەر لەزاتییەتی خۆیان و فێستڤاڵەکە مامەڵە لەگەڵ ئەوەدا بکەن کەدەبێت بخرێتە روو.

شایانی باسە لەمێژەوە بیرمەندانی رۆژئاوا تادەگاتە ئێستا، بێسڵکردنەوە باس لەتێکشکانی خودی خۆیان و هەڵوەشانەوەی بەهاکان و کاڵبوونەوەی ئازادییەکان و ترسناکی سەنتراليزمی ئەقڵ و دەیان وردەکاری مەعریفی و فەرهەنگی و کولتووری خۆیان دەکەن و زۆر بەتوندی رەخنەی لێدەگرن و زەمینە بۆ هاتنەوە ناوەوەی شتە پەراوێزخراو و چەپێنراو و تابۆ و رێلێگیراوەکان خۆش دەکەن و سەرجەم دوالیزمییەکانی خۆیان هەڵدەوەشێننەوە، ناشرینییەکانی خۆیان بێ پەردەپۆشکردن و شەرمکردن دەخەنەڕوو، لەکاتێکدا هەموو ئەمانە نەبۆتە مایەی لەناوچوون و مەترسی لەسەر داهاتوویان دروست نەکردووە و تائێستا هەن و لەهەموو بوارەکانیشدا باڵادەستن، کەچی لەرۆژهەڵات و بەتایبەتیش لەواقیعی کوردیدا، هەردەم وەهمی بەرەوپێشچوون و هەنگاونان بەرەو پێشەوەو خەیاڵی بەناو پۆزەتیڤ و جوان باڵادەستە، کەلەڕاستیدا زۆر پێچەوانەی ئەوەیە کەلەزەمینەی واقیعی شتەکاندا هەیە، ئیدی نازانم ئەمە تاکەی بەردەوام دەبێت و لەکەیدا هەست بەو پێگە راستەقینەیە دەکەین کەلەسەری راوەستاوین، کەبەچەشنی خمخۆرکێك تادێت زیاتر بۆ ناوەوە راکێشمان دەکات.

## – ١٣ –

**توانا ئەمین: ئەگەر زمان چەکێکی گرنگ بێت، کەنوسەر لەبەرامبەر دەسەڵاتی مێژوودا پەنای بۆ دەبات، ئەوا جوگرافیا چەکێکی دیکەیە، گرنگی شوێن لەزەینی نوسەر و جێهێشتن و خۆگرتن لەشوێنەوە، نوسینەوەی شوێن و هەڵاتن لێی، مەنفاو یادەوەری، مەنفاو کارەکتەری موسافیر، موسافیرێکی نوسەر، نوسەرێك کەلەناشوێندایەو شوێنیش دەنوسێتەوە، نوسەرەکان و قەیرانی ونبوون لەمەنفا.**

**بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری پشت ئەم دێڕانە، ئێمە سەرنجمان لەسەر یەك پرسیار تۆخکردەوە، نوخبەیەك لەنوسەرانی کوردی مەنفانشینمان هەڵبژارد تا لەئەزمونی خۆیانەوە، پەیوەندی نێوان تاراوگەو نوسەر بنوسنەوە، ئەگەر ونبون بەشێکی گەورەی هەموو سەفەرێك بێت، نوسەر جودا لەخەڵکی تر چەندێك لەو پشکەی بەردەکەوێ؟ بەمانایەکی تر مەنفا بۆ نوسەرەکان چەندێك شوێنی خۆ دۆزینەوەیە، چەندێکیش جێگای ونبونە؟**

یوسف عیزەدین: سەرەتا دەبێت راڤەی سەفەر بکەین و تاپێمان بکرێت لەبازنەی مانا باوەکەی بهێنینە دەرەوەو جارێکی تر پرسیار لەخودی سەفەر بکەین، بەتایبەت بەدرێژایی زەمەنێك تێڕوانین و تەسەورێك تاریفێکی شلۆقی بۆ سەفەر کردووەو بۆتە مایەی جەنجاڵی و تێکەڵی.. کاتێك ئیبن بەتووتە–ی گەڕیدە بەدنیادا دەگەڕێت، نەموسافیرەو نەکۆچبەر، ناچارییەك لەدەسپێکی گەشتەکەیدا نابینرێتەوە هێندەی ئەوەی ئارەزوومەندانە وەك توریستێك حەز و ئارەزوویەکی شاراوەو پەنهان بۆ کەشف



کردن و زانین دەبنە پاڵنەری، گەرچی زۆرجار بەحوکمی بەرەو پێش چوونی رووداوەکان و هاتنە پێشی ئەو پێشهاتەی کەحیسابی بۆ نەکردووە لەگەڕیدەوە دەبێتە کەسێکی نیشتەجێ یان هاوڵاتی شوێنێکی تر، یان موسافیری سەفەرێکی کورت.. تەنانەت لەزۆر کاتیشدا تەنها کەسێکی هەڵهاتووە لەمەترسییەکان.. هەرچەندە تاکۆتایی هەڵگری رۆحی گەڕیدەیەکی سەرشێتەو رانەوەستانی بەتەواویی لەشوێنێکداو هەڵپەی بەردەوامی بۆ بینینی نەبینراوەکان و کەشف کردنی نەزانراوەکان ئەو پیاوە وەك گەڕیدە دەهێڵێتەوە.

بەڵام کاتێك دەڕوانیتە( هەزار و یەك شەو)ەوەو حیکایەتی سندباد دەخوێنینەوە سەیر دەکەین باس لەسەفەرەکانی ئەو زاتە دەکات، چونکە سندباد تەنها وەك بازرگانێك و بەمەبەستی بازرگانی کردن و بەدەست هێنانی پارە رێگەی سەفەر دەگرێتەبەر، گەرچی رێگەی حەوت سەفەری سەیر و سەمەرەش دەگرێتەبەر و تەمەنێکی زۆری خۆشی تێدا دەباتە سەر، بەڵام بەوە نابێتە گەڕیدەو کەسیش وەك توریستێك تێی ناڕوانێت.

بۆیە لەو بەراوردکارییەدا دەبینین، لایەنە زەینی و فیکری و مەبەستی رێگە بڕینی کەسێك لەموسافیرەوە دەیکاتە گەشتیار یان بەپێچەوانەوە، ئەمە جگە لەکۆچ و کۆچبەری کەئەویش بۆخۆی دنیایەکی ترەو زۆر جیاوازە لەدوانەکەی تر. لەکاتێکدا قەرەجەکان تووشی فۆبیای مانەوە بوون لەشوێنێکدا و لەترسی ئینتیماکردن بۆ جێگەو پانتاییەکی جوگرافی دیاریکراو، هەردەم بەبێ گوێدانە باش و خراپی ئەو شوێنەی کەبۆی دەچن، لەکۆچکردنێکی بەردەوامدان و کۆچکردنەکەشیان هیچ ئامانجێکی بەرچاوی ئەوتۆ لەخۆناگرێت، جگە لەهەڵهاتن لەخودی کۆمەڵ و خەڵکانێك کەلەماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا لەدامێنی ژیان و ژیاریاندا ئیستێك دەکەن.

بەڵام کۆچکردنی ئەو کۆچەرییانەی کەبەشوێن ئاوو لەوەڕگاو شوێنێکی لەبار و گونجاودا دەگەڕێن جیاوازە لەکۆچکردنەکەی پێشوو، واتە ئەوان بەناچاری بوونەتە کۆچەری و گۆڕانکارییەکانی کەش و هەواو بوون و نەبوونی ئەوەی کەمەبەستیانە ناچاری کۆچکردنیان دەکات، ئەگینا ئەگەر بۆیان بلوێت نیشتەجێ بوونیان مەتڵەبە.

لەکاتێکدا زۆرێك لەدەوڵەتەکانی دنیا، ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەدەست نیشتەجێ کردنی قەرەجەکانەوە زەلالەتیانە ئەمە جگە لەوەی کەزۆر بەئاستەم بەکارکردن رادێن و تاپێیان بکرێت لەهەموو دیسپلینێك هەڵدێن.

یەکێك لەکۆچکردنە زۆر باوەکانی مێژووی مرۆڤایەتیش ئەو کۆچە زۆرەملێیانەیە کەگروپێکی ئیتنیکی یان دەستەو تاقم و تەنانەت زۆر جار میللەتێکی پێ ناچار دەکرێت تا زێدو شوێنی خۆی جێبهێڵێت و هەڵبێت.

بەو پێیەی کەلێرەدا تەنها وەڵامی پرسیارێکی دیاریکراو دەدەینەوە، رەنگە نەکرێت بەتەواویی راڤەی هەموو چەمکەکانی دیکەش بکەین و وەك پێویست باسی لێوەبکەین، ئەمە جگە لەوەی پرسیارەکە تایبەتە بەنوسەران جودا لەخەڵکی تر. هەر بۆیە لەوەڵامدا دەڵێم: کاتێك بەشوێن هۆکاری چوونە مەنفادا دەگەڕێین، ئەوە بێگومان ناچارییەك لەو چوونەدا دەبینینەوە، ئەگینا ئەگەر ناچارییەك لەچوونە مەنفادا نەبێت، ئەوە مەنفا مانای راستەقینەی خۆی لەدەست دەدات و دەبێتە شتێکی تر.

کاتێك( سۆلژینیستین) یەکێتی سۆڤێتی جاران لەزەمەنێکدا جێ دەهێڵێت، وەك موسافیرێك سەفەر ناکات، بەڵکو نەفی دەکرێت و بەناچاری زێدو شوێنی خۆی جێ دەهێڵێت.

مەنفا و دابڕان بۆ نوسەرێکی وەك ئەو دەبێتە مایەی پێداچوونەوەو خوێندنەوەو گەڕانەوە بۆ ساتەوەختێکی مێژوویی، تا لەدیدگەیەکی جیاواز و نامۆوە، بڕوانێتە رووداوەکان و لەدوو توێی رۆمانی (پێچکەی سوور)دا، دیوێکی نەزانراوی هەموو ئەو شتانە بخاتەڕووی کە لەزەمەنێکی دیاریکراوی وڵاتەکەیدا بەڕێوەچووە.

ئەمە لەکاتێکدا هەر خودی ئەو نوسەرە بەرانبەر بەدنیای دەرەوەی وڵاتەکەی و چەشن و شێوەی سیستەمەکانیشی بێدەنگ نییە، ئەو لەدیدگەیەکی راڤەکاری رەخنەییەوە لەساڵی(١٩٧٨)دا لێکچەرێك پێشکەش بەزانکۆی هارڤەرد دەکات و راشکاوانە رەخنە لەخاڵە سلبییەکانی کۆمەڵی ئەمریکی دەگرێت. ئەم تەرحەی بووە مایەی ئەوەی کەبەئاشکرا زۆرێك لەنوسەران لەرۆژنامەکاندا وتار لەدژی بنوسن و داوا لەحکومەتی ئەمریکی بکەن کەمافی پەنابەرێتی لێ بسێنێتەوە.



لێرەدا بەتەواویی ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کەنوسەرێکی زەین بارگاوی بەرەخنەو خوێندنەوەی دنیا، لەهیچ جوگرافیاو شوێنێکدا پاسیف و دەستەوسان نابێت.. واتە هەروەك چۆن زێدی پێشووی جێی رەخنەو خوێندنەوەیە، مەنفاش بەهەمان شێوە جێگەی باسەو هەرگیز نابێتە فیردەوس، تا وەك ئەڵتەرناتیڤێك شوێنی دۆزەخەکەی پێشووی ئەو بگرێتەوە، مەنفا لای نوسەرێکی وەك سۆلژینیستین ئامانج نییە، بەڵکو مەنزڵگەیەکە بۆ ئیدامەدان بەخوێندنەوەو نوسینەوەی راڤەکاریانەی ئەو دنیایەی کەبەناچاری جێی هێشتووە. بۆیە لەدیدگەی نوسەرێکی دنیابین و راڤەکارەوە، مەنفا خەونێکی جوان و دنیابینییەکی ترانسپارێنت نییە، دوا مەسکەن و مەنزڵگەی ئەو نییە، شوێنی داسەکنینی رۆحی و سەقامگیربوونی بار و حاڵەتە دەروونییە شێواوەکانی ئەوێکی نەفیکراو نییە، بەڵکو شوێن پێگەیەکە بۆ تێڕامانێکی نوێ و خوێندنەوەیەکی جدی، ساتەوەختی بوونی ئەو لەمەنفادا ساتەوەختی نامۆبوونیەتی بەهەموو ئەو هەڵوێستانەی کە ئەوی لەزەمەنێکدا کردبێتە کەسێکی پاسیف و بێکردار.

جائیشکالەکە لەوەدایە ناکرێت بەگشتی باس لەنوسەران بکەین، دەبێت پرسایرەکە چڕتر بکەینەوەو بەدیاریکراوی ئاماژە بەکۆمەڵێك لەو نوسەرانە بکەین کەلەدەرەوەی دنیای جەهل و گەمژەیەتییەوە نوسینیان کردۆتە هۆکاری سەر و ژێرکردنی دنیایەك ناشرینی و درێوی کەکەسانێك بەپڕکردنەوەی رۆژنامەو گۆڤار و لاپەڕەی کتێب و تاد...پێیان وایە کردەی نوسینیان بەئەنجام گەیاندبێت، لەکاتێکدا خودی ئەوانە تەنها عەریزەنوسن و لەجێی خوێندنەوەو تەئویل و راڤەکاری تەنها عەریزە بابەت و وتار و چیرۆکەکانی خۆیان دەنوسنەوە.

واتە گرنگ لەوەدایە کێیە ئەو نوسەرەی کەلەمەنفادا دەژی، پێشتر خاوەن چ خەمێکی مەعریفی و هەڵگری کامە دیدگەی رەخنەیی و راڤەکاری بووە، لەکوێوە خوێندنەوەی بۆ کۆمەڵەکەی خۆی کردووەو جێگەو شوێنی پێشوی چی بووە، تالەئێستادا بتوانین پرسیار لەونبوونی یان خۆدۆزینەوەی بکەین. ئەگەر نوسەرێك هەر لەسەرەتاوە بوونێکی جدی لەدنیای نوسیندا نەبووبێت و لەدنیای درێویدا ونبووبێت، کامە مەنفا دەبێتە هۆکاری خۆدۆزینەوەی، رەنگە بۆ ئیدامەدان بەناوی خۆی سایتێکی

شەڕەجوێن بکاتەوەو پێی وابێت بەتۆمەت بارانکردن و تەشهیرکردنی کەسانێك، ئیدی ئەو بۆتە قارەمانێکی بێوێنە، یان رەخنەگرو نوسەرێکی ناوازە، لەکاتێکدا هەموو ئەمانە جگە لەبێدەسەلاتی و بێتوانایی ئەو کەسانە زیاتر هیچی تر نییە. یان رەنگە ئاسایترین شێوازێکی مانەوەو بەردەوامی نوسەرانێکی چەقیو لەئاستێکی فیکری و مەعریفیدا، سەرباری ئەوەی کەلەمەنفاشدا ژیان ببەنە سەر، جووینەوەو دووبارکردنەوەی کاڵ و کرچی نوسینەکانی پێشووی خۆیان بێت.

ئەمە جگە لەوەی کەمەرجیش نییە نوسەرێکی جدی تەنها بەچوونە مەنفا، توانای نوسینی جوانترین دەقی خۆی هەبێت، یان نوسینی جوانترین وتارو تاد...

ناکرێت سەرپێی وەڵامی پرسیارێکی وا ئاڵۆز بدرێتەوە، بەتایبەت کەتایبەت بێت بەنووسەری کورد؟ ئەگەر نوسەرێك لەنێو خودی کۆمەڵەکەی خۆیدا لەزەمەنێکدا کەتێیدا ژیاوە، هیچ خوێندنەوەیەکی بۆی نەبووبێت و بەڕۆشنی لێی حاڵی نەبووبێت، دەبێت رۆشتن و دوورکەوتنەوەو چوونە مەنفای چی لەمەسەلەکە بگۆڕێت!؟.

شایانی باسیشە گاڵتەجاڕییە گەر بڵێین بەناو نوسەرێك کەپێشتر لەدنیا حاڵی نییەو خاوەن مەعریفەو فیکرێکی رۆشن نییەو تابینەقاقای نغرۆی تێڕوانینە دزێوو ناشرینەکانەو جگە لەرك و ئێرەیی هیچی تری دەرحەق بەدنیا نییە، بەڕێکەوت لەمەنفادا فانووسە سیحرییەکەی عەلادینی چنگ بکەوێت و پاش هاتنە دەرەوەی عیفریتەکەی، داوای بەدەستهێنانی باڵەکانی مەعریفەو چاوی خوێندنەوەو وەچنگ کەوتنی توانستی راڤەکردنی دنیای لێبکات و ئەویش بێ سێ و دوو هەموو ئەوەی پێبدات کەدەیەوێت، لەکاتێکدا کەناشێت و نابێت نوسەرێکی لەو چەشنە داواکارییەکی لەو چەشنەی هەبێت!؟.

ئەمە لەکاتێکدا کەنوسەری زەین بارگاوی بەپرسیار، پێویستی بەفانوسەکەی عەلادین و عیفریتەکەی نێویشی نییەو هەر خودی بینینی دنیایەکی جیاوازو نامۆبوونی و بردنە سەری ژیان لەمەنفادا، دژایەتییە نێوەکییەکانی دەگاتە ترۆپك و هەردەم لەنێوان دوالیزمی(ونبوون و خۆدۆزینەوە)، لەنێوان جەهلی خۆیی و مەعریفەی بەرامبەرەکەی، هەوڵی تەماشاکردنی شتەکان دەدات و دواجار شوێن گۆڕکێ یان گۆڕانێکی فیکری و



زەینی لادروست دەکات و دەبێتە مایەی هەڵوێستەیەکی نوێ و جودا، کەبۆخۆی قسەو راڤەی نوێ لەخۆ دەگرێت.

ئەگەر بڕوانینە بەرهەمی زۆرێك لەو نوسەرانەی کەلەترسی نازیزمی ئەڵمانی و جەنگ هەڵهاتوون و مەنفایان کردۆتە شوێنجێگەی مانەوەیان، دەبینین تەنها هەندێکیان توانیویانە لەدیدگەیەکی جیاواز و جوداو لەمیانی ئیغتیراب بوونیانەوە، بەهەموو ئەوەی کەهەبووە، خوێندنەوەیەکی نوێ بخەنەڕوو و دەقێکی جیاواز بنوسنەوە.

لەکاتێکدا(گۆنتەر گراس)ێکی نازی، تابەدیل گرتنیشی لەلایەن ئەمریکییەکانەوە لەنێو گەرمەی رووداوەکاندا بووەو خۆی گوتەنی:( تا کۆتایی پێموابوو ئێمە لەجەنگەکەماندا لەسەر حەقین).

بەڵام پاش ئازادبوونی لەساڵی(١٩٤٦)دا، بەهەموو ئەو رابردووەدا دەچێتەوە کەلەزەینیدا جێی خۆی کردۆتەوەو پێشتر پێی ئاسایی بووە. ئیدی ئەو تێڕامان و لێخوردبوونەوەی بۆ هەموو ئەوەی کەڕوویداوە سەرسام و نامۆی دەکات و دەبێتە مایەی خوێندنەوەو راڤەیەکی نوێ، کە لەرۆمانی(دەهۆڵی تەنەکە)دا بەتەوایی بەرجەستە دەبێت و بەشێوەیەکی ناوازە کار لەسەر کەشفکردنی نەزانراوەکانی پێش جەنگ و دوای جەنگدا دەکات و کەم نوسەری تری ئەڵمانی–ش هەیە وەك ئەو توانیبێتی تاوتوێی مێژوویەکی بەسەرچوو و ئایندەیەکی نەزانراو و بێ ئاسۆ بکات.

گۆنتەر گراس لەساتەوەختێکدا دەستبەرداری جەهلی خۆی دەبێت و بەمەعریفەی بەرانبەرەکەی دەڕوانێتە خۆی، لەنێوان دوالیزمی( ونبوون و خۆدۆزینەوە)دا لەجێی ونبوون خۆی

دەدۆزێتەوە، لەکاتێکدا ئەگەر گەمژەیەك ببوایە مەحاڵ بوو هەموو ئەوەی کەپێشتر و دواتر دەیبینێ و دەیبیستێ، هیچی تێدا بگۆڕێت و ببێتە مایەی پرسیارکرنی.

کەمێکن ئەو نوسەرانەی کەدەتوانن بوێرانە لەمیانی ئامادەباشی یادەوەرییەکانیانەوە خۆیان لەقەرەی راڤەکردنی رابردوو بدەن و جیاواز لەوەی مێژوونوسان دەینوسن، لەنێو قوڵایی پەنهان و نهێنییەکانی هەموو ئەوەی کەڕوویداوە شتێکی نوێ هەڵبهێنجن.

لێرەدا دەبێت ئەو راستیەش بخەینەڕوو کەچۆن ناچاری نوسەرێك رەوانەی مەنفا

دەكات، ئاواش نەمانی ئەو ناچارییە دەبێت ڕێگەی هاتنەوەی پێبگرێتە بەر. ئەمە لەكاتێكدا سەبارەت بەكۆچبەرێكی ئاسایی وانییە، چونكە ئەو بەمەبەستی باشكردنی ژیانی رووی كردۆتە شوێنێكی تری دنیاو جگە لەدەستكەوتی مادی و باشكردنی باری ئابووری خۆی، هیچ تێڕوانینێكی تری نییە بۆ ئە شوێنەی كەتێیدا دەژی. واتە ئەو شوێنە بۆ ئەو مەنفا نییەو ئەویش نەفیكراوێك نییە، ئەوی كرێكار لەكوێدا هێزی بازووی پارەیەكی زیاتر بكات، لەوێدا هەوڵی مانەوە دەدات و دنیا لای ئەو كارگەیەكی بەرهەمهێنانەو شوێن یان رابردوو و یادەوەرییەكان، هیچ مانایەكی نییەو ئەگەر ناچاریش نەبێت گەڕانەوەی بۆ شوێنی یەكەمجاری لەبەرنامەیدا نییە.

بەڵام كەباس دێتە سەر نوسەران مەسەلەكە دەگۆڕێت گەرچی بەناچاری دەبێتە كرێكاری یەكێك لەكارگەو شوێنەكان، بەڵام لەناخەوە هەر ئەو كائینەی پێشووەو هەموو پەل هاویشتنێكی بۆ بەدەستهێنانی بژێوی هێندەی تر درێژنگ و نامۆی دەكات و دەیان پرسیاری نوێی لادروست دەكات. لەكاتێكدا ئەم حاڵەتە لای كۆچبەرە ئاساییەكە كەبۆتە كرێكار جیاوازە. لێرەدا نمونەیەكی سەیرم بیر دەكەوێتەوە كەجێی پێكەنینە، كاتێك كەناڵێكی تەلەڤزیۆن-ی ئەڵمانی چاوپێكەوتنێكی لەگەڵ كرێكارێكی توركدا ئەنجامدا كەبۆ ماوەی بیست ساڵ شەقامێكی لەوێ پاك دەكردەوە، پاش ئەوەی حاڵ و ئەحواڵیان پرسی و زانیان زۆر بەختەوەرە بەكارەكەی و هیچ گرفتێكی نییە و لەسایەی ئەو پارەیەی كەلەئەڵمانیا بەدەستی هێناوە بۆتە خاوەنی زۆر شت لەوڵاتەكەیدا، سپیكەرەكە هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی شتێكی سەیر لای ئەو پیاوە بدۆزێتەوە، چونكە نەدەكرا ئەو پیاوە هیچ كێشەیەكی نەبێت، ئیدی پاش بگرەو بەردەیەكی زۆر كابرای كرێكار دانی بەوەدانا، كەكێشەی ئەو ئەو هەموو ئەڵمانییەیە كەلەو شارەدا هەن، تەسەورێكی سەیرە هەر دەڵێی ئەو پیاوە لەوڵاتێكی تردا نییەو هێشتاكە لەنێو یەكێك لەشارەكانی توركیادا شەقام گسك دەدات، هەر بۆیە بەژمارەی زۆری ئەڵمانییەكان نیگەرانە. ناكرێت نەدەیتە قاقای پێكەنین، سەرباری ئەو كێشە سەیرەی كەلەئیدراكی ئەو كرێكارە سادەو ساكارەدا هەیە، ئەمە حیكایەتێكی پڕ حوزن و تراژیدی كرێكارێكی كۆچبەرە، كەهێشتاكە لەدنیای پێشووی خۆی نەهاتۆتە دەرێ و



تەنانەت بەچەشنێك لەچەشنەكان پرسیاریشی هەیە. ئیدی بۆ دەبێت زۆرێك لەنوسەرانی ئێمە، تائێستا نەیانتوانیبێت، پرسیارێكی لەو چەشنەش لەدەقەكانیاندا بخەنەڕوو، تۆبڵێی سایكۆلۆژییەتی مرۆڤی كورد لەسەرجەم مرۆڤەكانی تر جیاواز بێت؟ یاخود مەنفا لای ئەو تەنها قاوغی ئەو لوولپێچە بێت، كەدەبێت كرمۆكەی هزرو بیری بێ پرسیاری خۆی تێدا قەتیس بكات و لەپشت پانتایی جوگرافی مەنفاوە خۆیمان لێبكاتە نوسەری مەنفا، دەبینین هەن دەیانەوێت بەزۆر هالەیەك بۆخۆیان دروست بكەن و ونبونیان لەزێدی پێشینەی خۆیان بكەنە جوانی لامان، تا ناشرینی بیرو هزرو پرسیارنەكردنی خۆیمان لابسڕێتەوە.

نوسەرێكی وەك( شێرزاد حەسەن) پاش ئەوەی دەگاتە فینلەندا و دەمانگ تێیدا دەمێنێتەوە، سەرباری باری ناهەمواری ئەو كاتەی كوردستان گەڕانەوەی لادەبێتە مەبەست و بێ دوودڵی دەگەڕێتەوەو سەبارەت بەو هەڵوێستەشی دەڵێت:( پێت دەڵێم من دوو ژیان ناژیم، یەك ژیان دەژیم، ئەگەر دوو ژیان بژیمایە یەكێكیان لەوڵات دەژیام و یەكێكیان لەتاراوگە، لەبەر ئەوەی قەدەری من ئەوەیە كەیەكجار دەژیم و دەمرم، پێویستە لەوڵات بم، بەهەموو جوانی و ناشرینی ئەو وڵاتە خۆیەوە).

بۆیە دەتوانین بڵێین ون بوون و خۆدۆزینەوەی نوسەر كارێك نییە تەنها لەمەنفادا ئێخەی پێبگرێت، بەڵكو لەهەموو ئان و ساتێكدا نوسەر لەمابەینی ئەو دوو چەمكەدا، دەبێت لەبگرەو بەردەی بەردوامدا بێت، ئەمە جگە لەوەی دنیای ئەنفۆرماتیك و میكرۆڤیزیۆنی ئەمڕۆ، مەنفای لەمانا تەقلیدییەكەی خۆی بردۆتە دەرەوەو چەشن و شێوەی دابڕانەكەی گۆڕیوە.

ئیدی مەنفا بورجێكی عاسی نییە، كەبەئاستەم نەیارانی كەسی نەفیكراو پێی بگەن، یان دنیایەكی داخراو نییە، تاخەڵكی وڵاتی پێشووی نوسەر بێئاگابن لەهەواڵەكانی، بەهەمان شێوەش نوسەری نێو مەنفاش بێئاگا نییە لەهەموو كەین و بەینی وڵاتەكەی پێشووی خۆی!؟. هەربۆیە پێش ئەوەی سەیر و سەمەرەیی لەمەنفا یان وڵاتی پێشووی نوسەردا هەبێت، دنیا هەر هەمووی بۆتە شتێك سەیر و سەمەرەو ترسناك. ئەگەر خۆی لەناشرینییەكانی وڵاتەكەی خۆی هەڵهاتبێت ئەوە بەچەشنێكی تر مەنفا

دەیان ناشرینی تری پێشکەش دەکات، ئەگەر پێی وابێت لەکۆمەڵێکی داخراوەوە روویکردۆتە کۆمەڵێکی کراوە، ئەوە بەچاوی خۆی هەوڵی ئەو هێزانە دەبینێت کەدەیانەوێت دەرکەکانی ئەویش دابخەن.

ئەگەر بۆ جارێك بێت بەخەیاڵیداو پێی وابێت تێکەڵ کولتوور و شارستانیەتی کۆمەڵێکی تر بووە، ئەوە دەیان جار دەگاتە ئەو راستیەی کەئەو تەنها لەپەراوێزی دنیای ئەواندا هەڵدەسووڕێت.

نازانم بە چ ئەقڵیەتێکەوە کەسانێك پێیان وایە کەبتوانن بىن بەوان، لەکاتێکدا (ژاك دریدا)یەك تەنها لەبەر ئەوەی بەڕەگەز جولەکەیە، نەیتوانیوە لەنێو کولتووری رۆژئاوادا بتوێتەوە و هەمیشە لەنێو مێژوو و رابردووی خۆیدا ماوەتەوە و راشکاوانە گوتویەتی: ( ئێمە هەموومان مارانۆین) واتە هێشتا هەڵگری خەسڵەتەکانی خۆمانین و لەنێو کولتووری بەرانبەردا نەتواوینەتەوە، چونکە دیارە هەر خودی رۆژئاوا هەموو ئەو جولەکانەی بەمارانۆ ناودێرکردووە، کەلەرووکەشدا بوونەتە مەسیحی و لەنێوەوەڕا هەر جولەکە بەرازنەخۆرەکان بوون.

لەکۆتایشدا جەخت دەکەمە سەر ئەوەی کەوەڵامدانەوەی پرسیاری(ونبوون و خۆدۆزینەوە)ی نوسەران لەمەنفادا، پانتایی و مەودایەکی فراوانتری راڤەکاری پێویستە و ناکرێت

لەم دەرفەتەدا بەتەواویی تاوتوێمان کردبێت، ئەوەی کەگوتومانە تەنها هەوڵدانێکە بۆ وورووژاندنی هەندێك نەگوتراو.



— ١٤ —

**رابەر فاریق: چی کۆمەکمان دەکات بۆ ئەوەی بزانین کە نووسەر لەڕووی جەستەیی، یاخود رۆحی لەناوچووە؟**

یوسف عیزەدین: دیارە بەوپێیەی تەوەرەکەتان پێوەندی بەخۆکوشتنەوە هەیە، بەواتایەکی دیکە مەرگی ئیختیاری، یان ئیختیاری مەرگ. بۆیە بەپێویستی دەزانم کەئاماژە بەوە بدەم، مەرگیش بۆخۆی مێژوویەکی لەبیرکراو یان هەندێك جار نەزانراوی هەیە، سەرباری ئەو مەرگەی کەبەپێی جیاوازی کۆمەڵەکان و لەڕوانگەی جوداوە زانراون. "ئیڤان ئیلیچ" زۆر بەوردی توانیویەتی لەو وتارێکیدا بەناوی ( مەرگ دژ بەمەرگ )، رۆبچێتە نێو نەزانراوەکانی مەرگەوەو بەتایبەتیش کەئاماژە بەچاخەکانی نێوەڕاستی ئەورووپا دەدات، هەر بۆنمونە باس لەنەخشی سەر گۆڕێکی پاریس دەکات لەساڵی"١٤٢٤"دا کەوێنەی کۆمەڵێك کەسی مردووی تێدایە لەکاتی سەماکردنداو هەر لەقەشەوە بۆ کەسە ئاساییەکان و ئەمەش لەو سەردەمەدا بە"سەمای مەرگ" ناسراو بووە، ئەوەشی سەیرە گاڵتەجاڕی ئەو وێنەو نەخش و نیگارانەیە بەخودی مەرگ و هەوڵدانێتی بۆ دەرهێنانی لەو تەقدیسکردنەی کە مەرگ بەدرێژایی سەردەمانێك هەیبووە. گرنگیدان بەمەرگ لەو سەردەمانەداو هەوڵدان بۆ تێکشکاندنی قودسیەتی بوونی، وا لە"هانس هۆلبین" دەکات لەساڵی"١٥٣٨"دا بۆ یەکەمینجار کتێبێك بەوێنەوە دەربارەی مەرگ بڵاوبکاتەوە، ئەمە لەو سەردەمەدا رێنیسانسێك بووە،

گۆڕانکارییەکی زۆر قووڵ بووە دەرحەق بەچەمکی مەرگ. خۆکوشتنیش شانبەشانی مەرگ، لەدێر زەمانەوە هەبووەو ئێستاش هەیە، رەنگە گەڕان بەشوێن مێژووی نەزانراو نەنووسراوی خۆکوشتندا یەکێك بێت لەکارە سەختەکان، بەڵکو ئاستەمەکان. چونکە کۆنترین کتێبەکانی میسیۆلۆژیاو دواتر ئایینەکان باسی کوژرانی مرۆڤمان بۆ دەکەن بەدەست مرۆڤێکی دیکە، گەرچی هەرهەموویان کردەی خۆکوشتنیان بەحەرام زانیوەو لەڕوانگەی تابۆ ئاینییەکانەوە یاساغیان کردووە، کەواتە ئەگەر هەر لەترازانی مرۆڤ لەدنیای ئاژەڵان خۆکوشتنیش هەبووبێت، ئەوە بۆ هەبووە، هۆکارەکانی چیبوون، لەمرۆدا خوێندنەوەی ئێمە بۆ مێژووی ئەو کردەیە چییە و ئەمانە زۆر پرسیاری دیکە قابیل بەکردنن.

بەڵام کاتێك باس و خواس دێتە سەر تەوەرێکی تایبەت بەخۆکوشتنی نووسەران ئەوەندەی لێرەدا دەرفەت هەبێت هەوڵی راڤەکردنی دەدەین، ئەوەی کەتایبەتە بەپرسیارەکەشتان ئەگەر مەبەستتان لەنووسەر "دانەری" تێکست بێت، نەك نووسەر بەواتا فراوانەکەی و بوارە جیاجیاکانی نووسین. ئەوە دەکارێت بڵێین دانەری تێکست کەئێوە بە"نووسەر" ناوی دەبەن، وەك ناوێك بۆ شووناس پێبەخشینی تێکستێك، یان ناسینەوەی بەرهەمێکی دیاریکراو، زادەی زەمەنێکی هێندە کۆن نییە. پێشتر حیکایەتخوانەکان لەپشت حیکایەتەکانەوە سەرباری بوونیان، بەڵام وندەبوون، یان لەجێی ئەوەی یەك کەس بن چەندین کەس بوون و پاش سەفەری دوور و درێژی حیکایەتیش لەزارێکەوە بۆ زارێکی دیکە، ئەوەی نەدەناسرایەوە حیکایەتخوان بوو، لەکاتێکدا کاراکتەری نێو حیکایەتەکان هەردەم حزوریان هەبوو.

کردنە ئەفسانەی نووسەر"دانەری" تێکست زادەی واقیعێکی کۆمەڵ و زەمەنی بەهادانانە بۆ تاك وەك خوڵقێنەر، ئیدی ئەمە دەگاتە ئاستێك خودی حیکایەتی ژیان و بەسەرهاتی لەجێی دانەر یان بابڵێین"نووسەر" دێتە پێش تێکستەوە، بەچەشنێك وەك نمونەیەك ماجەرای ژیانی دۆستەیێڤسکی و بەسەرهات و چەرمەسەرییەکانی بۆتە ئەو کۆریدۆرەی کەخوێنەران لەوێوە دەچنە نێو پاساژی دنیای نووسینی ئەو زاتە، ئەمە فێلێکە بۆ تەشویقکردن و راکێشانی خوێنەر و بردنە ناوەوەی بۆ نێو دینای تایبەتی



نووسین، بەڵام ئاشکرایە کەبەشێکی زۆری ئەو خوێنەرەی ئاوا پەلکێشی خوێندنەوە دەکرێت، ئاگایەکی لەتێکست وەك خۆی نییەو ئەمەش ئیشکالێکی گەورەی دنیای نووسینە، بەلەبەرچاو گرتنی جودایی نووسەر و تێکست.

" فۆکنەر" دەڵێت:( ئەوەی کەگرنگە هاملێت و خەونی شەوێك لەنێوەڕاستی هاوین–دایە، نەك ئەو کەسەی کەنووسیویەتی، دانەر هیچ گرنگییەکی نییە، گرنگ ئەو شتەیە کەدایدەهێنێت ).

دیارە زۆر راستە دانەر"نووسەر" هیچ گرنگییەکی نییە، بەڵام ئەوەی لەمڕۆدا خودی رەخنەکارانیش کاری لەسەر دەکەن ژیان و ماجەرای نووسەرەکانە، زۆر بەسانایی لەوە حاڵیمان دەکەن مادەم کافکا باوکی لەگەڵی خراپ بووە، کەواتە تەواو دۆزیمانەوە، کۆمپلێکسی ئەو نووسەرە باوکەو ئیدی بەم چەشنە تێکست دەبێتە سفر لەئاست باڵابوونی نووسەردا و ئەگەر ئەم جۆرە خوێندنەوانەش نووزەیەك لەتێکستدا بهێڵن، ئەوە ئاستەمە تێکست و خودی نووسەرەکە لێك جودابکرێنەوە.

"مالارمێ" یەکێکە لەوانەی کەهەستی بەو گرفت و لەمپەرەکردووە بۆیە دەڵێت:( ئەوەی کەدەدوێت زمانە نەك دانەر )، دیارە ئەم گوتەیەش بەمەبەستی دانانی تێکستە لەشوێنی شیاوی خۆی، سەرباری جێهێشتنی شوێن بۆ خوێنەر، چونکە وەك دەڵێین: ( لەدایك بوونی خوێنەر پەیوەستە بەمەرگی دانەرەوە)، بەڵام بەشێکی زۆری ئێستای نێوەندی ئەدەبی کوردی بەنووسین و رەخنەشەوە، کارکردنێکی شەخسییە لەسەر خودی دانەر و پەیوەستە بەژیانی شەخسی و شەشنی هەڵوێست و کێشمانکێش و ململانێیەکانی و جۆری ئینتیمای بۆ شتگەلێك یان شتێکی دیاریکراو، ئەگینا قسەو باس لەسەر تێکست بەدەر لەوەی کێ نووسیویەتی هێشتاکە جێگەی قسەو باس نییە. ئەگەر وەك گریمانێك ئەگەر لەمڕۆوە ناو نەخرێتە سەر تێکست و دانەر بخرێتە پەراوێزەوە، دەبێت چەند لەڕێژەی ئەو هەموو نووسینەی ئەمڕۆ کەم ببێتەوە، رەنگە کەسانێکی زۆر کەم بەدەر لەبوونی ناویان و ناوهێنانیان بەجدییەتەوە هەوڵی نووسین بدەن؟!.. ئەودەمیش بەڕاستی خوێنەر تووشی ئەم چەواشەکارییەی ئێستا نابێت، چونکە ئەوەی لەبەردەستیدایەو دەیناسێت تەنها تێکستە، نەك ناوێکی تەقدیسکراو

كەهچ ئیرادەیەكی رەتدانەوەو بەرپەرچدانەوەو رەفزكردنی تێدا نەهێڵێت. وەك "رۆلان بارت" یش دەڵێت:( دانەر تەنها لەساتەوەختی بەرهەمهێنانیدا نەبێت بوونی نییە، منیش وەك خۆم لەئەزموونە خاكییەكەمەوە هەستم بەمەكردووە، پاش نووسین هیچ نامێنێت لەبارەیەوە بڵێم، هیچ پێوەندییەكی خاوەنداریێتی و بەرێوەبردن بەوم نابەستێتەوە ).

جا سەبارەت بەپرسیارەكەتان دەتوانم بڵێم، كاتێك دانەرمان لەدەرەوەی ساتەوەختی نووسین بینییەوەو وەك هەر كەسێكی دیكە تێمان روانی، ئەودەم دەتوانین بڵێین چی دەبێتە مایەی لەناوچوونی رۆحی یان ماتەریالی كەسێكی ئاسایی هەر هەمان شتیش نووسەریش دەگرێتەوە.

**رابەر فاریق: ئەگەر نووسین رۆنانی دنیایەكی دی بێت بەوشە، دەكرێت لەهیچ حاڵەتێكدا، خۆكوشتن دەلالەت لەوەها حاڵەتێك بكات؟**

یوسف عیزەدین: "فۆكنەر" دەڵێت:( هەموومان سەبارەت بەرێكردنمان لەگەڵ خەونەكانمان بەرەو كامڵ بوون شكستمان هێنا، بۆیە من سەركۆنەی خۆمان دەكەم دەرحەق بەو شكستە گەورەیەمان بۆ بەدیهێنانی ئاستەم... هەر ئەمەشە هۆكاری بەردەوامبوونی دانەر و هەوڵدانی چەند جارەی، چونكە هەر جارەی وا هەست دەكات، كەلەهەوڵدانەكەیدا سەركەوتوو دەبێت، دیارە بێگومانیش نایگاتێ و سەركەوتوو نابێت.. ئەگەر توانیشی كارەكەی لەگەڵ وێنە و خەون بگونجێنێت و ئەو كارە بەئەنجام بگەیەنێت، ئەوە هیچ شتێكی بۆ نامێنێتەوە بێجگە لەبڕینی قورقوڕاگەی و بازدان لەترۆپكی كامڵ بوونەوە، واتە بەرەو هەڵدێری خۆكوشتن ). كەواتە لەڕوانگەی "فۆكنەر" ەوە، دانەر كاتێك ناچارە خۆی بكوژێت گەر بەشێوەیەكی مەجازیش بێت، ئەو دەمەی دەتوانێت تێكستێكی كامڵ بنووسێت، كەواتە بەڕای ئەو ئەوەی كەخۆكوشتنی دانەر دوور دەخاتەوە، هەوڵدانیەتی بۆ نووسینی ئاستەم یان گەیشتنە ئاستەم. دیارە ئەمەش پێچەوانەی ئەو راوبۆچوونەیە كەپێی وایە زۆرێك لەو نووسەرانەی كەخۆیان كوشتوە، هۆكارەكەی نەتوانینی نووسینی تێكستێكی جوداو جیاواز بووە، كەواتە خۆكوشتنی دانەر پەیوەست دەكەن بەشكستەوە. زۆر میتۆدی



دیكەو راو بۆچوونی دیكەش هەن، كەهەریەك لەڕوانگەی جیاجیاوە مامەڵە لەگەڵ پێوەندی دانەر و خۆكوشتن دەكەن، بەڵام وەك "مالارمێ" دەڵێت:( هەموو میتۆدەكان وەهمن ).

نیگەرانی و دڵەڕاوكێمان بەرانبەر بەوەی لەمرۆدا كامەیە بەهاكانی مرۆڤبوون، بەتایبەت مرۆڤبوون بەهایەكی سەقامگیر و جێگری نییەو سایەو سێبەری ریالیتەیەكی دەرەوەی خۆشی نییە. دنیای جەنجاڵی ئەمرۆ تەراتێن لەمابەینی ئەڵتەرناتیڤەكاندا دەكات، ئەو ئەڵتەرناتیڤانەی بنەمای و سەركی و سەرەتای دەركەوتنیان نەزانراوە، ئەگەر یەكێك لەبنەماكانی زیندەبوون، بوونی ئیرادەی خولقاندنی ژیان بێت، ئەوە مافی نەفیكردنەوەی زیندەبوون و نەمانیش بەشێكە لەسیماكانی زیندەبوون. كەواتە خۆكوشتن بەدەر لەماهیەت و تەفسیرە نێگەتیفەكانی، ئیختیارێكی مرۆڤەو جیاواز لەبوونەوەرەكانی دیكەو بەشێوەیەكی بەرچاوتر و زیاتر لەمێژەوە لەمێژوویی مرۆڤایەتیدا شوێنجێگەی لەژیانی مرۆڤدا هەبووەو هەیە. هەربۆیە زۆربەی ئایینەكان باسیان لەخراپی كردەی خۆكوشتن كردووەو هەوڵی قەدەغەكردنی خۆكوشتنیان داوە. سەیر و سەمەرەیی خۆكوشتنی "سامۆرایی"یەكان وەك دیاردەیەك سەرنجی زۆر كەسی راكێشاوە، یەكێك لەحیكایەتەكان باس لەگروپێكی سامۆرای دەكات، پاش تۆڵە سەندنەوە دەرحەق بەكوژرانی سەرۆكەكەیان لەدەسەڵاتدارێك و كوشتنی خۆی و دارو دەستەكەی، هەرهەموویان بەكۆمەڵ خۆیان دەكوژن!؟. ئەوەی تائێستا بۆتە پرسیار ئەوەیە كەبۆ پاش توانستیان بۆ تۆڵەسەندنەوەو لەناوبردنی نەیارەكەیان، خۆیان كوشتوە، باشە ئەگەر خۆیان نەكوشتایە چی روویدەدا، یان پاش خۆ كوشتنیان چی روویدا، ئەمانەو زۆر پرسیاری دیكە، شایانی گوتنن؟!.

**رابەر فاریق: كەنگێ پرۆسەی خۆكوشتن تێكەڵاویی ئاگایی، یان نائاگایی دەبێت؟**

یوسف عیزەدین: ئێمە هەموومان وەك بوونەوەرێك هەڵگری دوالیزمی ژیان و مەرگین، ئەمە چ وەك غەریزەو چ وەك ئەو هۆشمەندییە رێژەییەی كەهەمانە، لەگەڵ جیاوازی كات و شوێن و رۆژگارەكان. دیارە ئەوەندەی حەزمان بەدرێژبوونەوەی تەمەنمانەو هیوای پێ دەخوازین، ئەوەندەش مەرگمان لا یەقینەو دەرفەتی گومانمان نییە لێی،

هەرچەندە هەن پێیان وایە زیندوو دەبنەوە، یان وەك رۆحێك لەجەستەیەكی دیكەداو بەدەوران دەروی دۆناو دۆندا دێنەوە بوون، بەڵام ئەگەر هەموو ئەمانە تەنانەت لای باوەڕدارانیشی یەقین بووایە ئەوە لەمەرگ نەدەترسان؟!.

ئیدی زۆرجار باوەڕهێنان بەحەتمیەتی مەرگ یان هەر هۆكارێكی دیكە بەرەو خۆكوشتن پاڵمان پێوەدەنێت. لەدوایەمین ئاماری تایبەت بەرێژەی مردووانی چین ئەو راستیە دەركەوت، كەلەسێ بەشی ئەوانەی كەمردوون بەشێكیان ئەوانەن كەخۆیان كوشتوەو زۆررترین ژمارە خۆكوژەكانیش نێرینەكانن، ئەمانە زۆر شتی دیكەی تایبەت بەخۆكوشتن، لەمرۆیەكدا كەبۆتە دیاردەیەكی جیهانی راڤەكاری و لێوردبوونەوەی زۆر وردی دەوێت. رەنگە ئەوەی كەپەیوەستە بەهۆكارەكانی خۆكوشتنەوە كارێك نەبێت راڤەكارییە تەقلیدییەكان دەرۆستی بێن. زۆر پەنهان و نهێنی لەنێو ئەو ساتەوەختەدا خۆی حەشارداوە كەپێی دەگوترێت ساتەوەختی خۆكوشتن. سەیر نییە زۆرێك لەوانەی كەلەژووری لەسێدارەداندا چاوەڕێی تەنفیزی حوكمن ئەگەر ئیختیاری خۆكوشتن بخەیتە بەردەستیان ناتوانن خۆیان بكوژن و چاوەڕێی جەللاد دەكەن تا وەك قوریانییەك بیانكوژێت. بۆیە توانای ئەو كەسەی كەدەتوانێت خۆی بكوژێت، شتێكی سەرپێی و راگوزەر نییە، ناكرێت بەتەواویش پەیوەستی بكەین بەبارێكی دەروونییەوە. سەیر نییە كاتێك وەك راستییەك پەی بەوە دەبەین كەكەسە شێتەكان و نیمچە شێت و باری دەروونییە شێواوەكان كەمجار هەبووە خۆیان كوشتبێت، لەكاتێكدا زۆریان دەتوانن شاڵاو بۆ كەسانی تر بەرن و تەنانەت بشكوژن؟!.

ئیدی خۆكوشتن وەك كردەیەك سەرباری هەر شتێك یەكێكە لەو كردانەی كەلەمێژەوە پاڵەوانی دروستكردووە، وەك چۆن "هانیبال" بەخۆكوشتنی بووە پاڵەوان و ئەفسانەو توانی لەكۆنترین زەمەنەوە وەك ناوێك بگاتە ئێستا. ئەم زاتە فینیقییە شتی زۆر سەیر و سەمەرەی كرد هەر لەڕێكردنی پێنج شەش مانگی نێو بەفر، بەخۆیی و سوپاكەیەو بڕینی چیاكانی ئەڵب و لەهەمووشی سەیرتر هێنانی فیل بوو لەگەڵ خۆی، تابردینیە بەدرەم دەركەكانی رۆما، كەچی ئەو پیاوەی لەمێژوودا هێشتەوە خۆكوشتنی بوو پاش شسكت هێنانی لەبەردەم رۆمانەكاندا. شتێكی سەیری دیكەش زۆرێك لەو بیرمەندو



نووسەرانەی تیۆریزەی خۆكوشتنیان كردووە، لەبارەیەو تەنزیر و نووسینیان هەبووە خۆیان نەكوشتووە، كەچی ئەوانەی لەژیانیاندا قسەو باسێكیان سەبارەت بەخۆكوشتن نەبووە، لەئان و ساتێكدا خۆیان كوشتووە، هەر بۆ نموونە كەسێكی وەك هێمنگوای كەخۆكوشتنی زۆر نائاسایی دێتە پێش چاو، بەبەراورد لەگەڵ ژیان و تێكستەكانی، لەكاتێكدا ئەگەر كامۆ و سارتر و بیكیت خۆیان كوشتبا زۆر ئاسایی دەهاتە پێش چاو، هەرچەندە خۆیان نەكوشت و كامۆ بەڕوداوێك مرد و دوانەكەی دیكەش بەمەرگی سروشتی.

**رابەر فاریق: خۆكوشتن پەیوەندی بەجورئەتەوە هەیە؟**

یوسف عیزەدین: ئەگەر بڵێین بەشێوەیەكی رێژەیی خۆكوشتن پێوەندی بەجورئەتەوە هەیە، ئەوە دەكەوێتە سەر ئەوەی تێڕوانینمان بۆ جورئەت چییە؟!.. دەبێت بڵێین كام جورئەت ئەو جورئەتەی كەلەڕوانگەیەكی تەقلیدییەوە راڤە دەكرێت، یان ئەوەی لەڕوانگەیەكی ناتەقلیدییەوە راڤە دەكرێت.. هەرچۆنێك بێت كوشتنی خود لەكوشتنی كەسێكی دی شەریفانەتر و جوانترە، هەر هیچ نەبێت ئەو كەسەی كەخۆی دەكوژێت تەجاوز ناكاتە سەر ژیانی خەڵكانی دیكەو مافی ژیانیان لێ زەوت ناكات.

**رابەر فاریق: دەكرێت دەوروبەر بچنە نێو پرۆسەی خۆكوشتنەوە؟**

یوسف عیزەدین: ئیشكالی زۆرێك لەتێزە فەلسەفییەكان لەوەدایە بوون وەك خۆی و مەعریفەی ئێمە سەبارەت بەبوون تێكەڵ دەكەن، بەم شێوەیەش بوون دەبێتە چەمكێكی ئەقڵی ئەبستراكت. هەردەم پێوەندی "من" بەكەسانێكەوە كەبەقەولی" هایدگەر" بە"ئەوان" ناودەبرێن و ئەوان بەشێكن لەو دیزاینە گەورەیەی كەهەمیشە بۆشاییەكانی نێوان شتەكان پڕ دەكەنەوە تا ئەو رادەیەی هەموو شتێك دەكەنە یەك و هاوشێوە، لەمیانی ئەمەشەوە توای كەشف و گەڕانمان سنووردار دەكرێت، رێ بەموجازەفەو هەوڵدانمان بۆ زانین سنوردار دەكرێت، بەهەرحاڵ بەمەبەستی ئەوەی درێژەی نەدەمێ دەڵێم ئەوەی كەئێوە پێی دەڵێن دەوروبەر و ئەوەی كەپێشی دەگوترێت خۆمان، لەمرۆدا جیاكردنەوەی ئەگەر ئاستەمیش نەبێت زەحمەتە.

**رابـەر فـاریق: بەریەسـتبوونی دەوروبـەر لەبـەردەم پرۆسـەی خۆکوشـتندا واتـەی لێسەندنەوەی ئازادیی تاکەکەس دەگەیەنێت؟**

یوسف عیـزەدین: ئێمـە پـێش ئـەوەی ئـازادیی خۆکوشـتنمان لێ بسەنرێتەوە هـەموو ئازادییـەکانی دیکـەمان لێ سـەندراوەتەوەو بـەخۆڕا لەدنیایـەکی بێمانـادا خۆمـان هەڵدەخەڵـەتێنین، دواجـار ئێمـە جگـە لەمـەرگ چـاوەڕێی چـی تـر دەکـەین. وەك "تـاوی"ییـەکان دەڵـێن: ( تـاو دەفرێکـی بەتاڵـە، بـەکاردەهێنرێت بـەبێ ئـەوەی کەپڕکرێتەوە ). ئیدی ژیانی ئێمە ئەو دەفرە بەتاڵەیە کەپڕ ناکرێتەوە، چونکە هەردەم خاڵییە، خاڵییە لەواتاکانی ژیان.. تۆ ئەگەر ماوەیـەکی دیـاریکراوت هـەبێت بـۆ ژیـان چ واتایەکی هەیە بژیت یان بمریت، هەر هـەمووی عەبەسـێکەو ئێمەیـەك بـۆ بەدبـەختیمان لەڕێی هۆشەوە درکی پێدەکەین و تامەرگ گیرۆدەی ئـەو راڤەکاریانـە دەبـین کەهـەوڵی بەخـشینی مانایـەك بـەژیان دەدەن، بـەڵام وەك راسـتییەك ژیـان زۆر لـەوە بێمانـاترە کەئێمە تەسەووری دەکەین و خۆمان پێوە سەرقاڵکردووە

بەشی دووهەم

"وتارەکان"

*دانەری تێکست یان خودی تێکست..

*کورتە راڤەکارییەك سەبارەت بەنووسین..

* هێنانەگۆی زمانێکی لاڵ..

*پرسی گەنجان لەئاست دنیایەکی نابەرابەردا..

*تارماییەکانی خۆکوشتن..

*سیناریۆی مێژوو لەنێوان حەقیقەت و واقیعدا..

*یادەوەرییە تاڵەکانی ڕۆژگارێکی خوێناوی..

*نامە یان نیمچە نامەیەك..

*کورتە بەراییەکی ئاراوتەیی..

*پاساژێك بۆ تێڕامان..

-١-

## دانەری تێکست یان خودی تێکست

**- ئەدەب لەدەرئەنجامدا بێجگە لەخەونێکی ئاراستەکراو هیچی تر نییە -.**

**" بۆرخیس "**

لوغزی زمان، نهێنی و پەنهانەکانی، سیحر و تەلیسمەکانی، رەهەندە جیاجیاکانی، کۆریدۆر و پاساژە نەزانراوەکانی، زانراوەکانی و چەندین شتی دیکە وامان لێدەکات، لەئاست زماندا سەراسیمە بین. هەرچەندە خودی مرۆڤ زمانی خولّقاندووە، بەلّام سەنترالیزمی زمان و وەپەراوێزخستنی مرۆڤ، لەئاست زمانێکدا کەخۆی داهێنەریەتی، توانستی کۆنترۆلّکردن و ترازانی زمان لەپێگە ماتەریالییەکەی و چوونی بۆ نێو قووڵاییەکانی میتافیزیکیاو سەیرکردنی وەك موقەدەسێك، بەرزبوونەوەو بالّابوونی، نەوەستانی لەئاستێکدا و گۆڕانی.. راگەیاندنی بەردەوامی بۆ بوونێکی شاراوەو پەنهانی خۆی، بوونێکی نەزانراو و هێشتا کەشف نەکراوی، مایەی هەلّوێستەو پرسیارە؟!

بۆیە سەیر نییە گەر هەبن پێیان وابێت، ململانێی مێژوویی راستەقینە، ململانێی ئینتیمایە بۆ تێکست یاخود زمان، بەو پێیەی کەزمان سیستمی سیستمەکانە، گەرچی لەنێو شوێن و زەمەندا چێ دەبێت، بەلّام هەروەك ئەوەی لەناشوێن و نازەمەندا نیشتەجێ بێت، پێویستی بەموغامەرەی خەیالّ و ئەندێشەیە تا پەی بەسەرەتاو نەزانرا



و بەرایبوونی ببات. ریزبەندی زمانە یەك لەدوای یەکەکانی هەمان سولالەی زمان هەندێك کات بەچەشنێکە، کە زمانی ئالّتەرناتیڤ شوێنی زمانەکەی پێش خۆی دەگرێتەوەو بەم چەشنە ئیدامەی دەبێت تادواجار زمان دەبێتە شتێکی زۆر نەیار بەبەراییەکانی خۆی، هەر لەنێو خودی ئەو کۆمەلّە ئیتنیکییەی کەتێیدا دروستبووە.

سیحری زمانی بەرایی لەیەکەمین ساتی دروستبوون و گۆکردنیدایە، لەیەکەمین ساتی بەربەرەکانێی خەیالّ و واقیعە بۆ ناونانی شتێك، رەنگە زمان هەلّقوولّاوی یەکەمین ساتی سەرسامیی مرۆڤ بووبێت، دەرحەق بەو شتانەی کەلای ئەو پێشتر تەنها رەنگ و شێوە و بۆن و دەنگ و تام و قەبارە و بارستە بوون، داهێنانی زمان ساتەوەختێکی سەیری پەڕینەوەی بوونەوەرێکی ئاقلّە لەدنیای ئاژەلّانەوە بۆ نێو دنیایەکی دیکە، دنیایەکی سامناکتر لەجەنگەلّ. زمان بۆ هەتا هەتایە ئەو بوونەوەرەی کەئێستا پێی دەگوترێت مرۆڤ لەدنیای ئاژەلّان ترازاند و گەڕانەوەشی بۆ نێو ئەو دنیایەی ێشووتری کردە مەحالّ.

ئەوەی وەك سەرەتایەك پێش ئەوەی بچینە سەر کورتە باسەکەمان، دەبێت ئاماژەی پێبدەین.. پێوەندی نێوان ئاخافتن و نووسینە، ئاخافتن لەمێژەوە بەبنەمایەکی بەرایی سەیرکراوەو پەی بەوە براوە کە ئایدیاو مەبەستی بێژەر راستەوخۆ دەگەیەنێتە وەرگر"گوێگر"، بەلّام نووسین کردەیەکی راستەوخۆ نییە و تەنانەت توانای گەیاندنی بیرکردنەوەی خودی دانەریشی نییە لەحالّەتی خولّقاندنی تێکستدا( دیارە لەسەرجەمی کورتە باسەکەدا تەنها مەبەستمان لەو جۆرە نووسینانەیە کەجدیەت لەخۆ دەگرن و بەتایبەتیش ئەو نووسینەی کەتێکستێکی ئەدەبی دەهێنێتە بوون ).

" گۆران" لەدووتوێی شیعرێکدا باسی لەو حالّەتە کردووە، کەچۆن ئەوەی بیری لێدەکاتەوەو وەك خەیالّێك پێی مەستە، بۆی ناهێنرێتە نێو تێکستەوەو دەستنیشانی دووری ئەو دوو پرۆسەیە دەکات کەیەکێکیان بیرکردنەوەو خەیالّی خۆیەتی و دووەمیشیان کردەی نووسینیەتی، رەنگە ئەمە وەرچەرخانێك بێت لەئەدەبی کوریدا بۆ جیاکردنەوەی تێکست لەخودی بیرو هزر و تێڕوانینی دانەر. دەتوانین بلّێین ئاخافتن زیاتر نزیکە لەوەی بەخەیالّدا گوزرە دەکات و دانەر بیری لێدەکاتەوە، بەو پێیەش کەنووسین دوالیزم و پاشکۆی ئاخافتن نییە، کەواتە هەر لەبنەڕەتەوە بارگاوییە

بەجیاوازی و دوورکەوتنەوە لەکۆنترۆڵکردنێکی بەزۆر، هەرچەندە ئەوەی کە لێرەدا لەبارەیەوە دەدوێین ساتەوەختێکی زمانە لەخولقاندنی تێکستێکی زیندوودا.

گەمەکانی نووسین لەکردەی نووسیندا، لەهیچ سنوورێکی دیاریکراو جێ ناکرێنەوە و بێکۆتا ئیدامەیان دەبێت، هەر ئەم گەمەیەشە کەبەشێکی جیاکردنەوە و ناسینەوەی تێکستەکانی دەکەوێتە ئەستۆ، دیارە مەبەستمان لەو گەمانەیە کەلەناوەوە دەکرێن و لەنێو قووڵایی کێشمانکێش و ململانێ و دژایەتییەکانەوە وەك ناوکۆکەیەك لەچەقەوە بۆ دەرەوە تەوژم دەدەن و شەپۆلە یەك لەدوای یەکەکانیان لێدەکەوێتەوە.

کردەی نووسین کاتێك لەئاست خولقاندنی تێکستدا رادەوەستێت، بەبێ گەڕانەوە بۆ پانتاییەکانی زمانی پەراوێزکراو و رەتکراو و دوور لەسێنتەر مەحاڵە، بەکارهێنانی زمانی ئاڵتەرناتیف تێکستێکی ئاڵتەرناتیف دەهێنێتە کایەوە، هەر ئەمەشە بەشێوەیەکی گشتی لەدنیای ئەدەبیدا دەگوزەرێت و کەمجار هەندێك تێکست توانای تەجاوز کردنیان هەیە. دەبینین پاش دەرکەوتنی تێکستێکی زیندوو، دەیان تێکستی ئاڵتەرناتیف دێنە بوون و خۆیان نمایش دەکەن.

لەڕوویەکی دیکەشەوە پێوەندی هۆشمەندی بە تێکستە ئاڵتەرناتیڤەکانەوە گەیشتۆتە ئاستێك، کەتەنها بەشێکی زۆری تێکستەکان نابنە ئاڵتەرناتیڤی یەکدی، بەڵکو زۆر جاران هۆشمەندیش وەك تێکستێك خۆی نمایش دەکات و لەمیانی بوون بەتێکستیەوە دژایەتی تێکستە نەیارەکان بەخۆی دەکات. بەمەش ئەو پێوەندییەی لەنێوان نووسراو و نەنووسراودا هەیە بەچەشنێك دەئاڵۆزکێ و دەپەشۆکێ کەئیدی نەزانراو لەو ناوەدا دەبێتە پەراوێزێکی لەبیرکراو و زانراویش دەبێتە ئەوەی کەهەیەو ناشێت و ناکرێت لەپشت ئەوەوە بیر لەشتێکی دیکە بکرێتەوە.

ئەدەبێکی ناتەقلیدی و ناباو وەك کایەیەکی ناجێگیر و شلۆق و ناسەقامگیر، سەرباری ئەو گومانەی کەهەیە کەسەبارەت بەخۆی و ژانرەکانی، ئەگەر بگەڕێینەوە سەرەتاکانی و بەنێو زەمەنێکی دێریندا هەنگاو بنێین و لەئاست حیکایەتەکانیدا رابوەستین، دەبینین ئینیمایەکی فیعلی بۆ کەسێك نییە، بەڵکو ئینتیمای بنەڕەتی بۆ زمانەو حیکایەتخوانیش تەنها هۆکارێکی گواستنەوەیەتی و لەویشەوە لەدوو توێی ئاخافتندا لەزارێکەوە بۆ



زارێکی دی، سەفەری بێکۆتای دەست پێدەکات، ئەو سەفەرەی کەهێندەی دوورکەوتنەوەی لەسەرچاوە یەك لەدوای یەکەکانی، هێندە دەگۆڕێت و لەشتێکەوە دەبێتە شتێکی تر، رەنگە هەر ئەمەش بێت هۆکاری لێکچوونی زۆرێك لەو حیکایەتانەی کەلەلای زۆر لەکۆمەڵ و گروپە ئیتنیکییەکان بوونیان هەیە، سەرباری دووری پانتایی جوگرافی مابەینیان، بەمەش هاوبەشییەك دروست دەبێت، بەبێ ئەوە بێژەری یەکەم، یان سەرچاوەی زێدی کەوتنەوەی حیکایەت دیار و ئاشکرا بێت. دیارە ئەوەی لەحیکایەتەکاندا ئیبراز و بەرجەستە دەکران کاراکتەرەکان بوون، نەك خولقێنەر و بێژەری حیکایەتەکە و حیکایەتخوانە یەك لەدوای یەکەکانی، هەردەم ئەوانەی کەحزوریان هەبوو کاراکتەرەکان بوون، کەبەزیندوویەتی لەزەین و خەیاڵی گوێگران و گوێبیستانیدا دەمایەوە و هەمیشە بەوەبیرهاتنەوەو گێڕانەوەی ماجەراکانیان وەك خۆیان کارا دەبوونەوەو دەهاتنەوە نێو ئەو ساتەوەختەی کەلە ساتەوەختی گێڕانەوەیاندا هەبوو.

بێژەر و راویی سەباری بوونی راستەقینەیی و رۆڵی لەگواستنەوەدا لەجێی نەبوو بوو، هەمیشە ئەوانی دیش دەیانتوانی بیگێڕنەوە، بەبێ ئەوەی خودی حیکایەتەکە ببێتە مەرجەعێك، قابیل بەلەخۆگرتنی هەموو ئاڵوگۆڕ و گۆڕانێك بوو.

حیکایەتەکانی "هەزار و یەك شەو" وە نمونەیەکی بەرچاوی ونبوونی حیکایەتخوانی راستەقینەی حیکایەتەکانە، کەلەجێی ئەو "شەهرەزاد" دێتە قسە و ئەوە لەدنیادا وەك بێژەر و راوی حیکایەتەکان ناسراوە. ئەم ناو ونبوونە ئیختیارییەی دانەری حیکایەتەکانی "هەزار و یەك شەو " ە، بەتایبەت بەو پێیەی نووسراوەتەوە لەلایەن کەسێکەوە کەدەکرێت کۆکەرەوەی ئەو حیکایەتانە بووبێت، یان دانەریان بووبێت، یان لەیەك کەس زیاتر بووبێتن و دەیان بۆچوونی دیکە کەدەکرێت بەخەیاڵماندا بێت، جێگەی سەرسامبوونمانە لەمڕۆدا، کەدیارە بەمەبەستی بردنە پێشی نووسراو، ئەوانەی لەپشت هاتنە بوونی ئەو حیکایەتانەوە بوون، بۆ هەتا هەتایە خۆیان ونکردووە، هەر ئەمەشە تەوەرەی سەرەکی و یەکێك لەهۆکارەکانی ئەو پەیوەست بوونە تەلیسماوییەی خوێنەر پێوەی، چونکە مەودایەکی والآیان جێ هێشتووە تا خوێنەر بۆ خۆی پڕی بکاتەوە، هەر

ئەم تێکستەی "هەزار و یەك شەو"ەش بوو، کەمێژووی نووسینی ئەوروپای گۆڕی، لەکاتێکدا لەزێدی خۆی کەڕۆژهەڵات بوو ئەو ڕەواجەی نەبوو، شوێن قسەو باس و بگرەو بەردە نەبوو، وەك "ئۆرهان پاموك" یش ئاماژەی پێدەدات، گوایە گوتراوە ئەوەی هەموو حیکایەتەکانی ئەو کتێبە بخوێنێتەوە دەمرێت، ئیدی ئەمەیە ئەو ریکلامەی کەڕۆژهەڵات بۆ باشترین کتێبی خۆی کردووە، ئەمەیە ئەو تەوژمە ناشرینەی کەپێی هەزم ناکرێت کتێبێك خوێنەری هەبێت و بخوێنرێتەوە، ئەمەیە ئەو ئاستەنگەی کەئێمەی ڕۆژهەڵاتی تا ئەمڕۆکەش تەجاوزمان نەکردووەو خوێندنەوە نەبۆتە بەشێك لەمیرات و فەرهەنگمان، بەتایبەت خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی لەدەرەوەی بازنە داخراوەکانی موقەدەساتەوە هەوڵی گوتنی شتێکی جیاواز و ناباو دەدەن.

بوونی تێکست وەك ئەوەی کە لەئێستادا هەیەو هەوڵدان بۆ کردنە ئەفسانەی خودی دانەری تێکست، مێژوویەکی هێندە کۆنی نییە و پەیوەستە بەزەمەنی بەهادانان بۆ تاك وەك خولقێنەر و داهێنەر، شایانی باسە هەر لەو دەمەوەی سیستمی کاپیتالیزم بەها پێشینەکانی پیشووتری سەر و ژێر کرد و دەرئەنجامی ئەو تەنزیر و بیر و بۆچوونانەی کەهێدی هێدی لەنێو جەرگەی گۆڕانی سیستمی پێشوو هاتنە دەرێ و لەزەمینەی کاپیتالیزمدا شوێنیان بۆوە، دانەریش لەمیانەی ئەو تەرحانەوە کەباسیان لەفەردانییەت و توانا شاراوەکانی دەکرد، دانەریش وەك "تاك" ێك بووە مایەی قسەو باسێکی جیاوازتر لەوەی پێشتر لەئارادا بوو، بەسەرهات و حیکایەتی ژیانی و بارە دەرونییەکانی، راو بۆچوونە زاتییەکانی بووە پێشەنگی هەموو ئەو خوێندنەوەو کارە ڕەخنەییانەی کەخۆیان لەقەرەی تێکستەکانی دەدا، دیارە خودی دانەرانیش ڕۆڵیان هەبووە لەو جۆرە تێڕوانینەی کە بوون و مەوجودیەتی ئەوان دەباتە پێش تێکستەوە، ئیدی دەبووایە لەنێو ژیانی واقیعی و هەڵسوکەوتی ڕۆژانە و یادەوەرییەکانی خودی نووسەر و کەسە نزیکەکانی کەلەبارەیەوە دەیانگێڕایەوە، وەك گەواهیدەرێکی ژیانی دانەر دەبووە کلیلی کردنەوەی دەرکە داخراوەکانی تێکست و لەمیانی ئەوەوە دەخوێنرایەوە، کەواتە دانەر و تێکست بوونە دوانەیەکی لێك جیانەکراوەی پێکەوە گرێدراو، بەچەشنێك کەهەر دەبووایە لە دانەر و ژیانییەوە تروسکایی تێگەیشتن و ڕاڤەکاری و شیکارکاری تێکستەکەی



بکرێت، ئەگەر سەردەمانێك "هۆمیرۆس" تەنها ناوێك بووبێت، بۆ ناسینەوەی داستانێك، ئەوە دانەری ئەمڕۆ بۆتە ئەو تێکستەی کەبۆخۆی لەتێسکتە نووسراوەکە گرنگتر و لەپێشترە، چ تێکستیشە ئەو موڵکەیە کەدانەر خاوەن شەرعییەتی و هەر خۆشی بەتەواوی پەی بەنهێنی و پەنهانەکانی دەبات و هەربۆیە، بەشێکی زۆری چاوپێکەوتن و دیمانەکان لەگەڵ دانەرانەدا بەدەوری ئەو تەوەرەیەدا هەڵدەسووڕێت، کەئاخۆ مەبەستی لەفڵانە ڕەمز و هێماو، بوونی فڵانە کەسایەتی و ڕوودا و شتەکانی دیکە چییە، وەڵامی نووسەر سەنگی مەحەکە لای ئەوانەی کەخاوەنی ئەو چەشنە تێڕوانینەن، ئەمە بەشێکی بەرفراوانی ئەدەبیاتی کوردیشی داگیرکردووە، تەنانەت ئەو نووسەرانەی ئیدیعای ناتەقلیدی بوونی نووسینەکانیشیان دەکەن، یان وا دێتە پێش چاوی خوێنەران و ئەزموونەکەی بەشتێکی نوێ دەزانن، بەڵام کەقسە دێتە سەر تێکستەکانی، یان کەسایەتییەکانی ڕۆڵی ئەو داکۆکییە و هێرشکردنە بۆ سەر ئەوانەی کەبەچەشنێکی دیکە نووسینەکانی ئەو دەخوێننەوە، کەواتە ئەو جۆرە نووسەرانە هێشتاکە لەوە حاڵی نەبوون، کەتێکست ئەوەیە فڕێ دەردرێتە دەرەوەو ناکرێت جارێکی دیکە نووسەر بۆی بگەڕێتەوە، ئیدی ئەو بوونەوەرێکی دابڕاوە لەو و مافی ئەوەی نییە لەبارەیەوە بدوێت، مەگەر خۆی بخاتە ئاست خوێنەرێکی دەرەکی و ئاوا لەبارەیەوە بدوێت، نەك ببێتە ئەو باوکەی لەپێناو ناونەزڕاندن و شکۆی منداڵەکانیدا ئامادەی شەڕەجەنگ و دژایەتی دنیایە. حاڵی ئەدەبیاتی کوردی لەو ڕووەوە بەشێوەیەکی بەرچاو کۆڵەوارە، هەن حیکایەتی چۆنیەتی نووسینی تێکستێکی خۆیانمان بۆ دەگێڕنەوە، ئەگەر یەکێك بۆچوونێکی نێگەتیڤی لەسەر تێکستەکانیان هەبێت، هەرهیچیان پێ نەکرێت دەست دەکەن بەگریان و داد و بێداد لەدەست ئەوانەی تەقدیری ماندوو بوون و شەونخوونی ئەوان ناگرن، داواکارن کەسانێك هەبن و لەسەریان بنووسن و ئەوە بۆ نەیارەکانیان ڕوونبکەنەوە ئەوان چەند ماندوون و بەچ حاڵێك ئەو تێکستەیان نووسیوەو بەچەشنێك لەچەشنەکان هەوڵی پەشیمانکردنەوەیان بدەن و ئەوانیش بێنە ڕیزی موعجبین بە خودی دانەر و کارەکەی، کەسایەتیەکانی نێو تێکستەکەی ئەوانیان خۆش بووێت و نەیانڕەنجێنن.

خۆ جیانەکردنەوەی دانەر لە تێکستەکەی و مانەوە لەنێو خەیاڵات و بەڕاست زانین و وەك راستی پیشان دانی هەڵوێستی کەسایەتییە ئیجابییەکانی، یان خۆ شوبهاندنیان بەو کەسایەتییانەی ماکی پاڵەوانیان هەیەو لەمیانی تێڕوانینی ئەوانەوە دەتوانن لەخەیاڵی خوێنەراندا بەنەمری بمێننەوە. "سێرڤانتیس"– ی دانەری " دۆن کیخۆتە" ش لێی بەدوور نەبووەو بەڵکو ئەوە قەناعەتی ئەو بووە لەزەمەنەکەی خۆیدا، هەر بۆیە لەنامەیەکیدا بۆ دەسەڵاتدارێك،"دۆکێك" ی ئەو سەردەمەی خۆی بەمەبەستی پشتگیری کردنی لەبەچاپ گەیاندنی "دۆن کیخۆتە" ەو وەستانەوە بەرانبەر نەیارانی شەخسی "سێرڤانتیس"، کەدژایەتییەکی زۆر توندیان کردووە، زۆر بەڕوونی ئەو تێڕوانینە تەقلیدییەی جیانەبوونەوەی کاراکتەری سەرەکی تێکست و دانەرەکەی دەردەکەوێت.

"سێرڤانتیس" لەنامەکەیدا سەرباری مەدح و سەنای "دۆك"، لەشوێنێکدا دەڵێت: ( لەڕاستیدا "دۆن کیخۆتە" بۆ خۆی دەیویست بێتە حزورتان و دەست و قاچتان ماچ بکات، بەڵام بەو پێیەی ئەو شۆڕەسوارە خەریکی ماجەراکانیەتی و کاتی نییە، وا بەندە لەجێی ئەو دەست و قاچەکانی ئێوە رادەمووسێت ).

" سێرڤانتیس " هەرچەندە بەبێ ئەوەی کەپێ بزانێت تێکستێکی ناتەقلیدی نووسی، بەڵام وەك خۆی تەجاوزی تێڕوانینی زەمەنەکەی خۆی نەکردووە، هەر ئەمەشە گەواهیدەری ئەو راستیەی کەتێکستی ناتەقلیدی لەدانەرەکەی دەترازێت و خودی خۆشی پەی بەپەنهانەکانی کارەکەی نابات، هەر چۆن "کۆلۆمبۆس" تا مردیش نەیزانی کیشوەرێکی دۆزیوەتەوە ئاواش "سێرڤانتیس" نەیزانی رۆمانەکەی دەبێتە سەرەتای ئەوەی کەلەمرۆدا بەرۆمان ناو دەبرێت و بەدەر لەخوێندنەوەو ویستی خۆی دنیایەکی مەییو و وەستاوی ئەدەبی سەرە و ژێر دەکات، نەیدەزانی تێکستەکەی وەرچەرخانێکە لەمێژووی نووسینی رۆماندا.

زۆر شیکاری و راڤەکاری و خوێندنەوەی بەرچاو و دیار هەن سەبارەت بە " دۆستەیێڤسکی و بلزاك و کافکا " و زۆری دیکە لەنووسەران، کەپێودانگی ناسینەوەی تێکستەکانیان و پۆلێنکردن و راڤەکردنیان پەیوەست دەکەن بەژیان و بەسەرهاتی شەخسی و بارە دەرونییەکان و لایەنەکانی دیکەی ئەو دانەرانەوە، لەڕێی ئەمانەو نامەو ژیانی شەخسی و باس و خواسە تایبەتییەکانی ژیانیان، رۆدەچنە نێو تێکستەکانیان و تێکستەکانیان بەسایە و سێبەرێکی ئەوان دەزانن، کەواتە بەڕا و بۆچوونی ئەو جۆرە رەخنەگرانە ئەگەر دانەرێك هیچ لەبارەی ژیانییەوە نەزانرابوو، ئەوە شیکار و راڤەکاری تێکستەکانیان دەبێتە ئاستەم. سەیر نییە هەمووماں بزانین کە بلزاك پیاوێکی پارە خۆر و قەرزار و زۆر خۆر و شتی لەو بابەتە بووە، کەچی ئاگاداری تێکستەکانی نەبین. یان بزانین "دۆستەیێڤسکی" پەرکەمی هەبووە، بەرێکەوت لەمەرگ گەڕاوەتەوە، حەزی بەخواردنەوەو قومار بووەو دەیان شتی تریش، بەڵام نەزانین خودی تێکستەکانی لەکوێدان، تەنانەت ئەگەر زۆربەی خوێندنەوە تایبەتەکانی تێکستەکانیشی بخوێنینەوە، بێجگە لەتێکەڵکردنی ژیانی و تێکستەکانی هیچی دیکەمان نایەتە پێش چاو و خوێنەریش لەو میانەیەوە بانگهێشتی خوێندنەوە دەکرێت و پێش وەخت هەموو شتێکی لا دەکرێتە زانرا و تابکرێت خوێندوەی لادەکرێتە کارێکی بی مەودا و تاك رەهەند و هیچ دەرفەتێك بۆ حەزی خوێنەر و گەڕان و کەشفکردنەکانی ناهێڵرێتەوە، چونکە هەر لەسەرەتاوە ئەو نووسینانە ئیفلیجی دەکەن و ناچارە پێش خوێندنەوە بەو پەڕی سەرسامی و حەیران بوونەوە بڕوانێتە ئەو تێکستەی لەبەر دەستیدایەو سڵ لەتەرحکردنی بیر بۆچوونێکی پێچەوانەوە بکاتەوە، لەکاتێکدا دەزانێت رووبەڕووی چ دژایەتییەك دەبێتەوە، ئیدی ئەو کایەیەی کەقەولە بەئازادی تێیدا هەڵسورێین و بەدەر لەسانسۆر و پێودانگە پێشوەخت و سەپاوەکان قسەی خۆمان بکەین، بۆتە کایەیەکی قۆرخکراو سانسۆرکراو، ئیشکردن بۆ ئیبرازکردنی دانەرێکی تێکست و سەرکردەیەکە سیاسی و سەربازی و کەسایەتییەکی تەقدیسکراوی ئایینی هێندەی فەرق نییە، کردنە کارێزمای دانەری تێکست کارێکی ترسناکە و بەدەر نییە لەو جەهلەی کەلەنێو دنیای ئەمرۆدا حزووری هەیە، خۆ ناکرێت لەمرۆدا و بەتایبەت لەپانتایی ئەدەبیاتی کوردیدا هیچ بڵێیت، یەك "کۆرس"ی تەواو هاوشێوەی کۆرسی دواوەی گۆرانیبێژەکان، پێکەوە بۆ پاراستنی کارێزمای دانەری تێکستێکی دیاریکراو دەست بەگوتنەوەی بەستەیەکی پێشتر ئەزبەرەکراو دەکەن.

" فۆکنەر " سەبارەت بە "شکسپیر " دەڵێت:

( ئەوەی کەگرنگە هاملێت و خەونی شەوێك لەنێوەڕاستی هاویندا– یە، نەك ئەو کەسەی کەنووسیویەتی، دانەر هیچ گرنگییەکی نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کەدایدەهێنێت ).

" مالارمێ " یەکێکە لەوانەی کەهەستی بەو ئیزدیواجییەتە قووڵەی تێکست و نووسەر کردووە و بەمەبەستی تێکشکاندنی ئەو تێڕوانینە سەقەت و تەقلیدییەدا گوتویەتی:

( ئەوەی کەدەدوێت زمانە نەك دانەر ).

بۆیە هەرچەشنە تەقدیسکردنێکی نووسەر و زاڵکردنی بەسەر تێکستدا بەواتای مراندنی تێکست و کلۆم دانی دەرکەکانی خوێندنەوە و راڤەکاری و تەئویل و پرسیار دێت، واتە هەر لەسەرەتاوە خوێنەر بانگهێشت دەکرێت بۆ خوێندنەوەی تێکستێك کەپاش زانینی جفرەکانی ژیانی نووسەر و هەندێك هێما و سیمبۆل و کەرستەکانی دیکە بەو پێیەی کەخوێندنەوە چەقیوەکان راڤەی بۆ دەکەن، ئەو دەم نەخشەی جوگرافیای تێکست وەك زانراوێك دەدەنە دەست خوێنەر و دەبێت ئەویش لەو نەخشەیە لا نەدات بۆ رێکردنی بەنێو پانتاییەکانی تێکستدا و ئیدی هەر لەسەرەتاوە دەیگەیەننە ئەو یەقینەی کەهیچ مەجهولێك نییە خۆی پێوە سەرقاڵ بکات و پێویستە بەو پەڕی باوەڕەوە بەوەی کەپێش وەخت پێی گوتراوە، بەنێو تێکستدا گوزەر بکات و بەبێ هەناسەبڕکێ و شەکەت بوون و ماندووبوون بەسەلامەتی بێتە دەرێ و هیچ پرسیارێکی نەبێت و قەناعەتی تەواوی بەوە هەبێت کەهەموو پرسیارەکان پێشوەخت وەڵام دراونەتەوە. ئەمەش بۆ خۆی خوێنەرێکی تەمەڵ و تەوەزەل دروست دەکات، خوێنەرێك کەئەوەندە دەزانێت و دەڵێت کەپێی دەگوترێت، خوێنەرێك کەتێکستی ئەدەبی لا بۆتە ماجەرایەکی پۆلیسی کەئەو بۆی نییە، دوور و نزیك بەلایدا بچێت و دەبێت چاوەڕێی موحەقیق و موفەتیشی تایبەت بەدۆزینەوەی تاوان بێت، تا لوغزی کوشتن و هۆکارەکەی دەدۆزنەوەو دواتر وەك هەواڵێك رادەگەیەنرێت و ئەمیش وەك کەسانی دیکە گوێبیستی دەبێت و بێجگە لەباوەڕهێنان بەڕاستی ئەوەی کەدەگوترێت هیچ رێگە چارەیەکی دیکەی نییە. موحەقیق و موفەتیشە کەشفکەرەکانی نهێنیەکانی تێکستیش ئەو رەخنەکارە تەقلیدیانەن کەخوێنەر فێری چاوەڕوانی دەکەن، تا بۆ خۆیان کەشفی دنیا و نهێنییەکانی نێو



تێکستیان بۆ دەکەن، یان وەك ئەوەی لەکێڵگەیەکی مایین رێژکراودا بن، ئەمان وەك رابەر و شارەزا و چاوساغێك لەپێشەوە دەڕۆن و کاری خوێنەریش شوێن پێ کەوتنی هەنگاوەکانیانە.

لەکاتێکدا وەك "رۆلان بارت" دەڵێت:

( دانەر بوونی نییە تەنها لەساتەوەختی نووسیندا نەبێت، منیش وەك خۆم لەو ئەزموونە خاکییەوە کەهەمە، هەستم بەوە کردوە پاش نووسین هیچ نامێنێت لەبارەیەوە بیڵێم، هیچ پێوەندییەکی موڵکایەتی و بەڕێوەبردن و دەست پێوەگرتن بە تێکستەکەمەوە نابەستێتەوە ).

خوێندنەوە و رەخنە و راڤەکارییەکانی نێو پانتایی ئەدەبیاتی کوردی، زۆر سامناکتر لەوەی کە لەئەدەبیاتی جیهانیدا دەگوزرەێ، دانەری کردۆتە تەوەرەی سەرەکی و بەدەر لەویش شتێکی تر نییە راڤە و شیکاری بۆ بکات، لەکاتێکدا ئەگەر واش خۆی نمایش بکات کە گوایە لەبارەی تێکستەوە دەدوێت، لەڕاستیدا پێوەندی دۆستانەو هاوڕێیەتی و ناسین و نزیکایەتی و خزمایەتی و کۆمەڵێك ئیعتیباری دیکە رۆڵی سەرەکی دەبینن( مەگەر بەدەگمەن و هەندێك خوێندنەوە لەم پێودانگە بچنە دەر )، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو زۆرجار هەر بەتەواوی دەبێتە گێڕانەوەی حیکایەت و بەسەرهاتی دانەر و بەباش و خراپ بەلای تێکستدا ناچێت و هیچی پێ نییە لەبارەیەوە بیڵێت، هەموو ئەمانەش زیاتر بەعەریزە و راپۆرت و زانیاری موختارەکان دەچێت دەربارەی دانیشتووانی گەڕەکەکانیان.

لێرەدا دەکرێت هەردوو پێشەکی دیوانی "نالی" و"مەحوی" بەنمونە بهێنینەوە. سەبارەت بەدیوانی"نالی"( ساغکردنەوەی"مارف خەزنەدار" چاپی دووەم هەولێر ٢٠٠٨ )، لەبەشی"شیعری نالی لەڕۆژئاوا"دا باس لەوە دەکات چۆن "نالی" لەسەردەمی خۆیدا ناوی گەیشتۆتە ئەوروپا و چەندین نمونە سەبارەت بەمە دەهێنێتەوە و لەکۆتایی ئەو بەشەشدا دەنووسێت: ( ئەمە بەکورتی پێشاندانی ئەو هەوڵ و تەقەلایانە بوو کە لەڕۆهەڵات و رۆژئاوادا درابوون بۆ ناسینی نالی، دیارە ئەمە ئەوەیە کەئێمە ئاگامان لێی

هەیە، ئەمە تیشکێکی "چرای دزان"ە لەچراخانی ژیان و بەرهەمی نالی بێ پایان و سنوور).

بێگومان سەرجەم هەوڵەکانی "مارف خەزنەدار" بۆ ناساندنی تێکستەکانی "نالی" خودی ئەو زاتە و بەچاپ گەیاندنی تێکستەکانی، هەڵقوڵاوی خۆشەویستی ئەو زاتەیە بۆ نالی و ناکرێت نکووڵی لێ بکرێت؟!.

بەڵام داخوا سەرجەم حیکایەت و بەسەرهاتەکانی ژیانی "نالی" وەك گریمانەیەك لەئەگەری راست و ناڕاستیدا، لەمیانی ئەو تێڕوانینەوە کەئاخۆ وابووە یان وانەبووە، بەڕاستی ئەوروپا ئەو پیاوەی وەك ناوێك ناسیوە یان نەیناسیوەو ئەمانەو زۆر قسەو باسی دیکە، چ ئیزافەیەك دەخەنە سەر ئەوەی کە"نالی" نووسیویەتی؟!.

ئاخۆ ئەم جۆرە هێنان و بردنە حیکایەت ئامێزانە بێجگە لەراوەستاندنی تێکست لەئاستێکی دیاریکراوی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا شتێکی دیکە لەخۆ دەگرن؟!.

کوا ئەو تێڕوانین و خوێندنەوە نا تەقلیدییانەی ئەئویل بۆ تێکستەکانی "نالی" دەکەن، "نالی" یەك کەبۆ خۆی وەك گاڵتە و گەپێك دەڕوانێتە نووسین و ئەو تێڕوانینە تەقلیدییەی روانینە نووسین تێکدەشکێنێت، کە وەك موقەدەسێك دەیبینێت، وەك دەڵێت:

( نالی حەریفی کەس نییە ئولف و ئەلیفی کەس نییە
بەیتی رەدیفی کەس نییە تەفریقە نووسە گەپ دەکا )

سەرباری هەوڵدانی بۆ گچکەکردنەوەی خۆی و تێکشکاندنی هەر پێوەندانگێکی تەقلیدی و ساختە بۆ جێکردنەوەی لەنێو کەسانی ئێگۆ ئۆرۆستۆکراتدا، وەك دەڵێت:

( ئەی رەفیقان سوحبەتی نالی مەکەن
سووك دەبن، ریسواو هەم بەد ناوم ئەز )

یان:

( هێندەم پێم خۆش بوو زمانی حاڵی دەیگوت "نالی"یا
هەردوو حەیوانین ئەتۆ گوێکورت ئەمنیش گوێدرێژ )



پێم وانییە "نالی" وەك کەسێکی ئاسایی لەهیچ مەجلیسێکدا بەزاتێکی دیکەی گوتبێت، ئێمە حەیوانین و بگرە لەگەڵ گوێدرێژێکدا جیاوازیمان نییە( بەلەبەرچاو گرتنی شوێن و جێگەی گوێدرێژ لەفەرهەنگی کورددا )، بەڵام ئەو دەمەی کەدەنووسێت و وەك دانەرێك دەکەوێتە کار هیچ سڵ لەوە ناکاتەوە شتێکی زۆر ناباو ناتەقلیدی بڵێت، کە نەك هەر لەوە زەمەنەدا بەڵکو لەم زەمەنەشدا لای کورد جێگەی قبوڵ نییە، بەتایبەت کەگوێدرێژ بەدرێژایی مێژووی کورد زۆرترین دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر و سەرباری ئەوەی سیمبۆلی بێ ئەقڵییە، ئەو شیعرەی "نالی" کەپشتگوێ خراوە یەکێکە لەشیعرە گرنگەکان و تێکستە زیندووەکان، لەو زەمەنەدا لەنێو کۆمەڵی کوریدا چ پاڵپشتێکی مەعریفی و فەلسەفی هەبوون و زانراوبوون تا رێگە بەگوتنی شتێکی وا بدرێت، مەبەستی "نالی" یش لەگوتنی سەرپێی و راگوزەر نییە، بەتایبەت ئەوەی ئەم شیعرەو زۆر شیعری دیکەی نووسەرانی دیکەی غەیرە کورد سەبارەت بەئاژەڵان جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کەلە شیعرەکەدا باس لەبەزەیی هاتنەوە بەئاژەڵێکی وەك گوێدرێژ نەکراوە، بەڵکو بەتەواویی "نالی" لەزمانی ئەوەوە خۆی بەو شوبهاندووە، هەر بەمەبەستی نەهێشتنی هیچ جیاوازییەکیش جیاوازی گوێکورتی خۆی و گوێدرێژی ئەو خراوەتە روو، بەمەش خودی مرۆڤ دەبێتە فەسیلەیەکی ئاژەڵ و ناچارە ئینتیمای بۆ بکات، بەڵام چەند ئەمە لەگەڵ تێڕوانینی ئایینی و ئایدیالیستیدا ناکۆکە، بەو پێیەی ئینسان سەیدو ئەلکائیناتەو نزیکترین بوونەوەرە لەخوداوەندەو هەڵبژاردەی ئەوە بۆ زانینی ئەوەی کەتەنانەت فریشتەکانیش نایزانن و بۆیان نییە بیزانن، ئەویش ناوونانی شتەکانە، کەچی ئەو ئاژەڵەی لەتێکستەکەدا ناوی هاتووە وەك هەر یەکێك لەئێمە دەدوێت و باس لەنەبوونی جیاوازی لەنێوان خۆی و خاوەنەکەیدا دەکات، ئەگەر رەخنەگر لەپانتایی ئەدەبیی کوردیدا هەبووایە، ئەوە بێگومان ئەم شیعرە بەڕادەیەك سەرنجی رادەکێشا، کەبەدەیان وتار و راڤە و شیکارکاری و ئەئویلی بۆ دەکرد، ئەو شیعرە زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێت کەمنێکی خوێنەر لەم دەرفەتەدا بتوانم خۆمی لێبدەم.

بەڵام بەدەر لەویستی خۆم کاتێك ئەو شیعرە دەخوێنمەوە، گوێدرێژەکەی فیساگۆرس– م بیردەکەوێتەوە، کەناوبراو بەسەیرکردنی بەردەوامی سێبەری گوێی گوێدرێژەکەی، ئەو بیردۆزەی دانا، کەدواتر بەبیردۆزی فیساگۆرس ناسرا.

سەبارەت بەو شیعرەی کەپێشتر ئاماژەمان پێدا، نازانم ماقووڵە کەسێك لەنێو قووڵاییەکاتی ئاییندا قاڵبووبێتەوەو بزانێت گوتنی شیعرێکی وا لەڕوانگەی تێڕوانینی ئاینییەوە دەیکاتە زەندیق و سەرلێشێواو کافر، وەك خۆی بێت و شیعرێکی وا بنووسێت، بێگومان ئەم پرسیارە لەهەر کەسێك بکەیت وەڵامەکەی نەخێرە؟!.

بەڵام ئەم تێکستە لەو ساتەوەختەدا نووسراوە، کەدانەر تێیدا دێتە بوون و ئەوەی کەدەیڵێت و دەینووسێت، بۆ تەبابوونی نییە لەگەڵ دنیا بەڵکو بۆ هەڵگێڕانەوەو تێکدان و شێواندنی پێودانگە تەقلیدییەکانە.

سەبارەت بەدیوانی "مەحوی"یش ( چاپی ١٩٨٤کۆڕی زانیاری لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی –مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و محەمەدی مەلا کەریم ). پێش ئەوەی بێمە سەر باسی پێشەکییەکەی "محەمەدی مەلا کەریم"، راوبۆچوونێکی"سیۆران" بەنمونە دەهێنمەوە کەدەڵێت:

( دەبێت بەرهەمەکانی نووسەری کۆچکردوو بڵاوبکرێنەوە بەڵام بەبێ ئەوەی ئیهانات بگرێتە خۆی... سەبارەت بە"بارت" و بەرهەمەکانیشی دەبێت بڵاوبکرێنەوە، بەڵام پاش لابردنی هێرشە شەخسییەکانی کەڕەنگە لەباسەکەیدا هاتبێت... دەبێت رێگە لەگومانکردنیش نەگیرێت چونکە هەلێکە بۆ ئەوەی مرۆڤ بەتەواویی نەکەوێتە هەڵەوە ).

هەر لەهەوەڵی پێشەکییەکەی"محەمەدی مەلا کەریم"دا ئاماژە بەوە دەدات:

( کەتۆژینەوەو لێکۆڵینەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان بۆ ئەوەیە دەستی خوێنەواران بگرێت و پەنجەیان بخاتە سەر راستی ).

دواتر دەڵێت:

( بەڵام وەنەبێ ئەم کارە، هەر بەم چەشنەی کەئێمە خستمانە روو، ئاسان و بێ گرێ و تەگەرە بێ، تێگەیشتنێکی ورد و تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەیەکی راستی بەرهەمەکە، شارەزایی لەباری کۆمەڵایەتی و زۆرانبازیی بیری سەردەمی خاوەن بەرهەمە تۆژراوە



لێکۆڵراوەکە، زانینی زانستی خەباتی کۆمەڵایەتی و قانونە هەڵسوڕێنەرەکانی، ئەمانە هیچ کامیان شتێك نین هەروا بەئاسانی دەستگیر بن تا هەر کەسێك بیەوێ دەستیان بداتێ. بۆیە منیش کەدەمەوێ لەم پێشەکییەدا بەیارمەتی بەرهەمی مەحوی خۆیەوە کەمێك لەخۆی بکۆڵمەوە، بەترسێکی زۆرەوە پێ هەڵدێنمەوەو بەتەمای لەوە زیاتر نیم کەتوانیبێتم نیشانەیەك لەم مەیدانەدا دانێم ئەوەندەی لەبارەدا بێ دەسەچیلەیەك بدا بەدەستی تۆژەرەوەو لێکۆڵەرەوەی دوا رۆژەوە تا لەتاریکاییی رێگای کاریدا بەرپێی خۆی پێ روون بکاتەوە ).

"محەمەدی مەلا کەریم" هەر لەپێشەکییەکەدا دەڵێت:

( ئەگەر وانەبوایەو ئەم هەموو متمانەیەی بەراستی و دروستیی و خاوێنی ئەوان نەبوایە، نەدەهات بەشان و باڵی سەرکەوتنی سوڵتان عەبدولحەمیددا هەڵبدا کەبەسەر گەلی خەباتکاری یۆناندا زاڵ بوو بوو، لەکاتێکا کەکوردەکەی خۆی کەلەهەندێ شوێنی دیوانەکەیدا شانازیی پێوە دەکا، لەهیچ روویەکی ژیانەوە لەسایەی حوکمی عوسمانی و سوڵتان عەبدولحەمیددا لەیۆنانییەکا ن بەختەوەرتر نەبووە. یا نەدەهات چوار خشتەکی بۆ شایەکی ستەمکاری وەك حەمە عەلی شای قاجاری بنوسێ کەهەموو مێژوونووسان دەڵێن ئێران بەدرێژایی مێژووی خۆی مەگەر بەدەگمەن ستەمکارێکی لەو کابرایە بەدڕەزاتر و بەدفەساڵتری بەخۆیەوە دیبێ ).

پێش ئەوەی ئاماژە بەوە بدەین کە لەپێشەکییەکەی دیوانی "مەحوی" وەك نمونە هێنامانەوە، دەبێت ئاماژە بەوە بدەم کەڕەنگە خوێنەریش لەو پەرەگرافەی پێشووتر سەبارەت بە حەمە عەلی شای قاجاری لەوە حاڵی بووبێت کەستەمکار بووە، بەڵام پێموانییە لەو"بەدڕەزاتر" و"بەدفەساڵتر"ە حاڵی بووبێت، لەڕووی پێویستبوونی بەکاربردنی لەو شوێنەدا و هۆکاری تەوزیفکردنی، ئەمە جگە لەوەی بوونی ئەو دوو وشەیە ئەگەر واز لەهەموو ئەوانەی تر بهێنین کەسەرنجمان رادەکێشن، مایەی پرسیارن.. دەلالەت لەگرفتێکی گەورەی نووسین دەکەن، بەکاربردنی" بەد+ رەزا+تر" لەگەڵ"بەد+فەساڵ+تر" و قووتکردنەوەی لەو شوێنەدا مەگەر لەوتارێکی تایبەتدا و زیاتر لەپێشەکییەکەی "مەحوی" درێژتر بابەتێکی لەسەر بنووسم، بەمەبەستی

راڤەکردن و خستنە رووی ئەو گرفتەی کەلەو جۆرە نووسینانەدا هەیە، ئەگینا بەپەلەو لەم دەرفەتەدا رەنگە ئەوەی کەبەرانبەر بەکارهێنانی ئەو دوو وشەیەو هاوچەشنەکانی هەمانە نەتوانین بیخەینە روو.

بەهەرحاڵ ئەو پێشەکییەی کە بۆ "مەحوی" نووسراوە هیچ دەرفەتێك بۆ خوێنەر ناهێڵێتەوە تا بۆخۆی تێکستەکان بخوێنێتەوە، لەو پێشەکییەدا بەشێوەیەکی شاراوە خودی "مەحوی" دادگایی دەکرێت لەسەر ئەو دوو شیعرەی کەبۆ سوڵتانی عوسمانی و شای قاجاری نووسیوە، من نازانم هەموو ئەوەی کەلەو پێشەکییەدا هاتووە چ پێوەندییەکی بەتێکستە شیعرییەکانی "مەحوی"ییەوە هەیەو ئاخۆ چ ئیزافەیەك دەخاتە سەری.

ئەوەی لەسەرەوە باسمان کرد دوو نمونەی پەراوێزکردنی تێکستە لەپێناو خستنە رووی باس و خواسی زاتی نووسەرانێك و گوزارشتە لەتێکەیشتنێکی تەقلیدی بۆ کردەی نووسین و تێکست.

ئەوەی کەپێویستە بگوترێت ئەوەیە کەئەم جۆرە نووسینانەی پێشتر ئاماژەمان پێدا سەرباری هێنانە پێشەوەی خودی دانەری تێکست و هەڵسوڕان بەدەوری گوتراوەکان و ماجەراکانی ژیانیدا، رێگە خۆشکەرە بۆ خوێندنەوەیەکی سەرپێی وەك ئەوەی کە لە نێوەندی رۆشنفکری کوردیدا هەیەو پیادەدەکرێت، کاتێك خوێندنەوە واتای خوێندنەوە دەدات، کەلەساتەوەختێکدا خوێنەر بۆخۆی و بەدەر لەهەر کاریگەرییەك توانستی رۆچوونە نێو تێکستی هەبێت و تەوەری سەرەکی لای تەنها تێکستەکە بێت، تێکست بەغیابی دانەر وەك تێکستێك بوونی دەبێت، ئەگینا ئەگەر هەردەم دانەرەکەی حزوری هەبێت و بۆخۆی ببێتە تێکست ئەوە تێکست واتاکانی خۆی وەك مەوجودیەت و ترازانی ئەبەدی لەدانەرەکەی لەدەست دەدا.



-٢-

## کورتە راڤەکارییەك سەبارەت بەنووسین

بۆ راڤەکردنی لایەنێکی خودی نووسین وەك گەمەیەکی دالەکان، ئەمە جگە لەهەوڵدان بۆخستنە رووی هەموو ئەو نهێنی و پەنهانانەی کەپاش گەمەی نووسین بەهەموو جوداکاری و جیاوازییەکانەوە لەنێو دەقدا خەفەو شاراوەیە، خۆدان لەگەمەیەك کەقەولە پێوەندییە سروشتی و ئاساییەکانی مابەینی شتگەلێکی دیاریکراو یان نادیاریکراو تێکبدات، قەولە دەستکاری پێوەندی نێوان نزیکبوونەوە و تەبابوونی رەگەزەکان بکات و ئەو چەمکانە هەڵبگێڕێتەوە کەتاکرەهەندانە سەیر دەکرێن و چەندین شتی دیکەش. بۆیە کاتێك باس لەکردەی نووسین دەکەین دەبێت ئەوە لەپێشچاو بگرین، کە خۆمان لەقەرەی کردەیەکی ناجێگیر و پڕ گومان دەدەین. سەرەتا بۆئەوەی زۆر پەلنەهاوین، دەکرێت کەمێك لەو پێوەندییە بدوێین کەزمان و ئاخافتن لەگەڵ نووسین هەیانە، یان بەپێچەوانەوە، ئەگەر کۆڵەکەیەکی سەرەکی نووسین زمان بێت ئەوە خودی زمان لەبگرەو بەردەو پێکدادان و ململانێدایە لەگەڵ ئاخافتن. یەکێك لەو پرسیارانەی کەهەردەم بۆتە جێی خواس و باس ئەوەیە کە ئاخۆ زمان و ئاخافتن کامیان پێش ئەویتریان دەکەوێت؟ یان گرنگی و کاریگەری هەریەکێکیان لەسەر ئەویتریان تا چ ئاستێك بڕ دەکات، یان پێوەندی ئاخافتن بەنووسینەوە و چەندین پرسیاری دیکە کەدیارە تاوتوێکردن و پەی پێبردن و پرسیارکردن لەبارەیانەوە بەشێکە لەبەرایی ئەو

کردەیەی کەپێی دەگوترێت نووسین. کاتێک ئاخافتنی گوتاربێژێک راستەوخۆ بیرکردنەوەو مەبەستی کەسەکە دەگەیەنێت لەوەی کەپێش وەخت مەبەستی بووە بیڵێت. بەڵام ئەمە لەنووسیندا وانییە و دەبێت بزانین نووسین چەند لەگەڵ دەربڕینی ناوەکی نووسەر دێتەوە یان چەند لێی دوورە، لەنووسیندا ئاخافتن نائامادەیە، بەڵام کاتێك دەڕوانیتە ئاخافتن بەتایبەت لەدەربڕینی گوتارێکدا دەبینیت بەنووسینەوە بەندەو نموونەی لێدەخوازێ و بەو شێوەیەش نووسین لەنێو ئاخافتندا خۆی دەپارێزێت تەنانەت لەهەندێك حاڵەتدا خۆی بەرهەمدێنێتەوەو ئاخافتن دەکاتە شتێکی لاوەکی، رەنگە ئەمانەو زۆر شتی تر ئەگەر رووکەشیانە تێیبڕوانین، بەچەشنێکی تر بێنە پێش چاومان. بەڵام ئەوەی کەپێویستە لێرەدا بگوترێت ئەوەیە کە بەبێخۆدان لەهەموو ئەو گێرمەو کێشەیەی کەلە ئاستی جیاجیا و جۆراوجۆردا زمان و ئاخافتن و نووسین پێکەوە گرێدەدات، یان جیاوازییەکانی نێوانیان دەخاتەروو، سەرباری زۆر شتی تریش کەپەیوەستە بەنهێنی و پەنهانەکانی ئەوانەوە، ئاستەمە بەشێوەیەکی راشکاوانە و روون بتوانین باس لەکردەی نووسین بەگشتی و خودی نووسینی نێو ژانرە ئەدەبییەکان بکەین.

"رۆلان بارت" سیستەمی ریزکردنی دەفرەکانی نانخواردنی لەخوانێکی دیاریکراو بەئاخافتن و دابونەریتی خوانەکەشی بەزمان داناوە و بەپێچەوانەی"دی سۆسێر"سیمۆلۆژیای کردۆتە بەشێکی زانستی زمان، چونکە بەبۆچوونی ئەو ئێمە لەهەموو جۆر و چەشنێکی ئاماژەکاندا زمان دەدۆزینەوە و هەر بەڕای ئەویش تێکست سوود لەچەمکی زمانی تاکەکەس وەردەگرێت.

بەڵام(جاك لاکان) بەچەشنێکی تر مامەڵە لەگەڵ زمان دەکات، پێیوایە نەست تەنها شوێنی غەریزەکان نییە، بەڵکو شوێنێکی تایبەتیشە بۆ ئاخافتن و زمان و بەڕای ئەو خودی نەست زمانێکەو بونیادی خۆی هەیە.

راشکاوانە دەتوانین بڵێین پێوەندی زمان و ئاخافتن و نووسین، پێوەندییەکی ساکار و سادە نییە بەڵکو تابڵێیت ئاڵۆزە. بۆ نموونە کاتێك تێورییەکی نووسراو دەچێتە نێو رایەڵەکانی ئاخافتنەوە و قسەو باسی لەسەر دەکرێت، یان کە دەبێتە گوتار و لەزمانی گوتاربێژەکانەوە دەخرێتە روو، بۆی هەیە زۆر لەتێکستە نووسراوەکە دووربکەوێتەوە و رەنگە لەگشتاندنیدا سەتحیبوون وسادەییەکی ترسناك لەخۆبگرێت، یان ببێتە شتێکی سامناك و زۆر جیاواز لەوەی لە تێکستە نووسراوەکەدا هاتووە، چونکە ئاخافتن ناتوانێت بەدەر لەخۆسەپاندنی بەسەرگوێگردا ئیدامە بەخۆی بدات. ئەو ئیختیارەی کە گوێگر هەیەتی زۆر جیاوازترە لە ئیختیاری خوێنەر، ئاخافتن لەکەشێکی خووڵقێنراودا بەڕێوە دەچێت و زۆرتریش زیاد لەکەسێك ئامادەگی دەبێت. بەڵام خوێندنەوە کارێکی تاکەکەسییە و خوڵقاندنی کەشەکەش پەیوەستە بەخودی تاکەکەسێکەوە کەخوێنەرە، لەهەر کاتێکدا کەمەبەستی بێت دەتوانێت دەستی لێهەڵبگرێت و هەر کاتێکیش کەبیەوێت دەتوانێت بچێتەوە سەری.

هەندێك لەدەقە ئاینییە نووسراوەکان سەرباری کۆنییان، ئاسان لێ تێنەگەیشتنیان، زۆری میتافۆر و سەجع و پەرەگرافی عەجایب و وشەو دێڕی سەیروسەمەرە و ئەو هەموو راڤەو تەئویل و شرۆڤەیەی کەبۆیانکراوەو بۆیان دەکرێت، ئەوەندەی لەنێو دووتوێی دەق و زمانی نووسیندا بمێننەوە رەنگە بەو شێوەیەی کەدێنە نێو ئاخافتن و لەمیانەی گوتارو وەعزەوە دەخرێنە روو، ترسناك نەبن. هەر بۆ نموونە کاتێك دەڕوانینە ئەزموونی میستیکی وسۆفیستیکیانەی سۆفییەکان، تا ئەو ئاستەی نەهاتۆتە نێو ئاخافتنەوە و لەنێو دنیای پەنهان و نهێنییەکاندا هەڵدەسوورێت، نەبۆتە هیچ گرفتێك و مەرجەعە شەرعییەکان دەستیان نەداوەتە دژایەتی کردنی، بەڵام کاتێك بۆتە بابەتی ئاخافتن و قسەو لەدنیای بوونی وەك ئەزمونێکی تایبەت، یان نووسراو هاتۆتە دەرێ، تووشی پێکدادان و رووبەڕووبوونەوەیەکی سەخت بۆتەوە، کە زیاتر بەکوژرانی زاتی موتەسەویف و موریدانی کۆتایی هاتووە. ئەگەر حەللاج بەنموونە بهێنینەوە دەبینین تەنها لەبەر ئەوە ناکوژرێت کە کتێبێکی وەك"تەواسین" ی نووسیوە، کتێبێکی تەنها دە لاپەڕەیی کەهەموو تەسەورە تەقلیدییەکانی ئایین سەراوژێر دەکات، بەتایبەتیش لەبەشی"تاسین ئەلئەزەل و ئەلئیلتیباس"دا توانیویەتی تراژیدیای ئیبلیس لەروانگەیەکی زۆر جیاوازەوە بخاتە روو، شایانی باسیشە ئەم نووسینەی حەللاج یەکێکە لەو نووسینە ناوازەو دەگمەنانەی کە بەئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات و رەنگە ئاستەمیش بێت بەسانایی

بهێنرێتە نێو زمانی ئاخافتنەوەو سادەبکرێتەوە، پەنهان و تەمومژێکی تێدایە کەدەتوانێت پارێزگاری لە پێکهاتەی نووسینەکە بکات، وەك "ولیەم ئەمبسۆن" یش دەڵێت:

"تەمومژاوی بوون سەنگینە مادەم پشتگیری ئاڵۆزکردنی بیرۆکە دەکات".

جا سەیرە ئاخافتن و قسەی کەسانێکە کەدەبنە گەواهیدەری لادانی حەللاج لەشەرعی ئیسلام، یان خودی ئاخافتنەکانی حەللاج و کەشفکردنی نهێنی ئەزمونەکەیەتی لەرێی وتووێژ و گوتنەوە، کە دەیگەیەنێتە ئەو چارەنووسە تراژیدییە، ئەمە جگە لەکەشفبوون و دەرکەوتنی راوبۆچوونەکانی بەتایبەتیش وەك لەهەندێك سەرچاوەدا ئاماژەی پێدراوە دەرحەق بەکردەی حەجکردن. ناشکرێت ئەو راستییە لەبەرچاو نەگرین، کەخودی ئەفسانەی حەللاج تا ئەو ساتەی دەبێتە نووسین لەنێو ئاخافتندا دەمێنێتەوەو خۆیدەپارێزێت، دواتر دەبێتە بابەتی شیعری عەتار و ئیبن ئەلخەیر و رۆمی و حافیزی شیرازی و ئەوانی تر، واتە وەك ئەفسانەیەك بالآیی و تۆکمەبوونی خۆی لەنووسیندا دەدۆزێتەوە.

بەزاڵکردنی ئاخافتنیش مۆنۆسێنترالیزم بەرقەرار دەبێت. هەر بۆیە تەنها رێگەیەك کە کڵێسا دەیخاتە پێش "گالیلۆ" ئەوەیە کەپەشیمان بێتەوە لەتێزەکەی، واتە بەبەرچاوی خەڵکییەوە بڵێت زەوی بەدەوری خۆردا ناسوورێتەوە و تێورییەکەی خۆی بەدرۆ بخاتەوە، دیارە گالیلۆش وادەڵیت و لە مردن رزگاری دەبێت، لێرەدا دەبینین ئەو حەقیقەتە زانستییەی کە گالیلۆ پێی گەیشتبوو پێویستی بەئاخافتن و وەعز نەبوو، پەشیمان بوونەوەی خودی خاوەن تێورییەکەش هیچی لەمەسەلەکە نەگۆڕی. لە روویەکی تریشەوە کە دەڵێین قسەکردن و ئاخافتن، مەبەستمان ئەودەنگەیە کە لەنێو نووسیندا بوونی نییە. " ژاك دریدا" یەکێکە لەو بیرمەندانەی کەهەوڵی بەرجەستەکردنی نەبوونی دەنگ و بێدەنگی لەنووسیندا داوە یان بابڵێین پەی پێبردووە، تەنانەت لای ئەو نووسین دەبێتە یەکەمین تێرم و هەوڵی دۆزینەوەی نووسینەوەی پێش ئاخافتن دەدات، لەروانگەیەکی تەفکیکییەوە هەموو پێودانگە مەییوو و راوەستاوەکانی پێشووتر دەخاتە ژێر پرسیارەوەو هەوڵ دەدات زمانێك بونیادبنێت  لەدەرەوەی ئەلگۆی نووسینی فۆنیمی و ئەو چەشنە نووسینەی لەنێو ئاخافتندا دەردەکەوێت، ئەوەی  کەئەو کردی دژایەتییەکی بەرچاو بوو لەگەڵ بوونی سێنتەرالیزمی میتافیزیکی، کەخودی رۆژئاوا بەپێی ئەم میکانیزمەیە تا ئەم ساتە وەختەش بەڕێوە دەچێت. "ژاك دریدا" پێی وایە کەدەبێت نووسین لەنووسەرەکەی ئازاد بکرێت تا رەهەندە دەلالی و مەعریفییەکانی بکەوێتە روو، بێگومان دەبێت کار بۆ کۆتایی هێنان بەو بێدەنگییە فیساگۆرییە بکرێت کەبەبێ پرسیارکردن ئەوەی پێی دەگوترێت قبووڵیەتی. ئەمە جگە لەوەی کەدەبێت بڕوانینە بوونی مرۆڤ لەدەرەوەی نووسین، زمان، تەنانەت ئاخافتنیش و لەلایەکی تریشەوە پێوەندی زمان و ئاخافتن و نووسین لەگەل دنیادا بخەینە ژێر پرسیارەوە و بەپێچەوانەشەوە. دەبێت هەوڵبدەین لەپێوەندی زمان بەتوندوتیژییەوە و پێوەندی توندوتیژی بەزمانەوە تێبگەین، ئەمە جگە لەتوندوتیژی زمانی نووسین وەك "ژاك دریدا" توندوتیژی لەنووسینەکانیدا دەباتەوە بۆ پێکهاتەی زمانەوانی زمانی فەڕەنسی و بەکاربردنی ئەو زمانە لەلایەن ئەوەوە. لێرەوە ئەگەر بگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەتان ئەوە بەپێویستی دەزانم گوتەیەکی رۆماننووس" ئیبراهیم ئەلکەونی" بەنموونە بهێنمەوە کەدەڵێت:

( ئێمە ئەو شتانە دەبینین کە نابێت ببینرێت و ئەو شتانەش نابینین کەدەبێت ببینرێت). لەمیانەی ئەم گوتەیەوە لایەنێکی تری کردەی نووسینمان بۆ دەردەکەوێت دیارە بەسەرجەم ژانرەکانییەوە ئەویش بینین و نەبینینە، بینین و نەبینیش لە ئاخافتندا یان نووسیندا لەرێی زمانەوە گوزارشتی لێدەکرێت و ئەمیش بۆ خۆی لایەنێکی جەنجاڵی تری پرۆسێسی نووسینە. "ئۆڤید" شاعیرێکی رۆمانی بووەو لەسەردەمی ئیمپراتۆر"ئەگستس"دا ژیاوە سەبارەت بەنووسین دەڵێت:

" نووسین وەك سەما وایە لەنێو تاریکیدا"، ئەمە جگە لەوەی کەدەڵێت:

"نووسینەکانم ئەشکەنجەیاندام"، ئەم شاعیرە یەکێکە لەو نووسەرە بەدبەختانەی کەبەچەشنێکی زۆر نالۆژیکی تاوانبارکرا بەوەی کە هۆکاری تێکشکانی سوپای رۆما بەرانبەر بەبەربەرەکان، دەگەڕێتەوە بۆ بوونی شیعرە ئیباحییە سێکسییەکانی ئەو، هەر بۆیە شار بەدەرکراو دوورخرایەوەو نێردرایە شوێنێکی دوور لەمەدەنیەت، تا مردیش

نەیانهێشت بگەڕێتەوە. لێرەوە جارێکی تر دەتوانین ئەوە ببینینەوە کاتێك نووسین دێتە نێو ئاخافتنەوە بەدەر لەکاریگەری راستەقینەی، هەردەم کەسانێك هەن دەتوانن لەمیانی ئەوەی کەدەگوترێت تەسەووری زۆر شتی تر بکەن، شیعرەکانی ئۆڤید لەوجۆرە نووسینانە نەبوون تەنها لەنێو دنیای نووسیندا بمێننەوە یان تایبەت بن بەخوێنەرێکی دیاریکراو، بەڵکو لەسەر زاری خەڵکی بوون و بەتەواوی چووبوونە نێو ئاخافتنەوە.

بۆ ناساندنی هەر ژانرێکی ئەدەبی، پێموانییە راستبێت بەپێی پێودانگ و تێڕوانین و کڵێشەسازییەکی تەقلیدی وحازر بەدەست پەلبهاوین بۆ وەڵامدانەوەی، یان هەوڵ بۆ دۆزینەوەی پێناسەی ئیتمۆلۆژی و جۆرەکانی تری پێناسەکان بدەین. رەنگە من وەك خۆم نەمەوێت بزانم ئاخۆ نووسین بەگشتی دەیەوێت چیبکات، پەراوێزەکان دەنووسێتەوە، راستییەکان دەڵێت یان هەر شتێکی تر. رەنگە نەمەوێت هەر وەك چۆن تەسەوور و تێڕوانینێکی ئایینی لەپشت هەموو ئەو دنیابینییە میتافیزیکییەی کەدەبێت لەوێوە بڕوانێتە میتۆد و پرەنسیپی ئایینەکەی، کەچی دێت و هەموو ئەو دنیایە بچووك دەکاتەوە یان بابڵێین کورتی دەکاتەوە و لەنێو کۆمەڵێ دابونەریت و چەشنی جلوبەرگ و سیمگە و سیمبۆل و بونیادی پەرستگەکان و ئێکسسوارەکانی نێویدا جێی دەکاتەوە. رەنگە نەتوانم هیچ ژانرێکی ئەدەبی کورت بکەمەوە یان بچووکی بکەمەوە ئەمە سەرباری ئەوەی من جێگیرییەك لە کایە ئەدەبییەکاندا نابینم، ئەدەبیات دنیایەکی شڵۆق و ناجێگیر و گۆڕاوی هەیە تەنها بەناو هێنان و ئاماژە پێدان ناگەینە مەغزای ئەوەی کەلە قووڵایی ئەدەبیاتدا دەگوزەرێ، تەنانەت ناوهێنانی ژانرێك بەناوێك و ئەویتر بەناوێکی تر جێی مشتومڕە، کێیە بەحیکایەت دەڵێت حیکایەت و بەچیرۆکیش چیرۆك، یان بۆ وای پێدەگوترێت. کاتێك گوێبیستی حیکایەتە سەرزارەکییە ناوازەکان دەبین ناکرێت سەرسام نەبین بەکارێك کەسەرچاوەی یەکەمین گێڕانەوەی نادیار و ونە، دەنگو سەدای گێڕەرەوە بەرابیەکانی نەزانراوە، دەبینیت لەو کاتانەدا چۆن دوای زنجیرە گێڕانەوەی یەك لەدوای یەکی ئەو جۆرە حیکایەتانە دەکەوین، بەچەندین شێوە تەسەووری یەکەمین کەس دەکەین کەگێڕاویەتییەوە، حەز دەکەین بزانین لەسەرەتادا فلانە حیکایەت چیبووە، بۆ گوتراوەو دەیان پرسیاری تر کەبەدەر لەویستی خۆمان بەمێشکماندا



دەگوزەرێت. مانەوەی ساڵانێکی دوور و درێژی ئەو حیکایەتانە لەدەرەوەی نووسین پرسیارمان لادروست دەکات، تەنانەت هەیانە بەئاسانی لەنووسینەوەیدا، خۆ بەدەستەوە نادات، مەبەستم لەو جۆرە نووسینەوەیەیە کەوەك چەشنێك لە گواستنەوە لەنێو دنیای ئاخافتنەوە بۆ دنیای نووسین بەکاردەهێنرێت. ئەو دەمە رەنگە ئەو چەشنە نووسینەوەیە بیکاتە شتێکی تر، لەکاتێکدا بەدەماو دەمکردن و سەفەرکردنیان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بەچەندین شێوە گۆڕدراون و هەر دەشگۆڕێن، بەبێئەوەی بزانین چەند گۆڕدراون یان چەندی تر لەداهاتوودا دەگۆڕدرێن، یان هەندێ حیکایەت بەچەشنێك ماونەتەوە کەزۆرجار گومان دەکەین هیچ گۆڕانێکی بەسەردا هاتبێت. لەهەمووشی سەیرتر ئەوەیە زۆرێك لەم حیکایەتانە پاش نووسینەوەیان سیحری یەکەمجاری خۆیان لەدەست دەدەن و رەنگە لەروانگەیەکی میتافۆرییەوە بمرن، زۆرجار دەگەینە ئەوەی کەرەنگە ئەم حیکایەتانە خۆیان لەبنەڕەتدا نووسرابێتن و ئێمە بەنووسینەوەیان نووسینی یەکەمجار و بنەڕەتی ئەوانمان تێکدابێت، بۆیە لەخۆڕا نییە "دریدا" بەشوێن نووسینی بەرایدا دەگەڕێت، ئەو نووسینەی دەکەوێتە پێش نووسینەوە. هەست دەکەین زۆرێك لەو حیکایەتانەی کەماونەتەوە بەشێکن لە رۆحی راوییەکانی، یان رۆحی حیکایەتەکان بوونەتە بەشێك لەرۆحی راوییەکان. حیکایەت و گێڕانەوە سیحرو تەلیسمی تایبەت بەخۆیان هەیە، ئەتمۆسفێر و تۆپۆگرافیای تایبەتیان هەیە، هەمیشە ئەوانن نەك هەر زەمەن وەك ئێمە لێی حالیبووین تێپەڕدەکەن، بەڵکو دەتوانن نەفی بکەن و بیسڕنەوە، دەتوانن ئەودالی گەڕانمان بکەن، خۆشییەکی بێ کۆتامان پێ ببەخشن، تەنانەت لەگەڵمان بدوێن، یان وامان لێبکەن لەگەڵیان بدوێین.

"عەقاد" دەرهێنەری فیلمی"پەیام" لەچاوپێکەوتنێکیدا باس لەوە دەکات چۆن لەدوا بەشی فیلمەکەیدا، ئەو بەشەی کە پەیامبەر دوا وەسیەت و وتەی خۆی بەموسڵمانان رادەگەیەنێت، نەیتوانیوە هەموو ئەو خەڵکە پێکەوە بخاتە گریان تا بەرێکەوت لەیەکێك لەبازاڕەکاندا حیکایەتخوانێك دەبینێت کەبەتەواوی لەکاتی گێڕانەوەی حیکایەتەکانیدا گوێگران سەرسام دەکات و لەناخەوە دەیانهەژێنێت، هەر بۆیە لەگەڵ ئەو حیکایەتخوانە رێك دەکەوێت لەرێی گێڕانەوەوە ئەو ژمارە زۆرەی ئەکتەران پێکەوە بخاتە گریان، دیارە

وەك لەفیلمەکەدا دیارە ئەو حیکایەتخوانە چ توانایەکی هەیە و بەبێ ئەویش هەرگیز ئەو بەشەی فیلمەکە هێندە تراژیدی نەدەبوو. لەکاتێکدا حیکایەتخوانی بێتواناو حیکایەتی ناشرین و بێپێز، دەرفەتی مانەوەیان نییە و رەنگە نەشبووبێت و نەشبێت. بەڵام چیرۆکنووسی بێتوانا و چیرۆکی ناشرین و بێ پێز هەبوون و دەشبن، لێرەوە زۆر شتمان بۆ روون دەبێتەوە تەنانەت پێ بزانین یا نەزانین گەیشتووینەتە خاڵێکی زۆر کریتیك لە جیاوازی ئەو دوو دنیایە، دنیایەك کەناچاری گوێگرتنت دەکات و دنیایەك ئەوەی دەیەوێت بیڵێت تێکستی نووسراوەو خوێنەر ئیختیاری خوێندنەوە یان نەخوێندنەوەی هەیە، لە حیکایەتدا حیکایەتخوان بوونی هەیەو بەبێ ئەو حیکایەت چێژی خۆی لەدەست دەدات، واتا ئەگەر کەسێکی بێتوانا لەهونەری گێڕانەوەدا بیگێڕێتەوە حیکایەتەکە سیحرو تەلیسم و جوانییەکانی خۆی لەدەستدەدات، کەچی لە چیرۆکدا خوێنەرە خۆی لەمیانەی خوێندنەوەوە چیرۆکەکە لەزەینیدا بەرجەستە دەکات و بەشێوەیەك لەشێوەکان نووسەر غائیبە و دەبێت غائیبیش بێت. "رۆلان بارت" دەق دەکاتە بنەمای سەرەکی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی ئەدەبی، "بیۆتیکا" کاری بەوە نییە نووسەر مەبەستی چی بووە و بیری لەچی کردۆتەوە. "بارت" لەکتێبی"پلەی سفری نووسین"دا ئاماژە بەنووسینەکانی هێمنگوای و ئەلبێر کامۆ دەدات لەو رووەوە کەهەوڵدانێکن بۆ نزیك بوونەوە لەنووسینی سپی یان نووسین لەپلەی سفردا، چ وەك سادەیی و چ وەك نزیکردنەوەی نووسین لەبێلایەنی و خەفەبوون و خامۆشی، بەڵام دیارە ئەمەش مەحاڵە چونکە خودی ئەو جۆرە نووسینانەش دەبێتە شێوازێکی نووسین، ناشکرێت تەسەووری نووسین لەدەرەوەی شێواز و فۆرمێکی تایبەتدا بکەین. روودانی کردەی نووسینیش لەکایەو مەودایەکی زەمەنیدا ئیشکالێکی ترە، بەواتای پەیوەست بوونی بەمێژوویەکی دیاریکراوەوە، مێژوویەك کەخۆی جێگەی پرسیارە. "فاسکیز" دەڵێت:

(لەکاتێکدا ئەگەر پێوەندی نێوان چەشن و جۆرە جیاجاکانی کۆمۆنیتە یەك لەدوای یەکەکان لە رەهەندی زەمەندا، لەپێوەندییەکانی گردکردنەوەو کەڵەکەبوون زیاتر نەبێت، ئەوە هیچ جۆرە پێوەندییەکی راستەقینە لەنێوان ئەو کۆمۆنیتانەدا بوونی نامێنێت و لەگەڵ نەمانی ئەو پێوەندییانەش مێژوو بوونی نامێنێت). مێژوو ناشرینترین پانتاییەکە



کەناچارین لەبارەیەوە بدوێین یان ئاماژەی پێبدەین، گەرچی وەك خۆی بوونێکی سەربەخۆی نییە ئەوە ئێمەین دەستنیشانی دەکەین، تەنانەت زۆرجار بۆی دەگرین، شانازی پێوە دەکەین، بیری دەکەین و زۆر شتی تر. سەیرم لەو نووسەرانە دێت مێژوو بەو چەشنە دەبینن کەهەیە، واتە هەبوونێك کەلەدووتێی بەڵگەنامەو کتێب و دەستنووس و شوێنەوار و شتەکانی تردا ماوەتەوە، پێم سەیرە کەسێك بەڕاستی پێی وابێت بۆ نموونە"سەلاحەدینی ئەیوبی" پیاوچاکە،ئازایە،قارەمانە و دەیان شتی تر، بەڵام نەزانێت ئەم پیاوە دەرئەنجامی نەدانەوەی خاچێکی مەسیحییەکان کەموسڵمانەکان لەشەڕدا دەستیانکەوتبوو، بووە مایەی سەربڕینی سێهەزار کەسی موسڵمان کەلای مەسیحییەکان دەستبەسەربوون، بەبێئەوەی هیچ باکی پێی هەبێت. بەلامەوە سەیرە کەسێك پێی وابێت سمکۆی شوکاك سەرکردەیەکی راستەقینەی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردە، وەك ئەوەی کتێبەکانی مێژوو بەئێمەی دەناسێنن، بەڵام نەزانێت ئەم پیاوە شارێکی کوردنشینی وەك مەهابادی فەرهودکرد، پێچەوانەی هەموو داب و نەریتێکی میوانداری"مار شەمعون" ی میوانی کوشت و چەندین نموونەی تر کەتەنها لەچەتە دەوەشێتەوە، موزەیفی مێژوو یان زەیفی نووسینەوەی کتێبەکانی مێژوو لەرادەیەکدایە کە جێگەی پێکەنینە، ئەگەر بڕوانینە هەندێك لەو کتێبە مێژووییانەی ئێستا لەقوتابخانەکانی هەرێمدا دەخوێندرێت، دەستکاریکردن و هەڵگێڕانەوەی زۆر رووداوی نزیك دەبینیتەوە، جا چجای ئەو رووداوانەی کە ساڵانێکیان بەسەرداچووە، ئەمە جگە لەوەی جیاواز لە کتێبەکانی مێژووی هەموو دنیا، هەر کەسایەتی و زاتێکی سیاسی کەئاماژەی پێدراوە، بەتایبەت میرەکان بەوەسفی ئازایەتی و مەردایەتی و پیاوچاکیان دەستی پێکردووە، زۆر گەڕاوم لەیەکێك لەو کتێبە مێژووییانەی خۆماندا پیاوخراپێك ببینمەوە، یان هەر هیچ نەبێت لایەنە نێگەتیفەکانیانم بکەوێتە بەرچاو، بەڵام چنگم نەکەوت، هەرچی میرو بەگ و ئاغا و شێخ و سەرۆك خێڵ و هۆز و تیرەمان هەبووە و هەیە هەمووی پیاوچاکبوون . جا ئەدەبێکیش کەلەمڕۆدا هەیە، بەشێکی کەمی نەبێت ئەگینا زۆربەی نەیتوانیوە سنووری ناشرینییەکانی مێژوو تێپەڕ بکات. بەڵکو هەر بەریتمی ئەو ناشرینییەو دووبارەکردنەوەی ئەوەی کەهەیە هەوڵی خۆسەپاندن دەدات.

هەر بۆ نموونە رۆمانی"بەفر"ی "ئۆرهان پاموك" یەكێكە لەو رۆمانانەی كەتەجاوزی مێژووی سەردەستی پێناكرێت و ناتوانێت بەپێچەوانەی شەپۆلەكانەوە مەلەبكات و دەتوانین بڵێین توانی ببێتە یەكێك لەنووسینە ئەدەبییە ناشرینەكانی دنیا. بۆیە لەخۆڕا نییە نووسەرانی وەك كافكا و بۆرخیس، هەموو ئەوەی كەپێشتر هەیەو زانراوە لای ئەوان تووشی وەرچەرخان دەبێت دەگۆڕدرێت، سەبارەت بە ناجێگیری شوێن وكات، مێژوو، زەمەن و تەوزیفكردنی لەنووسیندا دەتوانین لە چیرۆكەكانی بۆرخیس–دا بەروونی ببینینەوە. رەنگە بۆ ناسینی چیرۆك پێویست بێت پاش "ئێدگەر ئالن پۆ" بگەڕێینەوە بۆ لای بۆرخیس، ئەوكات زۆر شتمان بۆ كەشف دەبێت، بەو پێیەی تەكنیكێكی لوغزئامێز وگرێچنێكی دووبارە بۆوەی ناكۆتا بەكاردەهێنێت بۆ بەدەستهێنانی سەرسامی بەرانبەر بە بوون و زیندەگی، جدییەتی ئەو نووسەرە لەنێوەندی ناماقووڵی و نالۆژیكی شتەكاندا هەوڵدانێكە بۆ رامكردنی ئاستەم، یان سەلماندنی ئاستەم، سەیرە نووسین ببێتە هەوڵێك بۆ سەلماندنی مەحاڵ و ئاستەم، بگرە شتێكی جوانیشە بەتاییەت ئەگەر خۆت بدەیت لەئەرگۆمێنتە جەوهەرییەكانی ئیشكالییەتی سروشتی جیهان و مەعریفەو زەمەن و خود و زۆر شتی تریش. دەتوانین بڵێین هەموو ژانرە ئەدەبییەكان بەدەر لەماهییەت و پێناسە و پێودانگە تەقلیدییەكان، بۆ خۆیان پرسیارن، بۆ دەبێت هەبن، یان تا كەی دەبن و دەگەنە كوێ. ئاخۆ دەكرێت پۆلێنبكرێن و جیابكرێنەوە، یان ئەگەر لەروانگەیەكی لاكان–ییەوە تێیی بروانین ئاخۆ داواكارین، دیارە نەك وەك تێركردنی هەندێك پێداویستی، بەڵكو وەك هێماكردنێك بۆ چەشنێك لەئامادەبوون و ئامادەنەبوون، ئەگەر نەڵێین لەبنەڕەتدا"بانگكردنی ئەویترە"دو گەڕانە بەشوێن خۆشەویستیدا، یان تۆ بڵێی بتوانین بڵێین نوسین حەزە، دیارە وەك هیگڵیش سەبارەت بەحەز دەڵێت:

(حەز حەزێكە لەحەزی یەكێكی دیكە، بەمانای حەزكردن لەدانپێدانانی كەسێكی دیكە). یان ئەمانە هیچیان نین و شتێكی ترە، هەر بۆ نموونە وەك لای "سارتر" بۆ دەربڕینی قێزەو لای"كامۆ"هیچی و لای"بیكیت"بێهوودەیی.



-٣-

## لەپەراوێزی هێنانەگۆی زمانێكی لاڵ

كاتێك دوو كەس دەیانەوێت بیر لەیادەوەرییەكی هاوبەشی خۆیان بكەنەوە، ئەوە بێگومان بەپێشت بەستن بەتوانای وەبیرهاتنەوە، رەنگە هەردووكیان هەمان یادەوەری هاوبەشیان بەهەمان شێوە بیرنەكەوێتەوە و نەكرێت هەردووكیان وەك یەك وبەهەمان شێوە و لەهەمان گۆشەنیگاوە بیهێننە پێشچاویان و لەزەینیاندا بەرجەستەی بكەن. ئەمە جگە لەوەی وەیادهێنانەوەی یادەوەرییەك كەمجار تەنانەت لای كەسانی ئاساییش وەك خۆی دێتەوە یاد، زۆر هۆكار هەن كاردەكەنە سەر پرۆسێسی وەبیرهێنانەوەو بیركردنەوە لە هەر شتێك كەپێشتر روویدابێت، تەنانەت ئەگەرێكی زۆری تێكەڵكاری و لەبیرچوونەوە و ئاوێزانبوونی خەون بەیادەوەرییەكی ریالیتی هەیە، ئەمە جگە لەوەی ئەگەر مەبەست بێت یادەوەرییەكە بگێڕدرێتەوە، ئەوا جارێكی تر بەویست یان بەدەر لەویستی ئەو كەسەی كەدەیگێڕێتەوە قابیل بەگۆڕان و تێكدان و پاش و پێشخستنە، دەكرێت بڵێین هەست و نەستی كەسەكە و زۆر هۆكاری سایكۆلۆژی رۆڵیان هەیە لەبیناكردنێكی سەرلەنوێی ئەوەی كەوەبیردەهێنرێتەوە. لەرۆژهەڵاتدا جیاوازی گێڕانەوەكان زۆر زیاترو بەشێوەیەكی بەرچاوتر دەكەوێتە پێشچاو، تەنانەت ئەو كاتانەی كەكۆمەڵێك كەس پێكەوە دەڕواننە رووداوێك. سەبارەت بەمە باسێك هەیە كەگوایە

ئینتلیجنسێکی ئینگلیز لەیەکێك لەشارەکانی ڕۆژهەڵات، بەچاوی خۆی ڕووداوی کوشتنی زەلامێك دەبینێت، بەڵام دواتر هەر وەك ئەوەی ڕووداوەکەی نەبینیبێت کاتێك بەجیاجیا دەست دەکات بەپرسیاکردن لەو خەڵکانەی کە ڕووداوەکەیان بینیوە، دەبینێت هەریەکەی شتێکی جیاوازی لەویتر بۆ دەگێڕێتەوە، ئیتر هەیانە ئەوەندەی پێوە دەنێن کابرا سەرسام دەکەن، بەڵام پاش چەند ڕۆژێك کەدەپرسێتەوە سەیر دەکات، کار لەکار ترازاوە و ڕێك ڕووداوەکە بۆتە حیکایەتێکی خەیاڵی کە هیچ پێوەندییەکی بەراستی ڕووداوەکەوە نییە. ئەمە بۆخۆی نموونەیەکی ئاشکرایە لەحەزی شاراوەی مرۆڤ بەگشتی و خەڵکی ڕۆژهەڵاتییش بەتایبەتی بۆ گێڕانەوە و تەنانەت گۆڕینی ئەوەی کەبەچاوی خۆی بینیویەتی، ئەمە لەکاتێکدا کەمەرج نییە دوو کەس یان چەند کەسێك، ڕووداوێکی ترسناکی دیاریکراو وەك یەکتر ببینن، ترس لەو حاڵەتانەدا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بینین هەیە، سەرباری هەموو ئەوەی لەنێو کەسی بینەردا پەنهان و شاراوەیە، لەرووی سایکۆلۆژییەوە زۆر حاڵەتی سەیر هەیە هەر بۆ نموونە جۆرێك لە هەلوەسە هەیە وا لەو کەسەدەکات کەئەو حاڵەتەی تێدا بەدیدەکرێت، جەستەی خۆی بەدەر لەخۆی و لەحاڵەتی جووڵاندا ببینێت..."پاولۆ کۆییلیۆ" دەڵێت:

(وەیادهاتنەوەی ساتەوەختێکی پڕترسی ڕۆژگارێکی بەسەرچوو بەسە بۆ ئەوەی کەوابکات لەگەڵ هاتنی هەر بەیانییەکی نوێدا هەمان ڕۆحی پڕ لەترس و تۆقین لەتۆدا دووبارە ببێتەوە).

نابێت ئەو ڕاستیەشمان لەیاد بچێت کەهەموو شتەکان وەك یەك لای کەسە جیاجیاکان مەئلوف یان نامەئلوف نین. ئەمە لەنێو شارستانیەت و ژیارە جیاجیاکانیشدا دەبینرێتەوە، یەکەمجاری بینینی شتەکان سیحرو سەیر وسەمەرەیی خۆی هەیە، تەنانەت هەندێ جار ترس و ترسناکییش لەخۆدەگرێت، ترسان وخۆ شاردنەوەی خەڵکی گوندەکانی زۆر شوێن کاتێك بۆ یەکەمینجار ئۆتۆمبیلیان دیوە، یان بەسەرهاتی ئەو ئاغایەی بۆ یەکەمینجار تفەنگی بنیوەو بۆ ئەوەی کە بزانێت بەڕاست مرۆڤ دەکوژێت لەسەر یەکێك لەپیاو ماقووڵەکانی خۆی تاقیکردۆتەوەو کوشتویەتی دواتر لەبەر سەیری ئەو شتەی کەبۆیەکەمینجارە دەیبینێت و شاگەشکەبوونی ئاگای لەوە نەماوە کەسێك



لەبەردەمیدا لەخوێنی خۆیدا گەوزاوە. هەندێ شارستانیەت هەبوون زاناکانی لەسەردەمێکدا زۆر ڕاستی زانستییان کەشفکردووە، کە لەئێستاشدا جێگەی سەرسامییە، بەڵام لەنێو خودی ئەو شارستانییەتانەدا لەو کاتەشدا جێگەی سەرسووڕمان نەبووە و ئاسایی بووە. هەروەك شارستانییەتی هندییەکانی باکووری هندستان و بەتایبەتیش لەسەردەمی گۆپتادا، زانایانی ئەو شارستانیەتە لەو کاتەدا و پێش هەموو زانایانی شارستانییەتەکانی تر، گەیشتوونەتە ئەو ڕاستییەی کەگەردوون بێکۆتایەو توانیویانە مەودای درێژی دەوری زەوی بخەملێنن کە هیچ جیاوازییەکی وای لەگەڵ پێوانەی ئەمڕۆدا نییە.

ئەم دنیایەی ئێمە بۆ خۆی شوێنێکی نائاسایی و پڕ لەدنیایەك خورافات و ئەفسانە و سیحر و شەعوەزەو شتی لەو بابەتەیە، هێشتاکە چەندین درەخت و شاخ و ڕووبار و پەرستگەو نزرگەو مەزارو شوێنجێگەی بەناو پیرۆز لەدنیادا هەن و بەردەوام خەڵکانێکی بەژمارە یەکجار زۆر ڕوویان تێدەکەن و هەموو ئەو گۆڕانکارییە مەعریفی و زانستی و فیکرییانەی کەلەدنیادا هەر لەسەردەمی ڕێنیسانسەوە ڕوویانداوەو ڕوودەدەن کاریان نەکردۆتە سەر زەینی هیچ کامێك لەوانەی کەئاستەمە باوەڕ بکەیت هێشتاکە ئەمانە سەرباری بوونی ڕاستەقینەیان لەدنیای ئەمڕۆدا بەئەقڵیەتی کەسانی هەزارساڵ لەمەوپێش دەگوزەرێن، ئەمانە کەمینە نین بەڵکو ڕێژەی هەرە زۆری خەڵکانی دنیان، گلۆباڵیزم و میدیا و سینەما و تەنانەت بەشێکی بەرچاوی ژانرەکانی ئەدەب و هونەریش لەخزمەت پاراستنی هەموو ئەو باوەڕ و تەقلیدە سەیر و سەمەرانەدایە. چی لەوە سەیرتر هەیە مرۆڤ بەبێگوێدانە ئەوەی لەدنیای مەعریفەو زانستدا دەگوزەرێت، هەڵگری چەندین خورافات و بیرۆکەی میسیۆلۆژی سەیر و سەمەرە بێت، لەهەمووشتێکیش زیاتر برەوی پێبدرێت. بەچی بزانین دنیا گۆڕاوە و ئێمە لەچاخێکی تردا دەژین لەکاتێکدا ئاستی تێڕوانینی مرۆڤ بۆ شتە هەستیارەکان هەمان ئاستی تیڕوانینی سەردەمانێکی بەسەرچوو بێت. تۆ بڵێی مانەوەی هەموو ئەوەی مرۆڤ پێش هەزاران ساڵ بەدەر لەلۆژیك و زانست و پێی گەیشتووە، لەئەنجامی ترسی مرۆڤ لە مەجهول تا ئەم ساتەوەختە مابێتەوە. ڕەنگە"باسکاڵ" بەخۆڕا نەڵێت:

( ئەوەی لەرزم لێدێنێت بێدەنگی ئەبەدیی فەزا ناکۆتاکانە). ئیدی زۆربەی ئەوەی لەمڕۆدا لەم دنیا بەناو مۆدێرن و میکرۆڤیزیۆنیەدا روودەدات، شتگەلێکی ناماقووڵ و عەجایبن، لەنێو جەرگەی رۆژئاوادا"ساتانیستەکان" پەیدادەبن و چەندین گەنجی خوێندەوار رادەکێشن و دواجار بەو پەڕی قەناعەتەوە ئامادەکرێن ببنە قوربانی کەشێکی خورافی و سەرببڕدرێن، یان خۆیان بکوژن."ئیلۆهیم"ییەکان گروپێکی ترن و بەهاریکاری چەندین دەوڵەمەند بەتەمای دروستکردنی شوێنجێگەیەکی یەکجار سەیرن، بۆ پێشوازیکردنی"ئیلۆهیم" ئەودەمەی لەئاسمانەوە بەسەردان دەگەڕێتەوە سەر زەوی. ئەمانە باوەڕیان وایە پاش مردن "ئیلۆهیم"لەرێی کلۆنکردنیانەوە دروستیان دەکاتەوە، واتە تەنها ئەوانە دروست دەکرێنەوە کەسەر بەو گروپەن و دەتوانن جارێکی تر بژێنەوە، ئەندامانی ئەم گروپەش کەسانێکی نەخوێندەوار نین، زووربەیان دکتۆر و ئەندازیار و خاوەن بڕوانامەن و لەسەرجەم وڵاتانی دنیادا نوێنەریان هەیە، کۆبوونەوەی تایبەتیان هەیە، سەما و کەشی سێکسییان هەیە، دنیایەك لایەن و هێز لەپشت کەوالیسەوە پشتگیریان لێدەکات، لەپشت هەموو ئەوەی ئەمانەو هاوچەشنەکانیان دەیکەن دنیاك شتی شاراوە و نهێنی هەیە. ئێمە لەرۆژگارێکدا دەژین تا بینەقاقای نغرۆی وەهم و خورافەیە، نغرۆی تیرۆر و کوشت و کوشتارێکی بێ وێنەیە، تەنانەت گوتەکەی"دۆرکهایم"یش بەدرۆ دەخاتەوە کەدەڵێت:

(لەگەڵ پێشکەوتنی پرۆسەی شارستانیبوون ژمارەی کوشتن کەم دەبێتەوە و روو لەکەمبوونەوە دەکات لەپێناو).

بەڵام ئەمە وەك ئێمە لەئێستادا دەیبینین کەی وایە، ئەمە جگە لەوەی پرۆسەی گۆڕانی دنیا لەلایەن زلهێزەکانەوە پرۆسەیەك نییە حیساب بۆ تاکە کەس و مافەکانی مرۆڤ و ئەو شتانەی تر کەهەرخۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن بکات. بەناوی گۆڕینی دنیا و میللەتانەوە رەئیس عەشیرەت و هێزەکانی جەهل و داکۆکیلێکەرانی چاخە تاریکەکان و جەللادەکان و دەیان هێزو لایەنی ناشرینی تر، لەجێی جەللادەکەی تر دادەنێنەوە و ئەوەی گورزی کوشندەی بەر دەکەوێت کەسە ئاساییەکانن، ئەو کەسانەی ئەندامی پێکهاتەی هۆز و تیرە و خێڵ و دەستە و تاقمە ئایینییەکان نین، ئەوەی گورزی بەر



دەکەوێت خەڵکێکی خوێندەوارە، کەدەبێت لەمەو دوا بەپێی دڵی دنیایەك گەورە پیاو و گروپ و تاقم هەڵسوڕێ، بیربکاتەوە، بنووسێت. ئەمەیە ئەو دیموکراسیەتەی کە پێشتر بانگەشەی بۆ دەکرا، ئەمەیە گلۆباڵیزم لەجێی دیکتاتۆرێك سەدان دیکتاتۆری بچکۆلەت بۆ دروست دەکات، لەجێی ئەوەی مرۆڤەکان لەزیندانەکاندا بکوژرێن، لەپەناو پاسارەکاندا دەکوژرێن و هەر کەسیش نازانێت چۆن کوژراون، ئەمە ئەو دنیا نوێیەیە کەبەناوی ئازاکردنی ئافرەتانەوە، لە پێودانگە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکان، بەناوی رزگارکردنی لە خێزان، باوك،برا،مێرد، دەیکاتە بوونەوەرێك کەلەهەموو شوێنێکدا دەبێت چاوەڕێی ئەوە بێت پەلامار بدرێت، بفرێندرێت،دەستدرێژی سێکسی بکرێتە سەر و هەر ئەم دنیایەشە دەیکاتە بابەتی فیلمە سێکسییەکان. دیارە هەر ئەم سیستەمەی ئێستای دنیاشە دەیەوێت بەتەواوی خۆشەویستی مابەینی مرۆڤەکان نەهێڵێت، بۆ هەموو شتێك ئەڵتەرناتیڤێکی موزەیەف بدۆزێتەوە. خودی ئەو سیستەمەی کەئێستا حوکمی دنیا دەکات پێویستی بەزۆرترین ژمارەی کوژراوە، پێویستی بەبوونی تیرۆر و تیرۆریستانە.لەم هەموو جانجاڵی و ئاشووبەدا دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کەکردەی نووسین هەر لەم دنیایەدا دەگوزەرێ، بەو مانایە نا کەدەبێت ببێتە ئاوێنەی ئەم واقیعە ناشرینە، بەو مانایەنا کەدەبێت وێنەیەکی فۆتۆگرافی واقیعمان پیشان بدات، کەس پێویستی بەبینینی دەقاودەقی هەموو ئەو شتانە نییە کەلەدنیادا روو دەدات، میدیاکان بەزیادەوە ئەمە دەکەن، بگرە بەدووبارەکردنەوەی چەندین جارەی وێنەی کوژراو و لاشە پارچەپارچەکراوەکان و دیمەنی کوشتارگەکان، هەموو ئەمانەیان کردە شتگەلێکی ئاسایی و مەئلوف. ئەمڕۆ دنیا هێندەی گەورەبوونی هەوڵی بچووك بوونەوە دەدات، هێندەی قەرەباڵغ بوونی هەوڵی خۆچۆڵکردن دەدات، هێندەی زۆربوونی هۆکارە تەکنەلۆژییەکانی بینین و وێنەگرتن و وێنە پیشاندان، هەوڵی نەبینین و سڕینەوەی وێنە جوانەکان و پیشان نەدانیان دەدات. کاتێك"پیتەر زلۆتەر دایك" دەڵێت:

(من سەر بەو گروپە فەلسەفییەم کەگاڵتەجاڕی دەنووسمەوە).

بەخۆڕایی واناڵێت و هەروەها سەرپێیش خۆی لەکایەناسی و گلۆباڵگەرایی نەداوە. بۆیە بمانەوێت و نەمانەوێت ئەمڕۆ ئێمە لەدنیایەکی ترسناك و درزێودا دەژین، دنیایەکی

بێلەنگەر و ناهاوسەنگ و نابەرابەر، دنیایەك زۆر ترسناكترە لەو جەنگەڵەی مرۆڤی بەرایی تێدا ژیاوە. بەڵام هەموو ئەوەی كەلەبارەی دنیاوە دەیزانین و دەیبینین، یان راڤەی دەكەین و لێی وردەبینەوە، هەموو ئەو لۆژیك و سنوورانەی پێش كردەی نووسین هەن، لەئاست موجازەفەی نووسەرێكدا بۆ كەشفكردنی مەجهول و خستنە رووی نەزانراوەكان دەستەوسانن. پێموایە نووسەری جدی جا لەهەر ژانرێكی ئەدەبیدا خۆی تاقیبكاتەوە، وەك كەسێكی ئاسایی ناڕوانێتە فۆرمالیتەو ناوەڕۆكی شتەكان، بەسادەیی ناتوانێت مامەڵە لەگەڵ ریالیتەو ئیماژی حەقیقەتی شتەكان بكات وەك ئەوەی هەن، ئەگەر وابن ،چونكە خودی حەقیقەت وەك چەمكێك یەكێكە لەچەمكە هەردەم ناجێگیر و شلۆقەكان.
ئاشكرایە ونبوونێك یان وێڵبوونێك لەكردەی نووسینی ئەدەبیدا هەیە، تەنانەت زۆرجار دەستەوسانی و بێهوودەییەكی قووڵ ئامادەیی هەیە كەدواجار خوێنەر دەباتەوە بۆ نێو پاساژە تاریك و ترسناكەكانی ناخ. ئەدەبیاتێك كەبەگشتی جوانی دەبەخشێت، كار لەتۆپۆگۆافیایەكی خەیاڵیدا دەكات كەزەمەن، شوێن و هەموو شتە نەویستراوەكانی تێدا فەرامۆش دەكرێت. نووسینە جوانەكان تەلیسم و سیحر و ئەتمۆسفێری تایبەت بەخۆیان هەیە، گەڕان و ئەودالبوونی تێدایە كە زۆرجار بەگەڕان و ئەودالبوونی سۆفییەكان دەچێت."شبلی"دەڵێت:

(ئەمە مەجنونی بەنی عامیرە، ئەگەر لەبارەی لەیلاوە پرسیاری لێكرابا، دەیگوت من لەیلا-م، لە لەیلا-دا خۆی غایب دەكرد تا دیمەنی لەیلا بهێڵێتەوە، لەهەموو مانایەك غایب دەبوو بێجگە لەلەیلا و هەموو شتەكانیشی بەلەیلا دەبینی).

لەقوڵایی ئەدەبیاتی جدی و جواندا، لەدەستدان و نەبینینەوەی شتێك یان شتەكان هەیە، كردەی نووسینیش وەك گەڕانی مەجنونە بەشوێن لەیلادا، عەشق و سەوداسەریی نووسەرە مەجنون ئاساكانە كەدەیانەوێت لەیلا-یەكی نەبوو بدۆزنەوە، یان دەیانەوێت لەیلا-یەك بدۆزنەوە كەئەوان پێیان وایە هەیە. بەبۆچوونی من بۆ رامكردنی جوانییەكی نەبینراو، دەبێت بەشوێن پێوەندییە نهێنی و پەنهانەكانی نێو شتەكاندا بگەڕێین، بەشوێن دۆزینەوەی خەیاڵێكی بێكۆتادا ئەودالّ بین، دووركەوینەوە لەرۆتینەكانی واقیع و هەوڵ بدەین دنیایەك لەتاڵەهەوداكانی تیشك و تەم و شتە نەبینراوەكان بچنین،



ئاشكراشە ئەگەر دروستكردنی دنیایەكی جیاوازی ئەدەبی لای نووسەرانی تەقلیدخواز و مۆمیاكراو و عەنتیكەو داوەڵەكانی دنیای بەناو رۆشنبیریی ئەمڕۆ وەهەم بێت، ئەوە لای نووسەرانی موجازیف و موغامیری رێگە مەجهولەكان، نەبینراوەكان، كەشفنەكراوەكانی ئەدەبێك كەبیەوێت جوان و چێژبەخش بێت، خودی ئەم دنیا ئەدەبییە ناشرینەی ئەوان، واقیعێكە كەدەمێك ساڵە سەردەمی بەسەرچووە و بۆتە مۆدێلێكی یەكجار كۆن. ئەمە نەك هەر لای ئێمە بەڵكو لەدنیادا وایە، تەنانەت لەبواری هونەریشدا، دەرهێنەری بەتوانای جەزائیری"محەمەد ئەلئەخزەر حەمینا" خاوەنی فیلمی"بەسەرهاتی ساڵەكانی پشكۆ"، سەبارەت بەهونەری جەزائیری دەڵێت:

" هونەری جەزائیری لەزەلكاودایە" ئیدی لای ئێمەش زۆر كەسانی وریامان هەن، ئەو زەلكاوە دەبینن كە ئەدەب و هونەری كوردی تێدا دەگەوزێت. ئیدی هەش بەسەر نێوەندی رۆشنبیری ولاتێك كە پارەی خەیاڵی بۆ فێستڤاڵی بێمانا و یادكردنەوەی نووسەر و هونەرمەندە مۆمیاكراوە عەنتیكەكانی ئەدەب و هونەر سەرف دەكات، لەكاتێكدا هەموو ئەوەی كەلەگەڵیان نییە بەئەدیب و هونەرمەندان و نووسەرانەوە بەر نەفرەتی فەراعینەی بەناو رۆشنبیری ئەوان كەوتوون و دەكەون.

-٤-

## پرسی گەنجان لەئاست دنیایەکی نابەرابەردا

دەبێت لەدەستپێکدا بانگهێشتێکی "فۆکۆ" وەبیر خۆمان بهێنینەوە کەداوا لەروناکبیرەکان دەکات دەستبەرداری بیرو بۆچوون و تەرحی گشتگیرو پێشبینیکارانە بن.. وەك دەڵێت:

( هێشتاکە ئەوانەی نووسین و ئاخافتن دەکەنە پیشە، یەهودییەکان و حەکیمی گریکییەکان و یاسادانەری رۆمانییەکان دەکەنە پێشەنگ و نمونەی خۆیان ).

بۆیە ناکرێت مامەڵەیەکی رەهاو تاك رەهەندانە لەگەڵ هیچ جۆرە پرسیارێکدا بکرێت، ئێمە لەبەردەم هاوکێشەیەکی کیمیایی دۆش دانەماوین، تا بەخوێندنەوەی زیاتر و هاریکاری پسپۆڕان و زانینی خودی یاسای هاوکێشەکە بتوانین، دەرئەنجامەکەی بدەین بەدەستەوە، بەڵکو لەڕووی ئەنتۆلۆژییەوە لەئاست ئاڵۆزترین بوونەوەردا راوەستاوین کەمرۆڤەو بەتایبەتیش قۆناغێکی دیاریکراوی ئەو بوونەوەرە کەگەنجییە؟!.

لەڕووی سایکۆلۆژیشەوە قۆناغی گەنجێتی وەك بۆدلێر دەڵێت:

( گەنجێتیم بێجگە لەگەردەلوولێك کەلێرەو لەوێ هەڵیدەکرد، هیچی دیکە نەبوو!؟).

گەرچی گەنجێتیش وەك سەرجەم قۆناغەکانی دیکەی مرۆڤ، قۆناغێکی جێگیر و زۆر خایەن نییە، بەڵکو راگوزەرەو هێندە نابات بۆ گەورەیی و دواتریش بەرەو مەرگ



هەڵدەکشێت. ئەم قۆناغە هەستیارە بورکان ئاسایە، بەدرێژایی بوونی سیستەم و دەسەڵات و شارستانییەتەکان رووبەڕووی گەورەترین دژایەتی بۆتەوە، رەنگە سازدانی جەنگە بەردەوامەکان بەشێکی ئەو گەمەیەی دەسەڵاتداران و سەرانی سیستەمەکان بووبێت بۆ رزگاربوون لەو هێزەی کەلەنێو گەنجاندا دەجمێت و باشترین رێگەچارە بۆ بەتاڵکردنەوەی گۆڕەپانی جەنگەکان بووە، کەهەر لەوێدا خودی گەنجێتی کۆتایی پێهاتووە، پێش ئەوەی قسە لەسەر گەنجانی ئەمڕۆ بکەین دەبێت ئاگاداری مێژووی گەنجانی چاخە جیاوازەکان بین، دیارە بەنێر و مێشەوە، بەڵام نابێت ئەو راستیەشمان لەیاد بچێت، هەرچۆن سەرجەم شتەکان لێوانلێون لەحیکایەتی نێرینەکان و مێ لەپەراوێزدایە، ئاواش مێژووی گەنجانی چاخە جیاجیاکان تا ئەم ساتەوەختە، بەشێوەیەکی گشتی مێژووی نێرە گەنجەکانە، قسەو باسێکی ئەوتۆ دەربارەی مێینە گەنجەکان نییە، بەدرێژایی مێژوو ئەوەی لەهەموو جەنگەکاندا لەنێر زیاتر رووبەڕووی ترسناکترین دەستدرێژی بوونەتەوە مێینەکان بوون، ئاخۆ هەر ئەوان نەبوون کراونەتە جاریەو کەنیزەك و لەبازاڕەکانی نەخاسەدا فرۆشراون. "ئیبن بەتووتە" ی گەڕیدە لەگەشتنامەکەیدا باس لەوە دەکات چۆن خۆی و برادەرەکانی لەسەر کیژێکی منداڵی تەمەن ٨-١٢ساڵ بەشەڕهاتوون و دواتریش "ئیبن بەتووتە" سەرکەوتوو دەبێت لەوەی ئەو کیژە بکاتە کەنیزەکەی خۆی و ئەمەش بەمانای سێکس دێت لەگەڵ منداڵانێکی کچ، کە تائەمڕۆ درێژەی هەیەو هەرئەوەندە نییە لەکۆمەڵە دواکەوتووەکاندا پیاوانێك دەستیان بەو منداڵە مێینانە بگات، بەڵکو خودی ئەو دنیایەی کەبەپێشکەوتوو تاریفی خۆی دەکات و باس لەمافەکانی مرۆڤ دەکات، باشترین تەرویج بۆ سێکس کردن لەگەڵ منداڵە مێیینەکاندا دەکات و بێشوومار سایتی پۆرنۆ و کەناڵی بۆ ئەو مەبەستە خستۆتە گەڕ، دیارە لەمەدا حاڵی نێرینەکانیش لەوان باشتر نییە.

هەر بۆیە قسەکردن لەگۆڕانی دنیا وەك خودی ناوەڕۆکی تێڕوانینی بۆ سەرجەم بەها مۆڕاڵییەکان، تووشی ئیشکالی ئەوەمان دەکات کەئەو گۆڕانەی دەبینیرێتەوە زیاتر فۆرم و مۆدێلە، ئەگینا هەر خودی ئەوەی کۆنترین سیستەمی مرۆڤایەتی پیادەی کردووە، هێشتاکە لەنێوەڕۆکدا وەك خۆی پیادەدەکرێت، گەرچی لەفۆرم و خۆ نمایشکردنیشدا

جیاواز بێت. دەبینین کەرستەو ئامرازەکانی جەنگ گۆڕاون، بەڵام ئامانج و مەبەست لەهەڵگیرسانی جەنگ، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ کۆنترین جەنگدا نییە، ئەمە بێجگە لەوەی جەنگی کۆن و نوێ تەنها لەڕێی زیانبەخشین و کوشت و کوشتارەوە دەتوانن بگەنە ئامانجی خۆیان. پێوەندییەکانی خێزان لەسەردەمە کۆنەکانەوە تائێستا هیچی ئەوتۆی تێدا نەگۆڕاوە، ئاخۆ هەر بچووکترین خانەی جەستەی سیستەمە گەورەکە نییەو ئامانج لەبوونی پاراستنی موڵکایەتی و تێکشکاندنی خودی تاکەکانی نییە، بەتایبەتیش منداڵان و گەنجان کەبەهێزترین گورزیان بەردەکەوێت، ئەویش سنووردارکردنی ئازادییەکان و تەئدیبکردن و هەڕەشەلێکردن و لێدان و ئەشکەنجەدان و...تاد. باشە هەر ئەمەش نییە وەك "فۆکۆ" ئاماژەی پێدەدات لەزیندانەکاندا بەرانبەر بەسەرپێچی کاران پەیڕەو دەکرێت. زیندان و قوتابخانەو هەموو شتەکانی دیکەش کۆڵەکەی سەرەکی باڵادەستبوونی سیستەم و دەوڵەتن، ئەشکەنجەدان و هەڕەشەو گوڕەشەو ترساندنیش بەمەبەستی ڕەتدانەوەو تەئدیبکردن کارێکی سەرەکی هەموو دەزگاکانن، بەخێزانیشەوە، ئیدی دواجار هەموو ئەوەی کەهەیە بۆ پاراستنی سیستەمە، جا ئەو سیستەمە هەر چییەك بێت، زۆر سەرەتایی بێت یان زۆر پێشکەوتوو، باشترین شێوازی هەندێك لەخێڵە سەرەتاییەکان بۆ ڕاگەیاندنی ئەوەی کە مێرد منداڵانێك بوونەتە گەنج و دواجاریش بوونەتە پیاو، ئەشکەنجەدانیانە، دیارە لەهەمووشی سەیرتر دەبێت ئەوانەی کەبەشێوەیەکی زۆر دڕندانە ئەشکەنجە دەدرێن خەندەو خەنینەوە سەر لێویان جێ نەهێڵێت، ئەگینا دەبنە گاڵتەجاڕی کۆمەڵەکەیان و لەنێویدا جێیان نابێتەوە، ئائەمەیە سادەترین مامەڵە لەگەڵ گەنجان، هەر ئەمەشە وامان لێدەکات بیر لەوە بکەینەوە کەبەدرێژایی مێژوو گەنج وەك تاکێکی جودا سەیر نەکراوە، بەڵکو وەك قۆناغێکی پەڕینەوە، کەپێویستە لەپێناو بەرهەمهێنان و وەچە خستنەوەو پاراستنی کۆمەڵەکەی و زۆر شتی تر، بەزووترین کات گەورە بێت، بۆیە سەیرکردنی گەنج لەو ڕوانگەیەوە بووە کەئاخۆ کەی گەورە دەبێت، نەك لەو تەمەنەدا پێویستی بەچییە، حەز و ویستەکانی کامانەن و زۆر شتی تریش؟!.



دەبێت جارێکی دیکەش ئەوە وەبیر خۆمان بهێنینەوە، کەهەوڵدانمان بۆ ڕاڤەکردن ڕێژەییە، ئەگینا وەڵام و تەرحی حازر بەدەست و سەپاندنی ئەم تیۆریی و ئەو تیۆریی و شتەکانی دیکە بێمانان.. "لویس فیناس" دەڵێت:

( هیچ کاتێك بێجگە لەوەهمەکان شتێکی دیکەم نەنووسیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نامەوێت بڵێم کەئەم وەهمانە دوورن لەحەقیقەتەوە، باوەڕم وایە دەکارێت وەهم لەنێو حەقیقەتدا بخرێتە کار و دەرئەنجام حەقیقەتەکانیش بخرێنە نێو گوتارە وەهمییەکانەوە، بەم شێوەیەش دەگەینە گوتارێك کەشتێکی نامەوجود دروست دەکات، شتێك کەتەوەهومی دەکەین، ئێمە لەواقیعێکی سیاسییەوە تەوەهومی مێژوو دەکەین، کەزیاتر دەیکاتە شتێکی حەقیقی، تەوەهومی سیاسەتیش دەکەین کەبوونی نییە لەگۆشە نیگای حەقیقەتێکی مێژووییەوە ).

"کیرکیگارد" پێی وایە ئەو کەسانە خاوەنی ئومێدن و بەختەوەرن کەتەنها بیر لەساتەوەختێکی هەنووکەیی دەکەنەوە، ئەگینا ئەوانەی بیر لەڕابردوو یان لەداهاتوو دەکەنەوە ناکرێت بەختەوەر بن.

ئەقڵیەتێکی تەقلیدی قایل بەهەموو ئەوەی کەهەیە، لەهیچ ئان و زەمانێکدا پرسیارێکی کەینونەیی، مەعریفی، فەرهەنگی، کولتووری، لادروست نابێت و دەستەو سانە لەئاست زانراوە دووبارەکراوە کرچ و کاڵەکاندا. ئەو ئەقڵیەتەی کەباڵادەستە لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا هەروەك زۆر کۆمەڵگەی دیکە، ئەقڵیەتییەکی کەڕو لاڵە، مەگەر تەنها بتوانێت سەیری ئەوە بکات کەلەدەورو بەری دەگوزەرێت، ڕاستیەکەی بۆ خۆی ڕاهاتووی تەنها سەیرکردنەو بەس. ئیدی لەنێو ئەو سیستەمە خێڵەکییە کوردییەی کەتا ئەم ساتەوەختە کورد نەیتوانیوە دەستبەرداری بێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە خێڵ تێکەڵ بەهەموو دام و دەزگاو پرۆسەکانی کۆمەڵگە بووەو یەکانگیرە لەگەڵ تێڕوانین و فیکری باڵادەست و لەمێژینەی کوردو بەبێ مل کەچکردنی تاکەکانیش بۆ ئەم سیستەمە فیودالییە خێڵەکییە، چانسی مانەوەو گوزەرانیان ئاستەمە. هەر لەنێو خێزانی کوردییەوە ئەم ئینتیمایە بۆ خێڵ و پێکهاتەکانی دیکە دەست پێدەکات و بەم چەشنە بەردەوام دەبێت. ڕەنگە بەشێکی کەمی گەنجە هۆشمەندەکان دژ بەم سیستەمە بن و

پێکدادانیان لەگەڵیدا هێندەی تر بیّ هیوایان بکات، هەرچەند زۆرێك لەو گەنجانەی کەسەرباری هۆشمەندیشیان بەو واقیعەی کەهەیە، بەڵام پاش دەرچوونیان لەوڵات، دەبینین نەك هەر پرۆژەکەیان سەبارەت بەگۆڕینی ئەوەی کەهەیە لاگەلاڵە نەبووە، بەڵکو لەنزیکترین فرسەتیشدا ئامادەی گەڕانەوەن بۆ نێو باوەشی ئەو سیستەمەو بگرە زۆریشیان پەشیمان دەبنەوە لەوەی کەرۆژێك لەڕۆژان دژایەتیشیان کردووە، ئیدی گەنجێکی هەڵهاتوو نێر بێت یان مێ پاش ماوەیەك دەگەڕێتەوەو بەهەمان پێودانگەکانی جاران کچ دەخوازێت، یان شوو دەکات و بەهەمان رێچکەی جارانی باو و باپیرانی خۆیدا رێدەکات، ئەمانەو چەندین راستی تر هەن. ئەو گەنجانەی لەسەردەمێکی گەنجێتیدا بارت و رێکخراوێکیان دروستکردووە، تاپیریش بوون هیچ کاتێك ئامادەنەبوون رێ بەگەنجانی دیکە بدەن تا بێنە پێشەوەو شوێنەکانی ئەوان بگرنەوە، مەگەر مردن ئەو شوێنانەیانی پێ چۆڵ کردبێتن. کاتێك سەیری لێدوان و قسەکانی ئەو گەنجانە دەکەیت لەسەردەمی گەنجێتیاندا، دەبینیت تا ئەو پەڕی باس لەدژایەتی کۆنەخوازی و دەسەڵاتی فیودالیانەی باوانی کورد و ناشیرینیەکانی عەشرەت و خێڵ و میراتە ناشیرینەکانی کورد دەکەن، بەڵام دواتر هەر خۆیان بوونەتە ناشیرینترین دەسەڵات، ئەم جۆرە نمونانە بەبێ جیاوازی لەڕاستەوە بۆ چەپ بەدیدەکرێن.. تەنانەت نێوەندی ئەدەبی و رووناکبیری کوردیش لەدژایەتی گەنجەکاندا درێغی نەکردووە، بەتایبەت سەردەمانێك کەئەم هەموو کەناڵی بڵاوکردنەوەو سایتانە نەبوو، ئاستەم بوو گەنجێك بابەتێکی بڵاوبکرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەلەمڕۆدا هەرچۆنێك بێت دەکارێت لەڕێی هەندێك کەناڵەوە بیر و بۆچوون و تەرحەکانی خۆی بگەیەنێت، دەبێت بڵێین چیکردووە، یان چ پرسیارێکی خستۆتە روو؟!.

هەروەك چۆن قسەکردنی منداڵان لەبارەی گەنجانەوە شتێکی سەیرە، ئاواش قسەکردنی بەتەمەنەکان دەربارەی گەنجان سەیرو سەمەرەیە، ئەو بوونەوەرەی پێی دەگوترێت گەنج خۆی دەیەوێت بڵێت چی؟!.. پرۆژەی چییە؟!.. چۆن بیر دەکاتەوە؟!.. ئەگەر بێدەنگە بۆ بێدەنگە؟!.. ئەگەر داواکارییەکی هەیەو وەڵامی پێنادرێتەوە بۆ قبووڵی دەکات؟!.. لەکاتێکدا گەنجێتی تەمەنێکەو بەسەر دەچێت؟!..



راستە هەموو ئەمانە سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی لێی بەرپرسیارە؟!.. بەڵام ئاخۆ ئەم سیستەمە هەر وا بەخۆشیی و بەئاسانی دەگۆڕێت؟!.. ئەی ئەگەر گۆڕرا چی جێی دەگرێتەوە؟!.. راستییەکی من وەك خۆم دژ بەهەموو ئەوانەم کەگەنجان لەدەوری دروشمە رەنگاو رەنگەکانی خۆیان کۆدەکەنەوەو دواتریش لەپێناو مەرامەکانیاندا ئامادەن زۆرترین ژمارەیان تووشی گێچەڵ بکەن، بگرە بەکوشتیشیان بدەن؟!.. هەروەك چۆن رۆژگارێك لەپێناو بەدەستهێنانی ئەمڕۆیەکدا هەزاران گەنج بەکوشتدران، بەڵام ئاخۆ ئەگەر لەمڕۆدا وەك گریمانێك هێزێکی غەیبی زیندوویان بکاتەوەو بڵێت: سەیر بکەن ئەمە ئەو رۆژە بوو ئێوە لەپێناویدا گیانی خۆتان بەختکرد، ئاخۆ کامیان پەشیمان نابێتەوە، کامیان نەفرەت لەخۆیان ناکەن. بەکارهێنانی گەنجان فێڵێکی زۆر کۆنی دەسەڵاتداران و دواتر لایەن سیاسییەکان بووە بۆ گەیشتنە مەرامیان، هەموو ئەوەی "ناپۆلیۆن" بەگەنجانی فەرەنسای کرد، ئەگەر لەرۆژگارێکیشدا مانادار و پڕ مەغزا بووبێت، ئەوە لەمڕۆدا جێگەی نەفرەتە. هەڵخڕاندنی گەنجان لەدەوری ئایدیۆلۆژیا جیاجیاکان شتێکی ترسناك و بێمانایە.. زۆر لایەن هەن بەناوی بەرگری لەگەنجان، بەکاریان دەهێنن بۆ مەرامی دیکە، زۆر نووسەر و کەناڵیش هەیە بەناوی داکۆکی لەمافی گەنجان، گەنجان لەدەوری خۆیان کۆدەکەنەوەو ئەمانەو زۆر نمونەی تر. هەروەك چۆن بوون بەمۆدێلی بەرگری لەمێینە بۆتە قسەو باس و دەقی نووسینی زۆرێك لەوانەی لەڕاستیدا تا سەر ئێسك دژ بەمافەکان و داواکارییەکانی مێینەن.. بوونی هەموو ئەمانەو نەبوونی وەك یەکە، گرنگ ئەوەیە ئەوان بۆخۆیان چیان دەوێت داواکارییەکانیان کامەیە، چییان دەوێت و تەرحەکانیان کامەیە، سەیرە کەسانی تر لەجێی ئەوان قسەبکات، ئەمە جگە لەوەی کێن ئەوانەی لەبری ئەوان قسەدەکەن و خۆیان کردۆتە دەمڕاستی ئەوان. ئیدی ئێمە لەڕۆژگارێکدا دەژین ئەوانەی سەدان جار دەستدرێژی سێکسیان کردۆتە سەر ئاژەڵان ئەمڕۆ باس لەمافەکانی ئاژەڵان دەکەن، ئەوانەی مێینەکانی نێو خێزانەکانی خۆیان بەدەستیانەوە زەلالەتیانە پێشەنگن لەبەرگری لەمافەکانی مێینەو...تاد.

ئەگەر بڕوانینە بەشێکی بەرفراوانی دنیای میدیاتیکی ئەمڕۆ بەهەموو کایەو بوارەکانییەوە، دەبینین تا چەند کار بۆ شێواندنی لایەنی مۆڕاڵی گەنجان دەکرێت. هەر زۆر دەمێکە بەشێکی هەر زۆری ئەو فیلمانەی تەرویجی بۆ دەکرێت تایبەتن بەتەشویقکردنی کوشتن و دزی و...تاد.

بێشوومار سایت هەن کەتایبەتن بەپۆرنۆ، یان چۆنیەتی ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی و دروستکردنی بۆمب و شتی لەو بابەتانە. ئیدی بەبەرنامە کار بۆ دروستکردنی دڕندەیەك دەکرێت، لەو بوونەوەرەی کەپێی دەگوترێت گەنج! ؟.. ئەو هێزانەی کەکۆنترۆڵی دنیایان کردووە، کاریان بەبوونی هێمنی و ئاشتی و دنیایەکی ئارام مەیسەر نابێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئیشیان بەنانەوەی پشێوی و نا ئارامی و کێشەو گرفت و پانیکە، کەهەر هەموو ئەمانە لەسیناریۆ فۆبیا ئامێزەکانیاندا جێدەکەنەوە، لەگەڵ کاڵبوونەوەی کاریگەری سیناریۆیەك و پەکەوتنی لەڕووی کاریگەرییەوە، سیناریۆیەکی دیکە دێنە پێش، تا کار گەیشتە سەر قڕکردن و کوشتن و سووتاندنی باڵندەکان بەناوی ئەنفلۆنزای باڵندەوە، زۆر سانا خەڵکێکی زۆری دنیایان هەڵخەڵەتاند و تووشی پانیکیان کردن لەو بوونەوەرە بەستەزمانانەی کەبەبێ بوونی ئەوان دنیا زۆر بێماناتر و ناشیرینتر دەبێت، نامەوێت لەبابەتەکە لابدەم و بچمە سەر باس و خواسی ئەو سیناریۆیەی بەناوی ئەنفلۆزای باڵندەوە لەدنیادا تەرویجی بۆ کرا، بەڵام هەر بۆ نوکتە پێم خۆشە باسی ئەوە بکەم هەموو ئەو گۆشتە زۆرەی پەلەوەرەکان کەلەزۆرێك مارکێتەکانی دنیادا لەکاتی گەرمەی بڵاوبوونەوەی هەواڵەکەدا نەفرۆشران و کەڵەکە بوون و دواتر گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنانەی کەلێوەی هاتبوون، جارێکی تر و پاش ماوەیەك بەناوی مارکەیەکی نوێی باوەڕپێکراوەوە، کەدەسەڵاتی ئەم شوێن و ئەو شوێن بەدانانی ئەو مارکە باوەڕ پێکراوانە پارەیەکی خەیاڵیان چنگ کەوت، هەمان گۆشتی پەلەوەرەکانی پێشوو هاتنەوە بازاڕ و خەڵکی بەو پەڕی قەناعەتەوە گرانتر لەجاران دەستیان دایە کڕینی. ئەمە بەشێکە لەتەکنیکی ئەو پڕوپاگەندانەی کەدەسەڵاتداران بەپشتگیری کەناڵەکانی میدیا، دەتوانن کۆنترۆڵی خەڵکیی پێ بکەن، ئیدی ئەمە وەك نمونەیەك و دەکرێت لەمەشەوە بڕوانینە هەموو نمونەکانی دیکە، تا دەگاتە سیناریۆی ئێیدز کاتێك پێویست



بێت بەکار بهێنرێت، ئەگینا لەم ساڵدا سەرباری کۆبوونەوەی نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بەترسناکی ئێیدز لەمڕۆداو نەبوونی بودجەی پێویست بۆ فریاکەوتنی چوار یەکی تووشبووانی ئەو دەردە کوشندەیە، کەچی لەمیدیاکاندا کرا بەژێر لێوەوەو هەر باسیش نەکرا، چونکە لەمڕۆدا کار بۆ تەرویج بۆ چەشنە سێکسێك دەکرێت کەسروشتی سێکس وەك پێداویستییەکی مرۆیی تێپەڕدەکات و دەبێتە کاڵا و لەبازاڕی گەرمی کاپیتالیزمدا باشترین هۆکارێکە بۆ راکێشانی زۆرترین توریست بۆ ئەم شوێن و ئەو شوێنی دنیا.

کەواتە ئێیدز وەك خۆی چەند هەبێت و چەند ترسناك بێت، ئەوە نییە کەلەمیدیاکاندا باس دەکرێت، نەئەو کاتەی کەگەورە دەکرێت، یان ئەو کاتەی کەبچووك دەکرێتەوەو دەخرێتە پەراوێزەوە.

ترسناکی میدیاش و کاریگەریشی لەو گەمە ترسناکەیدایە کەدەتوانێت هەموو کاتێك کۆنترۆڵی زۆرترین ژمارەی خەڵکی پێبکات. بەلەبەر چاوگرتنی ئەوەی کەلەدنیادا دەگوزەرێ و وەك هەواڵ بەخێراترین شێوە پاش سازاندن و گونجاندنی لەگەڵ مەرامەکانی کۆنترۆڵکارانی دنیا دەخرێتە روو، ئەوە دەگەینە ئەو راستیەی کەناکرێت بەشێوەیەکی تەقلیدی و وەك جاری جاران لەشتەکان بڕوانین.

پێوەندییەکانی تاك و ئەوانی تر، لەڕوانگەی هایدگەر– ەوە، هەرچەندە تاك هەوڵی خۆ رزگارکردن بدات و مەبەستی بێت سەربەخۆ و ئازاد بێت، بەڵام دواجار دەربازبوونی لەپێودانگەکان دەبێتە ئاستەم و کاتێك دەزانێت کەوتۆتە ژێر کاریگەری دیکاتۆرێکەوە، دیکاتۆرێکی بێناو، هەر ئەمەشە هایدگەر ناوی دەنێت" ئەوان" یان ئەوانی تر. بەڕادەیەك کەتاك بۆ خۆی نابێتە بابەتی بوون، بەڵکو "ئەوان"ن بابەتی بوون، ئیدی "من" ونبووە لەگێرمەو کێشەی ژیانێکدا کەهیچ ئیختیارێکی نییە لەهەڵبژاردنیدا. "ئەوان" دیزاینێکی بەرفراوان و باڵادەستی دەرەوەی ئێمەن، کەدەتوانن ئیگۆ، تاك بەرنە دەرەوەی خۆی و بیکەنە یەکێك لە"ئەوان"، بۆیە بوونی هەر یەکێکمان بەشێوەیەك لەشێوەکان بوونێکی وابەستەو تێکشکاوە لەڕووی ملکەچبوونی بۆ "ئەوان".

هەن دەڵێن :

( گەنج تاكە ئۆپۆزسیۆنی راستەقینەی پەرتەوازەیە)، ئەم گوتە راگوزەرە پێویستە هەڵوێستەی لەئاستدا بكەین!؟.." هێربێرت دەبن" لەوتارێكیدا بەناوی" هەندێك بیرۆكە سەبارەت بەڕادیكالیزمی خوێندكاران"، باس لەخۆپیشاندان و پرۆتێستۆكانی مانگی نیسان و مایسی ساڵی ١٩٩٨- ی خوێندكارانی زانكۆی"كۆلۆمبیا" دەكات، هەر لەهێرشكردنیان بۆ سەربینای زانكۆ و كۆلێژەكان و تا سوتاندنی فایل و دۆسێ و شتەكانی تر و بەبارمتەگرتنی كارمەندانی زانكۆ و زۆر شتی دیكەی لەو جۆرە دەكات. لەمیانی وتارەكەیدا ئاماژە بەوە دەكات ئەو چەشنە بزووتنەوانە تا كوێ بڕدەكات، كەدیارە رێگە پێدانی سنووردارەو لەئاستێكدا دەسەڵات بەتوندی وەڵامیان دەداتەوە. بەڵام بەدەر لەمانە راستییەك هەیە، ئەویش پاش روودانی چەندین جۆر و چەشنی ئەو شێوە پرۆتێستۆ و رووبەڕووبوونەوانەی خوێندكاران یان گەنجان لەگەڵ دەسەڵات، چیان بەدەست هێنا، ئاخۆ دەكرێت یاخی بوونێكی نێگەتیفمان پێ باش بێت، كەهیچ ستراتیژێكی نەبێت و مەبەست تەنها پشێوی بێت؟!.. ئەمانەو زۆر پرسیاری تر هەن كەئێخەمان پێدەگرێت و راڤەكردنی كارێكی سەرپێی و ئاسان نییەو لەم دەرفەتەشدا ناكرێت یەكلای بكەینەوە!؟.

كاتێك گەنجان وەك ئۆپۆزسیۆن تاریف بكەین، ئەوە بێگومان دەیانكەینە ئەڵتەرناتیڤێكی سیاسی بۆ دەسەڵات، واتە باڵادەستبوونی دەسەڵاتێكی تر، هەرچەندە تائێستا دەسەڵاتێكی وا لەدنیادا باڵادەست نەبووە، بەڵام لەگریمانێكدا ئەگەر توانی خۆی ببێتە دەسەڵات، چی روودەدات؟! چۆن ئیدامە بەخۆی دەدات؟! تاكەی دەسەڵات دەبێت و لەچ ئان وساتێكدا شوێن بۆ گەنجانی دیكە چۆڵ دەكات، كێن كارێزماو ئۆتۆریتەی ئەو ئۆپۆزسیۆنە گەنجانەیە، ئاخۆ هەر بوونی ئەوان وەك كارێزماو ئۆتۆریتە، تێكشكاندنێكی دیكەی خودی ئیگۆی فەردانیەتی گەنجان نییە؟! تاچەند ئەمانە بەڕاستگۆیی دەمێننەوە؟! یان چی وایان لێدەكات بەڕاستگۆیی بمێننەوە، ئەگەر وەك گریمانێك شتێك هەبێت ناوی راستگۆیی بێت!؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری تر دەكرێت بخرێنەڕوو.. یان وەك هەموو جارێك مەبەست لەفریودانی گەنجان و هەڵخراندنیانە بۆ



هاتنە سەركاری لەوەو دوای لایەن و كەسانێكی پشت كەوالیس، ئایا تائێستا هەموو سیناریۆكانی بەكارهێنانی گەنجان هەر وا نەبوون!؟

دەكرێت لەتێڕوانینمان بۆ ئەمڕۆی دنیا، راڤەی شتەكان بكەین ئەوەندەی مەزەندەی دەكەین و وەك بۆچوونێك بیخەینەڕوو، ئەگینا پێداگرتن لەسەر بیرۆكەیەك و خستنەڕووی وەك شتێكی رەها دۆگماتیكەو هیچ سوودێكی نییە. هەن پێیان وایە كۆمەڵگەی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی لەرۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا، لەباكورەوە بۆ باشوور، كەوتۆتە ژێر كاریگەری ئیرۆس و بەكاربردنەوە(استهلاك)، هەموو ئەو كۆمپانیاو شەریكە گەورانەی بوونەتە دەسەڵات و ئەوەی دەیانەوێت لەرێی تەحەكوم كردن بەبازاڕەوە دەیسەپێنن. بۆیە لەدنیای زلهێزەكان و كاپیتالیزمە گەورەكاندا باسێك نییە تایبەت بەمرۆڤ و مافەكانی بێت، قسەیەك لەبارەی جوانی و ناشیرینی دنیاوە ناكرێت، سوود و قازانج و سەیركردنی مرۆڤ وەك بەكابەرێك بابەتی ئەمڕۆی ئەوانە. كوشتنی سەربازە ئەمریكییەكان و پێویستیان بەتابووتێكی یەخچاڵئاسا بۆ گوێزانەوەیان بۆ ئەمریكا، بەشێوەیەك كەبۆگەن نەكەن، بووە مایەی كردنەوەی كارگەیەكی تایبەت بەدروستكردنی ئەو جۆرە تابووتانە لە شارێكی سنووری توركیا، كەلەچاوپێكەوتنێك لەگەڵ بەڕێوەبەر و كارمەندانی ئەو كارگەیەدا، لەجێی دەربڕینی نیگەرانیان سەبارەت بەوەی هەر دروستكردنێكی تابووتێكی زیاد بەواتای كوژرانی مرۆڤێك دێت، جا ئەو مرۆڤە هەركێیەك بێت و بەچ مەبەستێك كوژرابێت، بەڵام خاوەنە كارگەو كارمەندانی شوكری خوایان دەكرد كەئاوا ئیش زۆر بووەو بازاڕیان كەوتۆتە گەڕ و داواكاربوون لەخوا كەڕزقیان نەبڕێت، چونكە بژێوی خۆیان و منداڵیانی لەسەرە.. ئەمەیە گاڵتەجاڕی ئەو بوونەوەرە خۆویستەی كەپێی دەڵێن مرۆڤ؟!

لەمڕۆدا دەسەڵات هەر ئەو دەسەڵاتە لۆكاڵییە نییە كەدەبینرێت، بەڵكو دەسەڵاتێكی میدیاتیكی بەرفراوان و باڵادەستە، بەبێ تێكشكاندنی ئەو دەسەڵاتە خودی هیچ دەسەڵاتێك كەهێزەكانی دنیا هەوڵ بۆ مانەوەی دەدەن تێك ناشكێت. ئەگەر بڕوانیتە ئەوەی ئەمڕۆ لەدنیای سیستەمەكاندا هەیە دەبینیت خوازراوەو هەمووی لاسایكردنەوەی

یەکێکی ترەو مەبەستیش لەبوونیان ڕێ خۆشکردنە بۆ زیاتر هەڵسوڕانی سەرمایەو قازانجی زیاتر.

"هۆبز" پێی وایە دەسەڵات دڕندەیەکە بۆ خۆی و تەنها یاسایەکی هەوڵدانیەتی بۆ ترساندن و تۆقاندنی بەرانبەرەکەی، ئەمە بێجگە لەوەی بەڕای ئەو مرۆڤ دڕندەو گورگێکە دژ بە مرۆڤەکانی تر و هەموو کارێکی بەکۆمەڵ و خۆیەکخستنی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کەلە شتێك دەترسێت و لەگەڵ نەمانی ئەو ترسەشی دەبێتەوە بەگورگەکەی جاران و لای "هۆبز" دەسەڵات درێژکراوەی دەسەڵاتی باوك و خێزان و ئەوانی ترە. ئیدی دەبێت ئەوە لەبیری خۆمان بسڕینەوە کەلەم دنیایەدا دەسەڵاتێك هەبێت بگۆڕێت بەمانای گۆڕان؟!.. ئەمانە هەمووی تەوەهومە ئەگینا حەقیقەتی ئەو پرۆسێسەی دەسەڵات خۆی تێدا بەرهەمدێنێتەوە زۆر جیاوازەو بەدەرە لەخەون و خەیاڵە تۆباوییەکانی ئێمە. دەسەڵات کاژ دادەماڵێت، وەك فۆرم خۆی نوێ دەکاتەوە، بانگەشەی گۆڕان دەکات، بەڵام لەڕاستیدا ناگۆڕێت، دەسەڵات هەر دەسەڵاتەو نابێتە شتێکی تر، دەسەڵات لەناو دەبرێت ئەگینا گۆڕانی لەسەر داوای ئەم و ئەو مەحاڵە.

بەردەوام لێرەو لەوێ باس لەکۆمەڵگەی داخراو و کۆمەڵگەی کراوە دەکرێت، بەڵام ئەمانە بۆ خۆیان شتگەلێکی تیۆرین؟!.. کام کۆمەڵگەی کراوەی ئەوروپاو ئەمریکایە ئەو گەنجانە دەکاتە سەرباز و دواتر دەیاننێرێتە ئەم شوێن و ئەو شوێنی دنیا تاوەکو بکوژرێن، یان سەقەت و نووقسان بن.. تۆ بڵێی ئەوانە لەنیعمەتەکانی کۆمەڵگەی کراوە هەڵهاتبێتن؟! یان ئەو گەنجانەی ئەوروپاو وڵاتانی پێشکەوتووی دیکە، بەقەولی کەسانێك سەر بەکۆمەڵگەی کراوە، چی ناچاریان دەکات تلیاك و بەن و حەشیش بەکاربهێنن؟! چی وایان لێدەکات پەنا بۆ سەیرترین کردەی سێکسی بەرن، چی وا لەنێرەکان دەکات ببنە "گەی" و نێر سواری خۆیان بکەن؟!

من پێم وایە دابەشکردن و جیاکردنەوەی ئەم دنیا ناشیرینەی ئەمڕۆ هێندە کارێکی ئاسان نییە.

"تۆرین" باس لەشکستی ڕاپەڕینی ١٩٦٨دەکات و پێی وایە کەخوێندکاران نەیانتوانیوە سوود لەو هەل و مەرجە وەربگرن کەبۆیان هاتۆتە پێش، تا بتوانن



سیستەمی ئەو دەم بگۆڕن. "تۆرین" پێی وایە مادەم تەکنۆلۆژیا لەدەست کۆمەڵێك کەسی تەکنۆکرات و زاناو موکتەشیفەکاندایە، کەواتە سروشتییە ئەوانە ببنە چینی دەسەڵاتدار و کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگە هەبێت، بەم پێیەش پێناسە کۆنەکانی پۆلێنکردنی چینایەتی تەنها لەمابەینی کرێکار و سەرمایەداردا نامێنێتەوە.. ئەگەر سەران و باڵادەستانی بەڕێوەبردنی تەکنۆلۆژیا بەو شێوەیە هەموو شتێکیان کۆنترۆڵکردبێت، کەواتە توانای بڕیاردانیشیان لەهەموو بڕیاردەرەکانی دیکەش کاریگەرترە.

کاتێکیش قسە دێتە سەر ڕۆڵی ڕۆشنبیران سەبارەت بەگەنجان، دەبێت ئەوە بزانین قسەکردن لەسەر کایەی ڕۆشنبیری قسەکردن نییە لەسەر پێکهاتەیەکی لێکچوو و هاوشێوە. "گرامشی" یەکێکە لەو ڕۆشنبیرانەی کەپێی وایە کتێبی "میر" ی "مەکیاڤیلی" پێش مانیفیستۆی "مارکس" کەوتووە، چونکە بەڕای ئەو کتێبی"میر" گوزارشت لێکەری خەڵکی ئیتاڵیایە بۆ دروستکردنی دەوڵەت.. بەڵام ئاخۆ ئەمە وایە؟!

یان کاتێك ڕۆشنبیر و نووسەرێکی وەك" ئیسماعیل بێشکچی" پێی وایە:

" دیکتاتۆریترین حکومەتی کوردی باشترە لەدیموکراسیترین حکومەتی ناکوردی".. ئاخۆ ئەگەر لەمڕۆدا پرس بەگەنجان و خەڵکانی کوردستان بکەین، ئاخۆ چەندیان ئەم گوتەیەیان پێ وایە؟!.

تێڕوانینی ڕۆشنفیکران و نووسەران تاك ڕەهەند و لێکچوو نین، تا بزانین ئەمانە چیان بۆ گەنجان پێیە؟!. فرە ڕەهەندی بیر و بۆچوونەکان و جودایی تەرحەکان و مەودای بەرفراوانی ڕاڤەکان زۆر لەوە گەورەترن سنووردایان بکەین و بزانین پەیامی ئەوان بۆ گەنجان چییە؟! گەنجان ئەگەر چاوەڕێی مانیفیستۆیەك بکەن تا لەوێوە دەست پێبکەن، ئەوە نابێت هیچیان لێ چاوەڕوان بکەین، بەدرێژایی مێژوو ئەوانەی پەیڕەویان لەمانیفیستۆکان کردووە نەگەیشتوونەتە هیچ؟!

بوون"کەینونە" هاوشێوەی بارستەیەکی ماتەریالی نییە تا بەردەوام بتوانین لەڕووی فیزیایی و کیمیاییەوە دۆخەکانی دەستنیشان بکەین، بەڵکو بوون بۆ خۆی جووڵەیە، ئەگەر لەخاڵێکدا بەجێگیرمان زانی هێندە نابات دەبێتە شتێکی تر و لەقاڵب نادرێت،

هەروەك چۆن بۆ راڤەكردن و شیكاركردنیشی پێودانگ و تەرح و بۆچوونە تەقلیدییەكان دادمان نادەن، چونكە ئێمە هەمیشە لەئاست نەزانراوێكدا راوەستاوین كەئەویش كەینونەیە ! ؟.

پێوەندی بوونی ئێمە بەدنیاوە، لەهەر كاتێكدا دنیا لامان بووە بابەتێكی دەرەكی، ئەوە هەستكردنمان بەدنیا لاواز دەبێت یان نامێنێت، چونكە ئەو دەم دنیا دەبێتە دنیای ئێمە ! ؟.

دنیا ئەو كۆمەڵە شت و دیاردانە نییە كەسەرپێی پەی پێدەبەین. بۆ تێگەیشتن لەو بوونەی كەدەكەوێتە دەرەوەی خۆمان، دەبێت راڤەی بوونی خۆمان كردبێت و لێی حاڵی بووبێتین، ئیشكالی زۆرێك لەتەرحە فەلسەفییەكان لەوەدایە بوون وەك خۆی و مەعریفەی ئێمە سەبارەت بەبوون تێكەڵ دەكەن، بەم شێوەیەش بوون دەبێتە چەمكێكی ئەقڵی ئەبستراكت. زانست یەكێكە لەو بوارانەی لەگەڵ بوونی مرۆڤدا هاتۆتە كایەوەو هەیە، لەگەڵ نەمانی بوونی مرۆڤیش وەك گریمانێك لەرۆژگارێكدا نامێنێت ! ؟

پرسیاركردنێك كەتەجاوزی شتە سەرزارەكی و پێویستییە ئانییەكان نەكات، پرسیارێكی نەزۆكە.. لەكاتێكدا بوونی پرسیارە گرنگ و گەورەكان لەناخەوەرا خۆی لەقەرەی بوون و دنیا دەدات و رێنیسانسی ئەوروپاش چەشنێك بوو لەو تەوژمە گەورانەی كەپرسیارەكان دروستیان كردو دواتریش بۆخۆی بووە دەیان پرسیار. پرسیاركردنی گەنجان ئەگەر هەبێت، دەبێت بڕوانرێتە ئەو دنیابینییەی لەپشت ئەو پرسیارانەوە هەیە، دەبێت سەیری ئەودیوی پرسیارەكانیان بكەین، ئەگینا پرسیارە سەتحی و سەرزارەكییەكان بوون و نەبوونیان وەك یەكە ؟ ! .

هەن زۆر بەقووڵی و بەخەستی باس لەململانێی نەوەكان لەكوردستاندا دەكەن ، دیارە ئێمە ناڵێین ململانێیەكی لەو چەشنە نییە بەڵام ئەگەر هەشبێت ململانێیەكی سەتحییە و ئەقڵیەتی كوردی بەنەوەی نوێ و كۆنییەوە، بەشێوەیەكی گشتی خاڵی هاوبەشیان زیاترە وەك لەخاڵی جیاوازی، گەرچی لەڕوو و لێرەو لەوێ باس لەو ململانێیە دەكرێت، وەك ئەوەی تەوژمێكی نوێ بەڕێوە بێت و بۆ گۆڕینی ئەقڵییەتێكی لەوەوپێش ، بەڵام هێشتاكە كۆمەڵگەی كوردی و مرۆڤی كورد هەر ئەوەیە كەلە"ڕشتەی مرواری" دا



باسكراوە، كامە گۆڕانكاری و تەوژمی فیكری و مەعریفی پایەكانی پێشووی هەڵتەكاندووە، بەهەرحاڵ لەكۆتاییشدا هێندەی كەدەبێت بگوترێت ئەوەیە، ئەم باسە ئەگەر قەول بێت قسەی لەسەر بكرێت زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێت كەلەم دەرفەتەدا بەمەبەستی كردنەوەی دەرگەكانی پرسیاركردن خۆمان لێدا.

-٥-

## تارمابییەکانی خۆکوشتن

لەودیو مەرگی زانراوەوە، مەرگ بۆخۆی مێژوویەکی لەبیرکراو یان هەندێك جار نەزانراوی هەیە، سەرباری ئەوەی کەمەرگ بەپێی جیاوازی کۆمەڵەکان و جوگرافیا و زەمەنەکان تێڕوانین و خوێندنەوەی جودا لەخۆ دەگرێت.

"ئیڤان ئیلیچ" زۆر بەوردی توانیویەتی لەوتارێکیدا بەناوی ( مەرگ دژ بەمەرگ )، رۆبچێتە نێو نەزانراوەکانی مەرگەوەو بەتایبەتیش کەئاماژە بەچاخەکانی نێوەڕاستی ئۆروپا دەدات، هەر بۆنمونە باس لەنەخشی سەر گۆڕێکی پاریس دەکات لەساڵی"١٤٢٤"دا کەوێنەی کۆمەڵێك کەسی مردووی تێدایە لەکاتی سەماکردنداو هەر لەقەشەوە بۆ کەسە ئاساییەکان و ئەمەش لەو سەردەمەدا بە"سەمای مەرگ" ناسراو بووە، ئەوەشی سەیرە گاڵتەجاڕیی ئەو وێنەو نەخش و نیگارانەیە بەخودی مەرگ و هەوڵدانێتی بۆ دەرهێنانی لەو تەقدیسکردنەی کە مەرگ بەدرێژایی سەردەمانێك هەیبووە.

گرنگیدان بەمەرگ لەو سەردەمانەداو هەوڵدان بۆ تێکشکاندنی قودسیەتی بوونی، وا لە"هانس هۆلبین"دەکات لەساڵی"١٥٣٨"دا بۆ یەکەمینجار کتێبێك بەوێنەوە دەربارەی مەرگ بڵاوبکاتەوە، ئەمە لەو سەردەمەدا رێنیسانسێك بووە، گۆڕانکارییەکی زۆر قووڵ بووە دەرحەق بەچەمکی مەرگ. خۆکوشتنیش شانبەشانی مەرگی سروشتی، لەدێر زەمانەوە هەبووەو هەیە، رەنگە گەڕان بەشوێن مێژووی نەزانراو و نەنووسراوی خۆکوشتندا یەکێك بێت لەکارە سەختەکان و بەڵکو زۆرجار ئاستەمەکانیش.



ئەوەی کەتایبەتیشە بەخۆکوشتنی دانەران، ئەوەندەی لێرەدا دەرفەت هەبێت هەوڵی وروژاندنی هەندێك پرسیار دەدەین.

"فۆکنەر" دەڵێت:

( هەموومان سەبارەت بەرێکردنمان لەگەڵ خەونەکانمان بەرەو کامڵ بوون شکستمان هێنا، بۆیە من سەرکۆنەی خۆمان دەکەم دەرحەق بەو شکستە گەورەیەمان بۆ بەدیهێنانی ئاستەم... هەر ئەمەشە هۆکاری بەردەوامبوونی دانەر و هەوڵدانی چەند جارەی، چونکە هەر جارەی وا هەست دەکات، کەلەهەوڵدانەکەیدا سەرکەوتوو دەبێت، دیارە بێگومانیش نایگاتێ و سەرکەوتوو نابێت.. ئەگەر توانیشی کارەکەی لەگەڵ وێنە و خەون بگونجێنێت و ئەو کارە بەئەنجام بگەیەنێت، ئەوە هیچ شتێکی بۆ نامێنێتەوە بێجگە لەبڕینی قورقوڕاگەی و بازدان لەترۆپکی کامڵ بوونەوە، واتە بەرەو هەڵدێری خۆکوشتن ).

کەواتە لەڕوانگەی "فۆکنەر" ەوە، دانەر کاتێك ناچارە خۆی بکوژێت گەر بەشێوەیەکی مەجازییش بێت، ئەو دەمەی دەتوانێت تێکستێکی کامڵ بنووسێت، کەواتە بەڕای ئەو ئەوەی کەخۆکوشتنی دانەر دوور دەخاتەوە، هەوڵدانیەتی بۆ نووسینی ئاستەم یان گەیشتنە ئاستەم.

دیارە ئەمەش پێچەوانەی ئەو راوبۆچوونەیە کەپێی وایە زۆرێك لەو نووسەرانەی کەخۆیان کوشتووە، هۆکارەکەی نەتوانینی نووسینی تێکستێکی جوداو جیاواز بووە، کەواتە خۆکوشتنی دانەر پەیوەست دەکەن بەشکستەوە. زۆر میتۆدی دیکەو راو بۆچوونی دیکەش هەن، کەهەریەك لەڕوانگەی جیاجیاوە مامەڵە لەگەڵ پێوەندی دانەر و خۆکوشتن دەکەن، بەڵام وەك "مالارمێ" دەڵێت:

( هەموو میتۆدەکان وەهمن ).

نیگەرانی و دڵەڕاوکێمان بەرانبەر بەوەی لەمرۆدا کامەیە بەهاکانی مرۆڤبوون، بەتایبەت مرۆڤبوون بەهایەکی سەقامگیر و جێگری نییەو سایەو سێبەری ریالیتەیەکی دەرەوەی خۆشی نییە.

دنیای جەنجاڵی ئەمڕۆ تەراتێن لەمابەینی ئەڵتەرناتیڤەکاندا دەکات، ئەو ئەڵتەرناتیڤانەی بنەمای سەرەکی و سەرەتای دەرکەوتنیان نەزانراوە، ئەگەر یەکێك لەبنەماکانی زیندەبوون، بوونی ئیرادەی خولڤاندنی ژیان بێت، ئەوە مافی نەفیکردنەوەی زیندەبوون و نەمانیش بەشێکە لەسیماکانی زیندەبوون. کەواتە خۆکوشتن بەدەر لەماهییەت و تەفسیرەکانی ، ئیختیارێکی نێگەتیڤانەی مرۆڤەو لەمێژەوە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا شوێنجێگەی هەبووەو هەیە.

سەیر و سەمەرەیی خۆکوشتنی "سامۆرای"ییەکان وەك دیاردەیەك سەرنجی زۆر کەسی راکێشاوە، یەکێك لەحیکایەتەکان باس لەگروپێکی سامۆرای دەکات، پاش تۆڵە سەندنەوە دەرحەق بەکوژرانی سەرۆکەکەیان لەدەسەڵاتدارێك و کوشتنی خۆی و دارو دەستەکەی، هەر هەموویان بەکۆمەڵ خۆیان دەکوژن!؟.. ئەوەی تائێستا بۆتە پرسیار ئەوەیە کەبۆ پاش توانینیان بۆ تۆڵەسەندنەوەو لەناوبردنی نەیارەکەیان، خۆیان کوشتوە، باشە ئەگەر خۆیان نەکوشتایە چی روویدەدا، یان پاش خۆ کوشتنیان چی روویدا، ئەمانەو زۆر پرسیاری دیکە، شایانی گوتنن؟!.

ئێمە هەمووومان وەك بوونەوەرێك هەڵگری دوالیزمی ژیان و مەرگین، ئەمە چ وەك غەریزەو چ وەك ئەو هۆشمەندییە رێژەییەی کەهەمانە، لەگەڵ جیاوازی کات و شوێن و رۆژگارەکان. دیارە ئەوەندەی حەزمان بەدرێژبوونەوەی تەمەنمانەو هیوای پێ دەخوازین، ئەوەندەش مەرگمان لا یەقینەو دەرفەتی گومانمان نییە لێی.

لەدوایەمین ئاماری تایبەت بەرێژەی مردووانی چین ئەو راستییە دەرکەوت، کەسێ یەکی ئەوانەی کەمردوون بەشێکیان ئەوانەن کەخۆیان کوشتوەو زۆرترین ژمارە لەخۆکوژەکانیش نێرینەکانن و زۆر شتی دیکەی تایبەت بەخۆکوشتنیش، لەمڕۆیەکدا کەبۆتە دیاردەیەکی جیهانیی، راڤەکاری و لێوردبوونەوەی زۆر وردی دەوێت.

رەنگە ئەوەی کەپەیوەستە بەهۆکارەکانی خۆکوشتنەوە کارێك نەبێت راڤەکارییە تەقلیدییەکان دەرۆستی بێن. زۆر پەنهان و نهێنی لەنێو ئەو ساتەوەختەدا خۆی حەشارداوە کەپێی دەگوترێت ساتەوەختی خۆکوشتن. سەیر نییە زۆرێك لەوانەی کەلەژووری لەسێدارەدانداا چاوەڕێی تەنفیزی حوکمن، ئەگەر ئیختیاری خۆکوشتن بخەیتە



بەردەستیان ناتوانن خۆیان بکوژن و چاوەڕێی جەللاد دەکەن تا وەك قوربانییەك بیانکوژێت.

بۆیە توانای ئەو کەسەی کەدەتوانێت خۆی بکوژێت، شتێکی سەرپێی و راگوزەر نییە، ناکرێت بەتەواویش پەیوەستی بکەین بەبارێکی دەروونییەوە. سەیر نییە کاتێك وەك راستییەك پەی بەوە دەبەین کەکەسە شێتەکان و نیمچە شێت و باری دەروونییە شێواوەکان کەمجار هەبووە خۆیان کوشتبێت، لەکاتێکدا زۆریان دەتوانن شالاو بۆ کەسانی تر بەرن و تەنانەت بشکوژن؟!.

ئیدی خۆکوشتن وەك کردەیەك سەرباری هەر شتێك یەکێکە لەو کردانەی کەلەمێژەوە پاڵەوانی دروستکردووە، وەك چۆن "هانیباڵ" بەخۆکوشتنی بووە پاڵەوان و ئەفسانەو توانی لەکۆنترین زەمەنەوە وەك ناوێك بگاتە ئێستا. ئەم زاتە فینیقییە شتی زۆر سەیر و سەمەرەی کرد هەر لەڕێکردنی پێنج شەش مانگی نێو بەفر، بەخۆیی و سوپاکەیەوەو بڕینی چیاکانی ئالب و لەهەمووشی سەیرتر هێنانی فیل بوو لەگەڵ خۆی، تابردنییە بەردەم دەرکەکانی رۆما. کەچی ئەوەی ئەو پیاوەی لەمێژوودا هێشتەوە بەتەوایی ماجەرای سەرکەوتن و هێرشەکانی نەبوون، بەڵکو خۆکوشتنی بوو پاش شسکت هێنانی لەبەردەم رۆمانەکاندا.

شتێکی سەیری دیکەش زۆرێك لەو بیرمەندو نووسەرانەی تیۆریزەی خۆکوشتنیان کردووە، لەبارەیەوە تەنزیر و نووسینیان هەبووە، تەنانەت ئەوانەی بوونەتە پاڵپێوەنەری خۆکوشتنیش، خۆیان نەکوشتووە، کەچی ئەوانەی لەژیانیاندا قسەو باسێکیان سەبارەت بەخۆکوشتن نەبووە، لەئان و ساتێکدا خۆیان کوشتووە، هەر بۆ نموونە کەسێکی وەك هێمنگوای کەخۆکوشتنی زۆر نائاسایی دێتە پێش چاو، بەبەراورد لەگەڵ ژیان و تێکستەکانی، لەکاتێکدا ئەگەر کامۆ و سارتر و بیکیت خۆیان کوشتبا زۆر ئاسایی دەهاتە پێش چاو، هەرچەندە خۆیان نەکوشت و کامۆ بەڕوداوێك مرد و دوانەکەی دیکەش بەمەرگی سروشتی.

ئەگەر بڵێین بەشێوەیەکی رێژەیی خۆکوشتن پێوەندی بەجورئەتەوە هەیە، ئەوە دەکەوێتە سەر ئەوەی تێڕوانینمان بۆ جورئەت چییە؟!.. دەبێت بڵێین کام جورئەت ئەو

جورئەتـەی کەلەڕوانگەیـەکی تەقلیدییـەوە راڤـە دەکرێـت، یـان ئـەوەی لەڕوانگەیـەکی ناتەقلیدییەوە راڤە دەکرێت.. هەرچۆنێك بێت هەن پێیان وایە کوشتنی خـود لەکوشـتنی کەسێکی دی شەریفانەتر و جوانترە، بەڕای ئەوان هەر هیچ نەبێت ئـەو کەسـەی کـەخۆی دەکوژێت هەرچـەند هەڵەشـە بـەڵام تـەجاوز ناکاتـە سـەر ژیـانی خـەڵکانی دیکـەو مـافی ژیانیان لێ زەوت ناکات!؟.

ئیشکالی زۆرێك لەتێزە فەلسەفییەکان لەوەدایـە، بـوون وەك خـۆی و مەعریفـەی ئێمـە سـەبارەت بـەبوون تێکـەڵ دەکـەن، بـەم شـێوەیەش بـوون دەبێتـە چـەمکێکی ئـەقڵی ئەبستراکت. هەردەم پێوەندی "من" بەکەسانێکەوە کەبەقـەولی" هایدگـەر" بـە"ئـەوان" نـاودەبرێن و ئـەوان بەشـێکن لـەو دیزاینـە گەورەیـەی کەهەمیـشە بۆشـاییەکانی نێـوان شتەکان پڕ دەکەنەوە تا ئەو رادەیەی هەموو شتێك دەکەنـە یـەك و هاوشـێوە، لـەمیانی ئەمەشەوە توانای کەشف و گەڕانمان سنووردار دەکرێـت، رێ بەموجازەفـەو هەوڵـدانمان بۆ زانین سنوردار دەکرێـت، ئـەوەی کـە پێـی دەگوترێـت دەوروبـەر و ئـەوەی کەپێـشی دەگوترێت خۆمان، لەمڕۆدا جیاکردنەوەی ئەگەر ئاستەمیش نەبێت زەحمەتە.

کاتێك باس لەوە دەکرێت کەکۆمەڵ ئازادیی خۆکوشتن لەتاکەکان دەسـەنێتەوە، ئـەوە دەبێت ئەو راستییە بزانین کەئێمە پـێش ئـەوەی ئـازادیی خۆکوشـتنمان لێ بـسەنرێتەوە هـەموو ئازادییـەکانی دیکـەمان لێ سـەندراوەتەوەو بـەخۆڕا لەدنیایـەکی بێمانـادا خۆمـان هەڵدەخەڵـەتێنین، دواجـار ئێمـە جگـە لەمـەرگ چـاوەڕێی چـی تـر دەکـەین. وەك "تاوی"ییەکان دەڵێن:

( تاو دەفرێکی بەتاڵە، بەکاردەهێنرێت بەبێ ئەوەی کەپڕکرێتەوە ). بەڵام ژیـانی ئێمـە ئەو دەفرە پڕەیە کەلێوانلێوە لەبێهوودەیی و بێ ئیرادەیی بەرانبەر بەقـەدەرێك کـەپێی دەگوترێت مەرگ، تۆ ئەگەر ماوەیەکی دیاریکراوت هەبێت بۆ ژیان چ واتایەکی هەیە بژیت یان بمریت ، هەر هەمووی عەبەسێکەو ئێمەیەك بۆ بەدبـەختیمان لـەڕێی هۆشـەوە درکـی پێدەکـەین و تامـەرگ گیرۆدەی ئـەو راڤەکارییانـە دەبـین کەهـەوڵی بەخـشینی مانایـەك بەژیان دەدەن.



-٦-

## سیناریۆی مێژوو لەنێوان حەقیقەت و واقیعدا

(هەوڵدانێکە بۆ خستنەڕوو و دواندن و خوێندنـەوەی ئـەودیو نهێنـی و پەنهانـەکانی مێـژوو بەگشتی و بەتایبەتی، لەکتێبی —کۆمەڵی هەقە- ی-رێبوار حەمە تۆفیق-دا"١")

***(بسم الله الرحمن الرحيم" يا أيها الذين آمنوا ان جاءكم فاسق بنبأ فتبينوا أن تصيبوا قوما بجهالة فتصبحوا على ما فعلتم نادمين-سورة الحجرات-آية٦"صدق الله العظيم).**

**❋"ئەوی ئەمڕۆ بەدەوری تەختیایە هەڵهەلەی مەخلوق**
**لەدەوری نەعشیا سبحەی دەبینی وەلوەلەی مەخلوق**
**بە پەل پەل کردنی سبحەی ئەگەر ببوایە باوەڕیان**
**دەبوو قەت بەم حەدە نەبووایە بۆ دنیا پەلەی مەخلوق**
**...............**
**بەئاوی تێ گەیشتین ئێمە دنیا، هەر سەرابێ بوو**
**هەموو دەشچن بەخنکان و لەوشکییە مەلەی مەخلوق"**
**- مەحوی-**

## پێش بەرایی

ڕەنگە منیش وەك هەر خوێنەرێکی ئاسایی، پێم ئاسایی نەبێت ڕاگوزەرانە بخوێنمەوەو سەرپێییانە بەسەر دێڕ و پەرەگراف و وێنەو دیمەن و تێبینی و سەرنج و سەرچاوەو ڕاڤەو شیکار و سەرجەم شتگەل و ئاماژەپێدانەکانی ئەم یان ئەو تێکستدا تێپەڕببم ! یان ڕەنگە زۆر لەوە زیاترو بەشێوەیەکی گشتی و بگرە تایبەتیش پێویست بکات لەخوێندنەوەی تێکستە زیندووە قووڵەکاندا، مامەڵەیەکی تەفکیکییانەی لەتەکدا بکەین.

بەهەرحاڵ، تاهەنووکە.. لەدنیای نووسینی کوردیدا، زۆر نین ئەو تێکستانەی کەبکارێت ڕۆبچیتە نێویانەوەو لەبۆشاییەکانیاندا بۆ دەرکە نەکراوەکانی بگەڕێیت، یان لەنێو ڕاڕەو و کۆریدۆرەکانیدا، بەشوێن پەنهان و کەشف نەکراوەکانیدا عەوداڵ ببیت.

ئەمە جگە لەوەی کەهەردەم بگرەو بەردەو کێشمانکێش و ململانێ لەنێوان دوو دیدگەی جوداو جیاوازدا هەبووەو هەیە، کەیەکێکیان پێی وایە تێکستی زیندوو وەك بونیادێك دەبێت حەقیقەت و حەقیقەتەکان لەخۆ بگرێت و ئەوی دیکەش پێی وایە هیچ گرنگییەك لەوەدا نییە تێکست حەقیقت لەخۆ بگرێت یان نەیگرێت!؟ چونکە دواجار حەقیقەتێکی تایبەت بەخۆی هەیە کەئەویش حەقیقەتی تێکستە، کەواتە تێکست لەبری ئەوەی ببێتە ئامڕازی گەیاندنی مەعریفە، خودی خۆی دەبێتە مەیدانێکی مەعریفی سەربەخۆ.

بۆیە ڕەنگە پێویست بێت ناتەقلیدییانەو لەچەند دەرکەیەکی دیکەو جیاواز لەدەرکە ئاوەڵا لەبەرچاوەکان, بچینە نێو دنیای تێکستەوەو مامەڵەیەکی تەفکیکییانەی لەگەڵدا بکەین. کەواتە لەجێی وەرگرتنی بێ چەندو چوونی ئەوەی کەهەیە, ئێمەی خوێنەرین کەدەبێت پرسیارمان هەبێت و تێکست بەشێوەیەك لەشێوەکان بدوێنین و بیهێنینە قسەو لەو میانەشەوە شاراوەو پەنهانەکانی کەشف بکەین.



ئاشکراشە هەموو ئەمانە لەدژایەتی کردن و نەفیکردنەوەی تێکستەوە دەست پێ ناکات ،وەك زۆر کەس لێی حاڵی بوون.. ئەمە جگە لەوەی تێکستی زیندوو هەرچییەکی بەرانبەر بکەیت، بەهیچ نەفی ناکرێت و ناسڕدرێتەوە، لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکی نوێشدا دێتەوە بوون و دەژێتەوە.

### تێکستە مێژووییەکان

جێی باسە کەهەرچەند هەن، تائێستا تەنها مامەڵەیەکی واقیعییانە و تەقلیدیانە لەگەڵ نووسراو و تێکستە مێژووییەکان و بەتایبەتیش دۆکۆمێنتەکاندا دەکەن و پێیان وایە، دەبێت وەك ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر سەیر بکرێت، بەتایبەتیش کاتێك ڕووداو یان شتێکی دیاریکراو، لەچەند سەرچاوەیەکدا بەهەمان شێوە ئاماژەی پێدەدرێت، ئیدی ئەمە لای ئەو جۆرانە دەبێتە هەنجەتی سەلماندنی ڕاستی و واقیعی بوونی، لەکاتێکدا ئەمە مەرج نییە وابێت و زۆر جارانیش ئەوە ساغ بۆتەوە کەهەردەم سیناریۆسازییەکی نائەقلانییانە بەناوی ئەقلانییەتەوە لەپشت گێڕانەوەی مێژووەوە هەبووەو هەیە.

کەواتە گرفتی هەرە سەرەکی مێژوو، هەر لەونبوون و نەبوونی نووسین و دۆکۆمێنتەکاندا نییە، بەڵکو لەخودی نووسین و دۆکۆمێنت و ئاماژەپێدانەکانیشدایە!؟

شایانی باسیشە دەمێك ساڵە ڕەخنەگرە مێژوویی کارامەو جدییەکانی میللەتانی خاوەن تێکست و نووسراو و دۆکۆمێنتەکان، ڕەنگە بەشێوەیەکی بەرفراوانیش لەرێنیسانسەوە, یان زۆر لەپێش ئەوەشەوەو تائێستاش هەر ئەودالی ساغکردنەوەو ڕاستکردنەوەو هەڵوەشاندنەوەو کەشفکردنی ئەم ڕاستی و ئەو ڕاستی مێژوویی بووبێتن، تەنانەت گەر پێشتر زۆر بەیەقینیشەوە خرابێتەڕوو و سەلمێنرابێت.

بۆ نموونە ڕۆڵی "هێنری شەشەم" چەند گرنگ بووبێت، لەدەسپێك و بناغەڕێژی دەوڵەتی نەتەوەیی ئینگلیز و جیابوونەوە لەفاتیکان و گۆڕینی مەزهەبی ئایینی و بناغەدارشتنی ئەو دەوڵەتەی کەبەدرێژایی سەردەمانێك زۆربەی دنیای بەفیعلی داگیرکردبوو، ناکاتە ئەوەی کەمێژوونووسانی ئینگلیز، لەباسکردنیدا باس لەگەندەڵی و داوێن پیسی و شەهوەتبازیی و دڕندەیەتی و هەموو سیفەتە خراپەکانی تریشی نەکەن، تەنانەت ئەو ڕاستیەش ناشارنەوە

کەهۆکاری سەرەکی جیابوونەوەی لەفاتیکان و جیاکردنەوەی مەزهەب و یاساکانی حوکم و دادوەری و شتەکانی تریش، بەتەواوی پەیوەست بووە، بەئارەزووە سێکسییەکانییەوە، کەبۆتە هۆکاری ئەو هەمموو ئاڵوگۆڕە؟!

ئیدی چەند لەلایەن خەڵکانێکی دیدگە تەقلیدییەوە وابزانرێت، زۆرێك لەمێژووی کۆن و نوێی ئۆرووپا بەچەشنێك سەلمێنراوە، کەئاستەمە ئاڵوگۆڕی تێدابکرێت..بەڵام هەوڵدانە بەردەوامەکانی مێژوونووسانێکی جیدی پێچەوانەکەی دەردەخەن.

هەر بۆ نموونە، نووسەری ئیتاڵیایی( "لوچیانو کانفورا" لەکتێبەکەیدا بەناوی"کتێبخانە ونەکە " کەبۆ یەکەمجار ساڵی١٩٨٦چاپ و بڵاوبۆتەوە، بەزمانێکی گاڵتەئامێزانە زۆر راستی سەیر و نوێی درکاندووە، کەبەتەوایی مێژوویەکی نووسراوی باوەڕپێکراوی لەوەو پێشی ژێر و ژوور کردووە، لەکاتێکدا بەدرێژایی ساڵانێکی دوور و درێژ باوەڕ بەبوونی کتێبخانە مەزنە سەد قاپییەکەی شاری —تیبە-کراوە، هەروەك باوەڕ بەبوونی کتێبخانە مەزنەکەی —ئەسکەندەریە- و-پراگاموون-و ئەوانەی تریش..ئیدی تۆژەر و لێکۆڵەرێکی کەلەپووری ئەنتیکای کلاسیکی- هیلینی و گریکی و رۆمانی- وەك —کانفورا- دێت و ئەو راستییە کەشف دەکات، کەکتێبخانە مەزنەکەی —تیبە-ش وەك زۆر کتێبخانەی دیکەی مێژوویی لەڕاستیدا هەر نەبووەو گەر بووبێتیش، مەبەست لەوەی"تیبە"یە لەچەند رەفەیەکی کەم تێپەڕی نەکردووەو بێجگە لەچەند دەستنووسێکی تایبەتیش بەرێوڕەسمی ئایینی و لەسەر پەلکی"بەردی"نووسراو، هیچی دیکەی تێدا نەبووەو زۆر دووره لەو جۆرە خستنەڕوو و باسکردنەی کە"دیۆدۆری سقللی" خستوویەتییەڕوو کەگوایە لەنووسراوێکی سەرگوزشتەی سەفەرێکی "هرکاتایۆس ئابدیرا" خۆیەوە وەریگرتووە کە٣٠٠ساڵ پێش زایین ژیاوەو سەردانی کتێبخانەکەی —تیبە-ی کردووە، ئیدی هێندە بەسەرسامییەوە باس لەمەزنایەتی کتێبخانەکەکراوە، کەبۆتە مایەی سەفەرکردنی دەیان تۆژەر و زانای ئەرکۆلۆژیست، بەمەبەستی دۆزینەوەی..."٢").

شایانی باسە ئەو کەسەی بۆ ماوەیەك و بەجدییەتەوە خەریکی خوێندنەوەی کتێبە مێژووییەکان بێت، زۆر نموونەی ئاوا سەیر و سەمەرەی دێتە پێشچاو، کەزۆریان بۆ نموونە و بەتایبەت کەسایەتی و سەرکردەیەکی مێژوویی بەزێدەڕۆییەوە تێدا مەزن و گەورە دەکرێت، یان بەشێوەیەکی سەیر سەمەرە ناشرین و تاوانبار دەکرێت، جا لەهەمووشی سەیرتر



دووبارەبوونەوەی سیناریۆی حیکایەتەکانە، پێی بەپێی گۆڕانی شوێن و جێگەی رووداوەکان و بەدەر لەهەر لۆژیکێکی زەمەنی، بۆ نموونە لەگێڕانەوە مێژووییەکاندا ئاماژە بەوە کراوە، کەکاتێك "عومەری کوڕی عاس" فەتحی وڵاتی فارس دەکات و دەگاتە کتێبخانەی — جندیشاپوور- و پرس بە خەلیفە"عومەری کوڕی خەتاب" دەکات، لەوەڵامدا فەرمانی"عومەر"ی پێ دەگات دەرحەق بەسووتاندنی و هەمان حیکایەتیش سەبارەت بەکتێبخانەی ئەسکەندەریە دووبارە دەبێتەوەو بەهەمان شێوە"عومەری کوڕی عاس" پاش پرسکردنی فەرمانی خەلیفە"عومەرکوڕی خەتاب"ی پێ دەگات، کەدەڵێت:

( ئەگەر باشن ئەوە خودا لەوە باشتری پێ بەخشیوین، کەقورئانە..ئەگەر خراپیشن ئەوە بۆ نێو ئاگر باشن"٣" )

. بەڵام هەموو ئەم رووداو و گێڕانەوانە لەمڕۆدا دەیان پرسیاریان سەبارەت دەکرێت و خوێندنەوەی نوێگەرییانەی مێژووش، زۆر رووداویان پێچەوانە و جیاواز خستۆتەڕوو، بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەوەی ئاخۆ لەڕووی سیاسیی و فەرهەنگی و کولتووری و شتەکانی دیکەوە لەبەرژەوەندی کێدایە؟! تەنانەت لەهەمووی سەیرتر و سەرنج راکێشتر زۆر پڕوپاگەندەو رووداوو و باس و خواسی مێژوویی ناڕاست سەبارەت بەهەندێك لەکەسایەتییە مێژووییەکانی ئیسلام هەن، کەتۆژەر و مێژوونووس و ئەرکۆلۆژیستەکانی رۆژئاوا بەدرۆی دەخەنەوەو دەرئەنجامی شیکاری و راڤەکاری و گەڕان، بۆ نموونە، وەك گریمانێك دەیسەلمێنن کەهیچ کاتێك سوپایەکی دەبیست هەزار سەربازی فلانە سەرکردەی ئیسلام-بەپێی ئاماژە پێدانی چەند سەرچاوەیەك و بەو شێوەی باسکراوە- فلانە شوێن و ناوچەو شاری داگیرنەکردووە، یان ئەگەر بۆ نموونە سەرچاوەیەکی مێژوویی گوتبێتی سەرکردەیەکی ئیسلام پاش داگیرکردنی شارێك بەدەستی خۆی و لەسەر کەناری دیجلە لەبەیانییەوە تائێوارە حەفتا هەزار کەسی سەربڕیبێت و ئەمە بەدرێژایی مێژوو و لەلایەن کەسانێکەوە وەك بەڵگەنەویستێك سەیرکرابێت و بووبێتە بەشێك لەسەرگوزشتەی دڵڕەقی و بێڕەحمی ئەو سەرکردەیە، ئەوە مێژوونووسانێك کەدوور و نزیك هیچ پێوەندییەکیان بەئیسلامەوە نییە، دێن و مەیدانییانەو لەڕووی ئالۆژیکی بوونییەوە، پووچەڵ و بەدرۆی دەخەنەوەو دەیسەلمێنن کەمەحاڵە تیژترین شمشێرو بەهێزترین کەسی دنیا لەبەیانییەوە تا ئێوارە ، بتوانێت نەك حەفتاهەزار کەس، بەڵکو تەنانەت حەفتا کەسیش سەربڕێت؟!

ئەمە لەکاتێکدا ئاستەم بووە، لەو شوێنە ناوهێنراوەدا وەك نموونەیەك، نەك حەفتا هەزار کەس، بەڵکو حەوسەد کەسیش ژیابێت و هەبووبێت؟! ئیدی ئەم جۆرە خوێندنەوە نوێیانەی مێژوو دەگەنە ئەو ئاستەی کەهەن دەیسەلمێنن، هیچ کاتێك ئیسلامەکان هێرشیان نەکردۆتە سەر ئیسپانیاو لەمێژووشدا کەسێکی راستەقینەی بەڕەگەز "بەربەر" نەبووە ناوی "تاریقی کوڕی زیاد"بووبێت و...تاد ؟!.

## کتێبی کۆمەڵی هەقە

**-دەستپێك-**

ئەوەی کەوای لێکردین تا ئەم ئاستەی وتارەکەمان، کەمێك بەشێنەیی ڕێ بکەین و هێور هێور هەندێك نموونەی مێژوویی بهێنینەوە، هەوڵدانێك بوو بۆ نزیکبوونەوە لەزۆرێك لەو سەرچاوەو بەسەرهاتە مێژوویی و تەرح و بۆچوون و دنیابینی و کەرەستانەی کەلەکتێبی"کۆمەڵی هەقە" دا کاری پێکراوە، یان کاری پێنەکراوەو لەشوێنێکەوە دەبێت بخرێنەگەڕ و بەکار بهێنرێنەوە.

جا هێندەی لێرەدا بوار هەیە، دەکرێت بەئاماژەپێدانی راستەوخۆ، خوێنەر بەرەو فلانە شوێن و تەرحی کتێبەکە رابکێشین و ئەودالی خوێندنەوەی جیدی و سەوداسەری پرسیاری بکەین.. یاخود بەو شێوەیەی کەپێشتر و لەسەرەوەڕا گرتمانەبەر، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و ناتەقلیدییانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

**چەند ئیزافەیەکی مێژوویی**

هەرچەند هەوڵدانێکی بەرچاو و پڕ وردەکاریی لەلایەن لێکۆڵەری کتێبی"کۆمەڵی هەقە" ، -ڕێبوار حەمە تۆفیق-ەوە دراوە، بەمەبەستی دۆزینەوەی رەگوڕیشە مێژووییەکانی هەقەو



چۆنیەتی پەیدابوون و سەرهەڵدان و پەرەسەندن و دواتر خەفەبوونی لەماوەیەکی مێژوویی دیاریکراوی تارادەیەك کورتدا.

بەڵام ئەوەندەی دەرفەتیش هەبێت، بەندە-ش والێرەدا.. بەمەبەستی ئاوەڵاکردنی دەرکەی دیکەو خستنەڕووی زانیاری تری مێژوویی، گەر شیاو بێت وای ناو بنێین، لەمیانی خستنەڕوویەکی ئیزافەگەرانەوە هەندێك شت دەخەمەڕوو، دەکرێت بەتێز و بۆچوونە گرنگەکانی "میهرداد ئیزەدی"یش دەست پێبکەین:

( لەساڵی ٥٢٢-ی، پ.ز-دا بەتەواویی حوکم و دەسەڵاتی کۆنە فیدراسیۆنی میدییەکان" کە تا ئەو دەمەش بەسەرکردایەتی ئەخامەنییەکان و نیمچە رۆڵێکی میدییەکان، بەڕێوە دەبرا "، کەوتە دەست ئەخامەنییەکان.

گەرچی لەسەردەمی"ئازهی داهاك-زوحاك-"دا، ڕێبازی ئاینی "یەزدانی-یەکان" وەك ئاینێکی رەسەن و زاڵی ناوچەکە پەیڕەو دەکرا. کەهەردەم باڵادەستی بەسەر ئاینی زەردەشتییەکانەوە هەبووەو بگرە ڕێنیشاندەر و رابەری راستەقینەی پیر و مووغانە زەردەشتییەکانیش بووە.

بەڵام لەسەردەمی"داریوس"ی فارسداو بەبەرنامە ویستویەتی "یەزدانی-یەت"ی ئاینی رەسەنی میدییەکان بشێوێنێت. لەهەوڵێکی بێ وێنەدا یەزدانی-یەت قەدەغەکراوەو زەردەشتییەت سەپێنراوە. "داریوس" هەر بەوەشەوە نەوەستاوەو خودی گاتاکانی زەردەشتیشی شێواندووەو بەمەبەستی خزمەتکردنی خۆیی و دەسەڵاتەکەی گۆڕیویەتی, گەرچی لەمەدا سەرکەوتوو نەبووە.

لەو گۆڕانکارییانەی کەلەگاتاکانی زەردەشتدا کردوویەتی و بۆی زیادکردووە، هاوتاکردنی ناو و چەمکی"ئەهریمەن، بە_داهاك..زوحاك_"بووە.

هەر بۆیە لەمیتۆلۆژیای ئێرانیدا، راشکاوانە ئەم هاوتا بوونەی ناو و چەمکی شەیتان و زوحاك دەبینرێتەوە.

بەڵام لای ئەو لقە ئاینییانەی کەلە"یەزدانی-یەت" جیابوونەتەوە، بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە"زوحاك کەبەهەڵە بۆتە ساهاك"، هێشتاکە رێز و مەزنایەتی و قودسییەتی خۆی پاراستووەو هەردەم لەلایەن ئەو لقە ئاینییانەوە ستایش دەکرێت"٤").

هەروەها دەڵێت:

( ڕەنگە ناوێکی دیکەی یەزدانی-یەتیش "حەق" بێت، کەبەواتای ڕۆحی ڕەها دێت و هەر ئەمەشە بۆتە هۆی دابەش بوونی بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا:

" ئێزیدی و عەلەوی و یاریسانی ".....

یەزدانی-یەکان چ لەئێستاداو چ لەڕابردووشدا باوەڕیان بەتیشکی پیرۆز و حەوت فریشتەکە هەبووەو ژمارە حەوتیشیان بەپیرۆز زانیوەو پێشیان وابووە لەحەوت هێزی خراپەکار دەیانپارێزێت..........

یەزدانی-یەکان ڕۆح و ماتەریاڵ بەشێوەیەك لەیەکدی جیادەکەنەوە، کەئیدی ڕۆحی ڕەها هیچ پێوەندییەکی بەدنیای ماتەریاڵەوە نامێنێت و پێوەشی خەریك نابێت. "حەق" یان ڕۆحی ڕەها لای یەزدانی-یەکان وەك ئافەریدەکار مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و سەبارەت بەحەوت ژمارە پیرۆزەکەش، پێیان وایە کەلەبەرپرسی گەورەی فریشتەکان و پێنج فریشتەکەی دیکەو ڕۆحی ڕەها پێك دێت.

بەرزترین پلەی ئایینیش لای یەزدانی-یەکان"باب"ە، کەلەزمانی ئارامی کۆندا بەواتای دەروازە دێت.

"میرزا عەلی محەمەد" لەچەرخی نۆزدەیەمدا ژیاوەو یەکێکە لەو زاتانەی کەگەیشتۆتە پلەی باڵای"باب"و دواتریش ڕێبازی ئایینی "بابی یان بەهایی" دامەزراندووە

کەدیارە هەڵێنجراوی بیرۆکەی ئایینی

"میترا"ییەکانە..بەماوەیەکی زۆر کەم لەناوچەکەدا بڵاو بۆتەوە....

یەزدانی-یەکان چەشن و شێوەی خواپەرستنیان، دوور لەخەڵکانی بێ باوەڕ و غەیرە دین، بەشێوەیەکی پەنهان و نهێنی بەڕێوە بردووە..بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەحوکمی باوەڕیان بە"ڕۆحی ڕەها"، ڕێبازە ئایینییەکانی تریشیان جوداو نامۆ نەبینیوەو پێیان وابووە کەپێغەمبەرەکان لەلایەن "ڕۆحی ڕەها"وە، بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی نێردراون. هەر بۆیە بەگیانێکی دۆستانە ڕوانیوویانەتە پەیامی "موسا و عیسا و محەمەد"و هەموو جۆرە ڕێبازە ئایینییەکانی دیکەش..........



شایانی باسە کەیەزدانی-یەکان سەبارەت بەدروستبوونی دنیای ماتەریاڵ و قیامەت تەواو هاوفیکری ڕێبازە ئایینییەکانی ترن و ئەوەی بەلاشیانەوە گرنگە ڕۆژی قیامەتە. هیچ کاتێك یەزدانی-یەکان دەستەیەکی تایبەتیان بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارە ئایینییەکانیان پێکەوە نەناوەو دەستەوسان و بەئەدەبەوە ڕوانیویانەتە ڕێبازە ئایینییەکانی تر..................

دەکرێت میترایییەکان، مەزدەکییەکان، هورەمییەکان، قەرامیتییەکان، بەباڵی جیا جیای یەزدانی-یەکانی بدەینە قەڵەم، سەرباری کاریگەرییان بۆ سەر مانییەکان و ئیسماعیلییەکان و دورزییەکان بابی"بەهاییەکان"و زەردەشتییەکان......."٥")

لەهەمان وتاردا ئاماژەیەکی گرنگیش بەلایەنی سێکسی بەکۆمەڵ دەدات:

( بەدرێژایی مێژوو ئەم ڕێبازە ئایینییانە ڕووبەڕووی زۆر تانەو تەشەر و ڕەخنەی خەڵکانێك بوونەتەوە کە یەزدانی-یەکان و عەلەوییەکان و مەزدەکییەکان و ڕێبازە ئایینییەکانی دیکەشیان، بەمومارەسەکردنی سێکسی بەکۆمەڵ تاوانبارکردووە............

ئەوەی بەلاشمەوە سەیر و سەمەرەو جێی سەرسوڕمانە، ئاماژەکردنەکانی "هێنری ڕاولنسۆن"و"ماکدۆناڵد کینەر"و"گ.ر.درایڤەر"ە کەپێیان وابووە تا ساڵانی ١٩١٢-١٩٢٣ کەشێکی سێکسی لەو چەشنە بەڕێوەچووەو بەدرێژکراوەی ڕێبازی "میتاو ئەناهیتا"یان لەقەڵەم داوە..ئەو دوو ڕێبازە ئەندامی سێکسییان پەرستووەو دەچنەوە سەر کولتووری "سێسۆستریس".

"کینەر"یش، وەك دەڵێت و ئاماژەی بۆ کردووە، گوایە خودی خۆی بەشداری کەشێکی سێکسی لەو چەشنەی کردووە"٦").

## مانی-ییەکان وەك بنەمایەکی سۆفیستی

لەنمونە پەرەگرافەکانی سەرەوەدا، ئاماژەدانی "میهرداد ئیزەدی" بۆ کاریگەری یەزدانی-یەکان لەسەر مانی-یەکان، بەجیا لەوانەی تری سەرنج ڕادەکێشێت و بەتایبەتیش مانی-یەکان وەك یەزدانی-یەکان ڕووبەڕووی هێرش و دژایەتی توندی زەردەشتی-یەکان بوونەتەوە. لەبەر ئەوەی مانی-یەکان بەپێچەوانەی زەردەشتییەکانەوە بانگەوازی زاهیدبوون و دەست هەڵگرتن

لەدنیای ماددیان کردووەو سەرباری ئەوەش وەك زەردەشتییەکان بەزولّم و زۆری دەسەڵاتداران قایل نەبوون.

مانی-ییەکان دژ بەخواردنی گۆشت و خواردنەوەی مەی و رابواردنی سێکسی بوون و بەتەواویی رەبەن بوون و هەردەم بانگەشەی جڵەوکردنی شەهوەت و دوورکەوتنەوەیان لەسەرجەم خراپەکارییەکان کردووە. وێڕای داواکردنی رۆژووگرتنی بەردەوام و دژایەتی کردنی زولم و زۆر لەهەر شوێنێکدا بێت و بووبێت. هەر بۆیە "بەهرام"ی پاشای فارس کەوتە دژایەتی کردنی شەخسی"مانی" و پێڕەولێکەرانی ئایینەکەی. هەروەها مەسیحییەتیش دژایەتییەکی سەرسەختی مانی-یەکانی دەکرد، زیاتریش لەو روانگەیەوە بوو کەهەرچەند مانی-یەکان مەسیحیان پێ نێردراوی یەزدان بوو، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەمرۆڤ و بەندەی خوایان دەزانی و ئەمەش لەگەڵ تێفکرین و دنیابینی ئایینی سێینەی پیرۆزی مەسیحییەکان پێچەوانە دەکەوتەوەو نەدەگونجا.

گرنگی مانی-یەکان و جیابوونەوەی تەواویان لەزۆر ئایینی دیکە، بەجدیەتی خواپەرستی و رەبەنی و خۆ مەحروم کردنی تەواویان لەسەرجەم خۆشییەکانی دنیادا دەردەکەوێت. سەبارەت بە مانی-یەکان و قووڵایی ئیمان و تەسەوفیان، لەکاتێکدا ئەگەر کاریگەری یەزدانی-یەکانیان لەسەر بێت، وەك "میهرداد ئیزەدی" ئاماژەی پێدەدات, دیارترین نموونەی کەسێکی باوەڕداریان "روزبە-سەلمانی فارسی"یە، کەپێغەمبەری موسڵمانان"د.خ"، زۆری خۆشویستووەو لەبارەشیەوە زانراوە، کەهەرگیز تەنانەت پێش موسڵمان بوونیشی تاڵێب بەدنیای ماددی و لەزەتەکانی نەبووە.. هەرگیز مەی نەخواردۆتەوە، بەهەموو شێوەیەك لەئافرەت و دنیای شەهوانییەت بەدوور بووەو وەك هەر باوەڕدارێکی مانی-یش گۆشت خۆر نەبووەو دەگێڕنەوە کەبەکەسێکی گۆشتخۆری گوتووە:

"سەیرە، گۆشت گۆشت بخوات".

ئیدی سەلمان هەرگیز خۆی پەیوەستی دنیای فانی نەکردووەو بەتەواویی پاش ئیسلام بوونیشی هەموو سیفاتە سۆفیستییە رەبەنییە دیارەکانی مانی-یەکانی تێدا بەرجەستەبووەو هاوڕێیەکی نزیکی کەسانی وەك:" عەلی کوڕی ئەبوو تالیب"و" ئەبی زەر ئەلغەفاری"و"حەزیفە کوڕی یەمان"و"عەمار کوڕی یاسر"بووە.



یەکێك لەنموونە هەرە گرنگەکانی هەڵوێستی واقیعییانەی "سەلمانی فارسی"یش، لەپاش بوونی بە والی لە"مەدائین"دا بەرجەستە دەبێت، هەموو مووچەی ساڵانەی کەپێنج هەزار درهەمێك دەبێت، دەداتە فەقیر و هەژاران و لەبری ئەوەش کەلەکۆشکی والی-یەتیدا بژی لەگچکە کۆختێکی لەقامیش دروستکراودا ژیان دەباتە سەر و بەهیچ شێوەیەك حیساب بۆ پلەی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی خۆی ناکات و هەروەك جاران زاهیدانەو سادەو ساکارانە ژیان دەباتە سەر. ئەمەش خەلیفە"عومەری کوڕی خەتاب" تووڕە دەکات و نامەیەکی ئاگادارکردنەوەو سەرکۆنەکردنی بۆ دەنێرێت و "سەلمانی فارسی"یش لەوەڵامدا دەڵێت:

(..........

تۆ دەڵێی من دەسەڵاتی خوام لاواز و ونکردووەو خۆم کردۆتە پردێك خەڵکی مەدائین بەسەرمدا بپەڕێنەوەو قورسایی خۆیان بدەن بەسەرمداو بەچەشنێك خۆم زەلیلکردووە، کەخەڵکی مەدائین حیساب بۆ دەسەڵاتی ئیمارەتەکەم نەکەن. ئەوە بزانە ئەی عومەر، زەلیل بوون لەئاست تاعەت و پەرستنی خوا، لای من زۆر لەشانازی کردن بەسەرپێچکردنی خوا خۆشترە...).

لێرەدا نابێت ئەوەش لەیاد بکەین کەخودی"مانی" لەساڵی ٢١٥ی-زایینیدا لەبنەماڵەیەکی "ئەشکانی" لەسەری باوکەوەو "کەمرکانی"یش لەسەری دایکەوەو لە"هەمەدان"ی پایتەختی هەرێمی "میدیا"دا هاتۆتە دنیاوەو رێبازە ئایینییەکەی وەك زەردەشتی و مەزدەکی و هەندێك رێبازگەلی تر لەزەت پەرست و خۆشی ویست نەبووە. هەر بۆ نموونە بەئاشکرا مەزدەکی-یەکان رابواردنی بەردەوامیان لەگەڵ هەمە چەشن و جۆری مێینەو خواردنی خۆشترین خواردن و خواردنەوەو بەدەست هێنانی شتە دنیایەکانیان کردبووە پرەنسیب و بەعەمەلی پیادەیان دەکرد.

پێشم وایە ئەگەر بەتەواویی تەرکیز بکرێتە سەر پرەنسیبە کۆمەڵایەتی و ئایینی و فەلسەفییەکانی مەزدەکییەکان و لێکۆڵینەوەی تەواوی دەرحەق بکرێت، پێوەندییەکی بەرچاو لەنێوانی و لەنێوان کۆمەڵی هەقە-دا بدۆزرێتەوە، بەتایبەتیش لەڕوانگەی مەشاعییەتی سێکس و ماڵ و موڵکەوە.. بەمەش لەسەرجەم ئەو رێبازە ئایینییانە دوور دەکەونەوە، کەهەوڵی پاکبوونەوەی رۆحیی و فەنا بوون لەرۆحی رەهادا دەدەن، بەتایبەتیش ئەو باڵانەی کەزیاتر نغرۆی لەزەت و چێژبینینە کاتییەکانی دنیای ماددین!؟

هەر لە کتێبی ئایینی —ڤیدا-ەوە، کەبەئاینێکی دێرینی پێش نزیکەی پێنج هەزار ساڵێك لەمەو پێش و بگرە زیاتری هیندییەکان ناسراوە، دژایەتی نەفسی بارگاوی بەخراپەکاری و شەڕانگێزی کراوەو جەخت کراوەتە سەر ئەوەی کەدواجار و لەدوا مەنزڵدا مرۆڤەکان بەپێی کارەکانیان چارەنووسیان دیاری دەکرێت.

هەروەك لەفەلسەفە رۆحییەکانی وەك یۆگا-شدا رەنگی داوەتەوە، هۆشیاری گەردوونی بەشێکی پیرۆز و رەهایە لەگەردووونداو بووەو دەشبێت، سەرچاوەی سەرجەم باشەخوازی و زانست و زانیاری و جوانی-یەکە، دادپەرەوەر و کامڵ و بێ نەنگییەو خاوەن دەسەڵاتێکی نەبڕاوەی بێ سنوور و بێ کۆتایەو هیچ شتێکیش لەبووندا ناکەوێتە پێش ئەو و ئەو یەکەمین دەسەڵاتدار و ئافەریدەکارە.

بۆیە هەر کەسێك بەگوێی داواکارییەکانی نەفسی خۆی بکات و جڵەو بۆ ئارەزووکانی شل بکات و وەدووی حەز و ئارەزووەکانی بکەوێت، ئەوە بوونی خۆی ون دەکات و لەنووری ئەزەلیی و ئەبەدیی ژێریی گەردوونی دوور دەکەوێتەوە. بۆیە ئەو کەسانەی کە-سالیك-ی ڕێگەی گەیشتنە حەقیقەت و  جوانی و باڵابوون و حەقی ئیلاهین، پێویستە لەڕێی "مانترا-زیکر"ەوە خۆیان بگەیەننە حاڵەتی "سەمادهی-فەنابوون"ەوەجێگەی باسە پلەی ئیمانی باوەڕداریش بەسێ قۆناغدا تێپەڕدەبێت: "یەکەمیان"علم الیقین"ەو دووەمیان"عین الیقین"ەو سێیەمیشیان "حق الیقین"ە"، ئیدی لەو میانەوە کەسی باوەڕدار بەهیچ شێوەیەك لەفەرمانەکانی ئافەریدەکار لانادات و لەلایەن پەروەردگاریشەوە کەم و زۆر دەبێتە خاوەن هێزی نائاسایی و بەمەش لەکەسە ئاساییەکان بەتەواوی جیا دەبێتەوە. ئەمە لەکاتێکدا بەرانبەر بەمە فریودەری کەونی هەیە، کەلەلایەن ئافەریدەکارەوە رێ پێدراوە بۆ هەڵخەڵەتاندنی مرۆڤ و دەبێت خودی مرۆڤ بۆ خۆی هوشیار بێت و تەسلیم بەو فریودەرە کەونییە نەبێت و جڵەوی نەفس و شەهەوات و حەز و ئارەزووەکانی بگرێت.

ئەمە هاوکێشەیەکی بنەڕەتی پاکبوونەوەو بگرەو بەردەی مابەینی باوەڕ و بێ بڕواییەو وەك بینیمان لەخودی دنیابینی فەلسەفەییانەی یۆگا-شدا هەیە. باشە تۆ بڵێی "کۆمەڵی هەقە" دوور و نزیك هەوڵێکیان بۆ پاکبوونەوەی رۆحی خۆیان دابێت، تا ببنە درێژکراوەی ڕێبازێکی میستیکی و سۆفیستی و بەتایبەتیش"نەقشبەندی وەك ئیدیعای دەکەن، چونکە ئەگەر تەنها



حیسابیان بۆ دنیاو بوونی فیزیکی و ماتەریاڵی خۆیان کردبێت و لەهەوڵی تێرکردنی غەریزەکانیاندا بووبێتن و هێندەی یۆگی-یەك بیریان لەبوون و گەردوون و ئافەریدەکار نەکردبێتەوە و وەك لەبەسەرهات و درێژەی رووداوەکاندا دەکەوێتەڕوو، ئەی لەکوێدا بەسۆفیزم و بۆچوونە قووڵە رۆحییەکان دەگەنەوە، یان لەکوێدا دەبنەوە بەتەریقەتێکی ئیماندار و زۆر پرسیاری دیکەی تر کەهەقە سەبارەت بە"هەقە" مەترەح بن؟!

**هەقە-کان ؟!**

بەپێی گێڕانەوە مێژووییەکان و ئاماژە پێدانی ئەم و ئەو سەرچاوە، ئاستەمە  لەڕوانگەیەکی ئایینی رەهاو بەتایبەتیش وەك خاوەن تەریقەتێکی جدیانەی سۆفیستی و زاهیدێتی تێیان بڕوانین؟!

چونکە بەتەواویی ئەوەی ئەوان کردوویانە، پێناچێت شەتەحات و تەجاوزات و خوروقاتی حاڵگرتن و "مەستبوون-سەکەر"ی سۆفیستانە بێت!؟

جێگەی باسە ئەوە بهێنینەوە یاد خۆمان، ئێمە کاتێك باس لەڕێبازێکی ئایینی جدی دەکەین, بۆ نموونە وەك ڕێبازی ئایینی ئێزیدی، باس لەئایینێکی حەقیقی پڕ لەئیمان و باوەڕی راستەقینەی کۆمەڵە خەڵکێك دەکەین، ئیتر چەند جیاواز و دوور بن لەئایینەکانی تر، جدی بوونێك لەناوەڕۆکی ئایینەکەیاندا هەیە کەناکرێت نکوڵی لێبکرێت، چ وەك باوەڕ و ئیمان و چ وەك مەوجودییەتی ئیتنیکی و کەلچەریی و فەرهەنگی و تاد..

هەر ئەمەشە وای لەگەڕیدەیەکی ناوداری موسڵمانی وەك"ئیبن بەتووتە" کردووە، کەبەڕێزەوە لەگەشتنامەکەیدا ئاماژە بەجوامێری و میوان پەروەری شێخێکی ئێزیدی خەڵکی"شەنگال" بدات و منەتباری خۆی دەرحەق بەهەڵوێستی جوانی ئەو دەربڕێت.

بۆیە لێرەدا حەقە بپرسین، ئەگەر ئەوەی سەبارەت بەحەقە-کان دەگوترێت گشتی درۆ و بووختان بێت، ئەی بۆ دەبێت  بەدرێژایی مێژوو، بوختانی ئاوا بۆ نموونە بۆ ئێزیدییان هەڵنەبەسترابێت، ئەمە جگە لەوەی  نەك هەر کوردانی موسڵمان کە کوردانی ئێزیدییان خۆش ویستووە، بەڵکو تەنانەت لەسەردەمی حوکمی ئیسلام-یشدا، پێناچێت پێوەندییەکی زۆر

نائاسایی هەبووبێت و لێرەدا بەپێویستی دەزانین چەند پەرەگرافێکی کتێبی-کوردەکان-ی "میهرداد. ئیزەدی"

بەنموونە بهێنینەوە:

( کاتێك -سەلاحەدینی ئەیوبی- ئەنتاکیای داگیرکرد، زۆربەی خەڵکەکەی و تا زنجیرە چیاکانی ئامانۆس-یش، ئێزیدی بوون و لەو سەردەمەدا ئێزیدییەکان توانییان، کوردە غەیرە موسڵمان و مەسیحییەکان بکەنەوە بەئێزیدی و پاشان بەسەر زۆر ناوچەی وەك"ورمێ"و"سیواس"و"کەرکوك"دا بڵاوبوونەوەو لەچەرخی"سیازدە و چواردە"دا توانییان هێزێکی سیاسی و عەسکەری پێکەوە بنێن و ماوەیەك لەناوچەی "جیزرە-جزرە" حوکم بکەن و شایانی باسیشە لەو دەمەدا میری ناوچەی "شام" ئێزیدی بووە.

لەساڵی ١٢٩٧دا "زەینەدین یوسف" کەواعیزێکی ئێزیدی بووە، توانیویەتی زۆر کۆمەڵەی سەر بەئێزیدییان لەشام و قاهیرە-دا دابمەزرێنێت.. ناوبراو لەقاهیرە-دا کۆچی کردووەو هێشتاکە گۆڕەکەی لەوێدایە).

ئاشکرایە هەر بەدواداچوویەکی ژیان و سەرگوزشتەی ئەو زاتە، باش ئەوە دەزانێت، کە"سەلاحەدینی ئەیوبی" پاش نەخۆش کەوتنێکی سەخت کەدەیگەیەنێتە لێواری مەرگ و پاش بینینی خەونێك بەوەی کەخودای بەخشندەو میهرەبان ئەو دەمە لەگوناهەکانی خۆش دەبێت، کە"قودس" رزگار بکات، ئیدی بەشێکی موعجیزەی ئازایەتی ئەو زاتە لەو باوەڕە ئایینییە قووڵەیەوە هەڵقووڵاوە. باشە کەواتە چ شتێك هەیە "سەلاحەدینی ئەیوبی" بێدەنگ بکات بەرانبەر بەئازادی هەڵسووڕانی ئێزیدییان بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینییان، لەکاتێکدا ئەم سەرکردەیەکی زۆر دەستڕۆیشتوو و بەتوانای ئەو دەمی موسڵمانان بووە؟!

پێشم وایە وەڵامەکەی زۆر ئاسان و ئاشکرایەو پێویستی بەهیچ خۆ ماندووکردنێك نییەو ئێستاشی لەگەڵدا بێت کوردانی موسڵمان، کوردانی ئێزیدی و کاکەیی و ئەوانەی تریشیان خۆشگەرەك بووە. کەواتە دیارە رك و کینەی بەشێکی بەرچاوی موسڵمانە کوردەکانی ئەو دەم دەرحەق بە-هەقە-کان، تەنها لەجیاوازییە ئایینییەکانەوە سەرچاوەی نەگرتووە.

ئەمە جگە لەوەی زۆربەی ئەوەی سەبارەت بەدنیای هاوبەشییانەی سۆسیۆ-ئیکۆنۆمیکی هەقەکان باس دەکرێت و زۆر کەسی پێخۆشباوەڕ و گەشبین بووە... لەڕوویەکی تریشەوە



پێناچێت بەتەواویی وابووبێت و زۆر شت هەر لەچاوبەستەگی چووەو لەپشت هەموو ئەو یەکسانی و برایەتی و مرۆڤ دۆستییە سەرزارەکییەوە، نکوولی لەبوونی کارێزمای شێخ و دەستەو تاقمێکی خۆسەپێن ناکرێت؟!.

## لێکچوونی هەقە-کان و ئەوانی تر؟

لەکتێبی "کۆمەڵی هەقە"، لەسەر زاری "شاکر فەتاح"،ل١٧٩-١٨١دا هاتووە:

( هەقەکان: خۆپەرستان و پوول پەرستان هێندە دەستکاری ئایینی پاکی ئیسلامیان کردو بۆ کەڵکی ناپوختەی خۆیان، ئەم کوردەوارییە بەسەزمانەیان چەواشەکردو بەهەموو جۆرە فروفێڵێك رووتاندویانەتەوە، دوابیەکەی ئەم تەکیەو خانەقاو پرچ و ریش و تەپڵ و دەف و بەشیر سەربڕین و شاپڵێتە خواردن و شێخ و خەلیفەو دەروێش و مریدەیان پەیداکردو رێڕەوی نەقشبەندییان گۆڕی و خستیانە شێوەی "رێڕەوی هەقە"، وە "رێڕەوی هەقە"یش کەتلێی "رێڕەوی نەقشبەندیی"یە، ئەگەر هیچی لێ نەڵێین، کەبووەتە هۆی بێ کار و فرمانی و گێژ و وێژیی و نەزانی، لەبەر ئەوە یەکێکە لەدوژمنەکانی گەلی "کورد نەژاد".

لەبەر ئەوە پێویستە بەهەموو هێزێکمانەوە کۆشش و خەبات بکەین، ئەمانەی بوون بەهەقە بیانخەینەوە سەر ئایینە پاکەکەی ئیسلام. وەك بۆمان دەرکەوتووە"رێڕەوی هەقە" کەبەم جۆرە بەنهێنی گیراوەو شاراوەتەوەو لەهەقەکان بەولاوە ناهێڵن کەس تێی بگات، چووەتەوە سەر رێڕەوی "ئیسماعیلییەکان" کەهەر چییەك خۆشی پێ گەیاندبێتن، لایان رەوا بووە! شێخەکانیان بەهەشت و دۆزەخیان بۆ دانابوون، لەپێشەوە بەنگ و تریاکیان داوە بەدەروێش و مریدەکانیان تا بێهۆشیان کردوون، ئینجا هەر فرمانێکیان ئارەزوو بووە، پێیان سپاردوون و دەروێشەکان بەکارتێکردنی ئەو بێهۆش داڕووانە، دەست بەجێ فرمانەکانیان بۆ جێبەجێ کردوون. زانست وا پیشان دەدات ئەوەی ئەو جۆرە دەرمانانەی بدرێتێ، هەرچی پێی بڵێیت بەقسەت دەکات، با زیان و نەمانی خۆیشی تێدا بێت، چونکە بەتەنیشت ئەو دەرمانانەوە، هۆش و خواستی مرۆڤ کز دەبێ، دەتوانرێ بەهۆی نوواندنی موگناتیسییەوە یاخود چاو بەستەوە، کار لەوانە بکرێ، هەر کارێکیان پێ بسپێررێ پێیان راپەڕێنرێ، پاشان کەهاتنەوە هۆشی خۆیان، هەر چییەکییان

پێ وتراوەو پیشان دراوە، لەبیریان دەچێتەوە. ئێمە ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە کەهەقەکانی ئێمە لەلایەن شێخەکانیانەوە لەهەموو کۆبوونەوەیەکیاندا ئەوەیان دەرخوارد دەدرێت، بێجگە لەئەوە وەك چاومان پێ دەکەوێت زۆر لەهەقەکان چاویان هەموو دەم ئەبلەق و کزە!

زۆریشیان کز و بێهێز و سستن. لەدەنگی بەرز دادەچڵکێن، ئەمانە هەموویان نیشانەی خواردنی بێ هۆشدار یاخود دەرمانانی بیهۆشکردنن-کۆمەڵە رۆژنامەی چەمچەماڵ، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٣،ژمارە ٧ل١٠١-١٠٣).

لەم خستەڕووەدا پێش هەموو شتێك شوبهاندنیان بە"ئیسماعیلییەکان" سەرنجمان رادەکێشێت، جا ئەمە چەند رووکەشیانە وایە، یان وانییە، ئەوە مەسەلەیەکی ترەو ئەوەی گرنگەو زۆر پێویستە بێ سێ و دوو ئاماژەی پێ بدەین، ئەوەیە کەلەڕووی باوەڕ و دنیابینییەوە ئیسماعیلییەکان هەمیشە بڕوایان وابووە کەهەر دەبێت "ئیمام"ێك لەدنیادا چ بەئاشکرایی یان پەنهانی هەبێت. لای ئەوان ئافەریدەکار دروستکەر و کۆکەرەوەو دادوەری دوو دژەو سەلماندنی بوونیشی پەیوەستە بەهاوبەشێتی خۆیی و زاتی بوونەوەران، ئەمە جگە لەگرنگێتی حەوتەوانەی شتەکان، وەك حەوت ئیمام وحەوت تەبەقەی ئاسمان و حەوت گەڕۆك و حەوت رۆژی هەفتەو تاد..

تەنانەت یەکێك لەو تایبەتمەندییانەی کەپێی دەناسرێنەوە لەڕووی فیکریی و شیفرەبازییانەوە، رۆچوونی قووڵیانە بۆ نێو دنیای ژمارەکان و هەوڵدانی تەواویانە بۆ خوێندنەوەی ئایەتەکانی قورئان، لەمیانی کۆکردنەوەو دابەشکردنیانەوە لەڕووی ژمارەییەوە، تا دەگەنە ئەو ژمارانەی کەواتاو دەلالەتی قووڵیان هەیەو دەکرێت ئێستاو ئایندەی پێ بخوێنرێتەوەو بەشێوەیەکی بەرچاویش خودی موعجیزەی ئیلاهی لەژمارەکاندا دەبیننەوە و تەنانەت زۆر بەئاسانیش هەست بەکاریگەری بیروبۆچوونی فیساگۆرسییەکان دەکرێت لەسەریان کەپێیان وابووە، هاوشێوەبوون لەنێوان وێنەی ژمارەکان و وێنەی شتەکاندا هەیە، دیارە لێرەدا ئاستەمە وردو درشتی دنیابینی فەلسەفییانەی ئیسماعیلییەکان بخەینەڕوو، تەنها مەبەستێکمان لەو ئاماژەپێدانانەدا روونکردنەوەی قووڵی دنیا بینی فەلسەفییانەی ئیسماعیلییەکان-ە کەناکرێت بەهیچ کلۆجێك لەو رووەوە بە-هەقە-کانیان بشووبهێنین.



کاتێك بەدرێژکراوەی نەقشبەندییەکانیش دەردێنە قەڵەم، دەکەوینە هەڵەیەکی قووڵەوە، چ وەك ئەوەی نەقشبەندییەکان لەگوتەی:

"خودایە تۆ مەقسەدو رازی بوونیشت مەتڵەبمانە"ی "ئەبوبەکری سدیق"ەوە دەست پێدەکەن و زۆر بەقووڵی دنیابینی فەلسەفییان لەئەدەبیات و گوتار و زیکرەکانیاندا وەدەر دەکەوێت و وەك خۆیان پێیان وایە هەڵگری سلووك و رەوشتی عیبادەئەلرەحمان و ملکەچانی رێگەی حەقن، ئیدی دواتر دەگەنە کوێ و چەند ئەوەی کەدەدیکەن لەگەڵ رێ و رەسمە شەرعییەکانی ئایین، یان ئایەتەکانی قورئاندا دێنەوە، ئەوەیان مەسەلەیەکی ترە..بەڵام بەئاشکراو لەڕوو و بێ هیچ پەردەپۆشییەك، حەلەقاتی زیکریان و زیاتریش پاش نوێژی عەسران، لەزۆر رۆژانی هەفتەدا و لەنێو مزگەوتەکاندا بەڕێوە دەچێت و هیچ شتێکی بەرچاوی دژە پەرستن و زیکری خودای تێدا نییە، تا دەرئەنجام بزووتنەوەیەکی وەك هەقە-کانی لێ بکەوێتەوە!؟ ئەمە جگە لەوەی نەقشبەندییەکان خاوەنی چەندین کتێبی تایبەت بەتەریقەتەکەی خۆیانن و زۆر بەوردی و زیرەکانە تەریقەتەکەیان دەبەنەوە نێو قووڵاییەکانی ئایینی ئیسلام، چەندین ئایەت و گوتەی پێغەمبەریش"د.خ" دەکەنە پاڵپشتی دنیابینییان.

وەك زانراویشە ئیدامەدان بەپەرستنی خوداو لانەدان و پاشگەز نەبوونەوە، بۆ ئەوەیە وەك لەقورئاندا هاتووە:

( واعبد ربك حتى ياتيك اليقين٩٩الحجر).

هەر ئەمەشە وا لە"سالیك"ی رێچکە سۆفیستییەکان دەکات، کەجیاواز لەموسڵمانێکی ئاسایی خەریکی خوداپەرستی بێت. شایانی باسیشە، دەکرێت کەسێك موسڵمان بێت و هەموو فەرز و سونەتەکانی ئایینیش جێ بەجێ بکات، بەڵام مەرج نییە ئیماندار بێت؟!.

هەر وەك لەقورئاندا دەفەرموێت:

( قل لم تومنوا ولكن قولوا اسلمنا).

بۆیە وەك زانراوە هەوڵ و تێکۆشانی زاهید و رەبەن و سۆفی و مورید و سالیك و هاوچەشنەکانی بۆ گەیشتنە یەقین و بەدەست هێنانی چێتر زیاتری ئیمانە، نەك لەدەست دان و دوورکەوتنەوە لێی، جا رێگەی ئەمەش لەنوێژ رۆژو و عیبادەتی زیاد و زۆری ئەو کەسانەوە مەیسەر دەبێت، کەهەمیشە بۆتە مایەی ئیعجابی دینداری ئاسایی و تەنانەت زۆرجارانیش

واق ورمانیان، لەتوانای ڕۆژوو گرتنی نیمچە بەردەوام و نوێژی زۆر و زیکرکردنی بێکۆتای ئەو کەسانە، سەرباری خۆ مەحروم کردنیان نەك هەر لەشتە حەرامەکان، بەڵکو زۆرجار لەشتە ڕێگە پێدراو و حەڵاڵەکانیش ؟!

لەلاپەڕە ١٧٨-ی کتێبی کۆمەڵی هەقە-دا لەسەر زاری "ئیدمۆنز" هاتووە:

( ئەم تەریقەتە نهێنییە گەلێك ڕێوشوێنی ئایینی پێشێل کردبوو: سۆفییان بینیوە تا سەری ناوەتە پیسایی ئاژەڵەوەو زیکری خوای کردووە، شێوەیەك لەموڵکداریێتی گشتییان هەبووە، لەوانە : موڵکداریێتی گشتی بەسەر ژناندا. گروپی تێکەڵاوی ژن و پیاویان بەیەکەوە بینیوە، پیاویان بینیوە کەبەرگی ژنانەی لەبەردابووەو زێڕ و زیوی بەخۆوە کردووەو دوای خۆرئاوابوون لەدەوری تەپۆڵکەکانی نزیك دێ، خولاوەتەوە. لەکاتێکدا کەژن و پیاو لەحەوزی مزگەوتدا بەیەکەوە مەلەیان کردووە، هەندێك جار لەگەڵ خۆیاندا سەگیشیان بردووەتە ناو ئاوەکەوە- کەدیارە لەڕوانگەی موسڵمانانەوەو بەپێی مەزهەبی حەنەفی، سەگی تەڕ حەرامە- قاپ و جامی پڕ لەمیزیان بەدەست گێڕاوە. دوای هێرشی تاقمێك لەسۆفی حاڵگرتوو بۆ سەر مزگەوتی سەرگەڵو و سووتاندنی لاپەڕەیەکی قورئان......).

زۆر سەیرە هەموو ئەو دیمەنانەی کە"ئیدمۆنز" لەبارەی هەقە-کانەوە دەیخاتەڕوو، کۆکراوەی کۆمەڵێك دیاردەی تاڕادەیەك دوورن لەواقیعی کوردییەوەو ئەوەی کەلەبوونی گەلێك کۆنی سەماکردنی پیاوان بەجلی ژنانەوە دڵنیامان دەکات، بوونی واقیعیانەی ئەو دیاردەیەیە واتە سەماکردنی پیاوان بەجلی ژنانەوە، لەهەندێك ناوچەی "دەریای ڕەش-قەرەدەنیز"دا، بەتایبەتیش دانیشتووانی شاری"قەستەموونو"، ئیدی لەئاهەنگ و بۆنەکاندا پیاوانی سەماکەریان بەجلی ژنانەوەو هاوشێوەی سەمای ناسراو بەسەمای ڕۆژهەڵاتی.. دەکەونە سمت بادان و سنگ هەڵپەڕاندن و نوشتانەوەو خۆ خستنە باوەشی ئەم و ئەوەوە..شایانی باسیشە ئەم جۆرە سەمایە بەهیچ شێوەیەك ناچێتە نێو دنیای سەمای بەناو سۆفیستییەوە، وەك ئەوەی سەماکەرەکانی تەریقەتی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی دەیکەن، کەسەرباری نەشیاوبوونی لەڕووی شەرعی بوون و جدیەتی خواپەرستن لەئایینی ئیسلامدا، بەڵام هەر هیچ نەبێت، هونەری بوونێکی تەواو لەسەماکانیاندا هەیەو تا بڵێی جدین لەئەنجامدانیداو تەنها کارێکیشیان هەڵسووڕان و هەڵسووڕانی بەردەوامە لەنێو کەشێکی ڕۆحی و ئارامییەکی قووڵدا.



گەر بگەڕێینەوە بۆ ئاماژەپێدانەکەی"ئیدمۆنز" دەبێت زۆر پرسیار سەبارەت بەو سەمایە بکەین و بزانین چەند پێوەندی بەرێبازی هەقە-کانەوە هەیە، یان ئەگەر پێوەندی پێوە نەبێت، بۆ کراوەو چ کوردێك هەیە لەهۆشمەندییەکی تەواوداو لەو زەمەن و مەکانەی ئەو دەمەدا توانیبێتی کارێکی وا ئەنجام بدات، تۆ بڵێی ئەو کەسەی ئەوەی ئەنجام دابێت، سەرخۆش بووبێت؟! یان وەك "شاکیر فەتاح" ئاماژەی پێدەدات ماددەی بێهۆشکەری پێ درابێت؟! مەبەستم ئەوەیە بەتاك یان بەکۆمەڵ پێیان درابێت و ئیتر هەیان بێت بەقاپ میزی گێڕابێت و هەشیان بێت شتی دیکەی ئەنجام دابێت، جا سەیریش لەوەدایە میزگێڕانیش بەقاپ و بەکارهێنانی، بەسەرهاتێکی ترەو لەلایەن ئەنجامدەرانی سیحر و ساحیرانەوە بەکار دێت، وەك بەتاڵکردنەوەی خودی سیحر بەمیز و ئەویش بەمیزکردنە بەر دەرکەو زۆر شتی قۆڕو بێمانای نێو کتێبەکانی سیحر و تەلسم و تەعویزەکان و هاوچەشنەکانی..ئەمە جگە لەوەی وەك خۆم، زۆر بەگوومانەوە دەڕوانمە ئەو دێڕەی "ئەدمۆنز":

"قاپ و جامی پڕ لەمیزیان بەدەست گێڕاوە".

یان دەڵێت:

"هەندێ جار لەگەڵ خۆیاندا سەگیشیان بردووەتە ناو ئاوەکەوە-کەدیارە لەڕوانگەی موسڵمانانەوە و بەپێی مەزهەبی حەنەفی سەگی تەڕ حەرامە-".

ئەم دێڕەش ئەوەندەی دێڕەکەی پێشووتر و بگرە زیاتریش گومانم لا دروست دەکات، ئەگەر هەڵەی چاپ نەبێت، چۆن دەبێت —ئەدمۆنز- نەیزانیبێت، زۆرینەی کورد شافیعی-یە نەك حەنەفی، لەلایەکی تریشەوە وەك زۆر بیانی لێی تێگەیشتووە، شافیعییەکان و بەتایبەتیش کوردەکانن وەك باس دەکرێن، سەگیان پێ گڵاوەو هەر تەماسێکیان لەگەڵی هەبێت، بەقووڕە سوور پاکژی دەکەنەوەو ئیدی بەقەناعەتی ئەوان گڵاوییەکەی نامێنێت.

شایانی باسیشە تورکە سوونییەکان بەپێچەوانەی کوردەوە حەنەفی-ین، باشە تۆ بڵێی کوردی ئەو ناوچەیە حەنەفی مەزهەب بن؟!!

یان بەپێی لێکچوونی سەمای ئەوان و "تورکە قەرەدەنیزییەکانی قەستەموونو" هەر بەڕەچەڵەکیش تورك بن؟!!

هەرچەند هیچ پێناچێت و تائێستاش ئاماژەپێدانێکی لەو چەشنەم نەکەوتۆتە بەرچاو.

بەڵام هەندێك نمونەی مێژوویی هەن، وەك

"میهرداد.ئیزەدی" لەکتێبی "کوردەکان"دا ئاماژەی بۆ دەکات، گوایە روویداوەو بەدرێژایی مێژوو و لێرە و لەوێ هەندێك کۆمەڵ و عەشرەتی کورد بێ هیچ زەبر و زۆرێك و لەهەلومەرجە مێژووییە تایبەتەکاندا، بۆ نمونە بوویێتنە ئازەری و تورك و فارس و تاد..هەر وەك چۆن باسیش لە زۆر عەشرەتی غەیرە کورد دەکات هەر بۆ نمونە لەتورك و فارس و تاد.. کە لەڕۆژگارێکدا بوونەتە کورد، جا ئەمە وابووە یان نەبووە، ئەوە لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەی قووڵی گەرەکە، بەڵام یەکێك لەنموونەکانی عەشیرەتی سندی-یە کەگوایە باو و باپیرانیان لەسند-ەوە هاتوون و پاش نیشتەجێ بوونیان لەکوردستاندا، بوونەتە کورد ؟!

ئیدی گۆڕانکاری ئیتنیکی لەسەردەمانێکدا چۆن بوویێت ، بەڵام لەسەردەمی عوسمانییەکاندا، هیچ نکوڵی لەسیاسەتی بەتورککردنی بەردەوامی دەوڵەت ناکرێت، کەبەدرێژایی مێژوو لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیاندا پیادەیان کردووە.. ئەمە بێجگە لەهات و چۆی کۆچەرییەکانی تورك بەکوردستانداو سەرباری نیشتەجێ بوون و تێکەڵبوونیان، ئەوەی ئەم بیربۆچوونانەش پشت راستدەکاتەوە، واتە تێکەڵبوونی دوو سەرەی چ کورد لەگەڵ تورك، چ تورك لەگەڵ کورد، وتارێکی "داڤید مێکداڵ-ە بەناوی -کوردە عەلەوییەکان-٧-" کەلێرەدا چەند پەرەگرافێکی بەنموونە دەهێنینەوە، یەکەم پەرەگرافیشیان تایبەتە بەو چەشنە تێکەڵ بوونەو ئەوانەی تریش رەنگە هەندێك نموونەو دیاردەی تری بەراوردکاری گرنگمان وەبیر بێنێتەوە:

(١-کۆمەڵێك لەتورکە عەلەوییەکانیش هەن کە ددان بەشوناسنامەی کوردیدا دەنێن و هەندێکیشیان بەر لەچەند سەدەیەك لەمەوبەر ئاوێزانی کولتووری کوردی بوون.

لەسەردەمانێکیشدا هەندێك لەکوردە سونییە کۆچەرییەکان تێکەڵ بەتورکمەنە عەلەوییەکان بوون و ئیدی کوردەکان سیستمی باوەڕی ئایینی عەلەوییەکانیان وەرگرتووەو تورکمەنەکانیش کولتووری کوردیان لەخۆ گرتووەو تەنانەت زۆرێك لەتورکەکانی تریش تازەمەنێکی نزیکیش, دژ بەپۆلێنکردن و رەفزکردنی جوداخوازانە بوون و وەك سیمبۆلیش شوناسنەمەی کوردیان قبوولکردووە.



٢- عەلەوی زۆر جار و بەواتایەکی گشتی وەك دەلالەت لەشیعەو پانتاییەکی بەرفراوانی باوەڕی دەروێشانە دەخرێتەڕوو.

بەڵام زیاتر وەك تێکەڵەیەك لەبیرۆکەی شیعییەت و مازدەیزمی فارسی و مەسیحییەت, لەسەرەتای چەرخی شانزەیەم و پێش سەردەمی عوسمانییەکان, لەخۆرهەڵاتی ئەنادۆڵداو لەنێو خێڵە تورکمەن و کوردەکاندا جێی خۆی کردەوە.. کە بیروباوەڕەکانی نێوەڕاستی ئاسیاش لەخۆ دەگرێت.

ئەم عەلەوییانەی کە "قزڵ باش"یشیان پێدەگوترا(بەهۆی ئەو سەروپێچە سوورانەی کەلەسەریان دەبەست), لەتەك ئیمپراتۆریەتی "فارسی-شیعە" دژ بەعوسمانییەکان جەنگاون, بەڵام پاش ئەوەی لەساڵی ١٥١٤دا عوسمانییەکان توانیان هێزە ئێرانییەکان لەئەنادۆڵ وەدەربنێن, بەتۆبزی زێد و خاکی نیشتەجێبوونی عەلەوییەکان خراوەتە پاڵ خاکی عوسمانییەکان.

٣- عەلەوییەکان پێنج مەرجەکەی ئیسلامیان پشت گوێ خستووە: شەهادەت و نوێژی پێنج فەرزەو زەکات و رۆژوو و چوونە حەج.

بەپێی باوەڕی سونییەکانیش خراپترین خاڵی سنووربەزاندنی عەلەوییەکان, لەدەست نوێژنەگرتنی پێش دوعاکردنیاندا بەرجەستە دەبێت.

٤- عەلەوییەکان گرنگی بەدار و درەخت-یش دەدەن, بەتایبەتیش دار و درەختی نزیك گۆڕی پیاوچاکان, هەر بۆیە مرۆڤەکان بەمەبەستی هاتنەدی نیازەکانیان, پارچە پەڕۆی هەمەجۆر لەو جۆرە دارانە دەئاڵێنن.

٥- لەگوندە عەلەوییەکاندا لەڕووی "سوسیۆ- ئیکۆنۆمیك"ەوە, شێوازێکی دیموکراتخوازانەمان دەکەوێتە بەرچاو- بەتایبەت ئەوان ئاغای گەورەی تایبەت بەزەوییان نییە و بەشێوەیەکی هاوبەش کار دەکەن-, بەهۆی ئەمانەو لەڕووی سیاسیشەوە بەمەبەستی خۆ جیاکردنەوە, عەلەوییەکان بەرەو چەپخوازی دەچن).

**بەر لەکۆتایی**

هەموو ئەو نموونانەی پێشتر و ئاماژەپێدانەکان و پەرەگرافەکانی سەرەوە، دەمانگەیەنەتە ئەوەی کەبڵێین: پێدەچێت هەقە-کان، سەرپێیانەو دەرئەنجامی تێکەڵبوونی چەندین شت و شتگەلی، تەنانەت زۆر جار دژ بەیەك و جوداو جیاواز و سەیر و سەمەرەو نەگونجاو و نەشیاو دروست بووبێتن.. واتە لەو شوێنانەدا کەپێت وایە گەیشتوویتە هەقە-کان و باس لەوان دەکەیت، لەڕاستیدا باس لەشتێکی تر دەکەیت.. یان کاتێك پێت وایە، واخەریکە دەستنووسێکی زۆر خەتەرناکی ئەوان، سەبارەت بەدنیابینی و شەتەحاتی سۆفیستییانەیان بێتە پێشچاوت و دانەرەکەشی خودی شێخێکی ناسراوی باڵێکی دیاری بزافەکەیانە، کەوەك دەگێڕنەوە سەیرترین و عەجایبترین ماجەرای ژیانی هەبووە.. بەڵام کاتێك چاوت بەهەقیقەتنامە-کەی "ل٢١٣،٢١٠-ی کۆمەڵی هەقە"دەکەوێت، نازانیت دەرحەق بەو گاڵتەجارە" شیعر-پەخشان"ەی کەباشترین دەربڕی ئەقڵیەتی ڕێبەرێکی بزافەکەیە چی بڵێیت و چۆن چۆنی سبەینێ زات بکەیت و ئەو هەزەلییاتە وەك خەتەرناکترین و پێموایە تەنها ، یان وەك نموونەیەکی تێکستێکی هەقە-کان وەربگێڕیتە سەر زمانێکی بیانی و ناچار بیت بەر لەوەی بیخوێننەوە پێیان بڵێیت، تکایە بەخوێندنەوەی مەدەنە قاقای پێکەنین و وامەزانن ئەمە نووسینێکی پڕ تڕووهات و فشقیاتە؟! چونکە ئێمە بەبوونی ئەم تێکستە دەبێت لەجێی پێکەنین بگرین و لەناخیشەوە بزەمان بێت بەوەی ، کەبەشێکی زۆری مێژووی دوور و نزیکی بزووتنەوەو بزاف و ڕێباز و ڕێچکە و تەریقەت و ئەوانەی تریشمان نە-نووسراو--ەتەوەو نەئاواش تەنزیری مەعریفی و کۆمیدیانەی"لاهوت-ناسوتی" لەدوو توێی "شیعر-پەخشان"دا بۆ کراوە، یان ئەگەر بۆشی کرابێت، پێمان نەگەیشتووە، تا وەك ئەم —هەقیقەتنامە-یە، بەخوێندنەوەی خەفەتبار و بێهوودە بین؟!

هەندێك دێڕی هەقیقەتنامەکە:

( عیلمی هەقیقەتمان خوێند، چی دەبێتە قسەو کەلیمە
مەلیکی ئێمە کێیە؟ کەریمە
ئەمە قسەیەکی کوردییە، کورت و موختەسەرە
دەلیلی هەق شوناسیمان برادەرە
ئەمە قسەیەکی ئیسبات و بێ شکە
ڕەفیقی قیامەتمان خوشکە



شەیتان عەدووە، دینمان دینارە
بۆچی؟ چونکە ئەوەڵ ئاخیر زەمانە
مانای ئاخیر زەمان..شەیتانە)

**دواجار و کۆتاییەکی کراوە**

دواجار و پاش خستەڕووی هەندێك دێڕی هەقیقەتنامەکە، پێم وایە دەبێت جارێکی تر و سەرلەنوێ بچمەوە نێو دنیای کتێبی —کۆمەڵی هەقە-کان و ئیدامە بدەمەوە بەخوێندنەوەکەو بەگوورِ و تینێکی نوێوە، ئەوەندەی کەدەکرێت و دەشێت، هەندێك شتی دیکە بووروژێنم؟!

بەڵام لەم دەرفەتەدا، سەرباری سڵکردنەوەم لەدرێژبوونەوەی نیمچە بێکۆتای وتارەکە، ناشمەوێت سەرجەم دەرکەکان ئاوەڵابکەم و مەبەستمەو پێم وایە، دەبێت کردنەوەی دەرکەکانی دیکە، بۆ خوێنەرانی جیدی کتێبەکە جێ بهێڵم و چەشن و شێوە جوداکانی خوێندەوەکانی تریش هەر بەوان بسپێرم....؟!

**سەرچاوەکان:**


( ١: کۆمەڵی هەقە/لێکۆڵینەوەی:ڕێبوار حەمە تۆفیق/ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد/٢٠١٠).
(٢: المکتبە المفقودە/لوتشیانو کانفورا/انترنیت).
(٣: هەمان سەرچاوەی پێشوو).
(KURTLER/MEHRDAD.R.iZADY/:٤
.-iSTANBUL"٢٠٠٤")
٥: هەمان سەرچاوەی پێشوو).
( ٦: هەمان سەرچاوەی پێشوو).
ALEViLiK VE KURTLER(inceleme-Arastrma- ٧):
Belgeler)/postfach١٣١٨٣١,٤٢٠٤٥wuppertal-١٩٩٧

-٧-

## یادەوەرییە تاڵەکانی ڕۆژگارێکی خوێناوی

هەرچەند هەردەم و هەمیشە لەکات و شوێنە جیاجیاکاندا بەتەماشاکردن و روانینە ئاسمان، خەنی بووم و خەنی دەبم؟! بەڵام ئەو دەمەی لە"ئەمنە سوورەکەی سلێمانی" زیندانی بووم و بۆ یەکەمجار کەبەدیواری یەکێک لەژوورە ئینفیرادییەکانیدا هەڵزنام و لەدەلاقەکەیەوە روانیمە ئاسمان، لەجێی ئەوەی وەک جاران بەبینینی ئاسمان خەنی ببم، بەشێوەیەکی سەیر و هەژێنەر دڵم پڕبوو.

لەو ساتەوەختەدا زۆر بەقووڵی هەستم بەدابڕان و ترازانی خۆم دەکرد؛ لەهەموو ئەو شتانەی کەدەکەوتنە دەرەوەی دیوارەکانی ئەو شوێنەی کەتێیدا زیندانی بووم.

ئیدی روانینە ئاسمان لەدەلاقەی ژوورێکی ئینفیرادییەوە، تووشی نامۆبوونێکی قووڵی کردم، نامۆبوونێکی جوداو جیاواز لەهەموو ئەو نامۆبوونانەی کەپێشتر بەرانبەر شتگەلە جیاجیاکان هەستم پێکردبوو؟! رەنگە یەکێک لەهۆکارەکانی ئەو چەشنە نامۆ بوونەشم، پەیوەست بێت بەوەی کەلەو ساتەوەختەی روانینمدا، ئاسمانم وەک ئەو ئاسمانە نەهاتە پێش چاو کەپێشتر دەمناسی و پێی ئاشنا بووم...ئاسمان لەو ساتەوەختەدا وەک من نەیار و نا ئاشنا و نامۆ بوو بەخۆی و سەرجەم شتەکان؟.

-ئێوارەیەکی تەڵخی ساڵی ١٩٩٠-



لەو ئێوارە تەڵخەدا، هەر لەخۆمەوە کەوتمە سەیرکردنی هەموو ئەلبوومە کۆنەکانم و وردبوونەوە لەزۆرێک لەوێنەکانی منداڵیم، بەتایبەتیش ئەو وێنانەی کەبەمنداڵی و پێکەوە، لەگەڵ باوکم پێش مەرگی گرتبوومان.

ئیدی لەو ساتەوەختەدا کەمن لەنێو یەکێک لەئەلبوومەکاندا تواببوومەوەو زۆر بەقووڵی دەمڕوانییە یەکە یەکەی وێنەکانی؛ بەبێ ئەوەی ئاگادار بم، پتر لەپانزە، بیست کەسێکی سەر بەهێزەکانی ئەمنی رژێمی پێشووی بەعس، بەباز لەدیواری پێشەوەی خانووەکەمانەوە، هاتبوونە نێو حەوشەکەمان و لەوێشەوە لەمیانی دەرکەی کراوەی راڕەوەکەمانەوە، ژمارەیەکی زۆریان هاتنە نێو ئەو ژوورەی کەمن و ئەلبوومەکانی گرتبووە خۆ.

هەر یەکسەر و بێ سێ و دوو، بەرەو دەرکەی دەرەوە، بەکەلەپچەکراوی بردیانم و لەوێشەوە بەلاندکرۆزێک بۆ " ئەمنی بەلدەی سلێمانی."

ئەو شەوەم لەوێ بردە سەر و بۆ سبەی بەیانییەکەی، هەر زوو چەند ئەمنێک ، پاش ئەوەی یەکێکیان بەپەڕۆیەکی تەڵخ و پیس چاوی بەستم .. بەئۆتۆمبیلێک منیان بردە نێو ئەو زیندانە گەورە ترسناکەی؛ کەدواتر زانیم ئەو شوێنە "مودیریەتی ئەمنی سلێمانی"یەو بە"ئەمنەسوورەکە" ناسراوە.

ئیتر هەر کەبردیانمە ژوور، بەرەو ئینفیرادییەکان بردیانم و پاش ماوەیەکی کەم؛ بەچاو بەستراوی بەرەو ژووری تەعزیب و تەحقیقیان بردم .. وێڕای شیڕە شیڕ و هوهاو دەنگە دەنگی بەئەنقەستی گاردەکان و تێهەڵدان؛ کەبۆ ترساندن بوو...

هەر کەبرامە ژووری تەعزیب و تەحقیق؛ بۆ یەکەمجار لەژیانمدا چاوم بە قولاپی هەڵواسین و ئامێری دەستیی ئەشکەنجەدانی بەکارەبا کەوت و هێندەی نەبرد دەستکرا بەئەشکەنجەدانم..سەرەتا هەڵواسین و دواتر کارەبا و جۆرەکانی دیکەی ئەشکەنجەدانی فیزیکیی و سایکۆلۆژیی؛ لەنێو ئەو ژوورە سامناکەدا کەبۆنی ئارەقەی جەستەو خوێنی لێ دەهات.

ئەوانەی راستەوخۆ کاری تەحقیق و تەعزیبی منیان لەدەستدا بوو؛ نەقیب "ماجید" و مفەوەز " تاریق" بوون، ئەمە جگە لەتێهەڵدان و سووکایەتی پێکردنی بەردەوامی

گاردەکانی دیکەی ئەمن؛ کەدووان لەوانەی بەتایبەت بەمنیانەوە گرتبوو، یەکێکیان ناوی "جومعە" و ئەوی تریشیان "ئەبودەلەف" بوو.

جا ئەم "ئەبودەلەف"ە، لەزلە لێداندا دەستی زۆر قورس بوو، سەرباری ئەوەی شێوازێکی زۆر تایبەتیشی هەبوو.. سەری زیندانییەکەی دەخستە مابەینی هەردوو دەستی.. یان بابڵێین هەر دوو دەستە زلەکانی دەخستە ئەم لاو ئەولای سەری زیندانییەکە و زۆر بەخێرایی بەزللەلێدان دایدەگرتەوە.. من وەک خۆم یەکێک بووم لەو زیندانییانەی؛ کەئازاری بەسوێی ئەو زللە گەرم و قورسانەی "ئەبو دەلەف"م چەشتووە...

**-بەسەرهاتەکانی نێو ئەمنەسوورەکە-**

سێ هەفتەی سەرەتام لەئینفیرادییەکانی نهۆمی دووەمدا بردە سەر و دواتر برامە هۆڵی سێ؛ کەئەویش هەر دەکەوتە نهۆمی دووەمی زیندانەکە، جا بەمەبەستی خستنەڕووی هەندێک لەو جەنگە سایکۆلۆژییانەی کەلەگەڵمان دەکرا، ئەوەندەی بتوانم لێرەدا ئاماژە بەهەندێک شت دەدەم؛ بۆ نموونە لەسەرما و سۆڵەی چلەی زستانی ئەو ساڵەی کەتێیدا زیندانی بووم، چەند جارێک ئێواران شووتییان بەژەم داینێ.. دیارە ئێستاشی لەگەڵدا بێت؛ نەمزانی لەو سەردەمەدا کەمیوە تەنها لەوەرزی خۆیدا هەبوو، ئەوان ئەو چەشنە شووتییەکۆڵە گچکانەیان لەکوێ پەیدا دەکرد، کەدەبوو وەک ژەم تەنها یەک شووتیی بدرێت بەزیاد لە ١٥-٢٠ زیندانیی؟.!

ئەمە جگە لەوەی کەجار جارە، گێزەر و کاهووی قووڕاویشیان بەژەم دەداینێ، ئەمە سەرباری ئەوەی هەموو ژەمە خواردنەکانی تریش زۆر کەم و خراپ بوون، وەک نموونەیەک ئەو دەمانەی کەخوورما وەک ژەم دەدرایە زیندانییەکان، هەر یەکەمان تەنها ٥-٦ دەنکە خوورمایەکی بەر دەکەوت و دەبا خۆی پێ تێرکردبا؟.!

جۆرێکی دیکەش لەو جەنگە سایکۆلۆژییانەی کەلەگەڵمان دەکرا و هەردەمیش دووبارە دەبۆوە؛ بانگکردن و بردنی زیندانییەکان بوو بۆ تەحقیق و تەعزیب لەکاتی ژەمە خواردنەکاندا.. یان بەئەنقەست لەکاتی ژەمەخواردنەکاندا، زیندانییە تازە دەستگیرکراوەکانیان لەمابەینی هۆڵەکانی زینداندا هەڵدەواسی و بەسۆندە و کێبڵ تێی دەکەوتن.. ئاشکرایە بۆ ئەشکەنجەدانی بەردەوامیشمان هەر شتێکی خراپیان



بەخەیاڵدا هاتبا، بێ سێ و دوو لەسەریان تاقی دەکردینەوە؛ رەنگە ناخۆشترینیان ئەو دەمانە بووبێت کەلەرۆژە هەرە ساردەکانی زستاندا، سەتڵە ئاویان دەکردە ژێرمان و ناچاریان دەکردین لەسەر پەتۆی تەڕ بخەوین، یان با بڵێین رابکشێین.. چونکە خەوتن لەنێو ئەمنە سوورەکەدا و بەتایبەتیش لەو ئان و ساتانەدا؛ لەئاستەم نزیک دەبۆوە؟...!

شایانی باسیشە لەنێو هۆڵەکاندا لەبەر کەمی ئەو پەتۆ پیس و بۆگەنانەی کەدەماندا بەخۆماندا، دەبا سێ لەمبەر و سێ لەوبەری هۆڵەکە، بەرانبەر بەیەک قاچ تێکەڵ بکەین و ئینجا هەر سیانمان بەجیا دوو پەتۆ بدات بەخۆیدا، واتە سێ زیندانی پێکەوە دەبوو لەژێر دوو پەتۆدا، یان جار هەبوو یەک پەتۆدا بخەوێت.. لەهەمووشی ناخۆشتر ئەوە بوو کەهەرگیز ساحیبەکانیان نەدەکوژانەوەو ئیشکردنی بەردەوامی ساحیبەکانیش لەزستاندا هێندەی دیکە هۆڵەکانی زیندانی ساردتر دەکرد..دیارە سەبارەت بەژوورە ئینفیرادییەکانیش؛ ئەوانەی ساحیبەکانیان ئیشی دەکرد..بەهەمان شێوە ، زیندانییەکانی نێویان.. بەزستانان، زێدەتر سەرمایان دەبوو..ئەمە جگە لەو دەنگە بێزارکەرە بەردەوامەی کەلەساحیبەکانەوە دەهاتن و هەر بۆ خۆی گەورەترین ئەشکەنجەدەری زیندانیی بوو، بەتایبەتیش زیندانییەکانی نێو ئینفیرادییەکان.

جا یەکێک لەو شتە سەیرانەی کەلەو دەمانەی لەنیو ئینفیرادییەکاندا بووم، کەوتە بەرچاوم؛ نیوەڕۆیەکیان کەزۆرم برسی بوو، "ئەبو دەلەف" بەتووڕەبوون و بۆڵەبۆڵەوە، دەرکەی ژووری ئینفیرادییەکەی کردەوەو نەڕاندی و گوتی: ( خێرا سەتڵی پیساییەکەت بڕێژە).

بەپەلە بەرەو ئاو دەستە پیسەکەی بەشی سەرەوەی ژوورە ئینفیرادییەکان چووم، خێرا ئەوەی لەسەتڵەکەدا بوو، ڕۆمکردە نێو ئاو دەستەکەو تاگەڕامەوە.. تەماشامکرد "ئەبودەلەف"، سەتڵی خواردنەکەمی دەرهێناوە ( لەڕاستیدا لەنێو زیندانە ئینفیرادییەکاندا، هەر زیندانییەک دوو سەتڵی دەدرایە؛ یەکێکیان بۆ " میزوپیسایی و ئەویتریشیان بۆ خواردن"....). ئیتر لەو رۆژەدا زۆر زیاتر لەرۆژانی تر شۆربای نسکێنەی بۆ کردمە نێو سەتڵەکە؛ واتە ئەو سەتڵەی کەلەبنەڕەتدا سەتڵی" میز و پیسایی" بوو؟!..ئەمە جگە لەوەی کەگاردەکانی ئەمن هەر خۆیان جار جار

بەمەبەستی ئەشکەنجەدانی سایکۆلۆژییانەی زیندانییەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەتڵەکان دەکرد؟.!

یەکێک لەشتە ناخۆشەکانی تریش ئەو ڕۆژانە بوو کەبەزۆر ریشیان پێ دەتاشین و دەبوو کۆمەڵ کۆمەڵ بەشی سەرەوەی جلکەکانمان دابکەنین و هەر یەکەمان پێش وەخت کەمێک ئاو بکەینە نێو یەکێک لەو بنە سەتڵە "ماست یان ئایس کرێم"انەی کەپێشتر وەک دەفر بەکارمان هێنابوو.. بەپەلە لەژێر لێدانی کێبڵ و شەق و زللەدا، دەبوو لەدەرکەی هۆڵی زیندانەکەوە بچینە ڕاڕەوەکە و لەوێ بەچیچکانەوە دابنیشین و بەدەستێک لەتە ئاوێنەیەکی شکاوی هێندەی سەدفلسییەکی جاران و بەدەستەکەی تریش گوێزانەکە بگرین.. ئەمە لەکاتێکدا جگە لەجوێن و سووکایەتی پێکردن، تا لەڕیش تاشینەکەش دەبووینەوە، بەکێبڵ و شەق، بەسەرە لێیان دەدایـن .. کاتێک زیاد لەشوێنێکی رووکاری هەر یەکێکمان زامدار دەبوو؛ گاردەکان بەبینینی ئەو خوێنەی کەلێرەو لەوێی دەمووچاوی هەریەکێکمان دادەچۆڕا، خەنی دەبوون و بۆ گاڵتەپێکردن و رابواردنیش یەکێک لەگاردەکان، بەتایبەتیش "ئەبودەلەف" دەیگوت:" پیرۆزتان بێت" و بەدواشیدا جرت و دواتریش قاقای لێدەدا.

**-یادەوەرییەکانی هۆڵی سێ-**

لەو شتانەی لەو هۆڵەدا زۆر ئازاری دام، زانینی هەواڵی گوللەبارانکردنی برادەرێکی منداڵیم بوو بەناوی"ئاسۆ کەمال موکورجی".. بەسەرهاتەکەشم لەکۆنترین کەسی زیندانکراوی نێو ئەمنەسوورەکەوە بیست.. ئەو زاتەی کەبەسەرهاتەکەی بۆ گێڕامەوە زیاد لەدوو-سێ ساڵ بوو لەوێدا زیندانی بوو..ئیدی بەرێکەوت ڕۆژێکیان بەسەرهاتی گوللەبارانکردنی"ئاسۆ"ی بۆ گێڕامەوە، کەچۆن ئێوارەیەکیان لیژنەی گوللەبارانکردن هاتوون، ناوی ئەو و چەند کەسێکی تریان خوێندۆتەوەو پاشان هەر ئەو ئێوارەیەو دەست بەجێ لەحەوشەی ئەمنەسوورەکەدا گوللەبارانکراون.

بۆ زانیاریش؛ لیژنەی گوللەبارانکردنی زیندانییەکانی ئەمنەسوورەکە، سەرباری زۆری ژمارەیان کەدەهاتن بۆ بردنی زیندانییەکی دیاریکراو، چەکداریش بوون، لەکاتێکدا هیچ کاتێکی تر گاردەکانی تر بەچەکەوە نەدەهاتنە نێو هۆڵەکان و بەردەمی؟.!



وەک خۆم ڕۆژی ١٩٩١/٣/٨، بۆ دواجار ئەو لیژنەی گوللەبارانکردنەم تێدا بینی، واتە ئەو ڕۆژەی کەتێیدا ئازادبووین، پێش چەند سەعاتێک لەئازادبوونمان؛ کۆمەڵێک ئەمنی چەکدار هاتن و"محەمەد" ناوێکیان لەگەڵ خۆیان برد و گوللەبارانیان کرد، بەڵام دیارە لەو ڕۆژەدا ئەمنەکان نەپەرژاونەتە سەر جێبەجێکردنی گوللەبارانکردنەکە بەپێی ڕێو رەسمی گوللەبارانکردنی نێو ئەمنەسوورەکە.

چونکە پێشتر و پێش گوللەبارانکردنی هەر زیندانییەک شۆڤڵێک لەحەوشەی ئەمنەسوورەکە دەکەوتە کار و ئەو خۆڵەی ڕێک دەخست؛ کەپێشتر لەشوێنی پێویستدا ڕۆکرابوو، ئەمەش بۆ چەقاندنی ئەو دارانە پێویست بوو، کەزیندانییەکانیان پێش گوللەبارانکردن پێوە دەبەستەوە.

زیاتریش ئێواران لیژنەی گوللەبارانکردن دەچوونە نێو زیندانەکەو هەر زیندانییەکیان مەبەست بایە دەیانبردو پاش کەمێکیش لەبردنی گوللەبارانیان دەکرد.

**-هۆڵی یەک و مانگرتن-**

بەژێر زەمینی نهۆمی یەکەمی زیندانی ئەمنەسوورەکە دەگوترا هۆڵی یەک..کاتێک هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانی، دەستیانکرد بەبۆردوومانکردنی شوێنەستراتیژییە"سەربازییەکانی" ڕژێمی پێشووی عێراق؛ هەر لەدەستپێکی ئەو بۆردوومانکردنانەدا، شەوێک هاتن و بەپەلە هەموو زیندانییەکانی نهۆمی دووەمیان گواستەوە بۆ هۆڵی یەک.. دیارە سەرباری ساردو سڕیی و شێدارییە هاوشێوەکەی لەگەڵ هۆڵەکانی دیکەی ئەمنەسوورەکە، شوێنێکی تاریکیش بوو.

ئیدی کۆبوونەوەی یەکەمجاری ئەو هەموو زیندانییە سیاسییەی کەلەیەک شوێندا ترنجابوونە یەک و بەش نەکردنی خواردن و خراپبوونی چەندێتی و چۆنیەتییەکەی لەچاو جاران؟!.. سەرباری گیرانی ئاودەستەکانی هەر دوو بەرەی هۆڵەکە، کەدەبوو بەقادرمەیەک بۆی بچیتە سەر، ئیتر کەئاودەستەکان گیران، هێندەی نەبرد هەرچی ئاو و پیسایی بوو، هاتە ژێرمان و بەمەش هەموو لەش و جێگەمان بوو بەپیسایی، دیارە ئەو بارودۆخە نا تەندروستەو وەک ئاماژەشم پێدا خراپی خواردنەکان و هەندێک هۆکاری دیکەش بوونە مایەی یەکگرتنی سەرجەم زیندانییەکانی نێو هۆڵەکە و ئەوە بوو هەر هەموومان بڕیارماندا کەمانبگرین.

هەر ئەو ڕۆژە نیوەڕۆکەی، کاتێک خواردنیان هێنا، یەک دوو زیندانی بەناوی هەموو زیندانییەکانی ئەو هۆڵەوە، لەو چەند گاردە ئەمنەی کەخواردنیان هێنابوو، چوونە پێش و گوتیان: "هەموومان بڕیارمانداوە کەنان نەخۆین."

ئیتر ئەمنەکان بەمە زۆر شڵەژان و بەپەلە و هەڵەداوان چوونە دەرێ و هێندەی نەبرد کۆمەڵێک لەکاربەدەستەکانی ئەمنەسوورەکە، مەبەستم لەپلەدارەکانێتی، هاتنەبەردەرکەی هۆڵەکەو پاش ئەوەی کەزانییان چاوسوورکردنەوەو هەڕەشەو گوڕەشە سوودی نییەو هیچ زیندانییەکی نێو ئەو هۆڵە ئامادە نییە ئەو چەشن و جۆرە خواردنانە بخوات کەتادەهات بەرەو خراپتر دەچوو..بەبێدەنگی چوونەدەر و پاش ماوەیەک، کاتێکمان زانی ژەمە خۆراکێکی زۆر و باش لەچاو ژەمە خواردنەکانی دیکەدا هێنران و بەخێرایی دابەشیان کرد بەسەرماندا.

دیارە مانگرتنی خۆمان و دواتریش خۆپیشاندانی کەس و کاریشمان لەدەرەوەی زیندان، بووە مایەی ڕێدان بەمواجەهەکردنی کەس و کارمان و هاتنی خواردن لەوانەوە بۆمان...

شایانی باسیشە هەموو ئەو ئاڵوگۆڕەی کەپێشتر ئاماژەم پێدا، یەک دوو هەفتەی تێپەڕنەکرد و کاتێکمان زانی کۆمەڵ کۆمەڵ جیایان کردینەوەو ڕەوانەی هۆڵەکانی سەرەوەیان کردین..ئەمە لەگەڵ ئەوەی کەپێم وایە ژمارەیەک لەو زیندانییانەی کەلەبنەڕەتدا لەهۆڵی یەکدا بوون، هەر لەشوێنی خۆیاندا هێڵرانەوە.

ئیتر ئەمجارەیان لەگەڵ کۆمەڵێک زیندانی تر، من وەک خۆم کەوتمە هۆڵی پێنجی نهۆمی دووەمی زیندانەکەو تا ڕۆژی ئازادبوونم، دەمەو نیوەڕۆی ١٩٩١/٣/٨، هەر لەو هۆڵەدا مامەوە.

شایانی باسیشە من وەک خۆم بەقاتێ پیجامەی هاوینەوە گیرام و تا ڕۆژی ئازادبوونیشم هەر ئەوەم لەبەردا بوو، واتە هەموو پاییز و زستانە تەڕو تووشە زۆر ساردەکەی ئەو ساڵەم بەجلی هاوینەوە بردە سەر..مەبەستم لەم ئاماژە پێدانەدا ئەوەیە کەزیندانی چی لەبەردا بووایە، تا ئەو ڕۆژەی دەبرا بۆ دادگا یان گوللەباران دەکرا، هەر ئەوە بوو.



یەکێک لەشتە هێجگار ناخۆشەکانی تریش؛ ناچاربوونمان بوو بەخۆشوشتن بەئاوی ساردی زستان، کەسەرمانی دەهێنایە ژان و دواتریش تا وشک دەبووینەوە، دەبوو لەسەرماندا هەڵبلەرزین، جا نەدەکرا بۆ قورتاربوون لەو ئەشکەنجەیە، بەتەواوی دەست بەرداری خۆ شوشتن ببین؟! چونکە نەخۆشییەکانی پێست و خوورانی بەردەوامی زۆر شوێنی لەشمان؛ لەژێر کاریگەری جموجۆڵی ئەسپێ زۆرەکان، کەزیاتر بەشەوان دەکەوتنە جووڵەو جموجۆڵ؛ نەک هەر کەسی زیندانیی ناڕەحەت دەکرد، بەڵکو بەتەواویی باری سایکۆلۆژیشی تێک دەدا..ئێستاش کەخوورانی بەردەوامی ئەو دەمی جەستەی خۆمم بیر دەکەوێتەوە، سەرباری ئەو هەموو ئەسپێیەی کەبەڕۆژ لەمابەینی تەقەڵی چاکەت و پانتۆڵی پیجامەکەمدا خۆیان حەشار دەداو بەشەویش جەستەمیان دەکردە مەنزڵ و ئۆقرەیان لێدەبڕیم؛ مووچڕک بەهەموو بەدەنمدا گوزەر دەکات؟.!

دەتوانم بڵێم ئەو بوونەوەرە بچووکەی کەپێی دەگوترێت ئەسپێ و بەتایبەتیش ئەسپێیەکانی نێو ئەمنەسوورەکە لەئەشکەنجەدانماندا هیچیان لە جەللادەکان کەمتر نەبوو!؟.

ئەشکەنجەدانی ئەسپێیەکان هەر لەگەڵ ڕاکشانمان و زیاتریش بەشەو دەستی پێدەکردو تا بەیانی بەردەوام دەبوو..دەیان بوونەوەری بچکۆلە پێکەوە دەکەوتنە جووڵەو لێرەو لەوێ خوێنیان دەمژیین، دواتریش شوێن گەستنەکانیان دەخووراو بەناچاری و خووراندنی زۆریش دەبووە مایەی زامدار بوونی شوێنە خووڕێنراوەکەو هەوکردنی؟.!

جا بۆیە ناچاردەبووین گەر بەئاوی نیمچە بەستووش بێت خۆمان بشۆین.. بەڵام ئاشکرایە خۆشوشتنی نێو زیندانی ئەمنەسوورەکە، هەر بەناو خۆشوشتن بوو، ئەگینا لەڕاستیدا خۆشوشتنەکە بریتی بوو لەوەی، کەبەخێرایی یەک دوو سەتڵ ئاو بکەیت بەخۆتدا..لەکاتێکدا نەلیفکە هەبوو نەسابوونێکی وات لەبەر دەستدا بوو کەکەف بکات، بەتایبەتیش بەو ئاوە ساردە؟!..سەرباری ئەوەی نە خاولیش هەبوو خۆتی پێ وشک بکەیتەوە..ڕەنگە یەکێک لەئەشکەنجە زۆر ناخۆشەکانی دنیاش بۆ هەر کەسێک ئەوە بێت، لەچلەی زستاندا ناچاری بکەیت، بەئاوێکی زۆر سارد خۆی بشوات..ئەمە

جگە لەوەی زۆرجار ئەو دەمانەی خۆمان تەرکردبوو، ئەمنەکان دەهاتن و دەبوو خێرا جلەکانمان لەبەر بکەین و پێشیان بکەوین بۆ ژووری تەحقیق و تەعزیب.

-یادەوەرییەکانی رۆژی ئازادبوون-

دەبێت هەر لەسەرەتاوە ئەوە بڵێم، بڕیار بوو کەمن و کۆمەڵێک لەهاوڕێکانم..لە٢١/٣/١٩٩١دا و لێرەو لەوێی شار، بەبەرچاویی خەڵکییەوە گوللەبارانبکرێین..بەڵام راپەڕینی جەماوەر بووە لەمپەری جێ بەجێکردنی ئەو بڕیارەی جەللادەکانی ئەمنەسوورەکەو سەرانیان.

شایانی باسیشە بەو پێیەی من وەک خۆم لەو دەمەدا لەهۆڵی پێنجی نهۆمی دووەمی زیندانی ئەمنە سوورەکە زیندانی بووم..زیاتر ئاگاداری رووداوەکانی ئەو نهۆمە بووم..بۆ نموونە؛ هەوڵدانی زیندانییەکانی هۆڵی سێ لەناوەوەرا؛ بۆ شکاندنی دەرکەی هۆڵەکەیان..یان ئەو قازیفەیەی کەبەر دیواری هۆڵەکەمان کەوت و باش بوو بەتەوایی دیوارەکەی نەبڕی، ئەگینا زۆربەمان دەکوژراین..بەڵام ئەوە بوو زیاتر دیوارەکەی لەناوەوەرا هەڵتەکاند و گەچێکی زۆریش بەسەر من و برادەرێکی تردا رژا..کەهەردووکمان لەو دەمەدا لەژێر شوێنی پیاکێشانەکەدا دانیشتبووین.

لەرێی ساحیبەو دەلاقەکانیشەوە؛ ..توانیمان بەشێکی ئەو حەشامەتە گەورەیە لەجەماوەری راپەڕیو ببینین.

بەهەرحاڵ دەمەو نیوەڕۆی ٨/٣/١٩٩١، ئەو ساتە مێژووییە بوو، کەهەرگیز تەسەووڕم نەدەکرد ببمە شاهید حاڵی و بەچاوی خۆم و لەنێو سامناکترین زیندانەوە، ئەو وەرچەرخانە گەورەیە ببینم و لەنزیکەوە گوێبیستی دەنگی شکانی یەکە یەکەی قفڵەکانی زیندانەکە ببم.

ئێستاش شێوەی ئەو کوڕە گەنجە باڵابەرزەم لەبەرچاوە، کەبەر لەوەی فیشەک بەیەکە یەکەی قفڵەکانی دەرکە داخراوەکانی نهۆمی دووەمەوە بنێت و بیانشکێنێت؛ هاواری دەکرد و دەیگوت:

"بچنە دواوە."

پاش شکانی قفڵەکانی ئەو چەند دەرکەیەی هۆڵەکەمان..ئیدی من وەک خۆم بەپێی پەتی و بەپیجامەیەکی هاوینەوە، لەگەڵ هەموو زیندانییەکانی نهۆمی دووەم،



بەخێرایی وەک ئەوەی لەدۆزەخ هەڵبێین؟!.. بەپێ پلیکانەکاندا هاتینە خوارێ و بیرمە کاتێک بەپێ پلیکانەکاندا هاتمە خوارێ، گوێم لەگریان و پاڕانەوەی کەسێک بوو بەزمانی عەرەبی؛ بەڵام بەشێوە نەمبینی و ئەو دەم و دواتریش نەمزانی کێ بوو!؟.

یەکێک لەشتە سەیرەکان ئەوە بوو، کاتێک ئازادبووین؛ من وەک خۆم بەسەرسامییەوە، لەنێوەراستی گۆڕەپانێکی ئەمنەسوورەکەدا..ماوەیەکی زۆر راوەستام..لەکاتێکدا ئەو شوێنە شوێنێکی زۆر خراپ بوو، چونکە هێشتاکە ئەمنەکان لەسەربان و شوێنە بەرزەکانی زۆربەی بیناکانی ئەمنەسوورەکەوە، لەگەرمەی شەڕەجەنگدا بوون و خۆیان نەدابوو بەدەستەوە.

ئیتر هەندێک لەو جەماوەرە راپەڕیوەی کەلەپەناو پاسارەکانەوە تەقەیان دەکردو بەتایبەتیش ئەوانەی کەبۆ ماوەیەکی کەم، بەهۆی هەر هۆکارێکەوە بووبێت، لەتەقەکردن دادەبڕان و بۆ کورتە ساتێک تێیان دەڕوانیم..زۆریان پێ سەیر بوو؟!..کەزیندانییەکی تازە ئازادبوو، بەپیجامەوەو بەپێی پەتی بەرانبەر قەنناسی ئەمنەکان راوەستابێت!!؟.

بەهەر حاڵ؛ تا کەسێک ئاگاداری کردم کەئەو شوێنە مەترسیدارە و پێویستە لەوێدا نەمێنم.. هەر لەوێدا و بەوپەڕی سەرسامییەوە، دەمڕوانییە یەکێک لەڕووداوە ئاڵوگۆڕئامێزەکانی مێژووی دەڤەرەکە...!!؟.

-٨-

## نامە یان نیمچە نامەیەك

## بۆ...........................؟!

بۆ ئەوەی ریتمی هێمنانەی ئێوە نەشێوێنم، ناچارم لە ناخی خۆمەوە، زۆر بەکپی، خامۆشانە، تەنانەت لەدەرەوەی دنیای دەنگەکان، بڵێم: ئەم کاتەتان باش؟!...

دەشزانم گەورەترین گرفتی ئێمە لەوەدایە هیچ کاتێکمان نییە باش بێت، نەشیاوە باشی لەساتەوەختەکانی ئەم زەمەنەدا ببینینەوە.

دوا نامەتان زۆر کاری تێکردم و ویستم لەرێی ئەم نامەیەوە بگەینە یەك و پێکەوە رێگەی سەفەرێکی سەیر و سەمەرە بگرینە بەر، بەڵام سەفەر بۆ کوێ؟!...

با وادانێین لەرێی خەیاڵ و وێنە زەینییەکانمانەوە سەرەتا دەگەینە لای " ئەمیل سیۆران"، ئەو نووسەرە سەیرەی کەدەڵێت:" من ماکبێسم".. دیارە لەخۆڕا وا ناڵێت و وەك خۆی دەڵێت:" من خۆم بەماکبێس بەراورد دەکەم هەرچەندە کەسم نەکوشتوە؟!.. بەڵام لەناوەوە هەڵگری هەمان ئەو چەشنە ژیانەم کە ئەو تێیدا ژیاوەو ئەوەی کە ئەو گوتویەتی منیش دەتوانم بڵێم". ئەم نووسەرە دەستبەرداری زمانی زگماکی خۆی بوو لەنووسینداو دەستیدایە نووسین بەزمانی فەرەنسی، وەك دەڵێت: " نووسین بەزمانێکی بیانی ئازادبوونە، رزگاربوونە لەڕابردوو".

دیارە ئەوەی کەدەمانکوژێت، یادەوەریی و ساتەوەختەکانی رابردووە بەهەموو شێوەو شکڵەکانییەوە، بەهەموو دەنگ و سەداو وێنەو دیمەنەکانییەوە، چونکە رابردوو



هەمیشە ئەو شوێنەیە، ئەو زەمەنەیە کەئێمە تێیدا دۆڕاوین، چونکە ئیدی ئەو شوێن و زەمەنانەمان لەدەستداو لەدەستدانی شوێن و زەمەنیش یەکێکە لەکارەساتە گەورەکان.. ئیدی هێدی هێدی بەتەمەنتر و بەتەمەنتر دەبین و لەویش موسیبەت تر مەرگە، مەرگێك کەناخۆشترین ساتی بۆگەنکردنمانە، چوونە ژێر گڵ و راکشانی ئەبەدیمانە، نەبینین و نەبیستن و هەستنەکردن و لەدەستدانی هەموو شتەکانمانە.. ئیدی بۆ هەین و ئاستەمە کەس لەحیکمەتی بوونمان حاڵی بێت، وەك سارتر دەڵێت:" هیچ مانایەك لەوەدانییە کەبژین و پاشان بمرین؟!"..

بێگومان لەم دنیایەدا گەڕان بەشوێن هیوادا زەیفێکی گەورەیە، خۆ هەڵخەڵەتاندنێکی بێ وێنەیە، ئێمە بەتەواوی نغرۆی عەبەسێکین کەناوی ژیانە.

بابچینەوە بۆ لای "ئەمیل سیۆران"، ئەم نووسەرە لەماوەیەکی ژیانیدا کاتێك لەشوێنێکدا دادەنیشت کورسییەکیشی بۆ"شکسپیر" دادەناو چاوەڕێی هاتنی دەکرد، تەنانەت جارێکیان بەگژ برادەرێکی خۆیدا چۆبووە کەویستبووی لەسەر ئەو کورسییە دابنیشێت، کەتایبەتە بە"شکسپیر"، تەنانەت بەتووڕەییەوە گوتبووی:" تۆ شکسپیری؟!".

رەنگە هەبێت پێی وابێت کەلەوانەیە ئەو پیاوە شێت بووبێت، بەڵام ئەو زاتە یەکێکە لەبیرمەندە بەتواناکان و ئەوەی کەکردوویەتی تەنها لەوەوەیە کەئەو کەسێکی یاخییەو قایل نییە بەهیچ پێودانگێکی تەقلیدی و ئەمەش لەبونیادی پسکیۆلۆژی ئەو پیاوەدا مەوجودەو لەیەکەمین کتێبیدا بەچەشنێك هێرشی کردە سەر مەسیحییەت، کەسەرەتا بەئاستەم پاش رەفزکردنی کتیبەکەی لەلایەن دەزگاکانی بڵاوکردنەوەوە، شوێنێکی چنگ کەوت بۆی چاپ بکات، لەکتێبەکەیدا باس لەزۆر شت دەکات لەهەموویان سەیرتر باسکردنێتی لەحەزی خۆی بۆ لەباوەشگرتنی راهیبەکان و زۆر شتی تر کەکەم کەس هەن بتوانن خۆیانی لێبدەن، بەتایبەت کەخودی ئەو لەخێزانێکی ئایین پەروەری مەسیحیدا گەورەبووە، بەڵام هیچ کاتێك بەیەقینەوە نەیروانیوەتە ئەوەی کەلەبارەی ئایینەوە دەگێڕدرێتەوە.

هەوڵدانی بەردەوامەمان بۆ ئازادبوون، وتەیەکی "بودا"م بیردەخاتەوە کەدەڵێت:" ئازادبوونی تەواو بەواتای ئازادبوون لەهەموو رزگارکاران دێت".

ئێمە لەنێو بێدەنگییەکی فیساگۆریی زۆر سامناکدا دەژین، لەزەمەنی کوژران و لەخاچدانی خەیاڵ و میسۆبییەتدا دەژین.. ناچارین بڕوانینە هەلوەسەی هەموو ئەوانەی لەدنیا تێناگەن، ئەگەر خەون بینینمان سەرەتای وەئاگاهاتنەوەمان بێت، ئەوە شوێنێك نەماوە خەونی تێدا ببینین، هەوڵدانی ئێمە بۆ نزیك بوونەوە لەو مەجهولەی کەدەمانەوێت، گوتەیەکی غەزالی- یم بیردەخاتەوە کەدەڵێت: " لەدوای هەموو نزیکییەکەوە نزیکییەکی تر هەیە، گەیشتنە دوا پلەکانی نزیکیش مەحاڵە".

سەبارەت بەزۆرێك لەتێکست و نووسینە جددییەکان، ئەگەر لەسەرەتاشدا وەك گەمەیەك هاتبێتنە پێش چاو، بەڵام رەنگە دواجار دەرئەنجامی ئەو گەمەیە بۆ نووسەرەکەی زۆر تراژیدیی بووبێت، دەسەڵاتدارێکی بەڕەچەڵەك مەغۆلی متەسەوفی وەك"دارا" کاتێك کتێبی " بەیەکگەیشتنی موحیتەین" ی نووسی و لەدوو توێی کتێبەکەیدا داوای یەکبوونی ئایینەکانی کردو گوتی لەبنەڕەتدا هیندۆسییەت و ئیسلامییەت یەکن، نەیدەزانی هەر خودی"ئۆرانزیب" ی برای خۆی کە کەسێکی سەلەفیی ئیسلامی بووە، لەسەر ئەو کتێبە دەیکوژێت و پێش کوشتنیشی بۆ ریسواکردن و رەجمکردنی بەڕووت و قووتی لەسەر فیلێك بەنێو شاردا دەگێڕێت.

پێوەندی نووسین و خوێن رژان پێناچێت چارەسەرێکی هەبێت، بەتایبەت لەمڕۆیەکدا کەزەمەنی باڵادەستبوونی "فەنەتیك"ەکەکانە، وەك "پیرکینیسۆن" دەڵێت:

" فەنەتیك دۆگماتیکە، فەنەتیك- کەکان تیۆریی و ئایدیۆلۆژیا و بیرو بۆچوونی خۆیان پێ راستە.. ئەوانە جاهیلن".

ئیدی لەنێو جەهلی چەندینی وەك ئەواندا هەین و دەژین، نووسین یەکێکە لەو نهێنییانەی کەسانا لێی حاڵی نابین و رەنگە نەزانین بۆ دەنووسین؟!.. گەرچی هەن دەزانن بۆ دەنووسن، وەك ئەم نووسەرە تەقلیدییە مەغریبییەی کەناوی
" سەعید ئاحبات"ە و سەبارەت بەکردەی نووسین دەڵێت:



"نووسین لەبەرانبەردا خۆشەویستی خەڵکیت پێدەبەخشێت، دەبێتە مایەی زیاد بوونی هاوڕێکانت و جوانی نووسینیش لەمەدایە".. دەبێت چەند نووسەری ئاوا لای خۆمان هەبن و ئاوا لەنووسین حاڵی بووبێتن؟!.. ئەمە تەنها تێڕوانینی " سەعید ئاحبات" نییە، هەن گەرچی دەربینابڕن، بەڵام نووسین هۆکارێکە بۆ گەیشتنە ئامانج و دەسکەوتێکی شەخسی، یان تەنها هۆبیی و هەوڵدانە بۆ شوێن داگیرکردن، هەوڵدانە بۆ بوونە ناو و زۆر شتی تر.. دیارە ئێوەش پێتان وایە تێڕوانینێکی ئاوا بۆ نووسین، سەقەت و نوقسان و ئیفلیجە، بەو پێیەش ناشیرینە وەك هەر ناشیرینییەکی دیکەی ئەم دنیایە.

"خوان رۆلفۆ" بۆچوونێکی جوانی سەبارەت بەخۆی هەیە، دەڵێت:" زۆرجار وابیر دەکەمەوە کەمن نیم؟!".. ئەم نووسەرە پاش نووسینی"کۆردیلیرا"، کاتێك زانی ئەو جددیەتەی تێدا نییە کەئەو مەبەستییەتی و بەتێڕوانینی خۆی جوان نییە، تێکستەکەی دڕاند و ئیدی زانی لەبەردەم دەرکەیەکی کلۆم دراودایەو چیدی هیچی دیکەشی نەنووسی. بەڵام لای ئێمە گرنگ نییە نووسەر چی دەنووسێت؟!.. گرنگ ئەوەیە تا دوا نەفەسی ژیانی بەردەوام بێت و ئیدامە بەناوی خۆی بدات، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو شەڕ لەسەر پێشەنگێتی خۆشی بکات و هیچ کاتێکیش ئامادە نەبێت لەسەر ئەو عەرشە وەهمییەی کەئەو پێی وایە تەنها خۆی بۆی هەیە لەسەری دابنیشێت بێتە خوارەوە. هەوڵدانی میکاڤێلییانە بۆ پاراستنی ناو، نەرجسیەت تێپەڕدەکات.. کەسێك ئەگەر جدیەتییەکی هەبووبێت لەنووسیندا، ئەوە باش دەزانێت دەبێت لەڕۆژگارێکدا بۆخۆی رابوەستێت، نەك پاش خڵەفانیشی هەر بەردەوام بێت؟!.

لەکاتێکدا سەرقاڵی نووسینی ئەم نیمچە یان هاوشێوە نامەیەم گوێشم لەسترانێکی " باربارا کارلۆتی" یە، کەیەکێکە لەو ستران بێژە فەرەنساییانەی حەزم بەگوێبیستی دەنگێتی، ئەم هونەرمەندە پێش ئەوەی هۆنراوەی گۆرانییەکانی بنووسێتەوەو دواتریش ئاوازیان بۆ دابنێت، هەر ئەوەندەی بیرۆکەکەی بەخەیاڵدا هات سەرقاڵی نیگارکێشان دەبێت و پاشان هەر خودی ئەو نیگارانە دەکاتە سەرەتای ئەوەی کەدواتر لای ئەو دەبێتە گۆرانی، ئەم جۆرە جدییەتە لەکارکردندا سەرسامم دەکات..

دەبێت ئەوەش بڵێم هەر وەك چۆن پاش تەواو بوونی گۆرانییەکانی"باربارا کارلۆتی" هیچ هەست ناکەم کەتەواو بووە، ئاواش پاش تەوابوونی ئەم هاوشێوەی نامەیە، یان نیمچە نامەیە، هەست ناکەم تەواو بووە، راستیەکەی بیرکردنەوە لەتەواو بوون نیگەرانم دەکات، بۆیە وای دادەنێم کەئەمە یەکەمین بەشی نیمچە نامەو هاوشێوە نامەیەکی درێژەو من لەمڕۆدا هەر ئەوەندەم پێنووسرا، بەهیوای بەردەوام بوون و پێك گەیشتنەوەیەکی دیکە لەگەڵ ئەم کۆپلە شیعرییەی "بیکیت"دا جێت دەهێڵم:

"بچۆرە ئەوێ و کۆتایی بێنە  
بەڕۆژێکی خۆش  
لەوێ تا ئەم کاتەش نەبووە  
هێندەی کەبگوترێت  
لەکوێ ببێت، بابببێت؟!  
چ کاتێك بێت، باببێت؟!"



-٩-

## کورتە بەراییەکی ئاراوتەیی

**( تا ئەو دەمەی کەسێك لێی نەپرسیووم، کات چییە؟ دەزانم کات چییە.. بەڵام هەر کاتێك، کەسێك داوای شیکارکردنی ماهییەتی کاتم لێبکات، ئەو دەم دەبینم نازانم کات چییە؟!).**

**ڤیتگنشتاین–**

هەردەم و هەمیشە ئێمەی خوێنەر، بەتایبەت گەر ڕاگوزەر و سەرپێیانە نەخوێنینەوە، دەبینین لەبەردەم دووڕیان، یان چەند ریانی ڕێگەو ڕێچکەیەکی جوداو جیاوازی وردەکاری شتگەلێکدا ڕاوەستاوین، کەناشێت بەدەر لەوان لەمیانی خوێندنەوەوە گوزەر بەنێو دنیای ئاڵۆز یان سادەو ساکار و قووڵی تێکستە جیدی و زیندووەکاندا بکەین، ئەو تێکستانەی کە زیاد لەشوێنجێگە و جومگە و پەرەگراف و برگەو دەستەواژەو گوزارشت و دەربڕین و وردەکارییەکی خوڵقێنەری جوداو جیای بەکارهێنراوی نێویاندا، ناچاری ڕاوەستان و تێڕامانمان دەکەن.

ئەم تێڕامان و ڕاوەستان و هەڵوێستەکردنەشمان بەبێ بوونی زمانێکی فامکراو لەڕووی حاڵیبوونەوە، ئاستەمە بێتەدی و ڕووبدات.. واتە گەر تێکستێکی نائاشنا و نامۆ لەڕووی زمانەوە، لەلایەن خوێنەرێکی بەڵەد و شارەزای زمانەکەوە، پەرەگرافێکی یاخود تەنها وشەیەکی نێویشی، نەك تەنها جارێك، بەڵکو گەر بێ پسانەوەو هەدادان، دووبارەو سێ بارەو چەند جارە بخوێنرێتەوە، ئەوا تێگەیشتنە زەینییەکانمان بەرەو واتایەکی دیاریکراو نابات و دوور و نزیك نازانین چی دەڵێت!؟

( هەر بۆیە لەم سۆنگەیەوە پەی بەزەرووڕەتی وەرگێڕان دەبرێت، کەهەر لەکۆنەوە مرۆڤ پەنای بۆ بردووەو بگرە زۆر جاران و پاش ونبوونی تێکستە ئەسڵییەکانیش، نوسخە وەرگێڕدراوەکانیان بوونەتە ئەڵتەرناتیڤ و جارێکی تر وەرگێڕدراونەتەوە بۆ سەر زمانە ئەسڵییەکانیان، وەك لەهەندێك لەتێکستە لاتینی و گریکییەکاندا ڕوویدا، پاش ئەوەی لەلایەن وەرگێڕە موسڵمانەکانەوە کرابوونە عەرەبی، دوای دیارنەمانی نوسخە ئەسڵییەکانیان جارێکی دی و لەڕۆژگارێکدا لەعەرەبییەوە کرانەوە لاتینی و زمانەکانی تر.. ئەم کردەیەش بۆ خۆی واتایەکی زۆر قووڵ دەگرێتە خۆی؟!).

مەولانا" جەلالەددینی ڕوومی" لەکتێبی" فیهی ما فیهی"دا دەڵێت:

" ڕووەك گەر ئاوی لێببردرێت، هەرچەند ناشزانێت کەتینوویەتی بەڵام ووشك دەبێت".

واتە بەدەر لەدرککردن و زانینی ماهییەتی تینوویەتی، ئاو بڕین لە هەر ڕووەکێکی دیاریکراو، بێ هیچ چەند و چوونێك دەبێتە مایەی وشك بوون و کۆتایی هاتنی سووڕی ژیانی.. ئەم پێوەندییەی مابەینی ئاو و ڕووەك، وەك پێوەندی تێکست و زمان وایە، ئاستەمە بیر لە وجوودی تێکستێکی دەرەوەی جوغزەکانی زمان بکەینەوە، تەنانەت "ئیمەیجینەیشن" و دنیای وێنە زەینییەکانیش، بەبێ ڕاڤەکاریی و گوزارشت و بوونی دەستەواژە زمانەوانییەکان، هیچ جێگەیەکی لەهۆشمەندی توخم و ڕەگەزی مرۆڤدا نابێتەوە، بەواتای حاڵیبوونێکی گشتگیری هەمەلایەنەی فامکراو.. ئەگینا ڕەنگە تەنها وەك کۆمەڵێك سیمبۆل و ڕەمز، بۆی هەبێت لەزەیندا بەدەر لەواتە بنەڕەتییەکانی جێی ببێتەوە؟!



لەڕێی نووسینەوە زمان دەبێتە پردی هێنانە ناوەوەی سەرجەم چەمك و دنیابینی و تێڕوانین و مەعریفەو سەرجەم شتگەلە لێکچوو و نالێکچووەکان، دژ و تەباکان، ئاسایی و نائاسایی و...تاد، بۆ نێو دنیای تێکست.. هەر بۆیە بەشێوەیەك لەشێوەکان، تێکست نەك هەر لەسەرەتاوە دەبێتە لەخۆگر و هەڵگری کۆمەڵێك شت، بەڵکو دەشبێتە ئەڵتەرناتیڤی هەموو ئەو شتانەی کەبەئاشکراو ڕوونی یان بەپەنهانی و ناڕوونی لەنێو تێکستدا بوونیان هەیە.

ئەو تێکستەی کەبێ بوونی زمان بوونی نییە و لەیەکەم تێڕوانیندا وا پێدەچێت، بەندەیەکی گوێڕایەڵی زمان بێت، بەڵام خودی زمان لەژێر سایەو دەسەڵاتی ئەرشیفدا"ئەرشیف بەواتای ئاوێتەبوونی ڕووکەشیانەی پرەنسیپە فیزیایی و مێژووییەکان لەگەڵ پرەنسیپە ئەنتۆلۆژییەکاندا" ، لەمیانی گوتن یان نووسینەوەدا، توانای بەرهەمهێنانی مەعریفەی هەیەو هەموو ئەمانەو شتگەلێکی دیکەش، بۆ نموونە لە دیدگەی بیرمەندێکی وەك"ژاك دریدا"وە دەبێت تەفکیك بکرێن و ئەمە جگە لەوەی بەتێڕوانینی ئەو، بەبێ بوونی "تارماییەکان" "ئەرشیف" بوونی نییەو بەتایبەتیش ئەو کەسایەتییانەی لەڕێی زمانی تێکستەوە، دەبنە دەسەڵاتێکی تایبەت و لەمیانی ماجەراو بەسەرهاتی ژیانی خۆشیانەوە هەوڵی گۆڕینی ژیانمان دەدەن.

"حافزی شیرازی" دەڵێت:

( جارێکیان لەئوستادەکەی خۆمم پرسی:

چییە فەرقی

مابەینی من و تۆ

گوتی:

تەنها هێندەیە حافز

گەر ڕەوێك حەیوانی کێوی

بێنە ناو ماڵی تۆ و

خۆیان بدەن لەکاسە بەتاڵەکانی دەرۆزەبییت
تەنها یەك دڵۆپیش
ناڕ ژێت
لەکاسەی تۆ.
بەڵام ئەوەی کەنابینرێت بەچاو
ئەوەیە کەخودا لەکاسەکەی منی ناوە
گەر برژێت کاسەم
دەبات هەموو دنیا
سێڵاوی ئاو).

پۆپیولار کردنی هەندێك لەنووسەرەکانی دنیا و هاڵە بۆ دروستکردنیان، زۆرجاران هێندەی پەیوەستە بەداواکارییە بازرگانییەکانی پرفرۆشی و خستنەگەڕی بازاڕی کتێب، یان پەیوەستە بەمەرامە پۆلیتیکی و مەبەستە جیاجیاکانی دیکەی ئەم دەزگا و هێز و ئەو دەسەڵاتی دنیاوە، هێندە پەیوەست نییە بەو جدییەت و توانستانەی لەنێو دنیای تێکستدا دەگوزەرێت.. واتە حافز گوتەنی:

" گەر ڕەوێك حەیوانی کێوی
بێنە ناو ماڵی تۆ و
خۆیان بدەن لەکاسە بەتاڵەکانی دەرۆزەبییت
تەنها یەك دڵۆپیش
ناڕ ژێت
لەکاسەی تۆ"

بێگومان تێکستی زۆرێك لەو نووسەرانەی لەڕۆژگارێکدا دنیا بەعەزەمەتەوە ناسیوونی و بەشەوقەوە خوێنراونەتەوە، لەمڕۆدا هەست بەبەتاڵی کاسەیان دەکرێت، هەربۆیە نووسەرێکی لەمڕۆدا گەورەکراو و هەردەم ڕیکلام بۆکراوی وەك" ئۆرهان پاموك" لەچاوپێکەوتنێکدا دەڵێت:



"دەترسم لەداهاتوودا نەخوێنرێمەوەو لەبیر بکرێم" و لەدرێژەی گفتوگۆکەیدا ئاماژە بەنووسەرێکی ناسراوی وەك"راسیم جەمیل" دەکات، کەلەسەردەمی عوسمانییەکاندا یەکێك بووە لەنووسەرە پۆپویلارەکانی سەردەمەکەی خۆی، کەچی لەمڕۆدا خوێنەران دوور و نزیك تالیبی خوێندنەوەی نووسینەکانی نین و بەفەرامۆشییان سپاردووە، لەکاتێکدا بەشەوقەوە لەنێو ئەرشیفی لەبیرکراوی ئەدەبیاتی ئەو زەمانەی عوسمانییەکاندا، تێکستە پەراوێزخراوەکانی ئەو دەمە کەشف دەکرێن و بەتاسەوە خوێنەرە جیدییەکانی ئەم سەردەمە، خەریکی خوێندنەوەی تێکستە لەبیرکراوەکانی ئەو ڕۆژگارەن!؟

"ڕۆلان بارت" ئاماژە بەوحەقیقەتە دەدات، کە "دانەر" زادەی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایەو پاش چەرخەکانی ناوەڕاست هێدی هێدی بەرجەستە بووە، ئەمەش بەکاریگەری ئەقڵانییەتی فەرەنسی و باوەڕی تاکگەرایی و ڕێبازە ئەزموونگەرا ئینگلیزییەکان و ڕیفۆرمە ئاینییەکان و ئاڵوگۆڕەکانی تر و بەتایبەتیش کاریگەری هاتنەکایەی سیستەمی کاپیتالیستی.

"ڕۆلان بارت" ئاماژە بەوە دەدات کە"مالارمێ" یەکەمین کەسێك بووە، پێی وابووە لەتێکستدا ئەوەی دەدوێ زمانە، نەك دانەر. دواتریش "ڤالێری" پەرە بەم تێورییەی "مالارمێ" دەدات و تا دەیگەیەنێتە ئەو شوێنەی "دانەر" تێیدا دەبێتە ڕابردوو، چونکە ئەو تەنها لەساتەوەختی لەدایك بوونی تێکستدا هەیە، ئەمە جگە لەوەی لای "بارت" "دانەر" کۆپیکەری تێکستە لەتێکستێك یان چەند تێکستێکی پێشووتر.

شایانی باسە سەرجەم خوێندنەوە سیمۆلۆژییەکان، خوێنەر دەکەنە دروستکەری تێکست. بەڵام لەهەندێك لێتوژینەوە و لێکۆڵینەوەی سێکچرالیستیدا، خوێنەریش پشتگوێ دەخرێت.. تێروانینی"ژاك دریدا"ش، ئەوەیە کەتێکست ئامێرێکی سەربەخۆیەو بۆ خۆی کاردەکات، هەر بۆیە خۆی گوتەتی:

"هیچ شتێك لەدەرەوەی تێکستدا نییە".

ئیدی وەك سالانێك لەمەو پێش، لەهەندێك شوێندا ئاماژەم پێداوە، "ژاك دریدا" لەلێکۆڵینەوەیەکی سەبارەت بەتێکستی" دادگایی" ،"کافکا"، سێ گۆشە نیگای

تەفکیکی بەکارهێناوە، یەکێکیان کاریگەری "ناونیشانی تێکست"ەکەیە بەسەر خودی تێکستەکەوە، ئەمە تابڵێی جۆرە کارکردنێکی گرنگ و ناوازەیە.

بەهەر حاڵ جودایی تێکست و دانەر وەك کەسایەتی و ژیانی تایبەتی و ئیگۆی، دەشێت لەنموونەی نووسەرێکی وەك"سیلین"دا ببینینەوە، بەتایبەت ئەم نووسەرە، هێشتاکە چاپکردنی کتێبەکانی لەهەندێك لەوڵاتانی دنیادا"، قەدەغەو ڕێگەپێنەدراوە.

پاش بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی"سەفەر لەکۆتایی شەودا"، بەزمانی عیبری، مشتومڕێکی زۆر لەپەرلەمانی ئیسرائیلیدا لێکەوتەوە، چونکە تێکستەکانی "سیلین" بەشێك بوون لەدوشمنە سەرسەختەکانی سامییەت و یەهودییەت و خۆشی وەك زاتێك بەدرێژایی ژیانی و بەتایبەتیش پاش دووەمین جەنگی جیهانی، باجی ئەم ڕاوبۆچوونانەی خۆی داوەو ژیانێکی پڕ لەنەهامەتی و کێشمانکێش و بگرەو بەردەو هەڵهاتنی نێوان ئەم وڵات و ئەو وڵاتی بردۆتە سەر، ئەمە سەرباری تاوانبارکردنی بەخیانەت و دەستگیرکردنی، کەپاش ساڵی ١٩٥١بەدواوە، توانی پاش دەرچوونی بڕیاری لێخۆشبوون لیی، بگەڕێتەوە بۆ "فەرەنسا" ی زێد و نیشتیمانی، ئیدی لەماڵەکەی خۆیدا عیادەیەکی پزیشکی دادەنێت"لەبەر ئەوەی خودی نووسەر لەبنەڕەتدا پزیشك بووە" بەمەبەستی دابینکردنی بژێوی خۆی و لەپاڵیشیدا بەردەوام دەبێت لەنووسین، تا لەساڵی"١٩٦١"دا دوا ڕۆمانی خۆی"ڕیکۆدۆن" تەواو دەکات و هەر پاش یەك شەو لەتەواوکردنی ڕۆمانەکەی دەمرێت.

مەبەستمان لەخستنەرووی ئەم پێشەکییە، ئەو ناکۆکییەیە کە لەتێکستەکانی دانەرێکدا دەبینرێت، کاتێك دنیابینی نێو تێکستەکانی دەیکەنە خائین و دوشمنی هەندێك لەگروپە ئیتنیکییەکان و بەتایبەتیش سامییەت و یەهودییەت، بەڵام بۆخۆی و لەژیانی تایبەتی خۆیدا کەسێکی بێوەیی و بێ زیان بووە، ژنەکەی سەبارەت بە"سیلین" دەڵێت:

( پیاوێکی زۆر نەرم و نیان بوو، هەرچییەکی کرد لەپێناو خێر و باشەدا بوو، ئەو فەرەنساو هەموو خەڵکی خۆش دەویست، زۆر لەوە بەسۆزتر و بەبەزەیتر بوو کەتەسەوور دەکرێت...).



لەگەرمەی بگرەو بەردەی گوزەران و ژیان لەلایەك و ڕۆچوون و ڕامان و تێفکرین و سەرقاڵبوونی تەواویشم بەپرۆژە خوێندنەوەیەکی چڕ و پڕی تاڕاددەیەك جیاواز لەلایەکی ترەوە..حیکایەتی نووسینی ئەم " کورتە بەراییە ئاراوتەییە"ی تایبەت بەم کۆمەڵە چیرۆکە وەرگێڕدراوە، لەپێوەندییەکی تەلەفۆنی برای بەڕێز، کاك "محەمەد عەبدوڵڵا"وە، وەرگێڕی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەوە دەستی پێکرد، سەرەتا بەڕێزی کەم تا زۆر باسی خواست و مەبەستی خۆی لەوەرگێڕانی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەدا خستەڕوو، پاشان لەمیانی پێداویستی بوونی بەرایی و پێشەکی ناتەقلیدی و جوداو جیاواز بۆ ناساندنی هەندێك مەسائیلی دنیای ئەدەبیات و وەرگێڕان، داواکار بوو لەبەندە کەلەماوەیەکی هێجگار کورتدا، لەبەر ئامادەبوونی کتێبەکە بۆ دیزاین و چاپ، چ چیرۆکەکان بخوێنمەوەو چ بەراییەکیشی بۆ بنووسم،..ئیدی سەرباری ئەو سەرقاڵیی و جەنجاڵییە ناوەکیی و دووره پەرێزییە هەمیشەییەم لەنووسینی پێشەکی کتێب، بەڵام هێزێکی ناوەکی ڕێگر بوو کەئەمیش وەك کۆمەڵێك برادەری تری ئەزیز، لەخۆم زوویر بکەم، بەتایبەت ئەوانەی کەلەم ماوەیەی بێدەنگبوون و کشانەوەیەمدا لەنووسین، پێوەندییان پێوەکردم بەمەبەستی وەڵامدانەوەی چاوپێکەوتن و بەشداربوون لەتەوەر، یان نووسینی ڕەخنەیی و وتار و تاد...کەبەڕاستی داوای لێبووردنیان لێدەکەم و هیواخوازم لەڕێتمی ناوەکی و ئەم دووره پەرێزییە زەمەنییەی من بگەن.

بەهەرحاڵ پاش خوێندنەوەی هەردوو نوسخەی عەرەبی و کوردی چیرۆکەکان کەکاك "محەمەد عەبدوڵڵا" لەڕێی ئیمەیڵەوە بۆی ناردبووم ، هەر زوو ئەو چیرۆکانەم ناسیەوە کەپێشتر خوێندبوومەوە، یان تێکستی دیکەی نووسەرەکەیم خوێندبوویەوە، هەرچەند زۆربەی چیرۆکەکان قسەو باس هەڵدەگرن، بەڵام من وەك خۆم لەم "کورتە بەراییە ئاراوتەییە"دا، کەم تا زۆرو بەگشتی خۆم لەدنیای نووسینی دوو نووسەریان دەدەم، ئەوانیش " هارۆکی مۆراکامی" و "یاسۆناری کاواباتا"ن.

هەرچەند لەڕیزبەندی کۆمەڵە چیرۆکەکەدا، تێکستەکەی"هارۆکی مۆراکامی" پێش "یاسۆناری کاواباتا" کەوتووە، بەڵام من لە" یاسۆناری کاواباتا" یان وەك زۆر جار دەنووسرێت" یاسۆناری کواباتا"وە دەست پێدەکەم.

" بازرگانییەکی کوشندە" ناوی چیرۆکە وەرگێڕدراوەکەی "کواباتا"یە و بەزمانێکی سادەو ساکار و کۆمەڵێك وەسف و کەرەستەی ڕیالیستی، ڕاماندەکێشێتە نێو دنیای کێشمانکێش و ململانێی کەسێکی دەروون پڕ ئێرەیی و حەسادەت کەدەکرێت کەبەکەسی دووەم ناوی بەرین، دەرحەق بەکەسێکی دیکەی بێئاگا لەگینگڵ و هەڵچوون و داچوونی ناخی ئەم، کەواباشە بەکەسی یەکەم ناوزەدبکرێت. ئیدی کەسی یەکەم کاتێك لەناوچەکەی خۆیداو بەمەبەستی قازانج و ڕاکێشانی توریستەکان ئاودەستێك دروست دەکات و دەبێتە مایەی قازانجکردنی ماددی بۆی، کەسی دووەم بەمە نیگەران دەبێت و هەموو توانای خۆی لەمونافەسەو کێبڕکێی ئەوی تریاندا بەکاردەبات و دواجار ئاودەستێکی زۆر لەوەی ئەو گرنگتر لەڕووی ماتەریالی بنیادنانییەوە دروست دەکات، بەڵام کرێی چوونە ژوورەوەشی لەوەی تریان گرانتر دەبێت...

باواز لە وردەکارییەکانی تری گێڕانەوەی چیرۆکەکە بهێنین و بگەینە ئەو شوێنەی کە کەسی دووەم لەنێو ئاودەستی کەسی یەکەمدا وشك دەبێتەوەو دەمرێت، بەحەقیقەت کۆتاییەکی زۆر گاڵتەجارئامێزە کەسێك دەرئەنجامی ململانێ و کێبڕکێی لەگەڵ یەکێکی تردا بۆ ئەوەی لەو باشتر بێت، کەچی دواجار لەنێو چوار دیواری ئاودەستێکدا وشك بێتەوەو بمرێت ! ؟

بۆیە دەبینین لەودیو ڕیالیست بوونی ئەم چیرۆکەوە دنیایەکی ڕەمزی سەرسامکەر هەیە، چونکە مونافەسەو کێبڕکێ بۆ دروستکردنی ئاودەست و دواتر مردنی کەسی دووەم، پەیوەست نییە بەخودی ماتەریاڵە بەکارهاتووەکانی نێو تێکستەکەوەو هەر بۆیە ئەنالیزێکی جیاوازو ناتەقلیدی گەرەکە، تابکرێت لەناوەوەی تێکستەکەوە تەفکیکییانە بێینەوە دەرو دەرئەنجامی بەئەنجام گەیاندنی کردەیەکی هەڵوەشانەوەگەری بمانگەیەنێتە ئەو شوێنانەی کە"دانەر" بێئاگا بووە لێی.

دیارە ئەم تێکستە کورتەی "کواباتا" زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێت کەبتوانین لەم دەرفەتەدا حەقی خۆی بدەینێ، بەڵام ئەوەی لای من بووە جێگەی سەرنج و ڕەنگە هیچ پێوەندییەکیشی بە خودی چیرۆکەکەوە نەبێت، بۆ دەبێت ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی دیکەی هێنابێتەمەوە بیر، ئەویش چیرۆکێکی "خۆرخی لویس بۆرخیس"ە بەناوی " –



المبارزه الاخری_"، سەرباری جیاوازییان پێدەچێت لەشوێن و جێگەیەکی زۆر نهێنییەوە ئاوێزان بن، نازانم ڕەنگە ئەمە تەنها هەستێکی من بێت، چونکە لەچیرۆکەکەی"بۆرخیس"دا دوو کاراکتەری دژ بەیەك هەن و سەرەنجام پێکەوە, بەمەبەستی ئەنجامدانی دوا کێبڕکێیان بەناچاری و بەدەر لەویستی خۆیان، پاش سەربڕینیان گیان دەدەن و دەمرن، هەرچەند یەکێکیان بەناوی "کاردوزو"، کەمێك لەوەی تریان زیاتر دەست درێژ دەکات و بەمەش دەبێتە براوە، بەڵام وەك لەکۆتایی چیرۆکەکەی "بۆرخیس"دا ئاماژەی پێدراوە:

" بەڵام هیچ کاتێك نەیزانی".

لەم چیرۆکەی "کواباتا"شدا نەزانینێك هەیە، بەڵام تەنها لەلایەن کەسایەتی یەکەمەوەیە، چونکە ئەوەی دیکەیان دەزانێت و لەزانینەوە پیلان دادەنێت و هەڵدەسووڕێت..بەڵام دواجار بەمەرگی یەکێکیان ئەوی دیکەیان دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی و بەچەشنێك هەر وەك ئەوەی هیچ نەبووبێت، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر ژنی کەسی دووەم لەڕێی ئاودەستەکەوە، وەك مێردەکەی نەکەوێتە ململانێ،کەواتە لەکاتێکدا چیرۆکەکەی "کواباتا" تەواو نابێت، بەڵام چیرۆکەکەی "بۆرخیس" لەئاست ئیدامەو بەردەوامی ڕووداودا تەواو دەبێت و تەنها وەك حیکایەتێك دەمێنێتەوەو مەگەر لەدنیای گێڕانەوەکاندا بژێتەوە.

" یاسۆناری کواباتا" لەساڵی –١٩٦٨–دا خەڵاتی نۆبڵی پێ بەخشراو لەساڵی ١٩٧٢–شدا دوای خۆکوشتنی هاوڕێ و قوتابی" یۆکیۆ میشیما" بەدوو ساڵ، بەبێ ئەو وەك ئەو هیچ نامەیەك جێ بهێڵێت خۆی کوشت و خۆکوشتنەکەشی کردە لوغز.

لەبەرهەمەکانی و وەك نموونە:

( سەماکەری ئایزۆ)،( وڵاتی بەفر)، ( دەنگی چیا)، ( دەریاچە)، (ماڵی جوانکیلە خەوتووەکان)، ( جوانی و خەفەت)، ( پایتەختە کۆنەکە)... شایانی باسە(ماڵی جوانکیلە خەوتووەکان) ئەو تێکستەیە "گابریل گارسیا مارکیز"ی سەرسامکردووەو ئەمەو لێکچوونی شێوازی نووسینی ئەو دوو نووسەرە لەهەندێك شوێندا سەرنج ڕاکێشە، بەتایبەتیش ئەو مامەڵە سارد و سڕەی کە"کواباتا" لەگەڵ پاڵەوانی تێکستەکانی

دەیکات، نزیکە لەمامەڵەکردنە ساردو سڕەکانی "مارکیز" بەتایبەتی و نووسەرانی ئەمریکای لاتینیش بەگشتی؟!

"ئەمبێرتۆ ئیکۆ" لەکتێبی:

Six walks in the fictional woods دا دنیای تێکست بەدارستان دەشووبهێنێت، دارستانێك کەهەم دەمانخاتە ژێر کاریگەری سیحر و جادووی ئێستەتیکی خۆیەوەو هەم ناڕەحەت و بێتاقەت و تەرەمان دەکات..دارستانێك کەهەم دەمانترسێنێت و هەم کەویی و ڕامەمان دەکات..لای "ئیکۆ" خوێندنەوەی تێکستە سەردییەکان هاوشێوەی گەڕانە بەنێو دارستانێکدا، سەرباری ئەو جوداو جیاوازییەی هەردوو دنیای واقیعی و سەردیی لێك جوودا دەکاتەوە، لەبەشی سێیەمی کتێبە ناوبراوەکەیدا" ئیکۆ" ئاماژە بە"جۆرج بیریك" ناوێك دەکات، کەلەپێناو حاڵیبوونی لە ماجەرا حەقیقییەکانی خودی واقیع، هەوڵیداوە لەپشت جامی قاوەخانەو سووچ و پەنای کووچەو کۆڵانەوە، بڕوانێتە گۆڕەپانێکی پاریس و سەرجەم ڕووداو و هەڵسووکەوتەکانی خەڵکی وەك خۆی تۆمار بکات..بەڵام هێندە نابات ئەم زاتە توانا و بڕستی لێدەبڕێت و دەگاتە ئەو حەقیقەتەی کەهیچ شتێکی هارمۆنی وشیاو و یەکانگیر لەواقیعدا ڕوونادات و واقیع زۆر لەوە فراوانترە چاو و ویژدانی تاکە کەسێك بیقۆزێتەوەو بیگرێتە خۆ.

سەبارەت بە "هارۆکی مۆراکامی"یش، کەبەچیرۆکی "بۆقەکە تۆکیۆ ڕزگار دەکات" بۆتە سەرقافڵەی چیرۆکە وەرگێڕدراوەکانی نێو کۆمەڵە چیرۆکەکە..بەپێی پۆلێنکردنێکی "گاردیان" یەکێکە لەو ڕۆماننووسە باشانەی کەلەژیاندا ماون و ئاشکراشە خەڵاتی "کافکا"ی بەرانبەر بە ڕۆمانی "کافکا لەکەناره"ەی وەرگرت.

ناوبراو لەساڵی ١٩٤٩دا لەشاری کیۆتۆ لەدایك بووەو گەنجێتی لەوێدا بردۆتە سەر و بەشی دراما-شی لەزانکۆی"واسیدا"ی "تۆکیۆ"دا خوێندووە.

لەنووسینەکانی:

( گوێم لەدەنگی بەستەی بایە)، ( بینباڵ)، ( کافکا لەکەناره)، ( باشووری سنوور و ڕۆژئاوای خۆر)، ( سبوتنیکی خۆشەویست)، ( دارستانە نەرویژییەکە)و تاد...



لای "مۆراکامی" پێش کردەی نووسین، بیرکردنەوەیەکی بازرگانی و حیساب و کیتابی ڕاکێشانی زۆرترین ژمارەی خوێنەران دێت( کەواتە بەپێچەوانەی -بۆرخیس-ەوە کەکاتێك تەنها چەند ژمارەیەك لەکتێبێکی دەفرۆشرێت، لەجێی ئەوەی زوویر بێت، شادمان دەبێت، چونکە دەزانێت، زۆری خوێنەر سەبارەت بەتێکستێك زیاتر جێگەی پرسیار و هەڵوێستەکردنە، وەك لەبوونی کۆمەڵێك خوێنەری کەم و جیدی).

"مۆراکامی" لەپێناو ئیدامەدان بەکار وکەسابەتەکەی، هیچ بەهاو پێودانگێك لای گرنگ نییە، چونکە لای ئەو ئامانج نووسینەو نووسینیش تەنها کەسابەتێکی ماددییە کەتائێستا نووسەر گوزەرانی خۆیی لەمیانییەوە مسۆگەرکردووە، هەر بۆیە لەچاوپێکەوتنێکیدا ، سەبارەت بەپرسیاری هۆکاری بوونی ئەو هەموو دیمەنە پۆرنۆگرافی و لادانە سێکسییانە لەڕۆمانەکانیدا، بەچەشنێك کەدەیانکاتە تەوەری سەرەکی.

لەوەڵامدا باس لەوە دەکات، کەئەو خوێنەرەکانی گەنجن و زیاتر تەمەنیان لەبیست ساڵان و ئەو دەورو بەرەدان...واتە لەوەڵامەکەیەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کەگرنگ نییە خوێنەر بۆ کوێ دەبەیت و چییان پێ دەڵێیت، گرنگ ئەوەیە چۆن لەدەوری نووسینەکانت خڕیان دەکەیتەوە، ئیدی چ شوێنێکی تێڕوانین و دنیابینییان وێران و خاپوور دەکەیت، لای مۆراکامی و هاوشێوەکانی مەسەلەیەك نییە؟!

هەر خودی "مۆراکامی" کاتێك (خەڵاتی باڵای ئەدەبی دەوڵەتی ئیسرائیل) لە ئازاری - ٢٠٠٩-دا وەردەگرێت، لەسەرەتای وتارەکەیدا دەڵێت:

" ئێوارەتان باش، ئەمڕۆ وەك ڕۆماننووسێك هاتوومەتە قودس،واتە ڕێکخەرێکی پرۆفیشناڵ لەدرۆکردندا".

ڕۆمانی "کافکا لەکەناره" یەکێکە لەڕۆمانە بەنامیکانی "مۆراکامی"و لەڕاستیدا لەنوسخە ژاپۆنییەکەیدا، "کافکا" بە "کافوکا" نووسراوەو دواتر لەوەرگێڕانەکاندا بووەتە"کافکا"، لەم ڕۆمانەشیدا وەك چیرۆکی"بۆقەکە ڕزگار دەکات"، هەوڵی بەکارهێنانی فانتازیایەکی بابەتیانەی کافکاییانە دەدات، بەڵام ناتوانێت بەبێ تێکدانی شیرازەی ئیدامەی پێبدات و هەر بۆیەشە لەچیرۆکی "بۆقەکە تۆکیۆ ڕزگار دەکات" لەسەرەتاوە کەمێك باشە، بەڵام هێندە نابات دەبێتە فیلمی کارتۆن و هاوشێوەی

"گراندایزەر"و فیلمە کارتۆنییە ژاپۆنییەکانت بیردەخاتەوەو هیچ جدییەتێکی فانتازیایی هاوشێوەی ئەدەبیاتی سەردیی پێوە نامێنێت.

بۆ نموونە کاتێك "کافکا" لەهەوڵی چاپکردنی ڕۆمانی"مەسخ"دایە لەنامەیەکیدا بۆ بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەو چاپخانەیەی کەقەولە ڕۆمانەکەی چاپبکات، زۆر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کەوێنەی بەرگی ڕۆمانەکەی نەدرێتە دەست فڵانە بەرگساز و نیگارکێش، چونکە دەترسێت، وێنەی قالۆنچەیەکی بۆ بکات، لەپشت دەرگایەکەوە، لەکاتێکدا ئەندامانی خێزانەکەی لەم دیو دەرگاکەوەن و بەمەش دەبێتە وێنەیەکی کاریکاتێری گاڵتەجاڕئامێزو تاد... تەنانەت باس لەوەش دەکات، کەلەترسی ڕوودانی شتێکی وا، لەشەودا خەو نەچۆتە چاوی و بەبێداری ماوەتەوە.. خۆی سەیر لەوەدایە، گەر ئێستاش وێنەی بەرگی "مەسخ" بەنیگارکێشە بەرگسازەکان بسپێریت، بێگومان، هەر شتێکی هاوشێوەی ئەوە دەکەن، کە کافکا لێی ترساوە، یان بابڵێین هەر خوێنەرێکە ئاسایی، دەرئەنجامی خوێندنەوەی ڕۆمانەکە، زیاتر ئەو گۆڕانەی "گریگۆر سامسا"ی لا گرنگە کەدەبێتە قالۆنچە، لەکاتێکدا ئەم بە قالۆنچەبوونە لای "کافکا" وەك فانتازیایەکی بابەتی، هیچ ماهییەتێکی کاریکاتێریی سەرزارەکی، یان ئۆبژێیەکی فانتازیایی بەزۆر دروستکراوی فیلمی کارتۆن ئامێز لەخۆناگرێت.

بەڵام "مۆراکامی" لەڕۆمانی" کافکا لەکەناره"دا، بێ هیچ هۆکارێکی بابەتی یان لۆژیکی و ئیغتیرابی و تاد...لەپڕ دەکەوێتە بەرجەستەکردنی کەسایەتی خەیاڵی "میکی ماوس"ی "واڵت دیزنی"، ئەمە بێجگە لەدرێژکردنەوەی بێزارکەری وەسفکردنی ژەنەڕاڵ "ساندرز" و زۆر وردەکاریی بێمانای لەشیرازەدەرچووی دیکەی هاوشێوەی نووسینە کرچ و کاڵ و بێتامەکانی "پاولۆ کۆهیلۆ".

گەر لەسەرەتاشەوە تێکستەکانی "مۆراکامی" بەجدییەتەوە ڕاتکێشنە نێو خۆیانەوە، بەڵام هێندە نابات، دەسەڵاتی ئیمەیجینەیشن دەشێوێت، هەرچەند ئەمە ڕەنگە لای خوێنەرێکی بابڵێین ئاسایی هیچ گرنگییەکی نەبێت، وەك" ئیمبیرتۆ ئیکۆ"ش ئاماژەی پێدەدات:



( خوێنەری فیعلی هەر کەسێکە، هەموومانین..من و تۆ و ئێمە کاتێك تێکستێك دەخوێنینەوە، ئەم جۆرە خوێنەرە بەڕێگەی جیاوازدا دەخوێنێتەوە، هیچ ڕێسا و یاسایەك نییە، شێوازێکی خوێندنەوەی تایبەتی بەسەردا بسەپێنێت، بەگشتی ئەم جۆرە خوێنەرە تێکست وەك شوێنی پڕکردنەوەی ئارەزوو و حەزە تایبەتییەکانی سەیر دەکات، کەپەیوەستە بەدنیایەکی جیاواز و بەدەر لەتێکست، کاریگەری تێکستیش لەسەری تەنها وروژاندنییەتی بەشێوەیەکی کاتی)

بەڵام گرنگیدان و مەبەستی "ئیکۆ" خوێنەری "نموونەییە"، هەروەك چۆن لای ئەو "نووسەری نموونەییش" هەیە، کەهەردووکیان پێکەوە خوڵقێنەری تێکستی جیدین.

خوێنەری جیدی لای "ئیکۆ" بەشوێن شادەماری ستراتیژی تێکستدا وێڵەو هەمیشە هەوڵی تەئویل و کردنەوەی دەرکەکانی تێکست دەدات، ئەم جۆرە خوێنەرە ئارام و لەسەرەخۆ و هەناسە درێژ و سەرسەختە، لەناو ڕیتمی تێکستدا ڕیتمێکی دۆزەرەوەو گەڕۆك و بزۆزی هەیە..لەهەموو ئەم کردەیەشدا گەر ئەقڵ، ڕۆڵێکی سەرەکی ببینێت، نابێت ئەوە لەیاد بکەین کەئەقڵ هیچ کاتێك کامڵ نییە، هەروەك نووسەری عاریف،" دکتۆر عەبدولکەریم سروش"، دەڵێت:

( ئەقڵ خودا نییە و لەپلەی کەشف و دۆزینەوەی بابەتەکانداو چارەسەرکردنیاندا، توانایەکی سنووردار و دیاریکراوی هەیە).

ماوەتەوە بڵیم، پێش ئەوەی بەتەوایی لەگەڵ دنیای چیرۆکە وەرگێڕدراوەکاندا جێتان بهێڵم، دەبێت ئاماژە بەوە بدەم، کەلێرەدا هێندەی دەرفەت هەبوو، هەوڵمدا هەندێك شت بورووژێنم، ئەگینا ئەوەی کەگوتوومە دوور و نزیك ناچێتە خانەی تەئویل، یان ڕاڤەکاری، یاخود خوێندنەوەی ڕەخنەکارانەو شتی لەو چەشنە؟!

-١٠-

## پاسازێك بۆ تێڕامان

لەنێو زۆرێك لەحیكایەت و ئەفسانەكاندا ئاوێنەیەك هەیە دنیات پیشان دەدات، نەزانراوەكانت پێدەڵێت، ئامۆژگاریت دەكات، سەربارى زۆر شتى تر. ئەمە شتێكى خەیاڵییە، بەڵام ئاخۆ سەیر نییە تەكنەلۆژیا لەمڕۆدا ئەم خەیاڵەى بەچەشن و شێوەیەك كردبێتە واقیع. یان كاتێك دەگەڕێینەوە بۆ زۆرێك لەتیۆرییەكان، دەبینین چۆن پێشوەخت لەمنداڵدانى یۆتۆپیادا دروست بوون، ئەگەر بمانەوێت لەچەمكى هیترۆتۆپیاكەى "میشێل فۆكۆ" تێبگەین، دەبینین بەتێڕوانینى نێو ئاوێنەیەك دەچێت كەكەسێك بەتێڕوانینى دەگاتە حەقیقەتى بوونى شتەكان و بەڵام لەهەمان كاتیشدا نەبوونیان چونكە ناتوانێت تەجاوزى ئەو خاڵە بكات كە شتەكانى لەوێدا پیشان دەدەن. شێوان و شپرزەییەك هەیە لەزەینى مرۆڤدا، سڕینەوە هەیە، قەناعەتى نامۆ و سەیر هەیە، نازانم ئێمە چەند دەتوانین قەناعەت بەمەسیحییەكى باوەڕدار بكەین كەمەسیح زیندوو نابێتەوە، یان ئەوەى كەلەبارەى قدیسە "ڤیرۆنیكا"وە باسدەكرێت راستى نییەو تەنها چیرۆكێكى خەیاڵییە، دیارە ناتوانین چونكە باوەڕیان وایە "ڤیرۆنیكا"ئەو ئافرەتەیە كەبەدەستەسڕەكەى دەمووچاوى مەسیحى سڕیوەو وێنەى دەمووچاوى مەسیح لەسەر دەستەسڕەكەى ماوەتەوە. ئاخۆ ئەمانەو چەندین نموونەى تر، راستین، خەیاڵن،



وەهمن، خورافەن، فێڵن. باشە خۆ ئەمانە لەلایەن ئایینەكانەوە بەناوى راستى و حەقیقەتەوە پێشكەشى خەڵكى كراون و خەیاڵێكى ئەدەبى نین، بەڵام لەرووییەكەوە خەیاڵێكى ئێستەتیكین بۆ جوانكردنى ئەو جۆرە باوەڕانە و شاردنەوەى ناشرینییەكانیان، ئەمە جگە لەوەى رەنگدانەوەى ئەو جۆرە خەیاڵاتە لەئایینەكاندا بۆ بەرگرتنە لەبیركردنەوەو پرسیاركردنى لۆژیكى، چونكە باوەڕە ئایینى و خورافییەكان لەدنیاى لۆژیكیدا ناتوانن بمێننەوەو تێك دەشكێن، دەبێت لەپشت ئەفسانەو خەیاڵات و خورافاتدا خۆیان بشارنەوە. بەڵام رۆژ بەرۆژ ژمارەى باوەڕدارانى هەموو ئەم شتانە لەزۆر بووندایە، لێرەدا نامەوێت باس لەوحیكمەتە بكەم كەلەپشت ئەم بەرەوپێش چوونەیاندا هەیە، ئەمە شتێكیش نییە تایبەت بێت بەكۆمەڵگە دواكەوتووەكان، بڕوانە گروپى "داودییەكان"ى ئەمریكا، كۆمۆنیتییەكى سەر بەخۆیان هەیە بانگەشە بۆ فرەژنى دەكەن، منداڵانیان بەچەشنێك پەروەردە دەكەن كەهەمیشە بەرك و كینەوە بڕوانێتە دنیاى دەرەوە و ئامادە بێت لەداهاتوودا بەرپەرچى سوپاى بابل بداتەوە كە بەتەسەووری ئەوان لەهەر ئان و ساتێكدا بۆیان هەیە هێرش بكەنە سەریان، ئەمە جگە لەخۆشەكردنى منداڵان بۆ بەرگەگرتنى لێدان و ئەشكەنجە كەهەر لەمنداڵییەوە لەلایەن باوان و مامۆستا ئایینییەكانەى خۆیانەوە رووبەڕووى دەبنەوە، ئەمەو زۆر شتى تریش سیماى هەوڵدانى ئەو گروپەیە بۆ دووبارەكردنەوەى مێژوو و دروستكردنەوەى توندڕەویی و دەمارگیرییەك بۆ بەگژداچوونى هەموو ئەوەى كە لەدنیادا هەیە، سەربارى خۆچەكداركردن و مەشقكردن. لەكۆتاییەكانى سەدەى پێشوودا پاش پەنجاویەك رۆژ لەبەرگرى باڵێكى سەر بەو گروپە، هێزە حكومییەكانى ئەمریكا توانیان بەرگرییەكەیان دابمركێننەوە ئەویش پاش سوتاندنى ئەو كڵێسایەى كەلەنێویدا بوون و كوژرانى زۆربەیان. باشە ئەگەر دنیاى راستەقینە پڕبێت لەدەیان نموونەى لەو چەشنە، پڕ بێت لەوێنەو پەیكەرى سەركردەو سەرۆكە خوێناوییەكان، پڕ بێت لەو هێمایانەى مرۆڤ زەلیل دەكەن، پڕ بێت لەو گوتار و وەعزانەى رۆح ژەهراوى دەكەن، پڕ بێت لەسەماى سیاسییەكان، وەك "میلان كۆندێرا" لەرۆمانێكیدا لە زمانى "بۆنتۆڤین"ەوە ئاماژەى پێدەدات و باس لەوە دەكات كە سیاسەتچییەكانیش لەپێناو گەیشتنە دەسەڵات سەما

دەکەن، ئاشکراشە هەلوەسە و هستیریای دەسەلآت گرتنە دەست، دنیا وێران دەکات، دەنگ و رەنگی تاکەکانی کۆمەڵ دەگۆرێت، چەندین داستان و ئەفسانە و حیکایەتی بوونی خۆیمان پێئەزبەرە دەکات، سەدان جار لەناوەوە تێکمان دەشکێنێت. بۆیە ئاخۆ سەبارەت بە خەیاڵی"بۆرخیس"لەچیرۆکی"یۆتۆپیای پیاوێکی ماندوو"دا، دەتوانین بڵێین فێڵە لەواقیع، کاتێك سەبارەت بەنەمانی دەسەلآت و حکومەتەکان لەزەمەنێکی یۆتۆپیایدا لەزمانی کەسایەتییەکی چیرۆکەکەیەوە، بەرانبەر بەپرسیاری"حکومەتەکان چییان لێبەسەر هات؟"،دەڵێت":(بەرەبەرە پشتگوێخران، حکومەتەکان داوای هەڵبژاردنیان دەکرد، باجیان کۆدەکردەوە، دەستیان بەسەر سامانەکاندا دەگرت، فەرمانی گرتنی خەڵکیان دەردەکرد، سانسۆریان دەسەپاند، ئیدی لەسەر زەوی کەسێك نەما گوێڕایەڵیان بێت، رۆژنامەکان دەستبەرداری بلآوکردنەوەی هەواڵی کاربەدەستانی حکومەتەکان و وێنەکانیان بوون، هەر بۆیە دەبوو سیاسییەکان ئیشێکی شەریفانە بدۆزنەوە، هەندێکیان بوونە کەسی کۆمیدی و هەندێکی تریشیان بوونە بانگەشەخوازی ئیمانی باش).

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین هەموو ئەو ناوهێنان و چەمك و زاراوە و ناوانەی کەلەگفتوگۆکەماندا بەکارمانهێنا، پێش ئەوەی هەر شتێك بن ناون، جا دەبێت پرسیار لەوە بکەین ئاخۆ ناو چەند لەنێو واقیعدایە یان لەدەرەوەی واقیع و دەبێت واقیعیش بۆ خۆی چییبێت. "هانیبال" و"کارتاجە" دوو ناون کەلەدووتوێی کتێبەکانی مێژوودا تێکەڵ بە کۆمەڵێك رووداو تائێستا ماونەتەوە. بەلآم چۆن ناوێك، ناوێك بەخۆکوشتن و ونبوونی هانیباڵ لەچیاکانی ئالپ_دا و رووخاندن و وێرانکردن و سڕینەوەی هەموو سیمایەکی ژیاری و کولتووریی"کارتاجە"بەدەستی رۆمانییەکان هەیەو ماوە. نەمانی"هانیبال"و سڕینەوەی تەواوی سیمای شارێکی وەك"کارتاجە" بەچەشنێك کەسەربازە رۆمانییەکان یەك ساڵی رەبەق خەریکی دەرهێنانی هەر بەرد و دارێك بوون کەپێشتر لەو شارەدا هەبوو، هۆکاری مانەوەی ئەفسووناوییانەی ئەو دوو ناوەن جیاواز لەهەر ناوێکی تر. بەلآم ئەمە تێڕوانینێکی سەرپێییانەو رووکەشیانەیە، کاتێك بتەوێت بیانهێنیتە نێو دنیای ئەدەبەوەو تەوزیفیان بکەیت. بەبێ تەجاوزکردنی تەلیسمی ئەو دوو ناوە وەك ئەوەی



هەن، ناکرێت کار بۆ بینینی دیوێکی دیکەی شتەکان بکەیت. هەروەك چۆن بەبێ تەجاوزکردنی ناوی ژانرە ئەدەبییەکان، ناتوانین لەماهیەت و خەسڵەتەکانی تێبگەین، خۆزگە هەموو ئەوەی لەدنیای ئەدەبیاتدا دەگوزەرێ بێناو بووایە. کاتێك لەمابەینی دوو ناوی وەك چیرۆك و واقیعدا قەتیس دەبین، ناکرێت نەشڵەژێین، بەتایبەت کەپرسیارێکمان رووبەڕوودەکرێتەوە، چونکە هەر یەك لەئێمە وەك خۆی دەیان پرسیاری هەیە، نووسینی ئەدەبی هێندەی تێڕامان و بیرکردنەوەیە، زۆر لەوە زیاتریش بینینە، روانینە، کەشفکردن و گەڕانە. تەنانەت ئەمە نەك هەر لەئەدەبیاتدا بەڵکو لە هەندێ لەبوارەکانی تری نووسینیشدا هەر وایە، بەتایبەت بواری سایکۆلۆژی، بۆنموونە ئەودالبوونی هەندێك لە سایکۆلۆژیستە غەیرە رۆژهەلآتییەکان بۆ دۆزینەوەی هێزو سیحری ئەو دێڕەی"تاریقی کوڕی زیاد" کەتوانی لەمیانەی گوتنییەوە ئیسپانیا داگیربکات سەرسامی کردم، ئەمە گەڕانەوەیەکی جوانە بۆ دۆزینەوەی پەنهان و نهێنییەکانی شکستی خۆرئاوا لەزەمەنێکدا، جا ئەم پیاوە پێش گوتنی ئەو دێڕە سیحرییەی گرەوی جەنگی پێبردەوە، شتێکی تری کرد، شتێکی بێوێنە ئەویش سووتاندنی هەموو کەشتییەکان بوو، هەر ئەمەش بوو چەکدارەکانی "تاریقی کوڕی زیاد"ی سەرەتا شڵەژاند و دواتر پاش زانینی ئەو راستیەی کەلەیەك رێگاچارە زیاتریان لەبەردەستدا نییە ئەویش سەرکەوتنە،سەرکەوتن. دەبینین چۆن ئەو جۆرە ئەقڵیەتانە دەیانەوێت، سەرەداوی بێهێزی و تێکشکانی خۆیان لەزەمەنێکدا لەکاریگەری دێڕێکەوە یان کردارێکەوە بەدەست بهێنن و زۆر بەجدییەتەوە کار بۆ کەشفکردنی ئەو هێزە شاراوەیە دەکەن، کە زۆر لەژمارەی چەکدارەکانی "تاریقی کوڕی زیاد " زیاتر و لەبالآیان بەرزتر و لەقەلآفەتیشیان گەورەتر بووە. ئەدەب بەبێ خولقاندنی فانتازیاو ئەتمۆسفێرێکی تایبەت ئاستەمە جوان بێت و توانای راکێشانی خوێنەری هەبێت، گرنگی فانتازیاش لەوەدایە ئەو جیهانەی کەدەیخوولقێنێت وەك دنیایەکی راستەقینە و هەبوو دەیهێنێتە پێشچاومان، لەگەڵ ئەوەی جودایە لەلۆژیك و یاسا سروشتییەکان، چونکە فانتازیا وەك رەگەزێکی گرنگی ژانرە ئەدەبییەکان لۆژیك و یاسای خۆی هەیە. "ئەپتەر" دەڵێت:(لەقولآیی فانتازیای گێڕانەوەی نوێدا، گومانێك لە شوێنی ئەو دنیایە هەیە

کەحیکایەت بەرجەستەی دەکات، ئاخۆ ئەم دنیایەیە یان دنیایەکی تر، هەر ئەم پرسیارەشە وا لەهاملێت دەکات سەبارەت بەتارماییەکە نەزانێت، ئاخۆ وەهمە یان شەیتانە یاخود فریشتە، یان باوکە مردووەکەیەتی).

خوێندنەوەی ئەدەبیاتی فانتازی موجازەفەی خوێنەری دەوێت، بۆ خۆدان لە پاساژ و میتافۆرەکان و گریمانە سەیر وسەمەرەکان و وەدووکەوتنی ئەوەی کەلەپانتایی پەرەگراف و دێڕەکاندا ئەندێشەکراوە و هاتۆتە بوون. دیارە دەبێت ئەندێشەکردن و وەهمیش جیا بکەینەوە، "کۆلردج" یەکێکە لەوانەی وەهماندن و ئەندێشەکردنی جیاکردۆتەوە، چونکە تۆ تەنها لەرێی ئەندێشەکردنەوە دەتوانیت دەقێکی ئەدەبی بخولقێنیت."دانتی" فانتازیای بەخەونی ئەقڵ شوبهاندووە، خەون سەرچاوەیەکی بێکۆتایە، لەخەوندا تەجاوزی سیستەم و یاسا و رێساکان دەکرێت، هەروەك چۆن لەئەدەبیاتی جوان و جدیدا تەجاوزکردن تەوەرەی سەرەکییە. لەخەوندا ناشوێن و نازەمەن هەیە، بێباوەڕی هەیە، ترسان هەیە، دەنگ و سەداو دەنگدانەوە هەیە، سەفەری بێکۆتاو رکی بێسنوور و خۆشەویستی سەیر و سەمەرەی تارادەی تواندنەوە و سووتان و فەنابوون هەیە، خەونە کەئێمە دەباتە نێو وێڵگەکانەوە و ونمان دەکات."بۆرخیس"دەڵێت:(خەون داهێنانە، هەروەك چۆن بێداریش داهێنانە،بەڵام خەون هەمووی لەخودەوە دێت، لەکاتێکدا بێداری زۆری لەدەرەوە دێت و سەرچاوەکەی خود نییە، هەربۆیە جیاوازی جەوهەریی خەون و بێداری لەوەدایە، ئەزموونی خەون دەتوانیت خۆت بیخوولقێنیت و دایبهێنیت چونکە لەخودەوە دروست دەبێت). کاریگەری واقیع لەسەر ئەدەب، تەنانەت ئەگەر جۆرە ئەدەبێك هەوڵیش بدات واقیع وەك خۆی بخاتە روو، بەڵام دواجار واقیعێکی گریمانکراوە، مەگەر لەهەندێ قوتابخانەی ئەدەبیدا کتوومت خۆی بێت. کاتێك"گریگۆر سامسا" دەبێتە قالۆنچە بۆ ئەوە نییە خوێنەر باوەڕبکات کە بەڕاستی ئەو بۆتە قالۆنچە. "کافکا" ئەم بنەما ناماقوڵە لۆژیکییەی بۆ کەشفکردنی دنیای ناوەوەی پاڵەوانەکە خستۆتە گەڕ، ئەگینا بوونی"گریگۆر سامسا" بە قالۆنچە بەبێ خستنە رووی ئەوەی پێشتر بەسەریدا هاتووەو ئەوەی دواتر بەسەریدا دێت هیچ مانایەکی نییە، لەکاتێکدا لەگۆڕانیدا هەموو یاسا سروشتییەکان پشت گوێدەخرێت



کەچی ناتباتە نێو دنیایەکی ئەفسانەیی یان سیحریی بەڵکو لەم دنیایەدا دەتهێڵێتەوە، خۆی گرنگی ئەو دەقەش لەوەدایە.

"ژاك دریدا" گوتەیەکی جوانی هەیە سەبارەت بەنووسین کە دەڵێت:(دواجار هەموو ئەوەی کەنووسیوومانە ئیدی هی ئێمە نییەو لەئێمە بەدەرەو بەدەر لەویست و خواستی ئێمە دەکەوێتە جووڵەو دەبزوێ...پاش نووسینی کتێبێك دەبمە تارمایی و هەروەك ئەوەی کەوون بوووبێتم، چونکە شوێنەوارێکم بۆ داهاتوو جێهێشتووە کەمن تێیدا مردووم). هەر لەم بۆچوونەی دریدا–وە دەگەینە ئەو راستییەی کەنووسەر پاش نووسین، بۆ خۆی بوونەوەرێکی ونبووە، تارماییە و چەشنی پێوەندی لەگەڵ تێکستدا دەگۆڕێت. پێم سەیرە هەن دەتوانن بەدوورودرێژی باس لەکەسایەتی و رووداوەکانی نێو دەقەکانیان بکەن و تەنانەت بەرگریش لەکەسایەتی و رووداوەکانی نێو نووسینەکانیان بکەن و رەتی ئەوانە بدەنەوە کەبەپێچەوانەی تێڕوانینی ئەوان لەدەقەکانیان حاڵی بوون. من ناڵێم نووسەر بۆی نییە هیچ لەبارەی دەقێکی خۆیەوە بڵێ، بەڵام نەك ئەو چەشنە گوتنەی کەتارادەیەك لەئەدەبیاتی کوردیدا باوە، لەنووکەوە هەموو ئەوەی کەنووسیوویەتی وەك خۆی بۆت دەگێڕێتەوە، ئیدی شتێك لەباس و خواس و حیکایەتی چۆنیەتی نووسین و گینگڵدان و بگرەو بەرە رۆحییەکانی خۆشی تێکەڵ دەکات، شێلگیرانە داکۆکی لەهەموو ئەوە دەکات کەنووسیوویەتی، بەچەشنێك هەست ناکەیت باس لەدەقێکی ئەدەبی دەکات، دەقێك کەهەرچییەکی لەسەر بگوترێت ئاساییە، چۆن بخوێنرێتەوە رەوایە. هەندێ لەوچەشنە بەرگریانە بەرگری خاوەن موڵکێکت بیر دەخاتەوە لەموڵکەکەی، بەرگری بازرگانێکت بیر دەخاتەوە لە بارەکەی، بەرگری سیاسییەکەت بیردەخاتەوە لەحیزبەکەی. من خۆم وەك خوێنەرێك ئازادم لەوەی دەقێك چۆن دەبینم، ئەگەر گیرۆدەی خوێندنەوەیم نەکات، کێشم نەکات، چێژم پێنەبەخشێت، وەك سەرەتایەك بۆ بەدواداچوونی مەگەر بەناچاری و بەزۆر بیخوێنمەوە، ئەگینا هیچ وام لێناکات خۆم نغرۆی خوێندنەوەی بکەم.



**لەبەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:**

*دیوێکی دیکەی حەکایەتە نەنووسراوەکان–رۆمان–

چاپخانەی شڤان–سلێمانی٢٠٠٦

*پێخەفێك لەخوێن– کۆچیرۆك–دەزگای ئاراس–٢٠٠٨

*تەنها رۆژێکی سارد–رۆمان–دەزگای موکریان–٢٠٠٨

*ماجەراکانی سەلمانی فارسی–رۆمان–یانەی قەڵەم–٢٠٠٩

*وێڵگەی یادەوەرییە گریمانکراوەکان–رۆمان–

بەرێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی–٢٠٠٩